زیانی وەلانانی ئیسلام لەسەرتاك و كۆ

زیانی وەلانانی ئیسلام لەسەر تاك و كۆ
نووسینی: سەعید حەوا

وەرگێڕانی: نجم الدين فرج أحمد

چاپی یەکەم ٢٠٢٢ز-١٤٤٣ك



نوسینگەی تەفسیر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
حەوا، سەعید
زیانی وەلانانی ئیسلام لەسەر تاك و كۆ، سەعید حەوا (نووسەر)، نجم الدين فرج أحمد (وەرگێڕ)
٤٨٥ لاپەڕە،
١٧* ٢٤ سم
بابەت، ئاینیی، فیکری
ISBN: 978-9922-654-17-1

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٥٨٦) ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

خەتی بەرگ: نەوزاد کۆیی
دیزاین :نوسینگەی تەفسیر

زیانی وەلانانی ئیسلام لەسەر تاک و کۆ

نووسینی

سعيد حوا

وەرگێڕانی

نجم الدين فرج احمد

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ.

أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ ٧١

أمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي، هَدْيُ مُحَمَّدٍ صَلَى اللَهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

پێشەكی

ڕێڕەوێك:

هەر وەكو كە وەرگرتنی ئیسلام و پێوە پابەندبوونی؛ تاكوكۆی كۆمەڵگە و دەوڵەت پێیەوە دەبێتە مایەی خێر و خۆشی دنیا و قیامەتیان، وەلاتانی ئیسلام و وەلكردن و پێوە پابەندنەبوونی، یان پابەندبوونێكی سەتحییانە بە هەندێك لایەنییەوە و ئیهمالكردنی لایەنەكانی تری، دەبێتە مایەی كوێرەوەریی و دەردەسەریی تاكوكۆی كۆمەڵگە و دارمانی دەوڵەت و شیرازە پسان...

چونكە خوای پەروەردگار، كە ئەم پەیامەی بۆ مرۆڤایەتیی ناردووە، داوای لێكردوون: هەموو لایەنەكانی بگرنەبەر و لەژیانی تاكوكۆیاندا بیچەسپێنن، ئەگەر نا ئەوە حەتمەن دەكەونە بەر سزای خوای گەورە، چ وەكو تاكی تاوانبار، چ وەكو كۆمەڵگەی یاخیی و چ وەكو دەوڵەتی لادەر لەدین.

سزای خوایی سێ جۆرن:

١ - چەندین سزای سروشتیی هەیە، كە لە وەلانانی فەرمان بەچاكە و بەرهەڵستیی لەخراپە و جیهاد و حوكمڕانیدان.

٢ - چەندین سزای تری سروشتیی، كە لە سەرەنجامی پێچەوانەكارێتیی، فەرمانی خوای گەورە دێنەدی.

٣ - چەندین سزای تری خوایی هەن، كە لە سەرەنجامی غەزەب لێگرتنی خوای گەورە لەدنیادا دەردەكەون، یان لە قیامەتدا دەبنە مایەی كوێرەوەریی و ناسۆر.

پێشتر باسمان له زۆر لەو سزایانه کرد، که ئیسلام بۆ پێچەوانەکارانی دینداریێتیی داناوه، که لەکاتی هەبوونی کۆمەڵگه و دەوڵەتی ئیسلامیدا و، لەبارودۆخی خۆیاندا دەچەسپێنرێن.

بۆیه لێرەدا هەر باسی سزا سروشتییەکان و سزاکانی خوادەکەین ،که له سەرەنجامی یاخیبوون لەفەرمانی خوای گەوره دێنەرێ.

مەبەستمان لەسزا سروشتییەکان:

ئەو سزایانەن: که دەبنه ئەنجامی سروشتیی لادان لەدینی خوای گەوره، چونکه دینەکە، دینێکە، که لەگەڵ سروشتیی تاکوکۆی مرۆڤایەتیدا دەگونجێت، دینێکه خوای گەوره مرۆڤی لەسەر خەلق کردووه، وەك دەفەرموێت: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ ﴿٣٠﴾ ﴾ الروم: ٣٠ .

واته: پابەندبن بەو دینەوه که خوای گەوره سروشتیی خەڵکی بۆ سازاندووه، که دینەکە و سروشتیی مرۆڤ بۆیەك دەگونجێن و لازم و مەلزوومی یەکن... بەهیچ کلۆجێك سروشتیی ئەم دوانه قابیلی گۆڕین نین، نەسروشتیی خەلقبوونی مرۆڤ دەگۆڕێت و نەسروشتیی دینەکەش دەبێت بگۆڕێت، ئەمه ئەو دینه ڕاست و رەوایەیه که خوای گەوره بۆ مرۆڤایەتیی دیاریکردووه.

هەر مرۆڤێك بەپێچەوانەی سروشتیی مرۆڤێتی خۆی ڕەفتار بکات، خۆی تووشی کوێرەوەری و نارەحەتی و ناسۆر دەکات.. بەهەمان شێوه ئەگەر دوور لەدینی خوای گەوره ڕەفتاریکرد و ئیسلامی نەگرتەبەر و بەدیدوڕێ و تێڕوانین و پێناسەیەوه، بەبزاوت و هەڵوێستی و ئامانج و ڕێبازییەوه، لەقیەم و دابونەریتییەوه پابەندنەبوو، خۆی تووشی کوێرەوەری و نارەحەتی و ناسۆری سەخت دەکات، هەروەکو که خوای گەوره دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ ﴾ طه: ١٢٤.

واتە: هەر کەسێك پشت لەپەیامەکەی من بکات و دینەکەم نەگرێتەبەر تووشی ژیانێکی زۆر تەنگ وسەخت و دژواردەبێت و لەڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێر و نابینایی حەشردەکرێت، چونکە لەدنیادا پەیامی خوایی بۆهات و خۆی لە حەنایدا کوێر کردبوو، خۆی لێ کەڕ و کوێر و لاڵ کردبوو... ئاوا ستەمی لەخۆی کرد،خۆ خوای گەورە ستەم لەکەس ناکات... ﴿ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن كَانُواْ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ٧٦ ﴾ الزخرف: ٧٦ .

واتە: ئێمە ستەممان لێنەکردن، بەڵام هەر خۆیان ستەمکار بوون... خۆیان ستەمیان لەنەفسی خۆیان کرد... ﴿ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡۖ ١٠١ ﴾ هود: ١٠١، خوای گەورە ئەوەشی هەر وەکو فەرمان بەسەر دادابوون کە ستەم لەنەفسی خۆتان مەکەن... ﴿ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡۚ ٣٦ ﴾ التوبة: ٣٦ .

واتە: لەومانگانەدا ستەم لەخۆتان مەکەن، ئەو ستەم کردنەیان بوو گەیاندنییە ئەو ئەنجامە رەش و تاریك و دژوارە.

ئەمما موسوڵمانی سەرڕاست و پابەند و خواویست، کە دینی خوای گەورەی خواناسانە گرتۆتەبەر و دینداره پێی و هەوڵی بۆ دەدا، ئەوە حەتمەن لەبەختەوەری دنیا و سەرفرازی قیامەتدایە، چونکە خوای گەورە هەم لەژیانێکی شادیدا دەیژیێنێت و هەم پاداشتی زۆر و گرنگی بۆ دابین دەکات، وەك دەفەرموێ: ﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧ ﴾ النحل: ٩٧.

لەوانەیە کەیەکەمجار ئەم حەقیقەتە عەقائیدی و ڕێسا گەردوونییە بەر گوێی هەندێك دەکەوێت؛ دەبێتە مایەی سەرسوڕمانیان کە چۆن وایە؟! بەڵام واقیعی ڕاستەقینەی ناخ و دەرێی موسوڵمانە سەرڕاستەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە لەم کتێبەدا، لێرە بەدواوە ئا ئەوە دەسەلمێنین.

مەبەستیشمان لەسزا خواییەكان:

ئەو ئەنجـام و چارەنووســە ســەختەیە كە خــوای گەورە لەژیــانی دنیــادا دەیهێنێتە ڕێی تاكوكۆی كۆمەڵگە و دەوڵەتە مونحەریفەكان و لەبەرامبەریانـدا ئەو پاداشــت و چـاكەیە كە دەیهێنێــتە ڕێــی تــاكوكۆی كـۆمەڵگە و دەوڵەتــی دینــداری ئیســلامی كە بەمەددەدی خـۆی وەلیانــدا دەبێــت، هەروەهـا ئەو ســزا سەختانەی ڕۆژی دوایی كە خوای گەورە دەیهێنێتە ڕێی تاكوكۆی مونحەریفـان و ئەو پاداشت و پلە و ئاستە باڵایە كامەرانییەی كە خوای گەورە بـۆ دینـدارانی سەرڕاستی خۆی دایناون.

لەم ڕوانگەوە ئەم بەندە باسە، دەكەین بە دوو بەشەوە:

بەشی یەكەم: سزا سروشتییەكانە .

بەشی دووەم: سزا خواییەكانە.

كە ئەمیشیان دەبێتەوە بە دوو بڕگە:

ســزاكانی خوالەدنیــادا و ســزاكانی خــوالەڕۆژی دوایــدا... لەگەڵ پــوختە باسێكی ڕۆژی دوایــی و دڵنیــابوون لەهــاتنی و چـۆنیەتی بـزاوت و هەڵوێســت بەباوەڕ پێبوونیەوە.

باسی یەكەم

گەندەڵی كۆمەڵگە

بڕگەی یەكەم:

تاوان و سزا سرووشتییەكان:

ئەم ئیسلامە وجودێكی سروشتیی گەردوون و ژیانە، لەگەڵ سروشتیی مرۆڤدایە، ژیانی تاكوكۆی مرۆڤایەتیی بەم ئیسلامە نەبێت بەهیچی تر پارسەنگ نابێت، هەر كۆمەڵگەیەك لێی مەحروم بێت؛ مەحروم دەبێت لەئارامی و ئاسوودەیی و دادپەروەریی، ژیانی تاكوكۆی مردن دەبێت ئەگەر چی دەلەوەڕێت ..

ئیسلام پێداویستی ژیانە هەر وەكو چۆن مرۆڤێك ڕێی هەناسەدانی لێ بگیرێت دەمرێت یان ئەگەر نەخوات دەمرێت (ئەوە ڕێسای خواییە بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤ) بەهەمان شێوە ئەگەر لەئیسلام مەحروم بوو؛ پەكی دەكەوێت، لاسەنگ دەبێت تووشی كوێرەوەریی دەبێت.

وەلاتانی هەر روكنێكی ئەم ئیسلامە سزایەكی لەهەمان شێوەی دێتەڕێ.. ئەوی عەبدێتی بۆ خوای گەورە نانوێنێت دەبێتە عەبدی مەخلووق، دەبێتە عەبدی پارە و ماڵ، عەبدی حەز و ئارەزوو...

ئەو كەسەی دەیەوێت بەغەشكاریی دەوڵەمەند ببێت هەر هەڵپەدەكات و هەر زیان دێتەڕێی، زیانی تەندروستی، زیانی خێزانی، زیانی ناووكەسایەتی، زیانی

سامان، ئەو كەسەی لەبەجێهێنانی فەرزە خواییەكاندا بەهۆی مەشغوولْ بوونی دنیاییەوە كەمتەرخەم دەبێت؛ خوای گەورە لەڕۆژانی نزیكی دواتردا مەشغوڵتریی دەكات تاماندوتر ببێت.

ئاوا لادان لەهەر لایەنێكی ئیسلام سزایەكی گونجاوی بەدوادادێت وەكو هەر لادانێكی تر لەسیستمی گەردوون و ژیان و زیانی ئینحیراف دێنینەوە كە دە سزای گونجاویان بەدوادادێت... ئەمانە خاڵێكن لەو خاڵانەی ئەوە دەسەلمێنن، كە ئیسلام هەر بەرەو تەشەنەكردن و سەركەوتن دەڕوات، چونكە دیدوریی سروشتیيانەی خێرخوازیی و مرۆڤدۆستییە و ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگرانی زۆر تردەبن.

یەكەم: زیناكاریی:

سزای سروشتیی زینا كە پەیوەندی جنسی غەیرە شەرعییانەی نێوان ئافرەت و پیاوە، زۆر جۆر و زۆر لایەن و ڕادە و بڕە، ئازار و ژانی زۆر زیاترە لەو چێژە كاتییەی زیناكار لەكاتی زیناكردنەكەیدا چێژتوویەتی[1] .

یەكەمین سزا: كاتێك ئافرەتێك لەزینا دووگیان دەبێت لەكاردەكەوێت، ئازار و ژان دەیگرێت، نەخۆش دەكەوێت {وەكو هەردووگیانێك كە لە حەڵاڵ بووبێتی}، بەڵام كەس هاوكاریی ناكات، كەس نەفەقەی بەپێی ئەحكامی شەرع ناكێشێت، كەس خەم لەمنداڵەكەی ناخوات و سوور نییە لەسەر بوون و گەورەبوونی، عادەتەن ئافرەتیش حەزی لێ نییە منداڵی زۆڵی لێ بكەوێتەوە.

بۆیە هەموو ئافرەتێكی زیناكار ڕێ لەدووگیانی ئاوای دەگرێت، ئەگەر بەهەڵە دووگیان بوو هەوڵدەدات لەبارخۆی ببات...

---

(١) بێگومان مەبەست لە زیناكاریی موسڵمانە و لە كۆمەڵگەی موسڵماناندا بیكات، نەك بێدینێك لە كافرستانییەك بیكات.

ئەمانە هەریەکەیان ژان و ئازاری دەیان بەرابەرن بە چێژە حەرامەکە کە چێژتوویێتی... ئەمما ئەگەر ڕێی ژان و ئازاری بەردەوام بوو، ئەوا ماوەی دووگیانی هەروا بە (موعانات) دەبڕێت و بێ کەسانە کۆرپەکەی دەبێت و تەنها خۆی تەحەممولی بەرپرسێتی کۆرپەکەی دەکات... ئەمانەش هەر ساتێکیان ئازارێکە.

دووەمین سزا: ئەو نەخۆشیانە کەم نین کە لەرێی زیناوە بڵاودەبنەوە، وەکو زوهری وسەیەلان و بریندارڤوونی پزدان (رەحم) و گرویێتی و دەیان نەخۆشی تر کە لەو ڕێگایەوە کۆرپەکە و دایکی تووش دەبن، (ئەمە جگە لە نەخۆشیە دژوارەکانی وەکو ئایدز)[١].

سێیەمین سزا: ئازاری ویژدانیی کە بۆچی ئەو تاوانەم کرد؟

بەتایبەتی ئەگەر خاوەن هاوسەربوون هەریەکەیان دەترسێت لەکەشف بوونی تاوانەکە و فەزح بوونیان بەردەوام، لەدڵەراوکێدان و دەترسن پێیان بزانرێت کە تێکچوون و ڕمانی خێزانەکەیان و ئابڕووچوونیان و لەکەداربوونی کەسایەتییانی پێوە دەبێت، ئەمەش ترسێکە تامردن لەدڵیاندا دەمێنێت!.

چوارەمین سزا: شیرازەپسانی خێزانی و هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری کەلەسەر بناغەی خۆشەویستی و متمانە بەیەکتریی کردن دادەمەزرێت، ئەگەر مێردەکە لای ئافرەتانی تر بەحەرامی وزەی جنسیی خۆی سەرف کرد یان ئافرەتەکە لای غەیری پیاوی خۆی، خۆی بەپیاوانی تر تێرکرد، بەڕەفتاری سروشتییانەیان پەیوەندی هاوسەرێتیان لاوازدەبێت.

هەر جۆرە ڕەفتارێکی خۆشەویستی و سۆزداریی کەبۆ هاوسەرەکەیی دەنوێنێت سروشتیی نامێنێت و دەبێتە جۆرێك لەدووڕوویی... مادام هەر

---

(١) کە لە زەمەنی نوسەری رەحمەتیدا کەشف نەکرابوو.

یەکەیان چاوی لە کەسێکی ترە ئیتر ئەو خۆشەویستی و متمانەی یەکەمجاریان لێدەگۆڕێت بەسارد و سڕیی و کەم لوتفی و زۆر بۆڵەبۆڵ و یەکتریی تاوانبار کردن بەوەی کە وەکو جاران نەماوە!!

گومانی تێدانییە کە ئەمە سەر دەکێشێت بۆ ئاژاوەی خێزانی و دەست لێکبەرادن و سەرگەردانبوونی منداڵەکانیان کەبە هاوسەرگیرییەکی نوێ هیچ لایەکیان پارسەنگ نابنەوە.

پێنجەمین سزا: هەر سەرجێی (جیماع)ێك جۆر و بڕە سۆز و خۆشەویستیەك دروست دەکات، هەریەك لەم دوو زیناکارەش کەسۆزیان بۆ یەکتریی دەچێت تووشی ئازاری دەروون و گلەیی لە خۆکردن دەبن، چونکە دەزانن کەدەبوو ئەو سەرجێی و خۆشەویستی و سۆزەیان بۆ هاوسەری حەڵاڵی خۆیان بوایە نەك ئاوا بۆ چێژێکی کاتی غەدر لە هاوسەر و هاوبەشی ژیانی خۆی بکات.

شەشەمین سزا: ئەو کەسەی کە چەند جارێك زینادەکات، ئیتر فێری چاوبرسێتی زیناکردن دەبێت، هەمیشە هۆشی لای یەکێکی تری نوێ دەبێت، بۆیە بەردەوام لەپشێویدا دەبێت، هەر هەوڵ دەدات و مەرجیش نییە دەستی بکەوێت.

ئەمە وای لێدەکات بۆ ماڵ و منداڵی نەژی، هەر بۆ خۆی و چێژی جنسی خۆی بژی، یان هاوسەر ناگرێت و هەروا دەژیی... تاکاتێك بەخۆی دەزانێت پیر بووە، جێمتمانە نییە، بێ وەچەیە و منداڵێکی لێ نەکەوتۆتەوە... کەسیش نییە لەپیریی و لاوازیدا خزمەتی بکات، یان دڵنەوایی بکات یان ڕێزی لێ بگرێت و بێت بەلایەوە،چونکە بێ سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی ژیا.... هەر ئاواشی دێتەوەڕێ.

لەڕاستیدا زیناکاریی تێکشکاندنی کەسایەتی و تێکمراندنی خێزان و گەندەڵ کردنی کۆمەڵگەیە، بۆیە خوای گەورە بەموسوڵمانان دەفەرموێ:

هەرتوخنی نەكەونەوە! نزیك پێشەكیەكانیشی نەكەونەوە، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾ ﴾ الإسراء: ٣٢ .

واتە: نزیكی زینا نەكەونەوە، توخنی نەكەون، بەڕاستی كردەوەیەكی دزێو و ناشیرینە و ڕێگایەكی خراپە...

ڕێگایەكی خراپی چێژی جەستەیە، كەترس و دڵەراوكێ و پشێویی لێدەكەوێتەوە... ڕێگایەكی خراپی ڕەفتار كردنە، كەحەتمەن چارەنووسی هەر خراپە دەبێت.

ئیسلام لەم ڕوانگەوەیە ،كە سزای سەختی لەسەرداناوە ،كە دەگاتە ئیعدام كردن... كوشتن ... بەڵام بە بەردبارانكردن ئەگەر زیناكارەكە خاوەنی هاوسەربوو ئەممەمان پێشتر لەسزاكاندا باسكردووە، بەڵام لێرەدا ئاماژەمان بەو ئەنجامانەیەتی كەخۆیان لەخۆیاندا دەبنە سزای شاراوەی زیناكار.

دووەم: شەڕابخۆریی:

شەڕابخۆریی لەدینی خوادا حەڕامە، وەكو هەر حەڕامێكی تر هەر كەسێك ئەنجامی بدات شایانی سزادەبێت ئەمەش هەندێك خاڵی بەرچاو كەخۆیان لەخۆیاندا دەبنە سزای ئەم لادانە لەدینی خوای گەورە:

١- شەڕابخۆر پەی پێبردن و درك كردنی ڕەفتاری لاسەنگ دەبێت، ناتوانێت ڕەفتاری شیاو لەكات و شوێن و بەچۆینەتی شیاو ئەنجامبدات، بۆ نموونە: خواردنەوەی پێكێك ویسكی (كە بچووكیشە) دەبێتە هۆی چەندین هەڵە لێدانی پیتی تابیعەیەك (یان كیبۆردی كۆمپیوتەر) یان ڕەفتاری تر كە تەركیزی زۆریشی نەوێت... چ سزایەك لەمە قورستترە، كە كەسێك ڕەفتاری ژیرانەی خۆی واز لێ بهێنێت و بكەوێتە سەر ڕەفتار كردنی شێتانە؟!

٢ -شەڕابخۆر كە مێشكی توانای ئاڕاستەی ڕاست و ڕەوای نامێنێت، ناشتوانێت قسەكانی ڕێكخات بۆیە قسەی نا بەجێ و هەڵە و چەوتی زۆر

دەردەبڕێت تا زیاتر بخواتەوە قسەی لار و خراپی زیاتری لێ دەردەكەوێت... چی لەمە بەدترە كە كەسێك ڕۆژانە یان شەوانە خۆی بخاتە حاڵەتی لاسەنگی واوە؟!

٣ -زیـاتر لە (١٣%)ی ڕوداوو كارەسـاتی هـاتوچۆی سـەیارە سـەرەنجامی شەڕابخۆرییە، ئەمە جگە لەو هەموو شەڕ و شۆڕ و تاوان و خیانەتـانەی تـر كە بەهۆی شەڕابخواردنەوە ڕوودەدەن... ئەمە سزایە، هەر سزای شەڕابخۆرەكە نییە، سزای كەسوكارو گەڕەك و كۆمەڵگەكەشێتی.

٤ -شـەڕاب كـاریگەریی زۆر دژواری لەسـەر لەش و ئەنـدامانی لەش هەیە بەپلەیەكی ئەوەندە خـراپ، كە دژواریـیەكەی نەقـڵ دەبێـت بـۆ ئەولادەكـانی... شتێكی تێبینیكراوە كە دەبینرێت منـداڵی شـەڕابخۆر لاسـەنگییان پێـوە دیـارە، لاوازن یان تەركیزیان كەمە یان حەزیان لەپابەندیی و بەرپرسێتی نییە و ئاسانتر ڕوودەكەنە هەندێك تاوان و پێچەوانەكاریی.

٥ -زۆر نەخۆشـی مـرۆڤ لەڕێـی شـەڕابخۆرییەوە دێتەكـایەوە، وەكـو بەرزبوونەوەی تین و فشاری خوێن، تەقینـی خـوێنبەرانی موولـوولەی مێشـك، درەنگ هەرس كردن، برینداربوون و ئاوسانی گەدە، هەندێك نەخۆشی جـگەر ... كەمبـوونەوەی بەرەنگـاربوونەوەی میكـرۆب و نەخۆشـی تـر كەشـەڕابخۆری هۆكاری هەبوون یان زیاتر بوونێتی.

٦ -كات بەفیڕۆ چوون و نەمانی چوست و چاڵاكی و زۆربوونی بـوغزوقین و مـاڵوێرانی و مردنـی ویـژدان و پووكـانەوەی هەسـتی جـوامێری و وەلكردنـی بەرپرسێتی و... هیتر.

لەبەر ئەمـانەیە كەشـەرع سـزای جەڵدەلێـدانی لەسـەر هەر جـارێكی شەڕابخواردنەوە داناوە.

سێیەم: قومارکاریی:

قومار کردنیش وەکو هەر تاوانێکی تر بەدیدی ئیسلام، سزای تایبەتی خۆیی لەسەرە، بەڵام ئەو کاردانەوەی لێوەی دروست دەبن خۆیان دەبنە سزای سروشتیی ئەو ڕەفتارە و دەبنە مایەی خەم و ژان و نەسرەوتی قومارچی ... لەوانە:

١ -پشێویی و ئاڵۆزیی و ماندووبوونی ئەعسابی قومارباز لەکاتی قومار کردنیدا، چونکە هەموو هۆشێکی دەخاتە سەرقومارەکە و هۆشی لای هیچی تر نامێنێت، تا زیاتر هەست بەدۆڕاندن بکات لەناخیدا زیاتر رقی هەڵدەستێت و قین دەیگرێت، تا بشدۆڕێنێت زیاتر خەم و پەژارە دایدەگرێت پاڵنەری شەڕخوازیی تێدا دەگەشێتەوە، ئەمانەش وایلێدەکات کۆڵنەدات و زیاتر قومار بکات تابێتەوە مایە یان قازانجی زیاتر بکات.

٢ - قومارچیی پێش ساتەوەختی قومار کردنەکەی زۆربیر لەچۆنیەتی قومار کردنەکە و وریایی و فێڵکارییەکانی دەکاتەوە و، هەموو تەرکیزێکی لەسەر قازانجکردنە، بە پەرۆشەوە هەمووکات و وزەی بۆ تەرخان دەکات، ئەنجامیشی یەکێکە لە دوو: براوەیە یان دۆڕاو؟

ئەگەر براوە بوو، ئەوە لەخۆشحاڵییەکدایە کە ئیسارەی بەرامبەرانی دەکات، کەهەستدەکەن ماڵ وسامانیانی خواردووە!! کەدۆڕاویش دەرچێت، دەکەوێتە ژێرباری خەم و لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت شتێك بکات بە بەهانە و شەڕ بنێتەوە یان بکەوێتەوە قومار...

بەم هەست و هۆشەوە دەبینیت قومارچی هۆشی لەشتێکی تر نییە و هەموو ئەرك و کارێکی تری بۆ خستۆتە لاوە، مەگەر ئەوانەی کە بەردەوامێتی قومار کردنی بۆ دابیندەکەن.

٣- قازانج و زیانی قوماركردن شتێكی زۆر نامەعقوول و نارەوان، بەپێوەری زۆر نارەوا دیاری دەكرێن هەموو بزاوت و سرەوتێكی قوماركردن و ئەنجام نیشاندانی قومارچییەكان دەخاتە دڵەراوكێ و زۆر هۆشداریی و، ئینجا حەسوودیی بردن و قین هەڵگرتن، ئینجا گیانی پێشبڕكێ (مونافەسە)ی ناشەریفانە و ململانێ و ناكۆكی كە لەحاڵەتی شاراوە و دیاریاندا خەریكی دژایەتیكردنی یەكتریی دەبن گەلەكۆمەكێ لەیەكتریی دەكەن و غەشكارانە ڕەفتار دەكەن..

كەش و بارودۆخی قومارچی هەمیشە لەم حاڵەتانەی ململانێ و دەبەڕێكراچوونەدایە كە كەسیان هەست بەبەختەوەریی ناكەن، تەنانەت ئەو كەسەش كەبراوەیە! چونكە دەزانێت كەبەرامبەران لەپیلاندان دژی و ئەگەری دۆڕاندنیشی هەر هەیە.

٤- تاكە كەسێك كە سوود لەقوماركردن دەكات و لەبەرژەوەندییەتی بەڕێوەبەری قومارەكەیە، كە پارەی ڕەنجی هەموویانی لا كۆدەبێتەوە... هەركەسێكیان بیباتەوە ئەو ڕێژەی قازانجی خۆی لێ هەڵدەگرێت، ئەمە جگە لەوەی ئابوونەی بەشداربوونیان داوە! جا بەڕێوەبەری قومارەكە، یەك كەسی خاوەن مێز / یانە / قومارخانەكە بێت یان زیاتر.

ئەو كارەسات و ناسۆرانەی قوماركردن دەیانخاتەوە ،كەم نین زۆرجار دۆڕاو دەگەیەنێتە خۆكوشتن و براوەش دەگەیەنێتە ژێر هەڕەشەی كوشتن و، ناچار دەبێت بڕێكی زۆری پارەكەی بۆ ئەمنیەتی خۆی بەكار بهێنێتەوە.

زۆرینەی دۆڕاوان خێزانیان لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، چونكە ئەوەی كە قوتی ماڵ و منداڵێتی بەپارەیی هێناوێتیە سەرمێزی قومار و دۆڕاندویێتی، ئینجا زیاتر تین و فشار بۆ ماڵ و منداڵی دەهێنێت؛ نەك تا لەماڵ و مافی خۆیان بێدەنگ بن، بەڵكو تا ناچاریان بكات بكەونە ئیش و پارەی مەسروف پەیدا بكەن!

سەدان بەسەرهاتمان بیستووە، کە قومارچیی دەوڵەمەند ئیفلاسی کردووە، پاشان خانووەکەی فرۆشتووە و چۆتە خانووی کرێوە، ئینجا ئەویشی دۆڕاندووە و دوکان و عەرزە و زێری خێزانی فرۆشتووە... هەموو جارێکیش هەر بەئومێدی بردنەوە قوماری کردووە و دۆڕاندوێتی، چونکە کەبردووشیتیەوە کۆڵی نەداوە و کەوتۆتەوە دۆڕاندنی... بەسەرهاتی سەدان قومارچی دەزانین و لەسەدا یەکیانمان نەبیست بەقومار دەوڵەمەند بووبێت!

ئەمە بەڕاستی ڕەفتاری کەسی ژیر و بەرپرسی نییە، ئەمە ڕەفتاری پارسەنگانە نییە، ئەمە لەهەموو لایەکەوە زیان لێکەوتنە: زیانی ماڵ و سامان، زیانی خێزانی، زیانی لەدەستدانی دۆستان، زیانی لەدەستدانی سۆز و بەزەیی و هاریکاریی خەڵکی... قومارچییەکی خۆشەویست نابینرێت! هەر ئەمە خۆی سەختترین سزایە.

٥ قومارچی دەست بڵاوە، کەدەیباتەوە گوێ ناداتە چۆنیەتی سەرف کردن، چونکە پشتی پێوە نەئێشاوە، بە پەلەپێکەیەك بردوێتیەوە! بەگۆڕینی پوولێك / کارتێك/ ژمارەیەك دەستی کەوتووە! کەدۆڕاویش دەبێت، ڕێگای دزیی و خیانەت و ماشینەوە دەگرێتەبەر.. لەهەردوو حاڵەتدا هەر لاقانوونی ڕەفتار دەکات..

قومارچی کەسێکی سست و تەمەڵیشە، حەزی لەڕەنجدان و کارکردن نەماوە، چونکە دەبینێت ئەگەری ئەوەی پارەی دەستکەوێت زۆرە و ئاسانە! ئەگەر ناچاری کارکردنیش ببێت بەنابەدڵی و زۆرەملێ دەیکات، هەر ئەوەندەش دەکات تا پارەی قومارکردنێکی تر پەیدا دەکاتەوە، کەکاسبیش نەکان لەخەم و خەفەتی پەیداکردنی پارەی قومار کردنێکی تریدا دەبێت.

ئەگەر ویستت شارەزای جۆرو ڕادەوبڕی ئەم سزا سروشتییانەی قومارچی ببیت، ئەوەندەت بەسە یەکێکیان بناسیت بزانیت کە موفلیسە، قەرزارە، خەمبارە، تەنهایە، لەماڵ و منداڵ جودایە، ناوێرێت زۆر دەرکەوێت، خەیاڵ پڵاوە، جێمتمانەی کەس نییە...

هەر قومارچییەکت ناسی لە ساتەوەختی یەکەمییەوە هەست بەوە دەکەیت قومارچی کەسایەتییەکی لاسەنگ و زیانبەخشە.

چوارەم: خواردنی گۆشتی بەراز:

یەكێك لەسزا سروشتییەكانی خواردنی گۆشتی بەراز تووشبوونی کرمەکەیەتی... کرمێکی زۆر زۆر گچکە لەناو گۆشتی بەرازدا دەژی، کەبەکوڵاندنی گۆشتەکە لەناو ناچێت و بخۆری گۆشتەکە ،تووشی چەند جۆرێك نەخۆشی دەکات بە تایبەتی لەجومگەکانیدا، وەکو کەڵکەی ئەژنۆ کەتووشی نەخۆشی (تریخینا) دەبێت.

(پیتی و دیکسۆن)ی پسپۆری تەندروستی دەڵێ: (لەفەرەنسا ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەریتانیا وەکو گشتگیریی لێهاتووە، کاریگەریی خراپی گۆشتی بەراز لەسەر هەموو کەسێك هەیە، بەڵام لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا شتی وا هەر نییە، چونکە دینی گەلەکانی خواردنی گۆشتی بەرازیان لێ حەرامدەکات). ئەمەیەکەمین سزای سەرپێچی ئەو فەرمانە خواییەیە کە دەفەرموێ گۆشتی بەراز مەخۆن.

دووەمین سزا: تووشبوونی نەخۆشی (تریخینا)یە، کە یەکێک لە سیفەتە تایبەتەکانی ئەوەیە:

١ - هیچ پزیشکێکی پسپۆڕی گۆشتی بەراز، ناتوانێت بەرازێك لەم حاڵەتە بەدەرکات و بڵێ:گۆشتەکەی ئەو کرمەی تێدانییە کە ئەم نەخۆشییەی لێوە پەیدا دەبێت، لەبەر هۆیەکی سادە کە بریتیە لەوەی: ئەم کرمە لە هەر هەموو ماسولکەیەکی بەراز دا هەیە ئەگەر ئەگەریی ئەوە دابنرێت کە پسپۆڕێك دەتوانێت وا بڵێ؛ ئەوە مانای وایە هەموو ماسولکەیەکی بەرازەکەی فەحس کردووە! ئەوەش یەعنی نەمانی گۆشتی بەرازەکە.

٢ - مێیینەی ئەم جۆرە کرمە نزیکەی (١٥٠٠ هەزار و پێنسەد) وەچە

دەخاتەوە... شوێنیان لەتوێژاڵە چڵمینەکەی ناوەوەی ریخۆڵەی مرۆڤدا بۆ دابین دەبێت، ئینجا ملیۆنەها کرمی نوێ لەڕێگای سوڕی خوێنەوە بەلەشدا بڵاودەبنەوە، کە دەچنە جومگەکان و ماسولکە ئیرادییەکانەوە؛ هەردووکیان دەخەنە ئازار، چونکە شوێنی بوونیان دەئاوسێنن، موولوولەکانی ناو ماسولکە و دەمارەکان وشك دەکەنەوە، ئاوا دەبنە هۆکاری هەڵئاوسان.

٣- تا ئێستا زانستی سەردەم چارەسەرێکی بۆ لەناو بردنی ئەم کرمە بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەردەرمانێکی بۆ بەکارهاتبێت تەنانەت نەگەیشتۆتە کەمکردنەوەشی چ جای لەناوبردنی.

سێیەمین سزای: گۆشتی بەراز ئەوەیە هەندێك میکرۆبی بۆگەنی تێدایە،کە لەجێی خۆیاندا کەڕوویان کردووە و لەجەستەی بەرازەکەدا ماونەتەوە، ئەمانیش بەکوڵاندنەکە نافەوتێن و دەبنە مایەی ژەهراوی بوونێکی سەخت، کە پێیدەوترێت: (باراتیفۆد)، کەدەزگای هەرسکردن تووشی ئاوسان دەکات ئەو کەسەی تووشی ببێت و لەکاتی پێویستدا چارەسەر نەکرێت ئەم میکرۆبە کەڕواویانە لەگەدەیدا نەشونما دەکەن و لەماوەی شەورۆژێکدا دەبنەمایەی کوشتنی کەسەکە.

چوارەمین سزا: ئەوەیە ،کە بخۆری گۆشتی بەراز لەرووی دەروونییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەمەش تێبینیکراوە جیاوازیی لایەنی دەروونی دوو کۆمەڵ خەڵکی نزیك یەکتری کە کۆمەڵێکیان گۆشتی بەراز دەخوات (وەکو مەسیحیەکان) و کۆمەڵی دووەم نایخوات (وەکو موسوڵمانەکان) زۆر دیار و زەقە[1] ...

---

(١) ئەمە زۆر ڕاستە، من خۆم بەهەموو شێوەیەک تێبینیم کردووە، لە نێوان خەڵکی وڵاتی گانادا/ هەروەها خەڵکی فیلیپیندا، لە نێوان موسڵمان و مەسیحی ئەم دوو وڵاتەدا جیاوازییە دەروونییەکان زۆر زەقن.

بۆ نموونە: چۆن هەندێك شەربەت هەیە كە مرۆڤ دەیانخواتەوە هەست بەلەش سووكی و چوستی و شادیی دەكات، هەندێك خواردنیش قورسن و بخۆریان سست وتەممەڵ دەكەن.... یان لایەنی دەروونی كەسانی نەباتی (كە گۆشت ناخۆن) جیاوازە لە بخۆرانی گۆشت...

تەنانەت بخۆرانی جۆری گۆشتیش جیاوازن، سروشت و دەروونی حوشترخۆر زۆر جیاوازە لە سروشت و دەروونی گاخۆر یان مەڕخۆر... ئەمە لەخودی ئاژەڵەكانیشدا وایە... ئەو گیاندارانەی هەر گیا دەخۆن سروشتییان هێدیتر و موسالیمترە لەوانەی گۆشتخۆرن.

جۆری خواردن كاریگەریی لەسەر سروشت و دەروون و ڕەفتار هەیە... گۆشتی بەرازیش وایە و كاریگەریی خۆی هەیە.. ڕەوشت نزمی لەبخۆرانیدا دروستدەكات، بێ غیرەتی و لەسەر ئافرەت نەكردنەوە (بەرگریی لەشەرەف و نامووس)یان بەلاوە ئاساییی دەبێت! سەرنجدانێكی سەرپێیی هەموو ئەو كۆمەڵگانەی بەرازخۆرن ئەوە نیشاندەدات جگە لە گیانی خۆخۆیی و ئەنانێتی و نەبوونی هەستی ئینتیمای كۆمەڵكاریی (وەكو كە لەسەگ و گورك دا دەبینرێت)[١] .

ئەمە سزای خواردنی گۆشتی بەرازە، بەڵام كەسانێكی دەروون پاك و ڕەوشت رەسەن و جوامێر هەست بەمە دەكەن نەك غیرەت پواو و هەست وشكەڵاتوو... خواردنی گۆشتی بەراز خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد داغان دەكات، دەیپوكێنێتەوە، هەروەها سۆزی نێوان دایك و باوك و منداڵەكان و هەستی ئینتیما و شانازی ئەولادەكان بەباوك و دایكیانەوە...

---

(١) دوو كەڵەگا لەسەر مانگایەک شەڕیان دەبێت، کەچی دە بەراز لەسەر یەک مێیینەیان شۆقێک لە یەکتر نادەن.

ئەمە جگە لەپووکانەوەی سۆز و بەزەیی ئینسانی و سیفەتی بەهاناوە چوون و لەسەر کردنەوە... دارِمانی کەسایەتی مرۆڤ بۆ ئەم ئەنانێتی و بێ غیرەتی و خۆ خۆشویستنە سزای ئەو گۆشت بەراز خواردنەیە... ئەمەش کۆمەڵە سیفەتێکن لەکۆمەڵگەی بەراز خۆراندا (لەئەوروپابن یان لەئاسیا و ئەفریقا) دەبینرێن.

لەهیچ سەردەمێکی رابوردوودا وەکو ئەم سەردەمەی ئێستا، ئەم پەیوەندیەی نێوان خواردن و رِەفتار و رەوشت، ئاوا وردەکارانە و زانستیانە دیراسە نەکراوە...

ئێستا کاریگەریی یەك پاروو لەهەر خۆراکێك بێت دەزانرێت کەلەسەر رِەفتار و ئینفیعال چی دروست دەکات، بۆیە هەزاران جۆر دەرمانی سەدان حاڵەت دروست کراوە.

هەر کەسێك بەئینسافەوە بێ لایەنانە، دیراسەی کاریگەریی خراپی گۆشتی بەراز لەسەر بخۆرانی بکات بۆی دەردەکەوێت :کە لە هەموو لایەکەوە زیانە و ئەنجامەکەی خراپە.

پێنجەم: بەرەڵایی ئافرەتان:

خوای پەروەردگار فەرمانێکی بەخێزانەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دا کە بۆ هەموو ئافرەتێکی موسوڵمانیشە، فەرمووی ﴿ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ ﴿٣٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٣٣ .

واتە: لەماڵەکانتاندا بمێننەوە و خۆتان وەکو ئافرەتانی جاهیلییەتی یەکەم لێ مەکەن، بێ سەرپۆش و گەردن و سینەدیار.

کەوابوو: بواری سەرەکی کاری ئافرەتی موسوڵمان: ماڵەکەی خۆیەتی وەکو دایك و پەروەردکاری منداڵ و گوێڕایەڵی مێردی، لەبەرامبەر ئەمانەیدا

بەرپرسێتی خۆبەخێوکردن، یان بژیوی منداڵ و مەسروفی مـاڵی لەسـەر نابێـت، بەڵکو مەسروفی دەکێشرێت...

تا لەماڵی باوکی بێت؛ بـاوکی بەرپرسـی نەفەقە (مەسروف)ێتـی، کە چـووە ماڵە مێردیشی؛ مێردەکەی بەرپرسە لە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکی ژیانی خۆی و منداڵەکانی، کە لەمـاڵی بـاوکێتی؛ قۆنـاغی ئامادەسـازیی و پەروەردە و گوشەکارییەتی بۆ سـەربەخۆبوونی مـاڵ و مێـرد و منـداڵی خـۆی و بەخەمەوە بوونیان...

لەماڵە باوانیدا یاریدەدەریی دایکێتی و لەبەردەستیدا پێدەگات، لە چۆنیەتی خزمەتی باوکیدا بەشدارە و وەکو مەشقی خزمەتی مێردیی خۆی ئامادە دەبێـت... ئەگەر باوك و براشی نەبوو، مەسروفی دەکەوێتە سـەر نـزیکترین کەسـوکاریی کاسبکار و هەبووی.

پێشتر لە (بنەما کۆمەڵایەتییەکـانی قییەمـی ئیسـلامی، کە البـاب الثـاني کتێبی الإسلام) ە باسمان لەمانەکرد... بەڵام بـا وادابنێـین، کە ئافرەتـان و پیـاوان لەسەرشێوەیەکی تری پێکەوە ژیانیان ڕێکەوتن، کە ئافرەتیش وەکو پیاو کار و ئەرکـی دەرەوە بخـاتە ئەسـتۆی خـۆی و داوای کاسـبیکردن و مەسروفکێشـانی وەکو پیاو لێبکرێت، وەکو کە ئێستا لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە... کەهەردوولایان لەدەرەوەی ماڵ کار دەکەن ومەسروف ماڵ و ژیانیان لەخۆیان دابەشکردووە.

باشە ئەو سزا سرووشتیانە چین، کە لەم جێگۆڕکێیە هاتوونەتە دی یـان دێـنە دی؟

یەکەمـین سـزا: لاسـەنگبوونی پەیوەنـدی هاوسـەرێتی ژن و مێـردەکەیە، چونکە نە ژنەکە حەساوانە رۆڵـی ژنـی مـاڵ و دایـك دەبینێـت و نەمێـردەکەش هەسـت بەسـوکنایی حەوانەوەی دەکـات لەکەنـاری ژنێکـی هێـدیی و مـاڵێکی

ڕازاوەدا... بێگومان لەو نێوانەشدا منداڵەكان مەحرومن لەباوەشی پڕسۆزیی دایكیان و پارسەنگی ئاڕاستەوانی باوكیان.

دووەمین سزا: ژنە كە لە سەرەنجامی هەبوونی بواری كاركردن و پارە پەیداكردن و مەسروفكێشان؛ ئەو هەستەی لا دروست دەبێت كە دەتوانێت بێ مێردەكەشی ژیانی خۆی بەردەوام بكات و، مێردەكەش ئەوەندەی بەلاوە گرنگ نابێت كە ژنەكەی لێ جیاببێتەوە، مەگەر لەڕووی بەرژەوەندی ماددییەوە!

لەم حاڵەتەدا پەیوەندیە هاوسەرگیرییەكە، هەمیشە لەمەترسیدایە و ئاسان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدەن، سەیر ئەوەیە كە ڕێژەی حالاتی تەڵاقدان ،كە لەئیسلامدا شەرعییە و ئاسانە لەچاو ڕێژەی حالاتی تەڵاقداندا لەو وڵاتانەدا، كە تەڵاقدانیان تێدا قورسە (٧/١)ە ،واتە: بەرامبەر هەر حاڵەتێكی تەڵاق لەوڵاتی موسوڵماناندا حەوت حاڵەتی تەڵاقدان لەو وڵاتانەی تردا هەیە[١] .

سێیەمین سزا: ئافرەت لەم حاڵەتەی كاركردنی لەدەرەوەی ماڵی خۆیدا، مافی مەسروف كێشانی لەسەر هیچ لەپیاوەكانی (مێرد، باوك، برا...) نامێنێت، ئەمەش وایلێدەكات، مادام گەیشتۆتە قۆناغی باڵغبوون (١٥ ساڵان)، دەبێت خۆی خۆی بەخێو بكات و خۆشی كارێك بدۆزێتەوە، كە ژیانی دابین بكات و وەكو نێرینەكان ئیش بكات.

چوارەمین سزا: ئافرەتی كاسبی دەرەوەی ماڵ ماندووە، ماندوو بوونی كاریگەریی لەسەر دەروونی دەبێت نەحەوانەوەی ومەشغوڵ بوونی هانی دووگیانبوون ومنداڵ بەخێوكردنی نادات، چونكە ناپەرژێتە سەر گۆشكردن و منداڵ پەروەردەكردنی، ئەمەش كە زیانێكی خۆیەتی، بە پەكخستنی گەورەترین

(١) ئاماری تەڵاقدان لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لە (٢٠١٣)دا ٦٣٪ی حاڵەتەكانی هاوسەرگیری بوو.

و گرنگترین رۆڵی (مێیینە)ییەکەی خۆی کە منداڵبوونە لەهەمان کاتیشدا زیانی کۆمەڵگەکەشیەتی، چونکە وەچە ناخاتەوە و ڕێژەی نەوەکانی دووەم کەم دەبێتەوە[1]، دواتر بۆچوون وشیکاریی (سەید قوتب) لەم بارەوە دەهێنینەوە.

پێنجەمین سزا: پسانی شیرازەی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی، کە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و دایك و باوك و ئەولاد ئاوا لاواز ببێت بەتەئکید پەیوەندی خزمایەتی لاوازتر و پەیوەندی دۆستانەی تر هەر نامێنێت، ئەمە حاڵەتی ئێستای کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوایە... خێزان هەڵوەشاوە و کەس خزمانی خۆی ناناسێت !

بەساڵ کەسوکاری یەکتری بەتەلەفۆنێك بەسەرناکەنەوە... بۆیە دەبینیت ئەم دەلاقە گەورەیە بە ڕۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) و بە ڕۆژی دایکان و ڕۆژی باوکان پینە دەکەن!

نەوە لەدوای نەوەشیان بەسەرگەردانی گەورە دەبن (بەدەگمەن نەنك و باپیرێك دەبینرێن، کە بزانن کوڕەزا و کچەزاکانیان کە کەمیشن لەکوێن و چ کاردەکەن؟!!).

شەشەمین سزا: بەلاوازبوون و هەڵوەشاندنەوەی خێزان؛ منداڵ نموونەی پێشەوایەتیی و ئیقتیدا پێکردنی کە باوکێتی لەدەست دەدا، بۆیە نازانێت سیفاتی پیاوەتی و جوامێری و سۆزی باوکایەتی و هەستی ئینتماى نێرینەیی لەکێوە وەربگرێت؟ (لەباوك و باپیریەوە، لەمامۆستاکانیەوە یان لەئەکتەری فلیمەکانەوە!).

---

(١) لە ئامارەکانی منداڵبووندا لە ئەوروپا ڕێژەی منداڵبوون لە (٢٠١٠)دا ئاوا بوو، ئەسکەندەنافیا (١/٥) منداڵ لە ژیانیاندا بەرهەم دەهێنن، واتە بە چوار ئافرەت(٣)منداڵ. هۆڵەندا و دە وولاتە نوێیەکەی یەکێتی ئەوروپا (١/٦).
ئافرەتی موسڵمان لە خودی ئەوروپا هەر دوو ئافرەت ٩ منداڵ، واتە بەقەدەر (١٢) ئافرەتی ئەوروپایی. ئەمما لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا لانی کەم، یەك ئافرەتی موسڵمان (٧-٨) منداڵی دەبێت.

ئەمە هۆكـاری سـەرەكی بزربـوونی گەنجـی ڕۆژئـاوایە، ئەمەیە هۆكـاری دەركەوتنی سەدان گروپی سەرجادەی وەكـو :(خەنـافیس) و (فەوزەوییەكـان) و (لائوبالی)یەكان.

ئەمـانە نمـوونەی ئەو سـزا سروشـتییانەن كە دەبـنە دەرەنجـامی سـنوور بەزاندنی ئافرەتان و وەلكردنی ماڵی و منداڵیان لەبەرخاتری كار و كاسبی دەرێ (كە لەڕاسـتیدا هەر بـۆ هەڵسـوڕاندنی ئامێرەكـانی بەرهەم هێنـان و پڕكردنـی حساباتی بانكی سەرمایەدارەكانە).

سزای تریش زۆرن، هەر یەكەمـان لە سـۆراغكردنی حاڵەتەكانـدا دەتـوانین سزای تریش ئیزافە بكەین (و بزانین كە بۆچی بەئەوروپا دەڵێن كیشـوەری پیـر؟ چونكە منداڵ ناخەنەوە..) !

ئەگەر ئەو دیـدو تێـڕوانین و سیسـتمی ئاڕاسـتەی سیاسـیی و ئـابوورییەی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا زاڵ ببێت، هەموو مرۆڤایەتیی بەرەو قڕبوون دەچێت!

هەموو ئەمەی باسی دەكەین ،مەبەستمان چوونەدەرەوەی بەردەوامی ئافرەت و كەم بایەخدانێتی بەماڵ و مێردو منـداڵەكانی.. مەبەسـتمان ئەوەیە: كە كاتێـك ئەم كاسبی كردنەی دەرێی لێ دەكرێتە ژیانی ئاسـایی؛ ئەم هەمـوو زیـانەی لـێ دەكەوێـتەوە، نەك چـوونە دەرەوەی حـاڵاتی زەروووری ئـافرەتی بـاڵا پـۆش، كە لەبواری سروشتیی خۆیدا كار بكات (وەكـو: مامۆسـتایەتیی و تەندروسـتیی و كۆمپیوتەر و ... هیتر).

شەشەم: بەرتیلخۆریی (ڕەشوە) :

ئیسلام بەرتیلی حەڕام كـردووە، بەرتیلـدان و بەرتیـل وەرگـرتن، هەروەهـا میـانگیریی وگەیانـدنی، پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) لەعنەتـی

لێکردووە: (لَعَنَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ الرَّاشيَ، والمُرتشيَ، والرَّائشَ، يَعني: الذي يَمشي بَينَهما)[١] .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەعنەتی لەو کەسە کردووە کە بەرتیل وەردەگرێت و ئەو کەسەش کە بەرتیل دەدات و ئەو کەسەش کە لەنێوان بدەر و وەرگری بەرتیلدا دێت و دەچێت.

بەرتیل لەگوناحە گەورەکان (الكبائر)ە ، خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ١٨٨ ﴾ البقرة: ١٨٨.

واتە: ماڵ و سامانتان بەناهەق مەخۆن و مەیکەنە بەرتیل و بیدەنە حاکم و داوەرەکان تا بەلای ئێوەدا بشکێننەوە و بەشێوەیەکی ناهەق مافی کەسانی ترتان بۆ بپچڕن ئەمەی کەهەندێك کەستان دەیکەن خواردنی ناهەقیانەی ماڵ و سامانی خەڵکییە... ئەمە گوناحە، حەڕامە بەتایبەتی کە دەشزانن کەخوای گەورە قەدەغەی کردووە.

سزای سروشتیی زۆر لەم تاوانە گەورەیە دەکەوێتەوە چونکە زیانی گەورە بەکۆمەڵگە و دەوڵەت دەگەیێنێت و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵی و کلۆربوون، جگە لەوەی کەکاریگەریی سلبی لەسەرتاك تاکی کۆمەڵگە هەیە.

یەکەمین سزا: ئەوەیە کە خەڵکی متمانەیان بەدەسەڵاتداران نامێنێت، چونکە لەوەدڵنیادەبن کە بەبێ بەرتێل ناگەنە مافی خۆیان و هەر بە بەرتیل مافی خەڵکی پێشێل دەبێت، ئەمەش وادەکات حکومەت زوو بڕوخێت.

---

(١) ئەحمەد (٢٢٣٩٩)، ئەرنائوط ئەفەرموێ: (ضعیف)ە، بەڵام فەرموودەیەکی تر هەیە، کە (الرائش)ی تیا نییە و (صحیح)ە: (لَعَنَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِي)، ئەبو داوود (٣٥٨٠)، ترمذی (١٣٣٧)، ئەحمەد (٦٥٣٢)، هەروەها ئیبنو ماجە (٢٣١٣) بەکەمێك جیاوازی.

دووەمین سزا: كە بەرتیل ئەوەندە بڵاو دەبێتەوە و وەكو ئاسایی لێ دێت هەموو كەسێك بەحەسرەتەوە ناچار دەبێت كەبیدات دەشێت كاربەدەستان لەملاوە بەرتیل وەربگرن تا كارای بكەن و لەولاوەش بەرتیلبدەن تاكاریان رایی ببێت.

سێیەمین سزا: بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر لەدڵەراوكێ و ترسدان كە كەشف ببن، بەتایبەتی وەرگرەكە كە دەترسێت سزابدرێت لەسەریی یان ناوی بزڕێت.

چوارەمین سزا: بەرتیلخۆر كەسێكی سووكە، خۆشی هەست بەوە دەكات چونكە بەرتیل چاوشۆڕی كردووە، جێمتمانەی كەس نامێنێت، خانوویەك بكات دەڵێن: بەپارەی بەرتیلە، سەیارەیەك بكڕێت دەڵێن: بەرتیلە، دیكۆری ماڵەكەی؟ بەرتیلە قاتەكەی بەریی؟

بەرتیلە... تێر و پارەدارە؟

هەمووی بەرتیلە .

هەروەها... خۆشی ئەمانە دەبیستێتەوە بۆیە لایە نی دەروونی زیاتر دەڕوخێت و وایلێدێت ئیتر هەست مردوو دەردەجێت، گوێنادات بەوەی بەلای خەڵكییەوە سووكە ئینجا كە كەس ریزی ناگرێت رقن دەردەچێت ئەم خەڵكی دەبوغزێنێت و كاریان رایی ناكات تا بەرتیلی نەدەنێ، خەڵكیش ئەم دەبوغزێنن چونكە بێ بەرتیل مافی كەس نادات و كار راناپەڕێنێت، بێگومان ئەم حەڕامخۆرییە و ئەم ڕەفتارە لاسەنگانەی كاریگەریی خراپی لەسەر هاوسەرو ئەولادو نزیكەكانی دەبێت، چونكە ئەوانیش هاندەدات لەسەریی و لایان شیرین دەكات، پێی وایە ئەمە ئازایەتییەكە بەرتیلیش وەردەگرێت وكەسیش نییە موحاسەبەی بكات ... چونكە ئەمیش بەرتیل دەداتە سەرو وخۆی!.

پێنجەمین سزا: ئەو كۆمەڵگەیەی بەرتیلدانی تێدا دەبێتە دیاردە كۆمەڵگەیەكە مافی تێدا خوراوە بەهێز لاواز هەڵدەلووشێت، ئەرك ودەسەڵات

بێ سنوورن، چونكە بەرتیل هەموو سنوورێكی ماف و ئەرك ودەسەڵاتی شكاندووە، مافی باخی بێ پەرژینە، ئەوەی كە مافی دەوڵەتە؛ كاربەدەستان كردوویانە بەمافی خۆیان، ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە (سیاسەت و ئەمن و سەربازیی و باج وەرگرتن) كۆمەڵێك دزو مشەخۆر كردوویانە بەمافی تاكەكەسی خۆیان... مافی تاكەكانیش لەڕێی بەرتیلەوە بەناهەق لەم دەستێنرێت و دەدرێت بەو ... شوێنێك نییە سكاڵای مەزڵوومان وەربگرێت، دەسەڵاتێك نییە لاسەنگی ڕاست كاتەوە، سەدان و هەزاران پرۆژەی حكومی دەبێتە بوار و هۆكاری دزیی و گزیی لەهاوڵاتیان.

دەستپاكی دەبێتە گێلێتی و خیانەت دەبێتە جوامێریی و زوو دەوڵەمەندبوون دەبێتە عەگیدێتی و پۆست وەرگرتن بەناهەق دەبێتە سیما و سیفاتی سوار چاكی و لێوەشاوەیی!

كۆمەڵگەیەك ئاوا گەندەڵ بووبێت چارەنووسی هەر لەبەریەك هەڵوەشان ودارِزانە، دەوڵەتێك ئاوا ببرێت بەڕێوە كلۆرەدارە و یەكەمین رەشەبای ناحەزی دەرەكی لەڕیشەوە هەڵیدەكێشێت یان هەر خۆی لەخۆیدا بەلادا دێت ودەڕمێت.

حەوتەم: وەلانانی فەرمان بەچاكە و بەرهەڵستی لەخراپە و جیهاد نەكردن:

فەرمانكردن بەچاكە و بەرهەڵستیكردن لەخراپە فەرزێكی تاكوكۆی ناوخۆیی موسوڵمانانە كە هەموو موسوڵمانێك لێیان بەرپرسە، ئەم فەرزە پارسەنگی كەشتیی كۆمەڵگەی ئیسلامی لەناوەوە رادەگرێت و، جیهادیش پارسەنگی دەرەوەی كۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی، فەرمان بەچاكە و بەرهەڵستی لەخراپە كۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی لەگەندەڵی و داخوران دەپارێزێت و جیهادیش لەدارِمان و تێكشكانیان بەهێزی دەرەكی.

سزای سروشتیی زۆر سەخت بۆ تاكوكۆی موسوڵمانان دێتە پێشێ كاتێك ئەم فەرزانە ئیهمال دەكەن، لەوانە:

١ زەلیلبوونی ئوممەتی موسوڵمان بەرامبەر هێزی دەرەكی دوژمنان و ورە رووخانیان لەبەرامبەر شەڕی واتەواتی ناوخۆیی دووڕوان.... ئەمە واقیعی ئێستای هەموو وڵاتێكی موسوڵمانانە... پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم سزایەی زۆر جوان روون كردۆتەوە ... هۆكار و ئەنجامی بەیان كردووە، كە دەفەرمویٚ: (إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ، سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ)[١].

واتە: ئەگەر كەوتنە سەر ئاڵوگۆڕی كاڵا (بازرگانی) و شوێن كلكی مانگاكەوتن (ماڵاتداریی) و بەچاندن رازیبوون (كشتوكاڵی) و جیهادتان وازلێهێنا حەتمەن خوای گەورە زەلیلییەكتان بەسەردا دەهێنێت كە لاینادات تا نەگەڕێنەوە بۆ دینەكەتان[٢]، هەروەها دەفەرمویٚ: (لتأمُرُنَّ بالمعروفِ، ولتنهوُنَّ عنِ المنكَرِ أو ليسلِّطنَّ اللَّهُ عليكُم شرارَكُم، فيدعو خيارُكُم فلا يُستجابُ لَهُم)[٣] .

واتە: حەتمەن دەبێ فەرمان بكەن بەچاكە و بەرهەڵستی بكەن لەخراپە، ئەگەر نا بەتەئكید خوای گەورە پیاو خراپەكانی ناو خۆتان دەكات بەدەسەڵاتدار بەسەرتانەوە، جا ئەوكاتە پیاو چاكانیشتان دوعا بكەن گیرا نابێت.

٢ وەلكردنی ئەم فەرزانە گومڕایی و شیرازەپسان و تاریكستانی بەدوادا دێت.... پشێوی و ئاژاوە و خراپەكاری بەدوادا دێت... لەئەسەر دا هاتووە: (كیف

---

(١) ئیمام ئەحمەد (٤٩٨٧)، ئەبوداوود (٣٤٦٢)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود) دەفەرموێت: سەحیحە.

(٢) دیارە كە مەبەست لە گەڕانەوەمانە بۆ جیهادكردنەكە، دەنا خۆ بازرگان و ماڵدار و جوتیارەكان هەر لەسەر دینەكە ماون.

(٣) ئیمامی السیوطي لە (الجامع الصغير ٧٢٠٥) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی كردووە و دەفەرموێت: حەسەنە.

أنتم إذا طغَى نساؤُكم وفسق شبَّانُكم وتركتم جهادَكم؟ قالوا وإنَّ ذلك لكائنٌ يا رسولَ اللهِ؟ قال: نعم والَّذي نفسي بيدِه وأشدُّ منه سيكونُ، قالوا وما أشدُّ منه يا رسولَ اللهِ؟ قال: كيف أنتم إذا لم تأمروا بمعروف ولم تنهَوْا عن منكر؟ قالوا وكائنٌ ذلك يا رسولَ الله؟ قال: نعم والَّذي نفسي بيدِه وأشدُّ منه سيكونُ، قالوا وما أشدُّ منه؟ قال: كيف أنتم إذا رأيتم المعروفَ منكرًا والمنكرَ معروفًا؟ قالوا وكائنٌ ذلك يا رسولَ الله؟ قال: نعم والَّذي نفسي بيدِه وأشدُّ منه سيكونُ، قالوا وما أشدُّ منه؟ قال: كيف أنتم إذا أمرتم بالمنكر ونهيتم عن المعروف؟ قالوا وكائن ذلك يا رسول الله؟ قال: نعم والَّذي نفسي بيدِه وأشدُّ منه سيكونُ، يقولُ الله تعالَى: بي حلفتُ لأُتيحنَّ لهم فتنةً يصيرُ الحليمُ فيها حيرانَ)[١].

واته: داخۆ حاڵتان چی بێت، كاتێك ئافرەتانتان لەسنوور دەردەچن و گەنجەكانتان دەكەونە گوناحی گەورەوە، بەئاشكرا و جیهادەكەتان دەخەنە لاوە؟

عەرزیان كرد: جا ئایا ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وا ڕوودەدات؟

فەرمووی: بەڵێ، بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، لەوەش خراپتر ڕوودەدات!

عەرزیان كرد: لەوە خراپتر چییە، ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟

فەرمووی: داخۆ حاڵتان چی بێت، كاتێك فەرمان بەچاكە ناكەن و بەرهەڵستیی لەخراپە ناكەن؟

---

(١) (ئیبنو ئەبو دنیا) لە (ئەبو ئومامەی باهیلی)یەوە هێناویێتی، بەڵام سەنەدەكەی زەعیفە و ئەو بڕگەیانی تێدا نییە، كە دەفەرموێت: (كيف بكم إذا أمرتم بالمنكر)، (ئەبو یەعلا)ش لە (ئەبو هورەیرە)وە هێناویێتی، بەڵام هەر سێ پرسیار، وەڵامەكەی یەكەمینی تێدایە، نەك دوو پرسیار و وەڵامەكانی دوایین. حافزی عێراقی فەرموویەتی: زەعیفە.

عەرزیان كرد: جا ئەی پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، شـتی وا ڕوودەدات؟

فەرمـــووی: بەڵـــێ، بەو خـــوایەی گیـــانی منـــی بەدەســـتەو لەوەش خـــراپتر ڕوودەدات!

عەرزیان كرد: لەوە خراپتر چییە؟!

فەرمووی: داخۆ حاڵتـان چـی بێـت كاتێـك چـاكە بەخـراپە دەبیـنن و خـراپە بەچاكە دەبینن؟

عەرزیـان كـرد: جـا ئەی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) شـتی واڕوودەدات؟

فەرمـــووی: بەڵێـــو بەو خـــوایەی گیـــانی منـــی بەدەســـتە، لەوەش خـــراپتر ڕوودەدات!

عەرزیان كرد: لەوە خراپتر چییە؟!

فەرمووی: داخۆ حاڵتان چی بێـت، كاتێـك فەرمانتـان بەخـراپە پێـدەكرێت و بەرهەڵستی چاكەتان لێدەكرێت!

عەرزیـان كـرد: جـا ئەی پێغەمـبەری (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) شـتی وا ڕوودەدات؟

فەرمووی: بەڵێ، بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە لەوەش خراپتر ڕوودەدات، خـوای گەورە دەفەرمـوێ: (سـوێند بەمەزنـی خـۆم، تووشـی فیتـنە (ئـاژاوە و پشێوی)یەكیان دەكەم، كە ئارام و سینەفراوان تێیدا سەرگەردان بن.

ئا ئەمە ڕوودەدات و پلە بەپلەی خراپتریشـی ئەوەیە: كە لەواقیعـی ژیـانی خۆماندا دەیبینن..

٣ ڕاجوێیی و ناكۆكی و پەرتەوازەبوونی ئوممەت: كاتێك هەمـوو لە دیـد و

ڕێبـازی حەق دوردەكەونەوە ئیـتر كـۆلكەی هاوبەشـیان لەنێوانـدا نامێنێـت تـا لەسەری كۆببنەوە، چونكە (باتڵ)یش ئەوەنـدە زۆر و دۆراودۆر دەڕازێنرێـتەوە كە خەڵكـی سـەری لێتێكـدەچێت و وادەزانێـت ئەمـانە هەمـووی لایەنەكـانی حەقن...

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لَمَّا وَقَعَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ فِي الْمَعَاصِي، نَهَتْهُمْ عُلَمَاؤُهُمْ فَلَمْ يَنْتَهُوا، فَجَالَسُوهُمْ وَوَاكَلُوهُمْ وَشَارَبُوهُمْ، فَضَرَبَ اللَّهُ قُلُوبَ بَعْضِهِمْ بِبَعْضٍ، وَلَعَنَهُمْ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ، فَجَلَسَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكَانَ مُتَّكِئًا، فَقَالَ: لَا وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، حَتَّى تَأْطُرُوهُمْ عَلَى الْحَقِّ أَطْرًا)(١).

واتە: كاتێك بەنو ئیسرائیلییەكان كەوتنە گوناحكارییەوە، زاناكانیان بەرهەڵستیان لێدەكردن، كەچی دواتر زاناكان خۆیان بوونەوە بە هاودەنگیان و لەكۆڕیان بەشدار دەبوون و لەسەر سفرەی خواردن و خواردنەوەیان كۆدەبوونەوە.

بۆیە خوای گەورە دڵ و ڕاوبۆچوونیانی لێك جودا و دووركرد و ناكۆكی و ململانێیان تێكەوت، ئیتر وەكو ئایەتەكە دەفەرموێ: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ۝٧٨ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ۝٧٩ ﴾ المائدة: ٧٨ – ٧٩ .

واتە: ئەو كەسانەكە دیـد و ڕێـی كوفریـان گـرتە بەر كەوتـنە بەر لەعنەتـی خوای گەورە (دوورخستنەوە لەرەحمەتی خوای گەورە) بەهـۆی دوعـای سـەیدنا (داوود) و سـەیدنا (عیسـای كـوڕی مەریەم) -علـیهما السـلام- لێیـان ،كە

(١) ترمذی (٣٠٤٧) و ئەفەرموێت: حسن غریب.

ســەرەنجامی یاخیبوونیــان بــوو لەفەرمــانی خــوای گەورە و ڕۆچوونیــان بەگوناحكاریی و دەستدرێژیكردنە سەریەكترییان بوو...كەخراپەیەكیان لەنـاودا دەكرا، كەسیان بەرهەڵستیان لێ نەدەكرد، بەڕاسـتی كـارو كردەوەیـان بەدبـوو.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا ئەو كاتە شانی دادابوو، پاشان ڕاست بۆوە و دانیشت، ئینجا فەرمووی: نا، بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە دەبێ ئێوە یەكتریی لەسەر هەقخوازیی بەزۆریش بێت ڕاگرن.

وازهێنان لەفەڕزەكانی فەرمانكردن بەچاكە و بەرهەڵستیكردن لەخراپە و جیهاد بەفەتارەتچوونی ئوممەتی بەدواوەیە، نەمانی دەسەڵات و قیەمی ئیسلامی بەدواوەیە، ژیان و مردنی دین و ئوممەتی ئیسلام بەم فەڕزانەوە بەندە، كە ئەمانە نەمان ئوممەتی ئیسلامیش ژیان و ناوی نامێنێت، چونكە وەكو مردوو گوێبیستی فەرمانی خوای گەورە نەبووە، وەحی خوای گەورەیە كە ئەم ئوممەتەی زیندوو كردووە و ڕاگرتووە، وەكو دەفەرموێ: ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴾ الأنعام: ١٢٢.

واتە: چما ئەو كەسەی كە مردووبوو (بەكافربوونی) و ئێمە (بەوەحی و ئیمان) زیندوومان كردەوە و نووری خواییمان پێ بەخشی تابەرچاو ڕۆشنانە بە ناو خەڵكیدا بڕوات (كە حەقناس دەرچووە) ئا ئەمە وەكو ئەو كەسەیە كە لەتاریكستانیدایە و نازانێت چۆن لێی قوتاربێت؟!

چما ئەم دوانە وەكویەكن؟!

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ الأنفال: ٢٤ .

واتە: ئەی ئەو كەســانەی باوەڕتــان هێنــاوە! بەگــوێڕایەڵی و ملكەچیــیەوە وەدەنگ خوای گەورە و پێغەمبەرەكەیەوە وەرن، چونكە ئەوان بۆ ئیمانـداریی و

دین و دیدێك بانگهێشتتان دەكەن كە ژیانتانی پێوە بەندە... دەتانبوژێنێتەوە..

بەڕاستی ژیانی مرۆڤ بەگشتی و ژیانی موسوڵمانان بەتایبەتی و بەتەئكید بەئیسلامەوە بەندە، ئیسلامەكەش بەفەرزی فەرمانكردن بەچاكە و بەرهەڵستیكردن لەخراپە و جیهادەوە بەندە... وەلكردنی ئەم فەرزانە و ئەدانەكردنیان یەعنی مردنی ئەكید و بەفەتارەتچوون...

نابینیت چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆن ئەم فەرزانەی بەمایەی قوتاربوون داناوە، وەكو لە فەرموودەی (كەشتی) كۆمەڵگەكەدا ڕوون دەبێتەوە كە دەفەرموێ: (مَثَلُ القائمِ علىَ حُدُودِ اللَّهِ والواقعِ فيها، كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا علَى سَفِينَةٍ، فأصابَ بَعْضُهُمْ أعْلاها وبَعْضُهُمْ أسْفَلَها، فَكانَ الَّذِينَ في أسْفَلِها إذا اسْتَقَوْا مِنَ الماءِ مَرُّوا علَى مَن فَوْقَهُمْ، فقالوا: لو أنَّا خَرَقْنا في نَصِيبِنا خَرْقًا ولَمْ نُؤْذِ مَن فَوْقَنا، فإنْ يَتْرُكُوهُمْ وما أرادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا، وإنْ أخَذُوا علَى أيْدِيهِمْ نَجَوْا، ونَجَوْا جَمِيعًا)(١) .

واتە: نموونەی پارێزەرانی شەرعی خوا فەرمانكاران بەچاكەو بەرهەڵستكاران لەخراپە ئەو كەسانەی سنووری شەرع دەبەزێنن وەكو كۆمەڵە خەڵكێكی ناوكەشتین كەهەندێكیان لەنهۆمی خوارەوەی كەشتیەكەدان و ئەوانی تریان لە نهۆمی سەرێ.

ئەوانەی نهۆمی خوارێ هەموو جارێك بۆ ئاو هەڵهێنجان دەبوو بەسەر ئەوانەدا تێپەڕن كەلەنهۆمی سەرێن (بیركردنەوەیان یان دڵسۆزیان یان تێگەیشتن و ڕەوشتیان) گەیاندنییە ئەو بۆچوونە: كە لەجیاتی ئەوەی هەموو جارێك بەسەر ئەوانەی سەرێدا بچین بۆ ئاو بۆ ئەوەی نارەحەتیان نەكەین باشتر وایە لەنهۆمی خوارێ لەعاستی خۆمانەوە كونێك بكەینە كەشتیەكە تا ڕاستەوخۆ ئاومان دەستكەوێت.

---

(١) بوخاری (٢٤٩٣).

ئەگەر ئەوانەی نهۆمی سەرێ لەوانەی نهۆمی خوارێ بگەڕێن تا كون بكەنە كەشتیەكە، حەتمەن ئەوانی خوارێش دەفەوتێن و ئەمانی سەرێش، ئەگەر ڕێشیان لێبگرن و نەهێڵن وابكەن دیارە ئەوانیش قوتار دەبن و ئەمانیش.

لەڕاستیدا سەرچاوەی هەموو خراپەكاریی و بەدییەك لێرەوەیە، هەر ئینحیرافێك كە دەركەوتووە؛ هۆكارەكەی بەرهەڵستی نەكردنی یەكەمین دەركەوتنی بووە... هەر دەكەوتووە و وەلكراوە تابۆتە دیاردەیەكی ناو كۆمەڵگە...

ئەم ئینحیرافانەو هەریەكەیان هۆكارن بۆ سزا سروشتییەكان كە ئاماژەمان پێداون... ڕاگرتنی جیهاد فەوتانی دەسەڵاتی سیاسی و قیەمی كۆمەڵایەتی پێوەیە، فەرمان نەكردن بەچاكە و بەرهەڵستینەكردن لەخراپەش دارمانی ڕەفتار و ڕەوشتی پێوەیە.

هەشتەم: گۆرانی خەلیع و هۆگری مۆسیقا:

١ -هۆگربوونی مۆسیقا و بەردەوام گوێ لێگرتنی، دەروونی مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی سستی و داهێنرانەوە.... گوێگر حەزی لەچوست و چالاكی كاركردن نابێت، هەر حەزی لەحەوانەوە و بیستن دەبێت، هەر جۆرە ئەركێكی بخرێتە سەر بەقورسی دەزانێت، حەز و وزەی ڕوو لە ئینحیراف زیاتر دەكەن وەك لەبونیاتنان.

بێگومان تەشەنەكردنی ئەم عادەت و ڕەفتارە لەناو ئوممەتی ئیسلامدا دەبێتە مایەی شلگیریی و نەبوونی هیممەت بەرزیی كاركردن، چ جای قوربانیدان.. ئەوی زۆر خەریك گۆرانی و مۆسیقایە ،ئامادە نییە كات و سامان ببەخشێت چ جای گیان...

ئەمە یەكەمین سزای سروشتیی تاكوكۆی كۆمەڵگەیە ... سەرنجدەرە

مێـژووی هەمـوو گەلانـی سـەرزەمین دەبینیـت هەر كامێكیـان زۆر هـۆگری ئـاهەنگی گـۆرانی و مۆسـیقا بـوو بێـت، زیـاتریش خەریكـی داوێنپیسـیی و بەدڕەوشتیی بووە...

هەمـوو ئەوانەی كەئـاوا ژیـاون گیـانی خەبـات و فیـداكارییان هـیچ تێـدانەماوە... بەپـێچەوانەوە (تائێسـتاش وایە) هـۆگرانی گـۆرانی و مۆسـیقا یەكەمین كەسن، كە تەسلیم بەدەسەڵاتدارانی نوێ دەبن.[١]

٢- گۆرانی ومۆسیقا لوتكەی غافڵبوونن... غافڵبوونیش لوتكەی دنیا ویستییە... هۆگربوونی كەسێك بۆ گۆرانی و مۆسیقا بەدڵنیاییەوە ئاگابڕانی دەبێـت لەڕۆژی دوایـی، هـۆگری گـۆرانی دنیاویسـتە، زۆر دەگـمەنە قیـامەتی لەیادبێت، چ جای ئەوەی ڕەنجی بۆ بدات و گەنجینە (زەخیرە)ی قیامەتی بخات، چونكە هەموو هەست و هۆشی، هەموو هزر و ژیریی و دڵ و ویژدانـی خسـتۆتە سەر دەق و ئاوازی گۆرانی و ئاهەنگ و بۆنەو (هونەرمەندان)یان...

دیراسەی ژیانی هەر هۆگرێكی گۆرانی و مۆسیقا بكەیت دەبینیت دوورترین كەسە لەئەرك و تەكلیف، زۆر قورس بۆ كارێكی تر دەچێت، هەر كـارێكی پـێ بسپێرن بەنیوەچڵی دەیكات، هەمیشە وەكـو مەسـت چـاوی سـەریەك دەنێـت و خۆدەهەژێنێت، بەڕاستی گـۆرانی و مۆسـیقا تلیـاكی هـزر و هـۆش و هەسـت و نەستە[٢] .

---

(١) ئەوە واقیعـی ئەوڕۆی (هونەرمەنـد)ەكانی دەورووبەری طاغوتـانی پێشـووی عێـراق و سـوریا و لیبیـا و یەمەن و دەیـان شـوێنی تـرن، هەموویـان بە زمـانی حـاڵ دەڵـێن: (كـێ هەڵپەڕێ من ئامادەم بەستە بڵێم یان بای پیادەم).

(٢) ئەگەر ئەو هەموو پارەیە بۆ گۆرانی و مۆسیقا خەرج نەكرایە و ئاوا بەهای بـۆ دانەنـرایە، گۆرانی بێژ و مۆسیقا ژەنەكان دەمردن لە برسان.

٣ -**هۆگرانی گۆرانی و مۆسیقا كاتیان بەفیرۆیە:** كاتی هەمـوو مرۆڤێكـی پارسەنگ بەسەر ئەركەكانیدا دابەش دەبێت: كاتی كار و كاسبی، كاتی بەرهەم و داهێنان، كاتی خواردن، كاتی حەوانەوە و نوستن، وەهەروەها ئەو كاتەی تر كە لەو ئەركەسـەرەكییانە دەمێنێـتەوە تەرخـان دەكرێـت بـۆ چاكسـازی و زیـاتر پێگەیشتن بۆ وەرگرتن و مومارەسەكردن سیفەتەكانی جوامێریی و راقیبـوون و دارشـتنی كەسـایەتی رۆشـنبیر و سـوودمەند، كـۆمەڵگەیەك ئـاوا ئاراسـتەی تاكەكانی بكات، یان تاكەكانی ئاوا پلانی ڕۆژانەیان دابڕێژن، ئومێـدی خێریـان زۆر لێدەكرێت.

ئەمما كۆمەڵگەیەك هەر خەریكی گـۆرانی و مۆسـیقا و گەمە و لەهووبێـت حەتمەن ئومێـدی بونیاتنـانی دەوڵەتـی پێشـكەوتوو و كـۆمەڵگەی راقـی لێناكرێـت... كەسـانی وا هەر ئەوەنـدە پەیـدا دەكەن كە پێـی دەژیـن كەبەشـی ژیانێكی هاكەزاییان بكات و بەس (مەگەر حزب ودەسەڵات بۆ مەرامی خۆیـان بەكاریان بهێنن و مووچەی باشیان بـدەنێ وەكـو میـدیاوانانی وڵاتـانی دامـاوی خۆمان).

٤ -**گۆرانی خەلیع مایەی گەندەڵێتی نەوەی لاوانە:** ئەگەر ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا مایەی دواكەوتوویی كۆمەڵگەبن، بەدڵنیاییەوە گـۆرانی خەلیـع مایەی گەندەڵبوونی گەنجەكانی كۆمەڵگەیە.

گۆرانییەك كە وشەكانی هەمووی بەدڕەوشتی وەسـف دەكەن و دیـد و ڕێـی خراپەكاری نیشاندەدەن و داوای خیانەت و بێ وەفایی و بەڕەڵایی دەكەن، دەبـێ لەكوێـوە ببێـتە مـایەی پێشـبردنی دەوڵەت و راقیبـوونی كـۆمەڵگەیەك كەچاوەڕوانی بنیاتنانی شارستانێتی لێدەكرێت؟...

بێگومان (بەرهەم)ی وا بۆ كوشتنی زات و غیرەت و جوامێریی و هیممەتـی گەنجی پارسەنگە بۆیە دوژمنانی هەمـوو گەلێـك ڕێ بە گۆرانیەكـانی دەدەن و واش تەخدیریان دەكەن كە ئەمە بواری هونەرە و پێویستە تێیدا پێشكەون!!

گۆرانی زیاتر لەیاسا کـاریگەریی لەسـەر داب و نەریـت و قیەمـی گەلان هەیە... پەندێكی پێشینانی چینی هەیە دەڵێ: (پێش ئەوەی پێم بڵێیت كێ یاسا بۆ ئوممەتێك دادەڕێژێت، پێم بڵێ: كێ گۆرانیەكانیان دادەڕێژێت؟)، چـونكە كـارو كـارتیكردنی گـۆرانی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر دڵ و هـزر و دەروونە و، ئەوانـیش كاریگەرییان لەسەر ڕەفتار و ڕەوشت و پەروەردەبوونە...

گۆرانی بەدید و هەسـت و هۆشـەوە پەیوەسـتە، گەلێـك شـەو و ڕۆژ ئـا لەو گۆرانییانە ببیستێت كە باسمان كرد دیارە هەر پاشكۆیە و گیـانی زەلیلـی و ژێـر دەستەیی زۆر تێدا گەشاوەیە... ئوممەتێك ئەوە حاڵی گەنجەكانی بێت ،نەخشـە سازانی چۆن دەتوانن ئەركی قورسیان بخەنە ئەسـتۆ ... ئـوممەتی وا هەر بەرەو لێژیی بەفەتارەتچوون غلۆر دەبێتەوە.

كەسانی بواری گۆرانی و مۆسیقا (و هونەر) هەموو بەدەوری كەسایەتی و ناوی خۆیاندا دەخولێنەوە، هەموو ئەنـانی و خۆپەرسـتن، ئەوەی جـێ بایەخیـانە دەركەوتن و هێنانەدیی بەرژەوەنـدیی خۆیـانە و بەس، تەوەری ئەمـانەش چێـژو حەزێكە كەبەهیچ شێوەیەك بەشداریی كۆمەڵكاریی بەسوودی بنیاتنان ناكات.

هۆگربوونی گۆرانی و مۆسیقا بە تەواوی پێچەوانەكارە لەگەڵ دیـد و ڕێ و ئەركـی پێغەمـبەران (علـیهم السـلام).. ئەاوان كە بـۆ ئەوە هـاتوون تـا هەسـتی بەرپرسێتی دنیا و قیامەت لەمرۆڤدا بڕوێنن و وزەی بۆ خێرخوازیی بخەنە گەڕ.

لەبەرامبەریانـدا گـۆرانی و مۆسـیقا ئەم وزانە بەرەو لایەنـی فەسـادو دنیـا ویستی ئەبەن... بڕوانە كۆڕ و كۆمەڵگەی هۆگرانی گۆرانی كە گوێیان لەدەنگی گۆرانیبێژێك دەبێت، ببینە چۆن سەمادەكەن، چۆن چاودەنوقێنن وخۆیانی لەگەڵدا بادەدەن؟

چۆن بەدەم هاوارەوە دێڕە سەرەكییەكانی لەگەڵدا دەڵێنەوە؟

بڕوانە چـۆن و چەنـد تەركیـزی هەمـوو هەسـت و هۆشـیان خسـتۆتە سـەر،

بەتەواویی لەوسەری جەمسەرەکەن، کەتەقواکارێك لەم سەری جەمسەرەکە گوێ لەقورئان دەگرێت ئەم هێدی و خامۆش، ئەو هاروهاج و گلاراو گرتوو...

ئەم ملکەچ و سرەوتوو، ئەودەم بەهاوار و لەنجەی پێ سرەوت، ئینجا بۆت دەردەکەوێت کەبەڕاستی هۆگرانی گۆرانی و مۆسیقا لەدیدورێ و بزاوت و سرەوتیاندا بەتەواویی پێچەوانەی بانگەوازی پێغەمبەرانن علیهم السلام.[1]

٥- گۆرانی و مۆسیقا لەبەرژەوەندیی تاکوکۆی ئوممەتی ئێمە نییە: بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کەسایەتی دیندارانەی تاکو کۆمەڵ و کۆمەڵگە و دەوڵەت و شارستانێتی ئیسلامیدا ناگونجێت ... چونکە خەڵکی پێ لەپیاوەتی دەکەوێت! سۆز و خۆشەویستی تاکی موسوڵمان دەشێوێنێت، هێزی مەعنەویی ئوممەت دەمرێنێت... ئێ ئەمە خۆی گەورەترین سزای تاکو کۆمەڵگەیە.

نۆیەم: واسیتە و واسیتەکاری لەکاروباری یاسایدا:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إنَّما أهْلَكَ الَّذِينَ قَبْلَكُمْ، أنَّهُمْ كَانُوا إذَا سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ، وإذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ أقَامُوا عليه الحَدَّ، وايْمُ اللَّهِ لو أنَّ فَاطِمَةَ بنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا)[2] .

واتە: قەومەکانی پێش ئێوە بەوە بەفەتارەتچوون، کە ئەگەر خاوەن پلە و پایەیەك دزیی بکردایە، وازیان لێدەهێنا، بەڵام ئەگەر بێکەس و لاوازێك دزیی بکردایە، سزایان بەسەردا دەچەسپاند... سا بەخوا قەسەم، ئەگەر فاتیمەی کچی محمد (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دزی بکات، دەستی دەبڕم!

---

(١) ئەمەی شێخی ڕەحمەتی باسی دەکات هی (٣٥)ساڵ لەمەوبەری رۆژهەلاتە، شێخی ڕەحمەتی ڤیستیڤاڵی ڕۆژئاوای نەدیبوو.

(٢) بوخاری (٣٤٧٥)، موسلیم (١٦٨٨)، ئەبو داوود (٤٣٧٣)، ترمذی (١٤٣٠)، نەسائی (٤٨٩٩)، ئیبنو ماجە (٢٥٤٧)

ئەسڵ لەشەریعەتی ئیسلامدا ئەوەیە: کە هەموو کەسێك لەبەرامبەریدا یەکسانە... ئەگەر لەوڵاتێکدا حکومەتێك یان دەسەڵاتدارێك حوکمڕانی بکات بەڵام کاربەدەستانی لەچەسپاندنی یاسادا فەرق و جودایی لەناوخەڵکیدا بکەن و بەواسیتە و واسیتەکاری یان خاتر و خۆتر یاسا لە سەر ئەم بچەسپێنن و ئەویان لەسزا لادەن، حەتمەن ئەم لاسەنگییەی دادپەروەری سزای سەختی سروشتیی بەدوادادێت.

١ -**یەکێك لەو سزایانە نەمانی متمانەی خەڵکییە بەسیستمی حوکم و دەسەڵاتداران:** کە متمانەش نەما گوێڕایەڵی نامێنێت، کە گوێڕایەڵیش نەما حکومەت ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی فەرز بکات... بەمەش چەندەها مەڵبەندی هێز و دەسەڵات دروست دەبن.

٢- **ڕێیی تاوان ناگیرێت و تاوان و تاوانباران لەزیاد بووندا دەبن:** چونکە ئەو تاوانبارەی بەبەرتیلدان خۆی لەسزا نەدزێتەوە بەواسیتە و واسیتەکاریی خۆی لێ دەرباز دەکات... بەمەش خاوەن پارە و پلەوپایە و واسیتە لە تاوانکاری بەردەوام دەبن، چونکە ترسی لێپرسینەوە و سزایان نییە...

هەژار و بێ ناویش کەسانێك دەدۆزێتەوە واستیەی بۆ بکەن... مەگەر کەمێکیان کە بۆ چاوەڕاو سزایان بەسەردا بچەسپێنرێت.

٣ -**خەڵکی لەگەڵ تاواندا ڕادێن و پێیان ئاسایی دەبێت:** هەر وەکو خۆرهەڵهاتن لایان سروشتیی دەبێت! چونکە هەر دەیبینن و کەس سزانادرێت، تاوان لەکۆمەڵگەدا وەکو شەڕابخواردنەوەی ناو سەرخۆشانی لێدێت، یان حەرامخواردنی دز و قومارچی و ڕێگر! نەفسیەتی خەڵکی لەگەڵدا ڕادێت.. تا دەگاتە ئەوەی تاوان نەکردن و پابەندیی و سەرراستی بەگێلێتی و ئەقڵ پێنەشکان و ترسنۆکی دەناسێنرێت.

٤ -**نەمانی ئەمان:** خەڵکی،کە دەبینن یاسا کۆڵە و هیچی پێناکرێت، دەسەڵات لاوازە و هەقی هیچی نییە، تاوان زۆربووە و واسیتەکاریی زۆرتر ! ئیتر ئەمان

لەخەڵکی هەڵدەگیرێت، هەموو لەژیان و ئابڕوو و ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانیان دەترسن... ئێ ئەمە خۆی سزایەکی تاکوکۆی کۆمەڵگە گەندەڵەکەیە!

٥- **ستەملێکراو و چەوساوە بێ ئومێد دەبن:** دەزانن، کە ستەمیشیان لێدەکرێت ناتوانن سکاڵای خۆیان ببەنە لای دەسەڵات، کەبۆتە چەندین دەستە و دەزگای ستەمکاریی، دڵنیادەبن کەس نایات بەدەنگیانەوە ،بۆیە وەڕس دەبن، گلەیی و گازاندەیان زۆردەبێت، ڕق و قینیان زیاد دەکات و دەبنە گڕکانی ڕق کەچاوەڕێی بڵێسەی شۆڕشێك دەکەن تا لەکۆمەڵگە و دەوڵەت هەڵگەڕێنەوە... ئاوا هەموو کەسێك بڕێك ئامادەسازیی یاخیبوون لەناخیدا هەڵدەگرێت.

ئەمانە هەموویان سزای ئەو گەندەڵییەن، کە واسیتە و واسیتەکاریی و پێشێلکردنی ماف و یاسا لەکۆمەڵگەدا دەیهێننەدیی.

دەیەم: بایەخنەدان بەزانست و فێرخوازیی:

هەر بەشێکی زانستیە فەڕزەکان فەڕزە، فەڕزی عەین، کە یەك یەکی موسوڵمانان دەبێت فێری ببن، یان فەڕزی کیفایە بووە و ئوممەت تێیدا کەمتەرخەمبووە، کەدەبوو هەندێك کەس بۆ شارەزابوون لێی لێبڕانایە، کە کەس واینەکردووە، حەتمەن هەموو ئوممەت سزای سروشتیی ئەم تاوانە دەبینێت، تەنانەت ئەو زانستیانەی کە حەڕامن یان مەکڕوهن و ئوممەتەکەمانی پێوە خەریکبووە و سەدان کەس (پسپۆڕی)یان تێدا پەیدا کردووە تاوانێکی تری دەستە جەمعی ئوممەتە و حەتمەن سزای سروشتیی لەسەر دێتەڕێ:

بۆنموونە: کەمتەرخەمیمان لەفێربوون و فێرکردنی ڕەوشتە بەرزەکان کەموسوڵمان دەگەێننە ئاستی یەکەمی خواناسی وساڵحبوون، حەتمەن نەوەیەك دێتەکایەوە کە ڕەفتارو ڕەوشتی پارسەنگانە نابێت هەر تاکێکی لەئازارو

ناسۆردا دەبێت ودەشبێتەوە بەمایەی ئازارو نارەحەتكردنی خەڵكی تر شەأ دەنێتەوە جنێودەدات ڕێزی گەورە و بەأێزان ناگرێت لەبەرامبەریشدا تاكەكانی تریش وا دەبن هەر تاكێك دەبێتە سزای ئەوانی تر.

كە كەمتەرخەم دەبین لەفێربوون و شارەزابوونی فەرزێكی كیفایەدا، موحتاجی گەل و دەوڵەتانی تر دەبین، ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان ئیستیغلالمان دەكەن، تین و فشارمان دەخەنە سەر، داوای گۆڕانكاریمان لەبزاوت و هەڵوێست و یاسا و دەستووردا لێدەكەن یان غەشكارانە فریوومان دەدەن، ناگەینە ئەو ئاستەی پێداویستی خۆمان دەبڕ بكەین و هەروا بەموحتاجی دەمانهێڵنەوە... ئەمانەش هەمووی هەر سزان... سزای زەلیلكاریی.

كاتێك بوار دەكەینەوە بۆ كتێبی زیانبەخش بەناو ئوممەتەكەماندا بڵاوببێتەوە، یەكەمین زیان كە لێمان دەكەوێت بەفیڕۆدانی كاتی خوێندەوارەكانمانە، كە وزە و كات و ڕەنجیان لەبێ بەرهەمیدا بەفیڕۆ دەڕوات، پاشان زیانی دووەم: بەرهەمی زركەتاڵی خوێندنەوەی ئەو جۆرە كتێبانەیە، كە كاریگەری سلبی لەسەر دید و ڕێ و قیەمی خەڵكەكەمان دەبێت... ئاوا خەڵكێكی زۆرمان لەروون و ساغی سەرچاوە شەرعیەكانمان مەحروم دەبن و ڕاجوێ و ناكۆكی و پەرتەوازەیی فیكری دروست دەبێت.

چەندین ڕێچكە و بنبەست دروست دەبێت، وەكو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ الأنعام: ١٥٣ .

واتە: شوێن ڕێچكان مەكەون، چونكە لێكتان جودا و دوردەكەنەوە و لەڕێبازی خوای گەورەتان دوردەخەنەوە ..

هەروەها دەفەرموێ: ﴿أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴿٦٥﴾ ﴾ الأنعام: ٦٥ .

واتە: ئەگەر بایەخ بەدیدوریی دینەكەی خوانەدەن خوای گەورە بۆ هەواو هەوەسی خۆتانتان لێدەگەڕێت و دەتانكاتە دەستە و تاقم و كۆمەڵ و پێڕی جیاواز كە هەر یەكێكیان بۆ ئەوانەی تر بنەمایەی دەردەسەری و نارەحەتی وژان.

ئاوا لە فێربوون و شارەزابوونی هەرزانستیەكدا كەمتەرخەمبووبین یان هەندێك زانستی حەڕام و مەكرووە بووبنە جێ بایەخی ئوممەتەكەمان حەتمەن باجی دەدەین كە سزای سروشتیین و بەهۆی كار و كاردانەوەی ئەو كەمتەرخەمیانەمان دێنە سەرمان.

** ** **

ئەمە (دە) نموونە بوون لەلادان لەدینی خوای گەورە و كەمتەرخەمی نواندن لەپابەندبوونماندا پێیەوە، كە هەر یەكەیان جۆرەها سزای سروشتیی دروست كرد... كەمتەرخی لەفەڕزدا بووبێت یان لە سوونەتێكدا كاردانەوەكەی هەر دەبێتە مایەی دەردەسەریمان.

بۆ نموونە: كاتێك سیواك بەكارناهێنین بێگومان دانمان كلۆر و تامی دەممان ناخۆش و بۆنیشی ناخۆشتر دەبێت، ئاوا هەریەكەمان سەرەنجامی كەمتەرخەمییەك بووینە سەرچاوەی ئازاردانی دەوروبەرمان!

عەورەت دانەپۆشینی هەندێ كەس و وازلێهێنانی كۆمەڵگە لێیان دەگەیێنێتە شلگیریی پەروەردەی ئیسلامیمان و كەمبوونەوەی شەرم و زۆربوونی گوناحی نەزەر... ئەمانەش سزان جگە لەوەی فەسادن.

وازهێنان لەنوێژكردن مردنی ڕۆحی پێوەیە، ئیمان كزیی پێوەیە، خامۆشبوونی تینی تەقواكاریی و دینداری پێوەیە، كە سەرەنجامی سروشتیی ئەوە غافڵبوونە لەخوای گەورە و دووركەوتنەوەیە لەسیرە و سوونەتی پاكی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئەم لادانە لەخواناسـیی و لەخواپەرسـتیی و لەخواویسـتیی، كەوتـنە سـەر شـیرك و كـوفرە، چـوونە سـەرهەواو هەوەس پەرسـتی و مـرۆڤ پەرسـتی و ماددەپەرستی و چین و حزب پەرستی چوونە سـەررێی شـەیتان و ملكەچبـوونە بۆتاغوتان... لەدەستدانی بەهای مرۆڤێتی و بزربـوونە، كەڵەكەبـوونی گونـاح و ریسوابوونی قیامەتە.. لەدنیاشدا لەمرۆڤێتی لادانە بۆ ئاژەڵكاری.

ئەگەر خەڵكـی بیانزانیـایە لەوەلانـانی ئیسـلامدا چ زیـانێكی گەورەیـان لێدەكەوێت، ئەگەر ئەقڵیـان پـێ بشـكایە، بەتەئكیـد روویـان لەغەیـری خـوای گەورە نەدەكرد، غەیری رێبازەكەی ئەویان نەدەگرتەبەر، دڵ و هزر و و یژدانیـان بەبەرنامەی غەیری خـوایی ئاڕاسـتە نەدەكـرد، شـوێن غەیـری پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەدەكەوتن...

بەڵام سـەرەنجامی دووریـان لەئیسـلامەكە، ئەوانە هێشـتا زۆرن كە دوور لەنـووری خـوایین و لەژان و ناسـۆردان و سـتەم لەخۆیـان و لەخەڵكـی تـریش دەكەن بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن.

بڕگەی دووەم:
باجی قوڕسی دیدی لێڵ و ڕێگای وێڵ:

خاڵی یەکەم: زیانەکانی لەخوا یاخیبوون:

مامۆستا (سـەیدقوتب- رحمەاللـە) ئەم لادانەی لەبەرنـامەی خـوای گەورە و لەشوێنکەوتنی وەحی خوایی ناوناوە: (عقوبة الفطرة).

واتە: سـزاکانی سروشـتیی مـرۆڤ، مەبەسـتی ئەوەیە: کە هەر کەسـێك بەدیینەکەی خوای گەورەوە پابەند نەبێـت سروشـتیی بەشـەرێتی خـۆی سـزای دەدات...

بەشێکی خـۆش و سـەرنج ڕاکێشـی لەسـەر ئەم بـابەتە لەکتێبـی: (الإسـلام ومشكلات الحضارة)ەکەیدا نووسیووە، پێمان چاکبوو لێرەدا بیهێنینەوە ، چـونکە شیکارێکی جوان و هەنجەتێکی بەهێز و هۆشدارییەکی ژێـر بـزوێنە... واقیعـی مرۆڤ، سەردەم دەخاتە بەرچاوان کەسەرەنجامی دووریی لەوەحی خـوایی چـۆن ئەم سزا سروشتییە بەشەرییانەی دێنە ڕێ...

دەفەرمووێ: (ئەم مـرۆڤە کە ئـاوا لەمەنهەجـی خـوای پەروەردگـاری خـۆی یـاخیبووە و پشـتی لەڕێنماییەکـانی ئەو کـردووە... ئەم مـرۆڤەی کەوتـۆتە خۆپەرستی و هەواو هەوەسی خۆی لەخۆی کردۆتەوە خوا... ئەم مـرۆڤەی کە تـا ئێسـتاش هەر خـۆی ناناسـێت و نەزانـانە کەوتـۆتە ڕێ... بـێ دەلیلـی ڕێ، بـێ نەخشە، بێ ڕێنمایی...

ئـا ئەم مـرۆڤەی دیـد و بنەمـاو ڕێسـای هەمـوو ژیـانی لەسـەر نەزانـی دامەزراندووە، بەپێی هەوا و هەوەسی لاڕێی خـۆی بـزاوت و هەڵوێسـتی خـۆی دیاریکردووە و کەوتۆتە دەستدرێژی کردنە سـەر سروشـتیی بەشـەرێتی مـرۆڤ کەخوای گەورە خەلقی کردووە لەسەری و زۆر لوتبەرزانە پشتپەل کەوتـووە و

لە خوای کردگاری هەڵگەڕاوەتەوە و خۆی لـێ گـۆڕاوە و یـاخییبوونی لەخـوای گەورەی بەڕاست و ڕەوا دەزانێت!.

ئائەم مرۆڤەی ئەو ڕێزلێنانە خواییەی ڕەفزکردۆتەوە، کەخوای گەورە لێی نا، خۆی خستۆتە ریزی ئـاژەڵەوە، کەخـوای گەورە دەیویسـت بەمرۆڤـی بمێنێـتەوە خـۆی کـردووە بەئـامێر، کە خـوای گەورە دەیویسـت ببێـت بەئەنـدازیاری ئاڕاستەوانی ئامێر... ئامێری لەخۆی کردۆتە خوا و ملکەچی داخوازییەکانێتی...

لەولاشـەوە مـاددە پەرسـتە و ماددەشـی لەخـۆی کـردۆتە خـوایەکی تـرو گـوێڕایەڵانە داخوازییەکـانی مـاددە دەهێنێـتەدی... ئـابووری کـردۆتە خـوای فەرماندەر و خۆی بۆتە عەبدی زەلیـل و ملکەچـی لەکاتێکـدا خـوای کردگـار و خاوەنی دەیویست ببێـتە سـەید و سـەروەری مـاددە و ئـابووری... بەڵام هەر بـۆ ئەوەی لەدەست کڵێسا قوتاربێت ئاوا چەندین خوای تری بۆ خـۆی دانـا و کەوتە پەرستنیان!!.

ئا ئەم مرۆڤەی کەئافرەتی کردۆتە ئاژەڵێکی نەرمونیان و پیـاویش ئـاژەڵێکی زبـر و هەڕاش کە هەمـوو مەبەسـت و پەیوەنـدیەکی نێوانیـان هەر چێـژە جەستەییەکەیانەو بەس...

ئەوەی لەبیر خۆبردۆتەوە کە خوای کردگاری پیاو و ئـافرەت، دەیویسـت ئەو پەیوەندیەی نێوانیـان پـاك و پیـرۆز بێـت، ئـا ئەویـش فەڕ و بەرەکەتـی خـۆیی بەسـەردا بڕێژێـت... دەیویسـت خێزانـی ئاسـوودەیان لـێ پێـك بهێنێـت تـا ببـنە بەردەوامێتی ژیان و راقیبوونی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و ئەخلاقـی مرۆڤـایەتیی و شارستانێتی مرۆڤایەتییان لەسەر بنیات بنێت و، مەدەنێتییان پێوە ببەستێتەوە، دەیویسـت خێـزان ببێـتە کەژاوەی گۆشـبوون و باوەشـی پـڕ سـۆزی ئومێـدی داهاتوو... دەیویست ئافرەتەکە بکاتە پاسـەوان و شـەونخوونی بەرهەمە بەنـرخە نایابەکەی...

دەیویسـت ئـافرەت بەپـاكی و بەنـرخ و ڕێـزەوە بەرەو لـوتكەی ئینسـانی بەرزبكـاتەوە نەك ئـاوا بكـرێتە كـاڵای جنسـی و ئـامێری چێـژ... دەیویسـت بەكارگەیێتی راقی كەرەستە سەرەكیەكەی ژیان بیهێڵێتەوە تا بەرهەمی نـازدار و تایبەتی خۆی، كە نەوەی رەسەنی مـرۆڤە بخـاتە بەر دەسـت، نەك ئـاوا دوور لەئینسـانێتی خـۆی و بەرهەمـی بـۆ چێـژی جنسـی سـەركەش و نامەسـئوول ئیستیغلال بكرێت.

ئـائەم مـرۆڤەی هەمـوو سـیفەتە (ئینسـانی)یەكانی خـۆیی پەك خسـتووە و هەموو ڕەنج و وزە و توانایەكی خۆی وەكو ئامێر خستۆتە خزمەت بەرهەمهێنانی ماددەوە، ژیانی هەر هەمووی لەسەر دید و بنەما و ڕێسا و زەمینەی ماددەگەری دارشتووە.

تێـڕوانین و پێناسـەكانی ماددین،دابونەریـت و قیەمـی هەر مـاددین، لایەنە هەستیارە نەرمونیانەكانی گیـانی خـۆی كـپ كـردۆتەوە و ئەو هەسـت و هـۆش وئینتما بەڕێزەی خوای گەورەی پووكاندۆتەوە كە خوای گەورە ئەم (ئینسـان)ەی بەخەلیفە (بریكار)ی خۆی لەسەرزەمیندا داناوە...

ئـا ئەم رێـز و پـلە و تەشریـفەی خسـتۆتە لاوە تـا پشـكێكی تـری مـاددی دەستكەوێت... ئا ئەم مرۆڤەی دەبوو بەمەنهەجـی خـوایی بزوێـت تـا بـزاوت و ڕەفتـاری لەگەڵ بزاوتـی گەردوونـدا بسـازایە كەچـی لەو ئاسـتە لـوتكەی (ئینسان)ێتیەوە مرۆڤایەتیی هێناوەتە خوارێ، جارێـك بـۆ ئـاژەڵی و جارێـك بـۆ ئامێرێتی بەرهەمهێنان!.

ئائەم مرۆڤەی هەموو سەودا و مامەڵەیەكی لەسەر سیسـتمێكی سـووكاری (ریبـایی) دامەزرانـدووە بـۆ ئەوەی كـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتییەكە بكـاتە ئـاژەڵگەلێكی بەرهەمهـێن بـۆ خزمەتـی چەنـد هەزار كەسـێكی دامەزرێـنە رو بەڕێـوەبەرانی بانـك و سـندووقەكانی دراو، تـا هەر هەمـوو ڕەنـج و وزەی مرۆڤـایەتیی بـێ كەم و زیـاد بچێـتەوە بەردەست ئەوان... لەهەر زەوی و زار و

خـاك و كـارگەیەكی ئەم جیهـانەدابن هەر دەبـێ وەكـو مەكینـە هەڵخلـوێن تـا بەرژەوەندی ماددی ئەو سووخۆرانە بهێننـەدی كە لەنوسـینگە و مـاڵ و ئـوتێلە ڕاقیەكاندا ژیان دەگوزەرێنن... كەهەموو تێورەكـانی ئـابووری ودارایـی و هەر هەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەخزمەتی پرۆژە ئیحتیكارییەكانیاندان!.

ئا ئەم مـرۆڤە سـەركەش و ملهـوڕ و سـەرگەردانە ... لەكۆتایـدا هەر دەبـوو دوای ئەوەی كەوتە فرە خواپەرستی، خودی مرۆڤی كرد بەخوایەك و دارایی كردە خوایەك و هەواو هەوەسی كردە خوایەك و ماددەی كردە خوایەك و بەرهەمهێنانی كردە خواپەرستی.

خوای بەرهەم و زەمینی لێ بوو بەخوا و جنسی لەخـۆی كـرد بەخـوا و یاسـا داڕێژەرەكانی هەریەكەیانی كردە خوای تر و مافی یاسا و ڕێسادارشتنی دانێ كە مافی خوای تاك و پاكە و بەس، تا مافی خوایەتی زەوت كەن و خۆیان لەهەمـوو مرۆڤایەتیی بكەنەوە بە خوا... ئا ئەم هەموو خوا قەسـتینەیەی كە وەكـو خـوای گەورە دەپەرسترێن و داخوازییەكانیان دەهێنرێتە جێ...

ئەم هەموو فرەخواییە، ئەم سەرگەردانی و گومڕایی قبـووڵ كـردنە هەر لەبەر ئەوە بوو كە لەخـوای تـاك و پـاك یـاخیی بـبن و ئیبلیسـانە خـۆ لەگـوێڕایەڵی و خواپەرستی بدزنەوە!.

ئا ئەم مرۆڤەی ئەم هەموو لادانەی گرتەبەر و ئاوای لەخـۆی كـرد كە كـردی، هەر دەبوو بكەوێـتە بەر سـزاكانی سروشـتیی بەشـەرێتی مـرۆڤ خـۆی .. هەر دەبوو باجی قوڕسی ئیهمالكردنی ئیمان و بـاجی وەڵامـنەدانەوەی وەحـی خـوایی بدات... باجێكی قورسی پشتشكێن!.

دەبوو ئەو باجە قوڕسە بدات و داشی... باجی قوڕسی كەوتەسـەر... سـەر دەروون و ئەعسابی، سەر جەسـتە و حەوانەوەی، سـەر ئاسـوودەیی و هێمنـی و سرەوتی، سەر توانا و وزەی، سەر ڕەنجـی دنیـاو قیـامەتی... سـەر چارەنووسـی سەختی دنیاو قیامەتی.

ئەم باجەقورسەی چۆن دا؟

چ سزایەکی کەوتەسەر؟

١ - ئەو ئوممەتە بەناوبانگانەی گەیشتنە لوتکەی شارستانێتی ماددی باجەکەیاندا.. بەکەمبوونەوەی وەچەیان، کەگەیشتە مەترسی قڕبوونیان[١]...

بەکەمبوونەوەی سیفاتە بەشەرییەکانیان کەئاسەوارەکانی بەهەموو دەوڵەتێکیانەوە دیارە کە چۆن لەدڕندەییێتیدا گەیشتوونەتە ئاستی ئاژەڵی دڕندەی دارستان و کەمتر ..

ئەمە جگە لە کەمبوونەوەی زیرەکی و ئاستی هزر و ژیری کە زانست دەخاتە مەترسییەوە، ئەو زانستانەی خودی شارستانێتیەکەی لەسەر دامەزراوە... کە دیارە سەرەنجامی سروشتیی ئەم کەمبوونەوانە ڕمانی خودی شارستانێتییەکەیانە.

٢ - ئەو باجدانە لە ئاسەواری مت کردنی وزەکانی تریاندا دەردەکەوێت و وزە پەککەوتووەکان کە پێویستیان بەپیشەسازی نییە بۆ بەگەڕخستنیان ... نابینیت چ بێ کارییەکیان لەناودا بڵاوبۆتەوە[٢]، کە بۆتە مایەی خەم و پەژارەی ملیۆنەها دانیشتوان کە نادیاری داهاتوویان نقوومی خەم و خەفەتی کردوون، چونکە دەبینن کۆمەڵگەکەیان ململانێی ماددی ناوەستێنێت و هەر بەرەوی پێدەدات، ئەمە جگە لە ئاسەواری بۆشایی و بودەڵەیی ڕۆحی، کە دید و تێڕوانینە فەلسەفە

---

(١) ئیتاڵیا ئێستا (٢٠١٥) ٦٤ ملیۆن کەسە، ئەگەر وابڕوات ساڵی (٢٠٥٠) تەنیا ٢٣ ملیۆن کەسیان لێ دەمێنێتەوە.

(٢) ئامێر بەتایبەتی لەسەردەمی ئەلکترۆنیدا جێگای ملیۆنەها کرێکاری گرتۆتەوە، کۆمپانیای (jet)ی بەنزین لە دانیمارک و سوید و نەرویجدا (١١٠٠) بەنزینخانەی هەیە کە یەك کرێکارییان بەسەرەوە نییە! هەموو شتێکی ئەلیکترۆنییە و چاودێریشی بە کامێرەیە.

سەرگەردانەكانیان تووشی كردوون، كە فەرماسۆن (مولحید)انە ئەو مەدەنێتییە ئاڕاستە دەكەن.. هەروەها جگە لەو هەموو جۆرە نەخۆشییە دەروونی و ژیـری و عەسەبی و جەستەییەی كە لەشێوەكانی ڕمانی عەسەبی و شـێتی و گەلـۆری و نـــامۆیی و سەرســـەرێتی و لادان و حەزی تاوانكـــاری دەســـتەجەمعیدا دەردەكەوێت.

٣ -ئەو باجـــدانە لەو ئاڕاســـتە بەردەوامەی شارســـتانێتیە مـــاددییەكەدا دەردەكەوێـــت كە مرۆڤێتـــی مـــرۆڤ بەرەو ئـــاژەڵێتی و دڕنـــدەیی دەبـــات، كەماددەپەرستی هەموو سیفەت و هەست وسـۆزێكی جـوانی بەشـەریی تێـدا وشك دەكاتەوە و ناهێڵێت هەستی جوانی بەشەرێتی گەشە بكات..

بڕوانە ئەو بەرەڵاییەی حەز و چێژی جەستە كەهـیچ یاسـا و سـنورێكی داد و ڕەسەنێتی و پارسەنگێتی نایگرێتەوە... بەرەڵایی ڕەوشت، بەرەڵایی بەرپرسێتی، بەرەڵایی سلبی، گوێنەدان و لائوبالێتی، گوێ تەپكردن لەحەنای دیكتاتۆریـدا... بێدەنگ بوون لەو ژیانەی وەكو گاگەل مرۆڤگەلـی بـۆ دروسـت كـردووە... كە ملیۆنەهای چەواشەكراو كە ڕەنجی شەو و ڕۆژی دەدزرێت، هەروا حاڵی كـراوە كە ژیان خواردن و خواردنەوە و جنس و پۆشاك و بەرەڵاییەكەیەتی!.

ئەم مرۆڤایەتییە لەژێر ئەو ئاڕاستە ماددییەیدا هەر دەبوو ئەو باجە قوڕسە لەجۆرەها شێوە بدات، ئەو هەموو شەڕ و ماڵوێرانییەی كەجەنگـی جیهـانی لـێ كەوتەوە كە ملیۆنەهای تێدا فەوتا[(١)]!

ملیۆنەها كوژراو و ملیۆنەها لەبرسا مـردوو، ملیۆنەهـا برینـدار و سـەقەت و پەكـكەوتە... ملیۆنەهـای ژێربـاری خەم... جـگە لەملیۆنەهـا شـێت و ئەعسـاب

(١) تەنهـا لە جەنگـی جیهـانی دووەمـدا (١٠٠ سـەد) ملیـۆن مـرۆڤ بە (٣٨) جـۆری مەرگ كوژرا، جگەلە بریندار و پەككەوتە!

روخاو و خەمۆك، كە زۆرینەیان تووشی شەلەل دەهاتن یان خۆیان دەكوشت !

ئینجا ئەو هەموو تەنگـژە (ئەزمە)انەی لێیـان كەوتەوە، تەنگـژەی بەرهەمـی كەم بەقەدەر تەنگژەكانی بەرهەمی زیاد! تەنگژەی كەڵەكە بـوونی پـارەی بـانق، تەنگـژەی نەمـانی پـارەی سـیولە لەبانقەكانـدا! تەنگژەكـانی دابەزینـی نـرخ و تەنگژەكانی بەرزبوونەوەی نرخ...

تەنگژەكانی كەمی بەروبووم و دانەوێڵە و گرانـی كەوتـنەوە و تەنگژەكـانی زیادبوونی بەرهەم و زیانی سەرمایەداران لەدابەزینی نرخ! تەنگژەكانی خێزان و كەمبوونەوەی وەچە (زوڕییەت) كە كەمترنین لەتەنگژەكانی زۆربوونی وەچە و ژمارەی دانیشتوان! گەڕەلاوژێی تەنگژەیە و دەبەڕێك راچوونی كێشەیە...

تەنگژەیەك چارەسەرناكرێت دوو تەنگـژەی قورسـتر دێتەكـایەوە.. هەروەكـو جـۆر و زۆری نەخۆشـییەكانە (چارەسـەری تـاعوون تەواو نەبـوو ئایـدز هـاتە كایەوە، چارەسەری مەلاریا تەواو نەبوو ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندە و سارس هاتە پێشەوە!).

كەڵەكەبوونی ئەم هەموو تەنگژانە و گەیشتنە بنبەست و بێ هیوابـوونە، كە مرۆڤـی گەیانـدۆتە ئاسـتێكی زۆر دژواری سـەكتەی دڵ و سـەكتەی دەمـاغ و زەغـت و تەقینـی خـوێنبەر و خـوێن هێنەرەكـان، تەنـانەت لەكـاتی حەوانەوەی بەرسێبەریشدا!! (مردنی بەكۆمەڵ ئامارەكانی مەرگەساتی نەخۆشی و ڕووداوی سەیارە و گۆڕانی ئاو و هەواو و ئاڵوودەبوونی... ئەمە جگە لە لافـاو و گڕكـان و شەڕی كاولكاریی)[1] لەهەمـوو لایەكەوە بەجۆرەهـا شـێوە مەرگیـان بەسـەردا دێت، دەڵێـی هێـزە ئەفسـانەییە نادیارەیەكـانی خۆیانیـان لـێ بـۆتە حەقـیقەت و كەوتۆتە قڕكردنیان!

---

(١) ئەمریكا لە ماوەی (١٤٧) ساڵی رابردوودا (١٥٠) جەنگی ناوەتەوە! جگەلە شەڕی ئەهلـی ناوخۆی كە (١١) ملیۆنی تێدا كوژرا.

ئەمە هەمووی سزای یاخیبوونیانە لەفەرمانی خوای تاك و پاك، ئەمە هۆی گوێ ئاخنیانە لەبەرامبەر بانگەوازی حەقی پێغەمبەران (علیهم السلام)...

ئەمە ئەو سزایانەیە كە بێ ئەوەی هۆشی بخەنە سەر تووشیان دێت، لە سەرەنجامی گرتنەبەری دیدی كوفر و شیرك و بێدینی ...

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾﴾ البقرة: ١٠٨.

واتە: هەر كەسێك ئیماندارێتی بەكافر بوون بگۆڕێتەوە بەتەئكید ڕێی ڕاست بزر دەكات وگومڕا دەبێت...

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢١١﴾﴾ البقرة: ٢١١ .

واتە: هەر كەسێك نیعمەتی خوای گەورە (دینەكەی) بەدید و ڕێیەكی تر بگۆڕێتەوە دوای ئەوەی دینەكەی بەڕۆشنی پێگەیشت ئەوە حەتمەن خۆی خۆی دەخاتە بەرسزای خوای گەورە، خوای گەورەش سزای توند و سەختی هەیە...

هەروەها: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ ﴾ الأعراف: ١٧٥ – ١٧٦ .

واتە: هەواڵی ئەو كەسەیان پێ بگەیێنە كە نیشانەكانی خۆمانمان دایێ و بەڵگەی زۆرمان لەسەر هەقیانەتی بانگەوازی خوایی خستە بەردەستی، ئەویش قبوڵی كرد، كەچی دواتر لەخۆشەویستی دنیا و خۆپەرستێتی خۆیدا هەموو ئایات و نیشانە و بەڵگەكانی ئێمەی لەبەر خۆ داماڵی و كەناری خستن، ئیدی

شەیتان كەوتە شوێنی و كەوتنە دنەدانی تا چووە ڕیزی فەوتانانەوە.

ئەگەر بمانویستایە دەمانتوانی پلەوپایەی ئەویش وەكو پلەوپایە و ناوی زاناخواناسەكان بەرزبكەینەوە، بەڵام ئەو خۆی باوەشی بەژیانی دنیادا كرد و بەئومێدی زۆر ژیان كەوتە هەڵپەكردنی دنیایی، شوێن هەواو هەوەسی خۆی كەوت.

نموونەی ئەو وەكو: سەگێكە، كە ئەگەر راوی بنێیت و دەریكەیت هەر هانكەهانكەیێتی و زمانی لەماندوویێتیدا دەرهێناوە و هیلاكە، لێشی گەڕێیت و هیچی لێنەكەیت، هەروا زمانی دەركێشاوە و هانكەهانكێتی ... ماندووە ... زەلیل و هیلاكە.. خەڵكانی دنیاویستیش ئاوان، ئەو كەسانەی، كە وەحی ئێمەیان بەدرۆخستۆتەوە هەر ئاوان، وەكو سەگی پێ سوتاو ماندوون و هــەر هانكەهانك و دەمەلاسكێیانە... نەتێردەبن، نەدەحەسێنەوە، نەئۆقرە دەگرن، نەئازاد و بەعیززەت دەژین.!

﴿ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٧٥ يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ٢٧٦ ﴾ البقرة: ٢٧٥ – ٢٧٦ .

واتە: ئەوكەسانەی سووخۆرن (مامەڵەی ریبایی دەكەن) كاتێك لەگۆڕیان دەهێنرێنە دەرەوە وەكو شێت بزاوتی لائیرادی دەكەن، وەكو كەسێك شەیتان تووشی فێ لێهاتنی كردبێت (جنۆكە دەستی لێوەشاندبێت) ماخۆلانیان دەبێت و ناتوانن بزاوت و سرەوەتی خۆیان كۆنترۆڵ بكەن چونكە لەدنیادا هەر سەودا و مامەڵەی سووكارییان پێ پەسەندبوو، دەیانوت ئەوە كاسبییەكی چاك و بەرەواجە بەڵام خوای گەورە كڕین وفرۆشتنی حەڵاڵ كردووە و سووكاریشی حەڕام كردووە، هەر كەسێك كەحوكمی شەرعی سووكارییەكەی پێدەگات و دەستبەجێ واز لەسەودا و مامەڵەی وادەهێنێت.

ئەوەی کە پێشتر وەریگرتووە لێی عەفوو دەبێت و بۆی هەیە ببێتە خاوەنی شەرعییانەی، مایەی لێخۆشبوونی خوای گەورەش دەبێت، ئەمما ئەگەر جارێکی تر گەڕایەوە سەر سووکارییەکەی ئەوە خوای گەورە لێی قبوڵ ناکات و دەیخاتەریزی دۆزەخیانەوە و نەمرانە تێیدا دەمێننەوە، خوای گەورە بەرەکەت لەمامەڵەی سووکاریدا هەڵدەگرێت و گەشە بە پارەی زەکات لێدراو دەدات، ماڵ و سامانی زەکات لێدەرکراو پاڵفتەدەکات و بەرەکەتی خۆی دەخاتە ناو...

خوای گەورە کەسانێکی خۆشناوێت کەحەڕامی ئەو حەڵاڵ دەکەن، ئەوانە کافری ملهوڕن و گوناحکارن، خوای گەورە نایەوێن.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴿٢٧٩﴾ ﴾ البقرة: ٢٧٨ ٢٧٩ .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن هەر چی مامەڵەیەکی سووکاریی بەدەستتانەوە ماوە، وازی لێ بهێنن و بەردەوام مەبن تێیدا، ئەگەر ئەم فەرمانەش ناگرنە گوێ و هەرسوورن لەسەر سووکاریتان دەبێ سا ئامادەبن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جەنگێکی بێ ئامانتان بەرامبەر بەرپا بکەن! هەڕەشەیەکی زۆر سەختە لەسووکاران.

﴿ وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴿٣﴾ ﴾ العصر: ١ – ٣ .

واتە: سوێند بەزەمان و کات، مرۆڤ هەر هەموو زەرەرمەندن، جگە لەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و بانگەوازی حەقخوازییان بڵاوکردۆتەوە و داوایان لەخەڵکی کردووە کەحەق بناسن و پێوەی پابەندبن، هەروەها ئەوانەی ئارام و پشوو درێژبوون وسەبریان لەسەر ژان و ناسۆری ئەم ڕێگایەی خواویستی گرتووە.

خاڵی دووەم: شاهێدی پسپۆڕان لەسەر دژواریی وەلاتانی دین و کەوتنە ماددەپەرستی:

لێرەدا هەندێك بۆچوونی پێنج شاهێد دەهێنینەوە، کە هەریەکەیان بەجۆرێك جەخت لەئاسەوارە دژوارەکانی ماددییەتی ئەم شارستانێتییە ڕۆژئاواییە دەکاتەوە، کەچۆن لەلوتکەی شارستانێتی ماددیدان، کە دەبوو شاد و کامەران بن، بەڵام چۆن موتبەلان بەدەست ئاسەوار و دەرچە خراپەکانی شارستانێتیەکەی خۆیانەوە تا ژان و ناسۆری ئەو باجدانە قورسەمان زیاتر بۆ دەرکەوێت کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدان.

شاهێدەکان لەئاست و شارەزایی و پیشە و بارودۆخی جیاوازەوە دەدوێن، هەیانە زانا و توێژەری ئەکادیمییە و باوەڕی زۆر بەلێکۆڵینەوەی زانستیانە هەیە و دەیەوێت لەو ڕێیەوە چارەسەری ئەم ناسۆر و کارەساتانە بکات، کە لەم شارستانێتییە ماددییەوە داکەوتوون... یەکێکی تریان فەیلەسووفێکە کەباوەڕی بەدیین نییە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی نووری هزر و ژیریدا ئەو دژوارییە دەبینێت، کە ڕووی لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی کردووە.

شاهێدی سێیەم: باس نووسێکی بیرمەندی موسوڵمانە کەباوەڕی بەدین و ژیری و زانست هەیە و شارەزای سروشتیی بەشەرێتی مرۆڤە و ئەویش وەکو شاهێدانی پێشوو لەڕاوبۆچوونی خۆیەوە هەست بەدژوارێتی دەرچەی شارستانێتی ماددیی دەکات و چارەسەریی شیاوی دەخاتە پێشچاو...

شاهێدی چوارەم : خانمێکی پسپۆڕی پزیشکییە و بەجیددێتی دکتۆرانە دەڕوانێتە نەخۆشییە سەختەکانی شارستانێتی ماددیی سەردەم و ئەو چارەسەرانە دیاریدەکات کە شیاوی هەریەك لەنەخۆشییەکانە، پێنجەمیان ڕۆژنامەوانێکە کە لەو ڕوانگەوە دەڕوانێتە کێشەکە کە بوارێکی ڕۆژنامەوانی ئیسارەکردن و ورژاندنە.

لێرەدا لەم باسە کورتەدا هەر ئەوەندەمان شاهێد بۆ دەهێنرێتەوە لەو هەزاران بیرمەند و فەیلەسووف و زانا و نووسەرانەی تەواو نارەحەتن لەئاسەواری دژواری بەدیی ئەم شارستانێتییە ماددییەی سەردەم.

شاهێدی یەکەم: دکتۆر ئەلیکسیس کاریل:

(ئەلیکسیس کارلیل)؛ شاهێدی خۆی بەرامبەر ئەو پێچەوانەکاریی و تاوانانەی مرۆڤایەتیی دەکات کە خۆی ناوی لێناوە: (پێچەوانەکارییەکانی مرۆڤ دژی یاساکانی سروشت) و ئەو سزا نەگۆڕانەی کە حەتمەن دێنە ڕێی پێچەوانەکاران و لێی قوتار نابن.. هیچ یەکێکیشی لێ بەدەرنابێت.. پاشان دێتە سەر ئەو بارودۆخەی بەسەر مرۆڤایەتییدا هاتووە سەرەنجامی ئەم هەموو پێچەوانەکاریانەی کردوویانە:

لاپەڕە ١٠-١١: (پێش ئەوەی دەست بەنووسینی ئەم کتێبە بکەم، هەستم بەقورسی کارەکە کردبوو، هەر وامدەزانی تەقریبەن مەحاڵە بۆم بچێتە سەر، بەڵام هەر دەستم پێکرد، چونکە لەوە دڵنیابووم کە کەسێك هەر دەبێت ئەو باس و بابەتانە بخاتە بەردەست خەڵکی،چونکە ئەو خەڵکە ناتوانن هەروا بەردەوام بن لەشوێنکەوتنی ئەم شارستانێتییەی سەردەم بەم دید و ڕێسایەی ئێستا لەسەرێتی، چونکە بەردەوامبوون یەعنی دارمان و شیرازە پسان و کەوتن..

ئەم خەڵکە زانستی بێگیانەکان تاساندوونی پەی بەوەنابەن کە هەست و هۆشیان سنووری یاساکانی سروشتیی بەزاندووە، یاساکانی سروشت توند و سەختتر و ئاڵۆزترن لەیاسا و دەستووری دنیایی..

ئەم خەڵکە پەی بەوە نابەن کەناشێت و نابێت پێچەوانەکاریی یاسای سروشتیی بکرێت.. نازانن کە هەردەستدرێژی و سنوور بەزاندنێك بۆ سەر ئەم یاسایانە سزای حەتمی دێنێتە ڕێ...

ئەم خەڵکە دەبێ شارەزای ئەو پەیوەندیە زەروریانەی جیهانی دنیایان و

نەوەكانی ئادەم بین، دەبێ دركی ئەوە بكەن كە پەیوەندیەكی سروشتیی پتەو لەنێوان ئەم یاسا سروشتییانە و ژیریی و درك كردن و هەست و هۆشیاندا هەیە كە نابێ جوداكارانە كار بكەن .. مرۆڤ لەهەموو شتێكی دنیا باڵاترە، راقیترە، بەڵام ئەگەر لەمرۆڤێتی داشۆرا دەڕمێت، هەموو جوانی شارستانێتی و بگرە مەزنێتی ژیان و دنیای زۆر ناخایانێت كە لەنێودەچێت و دەفەوتێت... لەبەر ئا ئەمە ئەم كتێبەم نووسی).

لاپەڕە **٣٢٢:** (مرۆڤ سەرەنجامی ویراسەتی نەوەكانی و كاریگەریی بارودۆخ و دابونەریتی ژیانی خۆی و چۆنیەتی بیركردنەوەی لەژێر تین و فشاری كۆمەڵگەی سەردەمێتییە... پێشتر باسمان كرد كە چۆن ئەم دابونەریتانە كاریگەریی لەسەر جەستە و هەستی دروست دەكەن...

وتمان: كە ناتوانێت خۆی لەگەڵ كەشی ئەم تەكنۆلۆژیایەی خۆیدا بسازێنێت... ئەم جۆرە كەشە بەتەئكید بەرەو لەبەریەك هەڵوەشاندنی دەبات.

زانست و ئامێر بەرپرسی ئەو حاڵەتەی ئێستای نین، ئێمە خۆمان بەرپرسین، چونكە نەمانزانی، یان گوێمان نەدا بەیاساكانی سروشت، تا بزانین كامیانمان لێ قەدەغەیە و كامیانمان بۆ شیاوە؟

ئێمە پێچەوانەی یاساكانی سروشت ڕەفتارمان كرد، بەمەش هەڵەی هەرە گەورەمان كردووە، تاوانمان كردووە، تاوانێك كە هەمیشە بكەرەكانی بەسزا دەگەن، پرەنسیپەكانی (دینی زانستی) و ئادابی پیشەسازی لە سەرەنجامی هێرشی حەقیقەتی بایۆلۆجی ڕماون.

ژیان تەنها یەك وەڵام دەداتەوە، هەر كەسێك لێی بپرسێت: كەدەخوازم بچمە بازنە قەدەغەكراوەكانەوە، وەڵامەكەی لاوازكردنی خاوەن پرسیارەكەیە... لەبەر ئەمەیە، كە دەڵێین: شارستانێتی سەردەم بەرەو ڕمان دەچێت، چونكە زانستی بێگیانەكان بردونییەتیە خاكێكەوە، كە هی ئێمە نییە، كەوتینە

تاڵانکردنی هەرچی تێدابوو بێ ئەوەی بزانین کامە سوود بەخشە و، کامە زیانبەخشە، بێ فەرق و جیاوازی هەموویان بردووە... بۆیە تاکی مرۆڤ بەرچاوتەنگ و لاسار و گەلۆر و گوناحبارە... چونکە ناتوانێت خۆی و دەزگاکانی کۆنترۆڵ بکات).

لاپەڕە ٣٦: (سیفەتی بەرچاوی تاك لەشارستانێتی سەردەمدا زێدەڕۆیی و فرە چوستیەتی لەلایەنی کردەوەیی ژیاندا، لەگەڵ نەزانینێکی زۆر و ئاستێکی دیاریکراوی زیرەکیدا، لەرووی هزر و ژیریشەوە لاوازییەکی ئاشکرای تێدایە چونکە دەبینیت کە ڕەفتار و ڕەوشت لاواز دەبن هزرو ژیریش تەسلیم دەبێت).

لاپەڕە ٣٧: (وادیارە شارستانێتی سەردەم دەستەوەستانە لەهێنانە بەرهەمی کەسانێکی خاوەن مەلەکەی بیر تیژی خەیاڵ و زیرەکی و ئازایەتی... لەهەموو وڵاتێکدا ئەوە تێبینی دەکرێت کە چەندێتی و چۆنێتی ئاستی ژیری و ئەدەبی لەبەرپرسانی کاروباری وڵاتدا لەکەمبوونەوەدایە).

لاپەڕە ٣٦: (ئێمە لەم مەدەنێتیەی سەردەمدا زۆر کەم ڕێدەکەوێت کە کەسانێك ببینین لەڕەفتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتیاندا ئیقتیدا بە نموونەیەکی پێشەوایەتی باڵای ئەخلاقی بکەن) .

لاپەڕە ١٦٢: (ئەو کەسانەی کە لەکارکردنیاندا هەست بە جوانییەکی سەرەتایی دەکەن ئەگەرچی کەم و سادەش بێت بەختیارترن لەو کەسانەی تەماعی بەرهێنانیان لەبەرە، چونکە ئەمانە هەموو هۆشیکیان هەر لای زۆرتر بەرهەمهێنان وقازانجە، پێشەسازیی سەردەم، بەو شێوەیەی ئێستای خەڵکی لەجوانی و داهێنان مەحروم کردووە).

لاپەڕە ١٦٨: (ڕێ بڕینی چالاکی سۆز و جوانی یان چوست و چالاکی دینی کەسانێك دەخوڵقێنێت کە لەئاستی خوارەوەی ژیریاریی وهۆشداریی لاواز دابن، ئەگەرچی زانستییە ئەقڵییەکانیش لەبەردەم هەموو کەسێکدا کراوەن و

خوێنـدنیان ڕەخسـاوە... بەڵام ئەوەتـا ئەو ئاسـت نـزمییە لەهەمـوو شـوێنێكدا دەبینین).

لاپەڕە ١٦٩: (ئەو كەسانەی سـیمای مەدەنێتیـان زیـاتر پێـوەیە، شـێوازێكی سەرەتایی هەست و سۆزیان لێوە دەردەكەوێـت، توانایـان هەر لەكـاری ئاسـانی وادا دەخەنە گەڕ كە ژیانێكی كۆمەڵگەی سەردەمییان بۆ مسۆگەر بكات... كار دەكەن، بەرهەمـــدەهێنن، مەسروف دەكێشـــن و ئـــارەزووە فســـێولۆجییەكانیان دەهێننەدیی، دڵخۆشیش دەبن بەبینینی تۆپانێ و وەرزش و فلیمە سـینەماییەكان كە وەكـو شـەڕ و پێكـدادانی منـداڵی هاروهـاجن، دڵخۆشـن كە زۆر ئاسـان لەشوێنێكەوە دەگەنە شوێنێكی تر و ئەوەی لەخزمەتیاندا دەبێت زوو دەكەوێـتە بەردەستیان و ئاسان بەكاریدەهێنن... ئەم كەسانە ئارەزوو پەرست و توندوتیژ و عەییاشن (هەر خەریكی چێژەكانی جەستەن). هەستی جوانی و سـۆزی دینـی و پارسەنگی ئەدەبی داماڵراوە لێیان).

لاپەڕە ١٧٠: (پارســەنگ نەبــوون لەجیهــانی هەســت و هۆشــدا دیــاردە و سیفەتێكی ئەم سەردەمەمانە).

لاپەڕە ١٧٧: (جـۆری بیركـردنەوە دەشـێت ببێـتە مـایەی هەنـدێك نەخۆشـی بەدەنی. هێدی نەبوونی ژیانی سەردەم و زۆربوونی ئینفیعالات و كەمبوونەوەی هەستی ئەمان و ئاسوودەیی ناخ دەبنە مـایەی دروسـتبوونی كۆمەڵێـك حـاڵەتی لاسەنگی و پشێوی ئەعساب و چەندەها جۆر نەخۆشی بەدەنـی لە كـۆ ئەنـدامی هەرس و ریخـۆڵەكەدا... هەر وەكـو كە گەنـدەخۆری و میكـرۆب دروسـتیان دەكەن، كە لەڕێـی سـوڕی خـوێنەوە دەیـانگەنێ... بەهەمـان شـێوە ئاوسـانی گـورچیلە و نەخۆشـیەكانی هـاوڕێی لەسـوتانەوەی گـورچیە و میزەڵـدان و بەشەكانی تری كۆئەندامی میز، هەموویان دەشێت سەرەنجامی لاسەنگی ژیریی و ڕەفتار بووبێتە مایەی دروستبوونیان.

ئەم جۆرە نەخۆشیانە دەگمەنن یان هەر نـین، لەزۆر هـۆز و کـۆمەڵگەدا کە ژیـانێکی سـادە دەژیـن و ئەوەنـدە تووشـی ئینفیعـالات نـابن و نـاکەونە خەم وخەفەتەوە، ئەوانەی وەکـو ئەمانیشـن ئەو کەسـانەن، کە ناخیـان ئاسـوودە و لەگەڵ خۆیاندا ئاشتن و پارسەنگانە ڕەفتار دەکەن، ئەگەر چی لەگۆنگەڵی ژیانە جەنجاڵەکەی ئەم مەدەنێتییەی سەردەمیشدا بـژین، چـونکە ئەو پارسـەنگییەی ناخ و ڕەفتاریان بۆتە بەربەستی ئینفیعالات و پشێوی ئەعساب بۆیان).

لاپەڕە ٢٧٧-٢٧٨: (پێویستە چوست و چالاکییە فسـیۆلۆجییەکان (ئەوانەی ئەندامانی لەش ئەنجامیان دەدات) لەدەرەوەی بـازنەی هەسـت و هـۆش بـن، تـا تووشی لاسەنگی و پشـێوی نەبـن، نابینیـت (شـیکاریی دەروونـی) کە ژیریـی نەخـۆش بەرەو خـودی نەخۆشـەکە ئاڕاسـتە دەکـات، سـەرنجی بـۆ خـۆی و حاڵەتەکەی خـۆی رادەکێشـێت، لاسـەنگییەکە لەنەخۆشـەکەدا زیـاتر دەکـات، چونکە ڕاستتر ئەوەیە هەست و هۆشی نەخۆشـەکە بـۆ دەرەوەی خـۆی ئاڕاسـتە بکرێت[1].

لەجیاتی ئەوەی ئەوەندە باسـی نەخۆشـییەکەی خـۆیی لا بکـرێتەوە تـالێی ببێتە واهیمە و هەموو تەرکیزێکی هەر لەسـەر ئەوبێـت، چـونکە ئـێمە کاتێـك چوست و چالاکیمان بۆ هێنانەدیی ئاواتێك دەخەیـنە گەڕ، گونجانـدنێکی ڕاسـت لەنێوان کاری ئەنـدامەکانی بەدەن و وەزیفەکـانی هزرمانـدا دروسـت دەکەیـن، یەکخستنی حەزەکان و ئاڕاستەکردنی هزر و ژیری بۆی جۆرێـك لەو ئاشـتییەی ناخی لێوە بەرهەمدێت... بەڵام مرۆڤ هەر وەك خۆی بەسەر جۆرەها کاروباریدا دابەشدەکات، فیکرو هەست و هۆشیشی ئاوا بەسەر چەندین هیـوا و مەبەسـتدا دابەشدەبێت.

---

(١) وەکو ئەوەی ئێمە لەسـەردانی نەخۆشـدا دەڵێـین: ئەوە قەدەرە و تـاقیکردنەوەی خـواییە، خۆتی لەبەردا بگرە،زیاتر خەریکی زیکر و قرئان خوێندن بە، یان سەرنج بـدەرە نەخۆشـانی تر،کە حاڵییان لە تۆ خراپتر وبێکەس و بێنازیشن.

بـۆیە نابێـت مـرۆڤ هەر بەوەنـدە ئیكتیفـا (بەس) بكـات، كە وردەكـارانە سـەرنجدەداتە جـوانی و ڕێكـوپێكی دەوروبەری لەدیمەنـی سروشـتیی: چیـا و دەریـاو ئیشــك و هەور و دەشــت و دەر، یــان بەرهەمــی جــوانی داهێنــانی هونەرمەنـدان و شـاعیران، یـان بەرهەمـی ڕاقـی دیـدوتێروانینی فەیلەسـوفان و زانایان لە دەیان و سەدان بەرهەمی ژمێریاریی و پێشـەكی و ئەنجـامی كاریـان كەهەموو گوزارشت لەیاساكانی سروشت دەكەن، بەڵكو دەبێت گیانی خەبات و ڕەنجدان و ورە بەرزیی لەخۆیدا بەهێزتر بكات، تا خۆشـی بگەیەنێـتە نمـوونەی پارسەنگی...

دەبـێ لەم تاریكسـتانییەی سـەردەمی جیهانـدا لەدووی رونـاكی نوورێـك بگەڕێت كەهیدایەتی بدات، دەبێ هەنگاوی ڕاست بەرەو دینداری هەڵهێنێـتەوە، پێویستە نەهێڵێت نەفسی خۆی هەموو ڕەنج و وزە و تواناكانی هەر بۆ چێژەكانی جەستە و دەوڵەمەندبوون و زۆریی بەرهەم سەرف بكات، بەڵكو روو لەجیهـانی نادیـار بكـات و تەركیـز بخـاتە سـەر هێـزی نادیـار (غەیـب)، ئـاوا دەتوانێـت پارسـەنگی لەنێـوان هـزر و دڵ و ویـژدان و جەسـتەیدا بخولقێنێـت، چـونكە هەموویان روویان لەهێنانەدی یەك ئامانج دەبێت[1].

ئەمە هۆكـاری ئەوەیەكە نەخۆشـیەكانی ئەعسـاب و گەنـدەخۆری (سـوء التغذیة) و شێتی و سەرسەرێتی و تاوانكاری لەو كـۆمەڵە بەشـەرییانەدا كەمە كە لەلایەنـی هـزر و دابـونەریتەوە دامەزراون و ناخیـان ئاسـودە و ڕەفتاریـان پارسەنگە، تاكەكانیشیان ئاسوودە و بەختەوەرانەتر دەژین).

لاپەڕە ١٤٨: (منداڵان و قوتابیـانی قوتابخانەكـان هزریـان بەبەرنـامەی زۆر (سەخیف) و هیچ و پووچ دادەڕێژن كە یاری و مەزاتیان دیاریدەكات (بەجۆرەها گەمەوە مەشغووڵ دەكرێن كەیارمەتیدەری زرنگی و زیرەكییان نادات)، لایەنی

---

(١) هەر دەڵێی باسی هیوا و ئاواتی موسوڵمان دەكات كە بەدەستهێنانی ڕەزامەنـدی خـودایە، كە دونیای كێڵگەی دواڕۆژبێت.

كۆمەڵایەتیشی ڕێ لەگەشەی هزر و هۆشی دەگرێت... ئاوا لەدوولاوە ئاڕاستەی منداڵان و قوتابیانی قوتابخانەكان لەگۆشكردندا لاوازە).

لاپەڕە ١٨٦: (دوای ئەوەی كە داب و ئـادابی پارسـەنگی جنسـی خـرایە كەنـارەوە، ئەوەتاجۆرەهـا نـامۆیی جنسـی بەردەوام بڵاودەبێـتەوە، شـیكارە دەروونییەكـان كەهەڵسـوكەوتی ژن و مێردەكـان هەڵدەسـەنگێنن دەڵـێن هـیچ جیاوازییەك لەنێوان هەڵە و ڕاسـتدا، داد و سـتەمدا نەمـاوە... تاوانبـاران لەنـاو جەرگەی قەرەبـاڵغی خەڵكیـدا بەهەمـوو سەربەسـتییەكی تەواویـانەوە تـاوانی ئەخلاقـی بەئاشـكرا ئەنجامـدەدەن و كەسـیش بەرهەڵسـتیان ناكـات... چـونكە قەشەكان دینەكەیان كردۆتە مایەی كاسبیكردن بەوەی كەجۆرەها لێخۆشبوونیان بۆ جۆرەها تاوانی تاوانباران داهێناوە...

پیاوانی دینەكە هەموو بنەماكانی دینەكەیان هەر چەنـدە هەر لێـڵ پێـڵ بـوو تێكمرانـدووە، دینەكەشـیان بـۆ هەوا و هەوەسـی خەڵـكەكە شـێواند و خەڵكەكەشیان بۆ دینەكە كەسب نەكـرد!! بـۆیە لەكڵێسـا نیوبەتاڵەكانیانـدا كە هەموو هەفتەیەك دەیانبینین (ئامۆژگاریی) خەڵكی دەكەن و ئاڕاسـتەی لایەنـی ڕەفتار و ڕەوشتییان دەكەن كەس بەقسەیان ناكـات و ئاڕاسـتەكردنەكانیان هەر كـات بەفیـڕۆدانە، پیـاوانی كڵێسـا ڕۆڵـی پـۆلیس دەبیـنن، یارمەتیـدەری دەوڵەمەنـدەكانن و بەرژەوەنـدییان بەوە بـۆ دەپـارێزن ،كە كۆمەڵگەكـان بەو شـێوەیەی ئێسـتایان بمێنـنەوە، چـونكە لەقـازانجی (سـەرمایەدار)ەكانە و لەمـلاوەش لەگەڵ حەز و ئـارەزووی جەمـاوەردا دێـن و دەچـن، هەر وەكـو كە سیاسیەتمەدارەكان وادەكەن).

لاپەڕە ١٨٧-١٨٨ و ٢٦٤: (ژیـری وەكـو لەش بەهێـز نیـیە، ئەوە سـەیرە كە نەخۆشـییەكانی ژیـری زۆرتـرن لەهەمـوو نەخۆشـییەكانی جەسـتە، بـۆیە

نەخۆشخانەكانی تایبەت بەشێت و هێرەكان هەمیشە پڕن، جێگای ئەو هەزارانەی تر نابێتەوە كە لەدەرەوەن و دەبوایە (حیجز) بكرێن ...

(س و پێرس) دەڵێ: لەهەر(٢٢) كەس لەدانیشتوانی (نیۆیۆرك) یەكێكیان پێویستە لەنەخۆشخانەی شێتەكان بخەوێنرێت، ئەگەر چی ناو بەناویش بێت[١].

لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، بایەخ بەنەخۆشخانەی ئەعساب زۆرتر دەدرێت وەك لەنەخۆشخانەكانی تر، چونكە رێژەی نەخۆشەكانی لەزیادبووندایە، ساڵانە (٨٦٠٠٠) حاڵەتی نوێ داخڵی نەخۆشخانەكانی دەكرێت، ئەگەر ئاوا بڕوات، شێت زۆرترین دەبێ، یەك ملیۆن منداڵ و گەنج كە ئێستا لەقوتابخانە و زانكۆكانن بچنە نەخۆشخانەی شێتەكان، درەنگ بێت یان زوو!.

لەساڵی (١٩٣٢)دا ژمارەی شێتە رەسمییەكانی نەخۆشخانەكان (٣٤٠٠٠٠) شێت بوو و ژمارەی ئەوانەی فێ (پەركەم)یان لەگەڵدابوو، یان گەلۆربوون و تەركیزی هزریان نەبوو، لەجێ چارەسەرە تایبەتەكاندا (٨١٥٨٠) نەخۆش بوو، ئەوانەی كە بەكەفالەتی كەسوكار و بەڵێنی (شەرەف) رێدرابوون لەماڵەوە بن ژمارەیان (١٠٩٣٠)شێت بوو، ئەم ئامارانە ژمارەی شێت و خاوەن فێ و گەلۆرەكانی نەخۆشخانە تایبەتەكان ناگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی كە بەڕەسمی ناوی (٥٠٠٠٠٠) كەس نوسراوە كە ژیرییان نوقسانە و بڕی (٤٠٠٠٠٠) منداڵیش لای لیژنەی نیشتمانی بۆ چارەسەری ژیری ناونووس كراون كە لەبەر كەم زیرەكی و گەلۆرییان خراونەتە فێرگەی تایبەتەوە، چونكە لەئاستی قوتابخانەی ئاسایدا نین[٢] .

---

(١) كۆی ژمارەكانی سەرێ ئەكاتە (١٣٣٢٥١٠) شێت و گەلۆر، ئەمە باسی (١٩٣٢)ە.

(٢) نەرویج كە وڵاتێكی دەوڵەمەند و هێدییە و خودی دانیشتوانەكەی (بێ بێگانەكانی) (٤٦٠٠٠٠٠) كەسە، كەچی ٨/١ یان پێویستییان بە چارەسەرە.

لەڕاستیدا ژمارەی ئەقڵ نوقسانەکان زۆر لەوە زیاترە چونکە ئەو ئامارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە ئەعسابیان ماندووە، کە سەدان هەزار کەسن.

ئەم ژمارانە ئەوە نیشاندەدەن کە مرۆڤی سەردەم زۆر نزیکترە لەپەك کەوتنی هزر و ژیرییەوە، وەك لەمرۆڤی سەردەمەکانی پێشین، ئەم ژمارانە قەبارەی کێشەی هزر و ژیری و ژمارەیان دەردەخات کە لەکۆمەڵگەی سەردەمدا لەزیادبوون و بێ چارەسەریدان.

نەخۆشییە ئەقڵییەکان بەڕاستی دژوارییەکی واقیعین، دژوارییان زۆر لەدژواریی سیل و شێرپەنجە (سەرەتان) و گرانەتا و تاعوون و کۆلێرا و نەخۆشییەکانی دڵ و گورچیلە زۆرترە.

بۆیە دەبێت بایەخی زۆرتر بە چارەسەری ئەم نەخۆشییە ئەقڵییانە بدرێت، نەك لەبەر ئەوەی ژمارەی تاوانبارانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێ لەپێشبرد و باڵاچوون و راقیبوونی سپی پێستان دەگرێت ! دەبێ هەموو ئەو حەقیقەتەیان لەبەر چاو بێت کە ژمارەی شێت و ئەقڵ سووکەکان لەڕیزی تاوانباراندا کەمترە وەك ژمارەیان لەریزەکانی گەلدا، ڕاستە کەسانێکی زۆری ئەقڵ سووکی تاوانبار لەزیندانەکاندان، بەڵام ئەوە نابێت ئەوەمان لا کاڵ کاتەوە کەهێشتا ژمارەی ئەو شێتانەی کە رۆشنبیریشیان هەیە و ئازادن زۆر زۆرن.

گومانی تێدانییە، کە زۆریی ژمارەی شێت و ئەقڵ نوقسان و گەلۆران و ئەعساب ماندوان بەڵگەیە لەسەر کەم و کورتی شارستانێتی سەردەم، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە داب ونەریت و شێوەی ژیانی نوێیان، نەبۆتە هۆی ساغ و سەلامەتی تەندروستی هزر و ژیریان.

لاپەڕە ٣١٦: (بەڕاستی پرسیارێکی سەیر نییە کەبپرسرێت: ئایا کەسایەتی هزریار و بیرمەند لەپیاوانی سەردەمدا ماوە؟ چونکە هەندێك لەچاودێران

گومانیـــان لەمە هەیە[١]... (فیتـــۆردرێزەر) دەڵـــێ: ئەوە ئەفســـانەیە كە بوترێـــت هزریـاری بیرمەنـد مـاوە! چـونكە دانیشـتوانی شـارەكانی سـەردەم هەموویـان تەقریبەن لەلاوازیی هزر و ژیرییاندا لێكدەچن.. جیاوازی هزر و بەرزیی ئەدەب و ڕەفتار لەنێوانیاندا زۆر نییـە... زۆرینـەی خەڵكـی یەكجـۆر و یەك ئاسـتن... كـۆمەڵگە بـۆتە تـێكەڵەیەك لەكەسـانی ئەعسـاب مانـدوو و هەسـت مـردوو و مەغروری، سەیركە متمانەشیان بە خۆیان نەماوە ... خـاوەن هێـزی بەهێـزن، بەڵام زۆر زوو مانـــدوو دەبـــن، لەگەڵ نـــامۆیی ڕەفتاریشـــیاندا پـــاڵنەری جنســـییان سەرشێتانەیە).

ئەمانە ڕاو بۆچوونی (دكتۆر كاریل) بوون دەربارەی (مرۆڤ) بەگشتی لەم (شارســـتانێتی ســـەردەم)ەیدا، لایەنێكـــی تـــریش هەیە كە ڕاوبۆچـــوونی لەســـەر دەربڕیووە كە ئەویش گرنگە.

ویستمان بەجیا ئەم لایەنەیان دانێین كەبریتیە لە: ڕاوبۆچـوونی شـاهێدیدانی لەسەر مەسـەلەی ئـافرەت و پەیوەنـدی نێـوان ئـافرەت و پیـاو و دژواریـی ئەم پەیوەندیەیان لەسەر (وجود)ی توخمی مرۆڤ و كاریگەریی لەسەر لایەنی هزرو ژیریی و پارسەنگیی و لاسەنگیی ڕەفتار و ڕەوشتی.

با لێیگەڕێین شـاهێدییە (زانسـتی)یەكەی بـدات بـێ ئەوەی ئـێمە قسـەی لەسەر بكەین:

لە لاپەڕە ٣٧دا دەڵێ: (پێویسـتە بەبەڵـگەوە شـیكاریی كـاریگەرێتی ژیـانی سەردەم لەسـەر تـوخمی مرۆڤـی بكەیـن... ئافرەتـان زۆر ئاسـان و زوو كەوتـنە ژێركاریگەریی ئەو گۆڕانكاریانەی شارستانێتی سەردەم كە لەدید و مومارەسـە

---

(١) بـۆیە هەنـدێک دەڵـین لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە فەلسـەفە مـردووە و ژیـان هـیچ فەیلەسووفێكی بەرهەم نەهێناوە.

و بەها و ڕەوشتی پێشیندا كردی... زۆر زوو بەدەنگ بانگەوازەكانیەوە چوون... دەسبەجێ ژمارەی لەدایكبوان كەمی كرد، ژمارەی دانیشتوانی گەلانی پێشكەوتووی شارستانێتیەكە كەم بووە، پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكان لاوازبوون، زۆرینەی داهێنان و دۆزینەوە (إكتشاف)ە زانستییەكان كاریگەرییان لەسەر نەزۆكی یان كەم منداڵبوونی ئافرەتان دروست كرد، كە ئافرەتان ئیتر بەئازادیی خۆیان نەهێڵن منداڵیان ببێت..).

لاپەڕە ١١٤:(جیاوازییەكانی نێوان پیاو و ئافرەت هەر لەلایەنی كۆئەندامی زاوزێ و پزدان (رەحم) و منداڵبوون و چۆنیەتی زانینەوە نییە، ناسروشتیی هەریەكەیان و جیاوازییەكانی نێوانیان زۆر لەوانە گەورەتر و گرنگترە.

پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئەوە بزانرێت كەجیاوازیی نێوانیان لەخودی پێكهاتەی ماسولكە و دەما رو ریشاڵەكانیاندایە، هێلكەدانی ئافرەت هەندێك ماددەی كیمیایی بەرهەم دەهێنێت و بەسەر دوا بەشی لەشی ئافرەتەكەدا دابەشدەبێت...

نەزانینی ئەم خاڵە جەوهەریانەی جیاوازیی ئافرەت و پیاو وای لەهەندێك لەبەرگریوانانی مافی ئافرەت كردووە كە لەو باوەڕەدابن كە بۆ یەكسانبوونی هەر دووكیان دەبێت یەك جۆر بەرنامەی خوێندن و بابەتی هاوبەش و یەك جۆر بەرپرسێتی و دەسەڵاتی هاوبەشییان هەبێت.

دەبێ لەهەموو شتێكدا وەك یەك ڕەفتاریان لەگەڵدا بكرێت.. لەڕاستیدا پێكهاتەی جەستە و دەروونی ئافرەت جیاوازییەكی ئیجگار گەورەی لەگەڵ پێكهاتەی جەستە و دەروونی پیاو دا هەیە، هەر سێڵێكی بەدەنی ئافرەتەكە سیماو سیفەتی مێیینەیی پێوەیە، ئەندامەكانی بەدەنیشی بەهەمان شێوە، لەسەروو ئەمانەشەوە كۆئەندامی ئەعساب و هەست... یاساكانی فسیۆلۆجی جەستەی ئافرەت گۆڕانكاری زۆرەملێ قبوڵ ناكەن، ڕێسای نەگۆڕن وەكو

ڕێساكانی گەردوون، لەبەرحەزی ئەم و ئەو گۆڕانیان بەسەردانایەت...

بۆیە ئێمە ناچارین وەكو خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵدا بكەین، هەر وەكو، كە ناچارین ڕەفتارمان لەگەڵ بزاوتی پێكهاتەكانی گەردووندا بسازێنین...

بۆیە ئەركی سەرشانی ئافرەتان ئەوەیە: كە قابیلێتی مێینەیی خۆیان زیاتر پەرەپێبدەن نەك هەوڵبدەن لاسایی نێرینە بكەنەوە، ئەمە هەڵەیە... رۆڵی ئافرەتان لەشارستانێتیدا زۆر زۆر لەڕۆڵی پیاوان گەورەترە، بۆیە نابێت رۆڵ و ئەركی خۆیان وەلكەن كە زۆر گرنگ و دیار و كاریگەرە...).

لاپەڕە ١١٥: (باوك و دایك بەبڕێكی یەكسان بەشداری پێكهاتنی ناوكی هێلكۆكە پیتێنراوەكە دەكەن كە هەموو سێڵەكانی لەشی كۆرپەكەی لێوەدێت، بەڵام دایك زیاتر لەو نیوە پێكهاتەی ناوكەكە بەرهەم دەهێنێت، هەموو ئەو پڕۆتۆ پلازمەی بەدەوری هێلكۆكەوەیە، دایكەكە دروستی دەكات ... بۆیە دایك رۆڵی زۆرتر و گەورە و گرنگتر لەپێكهاتە و گەشەی كۆرپەلەكەدا دەبینێت وەك لەباوكەكە).

لاپەڕە ١١٦-١١٧: (رۆڵی پیاو لەزاوزێدا زۆر كەمە، بەڵام رۆڵ و ئەركی ئافرەتەكە نۆ مانگی زیاترە، لەم ماوە زۆرەشدا كۆرپەلەكە هەموو خۆراكێكی خۆی لەو ماددە كیمیاییانەوە وەردەگرێت كە بەپەردەی پاڵاوتنەكاندا لەخوێنی دایكەكەوە دێن، هەر لەوكاتەدا كە دایكەكە ئەم ماددە كیمیاییانە بەكۆرپەلەكەی دەبەخشێت، كە مایەی گەشە و نەشونمای ئەندامەكانێتی.

ئەو كەرەستانەش لە دەوروبەری كۆرپەلەكە دەكاتەوە، كە جەستە گچكەی كۆرپەلەكە لەكارلێكردنە كیمیاییەكان دروستبوون، لەگەشە و نەشونمایدا دەیرێژن... كە دەیڕێژن خۆ نایكەنە دەرەوەی جەستەی دایكەكە، حەتمەن دەیڕێژنە

جەستەی دایكەكەوە و جەستەی ئەم چارەسەریان دەكات... دایكەكە لەولاوە خۆراك دەداتە كۆرپەلەكە و لەملاشەوە ماددەكیمیاییەكانی لێ دوردەخاتەوە، نەبادا زیانبەخش بن بۆگەشەی كۆرپەلەكە.

ڕاستە لەحەقیقەتدا كۆرپەلەكە لەباوك ودایك دروست دەبێت، بەڵام خۆ ئەم مەخلووقە غەریبە هەر لەجەستەی دایكەكەدایە.. دایكەكە لەهەموو ماوەی دووگیانییەكەیدا، وا لەژێر جۆرەها كاریگەری ئەم تەنە غەریبەی پزدان (رەحم)یدا، كە زۆر جاریش دایكەكە بەهۆی ماددەكیمیاییەكانەوە كە كۆرپەلەكە دەیڕێژێتە جەستەیەوە تووشی ژەهراوی بوون (تەسەمموم) دەبێت، جگە لەوەی ڕۆژانە حاڵەتی فسیۆلۆجی و سایكۆلۆجی (ئەندامی لەش و دەروونی) لەژێر تین و فشاری كۆرپەلەكەدا دەگۆڕێت.

سەیر ئەوەیە: كە ئافرەت لەنێوان هەموو جۆرە گیاندارە مەمكدارەكاندا بەدووگیانبوونی یەكەمین و دووەمینی، گەشەسازیی جەستەیی خۆی پێ دەگاتە كامڵبوون، بۆیە ئەو ئافرەتانەی منداڵیان نەبووە لەم لایەنی كامڵبوونی گەشەی جەستەوە ناگەنە ئەو ئافرەتانەی دوو منداڵیان بووە... ئەمە جگە لەوەی كە ئەوی منداڵی نەبووە تووڕە ترو بەئینفیعالترە لەو ئافرەتەی دوومنداڵی بووە.

پوختەی قسان ئەوەیە كە هەبوونی كۆرپەلە لەسكی دایكیدا كە لەهەموو لایەنێكی سێڵ و ریشاڵی جەستە گچكەكەیدا لەدایكەكە جودایە و جیاوازە لێی و لەلایەكی تریشەوە كەنیوەی پێكهاتەكەی لەباوكەكەیەوەیە ئەم حاڵەتی پێكهاتن و گەشەكارییە كاریگەریی لەسەر ئافرەتەكە زۆر دەبێت.

گرنگی ئەركی منداڵبوونی ئافرەتان، تا ئێستا بەپلەی بەس نەزانراوە و بایەخی تەواوی پێنەدراوە، لەكاتێكدا كە دووگیانبوونەكە خۆی زەرووورەتێكی كامڵبوونی گەشەی مێیینەیی ئافرەتە...

بۆیە بەڕاستی گەلۆریی و ڕێ بزربوونە كە وابكەین ئافرەتان لەدایكایەتی

هەڵێن یان نكوڵی لێبكەن... لەم ڕوانگەشەوەیە كە دەبێت كچان لەرووی هزر و ژیری و راهێنانی دەروونی و جەستەییەوە وا ئاڕاستە بكرێن كە دایكێتی زەروورەتێكی پێگەیشتنی جەستەیی و دەروونییانە، پێویستە هەڵە و دژواری ئەوەیان بخرێتە بەرچاو كە ئەو كار و ئەرك و بوارەی كوڕان تایبەتە بەخۆیان و نەكار و ئەركی ئەمانە و نەبواریشیان... پەروەردەكار و ئاڕاستەوانان تێبگەیێنن تا لەوە دڵنیابن كە هەر یەكەیان ئەركی خۆی پێ سپێرراوە و ڕاست و رەوا ئەوەیە كە سەركەوتوانە جێبەجێیبكات، نەخشەوانان وئاڕاستەوانانی شارستانێتی و ئیدارەی مرۆڤایەتییش دەبێ ئەم جیاوازیانە بەهەند وەربگرن و حساباتی ووردیان بۆ بكەن و لەبەر بەرژەوەندیی ماددی تێكیان نەدەن).

لاپەڕە ٣٨٨-٣٨٩: (مەگەر سەیر نییە كە لەبەرنامەی وانە و فێركاریی كچاندا هیچ بابەتێكی سەربەخۆی تێدانییە كە راڤەی سیماو سیفاتە فسیۆلۆجی و ژیرییەكانی هەردوو توخمەكە بۆمنداڵان بكات! پێویستە ئەركە سروشتییەكەی ئافرەت بگێڕرێتەوە بۆی كە هەر دووگیانییەكە نییە، بەڵكو لەویش گرنگتر گۆشكردن و پەروەردەكردنی منداڵەكانە).

لاپەڕە ١٧٤: (لەكۆتایدا: ئەوە ئێستا بەڵگە نەویستە كەزێدەڕۆیی لەمومارەسەی جنسدا ڕێ لە چوست و چالاكی ژیری دەگرێت، بۆیە هەبوونی گڵاندی جنسیی ساغ و سەلیم زەروورییە بۆدارشتنی هزر و ژیریی و گەشەكارێتی.

هەروەها كۆنترۆڵكردنی كاتیی حەزە جنسییەكانیش زەروورییین لە گەیشتنە قۆناغی كامڵبوونی درك و پەیپێبردنی ژیری.. بەڕاستی (فرۆید) لەم لایەنەدا ڕاست بۆی چووە، ئەگەر چی ئەو دەربارەی چالاكی هەست و هۆش و ژیری و پاڵنەری سێكسی لای نەخۆش دەكات نەك بەگشتی هی هەموو كەسێك... كە دەڵێ پاڵنەری جنسی زەروورەتی چوست و چالاكبوونی هەست و هۆشە... بەڵام نابێت بۆچوونەكانی بكرێتە ڕێسا و بەسەر هەموو حاڵەت و هەموو كەسێكدا

بچەسپێنرێت، بەتایبەتی ئەو كەسانەی لەش ساغ و بەهێزن و دەزگای هەست و هۆشیان بەكارە و خۆشیان چاك كۆنترۆڵ دەكەن.

ئەمانە زیاتر دەتوانن مومارەسەی جنس بكەن، ئەمما ئەوانەی لاسەنگ و لاوازن و ئەعساب ماندوون یان پشێو و دەروون ئاڵۆزن كاتێك، حەزە جنسییەكان ڕادەگرن تووشی نامۆیی جنسی (شذوذ) دەبن).

شاهێدی دووەم: (وێل دێورانت):

ئینجا با ڕاوبۆچوونی وێڵ دێورانتی نوسەر و فەیلەسووفی ئەمریكایی وەربگرین كە پیاوێكە ناشێت پێی بوترێت دوژمنی شارستانێتی سەردەمە، كە خۆی زۆر بەپێشكەوتن و مەدەنێتییەكەی سەردەم سەرسامە و بەشێوەیەكی گشتی دژ بە دینیشە و دوژمنداریتیشی بەرامبەر ئیسلام بەتایبەتی نەشاردۆتەوەو رایگەیاندووە ...

(جامعة الدول العربية) بەعەرەبیكراوی كتێبەكەی، كە ناوی: (قصە الحضارة)یە بڵاوكردۆتەوە... هەموو عەرەبیزانێك دەتوانێت بچێتەوە سەر راو بۆچوونی (دێورانت) و دید و هەڵوێستی دژ بە دین و بەتایبەتی دژ بە ئیسلام ببینێت.

لەگەڵ ئەمەشدا كە ئەمانە سیفەتی خۆی و نووسینەكانین، بەڵام ئاواش لەكتێبی: (مباهج الفلسفة)ە كەیدا وەسفی شارستانێتی سەردەم دەكات كە لەخوارەوە لەچەندین لاپەڕەی ئەو كتێبەوە راو بۆچوونی دەهێنینەوە:

لە (لاپەڕە ٦ی بەرگی ٧)دا دەڵێ: (ئەمڕۆ رۆشنبیرییمان زۆر سەتحییە، مەعریفەشمان دژوار و لاسەنگە، چونكە بەقەدەر ئەوەندەی كە لە ئامێرەكانی بەرهەمهێناندا دەوڵەمەندین ئەوەندەش لەمەبەست و ئاواتدا هەژارین، ئەو پارسەنگییە ژێرییە نەماوە كە زەمانێك بوو گەرمیی ئیماندراری هێنابوویەدی.

زانستی سەردەم بنەما و ڕێساكانی ڕەوشتبەرزی لێ سەندووین و ئەو

پارسەنگییەی جاران لەخەڵكیدا نەماوە كە لەدابونەریت و ڕەفتار و ڕەوشتدا هەبوو... جیهانی ئەمڕۆ نقومی تاكڕەوی و ئەنانیێتتی یە، بۆیە ناخ پشێو و ئاڵۆزە، ئەمەشە كە ڕەفتار و ڕەوشتی وا لاسەنگ كردووە ... ئێمە وا جارێكی تر رووە و ڕووی ئەو كێشەیە دەبینەوە كە (سوكرات)ی زۆر مەشغوڵ ونارەحەت كردبوو، كە بریتیە لەدۆزینەوەی ئەودید و رێیەی دەمانگەیێنێتە ڕەوشتبەرزی سروشتییانە، كە ببێتە چاودێری زاتی ناخ و جێگای سزادانەكانی یاسا بگرێتەوە كە كاریگەرێتی لەسەر خەڵكی زۆر نەماوە...

ئێمە كلتووره كۆمەڵایەتیەكەمان لەبەر خاتری ئا ئەم فەسادە شێتییەی سەردەم خستۆتە لاوەم ئەم سەرشێتییە ئەتۆمییە پارسەنگی پێ نەهێشتووین كە دیدی فەلسەفیمان لێڵ بووە، بگرە كۆێربوتەوە، ئیتر یەكخستنی ئاواتەكانمان لەبەر یەك هەڵوەشاوە و نازانین چ بزاوت وهەڵوێستێك دەبێ پێش یەكێكی تر بخرێت.

نازانین (ئەولەویات)مان رێكخەین، خەریكە لەساتەوەختێكی ئاشتیانەی خەیاڵیمانــدا بكەوینە جەنگێكی خۆكوژی بەكۆمەڵمانەوە، سەد هەزار سیاسەتمەدارمان هەیە كەچی (پیاوێكی دانا) شك نابەین، بەخێراییەكی بێ وێنە و ئاسان دەتوانین بەدەوری گۆی زەویدا بسوڕێینەوە، بەشێوەیەك كە پێشتر خەونیشی پێوە نەدەبینرا، كەچی بەداخەوە نازانین roomان لەكوێ یە و بۆ كوێ دەچین؟

بیریشی لێناكەینەوە!

ناپرسین داخۆ بەختیاری وئاسوودەیی دڵ و دەروونە شێواوەكانمان لەوێیە كە روومان تێكردووە یان نا؟!

ئێمە بەمەستی هێز و بەهێزی خۆمان خۆمانمان بەرەو فەوتان كێش كردووە، بەغەیریی دانایی و ژیرێتیش لەدەست خۆمان قوتارمان نابێت).

لاپەڕە ١٢٥/١: (دروستکردن و داهێنانی چۆنیەتی ڕێگرتن لەدووگیانی هـۆی سەرەکی و ڕاستەوخۆی گۆڕینی ڕەوشتهانە، جاران یاسا و ڕێسا ئەخلاقییەکـانی کۆمەڵگە هەموو پەیوەندیە جنسییەکانی بەهاوسەرگیرییەوە دەبەستەوە، چونکە مارەکردن باوکایەتی دەهێنـایە پـێش، بەشـێوەیەك کە هاوسـەرگیری و بـاوکێتی بووبوونە لازم و مەلزومـی یەکـتری و لێکجودابوونەوەیـان نەبـو، پیـاو لەرێـی هاوسەرگیرییەوە دەبوو بەباوك و بەرپرسێتی ئەولادی دەکەوتە سەر، ئەمڕۆ ئەوە نەماوە، پەیوەندی نێوان جنس کردن و وەچەخستنەوە نەماوە...

واقیعێك دروستبووە باب و باپیرانمـان بەبیریانـدا نەهـاتبوو چـونکە ئەوەتـا هەمـــوو پەیوەنـــدیەکانی نێـــوان پیـــاوان و ئافرەتـــان لە ســـەرەنجامی نەمـــانی دابونەریتەکان بۆتە پەیوەندی جنس و بەس... پێویستە یاسای ڕەوشتسـازی ئەم حساباتانە لەداهاتوودا چارەسەر بکـات کە داهێنـانە تەکنۆلۆژییەکـان بخـاتەوە خزمەتی پارسەنگ کردنەوەی ئەو پەیوەندیانە).

لاپەڕە ١٢٦-١٢٧: (ژیـــانی مەدەنێتـــی دەیـــان کۆســـپ و تەگەرەی لەرێـــی هاوسەرگیریدا خەلق کردووە، لەکاتێکدا کە هەموو ڕێگا و بوار و چۆنیەتییەکی بۆ تێرکردنی حەزی جنسی بێ سنوور کردۆتەوە...

پێگەیشتنی کۆ ئەندامی جنسیش لەجاران زوتـر پێـدەگات، بـاری گەشـەی ئابووری تاکیش درەنگ دەکەوێـتە سـەرخۆ... ئەگەر لەژێـر سـایەی سیسـتمی ئـابووری کشـتوکاڵیدا کـۆنترۆڵ کردنـی حەزی جنسـی شـتێکی کردەوەیـی و ماقووڵ و پەسەندبووبێت، لە سەردەمی سیستمی شارستانێتی پیشەسازیی دا وا نەماوە، خۆڕاگرتنی جنسی لەم زەمانەدا قورسترە و ناسروشتییشە، چونکە ژیانی تاکی ژێر سایەی پیشەسازیی سەردەم هاوسەرگیریی زۆر دواخستووە، نەك هەر بۆ ئافرەتان، بۆ پیاوانیش، کە ژنهێنانی پێ گەیاندوونەتە تەمەنی سی ساڵان!

ئێ گومانی تێدا نیـیە کـۆنترۆڵ کردنـی حەزە جنسـیەکە لەو مـاوە زۆرەیـدا (١٥-٣٠ ساڵان) زۆر سەخت دەبێـت، ئەوەی لەکۆنـدا پێـی دەوتـرا داوێنپـاکی و

جوامێریی و ڕەوشتی بەرز و پەسەندبوو، ئێستا مایەی گاڵتەپێکردنە، ئەوە نەما كەشەرمنی جوانییەكی تری ئیزافی بێت.

ئێستا پیاوان شانازی بەزۆری زیناكردنیانەوە دەكەن و ئافرەتانیش داوای مافی موغامەرەكردنی جنسی خۆیان دەكەن و دەیانەوێت ئەوانیش وەكو پیاوان هیچ بەربەست و سنورێكیان لەرێدا نەبێت...

بۆیە ئێستا پەیوەندی جنسی پێش هاوسەرگیری بۆتە شتێكی ئاسایی و لەشفرۆشی سەرجادە نەماوە، چونكە لەهەموو جێگایەكدا دەكرێت پۆلیس تەنها موراقەبەی مۆڵەتی رەسمی و باجدانەكانیان دەكات، نەك موراقەبەی پەیوەندیە جنسییەكانیان، شیرازەی یاسای ڕەوشتی كشتوكاڵی وا كوتو پچڕبوو كە گرێنەدرایەوە ... ئێستا ژیانی مەدەنێتی تەحەككوم لەهەموو لایەنە ئەخلاقییەكاندا دەكات).

لاپەڕە ١١٧-١٢٨: (نازانین دواخستنی هاوسەرگیری بەرپرسە لەو خراپەكارییە كۆمەڵایەتییەی هاتۆتەدی یان ئەو حەزە سەركەشەی لەناخماندا هەیە كە گۆڕین و فرەژنی دەخوازێت كە چاومان بە ژنێك پڕ نابێتەوە، یان لاسەنگی ڕەفتار و رەوشتی ژن و مێردەكانن، كە دەخوازن مومارەسەی جنس لەدەرەوەی خێزانی خۆیان بكەن كە پێیان وایە هاوسەرەكەیان قەڵایەكی تەسلیمبووی بەردەستە.

بۆیە دەخوازێت موغامەرە لای پیاوان/ ئافرەتانی تر بكات كە گوایە لە مومارەسەی جنس لەگەڵ هاوسەرەكەیدا تووشی مەلەل بووە و دەخوازێت گۆرانكاریی بكات! بەرای من زۆرینەی ئەو خراپەكارییە كۆمەڵایەتییەی تووشی كۆمەڵگەكانمان بووە، دواخستنی ژیانی هاوسەرێتی و پارسەنگی پەیوەندی خێزانییە، ئەو داوێن پیسییەی كە كەسانێك دوای هاوسەرگیرییش هەر مومارەسەی دەكەن، هۆیەكەی راهاتنی پێش زەواجیانە لەسەری...

دەبێــت زیــاتر وردببیــنەوە تــا بــزانین هۆكــاری تــری ئەم لاســەنگی و هەڵوەشانەوەی پەیوەندیە خێزانییە چییە، یان هەر بەوەنـدە قەنـاعەت بكەیـن كە بیرمەندە (عەلەمانی)یەكان دەڵێن دەرچەیەكی ئەو گۆڕانكاری و پێشـكەوتنەیە كە جیهانی پیشەسازی لەشارستانێتی و مەدەنێتی سەردەمدا دروستی كردووە و بەشێكی زۆر لەم خراپەكارییە كۆمەڵایەتییە حەتمیـیە و، هەر دەبێـت قبـووڵمان بێت...

بەڵام ئاخر ئەوەش شەرمەزارییە، كە رازی بین نیو ملیۆن كچی ئەمریكـایی بەئومێدی خرۆشاندنی جنسی پیـاوان و پـارە پەیـداكردن خـۆ بـخەنە بەردەست تۆڕەكانی لەشفرۆشیی و كاسبكارانی جنس، جـا ڕاسـتەوخۆ بەمومارەسـەكردنی جنسـەكە بێـت یـان بەگێـڕانەوەی باسـی بەچیـرۆك و شـانۆگەری و ئەدەبـی مەكشــوف[1] ... كە لە جەنجــاڵێتی فەوزای فەزای پیشەســازێتیدا هەمــوو لایەنێكی ئەم خراپەكارییە كۆمەڵایەتیانە دەبێتە مایەی (كاسبی) كردن!.

لایەنــی دواخســتنی هاوســەرگیرێتیەكەش لەخەمۆكیــدا لەم لایەنە خراپەكــارییە كــۆمەڵایەتییەكەمتر نیــیە... چــونكە هەر پیاوێــك كە ژیــانی هاوسەرگیرێتییەكەی دواتر دەخات، ڕۆژانە سەدان دیمەنی خرۆشان و هوروژان دەبینێت، ئافرەتانی ڕووت و بەرەڵا بەدەیان شێوەی ناز و لەنجە و خۆدەرخسـتنی خۆڕایی دەبینێت.

بواری كراوەی یاسایی مومارەسـەی جنسـی لەسـەر شـەقامەكان دەبینێـت، سیستمی نوێی نێودەوڵەتی شارستانێتی بەناوی ئیدارەی كۆمەڵگە و چارەسەری كێشــە و نــاوی تــرەوە هەمــوو ئاســانكارییەكی خراپەكــاریی ئامــادەكردووە و كردوشییەتی بەیاسایی تا نەشەرم و نەترس ڕێ لەهـیچ بـزاوت و هەڵوێسـتێكی جنسی نەگرێت! دیارە زانستیش سەدان ڕێگا و شێواز و چۆنیەتی خرۆشانی حەز

(١) یان بەفلیمی خیلاعی و نیشاندانی جەستە و مومارەسەجنسییەكە ڕاستەوخۆ، یـا لاوەكـی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

و ئارەزووی پیاوانی داهێناوە تا زیاتر بکەونە داوەکەوە).

لاپەڕە ١٣٤: (هۆکـــاری ئەم دارمـــانە ئەخلاقیـــیە و ئەم خراپەکـــارییە کۆمەڵایەتییە و هەڵپەکردنە بەرەڵایانەی مومارەسەکردنی جنس و چێژوەرگـرتن، بەگومانی من تێورەکەی داروین و هێرشکردنەکەی بوو بۆ سەر دیدوڕێی دین و دینداری، کاتێك گەنجەکانی نەوەی نوێی ئەوکاتە کە پارەپەیداکردنیان بەرەنجی خۆیان جورئەتی زیاتری لاپەیدا کردبوون، بە رێ کـردنەوە و ئـازادبوونی بـواری جنس وخۆتێرکردنیان چـوونە بەرەی داروینـەوە و بەسـەدان بەهـانە دژی دیـن و دینداری وەستانەوە.

هەنـدێك کـاردانەوەی ئەوانـیش کە روویکـردە کـپ کـردنەوەی جـنس و پشتیوانیکردن لەرەبەنێتی (هاوسەرنەگرتن) بووە مەیدانی ململانێیەکی سـەخت و بێ ئامان و هەموو بوارەکانی ئەدەب ودەروونناسی وکۆمەڵناسـی و زانسـتییە کۆمەڵایەتییەکـانی تـری گـرتەوە، تـا گەیشـتە ئەو رادەیەی ژیـان بریتـی بێـت لە:جنس و جنس، بریتی بێت لەژیان!

پـێش ئەم (شۆڕشـە) پیـاوانی کڵێسـا لە موناقەشـەی ئەوە دابـوون کە ئایـا تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتێکدا حەرامە؟

ئەمما دواتر دەوترا: ئایا تاوان نییە ئافرەتێکی جوان ئەو دەستە جوانەی خـۆی بۆ تەوقەکردنت درێژکردووە، تۆ دەستی ماچ نەکەیت؟ ...

ئاوا خەڵکی (باوەڕ)یان کزبوو تا نەیانما، بۆیە لە هۆشداری کۆنەوە (نەکەی) بەهەڵەداوان خۆیـان دایە دەسـت شـەپۆڵە بـێ ئامانەکـانی (ئەزمـوونی نـوێ)ی پەیوەندیە نامەسئوولەکە).

لاپەڕە ١٣٥-١٣٦: (جەنگی جیهانی یەکەم کۆتا هۆکـاری ئەم گوڕانکاریـانە بـوو، چـونکە بـارودۆخی ئەو جەنـگە هەمـوو دابـونەریتێکی یارمەتیـدان و هاریکـاریی و بەهانـاوە چـوونی تێکڕمانـد کە لەسـەردەمانی کشـتوکاڵی و

پیشەسازیدا خۆیان گرتبوو...

جەنگ سەربازەکانی فێری بەڕەڵایی جنسی و هەتک کردن و وەحشیگەریّتی کرد، کاتێکیش جەنگ تەواو بوو، ئەم هەزار سەربازانە هاتنەوە وڵات و بوون بەگەرای فەسادی ڕەفتار و ڕەوشت، جەنگ ژیانی لەبەرچاوی خەڵکی سووك و بێ نرخ کرد، کوشتن و سەربرینی بەشەری لایان ئاسان کرد...

ئەمانە و بێکارییان سەری کێشا بۆ پێکهێنانی دەیان و سەدان گروپی تاوانکاری و کۆمەڵکاریی دەستدرێژی و جەریمە کە هەمووی لەزەمینەی ناخێکی پشێو و دڵێکی رەق و دەروونێکی ئاڵۆزەوە دەهات....

باوەڕبوون بەخوای گەورە و بەزەیی و میهرەبانێتییەکەی پووکایەوە، عەقیدەی دینی لەهزر و دڵ و ویژدانی خەڵکیدا نەما، لەململانێی خێر و شەڕدا شەڕخوازی سەرکەوت و باڵی دەسەڵاتی بەسەر هەمواندا کێشا...

نەوەیەکی گومڕاو چەواشەکراو دروستبوو، کە بەرەڵایانە کەوتە هەموو جۆرە خراپەکارییەکی ئەخلاقیی و قیبەمی ڕەوشت دابەزییە خوارێ، گەل کەوتە دژلێك و حکومەت کەوتە دۆڵێکی تر، ململانێی چینایەتی بەجۆری تر سەری هەڵدایەوە...

کارگەکانی بەرهەمهێنان کەوتنە هەڵپەکاریی سەرمایە زیادکردن، بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی، پیاوان خۆیان لەهاوسەرگیری بوارد و نەیاندەوێرا خۆ لەبەرپرسێتی خێزان و منداڵ بدەن، ئافرەتان کەوتنە بارودۆخێکی سەیری کۆیلەیی نوێوە، هەندێکیان وەکو مشەخۆری بێ بەرهەم کەوتن و بوونە نێچیری ئاسانگیری گەنجەکان، کە لەناکاو کەوتنە بوارێکی بەرفراوانی ئازادی و سەربەستیی و (بەرەڵایی)یەوە...داهێنانی نوێ: (حەبی مەنع و کۆندۆم و هیتر) لەئەنجامی پەیوەندیە جنسیەکانیان بێ خەمی کردبوون، بەرپرسێتی لەسەر

نەمابوو، لەولاوەش دیمەنەكانی خرۆشانی جنسی ملیۆنەها بوون، ڕۆژانە هەزاران دیمەنی دەكەوتە بەرچاو، كە گلاراوی پێدەگرت).

لاپەڕە ٢٢٣-٢٢٦: (چونكە ئەمڕۆ زەمانی ئامێرە، هەموو شتێك حەتمەن دەگۆڕێت ئەمانی كۆمەڵایەتی زۆر بووە بەڵام ئەمانی تاك كەم بۆتەوە، ژیانی جەستە دابینترە لەجاران، بەڵام ئەمانی ئابووریی سەدان كێشەی پێوەیە، هەمووشیان كێشەی ئاڵۆز و فرەجەمسەرە كە لەهەموو ساتێكی ژیاندا مەترسییان لێوە دروست دەبێت...

ئەمما گەنجەكان كە جورئەتی زیاتریان بۆ دروست بووە، بەڵام لەگەنجی سەردەمانی پێشتر مەغرورترن، لەرووی ماددییەوە دەستەوەستانە، لەئابووریدا نەزانە، گیانی بەرپرسێتی هەڵگرتنی لاوازە، جورئەتی هاوسەرگیریی نییە، چونكە گیرفانی بەتاڵە!

هەموو جارێك حەزی هاوسەرگیری دەیخاتە خۆشەویستیەكەوە و ڕەنجێكی زۆر دەدات تا مەسروفی هاوسەرگیریی و ژیانی خێزانی پەیدا بكات، كە پێی پەیدا نابێت دەڕوخێت، بێ ئومێد دەبێت و دەكەوێتە ئینحیراف كردنەوە، دیسان ساڵانێكی تر ڕەنجدەداتەوە و بڕێكی نیوە ناچڵ دابین دەكات، ژن دەهێنێت بەڵام خۆشەویستییەكەی لەدەستچوو.. ئەمانی فەرجی دابین كرد بەمردنی دڵی!.

كچیش هەروەها.. بێزاربوو لەچاوەڕوانی، بۆیە لەگەڵ هاوخەمانیدا بوونە شەپۆلێكی موغامەرەی بێ ئامانەوە، ئاسان كەوتنە داوی غەزەل و پێداهەڵدانەوە.... ئاسان بەجوتێك گۆرەوی تەنك هەڵخەڵەتا!... زۆر زوو بەئاهەنگێكی گۆرانی و سەما خرۆشاو تەفرەدرا...

زۆر ئاسان كەوتە تۆڕی بێ قیەمەكانەوە و بوو بەكاڵای بەر دەست و كەوتنە دەستاودەست پێكردنی... كەوتە بوارێكی ئابووری كرێكارییەوە، بەمووچەیەكی بژێو، بەڵام هەموو ڕەنجی خرایەكار... ڕاستە ئێستا چاوەڕوانی

دەستی پیاو نییە بەخێوی بكات بەڵام ئەمە لەسەر حسابی ڕەوشت و دابو نەریتێك بوو كە هێشتا پیاوان موحاسەبەی دەكەن لەسەری!!

لەسەر ڕەفتارێك، ڕەوشتێك، بزاوت و هەڵوێستێك، كە خۆیان پێیان گرتەبەرو خۆیان ڕایانكێشایە ناوی... كەچی ئێستا كەسیان ئامادەنین خێزانی لەگەڵدا پێكەوەبنێن بەبەهانەی ئەوەی كەفێری (سەرەڕۆیی) بووە و (كوێخادەم)ە!

ئەمیش ئاوا دەستی لەمووچەی خۆی گیربوو، بەڵام (دڵی دڵداریی) مرد و ناچار بوو (ئەمان)ێكی جنسی لەگەڵ پیاوێكی (ناچار)دا دروست بكات كە هەر بەناو پێی دەوترێت (خێزان)[1]، پیاوە ناچاری جنس نییە، ناچاری كەسێكە كۆڵی قورسی ژیانی لەگەڵدا هەڵبگرێت، ناچاری ئافرەتێكە مووچەخۆربێت تا ئەویش تەحەممولی بەشێك لەمەسروفی (خێزان)ە كە بكات).

ئاوا ئافرەتەكە سەرەنجام كۆیلەیەكی دەستكەوت تا شووی پێبكات، تا مارەی بكات... لەكلێساش نا... چونكە هەردووكیان (بیر ئازاد)ن و باوەڕیان بەدیین نییە، یاساكانی ڕەوشت و دابونەریتیش كاریگەرێتی بەسەر هیچیان نەماوە، ئەوەتان لەساڵۆنێكی شارەوانیدا لێك مارەدەكرێن، یان ڕاستتر بڵێین: گرێبەستیان واژۆ دەكەن..

لەجێیەكدا هەیبەت و پیرۆزیی تێدانییە، هەر بۆنی سیاسەت وسیاسەتمەدارانی لێ دێت! داوەرێك لێكیان مارەدەكات... یان گرێبەستەكەیان دەخاتە بەردەست و (بەڵێنی شەرەف)یان لێ وەردەگرێت كە هەریەكەیان بەم گرێبەستی بەرژەوەندییەیەوە پابەندبێت..

---

(١) خاتوو (مارگریت تاتشەر)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە (١٩٨٩) دا لە هەڵوێستێكی ئیعتیرافدا، وتی: ئادەی كوا كۆمەڵگەی بەریتانی؟نیشانم بدەن ئەگەر هەیە... نییە، ئەمەی دەبینرێت هەر پەیوەندی بەرژەوەندیی خەڵكییە و هیچی تر!

ئازادیشن هەر كاتێك ویستیان هەڵیوەشێننەوە یان هەركاتێك یەكێكیان ویستی دەستبەرداری بێت... ئیتر نەبۆنە و ئاهەنگ و نەدوعا و پیرۆزبایی و نەمۆسیقای هێدی و نەخۆشەویستی و نەهەستی پەیوەستی دوو خانەوادە و پەیوەندی خزمایەتیی، نەساتی دڵڕفێنی ئاسوودەیی، كە هەتا ژیانیان مابێت یادگاربێت لایان، یادگارێك هیچ سات و بزاوتێكی لەیاد ناچێت... پاشان بەدەستە جەمعی و خۆشحاڵییەوە دەبرێن بۆ كەژاوەی بووكێتی و شەوی زاوایەتی.. ئەمە نەما...

ئێستا دوای گرێبەستە سەرپێیەكەی شارەوانی بەسەیارەیەك دێنەوە ماڵ! ماڵیش سندوقێكە لەو سەد سندوقە (شوققە)یەی لەسەریەك كەڵەكەبوون و پێیدەووترێت: (عیمارە / ئاپارتمانت) ! ماڵی چی؟

كوخێكە، بچووك، لەحەوشەی ماڵێكدا لەپەنا چەند درەختێكەوە دروست كراوە (بەرامبەر كولانەی خۆش و ڕازاوەی سەگەكە /سەگەكان)!

نەباخچەیە كە بەگوڵ رازابێتەوە نەبێستانێكە بەچەند سەوزەیەكی بەسوود داپۆشرابێت... ئەمە ماڵی بووك و زاوایە! لەڕاستیدا دەبێ چاوی شەرمەزاری بەرەو ژێركەن، چونكە ئەم سندوق و كوخە لەسێڵێكی زیندان دەچێت...

ئەم ژوورە تەسك و تروسكانە دەڵێی گۆڕە... جێی هەڵسوڕانی تێدانییە، بۆیە زۆر دڵیان پێی خۆش نییە، نایڕازێننەوە و جوانی ناكەن، هەر چییەكی لێبكەن لەگەڵ كەسایەتی بەشەرێتییاندا نایەتەوە، ئەم جێگایە ماڵی سوكنای خێزانی نییە، ئێرە وەكو ئەو ماڵە خۆشانەی پێش بیست ساڵ و لەمەو بەرنییە كە دڵ پێی دەكرایەوە[1] ...

---

(١) وێڵ دێورانت، ئەم كتێبەی لە ساڵی(١٩٢٩) دا بڵاو كردەوە،كە باس لە (٢٠) ساڵ پێشتر دەكات، واتە پێش جەنگی جیهانی یەكەم، كە هەموومان دەزانین،كە ئەمریكا لەو جەنگەدا زۆر دوورە پەرێزیش بوو.

ئێـرە ژوورێكـی رەق و تەقە... سـارد و سڕ و بـێ هەسـتە.. دەڵێـی ژووری نەخۆشخانەیە، كە دێیتەوە ماڵێ تووشی خەمۆكی (كەئابە) دەبیت، جگە لەدەنگە دەنگی دەرێ..

لێرە نەبەهار و گـوڵ دێـت، نەلێـزمەی بـارانی زسـتان، نەبەفـر و خۆرەتـاوی زێڕین، نەگەڵارێزان و نمەی بارانێكی دڵگیر كە پرچی ئایشـە و فـاتمەی بەدوادا دێت، لێرە نەهاوین و خۆرە و نەسێبەری فێنكی حەوانەوە...

ئێرە سـندووقی خەوە و بـۆ شـەو بەڕێكـردنە! بـۆیە یادگارییەكـانی تەڵخـن، مایەی خەفەت و داهێنرانی لەشن.

ئافرەتەش تووشی بێئومێدیی دێت... ئەم (ماڵ)ە هیچ شوێنێكی دڵگیر نییە، هیچ كەنارێكی بواری جوانكردنی نادات، كەلوپەلی تێدا رێك ناخرێت .. ژن هەر تاماوەیەكی زۆركەم خۆی تێدا دەگرێت پاشان دەرەوەی پێ چاكتر دەبێت...

بۆیە لەمەیخانە، لەسەرجادە، لای (دۆستان) دەمێنێتەوە تا بەرەبەیـان دێـتەوە (ماڵ)ەكەی خۆی... بەحاڵەتێك دێتەوە كە دەسبەجێ خەوی قورسی لێبكەوێت!

هەروەهـا پیـاوەش بـێ ئومێـدانە دێـت و دەچێـت، ناتوانێـت پیاسـەیەكی پێدابكات، هیچ گۆشـەو كەنـار و نەخشـە و رەنگێكـی بەحەزی خـۆی نەبـووە، ناشتوانێت بیگۆڕێت، ناتوانێت و بۆی نییە بزمارێك بەدیوارێكیدا داكوتێت...

دوای مـــاوەیەكی زۆر كەم هەســـت دەكـــات ئەم (مـــاڵ)ە هەر وەكـــو ئەو شوێنەیەتی كەپێش (هاوسەرگیری) لێی دەژیا.. جێگاو ڕێگاكە هەر وەكو شوققە تەنگەكەی ئەو سـایە و ئەم (ژنە) هاوسـەرەی جیـاوازییەكی زۆری لەگەڵ ئەو لەشفرۆشانەدا نییە كە شەوانی پـێش (هاوسـەرگیریی) دەیـبردنەوە مـاڵەكەی و پەیوەندی (ناشەرعی) لەگەڵ دەبەستن!

هـیچ شـتێك لەم (مـاڵی هاوسـەرێتی)یەیدا نـوێ نیـیە، هـیچ شـتێكی تێـدا گەشـەناكات، نەهەسـت و هـۆش، نەخۆشـی و ئاسـوودەیی، نەخۆشەویسـتی و ئینتیما...

دەنگی کۆرپەیەکی لێنایات، منداڵێك شەوێك خەبەریـان ناکـاتەوە ڕۆژێـك نایەت زیقە و قیژە و تریقانەوەی منداڵان ماڵەکە هەراسان کەن!

لەکاری سەخت و قەرەباڵغی و شەڕەپاڵی دەرێ دێتەوە (ژن)ێکی هاوسـەر و هاوسـۆز و خۆشەویسـتی نیـیە بێـت بەپێشـوازییەوە، دەسـتکاتە ملـی و بەخێرهاتنەوەی لێبکات لەگەڵ بۆن و بەرامی چێشتی نایابی دەستی ،کە لەدایك و نەنکییەوە فێربووە.

حەز دەکەین منداڵمان هەبێت... بەڵام لەکوێی دانێین؟

لەکوێ بخەوێت؟

لەکوێ یاری بکات؟

چـۆن ئەرکـی خوێنـدن و تەندروسـتی و بەخێـوکردنی بگـرینە ئەسـتۆ کە بەهەردووکمان مەسروفی کرێ (خانوو) و مەسروفی ڕۆژانەمان پێ دەبرنابێت؟!

ئاوا بڕیار دەدەن منداڵیان نەبێـت... کە منـداڵیش نەبـوو کێشـە و مەلەل و بێزاری زیاتر دەبێت تا دەبێتە شەڕو زویربوون... سەرەنجامیش جیابوونەوەیان.

ئەم پەیوەندی و لێکجودابوونەوەیە هەر لەسەرەتاوە (هاوسەرگیری) نەبوو، پەیوەندیەکی ناچاری بوو... بۆیە نەسۆزی دایکایەتی لـێکەوتەوە و نەجـوامێری باوکایەتی... چونکە هەر لەسەرەتاوە هەستی ژیانی تێدا نەبوو...

ئەم (خێـزان)ە نەبـوو بەیەکەی بیناسـازیی ژیـانی هاوسـەرگیری و خێـزان و زارۆك، بنەماکانی ژیانی لەخۆ نەگرت، بۆیە سەرەنجامیشـی دەسـت لێکـبەردان بوو..

بەلێکجودابوونەوەشـیان هەمـوو پەیوەنـدیەك پسـا، چـونکە پەیوەنـدیەکی خزمایەتی لەسەر دروست نەبوو... کە جیاش بوونەوە هەریەکەیان وەکـو پـارچە تەختەیەك کە بزمـاری پەیوەنـدیەکیان لێکـرابێتەوە کەوتـنە ئەمـلاولاوە... ئـاوا

دەگەڕێنەوە سەر حاڵەتی پێش (هاوسەرگیری)یەکەیان و بێگومان کەس غیرە لەکەس ناکات، چونکە کاتێك پێکیشەوە بوون غیرەیان لێك نەدەکرد).

لاپەڕە ٢٣٥-٢٣٦: (بالێگەڕێین ئەوانەی چاکتر لە ئێمە دەزانن ئەنجامی ئەزموونەکانمان پێ بڵێنەوە، بەتەئکید شتێك دەبێت کە نامانەوێت یان حەزناکەین بیبستین، ئێمە بەسەر شەپۆلی گۆڕانکاری زۆرەوەین.

حەتمەن ئەم شەپۆلانە بەرەو کۆتاییەکی حەتمیمان دەبەن، ناچاریشین تەسلیم بین چونکە سەربەست نین خۆ لەلافاوەکە لادەین، ناشتوانین خۆی لێ لادەین، ئەمە لافاو و شاڵاوێکە دید و مومارەسەی نوێی پێیە کە دابونەریت و رەسم و سیستمی پێشوو رادەدات،ئەوەتا (ماڵ) نەما (خێزان) نەما (هاوسەرگیریی) نەما ...

بێگومان هاوسەرگیریی کاتی کە هاتۆتە جێی، هێزی راکێشانی زۆرترە، چونکە بێ بەرپرسێتی منداڵە، هاوسەرگیریی مەدەنی (رەسمی) رەواجی زیاترە، چونکە ئەرك و مەسروف کەمترە، قبوڵ بێت یان نا، هەیە و کەوتۆتە سەرخەتی خۆی و بەگوڕ دەڕوات، بۆ پیاوان شەقامی پان و پۆڕە بۆ ئافرەتانیش نیو زیانە...

هەر چۆنێك بێت خەم وژانی کەمترە لەگۆشەگیریی قەیرەیی ماڵەوە و چاوەڕوانکردنی کەسێك داخۆ دڵدارییەکی سەرپێیی لەگەڵدا دەکات یان نا!

دوای لاسایی کردنەوەی ئافرەت بۆ پیاو و پیاو بۆ ئافرەت ئیتر ئەزموونی پێش (هاوسەرگیری)یشیان بووە مومارەسەیەکی ئاسایی... تەڵاق لەزیاد بووندایە چ کێشەیەکە؟

قەیدی چییە؟

هەریەکەیان بەرامبەرێکی تری سەرپێی دەستدەکەوێتەوە... شارە پیشەسازییە گەورەکان پربوون لەبێوەژن و بێوە پیاو... دەوڵەت ناچار دەبێت ئاسانکاریی زیاتر بۆ (هاوسەرگیریی) رێکبخات، دەبێ منداڵەکانیان بگرێتەخۆ...

مادام دایك و باوك خەریكی بەرهەمهێنانن... جا با دەوڵەتیش ئەوەیان بۆ بكات)! كۆتایی.

شاهێدی سێیەم: مامۆستا (ئەبولئەعلای مەودودی):

ئێستا گوێ لەشاهێدی مامۆستا (مەودودی) دەگرین كە دەربارەی هەندێك لایەنی ئەم شارستانێتییە دەدوێت، هەروەها ئەو ئاسەوارە دژوارانەی لێیەوە پەیدابووە، كە هەریەكێكیان جۆرە مەترسییەكی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتیی دروست كردووە، ئەمە جگە لەشێواندنی سیفەتە ئینسانییەكانی مرۆڤ.

مامۆستا مەودودی لەكتێبی: (الحجاب)ەكەیدا دەفەرموێ:

لاپەڕە ٦٠-٦١: (ئاڕاستەوانانی فەلسەفە و ئەدەب و زانایان و پێشڕەوانی زانستیە سروشتییەكان، كە ئاڵای ئیسڵاح سازیان لە سەدەی هەژدەیەمدا بەرزكردبۆوە وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ڕووبەڕووی سیستمێكی كۆن بوو بوونەوە، كە ئاڕاستەی كۆمەڵگە و دەوڵەتی دەكرد، بەكۆمەڵێكی زۆر كۆت و زنجیر و بەربەستەوە، بەكۆمەڵێكی زۆر سزا و هەڵوێستی توند و سەختەوە كەبواری شلگیریی تێدانەمابوو.

توندی و سەختییەك كەبواری ئاسانكاریی تێدا نەمابوو، توندڕەوییەكی دەسەڵاتداری كە ئومێدی گۆڕانكاریی تێدا نەمابوو... دیدوڕێ ی پڕبوو لەشتی ناواقیعی لەدید و باوەڕی ئەفسانەیی كە ژێری قبووڵی نەدەكرد...

ئاڕاستەكردنەكانی زۆر پێچەوانەی هزر و سروشتیی بەشەری بوون... ئەوەی بارەكەی ئاڵۆزتر كرد بوو نەخوێندەواری كۆمەڵگەكەبوو كەسەدان ساڵبوو لەو بارودۆخە نەزانی و دواكەوتووییەدا چەقبەستوانە وەستابوو... وا حاڵی كرابوو كەئەوەی تێیدایەتی حەقە و قابیلی گۆڕان نییەز

لەبەرامبەریشدا ئاڕاستەوانانی فەلسەفە و ئەدەب و سەرانی بزاوتی گۆڕانكاری و چینی مامناوەندی گەلان كەوتبوونە كۆمەڵكاریی گۆڕانكاریی

دیـدوڕێ و قـیەم و سیسـتم، و شـەو و ڕۆژ خەریكـی كەسـبكردنی نـوێ و بەگەڕخستنی وزەكان بوون بەیەك كۆمەڵكاری و بۆ هێنـانەدیی یەك ئامـانج كە گۆڕینی ڕیشەیی واقیعەكەبوو..

ئەمان لەمبەرەوە خەریكـی سـازدانی شـۆرش بـوون و پیـاوانی سیاسـەت و كڵێساش لەوبەرەوە خەریكی توند كردنی كۆت و زنجیرەكان بوون... لەخزمەتی كڵێساوە بۆ سەربازیی خورتی (ئیجباریی) و، یاخییبانیش بەرەو دادگـا و سـزای سـەخت، نەجیبــزادە دەرەبەگەكــان لەكۆشــك و تەلار و رابواردنیــانەوە بــۆ بەرسێبەری كێڵگەكانیـان ،كە ملیۆنەهـا كەسـی دامـاو وەكـو كـۆیلەی زەمـین كاریان تێدا دەكرد و بەرهەمی زۆریان بەمافێكی كەمـی كـولەمەرگی بەدەسـت دەهێنا، دەرەبەگ و پیاوانی دینی و دەسەڵاتداران چینێكی خاوەن ئیمتیازبوون و دەیانوت هەرچی هەمانە لەناو و سـامان و دەسـەڵات مـاف و میراتـی خۆمـانە و دەستاودەست بەحەق پێمان گەیشتووە...

بۆیە زۆر توند بەرگرییان لێدەكرد و زۆر سـەخت دژی هەمـوو ئەو كەسـانە دەبـوونەوە، كە ئەم تێـوری دیـدوڕێییەی ئەوانـی پـێ قبـووڵ نەبێـت ... ئەمـان سـەختگیرتر دەبـوون.. بەرەی ئەوبەریـش تونـدتر لەسـەر دیـدوڕێی ئـازادیی و سەربەسـتی و بانگەشــەی قوتــاربوون لەســتەم و چەوســانەوەی چینــی دەسەڵاتداران... بەڵام هەموو ڕەنج و توانایان لەبەرامبەر دەسـەڵاتی داكـوتراوی بەرامبەردا تێكدەشكا.

ململانێ، تا دەهات سـەختتر دەبـوو، ئیسڵاحسـازان لەداخـوازی ئیسـلاحی تـرازان و داوای گۆڕانكـاری ریشـەییان دەكـرد.. تـا گەیشـتنە بەرپـاكردنی شۆرشێكی ریشەكێشـكاری هەمـوو واقـیعەكەی بەرامـبەر بەدیــدو رێـیەوە، بەقیەم و دابونەریتیەوە، بەسیستم و دەستور و حوكمیەوە..

ئینجا ئەوەندە ریزپەڕ (متطرف) وەستان، كە داوایـان كـرد هەمـوو كۆسـپێك لابدرێت، لەڕێـی سەربەسـتی تاكەكەسـیدا نابێـت نەدەسـەڵات و نەكـۆمەڵگە،

نەیاسا و نەدابونەریت رێ لەهیچ جۆرە ئازادی و سەربەستییەكی تاك بگرن.

دەبێ تاك ئازادبێت لەوەی چی دەكات و كەی دەیكات و چۆن دەیكات؟ چی ناكات و بۆچی نایكات و چۆن وازی لێدەهێنێت؟ كەس نابێت دەست لەسەربەستییەكەی وەردات..).

لاپەڕە٨٢-٨٧: (ئەوەی كە سەیر و لەهەمان كاتدا بەسوودبوو بۆ ئەم گۆڕانكارییە ریشەییە كە هێشتا لەسەرەتای لاوێتی و گوڕی گەنجێتیدابوو پەیدا بوونی هۆكارە مەدەنییەكان بوو، لەم كاتەدابوو كە شۆرشی بەناوبانگی پیشەسازی هاتەكایەوە كە كەوتە داهێنان، ژیانی ئابووریش گەشایەوە و سەر تا خوار بار و دۆخی ئابووریی قۆناغەكەی گۆڕی، ئەمانە كاریگەریی خێرا و ڕیشەییان لەقیەم و دابونەریتی كۆمەڵایەتیدا كرد...

گۆڕانكاری فیكریی و داهێنانی پیشەسازیی و بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووریی ودارِمانی قیەمی كۆمەڵایەتی، پێكەوە بوونە هۆكاری سەرەكی ئازادی و سەربەستی تاك كە سیستمی سەرمایەداریی لەسەر بنیاتنرا...

سەرمایەدارەكان كەوتنە دامەزراندنی دەزگا و پرۆژەی پیشەسازیی زەبەلاحی بازرگانی و شارە پیشەسازییەكان بوونە پایتەختی برِیار و دارایی و بازرگانی و قەرەباڵغی پرۆژەی بەرهەمهێنان... تا ئەوەندە بوونە مەڵبەندی راكێشانی خەڵكی، تا كۆچكردن لە لادێكانەوە بۆ شار بوو بەدیاردەیەكی مەترسیدار، چونكە ملیۆنەها كەس گوند و بەرهەمهێنانی چاندنیان وازلێهێنا و لەشارەكاندا بوونە كرێكاری كارگەكان.

ئەمەش وایدەكرد هەموو شتێك لەو شارانەدا گران ببێت: خۆراك، پۆشاك، سوكنا، دەرمان، پێداویستی زیاتر دەبوو، نرخ بەرزتر دەبۆوە، داهێنانیش هەر بەردەوامبوو، ئامێری نوێی ژیانی نوێ دروست دەكرا و دەخرایە بازاڕەكانەوە.

سیستمە سەرمایەدارییەكە زۆر چاوچنۆك و بەتەماعبوو، هەر چی

دەستدەكەوت بۆ خۆی و بەرفراوانكردنی دەسەڵاتی ئابووریی خۆی قۆرخ دەكرد، دابەشــكردنەوەی ســامان، هەرگیــز وانەبــوو كە هەریەكە و پشــكی (بەس)ی بەركەوێـت، نەلە پـارە و نەلەداهێنـان، نەلە خـۆراك و پۆشـاك و نەلەسـوكنا و چارەسەر، نەلەجوانی و نەلەكامەرانی...

تا دەهات سیستمی چینایەتی زەقتر دەبۆوە.. دەوڵەمەند دەوڵەمەنـدتر دەبـوو، هەژاریش هەژارتر... شاریش نەیدەتوانی ئەو هەموو خەڵكە لەخۆبگرێت، لادێش كەسی وای تێدا نەدەما بەشی زیاتر لەگوندەكە بەرهەم بهێنێت!.

ســەرەنجامی ئەمە مەسروفــی ئافرەتــان كەوتە ســەر پیــاوان و بژێــوی و بەخێوكردنی منداڵانیش هەروەها... خاوەن ماڵ و خێزان دەبوایە ڕەنجـی دووسـێ بەرابەر بكات تا پێڕابگات، چـونكە خەڵكـی بەڕەنجێكـی زۆر دەیـانتوانی هەر خۆیان بەخێو بكەن نەك كەسانی تریش، بـارودۆخی سـەرمایەداران و ئـابووری ژیانەكە وای دەخواست هەموو كەسێك لەكاردا بێت، بۆیە ناچـار ئـــافرەتانیش، كچ و بێوەژن و مێرددار لەماڵ هاتنەدەرێ و كەوتنەكار .. ناچاریش بوون هەمان ئیشی پیاوان بەنیوكرێیان زیاتر بكەن).

(پیاوو ئافرەت لەبواری ئیشەكانیاندا تێكەڵ دەبوون، ئەمەش بەرەبەرە دید و هەڵوێســتی لەدیــن و ڕەوشــت و لەدابونەریــت دەگــۆڕی، بانگەشــەی ئــازادی كەسایەتیش، ئاوازی سەمای ڕۆژانەبوو، ئاوا دید و هەڵوێســتی فەلســەفەیەكی ئەخلاقی نوێ هاتە ئاراوە و هەموانی خستە بەرشەپۆلی بێ ئامانی خۆی: دایك و باوك، ژن و مێرد، خوشك و بـرا دایـك و بـاوك و ئەولاد،خـزم و كەس ... هەمـوو پشــێوبوون... بەڵام ئاڕاســتەوانانی دیــد و بزاوتــی ســەرمایەداری و فەلســەفە نوێكەی ڕەوشت و دابونەریت دەیانوت: پێویست بە پشێوبوون ناكات.

ئەمە پێشكەوتنە، قۆناغێكی تـری راقیبـوونە، هەسـت كـردنە بەژیـان، چێـژ وەرگرتنە لەتەمەن، ئەمە رابواردنە نەك ڕەوشت نزمـی، ئەم زەلكـاو و زۆنگـاو و دۆڵەی ســەرمایەداری ســازییكردووە، دۆزەخ نیــیە، ئەمە بەهەشــتە و جۆبـار و ڕووباری بەژێردا دێت و دەچێت...).

سیستەمی سەرمایەداری كەناری نەبوو، شەپۆلی هەر بەردەوامبوو، بەرفراوانتر دەبوو، تا دەهات ئازادی تاكی زیاتر هاندەدا، لەڕاستیدا بەرەڵاییەكی بێ سنووربوو بەناوخەڵكیدا بڵاودەكرایەوە (چونكە دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری لەمەحكەمی و قایمی كورسی دەسەڵاتیان بێ خەمبوون، چونكە هێزی بەرهەڵستكاریان نەمابوو، دوژمنایەتیەكەشیان خستبووە نێوان دابونەریتی كۆن و دیدی نوێی ڕەوشتی سەرمایەدارانەوە)، بانگەشەی سەرمایەداریی ئەوەبوو: كە نابێت هیچ سنوورێكی دین و نەریت و یاسا و ڕەوشت ڕێ لەكاسبیكردن و خۆدەوڵەمەندكردن بگرێت،هەموو هۆكارێك شەریفانە و حەڵاڵە، مادام پارەپەیدا دەكرێت لێوەی بالەسەر حسابی ڕەنج و بەرژەوەندیی وژیانی كەسانی تریش بێت،ئەوانیش هەلیان بۆ رەخساوە و دەتوانن وابن و وابكەن...

كۆمەڵگەكە هەمووی ئاوا سەرلەنوێ داڕێژرایەوە كە ئازادی تاك پێش هەموو شتێكە، پێش بەرژەوەندیی كۆمەڵگە و دەوڵەتە، چونكە ئەگەر تاكەكان بەرژەوەندیی خۆیانیان هێنایەجێ ئەوە مانای وایە: كۆمەڵگە و دەوڵەتیش بەئاوات و مەبەست گەیشتوون، كار بێ كێشە دەڕوات.

ئەمە دەروازەی تەماعكاریی و بواری ئەنانێتی و دەیان لاكۆڵانی چاوچنۆك و پیسكەیی و ماددەپەرستی كردەوە، هەركەس ئازابوایە و پشكێكی گشتی بۆ خۆی بكردایاتە تایبەتی.. هەر یەكە لەبواری شارەزایی خۆیەوە لەسەر حسابی كۆمەڵگە كەوتە خۆدەوڵەمەندكردن...

یەكێك كەوتە ئەرزەفرۆشتن، یەكێكی تر كەوتە ئیددیعایەتی رەواج پێدانی شەڕاب و دامەزراندنی كارگە و كردنەوەی یانەی شەڕابنۆشی و بڵاوكردنەوە و ئاسانكردنی كڕین و فرۆشتنی تا خۆی دەوڵەمەندكات، ئەگەر چی لەسەر حسابی گیرفان و تەندروستی و دین و نەریتی گشتی كۆمەڵگەكەش بێت ...

یەكێكی تر لەمەلاوە كەوتە مامەڵەی سووكاری، پارەی بەسوو دایە

كاسبكاران، خانووی بەسوو پێ فرۆشتن، تاوای لێ هات ئا ئەم زەرووە گچكەیە بــوو بە عازیــا و كەســێك نەمــا خــوێنی نەمژرێــت بەیەكێــك لەمامەڵەكــانی سووخۆریی..

سەرمایەدارانیش دەسەڵاتداری سیاسی بوون، بـۆیە جۆرەهـا بـڕگە یاسـاییان لەبەرژەوەندی سوو و سووخۆران و سووكاری دەردەكـرد.. ئەمـان لەمـلا و دز و جەردە و قۆڵبڕی تر لەولاوە بەقومار و ڕەواج پێدانی كەوتنە خەڵك روتكردنەوە! جۆرەها شێوازی قومار كردنیان داهێنـا، ئەوی نەدەچـووە یـانە و سـاڵۆنی قومـار كردن بلیتی قوماری بۆ دەهاتە ماڵەوە!.

ئـاوا هەر هەمــوو لایەنێكــی ئـابووری و دارایــی بــوو بەكــوورەی گــڕ و عەمباری سوتەمەنی و ڕەنجی خەڵكیی بۆ سەرمایەداران تێدا دەسوتینرا).

ئــالەم ســەردەمی فڕكــان فڕكــانەی ســەرمایەداریدا، كە دەســتدرێژی و ڕووتانـدنەوە و ماشـینەوەی ڕەسـمی، بـوو بە بەڕەنجـدانی جـوامێری و هەوڵـی یاسایی، بوار نەمـابوو كـات و شـوێن و حـاڵەتی خەڵـكەكەی تێـدا ئیسـتیغلال نەكرابێت، لەبواری سیاسەت و ئابوورییەوە بۆ بوارەكانی دەستوور و یاسا.

بۆیە بەرهەمهێنان و فرۆشتنەوەی سووكاری بۆ سەربەستی تاك و بەرەڵایـی ڕەوشت .. هەریەكەیان كرابـووە تەوەرەی كۆمەڵێـك كـار و پیشـەی تـر... هەر درەختێكـی فەسـاد دەیـان لـقە و پەلـی لێـدەبۆوە و لەوانیشـەوە سـەدان چـڵ و لاسك...

بواری ئافرەتان بەرفراوانترین بواری ئیستقلال بوو، نەك هەر بەلەشفرۆشی و شــانۆگەری وفــیلم پێــدەركردنی، نەك هەربەســفووری و بەرەڵاكردنــی، نەك هەربەجوانی و ڕازاندنەوە و ئیغراپێكردنی بەسەدان جۆری پۆشاك و مۆدێلەكانی بۆن و جۆرەكـانی لەنـجە و شـێوازەكانی، هەر هەمـوو شـتێكی ئافرەتـان كـرایە مایەی دەستخستنی قاڵبەزێڕ و سەفتە پارە بۆ سەرمایەدارانی سەرێ.

شـوێنی لەشفرۆشـیی و سـەما و گـۆرانی... شـانۆ و سـینەما و بوارەكـانی دەرخستنی جەستەیی.

تۆڕی بازرگانی بەئافرەتەوە (كە ناویان لێنابوو كۆیلەی سپی) شـارەو شـارو وڵات بەوڵاتیان پێدەكرا... دەزگا و ڕێكخراوی نێودەوڵەتی بۆ دامەزرا.

كارگەكانی بەرهەمهێنانی پۆشاك و مۆدێلی جیاوازە... پۆشـاكی ئاهەنـگ و پۆشاكی دەرێ و پۆشاكی ماڵەوە و پۆشاكی نوستن و پۆشـاكی كەنـار دەریـا و سـەیران و گەڕان... هەڵبژاردنـی ڕەنـگ و شـێوەی دووریـن كە هەریەكەیـان موگناتیسـێكی كێشـكردنی غەریـزەی جنسـی پیـاو بێـت.. (پۆشـاك)بوو بەڵام دەرخەریش بوو!!.

بـۆنە و ئاهەنـگ و تـێكەڵاوی زەردەخەنە و تریقـانەوە و لەنـجەی بەنـاز و عیشوەی ئیغراكردن..

كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی بلاڤـۆكی، خـولی دڵـداریی و جـنس و ئەدەبـی مەكشوف..

ڕێكلامی هەر هەموو شتێك وێـنەی كەمەندكێشـی ئـافرەتێكی نیـوە ڕوتـی پێوەبوو..

هیچ بوارێكی ژیان نەما ئافرەتی تێدا ئیستیغلال نەكرابێـت... نەباسـكراوانی سەرێ، نەئوتێل و چێشتخانە و سـەیرانگە، نەشـەقام و دائیـرە و دووكـان... هەر هەموو شوێنێك بووە مایەی ڕاوكردنی پیاوان... بەئافرەتان پـارەی پیـاوان خەرج دەكـرا، ڕەنجـی هەردووكیشـیان لەخزمەتـی پـارە سـەریەكنانی سـەرمایەدارانی سەرێ بوو كە خاوەنی سـەدان كۆمپانیـا بـوون و هیچیـان ئیفلاسـی نەدەكـرد.. هەریەكەیان دەیان و سەدان لقی تری لێ دەبۆوە.

كـۆمەڵگەی دامـاو و بـێ كەس كە بووبـووە بـاخی بـێ پەرژیـن، تـاكە پەنایەكی كە مابووی خۆی لێ پەنادات و بتوانێت بەرژەوەندییەكانی خـۆی پـێ

بپارێزێـت دیـدو تێڕوانینـی داب ونەریـتە کـۆنەکەی بـوو، کە ڕۆژانە دەکەوتە بەرشەپۆڵی بەهێز و بێ ئامانی نوێخوازیی سەربازگە شەیتانییەکەی بەرامـبەر، کە سوپای عەرەمرەمی هەبوو.

لەهەموو مەیدانێکدا کەوتبووە لەشکرکێشی لەفەلسەفە و زانست و ئەدەبدا، هەر وەکو کە لەسیاسەت و دەستوور و ئابووریدا لەهەڵمەتبردندا بوو، لەهەمـوو لایەکەوە نوێخوازی تەنگی بەکۆتخـوازی هەلچنیبـوو، لایـدەدا و رایـدەدا، هەر وەکو کە ڕووناکی تاریکی لادەدات و ئاسەواری دەسڕێتەوە.

بەخـوا قەســەم زیرەکــی بکـوژ لەوەدایە کە زۆر لێزانـانە قوربـانییەکەی قەناعەت پێبکات کە تەسلیمی بێت و خۆی شێوەی کوشتنی خۆی هەڵبژێرێت و ئازادانەش ڕەزامەندیی خۆیی بۆ دەرببڕێت).

لاپەڕە ٣٧-٣٩: (ئەوە حاڵی ئافرەتیانە، ئەمما پیاوەکانیان، هەمـوو ئەم دیـمەنە خرۆشێنەرانە زیاتریان دەهروژێنێـت و زیـاتر دەیانخـاتە سـەر چلێســی جـنس و هۆگربوون و بەدواداچوونی، چونکە حەزی ئاژەڵی پەنگ خواردووی ناخ کە ئەو هەمـوو ئـافرەتە ئـاوا بەسـفووری و ڕازاوەیـی و هەرزانـی دەبینێـت، بەتەئکیـد بەلەشێك، بەمومارەسەیەك، بەدیمەنێك داناکەوێت و کڵـپەی حەزی سەرکەشـی یەکێك دانامرکێتەوە و، هەر داوای یەکێکـی تـر و جـۆرێکی تـری مومارەسـە و دیمەنی تری خرۆشێنەتر دەکات، ئەمیش وەك هەر ئاڵودەبوونێکی ترە...

جەستەیەك کە بەماددەیەك ئـاڵودەبوو بـازەهریش بێـت، هەر ئەوی دەوێـت و بەڕادە و بـڕی زیـاتر.. بـۆیە شـەیتانیزمەکانی فەسـاد هەر خەریکـی داهێنـان و راهێنانی ترن، هەر تینوتریان دەکەن و زیاتریان لێدەکێشنەوە، بلێسەی جنسـیش هەر لەزیادبووندا دەبێـت، تـا ئەو کـاتەی جەسـتە پەکـی دەکەوێـت... بەڵام ئەم خرۆشینەرانە هەر بەردەوامن ونـوێ دەبـنەوە: لەشفرۆشـی، فلـیم، شـانۆگەریی، کتێـب و گۆڤـار، ڕۆژنـامە و ئـامێری جنسـی، ئەدەبـی مەکشـوف و هانـدەر و هوروژێنەر ...

سەیرە کە بەهانەی شەیتانیزمەکان ئەوەیە: کە بەم هۆکارانە تینی جنسی گەنج کەمدەکەنەوە!! ئەمە ناونانی شتە بەپێچەوانەوە ... چونکە حەقیقەت ئەوەیە: کە تا زیاتر ببینرێت زیاتر دەویسترێت... ئیتر ئەمە چ شاڵاوێکی مەکر و فێڵ و چەواشەکارییە، کە کۆمەڵگەکانی گرتۆتەوە؟

ئەمە چ نەخشەیەکی گڵاوە کە ئاوا دابونەریت و ڕەوشت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵتەکاندووە؟

ئەمە چ (هونەر)ێکە کە لەبەدکاریی زیاتر ناخاتەوە؟

ئەوە چ ئیدارە و ئاڕاستە کردنێکە کە چینێکی گەدە زل دەلەوەڕێنێت لەسەر پاوەنی ڕەنج و شەرەف و ڕێزی خەڵکی؟).

ئەم پەتا کوشندەیە بەرەڵاکردنی هەوا و هەوەس و حەزی جنسی، هێشتا لەبەرەودایە، هێشتا جەستەی گەل و نەتەوەکان هەڵدەکۆڵێت و، کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان گەندەڵ دەکات و لەتوانا و ڕەنجی بنیاتنانی کۆمەڵگەکانیان کەمدەکاتەوە.

مێژوو دەڵێ: ئەم پەتایە بەناو هەرگەل و نەتەوەیەکدا بڵاوببێتەوە حەتمەن دەیخات، بەدڵنیاییەوە دەیڕمێنێت! چونکە هەرچی هێز و وزەی ژیری و جەستەیی هەیە کە مایەی مانەوە و پێشردە، ئەم بەرەڵاییە جنسیە دەیفەوتێنێت...

ئیدی کۆمەڵگە چۆن ئاسوودە دەمێنێت و خێر لەخۆ دەبینێت؟

چۆن توانای ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمینی دەمێنێت؟

کەسێك ئاوا نقوومی ئارەزووی بێت و حەز و چێژی جنسی ڕایڕەتێنێت، چۆن دەتوانێت پارسەنگ بێتەوە و ببێتە ئامێری بەکاری بنیاتنان؟

کەسێك بەلاسەنگی کەوتبێتە بەرشەپۆلی بێ ئامانی بەرەڵایی جنس و شاڵاوی خرۆشانی ڕۆژانەی، بەهەزاران دیمەن هوروژاندنی، بەدەیان هۆکاری

دیتنی حەقیقەتـی لەشـی ئـافرەت و فلـیم و شـانۆی و وێـنە و تـابلۆ و كتێـب و گۆڤـاری خەلیـع و گـۆرانی و مۆسـیقا و جۆرەهـا سـەما و بەجۆرەهـا بـزاوت و سرەوت و جلـوبەرگی تـایبەت و بـۆن و بەرامەی سـەرنج راكـێش و بەهەمـوو شێوازەكانی مێینەیێتی .. كەسێك كە ڕۆژانە نقـومی چێـژ و لەزەتـی جنسـە و شەوو ڕۆژ لە باوەشی لەشفرۆش و شۆخ و شەنگی ئامادە دایە، چـۆن دەتوانێـت هزر و ژیری و ڕەنج و بیری بخـاتە گەڕ بـۆ زانسـت و فێربـوون، بـۆ بنیاتنـان و ئاڕاستەكردنی پارسەنگ بۆ راقیبوون؟).

لاپەڕە٧٢-٧٣: (فەرەنسـا لەهەمـوو وڵات و نەتەوەیەك زیـاتر ڕێـی لەمنـداڵ خستنەوە گرت و نەزۆكی هانـدا، كاتێـك جەنگـی جیهـانی یەكەم روویـدا چـل ساڵبوو لەسەر یەك ژمارەی دانیشتوانی فەرەنسـا لە كەمبـوونەوە دابـوو، سـاڵی پێش جەنگەكە لە تەنهـا بیسـت هەرێـم لەكـۆی(٨٧)هەرێـمەكەی فەرەنسـادا ژمارەی لەدایكبوان لەژمارەی مردوان زیاتر بوو!

لەهەرێمەكانی تردا رێژەی مردوو بۆ لەدایكبوو ١٠٠/١٣٠ بوو، لەهەندێكییان ١٠٠/١٧٠ بوو (واتە: تا ١٠٠ منداڵ لەدایكدەبوو ١٧٠كەس دەمرد)، كە جەنگـی جیهـانی یەكەم ڕوویـدا فەرەنسـییەكان كەوتـنە حـاڵەتێكی پشـێوی تەواوەوە، دیتییان ئەم نەتەوە بەناوبانگە كاریگەرە بەبـڕی بەس گەنجـی جەنگـاوەری بـۆ پەیدانابێت و پیاوی شەڕكەری نییە!

دیتییـان: ئەگەر لەقۆنـاغی یەكەمـی شـەڕدا گەنجیـان زۆر لـێ بكوژرێـت لەهێرشـی دووەمـی دوژمنـدا پیاویـان نامێنێـت بەرگـری لەنیشـتیمان و ئـاڵا و سەروەری وڵاتەكە بكات... ئەمە وای لێكردن بكەونە هاندانی منداڵ خستنەوە..

حكومەت هەموو توانای خۆی لەهانداندا خستەگەڕ، دەزگاكانی راگەیاندن و بیرمەند و نوسەر، شاعیر و وتاربێژەكـان كەوتـنە هـاوار و داد.. پیـاوانی دیـن و

سیاسەت هەر هەموو داوای منداڵ خستنەوەیان دەکرد[١] .. دەیانوت: حەڕام و حەڵاڵ ڕەچاو مەکەن، بەهەر جۆرێك منداڵ زیاد بکەن شیاوە، یاساییە و بەپێی داب ونەریتی نوێمانە!

گوێ مەدەن بە پەردەی کچێنی و مارەکردن، با ئافرەتان ڕەحمیان بەکرێبدەن و منداڵ بۆ نیشتمان بخەنەوە!

ئەوی ڕەحمی بەکرێ دەدات جێی شانازی و سەربەزییە و مایەی خەڵاتکردنە، نەك گلەیی و سەرزەنشت کردنی.

بێگومان ئەم بارودۆخە ناکاوەش دە ئەوەندەی تر بەرەڵایی جنسی خستەوە، بەتایبەتی کە دائیرەی نفوس (دەوڵەت و کۆمەڵگەش) نەیاندەپرسی باوکی منداڵەکە کێیە؟).

لاپەڕە ١١٣: (یەکەمین دیاردەیەك کە بەسەر کەسایەتی گەنجی فەرەنسایدا هات، دوای ئەوەی ئاوا حەزی سەرشێتی جنس و بەرەڵایی و نەمانی هەستی خێزانی و زیادبوونی نەخۆشی سێکسی لەناویاندا ئەوە بوو کە توانای هزریی و جەستەییان لەکەمبوونەوە دادەبوو...

بۆیە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەستیان دەکرد بەژمارەی بەس سەربازیان بەو مواسەفاتانە دەسناکەوێت کەسوپا دایرشتوون، بۆیە ناچار لەمەرجەکانیان کەمکردەوە... ئەمە یەکجار ڕوویندا.. بەڵکو زیاتر لەچوار جار ڕوویدا.. هەر جارە و مەرجێك یان چەند مەرجێکیان لادەبرد تا بتوانن سەرباز

---

(١) ئەڵمانیا لە (١٩٧٢)ەوە تا ئێستا (٢٠١٥)، ساڵانە ژمارەی کۆچکردوانی لە ژمارەی لەدەیکبوان زیاترە، لە (٢٠١٤) دا (٨٦٨٠٠٠) کەس مرد، بۆیە (ئەنگێلا مێرکڵ)، سەرۆک حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاریداو ەسەد هەزار زیاتر پەناهێندەی سوریا و عێراق و ئەفریقیا وەرگرێت.

بەقەدەر ژمارەی پێویست بگرن[1] ...

بەڕاستی ئەمە پێوەرێكی سەرڕاستانەیە، هەر وەكو گەرمی پێوە كە پلەی گەرما وردەكارانە نیشاندەدات، ئەمەش وایە و وردەكارانە نیشان دەدات كە وزەی جەستەیی و ژیری لەئوممەتی فەرەنسایدا بەرەو نەمان دەچێت).

لاپەڕە ١١٤: (دووەمین كارەسات كە شالاوی جنس و بەرەڵایی مەدەنێتی سەردەم بەسەر فەرەنسایدا هێنا، تێكشكانی خێزان و شیرازە پسانی بوو، كە ئیتر هەستی ئینتیمای خێزانی لەنەوەكانیدا نەما).

لاپەڕە ١٣٢: (ئوممەتی فەرەنسایی وەكو وتم: ئەوە ماوەی شەست ساڵە بەردەوام دانیشتوانی كەم دەكات، چونكە منداڵیان بەژمارەی بەس نابێت، لەزۆر لەم ساڵانەدا تێكڕای ژمارەی مردوان زیاتر بووە لەتێكڕای ژمارەی لەدایكبوان.

لەهەندێ ساڵی تردا وەكو یەك بوون، لەهەندێك ساڵی تردا ژمارەی لەدایكبوان بەبڕێكی زۆركەم لەژمارەی مردوان زیاتربووە.. ئەمە لەكاتێكدایە كە ژمارەی جالییەكان لە(فەرەنسا) هەر لەزیادبووندایە.

لەساڵی (١٩٣١)دا ژمارەی دانیشتوانی وڵات (٤٢) ملیۆن بوو، ژمارەی جالییەكان (كە زۆرینەیان موسوڵمانن) (٣) ملیۆن بوو، ئەگەر بارودۆخەكە

---

(١) لە جەنگی جیهانی دووەمدا فەرەنسا ناچار بوو ڕایگەیەنێت كە ئەو كەسانەی بۆی دەبنە سەرباز و بەشداری شەڕەكانی دەكەن جنسییەی فەرەنسا وەردەگرن – هەزاران سەربازی مەغریبی و سەنغالی و چاولی بوون، بە خاوەن جنسییە و هێشتا فەرەنساشیان نەدیبوو! هەیانبوو تەقاوت بوو هێشتا فەرەنسی باش فێر نەبووبوو!!

بەڵام سەیرە كە لە (٢٠١١)شدا جاک شیراكی سەرۆک حكومەتی فەرەنسا كە هەستی كرد لە هەر دوو ئافرەتی فەرەنسی ٣ منداڵ دەخەنەوە، داوای كرد كە منداڵ بخەنەوە ئەگەرچی لە ڕابواردنێكی سەرپێیی ناو شەمەندەفەریش بێت!!

هەروا بڕوات لەكۆتایی سەدەی بیستەمدا فەرەنسیەكان دەبنە كەمینە!).

لاپەڕە ١٢٣: (كەس وانەزانێت كە ئەمە هەر حاڵی نەتەوەی فەرەنسایە و بەس... نا، ئەمە حاڵی هەموو ئەو گەل و نەتەوانەیە كە ئەو دیدە فەلسەفیە ئەخلاقییە ئاراستەیان دەكات).

لاپەڕە ١٣٧: (ڕۆژنامەی (فری پریس) لەشاری دیترۆیتی ئەمریكا، بابەتێكی بڵاوكردەوە كە تیایدا هاتووە: ئەوەی ئێستا لەناوماندا روودەدات لەكەمبوونەوەی هاوسەرگیری و زۆربوونی تەڵاقدان و تەشەنە كردنی پەیوەندی هەمیشەیی و كاتی ناشەرعی نێوان پیاوان و ئافرەتان، هەمووی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، كە ئێمە بەرەو ئاژەڵێتیی دەڕۆین، چونكە حەزی سروشتیی وەچەنانەوەمان وردە وردە مەفح دەبێتەوە، نەوەی نوێمان جڵەوی بۆ شلكراوە، هەستی پاراستنی ماڵ و ئینتمای خێزانی و زەرووڕەتیان بۆ بەردەوامبوونی شارستانێتی، خەریكە لە هزر و هۆشی خەڵكیدا نامێنن.

بەپێچەوانەوە خەڵكی زۆر لائوبالی پەروەردە دەبن و گوێ بەهیچ نادەن، بیر لەوەناكەنەوە كە چارەنووسی شارستانێتی و كۆمەڵگە و حكومەتمان بەرەوگەشەسەندن ناڕوات).

لاپەڕە ١٢٩: (گۆڤارێكی ئەمریكایی هۆكارەكانی ئەم دارمانە ئەخلاقییە و ئەم بەرەڵاییە جنسییەی باسكردووە، دەڵێ: سێ هۆكاری شەیتانی بەرپرسی ئەم هەموو خراپەكارییانەن كە بوونەتە واقیعمان، كە هەرسێكیان دەوریان تەنیوین و ژیانیان لێ كردووینەتە دۆزەخ:

یەكەمیان: داب ونەریتی داوێنپیسی و ئەدەبیاتی بەرەڵایی جنسی، كە دەبینرێت لەدوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە زۆر بۆتە جێبایەخ، زۆر خێرا تەشەنەی كردووە و بەهەموو جۆرێك بڵاودەبێتەوە.

دووەمیان: فیلمی خیلاعی سینەمایی، كە بەردەوام ،نەك هەر لەخرۆشانی

حەز و ئارەزوودایە، بەڵكو دەرسی كردەوەیی لەسەر نیشاندەدات.

سێیەمیان: دابەزینی ڕەوشتی ئافرەتان بەگشتیی، ئەوەش لەجلوبەرگ و هەڵسوكەوتیاندا دیارە، كە سفورییان زیادی كردووە و جگەرەكێشان و تێكەڵاوبوونیان لەگەڵ پیاواندا لەزیادبووندایە.

ئەم سێ هۆكارەی فەساد لەم ڕۆژانەماندا لەبرەودان.. ئەگەر ئاوابڕۆن و ڕێیان لێنەگیرێت، چارەنووسی ئەم شارستانێتییە مەسیحێتییەی ئێمەش، وەكو چارەنووسی شارستانێتی رۆمانەكانی لێدێت، یان وەكو چارەنووسی شارستانێتییەكانی تر ،كە نقومی دەریای حەزی سەركەش و هەوا و هەوەس پەرستی بوون و شەو و ڕۆژیان خەریكی ئافرەت و شەڕاب و سەما و گۆرانی و مۆسیقا بوون، هەر پارسەنگ نەبوونەوە تا نابوت بوون و شارستانێتییان نەما و لەناوچوو). كۆتایی هات.

شاهێدی چوارەم: دكتۆرە عائیشە عبدالرحمن (بنت الشاطئ):

ئێستا گوێ بگرین لەشاهێدییەكی پزیشكی دكتۆرە (عائشة عبدالرحمن) كە دەربارەی ئەوەی لە (ڤیەننا)ی پایتەختی (نەمسا) بینوییێتی، كە بەناوی (رەگەزی سێیەم بەڕێوەیە خۆراگەێنێت):

(...بار و زروفم واهاتەپێش كە لەپشووی ڕۆژی یەكشەممەدا بچمە سەردانی خاتوونێكی پزیشكی هاوڕێم كە لەئەترافی شاری ڤییەننا دەژی.. منیش هەفتەیەك بوو ماندووبووم... بەڵام چەند سەرم سوڕما كە هاوڕێكەم دەرگای لێكردمەوە و زۆر پەلەی بوو، پەتاتەیەكی بەدەستەوە بوو پاكی دەكرد، پاشان بەلوتفەوە فەرمووی لێكردم بەرەو موبەقەكەی و لەوێ دانیشتین.

هۆشی لەوە بوو كە من بەلامەوە سەیربوو، كە ئاوا بینیم، بۆیە وتی: وا تەسەورت نەدەكرد ئاوا بمبینیت؟!

دكتـــۆرەیە و ڕۆژی پشــــوودانی یەكشــــەممەیە و لەمـــــوبەق خەریكــــی چێشتلێنانە..

بەپێكەنیـــنەوە وتـــم: ڕۆژی یەكشـــەممەیە ئەوە دەزانـــم و حـــاڵیم، ئەمـــا مەشـغوڵبوونت لەمـوبەقە كە لەگەڵ ئەو مانـدووبوونەی هەفـتەكەت كە زانـیم چۆنت بردەسەر... ئەمیانم پێ سەیرە.

وتی: ئەگەر بەپێچەوانەوە بتبینیایە ڕاستتر دەردەچوو... كـاركردن لەڕۆژی یەكشـەممەدا لای ئـێمە سـەیرە، ئەوەی كە دەمبینیـت پێـوەی ئەمە تـاكە هەلـی رەخساوە بۆم، كە لەموبەق خۆم مەشغووڵ بكەم ...

ئەمە جـۆرێكە لەچارەســەری ئەو نـاڕەحەتی و پشـێوییەی مـن دەیچێــژم، هەروەها كۆمەڵێك خاتوونی تری بەڕێزی هـاورێم كە ئەوانـیش ئـاوا مەشـغووڵ دەبن.

كەدەربــارەی هــۆی ئەم نــاڕەحەتی و پشــێوییەیم پرســی لەكاتێكــدا كە بارودۆخی كۆمەڵایەتی ئافرەتی ڕۆژئاوایی هێدی و دامەزراوە.

بەئاهێكی خەمبارییەوە وتـی: پشـێویی ئـێمە لەو جۆرە نیـیە كە ئافرەتـانی پێشڕەوی ڕۆژهەڵاتی تـێكەوت، نـاڕەحەتی مـن و هاوخەمـانم ئەو هەسـتەیە كە لامان دروسـتبووە كە ئەنجـامی پێشـكەوتن و پێشـبردی نـوێی سـەردەمانە كە زانایـانی كۆمەڵناسـی و فسـیۆلۆجیا و بایۆلۆجیـای ئافرەتـان وەكـو هۆشـداری (ئینزار) رایانگەیاندووە كە لەسەرەنجامی لێكۆڵینەوە و بەدواداچـوونی حـاڵاتی ئافرەتـانی كرێكـار و فەرمـانبەر، بۆیـان دەركەوتـووە :كە گۆڕانكـارییەكی لەسەرخۆ لەكیانی ئەو ئافرەتانەدا ڕوویداوە.

لەسەرەتادا زۆر سەرنج نەدراوە، جێبایەخ نەبوو، چـونكە هەر وادەزانـرا كە كەمبوونەوەی منداڵبوون لەنێوانی ئافرەتـانی خـاوەن كـار و پیشــەدا هـۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرپشكی تافرەتان خۆیان كە دەیانەوێت دووگیان بـبن، یـان نـا،

چـونكە زۆرینەیـان نایانەوێـت منـداڵیان ببێـت، نایانەوێـت لەگەڵ كاركردنـدا دووگیان بن و منداڵ بخەنەوە و پێوەی خەریك بن، چونكە كـاری بەردەوامیـان لەدەسـت دەچێـت و جێگیرنـابن... بەڵام دوای راپرسـی زۆر و خوێنـدنەوەی ئەنجامەكـان و دیراسـەكردنی وردەكـارانەی هۆكـاری كەمبـوونەوەی منـداڵ خسـتنەوە لەنـاو ئافرەتـانی كرێكـار و فەرمـانبەردا دەركەوتـووە ،كە هـۆیەكەی ئیختیاری خۆیان نەبووە، بەڵكـو تووشـبوونی نەزۆكیـیە و چارەسەریشـیان بـۆ نەدۆزراوەتەوە...

بەتوێژینەوەی موختەبەریی دەركەوتووە: كە حاڵەتەكـانی نەزۆكـی (العقـم) بەهۆی نوقسانیەكی لەشەوە نەبوون، بۆیە هەموو رایان چۆتە سـەر ئەوە كە ئەم جۆرە نەزۆكییە لەو گۆڕانەوە پەیدابووە كە بەسەر جەستە و ژیـری و ئەعسـابی ئافرەتە كرێكارەكاندا هاتووە كە بەئەنقەسـت بووبێـت یـان بەمەبەسـت خۆیـان لەدووگیـانی و دایكێتـی بـواردووە، هۆشـیان هەر لەوە بـووە بەشـداری بـواری كاركردنی پیاوان بكەن و وەكو ئەوان یەكسان بن.

زانایانی بایالۆجی (زیندەوەرزانی) لەلایەنی تیـۆرییەوە پشـتیان بەو یاسـا سروشتییە بەسـتووە كە دەڵـێ: (ئەرك ئەنـدام دروسـت دەكـات)، واتە: ئەركـی دایكایەتی بووە بەهۆی خەلق بوونی سیفەتەكانی مێینەیی لەحەوادا[١]، بـۆیە كە واز لەدایكایەتیەكە دەهێنێت جەستەی بەرەو جیهانی پیاوێتی دەڕوات.

پاشان پسپۆڕان زیاتر لەم ئەگەر و گریمانە كۆڵینەوە، ئەزموون و ئەنجـامی تاقیكردنەوە و توێژینەوەكانیـان گەیانـدینە زیـاتر لەوە، بـۆیە بەدڵنیـاییەوە بەڵام لەگەڵ هەڵوێستەكردنێكیشـدا رایانگەیانـدووە كە نـزیكە بەم زوانە رەگەزی

(١) ئێمە بۆچوونەكانیان بە ئەمانەتەوە وەكو خۆی نەقڵ دەكەین، دەشـزانین وریـایی خـوێنەر ئەوە ڕاست دەكاتەوە كە ئەوان لەبەر ئەوەی باوەڕیـان بەخـوا نیـیە و داروینـانە باوەڕیـان وایە كە دایكێتی بۆتە مایەی خەڵقبوونی سیفەتەتەكانی دایكە حەووا..

سێیەم (نەئافرەت بێت و نەپیاو) خەریکە دەربکەوێت.

ئەمەش سـیفەتی مێینەیـی لەو کەسـانەدا دروسـت دەکـات کە وەزیـفەی حەوایەتی دەبینن.

لەزۆرلاوە بەرهەڵستکاران ڕاست بوونەوە و چەندین پرسـیاریان وورژانـد، لەوانە: زۆریـنەی ئافرەتـانی کرێکـار حەزیـان لەنەزۆکـی نیـیە و حەزدەکەن منداڵیان ببێت... یان: کۆمەڵگەی نوێ ئیعتیراف بەمافی دایکە کرێکار دەکات و مافی لەکار وماڵەوە دەپارێزێت و یاسا هەلی ڕێکخستنی دایکایتی و کارکردنی بۆ رەخساندووە ... یان دەیـانوت: زەمـانی هـاتنەدەرەوەی ئافرەتـان لەمـاڵەوە بـۆ کارکردن ناگاتە چەند دەیان سـاڵێك کەچەنـد نەوەیەکـی پێـدا تێپەڕبـووە، بەڵام تەمەنی سیفەتە مێیینەکانی ئافرەتان هەزاران ساڵە ... هەر ناژمێررێت.

زانایـان وەڵامـی ئەم پرسـیارە گومانانەیـان وا داوەتەوە، کە حەزکردنـی ئافرەتی کرێکار لەمنداڵبوون هەمیشە خەمێکی گەورەی هـاوڕێ بـووە ... تـرس وخەمی کۆڵی قورس و بەرپرسێتی و هیتر کەهیچ یاسایەك بەتەواوی بێ خەمی نەکردووە، چونکە ئەوە دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە کە خاوەن کارەکان تا کچیان دەسکەوێت ژنی مێرددار یان دووگیان و خاوەن منداڵ ناخەنە سەرکار.

ئەمما کورتی ئەو ماوەیە کە ئەم سیفەتانەی تێد گۆڕاوە، ئەوە رایدەدات کە ڕاستە ئەم ماوەیە کورتە، بەڵام هەر لەم ماوەیەدا ڕەنجی ئافرەتـان بـۆ یەکسـانی بوون بەپیاوان و سووربوونێکی کەلەرەقانەی بەردەوام بەخۆچوانـدن بەپیـاوان، وایکـردووە مێشـك هەمـوو جـۆرە ئاڕاسـتەی ئامادەبوونێـك بـداتە جەسـتە و ئەعسابی ئافرەتان، ئەمەش وایکردووە زۆر خێرا بەرەو جیهانی پیاوێتی بڕۆن.

تا ئێستاش چاودێران بەبـایەخەوە سـۆراخی پێشـبردی ئەم مەسـەلە دژوارە دەکەن، دیراسەی هەموو جۆرە گۆڕانکـارییەك دەکەن کە لەمێینییەتـی ئافرەتـدا دروست دەبێـت، بەبـایەخەوە ئامارەکـانی نەزۆکـی وەردەگـرن و لێیـدەکۆڵنەوە،

لەحاڵەتەكانی نەزۆكی، شیرنەمان، سیس بوون و پەك كەوتنی كۆئەندامی زاوزێی ئافرەتان و هەرچی پەیوەندی بەو مەسەلەیە هەیە).

كۆتایی لەڕۆژنامەی (الأهرام)ەوە.

شاهێدی پێنجەم: ڕۆژنامەوان و نوسەر (موسا سەبری):

نوسەر و ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی (أخبارالیوم)ی (میسر) ی له ستۆكهۆڵمەوه (پایتەختی سوید)، بابەتێكی نووسیووه، كه تێیدا دەڵێ: (مامۆستایەكی زانكۆی سویدی قسەی بۆ دەكردم، وتی: ئێمه لەقوتابخانەی سانەویدا له تەمەنێكی زۆر زووەوه هەموو شتێك دەربارەی جنس بەكوڕو كچەیان دەڵێین، زۆر ڕۆشن و راشكاو...

ئێمه كێشەمان لەگەڵ جنسدا نییه، چێژی جنسی وەكو هەر یەكێك لەچێژەكانی تره، وەكو چێژی چێشتێكی خۆش و خۆشی پۆشاكێكی جوان و ڕازاوەیه .. پەیوەندی جنسی نێوان پیاو و ئافرەت پێش مارە بڕین شتێكی سروشتیی و ئاساییه، هەر چی بۆ كوڕێكی گەنج ڕێدراوه بۆ كچێكی گەنجیش ڕێدراوە...).

كورتەی قسەكه ئەوەیه: كه (ئازادی دڵداری) لەسوید یەعنی وەڵامدانەوەی جنس، ئەمەش لەوێ ڕەفتارێكی سروشتییه، وەكو وەڵامدانەوەی برسێتی و گەدەیه، وەكو وەڵامدانەوەی ژیری و بیركردنەوەیه، هیچ بەربەستێك لەرێیدا نییه تا كپی بكاتەوه و نەهێڵێت دەركەوێت و داواكات و تێرببێت یان بشاررێتەوە..

كۆمەڵگەكەیان وای بردوونەته پێش كه ئاوا تەماشای جنس بكەن، بێ هیچ پەردە و ڕێگرییەك پەیوەندی جنسی نێوان هەر ئافرەتێك و هەر پیاوێك ئاوا سروشتیی و سادە تەماشا دەكەن.

ڕۆژێك لەباخی (سكانسن) بووم، هەتاوێكی خۆشبوو، لەدەوری حەوزێكی ئاو وەستابووم، كاتێكم زانی كۆمەڵێك منداڵی تەمەن(٨-١١)ساڵان هاتن و خۆیان ڕووت و قوت كردەوه و خۆیان هەڵدایه ئاوەكەوە...

ڕووت و قوت وەكو ئەو ساتەوەختەی تێیدا لەدایكبووبوون.. زۆرم پێ

سـەیربوو!... بەڵام سەرسـوڕمانەکەم زوو تەواو بـوو، کە زانـیم گەورەکـانیش وادەکەن... نێر و مێیان بەڕووت و قوتی دەچنە یەك ئـاوەوە، یەک حەوز و یەک کەنـار دەریـاوە، ئەگەرچـی عـادەتەن دەرپێیەکـی مـایۆ لەپێـدەکەن، بەڵام کە کەسانێک ئـاوا بەڕووت و قـوتی دەچـنە ئـاوەوە و، لەبەرچـاوی خەڵکـی نـابنە مایەی سەرنج ڕاکێشانی کەس، کەسێك سەر لەسەرسوڕماندا بانادات!).

پرسیار ئەمەیە: ئایا کچە کە بوو بەدایـك کە هێشـتا شـووی نەکـردووە چـی ڕوودەدات؟

وەڵام: هیچ!!

ئەگەر تـوانی خـۆی لەکـۆرپەلەکە قوتـار کـات ئەوا فڕێیـدەدات و تەواو، ئەگەر نەیتوانی یان ویستی هەیبێت، دەوڵەت کەفـالەتی خـۆی و کـۆرپەلەکەی دەکات، پارەی بەخێوکردن و خوێندن و پێگەیانـدنی تـا تەمەنـی(١٦) سـاڵان بـۆ دەبـڕێتەوە و هەمـوو شـتێکی بەخـۆڕایی دەبێـت، لەتۆمـار کردنـی ڕەسـمیانەی ناوەکەشیدا لاریان لەوەنییە کە بە ناوی دایکـیەوە بێـت یـان بەنـاوی بـاوکیەوە ئەگەر باوکەکە ئیعتیرافی کرد کە لەوە کۆمەڵگەکەشیان هەر بەچـاوی ڕێـزەوە سەیری دایکەکە و کۆرپەلە دەکەن).

لێرەدا زۆر بەجیددی و دژوارانە دەپرسین:

سوید کە یەکێکە لەراقیترین دەوڵەتانی جیهـان، ئایـا وا دێـتە خەیـاڵمان کە ئێمەش ڕۆژێ لەڕۆژان درەنگ یان زوو دەگەینە ئەو چارەنووسە؟

پێشکەوتن و راقیبونی (سوید) کە لەریـزی پێشـەوە راقیـترین دەوڵەتـانی جیهانە، حاشا هەڵنەگرە ئامارە نێودەڵەتیەکان و باسـە زانسـتیەکان شـاهێدی بـۆ دەدەن.

لەسوید هەر تاكێكی گەل(٥٢١) جونەیهی میسری ساڵانە بۆ تەرخان كراوە، واتە: (٤٣) جونەی لە مانگێكدا[1] سیستمی حوكمی سۆشیالیستی سویدی گەیاندە ئاستێك كە جیاوازییەكی زۆر لەنێوان خەڵكیدا نەماوە، ئەوەش بەفەرزكردنی باجی زۆرتر و زیاتر و لەبەرامبەریشدا مسۆگەركردنی هەموو ئەمانێكی تەندروستی و كۆمەڵایەتی كە لەوڵاتانی تردا وانابینرێت.

- هەموو هاوڵاتیەكی سویدی پشكی مسۆگەری خۆی لەئەمانی تەندروستی و یارمەتی چارەسەردا هەیە، كە بەپارە ڕاستەوخۆ دەیدرێتێ یان چارەسەركردنی لە نەخۆشخانە بەخۆڕاییە.

یارمەتی دایكانە بۆ هەموو ئافرەتێك بڕاوەتەوە.. كە مەسروفاتی منداڵبوون و چارەسەر و سەرپەرشتیارێتی تەندروستی و پێداویستی ترە، جگە لە مەسروفی منداڵەكە، مەسروفی منداڵی زیاتر، زیاترە.

هەر تووشبوونێكی نەخۆشی و نوقسانی لە كاتی كاردا زەمانەتی هەیە.

مەرجەكانی یارمەتیدانی بێكاران لەسوید لەهەموو وڵاتێكی تر كەمترە و سوید سەختترین دەوڵەتە لەیارمەتیدانی بێ كاراندا.

دەوڵەت یارمەتی كۆمەڵایەتی منداڵان بەڕادەیەكی خەیاڵی دەدات، لەوانە یارمەتیەكی (٤٠) جونەیهی ساڵانە بۆ هەر منداڵێك تا تەمەنی دەگاتە (١٦)ساڵان + سەرپەرشتی خۆڕایی تەندروسیتی + هاتوچۆی خۆڕایی و مۆڵەت كە تا (١٤) ساڵانی وایە، خوێندنیشی هەروا خۆڕاییە، مەگەر ڕێژەیەكی زۆر كەمی ڕەمزی بدات (لەرەوزە/ باخچەی ساوایان).

خوێندن لەهەموو قۆناغەكانیدا بەخۆڕاییە، لەگەڵ یارمەتیدانی پارەی جلوبەرگ و یارمەتی تری ئیزافی بۆ ئەوانەی لەبژێویدا پێویستیانە (وەكو

(١) ئەمە ئێستا (٢٠١٥)، ٢٨٠٠ یۆرۆیە، كە دەكاتە ٣١٦٠ دۆلار مانگانە.

خۆراكی تایبەتی)، قەرزی قوتابیان كە حكومەت دەیانداتێ دەگاتە بـڕی (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا جونەیە بۆ قوتابیە سەركەوتووەكان.

دەوڵەت قەرز دەداتە هاوسەران، لە كاتی هاوسـەرگیرییان بـڕی (٣٠٠)سـێ سـەد جونەیهیـان دەداتـێ كە لەمـاوەی پێـنج سـاڵدا بیـدەنەوە بەزیـادەیەكی زۆركەمەوە.

٣/١ سێیەكی ئەو باجانەی خەڵكی لەسوید دەیدەنە حكـومەت، دەوڵەت هەر بۆ بوارەكانی دابینكردنی كاروباری كۆمەڵایەتی خەرجی دەكاتەوە، كــە(٨٠%)ی بەپـارەیی دەدات... گەورە تـرین بـووجە، بـووجەی وەزارەتـی كاروبـاری كۆمەڵایەتییە كە ئەمساڵ گەیشتبووە : (٣٣٤) سێ سەد و سـی و چـوار ملیـۆن جونەیهـ، دوای ئەو: وەزارەتی پەروەردەیە كە (١٣٣) سەد و سـی و سـێ ملیـۆن جونەیهــ ،بـووجەی بـوو، ئەوە لەكاتێكـدا بـووجەی كۆشـكی پاشـایەتی تەنهـا (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار جونەیە بوو.

لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو ئاسانكاری و هانـدانەی جێگیربـوونی ژیـان و سرەوتــی خێزانـــی و بەخـــتەوەری تاكـــدا، كەچـــی ژمـــارەی (ســـوید) هەر لەكەمبوونـدایە... كەمبـوونێكی زۆر مەترسـیدار كە بەرەو قڕبـوون دەچێـت! لەكاتێكـدا كە دەوڵەت مەسروفـی شـووكردنی كچـان دەكێشـێت، دواتـریش مەسروفی خۆی و منداڵی تا زانكۆش تەواو دەكات، كەچی خێزانی سویدی هەر بەرە و ئەوە ملی لێناوە كە منداڵ نەخەنەوە!.

لەبەرامبەر ئەمەدا:

كەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و هاوسەران لەبەرامبە رەبەنان.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵی غەیرە شەرعی.

لەگەڵ تێبینـی ئەوە كە(٢٠%)ی كـوڕو كچـی سـویدی هاوسـەرگیری هەرناكەن!.

ساڵی (١٨٧٠)، سوید چووە قوناغی پیشەسازییەوە، هەمـان سـاڵیش چـووە سیسـتمی كـۆمەڵگەی سۆشیالیسـتیەوە، لەو سـاڵەدا ڕێـژەی دایكـانی شـووو نەكردوو (٧%) بوو، كەچی لەساڵی (١٩٢٠)دا بوو بە (١٦%)، ئاماری دوای ئەو ساڵەم دەسنەكەوتووە، بەڵام دڵنیام كە لەزیادبووندایە.

ڕێژەی تەڵاق لە سوید گەورەترین ڕێـژەی تەڵاقە لەجیهانـدا.... لەهەر(٦-٧) هاوسەرگیریدا یەكێكیان بەتەڵاقدان كۆتایی دێـت، كە ئەمە بەپێـی ئامارەكـانی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی سویدی كەم بووە.. بەڵام ئێسـتا (پـێش پەنجـا ساڵ لەئێستای ئێمە) وا زۆر بـووە، لەسـاڵی (١٩٢٥) دا لەنـاو (١٠٠٠٠٠) سـەد هەزار دانیشتواندا ٢٦ حاڵەتی تەڵاق ڕوویدەدا، دواتر لە (١٩٥٢)دا بـوو بە ١٠٤ حـاڵەت لەسـەد هەزار دا و لە (١٩٥٤) دا بـوو بە ١١٤ سـەد و چـواردە حـاڵەت لەسەد هەزار كەسدا.

ئامار و ڕاپۆرتەكان دەڵێن: (٣٠ %) ی ئەم جیابوونەوەیە لە بەر ئەوەیە: كە لەسەرەتاوە ناچاری و تین و فشاری بارودۆخ، ئافرەتەكانی ناچاری شووكردنەكە كردووە.. بێگومان هاوسەرگیریی ناچاریش بەردەوام نابێت، لەیاسای سویدیشـدا هیچ تەگەرە و كۆسپێك لەبەردەم تەڵاقداندا نییە...

ئەگەر هەر دوو هاوسـەرەكە بڕیـاری جیابوونەوەیـان دابێـت كـارەكە زۆر ئاسـانترە، ئەگەر چـی گەر یەكێكیشـیان داوای بكـات جیـابوونەوەكە هەر ڕوودەدات.

كە (ئازادی دڵداری وجنس) ئـاوا لەسـوید مسـۆگەرە، ئـازادییەكی تـریش هەروا مسۆگەرە و مافی هەموانە كە بریتیە لە (ئـازادی بـاوەڕ بەخـوا نەبـوون)! لەسـوید كـۆمەڵ و ڕێكخـراوی چـالاكی زۆر هەیە كە دژی هەمـوو جـۆرە دەسەڵاتێكی كلێسان، لە(نەرویج)و(دانیمارك)یش هەروایە...

مامۆستایانی قوتابخانە و زانكۆكان زۆر بەجیددی بەرگری لەم مـافە دەكەن و نەوەی نوێی لەسەر پەروەردە دەكەن..

كڵێسـا لەهەمـوو شـوێنێكی سـوید هەیە، بەڵام لەمۆزەخـانە دەچـن، چـۆڵن، لەكاتێكـدا كە دەوڵەت مەسروفـی كڵێسـا دەكێشـێت و مـووچەی قەشـە و سەرپەرشتیارانی كڵێسا دەدات، بەڵام كڵێساكان تەنها لەبەیانیانی یەكشـەممەاندا دەرگایان بۆ چەند سەعاتێك دەكەونەوە.

چەند پیرەژنێكی وەكو نەنكی من و نەنكی تۆ دێـن و دوعـایەكی بە ئـاواز و مۆسیقاوەی تێدا دەڵێن و بەس... سویدییەكان بەنوكتە دەڵێن: سەعاتی كاركردن لە كڵێسـا دیـاریكراوە: سـێ سـەعاتە لەهەفتەیەكـدا مـافی مـۆڵەت (ئیجـازە) وەرگرتنیشـی تێـدایە... سـویدییەكان باوەڕیـان بەوە نیـیە كە دیـن هۆكـارێكی بەدییهێنانی پێداویستی مرۆڤ بێت.

ئەمە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەكی تری نوێیە كە نەوەی نـوێی سـوید و وڵاتە ئەسـكەندناڤییەكانی تـر دەخـاتە مەترسـیەوە، چـونكە بـاوەڕنەبوون بەخـوا رایاندەكێشـێتە نـاو بازنەكـانی لادان و شـەڕاب و مـاددە هۆشـبەرەكان و ئاڵوودەبوون پێیان.

ژمارەی ئەو منداڵانەی كە باوكیان ئاڵودەی شـەڕاب یـان ماددەی هۆشـبەرە (١٧٥٠٠٠) سـەد و حەفتـا و پێـنج هەزار منـداڵە، واتە: (١٠%)ی منـداڵانی سـویدی ... هەڵپەكردنـی گەنجـی سـویدی بـۆ شـەڕاب و مـاددەی هۆشـبەر لەزیادیدایە، ئەو گەنجە هەرزانەی پۆلیسی سویدی لە حاڵی زۆر سەرخۆشـیاندا گرتوونی، هەر لەوانەی تەمەنیـان وا لەنێـوان(١٥-١٧)سـاڵیدا سـێ ئەوەنـدەی پێش(١٥) ساڵی ئەو ژمارەیە بووە...

زۆر مەســـتبوون بەشـــەڕاب (كە پێیـــدەڵێن ئەلكەهۆلیســـت) لەنـــاو هەرزەكارەكانیاندا لەخراپەوە بەرە و خراپتر دەڕوات، ئەمەش حەقیقەتێكی تـری مەترسیداری خوڵقانـدووە، چـونكە (١٠/١) دەیەكـی ئەو گەنجـانەی سـوید كە دەگەنە قۆناغی باڵغبوون، موبتەلای نەخۆشی هزر و ژیری و هەنـدێك نەخۆشـی جەستەیی دەبن.

گومانی تێدا نییە باوەڕ نەبوون بەخوای گەورە و دوور كەوتنەوە لەدین و دینداری، ئەم حاڵەتە دژوارانە زیاتر و چڕتر دەكات و زیاتر دەبێتە مایەی شیرازە پسانی خێزان و مەترسی قڕبوونیش كەمتر نییە لێی).

ڕۆژنامەوانێكی نەرویجی پێی وتم: داهاتووی گەنجی ئەسكەندناڤی بەبێ باوەڕی ڕووی لەداڕمانە.

وتم: ئەدی حكومەتەكان بۆ ڕێگرتن لەم چارەنووسە دژوارە چ نەخشەیەكی هەیە؟

بەدەم هەناسە هەڵكێشانی خەمەوە وتی: هیچ ... چونكە حكومەتەكەشـمان بێ دین و ئیمانە.. كۆتایی / أخبار الیوم.

لێرەدا ئەم بڕگەیە بێ سـۆراخ و بەدواداچـوون و باسـلێوەكردنی هەر وەكـو خۆی، كە هۆشداریی (ئینزار)ە بەجێ دەهێڵین، باسەكە هەر چەند كورتیش بـوو، بەڵام وەسفی حاڵەتە دژوارەكە دەكات، ئەو كەسانەی پێچەوانەكـاری بەرامـبەر یاساكانی سروشت دەكەن، ناشێت هەروا بێ سزا دەرچن...

ئەمـانە سـزای سـەخت و خەتەرنـاكن، ئەگەر چـی دەروازەی خێروبێـری سەرزەمینییان بۆ كرابێتەوە، با لەخۆشی و ئاسانكاری ژیانی ڕۆژانەشدا بژیێن و مـووچەی زۆریشـیان هەبێـت، بـا هەمـوو شـتێكی ماددیشـیان دابـین و

پێداویستیەكانیان مسۆگەریش بێت، بەڵام لادان لەیاساكانی سروشت زۆر لەسەریان دەكەوێت... یاساكانی سروشت خاتر و خۆتر و واسیتەكارییان تێدانییە، بۆ كەس نەرم نابێت و موجامەلەی كەس ناكات.

ئەم یاسایانە ئەوەن كە دكتۆر (ئەلیكسیس كاریل) دەربارەیان دەڵێ:

(ئەوانە دركیان بەوە نەكردووە كە جەستە و هەست و هۆشیان وا لەژێر سیستم و ڕێسا و یاسا سروشتییەكاندان، ئەم یاسایانەی سروشت زۆر ئاڵۆزترن لەیاسا دنیاییەكان و لەمانیش مەحكەمتر و نەگۆڕترن، ئەم خەڵكەی شارستانێتی سەردەم لەوە بێ ئاگان، وادەزانن دەتوانن پێچەوانەی یاسا و ڕێسا و سیستمەكانی سروشت هەڵسوكەوت بكەن و سزاش نەدرێن).

ئەمەی (ئەلیكیس كاریل) پێیگەیشتووە هەر ئەوەیە كە خوای گەورە وەكو هۆشداری و حەزەر و ئینزار بەخەڵكی ڕاگەیاندووە كە ڕەفتاركردن بەپێچەوانەی ڕێسا گەردوونییەكانەوە نیشانەی لادانە لەمەنهەجی خوای گەورە..

هەردووكیشیان، لادان لەمەنهەجەكە و پێچەوانەكاریی ڕێساكانی گەردوون[1] سزای سەختیان بەدوادا دێت... سزای تاكوكۆ.. دەرباز بوونیش لەم سزایانە مەحاڵە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾ الأنعام: ٤٤ -٤٥ .

واتە: كاتێك ئەوەیان بیرچۆوە كە فێركرابوون و بیردەخرانەوە پێی (كە دین و

(١) شێخ محمود غریب، ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (بُنّیة) لە بەغدا لە كۆتایی حەفتاكاندا دەیفەرموو: ((الكون قرآن منثور، والقرآن كون مسطور)).

شەرعیان وەلكرد و پێوەی پابەندنەمان) ئیتر دەروازەی خێروخێراتی هەموو شتێکیان بۆ والاکردن (کە ئیستیدراجیان بوو، واتە راکێشانیان بەرەو ئەو یاخیبوونە خراپەکارییەی کە شایانی سزا سەختەکانیان دەکات)..

ئیتر کە کەوتنە ناز و نیعمەت و خۆشحاڵبوون بەوەی تێیدانو لەناکاودا گرتمانن... خستمانە بەرسزای سەخت و لەهەمو خێر و خۆشی و دەربازبوون و ئەمانێك بێ ئومێدبوون، ئیتر بنبڕمان کردن و قڕیان تێکەوت، چونکە سووربوون لەسەر سنوور بەزاندن و دەستدرێژی و ستەمکاری... ئاوا کۆتایی هاتن، سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢٤﴾ يونس: ٢٤ .

واتە: ئیتر کاتێك سەرزەمین پربوو لەخێروخێرات بۆیان و رازایەوە و کەوتە بەردەستیان، دنیا ویستان وایاندەزانی هی خۆیانە و باڵادەستن و دەسەڵاتیان بەسەرزەمینیدا دەشکێت یان دەتوانن ببنە خاوەنی حەقیقی زەمین و خێروخێراتی و دەتوانن بەکەیفی خۆیان گۆڕانکاری لەڕێساکانیدا بکەن، حوکمی ئێمەی بۆ دەرچوو، بڕیاری فەوتانیانماندا، لەشەو و ڕۆژێکدا هەر هەموو بەرهەم و حاسڵاتی ناوچەکەیانمان مەفح کردەوە، دەتوت بەداس دووراوەتەوە، دەتوت ئەمە هەر ئەوەی دوێنی نییە... ئێمە ئاوا نیشانە و بەڵگەی زانین و توانینمان دەخەینە پێش چاوی ئەوانەی بیردەکەنەوە و خاوەن هزر و هۆشن.

صدق الله العظیم... بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی فەرمووە). کۆتایی (نەقڵ کردن لە(سید قوتب)ەوە رحمە الله).

* * *

پێم وایە: تارادەیەك ئەم جۆرە سزا سروشتییانە ڕوونبوونەوە كە پێویستە هەمیشە لەپێشچاوی تاكو كۆی مرۆڤایەتیی بێت، تا لەوە دڵنیا ببێت كە تاكە ڕێبازی سەرفرازی مرۆڤایەتیی ئەم دید و ڕێیەی خواویستییە كە ئیسلام دینە ڕاست و ڕەواكەی خوای گەورە هێناویێتی...

ئەمە تاكە ڕێی سەركەوتنی دنیایی و رووسووری قیامەتە: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ﴿١٩﴾ آل عمران: ١٩ دیدورێ و بەرنامەی ژیان كە لای خوای گەورە پەسەندە، ئیسلامە و بەس...

ئیسلامیش هەر ئەوەیە، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) رایگەیاندووە و بەكردەوە سەلماندویێتی و چەسپاندویێتی، هەر كەسێكیش غەیری ئەم دین و دیدورێ و چەسپاندنە بگرێتە بەر، لێی قبووڵ ناكرێت: ﴿وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ آل عمران: ٨٥.

لەشاهێدیدانەكانی سەرەوە ڕوون بۆوە: كە شوێنكەوتنی دینەكانی تر دەتگەیێنێتە دید لێڵی و ڕێ وێڵی، چونكە دینی نەسخ كراو و لادراون و باتڵ كەوتوون، دەسكاری كراون، پڕن لە دەردی بێ دەرمان.. بۆیە مرۆڤ وا لەدووڕییانێكدا سەرپشكە یەكێكیان بگرێتە بەر: ئیسلام یان كوێرەوەریی و ژان و ناسۆری دیدوڕێی تر.

دەبینیت ئێمە ڕاوبۆچوونەكانمان وەكو خۆیان نەقڵ كرد، بێ ڕاست كردنەوەی هەڵە و بەدوادا چوون و شیكارییان، چونكە لەوباوەڕەداین كە ڕاوبۆچوونی پێچەوانەی ئیسلام لای موسوڵمان رۆشنە كە هەڵە و چەوتە، ئێمە هەر ویستمان ئەوە بسەلمێنین و زیاتر بچەسپێت كەبەرای ئەوانیش ئەو سزایانە هەن... سزای لادانن لەدینی حەق ... لەئیسلام..

باسی دووەم

سزاكانی خوا لە دنیادا

ڕێڕەوێك:

سزاكانی خواكە لەدنیادا دەبنە چارەنووسی لادەرانی ڕێـی خواویسـتی دوو جۆرن:

جۆری یەكەم: سـزای دەسـەڵاتدارێتی خـوای گەورە كە پشـتیوانیكردنی ئەم دینە و سەرخستنێتی.

جۆری دووەم: پشتگیری كردنی خوای گەورەیە بـۆ ئیمانـدارە سەرڕاسـتە بـۆ خوالێبڕاوەكان.

جـۆری یەكەم: ئەو سـزایانەی پێشـتر باسـمانكردن كە سـزای سروشـتیی بـوو... ئەنجـام بـوون و سـەرەنجامی پێشـەكیەكانیان هـاتنە كـایەوە... یـان ڕووداوێكن لەئەنجامی دروستبوونی هۆكارەكانیاندا ڕوودەدەن..

ئەمما لێرەدا مەبەست لەسزاكانی خوا ئەو سزایانەیە: كە ڕاسـتەوخۆ لەخـوای گەورەوە دێـت، تـاوانەكە رادەدات و تاوانبـارەكە مەفـح دەكـاتەوە، ئەگەرچـی هەمـوو سـزاكان هەر قەدەری خـوای گەورەن، لەزانسـت وتوانـا و ویسـت و حیكمەتی خوای گەورەوە دێن... بەڵام جۆرێكی ئەو سزایانە كە دەبـنە ئەنجـامی ڕەفتـار، بەشـێوەیەك دەبـن كە تەدەخـولی خـوای گەورەی بەئاشـكرا تێـدا دەرناكەوێت.

بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون بێتەوە با سەرنج بدەینە ئەم نموونەیە:

سزای سروشتیی نێربازی ئەوەیە كە نێر بەنێـر رازی دەبێـت و مـێ بەمـێ،

بەمەش وەچەنانەوە نامێنێت، چونكە خێزانی (نێر و مێ) واز لێ هێنراوە.

بەڵام قەومێك وەكو قەومی سەیدنا (لوت -علیه السلام) كە ئەم ئینحیرافەیان تێدا بڵاوبۆوە، ئەگەر هەروا بەردەوام بوونایە، نەوەیەكی نوێیان لێ ئیجاد نەدەبوو، قڕدەبوون.

ئەمە كە سزا سروشتییەكەیانە، بەڵام خوای گەورە بەجۆرێكی پڕ ژان و ئازار سزای قڕكردنەكەی دان بەوەی كە جێگا و ڕێگایانی ژێروژوور كردو بەبەردەبارانی غەزەب ریشەكێشی كردن... هەر هەمان سزای سروشتیی بووە چارەنووسیان كەقڕبوونیانە، بەڵام خوای گەورە چارەنووسەكەی پێشتر خستن لەگەڵ ئازار و ژانی فەوتانی و زەلیلبوونی بەردەباران كردنیاندا.

ئەوەی لێرەوە باسی دەكەین ئەم جۆرە سزایانەیە كە خوای گەورە ڕاستەوخۆ دەینێرێتە سەر تاوانباران و دوژمنانی دینەكەی.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا چەندین بەسەرهاتی تاكوكۆی تاوانباری بۆ باس فەرمووین كە سەرەنجامی بەرەنگاربوونەوەی بانگەوازی خوایی و دوژمنداریتی پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) و شیرك و ستەم و خراپەكارییان شایانی ئەو سزایانە بوون كە خوای گەورە غەزەبی لێگرتن و هەریەكەیانی بەجۆرێك سزا فەوتاند.

لێرەدا سەرەتا ئایەتەكانیان كە لەسەریان هاتووە دەهێنینەوە و دواتر هەندێك حاڵی شیكاركردن دەخەینە بەردەست.

ئەم باسە دەكەین بە دوو بڕگە:

بڕگەی یەكەم: نموونەی سزاكانە.

بڕگەی دووەم: شیكارییەكەیە.

بڕگەی یەكەم:
چەند نموونەیەكی سزاكانی خوا لەدنیادا:

١ قارون:

خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: ﴿إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡفَرِحِينَ ٧٦ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٧٧ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرُ جَمۡعٗاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٧٨ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٧٩ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ٨٠ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ٨١ وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٢﴾ القصص: ٧٦ – ٨٢.

واتە: قارون، كە لەگەڵی سەیدنا مووسا بوو (علیه السلام)، دەستدرێژی زۆری دەكردە سەر گەلەكەی خۆی بەستەم و دزین وچەواشەكاری، بەلوتبەرزی وخۆبەزلزانی و شانازی كردنی بەماڵ و سامانە زۆرەكەیەوە ... ئێمە گەنجینەیەكی ئێجگار زۆرو بەنرخمان پێدابوو، تەنانەت كلیلی دەرگای گەنجینە (مەخزەن)ەكانی بەكۆمەڵێك پیاوی بەخۆ نەبوایە هەڵنەدەگیران... ڕۆژێك

موسوڵمانانی بەنوئیسرائیل (کە هەر گەلی خۆشی بوون)، پێیان وت: ئاوا بەماڵ و سامانتەوە خۆ بامەدە و خۆشحاڵی هەوا و فیزی دەرمەبڕە، چونکە خوای گەورە کەسانی وای خۆشناوێت کە فیز و دەعیە بەماڵ و سامانەوە لێدەن و خۆیان بەسەر خەڵکییەوە بادەن.

لەوەی خوای گەورە پێتی بەخشیووە، تۆش هەندێکی لەڕێی خوادا ببەخشە، یارمەتی خەڵکی لێبدە و لەبەرخاتری خوای گەورە هەندێکی لەخواناسی و چاکسازیدا خەرجکە و هۆشت لەقیامەت بێت، لەخۆت مەگۆڕێ و بزانە کە قیامەت هەیە و تۆش دەچیتەوە بەردەست خوای گەورە...

کار بۆ قیامەتت بکە و دنیاشت بیرنەچێتەوە، پشکی دنیاییت لەبەر داستدایە و پشکی ڕۆژی دواییتی لێ دابین بکە... هەروەکو کە خوای گەورە چاکەی وەل کردوویت و پێتی بەخشیووە، تۆش خێر و خێرات بکە و چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکە، مەکەوەرە گوناح و تاوانەوە، پارەو ماڵت لەسەرپێچی فەرمانی خوادا بەفیرۆ مەدە، ئەمە موڵکی خوای بەخشندەیە پێتی بەخشیووە، خوای گەورە ئەهلی فەساد و خراپەکاریی خۆشناوێت...

کەچی وتی: ماڵ ماڵی خۆمە، خۆم بەزیرەکی و لێزانی خۆم، بەڕەنج و توانای خۆم پەیدام کردووە و بۆ خزمەتی خۆمم کۆکردۆتەوە... نابەخشم...

خوای گەورە فەرمووی: چما ئەو ئەوە نازانێت کە خوای گەورە کەغەزەبی لەخەڵکانێکی تری پێش ئەم گرت، چۆنی تەفروتووناى کردن؟! چۆنی بەفەتارەتدان؟!. خۆ ئەوان لەم دەسەڵاتدارتر و دەوڵەمەندتر بوون، بەڵام ئایا دەسەڵات و سامان دادی دان؟

بوونە بەربەستێك لەڕێی سزای قەدەریی خوای گەورەدا؟ نەخێر... ئاخر دوایی خوای گەورە وەکو تاوانبارانی تر هیچ حسابێکت بۆ ناکات و سزای دۆزەخت بەنسیب دەکات... بەڵام ئەو گوێی بەئامۆژگاری نەدەدا و سووربوو

لەسەر دیدوڕێ و هەڵوێستی چەوتی... ڕۆژێك بۆ خۆنواندن بەمەوكیبێكی پڕ شكۆوە هاتەناو گەلەكەیەوە... خۆی ڕازاوە و مەوكیبی زۆری حاشیە و دەستوپێوەند، حیمایە و خزمەتكار و بەرپرسانی تەشریفات... پڕ زێڕ و زیو و ئاوریشم پۆش...

مەوكیبی ئەسپی دەگمەن و مەشقەوانی پسپۆڕ، بەشێوەیەك كە كەم كەس شتی وایان لەخۆشی دیبوو... ئەوانەی دنیاویست بوون كەبینییان دڵیان بۆ ماڵ و سامان و دەسەڵات و داراییەكەی فڕی... بەسەرسامی و واق و وڕمان و حەسرەتەوە هەریەكەیان دەیوت: ئای خۆزگە منیش وەكو (قارون) بوومایە! وەكو ئەو خاوەن دەسەڵات و ماڵ و سامان و ناو و پلە و ئاستی باڵا بوومایە، بەڕاستی ئەو بەختی چاكە، شانسی هەیە و زۆری بەركەوتووە.

بەڵام ئەوانەی ئەهلی ئیمان و قیامەتخواز و شارەزایی دین و دینداری بوون، كە لەبەڵێنی خوایی دڵنیابوون، لەناوخەڵكەكەدا بوون كە گوێیان لەو ئاوات و خۆزگە خوازییەی خەڵكەكە بوو، پێیان وتن: هۆ داماوینە! ... دەسەڵات و ماڵ و سامانی دنیایی، لەبەرامبەر پاداشتی لای خوای گەورەدا چییە!

پاداشتی خوای گەورە ژیانی نەبڕاوەی بەهەشتە كە تەنها ناوی نازونیعمەتەكانی لەگەڵ نازونیعمەتی دنیادا هاوبەشە... داماوینە! هەناسەی سارد بۆچی هەڵدەكێشن؟ بۆ ماڵ و سامانێك كە بەهیچ كلۆجێك بەهیچ یەكێك لەنازونیعمەتی بەهەشت بەراوورد ناكرێت...

ئێوە موسوڵمانن، ئێوە ڕووتان لەخوای گەورەیە و بەئومێدی ڕەزامەندی ئەون ... پاداشتی خوایی چاكترە لەم ماڵ و سامانەی قارون كە خوای گەورە تایبەتی كردووە بەو ئیماندارە سەرڕاستانەوە كە بۆ خوا لێبڕاون و پیاوچاكانە فەرمانی خوای گەورە جێبەجێدەكەن... بەڵام خۆ ئەمەش بەلاف و گەزاف و قاڵەی دەم نابێت، ئەمە دینداریتیی چاك و پاك دەخوازێت، لەگەڵ پابەندیی بەردەوام و پشوو درێژی..

ئەوانەی بەئارام و خۆگرن شایانی ئەوپاداشتەخواییە دەبن.

كە(قارِون) لەسەرپێچی بەردەوام بوو، بەو یاخییبوونەیەوە، بەو گومانە گێلانەیەوە بەردەوام بوو كە وایدەزانی ئەوەی بەردەستی هەر خۆی دەسەڵاتی بەسەریدا دەشكێت چونكە هی خۆیەتی! بڕیارماندا خۆی و ماڵ و سامان و موڵكی لەساتەوەختێكدا بەزەمیندا ڕۆ ببەینە خوارێ...

وامان لێكرد كەسی نەبوو لەسەری بكاتەوە، خەڵكانێك نەما لەو هەموو كەسەی بەدەوریەوە بوون لایەنگری بن و داڵدەی بدەن، كەسیان نەبوو بتوانێت لەسزاكەی ئێمە لایدات.. ئاوا بەزی و شكستی هێنا... كە ئاوا لە ساتێكی چاوتروكاندندا ،خۆی و حاشیە و سەروەت و سامان و كۆشك و تەلاری فەوتا!

ئەوانەی تا دوێنی ئاواتەخوازی دەسەڵات و دەوڵەمەندیی وەكو ئەوبوون، دڵنیابوون كە هەموو بزاوت و سرەوتێكی گەردوون و ژیان، هەموو بوون و دەوڵەمەندییەك، هەر لەخوای گەورەوەیە و بەس... بۆیە وتیان: بەڕاستی هەر خوای گەورە هەڵسوڕێنەری گەردوون و ژیان و مرۆڤە و، هەر ئەو ئەگەر بیەوێت ماڵ و سامانی زۆر و بژێوی بەرفراوان دەخاتە بەردەست كەسێك كە خۆی بیەوێت، هەروەكو كە هەر كاتێكیش ویستی دەسەڵات و ماڵ و سامان لەكەسێك بستێنێتەوە، فەرمانێكی بۆ دەردەكات و دەسبەجێ ئەنجامدەدرێت..

خوای گەورە بەویستی خۆی بەهەندێك دەبەخشێت و لەهەندێك دەگرێتەوە... ئەگەر خوای گەورە لوتفی لەگەڵ ئێمەدا نەكردایە و بۆ دینەكەی خۆیی و خواپەرستی ڕێنمایی نەكردنیایا، ئێستا ئێمەش دەبووینە خزمەتكاری (قارون) و ئەمسالی قارون و بەفەتارەت دەچووین... چونكە خوای گەورە كافران سەرفراز و سەركەوتوو ناكات و حەتمەن هەر نابوتیان دەكات.

٢ خاوەن بێستان و بەرهەمەكان:

﴿ إِنَّا بَلَوْنَٰهُمْ كَمَا بَلَوْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا۟ لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ
وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوْا۟ مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ ٱغْدُوا۟ عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُوا۟
وَهُمْ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوْا۟ عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓا۟ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾
بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقْبَلَ
بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ
﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ ۖ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ القلم: ١٧ – ٣٣ .

واتە: ئێمە ئەهلی مەككەشمان بەنەبوونیی و گرانیی تاقیكردۆتەوە، هەر وەكو كە خاوەن باخ و بێستانەكانمان تاقیكردەوە، كاتێك هەموو پێكەوە پەیمانیانـدا و سوێندیان بۆ یەكتریی خوارد ،كە بۆ سبەینێ بەیانی زوو دەچن بـۆ میـوە ڕنـین و هەر هەمووی دەڕننەوە، بێـئەوەی بهـێڵن هەژار و نەدارەكـان ئاگایـان لـێ بێـت، نەبادا بێن و داوای خێر و سەدەقەیان لێبكەن.

بـۆیە شـەو سـوێندیان خـوارد كە بەرهەمەكە كـۆبكەنەوە و ئەوپشـكەی كە باوكیان هەموو جارێك دایدەنا بۆ هەژار و نەداران، ئەویش لەخۆیان بەشـكەن... بەڵام هەر ئەو شـــەوە خـــوای پەروەردگـــارت فەرمانیـــدا، لەوكـــاتەدا كە ئەوان لەپرخەی خەودابوون، شاڵاوێكی گڕ كەوتە باخەكەوە و، هەرهەمووی بەدرەخـت و بەرهەمەوە سوتاند، وەكو پەرێزی سوتا و رەشبوو..

بۆ سبەی زوو، یەكتریان خەبەر كـردەوە كەهەسـتن بـابڕۆین، ئەگەر لەسـەر بەڵێنەكەی شەوتان ماون، سـا خێـراكەن زوو بچـین و بەرهەمەكە كـۆكەینەوە.. بەچرپەش لەگەڵ یەكتریی دەدوان، دەیانوت: باهەژار و نەدارەكانمان لێ ڕاسـت نەبنەوە و بێنەسەرمان و داوای پشكی ساڵانەی خۆیان بكەن...

دیسان پەیمانیان بەیەكتردا كە هیچیـان هەڵوێسـتیان شـل نەكەن، وانەكـات

بەزەییان بەهەژارێكدا بێتەوە و ڕێیبدەن بێت بۆ بەشی خۆی.

بەڵام كە گەیشتنە باخەكە و بینییان وا سوتاوە، تەسەوریان نەكرد!... وتیان: حەتمەن ڕێمان لێ هەڵە بووە، ئەمە باخ و بێستانەكەی خۆمان نییە... بەڵام كە دڵنیابوون خۆیەتی، یەكسەر زانییان كە خوای گەورە مەحرومی كردوون لێی.

زانیان ئەمە سزای ئەو دید و هەڵوێستە دەستەجەمعییەیانە لەهەژار و و نەدارەكان، یەكێكیان كە لەوان دید و هەڵوێست چاكتربوو، بەڵام هەر كەوتبووە گەڵیان، وتی: با دید و هەڵوێستمان ڕاست بكەینەوە، با تۆبە بكەین، نەبادا خراپترمان لێ بەسەربێت... دان بەوەدا بنێن كە هەڵەبووین، با پەشیمان ببینەوە.

ئیتر هەموو پەشیمانبوونەوە و وتیان: پاك و بێ خەوشی بۆ خوای پەروەردگارمان، ئەو دادپەروەر و ئێمە ستەمكاربووین... ئیتر كەوتنە گلەیی و بۆڵەبۆڵ بەسەر یەكتردا كەخەتای من نەبوو خەتای تۆ بوو... بەڵام هەموو دەیانزانی كە خاوەن یەك دید و هەڵوێستی ستەمكارانەبوون.

دانیان بەوە دادەنا، كە سنووری حەقیان بەزاند... بۆیە هەر واوەیلا و هەیرۆیان بوو، دەیانوت باسەرڕاستانە تۆبە بكەین، چونكە خوای گەورە تۆبەی سەرڕاستانەی گوناحكاران قبووڵ دەكات، با تۆبە بكەین، بەڵكو خوای گەورە تۆبەكەمان لێ قبوڵ كات و چاكتر لەم باخەمان پێ ببەخشێت... بەڵكو بۆمان قەرەبوو بكاتەوە...

خوایەگیان! وا ڕوومان لەتۆ كردووە و بەرەو تۆبە و شەرمەزاری و ڕووڕەشی، بەڵام تۆبەكارانە هاتووینەتەوە، قبووڵمانكە، ئەمە سزایە.. سزای پڕاوپڕی كەسانی وا لاسەنگ و سنوور بەزێنە، بەڵام بەتەئكید سزای ڕۆژی دوایی سەختترە و تووشی هەر كەسێك دێت، كە لەسەر گومڕایی و خراپەكاری خۆی بەردەوام بێت... دەی ساپەی بەمە ببەن و بیزانن.

٣ خاوەن دوو باخەکە:

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلٗا رَّجُلَيۡنِ جَعَلۡنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيۡنِ مِنۡ أَعۡنَٰبٖ وَحَفَفۡنَٰهُمَا بِنَخۡلٖ وَجَعَلۡنَا بَيۡنَهُمَا زَرۡعٗا ﴿٣٢﴾
كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا وَلَمۡ تَظۡلِم مِّنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ وَفَجَّرۡنَا خِلَٰلَهُمَا نَهَرٗا ﴿٣٣﴾ وَكَانَ لَهُۥ ثَمَرٞ فَقَالَ لِصَٰحِبِهِۦ وَهُوَ
يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا۠ أَكۡثَرُ مِنكَ مَالٗا وَأَعَزُّ نَفَرٗا ﴿٣٤﴾ وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ
أَبَدٗا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةٗ وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهَا مُنقَلَبٗا ﴿٣٦﴾ قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ
يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرۡتَ بِٱلَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلٗا ﴿٣٧﴾ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي وَلَآ
أُشۡرِكُ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٣٨﴾ وَلَوۡلَآ إِذۡ دَخَلۡتَ جَنَّتَكَ قُلۡتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالٗا
وَوَلَدٗا ﴿٣٩﴾ فَعَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يُؤۡتِيَنِ خَيۡرٗا مِّن جَنَّتِكَ وَيُرۡسِلَ عَلَيۡهَا حُسۡبَانٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَتُصۡبِحَ صَعِيدٗا زَلَقًا
﴿٤٠﴾ أَوۡ يُصۡبِحَ مَآؤُهَا غَوۡرٗا فَلَن تَسۡتَطِيعَ لَهُۥ طَلَبٗا ﴿٤١﴾ وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِۦ فَأَصۡبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيۡهِ عَلَىٰ مَآ
أَنفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُشۡرِكۡ بِرَبِّيٓ أَحَدٗا ﴿٤٢﴾ وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ فِئَةٞ يَنصُرُونَهُۥ مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا ﴿٤٣﴾﴾ الكهف: ٣٢ – ٤٣ .

واتە: حاڵ و پەیوەندی و گفتوگۆی کافرانی مەککە و موسوڵمانانیان، بەنموونەی ئەو دوو پیاوە بۆ بچوێنە کە یەکیان کافر و ئەوی تریان موسوڵمانبوو، دوو باخی بەبەرهەم و ڕازاوەمان دابووە کافرەکە، کە پڕبوو لە ڕیزەمێوی ترێ و ڕیزە دارخورما (ئەمە وەکو میوە) و لەنێوان ئەم ڕیزەدارە بەردارانەشدا چاندن کرابوو (دانەوێڵە و سەوزەوات).

کابرای خاوەنی هەرچی پێویست بوایە یان حەزی لێبوایە، ئاسان دەستی دەکەوت... دوو باخ پێگەیشتن، بەروبوومیان زۆربوو، هیچ ئافاتێکی بەسەردانەهات و بەهیچ شتێك بەرهەمی کەمی نەکرد، کانیاو و جۆباریشیان

لەنێوان ریزە درەختەكاندا هەڵقوڵاند (تا ئاودانی باخ و كێڵگەكە دابین بێت و پێداویستی بهێنێتەدی و دیمەنی سەرنجڕاكێش ببەخشێت).

ڕۆژێك كابرا، كە لەگەڵ هاوڕێ موسوڵمانەكەی چووەباخەكەوە و سەیری بەروبووم و حاسڵاتە زۆرەكەی دەكرد، شانازی پێوە دەكرد! بەهەوا و فیزەوە بە هاوڕێكەی وت: ئەوەتا (من كە وەكو تۆش موسوڵمان نیم)، ئەو هەموو ماڵ و سامانەم هەیە.

ئەو هەموو خزم و كەسوكار و خزمەتكار و ڕەنجبەر و جوتیارەم هەیە، لەتۆ دەسەڵاتدارترم... ئاواستەمكارانە چووە باخەكەیەوە و پێیدا دەگەڕا و وایدەوت... وتی: ئەم باخ و بێستانە بەبەرهەمە، چونكە ئافات لێینادات و ئاوی خۆی مسۆگەرە و خەڵكی زۆرم هەیە خزمەتی دەكەن و پاسەوان و پەرژینی چاكی هەیە، لەوباوەڕەدانیم بفەوتێت، وادەزانم هەتاهەتایە هەروا بمێنێت!

ئەو قیامەتەی تۆش باسی دەكەیت، وانازانم دابێت، بەهەشت و دۆزەخ هەر ئەم ژیانەی دنیان.. ئەوەتا من لەبەهەشتی خۆمدام... ئەگەر قیامەتیش هەبێت و بێت، منیش بگەڕێمەوە لای خوای پەروەردگارم، حەتمەن پێشوازی دەكرێم و ڕێزم لێ دەنرێت و لەمەش چاكترم پێدەبەخشەێت!

هاوڕێ موسوڵمانەكەی، كە باش گوێی لێگرتبوو، نەرم و نیانانە لەگەڵیدا دەدوا، وەڵامی دایەوە: باشە تۆ دەڵێیت: (خوای پەروەردگارم)، جا كە باوەڕت پێیەتی بۆچی وا لێی یاخیی بوویت ؟ بۆ چی نایناسیت و نایپەرستیت؟ بۆچی سوپاسی ناكەیت لەسەر ئەم هەموو ناز و نیعمەتەی كەپێی بەخشیویت؟ بۆ چی وا مەغرور و لوتبەرز و بەدەعییەت و خۆت كافر كردووە؟ بۆچی باوەڕت بەخوایەتیی ئەو كردگارە مەزنە نییە، كە تۆی لەخۆڵ دروست كردووە (كە باوكە ئادەمە -علیە السلام)، پاشان تۆی لەتنۆكە ئاوێك خەلقكردووە و ئاوا ڕێك و پێك، زرپ و زیندوو كردوتی بەم پیاوەی ئێستا... بەڵام من باوەڕی تەواوم هەیە

كە ئەوە خوای پەروەردگارمە، كردگار و خاوەنمە، ڕۆزیدەر و چاودێرمە..

بەهیچ كلۆچێك هیچ یەكێـك لەهـیچ سـیفەتێكیدا نـاكەمە هاوبەشـی.. باشـە بۆچی ئەوەندە بەهۆش و گۆش نەبوویـت، كە كاتێـك هـاتیتە ناوبـاخەكەتەوە و ئەوەندە بەبەرهەم و حاسڵات و دیمەن و ئاو و هەوای سەرسام و ئاسوودەبوویت! بۆچی جارێك نەتوت : (ما شاء الله) (لا قوة إلا بالله)؟

واتە: ئەوەندەی كە خوای گەورە حەز دەكات بەخشیوێتی، هیچ هێزێك نیـیە جگە لە هێزی رەها و بێ سنوور و بێ وێنەی خوای تاكوپاك.. بەڵێ، ڕاسـتە مـن ماڵ و سامان و ئەولاد و نەوەم لەتۆ كەمترە، بەڵام دەبێ ئەوە بـزانین، كە هەمـوو ئەم ناز و نیعمەتانە لەخوای گەورەوەن...

لەوانەیە خوای گەورە دواتـر بەمـن زیـاتر ببەخشـێت و هەورە بروسـكەیەك لەئاسمانەوە بنێرێتە سەر باخ و بێستانەكانی تۆ و هەمووی بكات بەقەرەبروت... خاكەكەشی بكاتە دەشتێكی بێرووتی كاكی بەكـاكی، كە خەڵكـی لـێ نەژی... یان ئاوی كـانی و جۆبـارەكەی بەنـاخی زەویـدا رۆچێـت و بەهـیچ وەسـیلەیەك نەتوانیت ئاو بۆ خواردنەوەی خۆشت هەڵهێنجیت.

هەر واشـبوو... خـوای گەورە دار و بەرهەم و چانـدن و حاسـڵات و ئـاو و جۆباری فەوتاند و هیچی بۆ نەمایەوە، ئینجا مات و مەلول دانیشت بەدیارییەوە و هەر دەستی پێكدا دەكێشـا... پەشـیمان و بەحەسرەت، هەر ئـاخی هەڵدەكێشـا، خەفەتی لێ دەخوارد!

لەفەوتـانی مـاڵ و سـامانەكە و لەڕەنجـی بەفیـڕۆی، لەو هەمـوو هەوڵـدانە بەردەوامەی كە پێوەی خەریكبوو، كەچی ئا ئەوەتا هەمـووی وشـك وبرینـگ و رزیـو و گەنـدەڵ، بـووە بەكـۆتەرەی پـواو... لـق و چڵـی بەسـەر قەد و قەدی

بەسەریەكدا شكاونەتەوە و سیس و وشك هەڵاتوو كەوتوون، هەر سەیری دەكردن و ئاهی ناسۆری هەڵدەكێشا و دەیوت: واوەیلا بەحاڵم... هەیرۆ... حەیفێ!..

خۆزگە هیچ یەكێكم بەهاوبەشی خوای پەروەردگارم دانەنایە... ئاوا لات و پوت كەوت.. موفلیس.. بێ سەروەت و سامان... لەولاوەش كەسی نەما بێت بەهانایەوە... دەست و پێوەندە و حاشیە و خزمەتكار، ڕەنجبەر و جوتیار، خزم و كەسوكار... كەس نەما... یەكێك نەبوو دەست بداتە باڵی و قیتی كاتەوە!

چ جای لەسەر كردنەوە و ڕێ گرتن لەسزا خواییەكە، كە لەتوانای كەسیاندا نییە... ئاوا هەستی كرد موفلیس و زەلیل كەوتووە، كە هەر هۆشی لای دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداری وسەركەوتن بوو، بەس جارێك بەخەیاڵیش ئەم حاڵەتەی نەخستە یادی خۆیەوە... ئەوەتا بێناز و بێ تووك كەوتووە... نەدەوڵەمەندما و نەسەركەوتوو.

٤ جولەكە ستەمكارەكانی ڕۆژی شەممەكە:

﴿وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَتۡ حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ إِذۡ يَعۡدُونَ فِي ٱلسَّبۡتِ إِذۡ تَأۡتِيهِمۡ حِيتَانُهُمۡ يَوۡمَ سَبۡتِهِمۡ شُرَّعٗا وَيَوۡمَ لَا يَسۡبِتُونَ لَا تَأۡتِيهِمۡۚ كَذَٰلِكَ نَبۡلُوهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ١٦٣ وَإِذۡ قَالَتۡ أُمَّةٞ مِّنۡهُمۡ لِمَ تَعِظُونَ قَوۡمًا ٱللَّهُ مُهۡلِكُهُمۡ أَوۡ مُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗاۖ قَالُواْ مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ١٦٤ فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦٓ أَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ يَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذۡنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابِۭ بَـِٔيسِۭ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ١٦٥ فَلَمَّا عَتَوۡاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنۡهُ قُلۡنَا لَهُمۡ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ١٦٦﴾ الأعراف: ١٦٣ – ١٦٦ .

(ئەم ئایەتانە دەربارەی خەڵكانێكی جوولەكە (بەنوئیسرائیل)ە كە دانیشتوانی (ئیلە/فەلەستین) بوون، فەرمانیان پێدرابوو كە نابێت لەڕۆژانی

شـەممەدا راوە ماسـی بـكەن، بەڵام ئەوان شـەمهان تـۆڕی ماسـی گرتنەكانیـان هەڵدەدایە دەریاوە و ڕۆژی یەكشەممە رایاندەكێشانەوە!

ئاوا بەحساب شەمهان فەرمانی خوا جێبەجێدەكەن و یەكشەممهان راوە ماسیی ئاسایی خۆیان)، واتە: لەجوولەكەكـان بپرسـە (بەتەوس و تیـر و تـوانجەوە) كە دەربارەی ئەو ڕەفتارە فێڵكارییە چـی دەڵـێن كە خەڵكـی ئەو نـاوچەیەی كەنـار دەریا (ی سوور) دەیانكرد، كە فەرمانیان پێدرابوو: ڕۆژانی شـەممە نابێـت ڕاوە ماسی بكەن، بەڵام ئەوان فەرمانەكەیـان دەشـكاند، چـونكە دەیـانبینی ڕۆژانـی شەممە، ماسی زۆرتر و چـاكتر دەهـاتە كەنـار دەریـاكە و، بـاقی ڕۆژانـی تـری هەفتەكە دوردەكەوتنەوە.

ئاوا دەمانەویست تاقیبكرێنەوە كە چەندیان و تا چ رادەیەك فەرمـانی خـوای گەورە دەشـكێنن، (بـوون بەسـێ بەشـەوە: بەشـێكیان كەوتەوە راوە ماسـی و فەرمانەكەیان شكاند، بەشێكی تریان دژیان وەستانەوە و هەوڵیـان دەدا نەهـێڵن راوە ماسی بكەن، بەشی سێیەمیشیان نەراویان كرد و نەبەرهەڵستیشیان كرد).

ئەم بەشـەی سـێیەمیان بەبەشـی دوومیـان دەوت كە بەرهەڵسـتیان دەكـرد: بۆچی رێیان لێدەگرن؟

هەقتان نەبێت بەسەریانەوە...

ئەمـانیش وتیـان: ئـاخر لەبەر فەرمـانەكەی خـوای گەورە و بـۆ رێگـرتن لەپێچەوانەكارییەكەیان...

وتیـان: جـا خـۆ خـوای گەورە هەر بەفەتارەتیـان دەبـات و سـزای سـەختیان دەدات، بۆ خوایان لێگەرێن (حەواڵەی خوای گەورەیانكەن)، ئەمان وتیان: ئـاخر خۆ دەبێت خۆمان ببینە خاوەن عوزر لای خوای گەورە... تا بڵێین: خـوایە گیـان! هەوڵـــمان لەگەڵیانـــدا... ئامۆژگـــاریمان كـــردن، رێـــمان لێگـــرتن، بەڵام هەر بەردەوامبوون ، ئێمەش لەوە زیاترمان پێنەكرا...

ئیتر كە فەرمانەكەی خوای گەورەیان فەرامۆشكرد و سەرڕاستانە بەدیینی خواوە پابەند نەمان، خستیانە بەر غەزەبی خۆمان... ئەوانەمان قوتار كرد كەبەرهەڵستی خراپەكارییان دەكرد و ئەوانەش كە ستەمیان كرد سزایەكی سەختمان هێنانە ڕێ، چونكە ئینحیرافیان كردبوو.

كە زۆر لوتبەرزانەش ڕەفتاریان كرد و لەجیاتی تۆبەكردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، زیاتر ملهوڕییان كرد و یاخییتربوون، ئیتر ئێمەش حوكمان بۆ دەركردن كە ببنە مەیموونی زەلیل و ژێر دەستە.

٥ قەومی سەیدنا (نوح) (علیه السلام):

﴿كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ فَكَذَّبُواْ عَبۡدَنَا وَقَالُواْ مَجۡنُونٞ وَٱزۡدُجِرَ ٩ فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَغۡلُوبٞ فَٱنتَصِرۡ ١٠ فَفَتَحۡنَآ أَبۡوَٰبَ ٱلسَّمَآءِ بِمَآءٖ مُّنۡهَمِرٖ ١١ وَفَجَّرۡنَا ٱلۡأَرۡضَ عُيُونٗا فَٱلۡتَقَى ٱلۡمَآءُ عَلَىٰٓ أَمۡرٖ قَدۡ قُدِرَ ١٢ وَحَمَلۡنَٰهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلۡوَٰحٖ وَدُسُرٖ ١٣ تَجۡرِي بِأَعۡيُنِنَا جَزَآءٗ لِّمَن كَانَ كُفِرَ ١٤ وَلَقَد تَّرَكۡنَٰهَآ ءَايَةٗ فَهَلۡ مِن مُّدَّكِرٖ ١٥ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ١٦﴾ القمر: ٩ – ١٦.

واتە: پێش قوڕەیش قەومی (نوح)یش (علیه السلام) هەر هەمان بزاوت و هەڵوێستیان گرتبووە بەر، سەیدنا (نوح)یان بەدرۆ دەخستەوە، قسەی ناشیرینیان پێدەوت، دەیانوت: شێتە، ڕێیان پێدەگرت، گاڵتەیان پێدەكرد، پاڵیان پێوە دەنا... تا ئیتر زۆر لێیان تووڕەبوو، كەوتە دوعاكردن لێیان... داوای لەخوای پەروەردگاری كرد: كە خوایە گیان! من بێدەسەڵات كەوتووم.

خوایە! تۆ خۆت سەرمخە.. ئێمەش دەروازەكانی ئاسمانمان هەموو واڵاكرد.. بارانی لێزمە بەخوڕ بەسەریان داباری، زەمینیشمان هەموو لێكردنە كانیاو و لە هەموو لایەكەوە ئاومان هەڵدەقوڵاند..

ئاوا ئاوی بارانی ئاسمان و ئاوی هەڵقوڵاوی زەمین یەكیان گرت و بەویست

و فەرمـانی ئـێمە لافـاو هەسـتا و تـا بڕیـاری ئەزەلـیمان بێـتەدی کە خنکـان و فەوتاندنیانبوو... (نوح) و شـوێنکەوتوانیمان لەکەشـتیەکە قوتـار کـرد، کە هەر دارو تەختە و پـواز و گـوریس بـوو (واتە: کەشـتییەکە خـۆی هـی ئەوە نەبـوو تەحەممولی ئەو هەمـوو شـەپۆل و لافـاوە بگرێـت)، بەڵام لەژێـر چاودێریمانـدا دەڕۆیشت... ئەمانمان ئاوا قوتارکرد تا سەرکەوتن بێت بۆیان.

ئەمە پاداشتی خۆگری سەیدنا (نـوح)ە (علـیە السـلام) کە ئەوەنـدەی خـۆی لەبەر کـــوفر و دەســـتدرێژی و چەوســـاندنەوەیاندا راگـــرت، ئینجـــا بـــاس و ئاسەواریانمان کرد بەبەڵـگە و نیشـانەی دەسـەڵاتی خـوایەتیی و چارەنووسـیی دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێسـتی کـوفر و ئـیمان و کـافران و ئیمانـداران، بـۆ هەر کەسێك سەرنجبدات و پەند و ئامۆژگـاری بگـرێتە گـوێ.. جـا بـزانە فەرمـان و ئینزار و سزام چۆن بوو.

﴿وَنُوحًا إِذْ نَادَىٰ مِن قَبْلُ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾ وَنَصَرْنَٰهُ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٧٧﴾﴾ الأنبياء: ٧٦ – ٧٧ .

واتە: یاد و باسی سـەیدنا (نـوح) بـکە، کە پـێش جەنابـت بـوو کە لەتاوانـدا دوعای بنبڕبوون و قڕبوونی لەقەومەکەی کرد (کە فەرمـووی: ﴿وَقَالَ نُوحٌ رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴿٢٦﴾﴾ نوح: ٢٦)، ئێمەش یەکسەر دوعاکەیمان گیرا کرد و خۆی و شوێنکەوتوانیمان رزگار کرد، کە لەکەشتیەکەیدا لەخزمەتیدابوون...

هەموویانمـان لەو کارەسـاتە گەورە و دژوارە قوتـار کـرد، کە نقوومبـوونی ئەکیدیان بوو لەلافاوەکەدا و سەرمانخست، نەمانهێشت کافران بەئاواتی خۆیـان بگەن و ڕێ لەپەیامەکەی بگرن، یان دەسـتی مەترسـییان بگـاتە سـەر ژیـانی... قەومەکەی قەومێکـی شـەڕخواز و خراپەکـاربوون، بـۆیە هەرهەموویانمـان لەلافاوەکەدا غەرق کرد.

٦ قەومی عاد:

﴿كَذَّبَتۡ عَادٞ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ١٨ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ ١٩ تَنزِعُ ٱلنَّاسَ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٖ مُّنقَعِرٖ ٢٠ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ٢١﴾ القمر: ١٨ – ٢١.

واتە: قەومی عاد، پێغەمبەرە بەرێزەکەی خۆیانیان (سەیدنا هود -علیه السلام) بەدرۆخستەوە و دژی وەستانەوە.. بەڵام بڕوانە چۆن پێشتر هۆشداریم دانێ و، دواتریش سزای بەژان و سەخت.. رەشەبایەکی سارد و سەخت و بەهاژ و هووژی سەختمان ناردە سەریان، لەڕۆژێکدا کە بۆیان بوو بەڕۆژێکی رەش و شووم، لەتاواندا بۆ خۆپاراستنیان چووبوونە بیرو چاڵی قووڵەوە، بەڵام رەشەباکە لەوێشەوە رایدەفڕاندن و دەیکوشتن...

ڕەشەباکە هەروا بەردەوامبوو تاوەکو ڕەگ و قەدە دارخورمای تێکشکاو و ڕماو هەموو کەوتن.. بڕوانە هۆشداری و سزای بەژانم چۆن هاتە سەریان و چی لێ کردن.

﴿وَأَمَّا عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ ٦ سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ ٧ فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ ٨﴾ الحاقة: ٦ – ٨ .

واتە: ئەمما (عاد) ئەوە بە ڕەشەبایەکی سەخت و بەهێزی دەنگدار فەوتێنران کە حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بەردەوام بوو لەسەریان، تا هەر هەموویانی ڕۆژ بەڕۆژ دەفەوتان و قڕیان تێکەوت، هەموو لەملاولا کەوتبوون، دەتوت قەدی دارخورمای ڕماو و تێکشکاون... جا کەس دەبینیت لێیان مابێتەوە؟! بێگومان: نەخێر .. چونکە بنبڕبوون.

٧ قەومی سەمود:

﴿ كَذَّبَتۡ ثَمُودُ بِٱلنُّذُرِ ﴿٢٣﴾ فَقَالُوٓاْ أَبَشَرٗا مِّنَّا وَٰحِدٗا نَّتَّبِعُهُۥٓ إِنَّآ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٍ ﴿٢٤﴾ أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ مِنۢ
بَيۡنِنَا بَلۡ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٞ ﴿٢٥﴾ سَيَعۡلَمُونَ غَدٗا مَّنِ ٱلۡكَذَّابُ ٱلۡأَشِرُ ﴿٢٦﴾ إِنَّا مُرۡسِلُواْ ٱلنَّاقَةِ فِتۡنَةٗ لَّهُمۡ فَٱرۡتَقِبۡهُمۡ
وَٱصۡطَبِرۡ ﴿٢٧﴾ وَنَبِّئۡهُمۡ أَنَّ ٱلۡمَآءَ قِسۡمَةُۢ بَيۡنَهُمۡۖ كُلُّ شِرۡبٖ مُّحۡتَضَرٞ ﴿٢٨﴾ فَنَادَوۡاْ صَاحِبَهُمۡ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ ﴿٢٩﴾ فَكَيۡفَ كَانَ عَذَابِي
وَنُذُرِ ﴿٣٠﴾ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَكَانُواْ كَهَشِيمِ ٱلۡمُحۡتَظِرِ ﴿٣١﴾ ﴾ القمر: ٢٣ – ٣١ .

واته: قەومی (سەمود) هەموویـان سـەیدنا (سـاڵح)یـان (علیەالسـلام) بەدرۆ خستەوە کە فەرمووی من نێرراوی خـوای گەورەم و پەیـامی ئەوم بـۆ هێنـاون، دەیانوت چۆن ئێمە کە قەومێکی زۆر و کۆمەڵێکی بەهێـزین شـوێن یەك کەس بکەوین کە هەر مرۆڤێکە و وەکو خۆمانە و هەر لەخۆشمانە.

جا ئەگەر شوێن ئەو بکەوین و دین و دید و نەریتی خۆمـان بـۆ ئەو واز لـێ بهێنین دیارە کە گومڕاو سەرگەردان بووین... دیارە سەرمان لێشێواوە یان شـێت بـووین، چـما ئەو ئەوەنـدە شـایانی پێغەمبەرێتیـیە کە لەنـاو ئەم هەمـوو پیـاو ماقوڵانەی ئێمەدا وەحی هەر بۆ ئەو بێت؟! نا، وەحی بـۆ نەهـاتووە، درۆ دەکـات (حاشای ئەو)، درۆزن و لوتبەرز و سپڵەیە، سبەینێ (لەڕۆژی دوایدا) دەزانن کێ لوتبەرز و مەغرور و سپڵەبووە.

ئێمە وا ئەو حوشترەیان بۆ دەنێـرین، هەروەکـو کە خۆیـان داوایـان دەکـرد .. دەبینێرین و دەیکەینە مایەی تاقیکردنەوەی ڕاست و درۆیان، بـاوەڕ و کوفریـان، جەنابیشت (سەیدنا سالح -علیە السلام) چاوەڕوان بە کە چییان بەسـەر دێنـین.. زۆریش سەبر لەسەر دژایەتیان بگرە... پێیـان بڵـێ: کە ئـاوی بیـرەکە بەنـۆرەیە، ڕۆژێك بۆ ئەوان بێت و ڕۆژێك بۆ ئەو حوشترە تایبەتیە، هەر کەسە پشکە ئاوی خۆی بۆ دیار بیکرێت و بێت و ببیات، بەڵام تا ماوەیەك خۆیان گرت کە بەو بڕیار و مەرجەوە پابەنـدبن، دیتیـان ڕۆژێـك نۆرەئـاو بـۆ حوشـترەکە زۆرە... چـونکە نەشیاندەتوانی نۆرە ئاوەکەی بوەستێنن، بیریان لەکوشتنی حوشترەکە کردەوە.

ڕۆژێك ئەو كەسەیان بانگ كـرد كە تەگبیـری كوشـتنی حوشـترەكەیان بـۆ كردبوو، شمشێری بڕندەیان دایێ و پێیان وت سـەریبڕە، ئەویـش سـەری بـڕی ... جابزانە هۆشداری و سزای سەختم چۆن بوو بۆیان، یەك هاوارێكیـان لێكـرا هەر هەموو ڕۆحیان پێی دەرچوو... دەتوت كای كوتراو و پەرێزی شێلراون.

٨ قەومی سەیدنا لوط (علیه السلام):

﴿ قَالُواْ بَلْ جِئْنَاكَ بِمَا كَانُواْ فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴿٦٣﴾ وَأَتَيْنَاكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ ﴿٦٤﴾ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَامْضُواْ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ ﴿٦٥﴾ وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَلِكَ الْأَمْرَ أَنَّ دَابِرَ هَؤُلَاءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ ﴿٦٦﴾ وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٦٧﴾ قَالَ إِنَّ هَؤُلَاءِ ضَيْفِي فَلَا تَفْضَحُونِ ﴿٦٨﴾ وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ ﴿٦٩﴾ قَالُواْ أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ ﴿٧٠﴾ قَالَ هَؤُلَاءِ بَنَاتِي إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ ﴿٧١﴾ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿٧٢﴾ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ ﴿٧٣﴾ فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ ﴿٧٦﴾ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٧٧﴾ ﴾ الحجر: ٦٣ – ٧٧ .

واتە: كاتێك نێرراوەكانی خوای گەورە كە فریشتە بوون هاتنە مـاڵی سـەیدنا (لوط -علیه‌السلام)، پێی فەرموون: لام نەناسن، دەشێت خۆتانم پێ بناسێنن؟

فەرموویان: ئێمە ئەو سزا سەختەمان هێناوە كە دوژمنە كافرەكانت گومانیان هەبوو لێی، ئەوەتا بەڕاستی ئێمە كە فریشتەی خوای گەورەیـن بڕیـاری حەقـی خـــواییمان هێنـــاوە و ڕاستگۆشـــین كەوا دەڵێـــین... خـــوای گەورە غەزەب لەقەومەكەت دەگرێت، سا تا زووە خۆت و ماڵ و منداڵەكانت بەشەو قوتاركە و ڕێیان نیشاندە با لەشار دەرچن.. دوایی خۆشت پێیان بگەرەوە... هەمـوو شـار و كۆمەڵگەكە جێ بهێڵن و نەگەڕێنەوە، ئاوڕ لەقەومەكەتان نەدەنەوە (چـونكە وا دەكەونە ناسۆر و ژان و كوێرەوەرییەوە كە ترس ئێوەش دابگرێت)... بڕۆن...

بەرەو شام رۆیشتن.. وەحـیمان بـۆ (لـوط) نـارد كە سـبەینێ بەیـانی شـاریان

بەسەردا ژێر و ژوور دەكرێت، بەردەبـاران دەكـرێن و قڕیـان تێـدەكەوێت، بەڵام پێش جێبەجێكردنی سزا خواییەكە لەسەر ئەم قەومە بەدڕەفتارە.

بیستیان كە سەیدنا (لوط) میـوانی غەریـبەی هـاتووە، زۆر قـۆز و جـوانن، ئەوانیش نێربازبوون، بۆیە ئەهلی شار (شاری سەدۆم ،كە لە ئەردەنـی ئێسـتایە) هەموو بەهەڵەداوان بەرەو ماڵی سـەیدنا (لـوط) هـاتن، مژدەیـان بەیەكـتر دەدا و بەئومێـدبوون نێربـازیی لەگەڵ ئەو میـوانە جوانانەیـدا بـكەن كە نەیانـدەزانی فریشتەن!

سەیدنا (لوط) پێی فەرموون: پیاوی چاك بن ئەوانە میوانی منن، شەرمەزارم مەكەن... لەخوابترسن و وازبهێنن لەهێرش و هەوڵـدانتان، وتیـان: مەگەر ئـێمە پێمان نەوتبوویت، كە نابێت میوانت بێت، ئەگەر هات، دەبێ هەواڵمان بدەیتێ!

پێی فەرموون: پیاوی چاك بن واز لەم ڕەوشتە بهێنن و ئافرەت مـارە بـكەن، منیش ئامادەم كچەكانی خۆمتان لێ مارەبكەم، خوای گەورە بەپێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: سوێند بەژیانی تۆ، ئەوانە بێ هۆش و گـۆش (مەست و سەرسەریانە) ڕەفتاریان دەكرد..

بۆیە خوای گەورە فەرمـانی بە جیبریـل (جوبرائیـل) دا، كە لەگەڵ هەڵهـاتنی خۆردا هاوارێكی كوشندەیان لێكە، لەگەڵ ئەو هاوارەدا بەردەباران دەستی پێكرد بەسەریاندا، بەردی سفت و سەخت كە وەكو خشتی سـوورەوەكراوەی نـاو ئـاگر بوو... لەهەر كوێ بوونایە بەریاندەكەوت، ئینجا ماڵ و خانووبەرەیانمـان ژێـر و ژووركرد و هەموومان فەوتاندن...

ئەمە چەنـدەها بەڵـگە و نیشـانەی خـوایەتی تێـدایە بـۆ هیدایەتـدانی ئەو كەسانەی پەی بەشت دەبەن و واسـەرنجدەدەنە ڕووداو كە پەنـد و ئامۆژگـاریی لێ وەربگرن... ئێ خۆ ئەم قەوم و شارە وا لەسەرە ڕێی قوڕەیشدایە، كە دێـن بـۆ شـام و دەگەڕێـنەوە بەئێـرەدا تێـدەپەڕن، هێشـتا ئاسـەوارەكان هەرمـاون و

لەبەرچاون، دەی سا بۆچی قورەیش ئەقڵی بەمە ناشكێت و خەمی ئەوەی ناكەوێتە بەر كە چارەنووسی ئەوانیش وای لێ بێت؟

﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ۝٨٢ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ۝٨٣﴾ هـود: ٨٢ – ٨٣.

واتە: كاتێ فەرمانی فەوتانیانمان دەركرد و بۆیان چوو، جێ و ڕێ و ماڵ و سوكنایانمان هەموو ژێر و ژووركرد و بەردەبارانمان كردن، بەبەردی سوورەوەكراوی دەستڕێژ... كە یەك لەدوای یەك بەریاندەكەوت، هەر بەردەو نیشان و دیاریكراوبوو كە كێی پێ سزادەدرێت و چۆن بەریدەكەوێت، خوای گەورە خۆی دیاریكردبوون... خۆ ئەم سزایە لە قورەیشیش بەدوور نییە... كە هەرواستەمكار و بەرهەڵستكاری دینی خوای گەورەن.

﴿إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ۝٨١ وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَخۡرِجُوهُم مِّن قَرۡيَتِكُمۡۖ إِنَّهُمۡ أُنَاسٞ يَتَطَهَّرُونَ ۝٨٢ فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ۝٨٣ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِم مَّطَرٗاۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ۝٨٤﴾ الأعراف: ٨١ – ٨٤.

واتە: بیر لەوە بكەرەوە كە كاتێك سەیدنا (لوط- علیه السلام) بەقەومەكەی خۆیی فەرموو: بەڕاستی ئێوە مومارەسەی گوناح و تاوانێكی وا قێزەون و بەد دەكەن، كە كەس پێش ئەوە شتی وای نەكردووە، ئێوە ئارەزووی جنسی خۆتان بەپیاوان دەشكێنن و، ئافرەتانتان وەلكردووە!

بەڕاستی ئێوە سنوورشكێنن.. ئێوە لەبازنەی حەڵاڵ دەرچوون و زێدەڕۆییش لە حەڕامكاریدا دەكەن..

وەڵامی قەومەکەی ئەوە بوو: کە لەناو خۆیاندا بڕیاردا کە سەیدنا (لوط- علیه السلام) و شوێنکەوتوانی لەشار و لەناو قەومی خۆیاندا دەرکەن، چونکە کەسانێکن خۆیان لەنێربازیی بەدووردەگرن.. ئێمەش بڕیارماندا خۆی و ئیماندارانی دەوروبەری دەرباز بکەین، جگە لەژنەکەی، کە لەریزی ئەو کەسانەماندا هێشتەوە، کە غەزەبی خوایان لێ گیرا و بەرسزای سەختی کەوتن، بەردەبارانمان کردن... بڕوانە سزا و چارەنووسی تاوانکاران چیە و چۆنە؟

٩- قەومی سەیدنا (شوعەیب) علیه السلام:

﴿وَإِلَىٰ مَدۡيَنَ أَخَاهُمۡ شُعَيۡبٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥۖ قَدۡ جَآءَتۡكُم
بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡۖ فَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تُفۡسِدُواْ
فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٨٥ وَلَا تَقۡعُدُواْ
بِكُلِّ صِرَٰطٖ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبۡغُونَهَا عِوَجٗاۚ
وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ كُنتُمۡ قَلِيلٗا فَكَثَّرَكُمۡۖ وَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨٦ وَإِن
كَانَ طَآئِفَةٞ مِّنكُمۡ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٞ لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ فَٱصۡبِرُواْ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ
ٱللَّهُ بَيۡنَنَاۚ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٨٧ ۞ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَنُخۡرِجَنَّكَ يَٰشُعَيۡبُ
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَكَ مِن قَرۡيَتِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۚ قَالَ أَوَلَوۡ كُنَّا كَٰرِهِينَ ٨٨ قَدِ ٱفۡتَرَيۡنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنۡ
عُدۡنَا فِي مِلَّتِكُم بَعۡدَ إِذۡ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنۡهَاۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَاۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ
شَيۡءٍ عِلۡمًاۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَاۚ رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ ٨٩ وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ
كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعۡتُمۡ شُعَيۡبًا إِنَّكُمۡ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ٩٠ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلرَّجۡفَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دَارِهِمۡ جَٰثِمِينَ
٩١ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَاۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَانُواْ هُمُ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٩٢ فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ

﴿وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡۖ فَكَيۡفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوۡمٖ كَٰفِرِينَ ٩٣﴾

الأعراف: ٨٥ – ٩٣ .

واتە: سەیدنا (شوعەیب)مان -علیه السلام- نارد بۆ دانیشتوانی شاری (مەدیەن)، كە (شوعەیب) خۆیشی خەڵكی ئەوێ بوو، یەكێك بوو لەخۆیان، بەخەڵكەكەی فەرموو: هۆ گەلۆ.. ڕوو لەخوای گەورەكەن و تەنها ئەو بپەرستن، ئێوە هیچ خوایەكی حەقیقی ترتان جگە لەو نییە كە كردگار بێت و شایانی پەرستن بێت، بەتایبەتی كە موعجیزەی خواییشتان بەتایبەت بۆ هاتووە و دیوتانە و بۆتان سەلمێنراوە، كە من نێرراوی خوای گەورەم و پەیامی ئەوم هێناوە كە فەرمانتان پێدەدات لەپێوان و كێشاندا، حەق ڕەچاوبكەن و مافی خەڵكی بەكەم و كورتی مەدەن.

ئەم سەرزەمینە پێشتر بەبانگەوازی خوایی چاكسازی بەسەر داهاتووە، ئێوە مەكەونە خراپەكاریی، بەكوفر و تاوان فەسادی تێدا بڵاومەكەنەوە... ئەم دینداریێتی و پابەندێتییەتان بەفەرمانی خوای گەورەوە خێرخوازانەیە وو چاكترە ئەگەر ڕاستدەكەن موسوڵمانن و وحەزتان لەدینداری و پاداشتی خوای گەورەیە ... جەردەیی و ڕێگری مەكەن، مەچنە سەر ڕێی خەڵكی و ماڵ و سامانیان لێ مەستێنن، واز لە دژایەتی دینی خوای گەورە و بەرهەڵستیكردنی بانگەوازەكەی بهێنن، واز لەو كەسانە بهێنن كە موسوڵمان بوون و مەیانچەوسێننەوە و هەڕەشەی كوشتنیان لێ مەكەن!

بۆچی كە خۆتان دیدوڕێی حەقتان نەگرتۆنەبەر، كۆڵ لەو خەڵكە نادەن و لێیان ناگەڕێن تا ڕێبازی ڕاستی خوای گەورە بگرنەبەر... لە یادتان بێت كە سەردەمانێك بوو ئێوە كەم و لاواز بوون و خوای گەورە زۆر و بەهێزی كردن...

دەی سەیری چارەنووسی خراپەكاران بكەن و تێفكرن كە چۆن ئەوان لەخوای گەورە یاخیی بوون و نێرراوەكانیان بەدرۆ دەخستەوە.. ئەنجامیان چی بوو؟

مەگەر فەتارەت و قران وبنبڕانیان نەبوو؟! ئیتر بۆچی ئێوە هەر دەتانەوێت لەسەر هەمان دید و تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستی كوفرینتان بەردەوام بن؟!

پێشتر هەر لەسەرەتای هاتنی پەیامی منەوە كۆمەڵێكتان باوەڕی بەوەهێنا كە من ناردبووم، كۆمەڵێكی تریش باوەڕیانی پێی نەهێنا.. دەی سا ئێوە بەئارام و خۆگر و پشوو درێژبن، سووربن لەسەر دین و دینداریتان، لەسەر سەرخستنی حەق... تا خوای گەورە لایەك بەلایەكدا دەخات و خۆی داوەری نێوانمان دەكات كە بەسەركەوتنی ئیمان و دینداران كۆتایی دێت... چونكە كوفر و كافران هەرنابوت دەبن.. بێ دەسەڵات دەكەون.. خوای گەورە ڕاست و ڕەوا و دادپەروەرە، دانا و زانا و بەتوانایە و دەتوانێت و دەزانێت چۆن داوەری دادپەروانە بكات.

ناودارانی موستەكبیر و لوتبەرز و بەهەوا و فیزی قەومەكەی، وتیـان: هـۆ شوعەیب، بڕیارمانداوە بەتەئكید لە خـۆت و ئەوانەی باوەڕیـان هێنـاوە و وەلـت دان، لەشار دەرتان دەكەیـن، نـا هێڵـین لەناومانـدا بمێـنن، مەگەر ئەو كـاتە كە دەگەڕێنەوە سەر دین و دید و دابونەریتی خۆمان..

فەرمووی: چما ئەگەر نارازیش بین هەر بەزۆرەملێ دەمانبەنەوە سەر دیـن و دید و دابونەریتی جاهیلی خۆتان؟

جا ئەگەر ئێمە ئەوە بكەین، دیارە خوای گەورە سەری لێشێواندووین... دیارە ئێمە ئیسلامەتییەكەمان بۆ سەلامەتی خۆمان گرتبـووەبە،ر دیـارە ئـێمە خۆمـان لەدینــی خــوای گەورە زیــاتر خۆشــدەوێت.. دیــارە ئــێمە موســوڵمانبوونەكەمان فشەبوو.. بوختانمان هەڵبەستبوو... چەواشەكارانە موسوڵمانێتیمان ڕاگەیاندبوو.. چۆن ئەمەمان لێ داوا دەكەن؟!

جا ئێمە كە خوای گەورە لەپشتمانە و بەڵێنی پاراستنی دینەكەمانی پێـداوین و ئەگەر موسوڵمانانە ڕەفتارمان كرد، شایانی لوتفی خـوا دەبـین و سـەركەوتمان

پێدەبەخشێت، دەنا لەسەرمان ناکاتەوە و شکستیهان بەسەردا دەهێنێت.

خوای گەورە پەی بەهەر هەموو شتێك دەبات و دەیزانێت .. خۆ لەم بزاوت و هەڵوێستەی ئێمە و ئێوە بێ ئاگا نییە..

خوایە گیان! متهانەمان هەر بەتۆیە، پشتهان هەر بەتۆبەستووە، خوایە گیان بەبڕیاری مەحکەمی خۆت حەق لەنێوان ئێمە و قەومە جاهیلییەکەماندا ئاشکراکە و سەریخە، هەر تۆ چاکترین پشتیوان و لایەنگریت.. خوایە گیان حەقمان پێ سەرخە تا قەومەکەمان بزانن کە ئێمە لەسەر حەق بووین، تا باوەڕ بە دینەکەت بهێنن و وەکو ئێمە موسوڵمانێتی قبووڵ بکەن.

موستەکبیرانی قەومەکەی لەناوخۆیاندا لێیان بووبوو بەمشتومڕ... هەندێکیان دەیانوت: ئەگەر شوێن (شوعەیب) بکەون حەتمەن زەرەومەند دەبن، ئاوا کە سوور بوون لەسەر مانەوە لەسەر دیدوڕێی کوفر و یاخیبوون و دژایەتیکردنی بانگەوازی خواویستی.

ئیتر بومەلەرزەیەك گرتنیەوە و هەر هەموو بەچۆکدا هاتن و گیانیان دەرچوو... ئەوانەی (شوعەیب)یان بەدرۆ خستەوە وا ڕیشەکێش کران، دەتووت :هەر لەوە و پێش وجودیان نەبووە، دەتووت: ئەو شار و جێ و ڕێیەی ئەوان هەر کەسی تێدا نەژیاوە..

ئەوانەی (شوعەیب)یان بەدرۆ خستەوە خۆیان زەرەریان کرد.. سەیدنا (شوعەیب- علیه السلام) دوای فەوتانی کافرانی قەومەکەی، فەرمووی: ئەرێ هۆ گەلۆ! زۆرم بانگهێشتی دینی خوای گەورە کردن، زۆر جارم ئەم بانگەوازە خواییە بۆ ڕوون کردنەوە و ئەم پەیامەی خوای گەورەم پێتان گەیاند، زۆرم ئامۆژگاری کردن و ڕێی ڕاستم نیشانتاندا، بەڵام هەر باوەڕتان نەهێنا و ئاوا خۆتان گەیاندە ئەم چارەنووسە.. خۆ منیش خەفەتتان لێناخۆم.. من خەفەت لەکەسانێکی کافر ناخۆم کە لەسەر کوفر دەژین و دەمرن.

١٠ فیرعەون و قەومەكەی:

﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ الأعراف: ١٣٠ .

واتە: سزای قەومی فیرعەونمان بەساڵانی گرانی و قات وقڕیدا، هەروەها بەكەمكردنی بەرهەم و دانەوێڵە و حاسڵاتییان، كە خۆراكیان بوو.

﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلرِّجْزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَٰلِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿١٣٥﴾ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٣٦﴾﴾ الأعراف: ١٣٣ – ١٣٦ .

واتە: لافاومان كردنە سەر ،كە دەچووە هەر هەموو ماڵێكیانەوە ، بێئەوەی بیانخنكێنێت، شاڵاوە كوللەمان كردە سەر چاندن و دانەوێڵە و حاسڵاتیان و، ئەسپێش بۆ لەشی خۆیان، هەر پۆشاكێكیان دەگۆڕی، پڕبوو لەئەسپێ!

هێرشی بۆقمان كردە سەریان، كە دەچوونە سەر قاپ و قاچاغیان، سەر نوێن و پێخەفیان، دەروماڵیان پڕكردبوون، ئاومان پڕ لەخوێن كردن، ئاویان لە كانیش هەڵبێهنجایە، لێیان دەبووە خوێناو!..

ئەمانە هەمووی نیشانەی دیار و ئاشكرا بوون، كەچی لەگەڵ ئەمەشدا هەر سووربوون لەسەر كافربوون و باوەڕنەهێنان بەپێغەمبەرێتی سەیدنا (موسا) و سەیدنا (هارون)- علیهم السلام- و هەروا تاوانكار مانەوە!

ئەمجارە كە سزای سەختتریان پێگەیشت هاواریان لێ هەستا، عەرزی سەیدنا(موسا)یان كرد كە لەخوای پەروەردگارت بپاڕێرەوە و داوای لێبكە ،با ئەم سزایەمان لەسەر هەڵگرێت، ئەگەر لایدا ئێمەش باوەڕ دەهێنین و

بەنوئیسرائیلییەكانیشت وەلـدا، دەنێـرێن، بیـانبەرەوە بـۆ خـاكی (كەنعـان) (لەفەلەستین)، كەچی كە دوای دوعاكردنی سەیدنا موسا ،بۆماوەیەك سزاكەمان لەسەر هەڵگرتن ، بەڵێنەكەیان شكاند و یەكسەر كەوتنەوە سەر كوفر و شیرك و گوناح و تاوانەكانی پێشوویان!

ئەمجـارە كە دیسـان كەوتـنەوە كـوفر و بێـدینی و نێرراوەكانمانیـان بەدرۆخستەوە و خۆیان لەنیشانەكانی خـوایەتیی و بەڵگەكـانی پێغەمبەرێتیـی گێل كرد، تۆڵەمان لێكردنەوە... لەدەریادا نقومـان كردن و فەوتانمانن.

١١ بەنوئیسرائیلییەكان:(١)

﴿وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَتُفۡسِدُنَّ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَّتَيۡنِ وَلَتَعۡلُنَّ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ٤ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ أُولَىٰهُمَا بَعَثۡنَا عَلَيۡكُمۡ عِبَادٗا لَّنَآ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ فَجَاسُواْ خِلَٰلَ ٱلدِّيَارِۚ وَكَانَ وَعۡدٗا مَّفۡعُولٗا ٥ ثُمَّ رَدَدۡنَا لَكُمُ ٱلۡكَرَّةَ عَلَيۡهِمۡ وَأَمۡدَدۡنَٰكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ أَكۡثَرَ نَفِيرًا ٦ إِنۡ أَحۡسَنتُمۡ أَحۡسَنتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡۖ وَإِنۡ أَسَأۡتُمۡ فَلَهَاۚ فَإِذَا جَآءَ وَعۡدُ ٱلۡأٓخِرَةِ لِيَسُـُٔواْ وُجُوهَكُمۡ وَلِيَدۡخُلُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوۡاْ تَتۡبِيرًا ٧ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يَرۡحَمَكُمۡۚ وَإِنۡ عُدتُّمۡ عُدۡنَاۚ وَجَعَلۡنَا جَهَنَّمَ لِلۡكَٰفِرِينَ حَصِيرًا ٨﴾ الإسراء: ٤ – ٨.

واتە: لەتەوراتدا بەوەحی بە بەنوئیسرائیلمان راگەیاندبوو: كە ئێـوە لەوڵاتـی شامدا دووجـار دەكەونە فەسـاد و خراپەكـاری و بەشـێوەیەكی بـاڵا دەسـتانەی ئاشكرا دەكەونەوە دەستدرێژیی و ستەم، كە هەلی یەكەمتـان بـۆ دەرەخسـێت و

(١) بەنـو: واتە :كـوڕ و نەوەی، ئیسـرا:واتە: عەبـد، ئیـل: واتە: اللـه، واتە:كـوڕ و نەوەكـانی عبدالله، كە نازناوی سەیدنا یەعقوبە (علیه السلام)، كە یـازدە كـوڕی هەبـوو، یەكێكیـان سەیدنا یوسفە (علیه السلام)، ئەسڵی جولەكە ئەم بەرەبابەن.

ستەمتان تەشەنە دەكات، كۆمەڵێك عەبدی پیاو چاكی خۆمانتان دەنێرینە سەر، كە هەمـوو بەخـۆو توانـا و شـیاوی جەنگـن و لێـزان و لێوەشـاوەی بەزەبـرن، دێنەسەرتان، ناوچەكەتان داگیردەكەن، خۆتان و تیرە و هۆزەكانتان زەلیل دەكەن و تا ماوەیەكی دیاریكراوی خوایی ئەم حوكمەتان بەسەرەوە دەبێت..

پاشان هێز و دەسەڵاتتان پێ دەبەخشینەوە و نۆرەی هێز و حوكم كردنی ئێـوە دێتەوە، لەم ماوەیاندا ناز و نیعمەتی زۆرتـان پێدەبەخشـینەوە، مـاڵ و سـامان و ئەولادتان ئەوەندە زۆر دەكەین تا بەهێزترین و زۆرترین دەبنەوە...

ئەگەر دینـدارانە ڕەفتـاركەن و چاكسـازبن چاكیتـان دێنیـنە ڕێ و پاداشـتی قیامەتیشتان مسۆگەر دەبێت، ئەگەر كەوتیشـنەوە فەسـاد و خراپەكـارییەكەی جاران، ئەوە لەسەرتان حسـێب دەبێـت و جـگە لە سـزای قیامەتتـان كە حەتمـی دەبێت، لەدنیاشدا زەلیل دەكەونەوە..

دوای ئەم دووەمـــین هەلەی بۆتـــان دەڕەخســـێت، ئەگەر كەوتبـــوونەوە دەســـتدرێژی و خراپەكـــاری، ئەوا ئەمجـــارە هێرشـــێكی ترتـــان دێتەســـەر كە كوشـتارێكی زۆرتـان لێـدەكەن و دیـل وسـەبایاتان دەگـرن و دەبەن و زەلیـل و چاوشۆڕتان دەكەن و بەلەشكریانەوە دەچنە بەیتولمەقدیس (قودس)ەوە، هەروەكو كە جاری یەكەم چوونە ناوی، حوكم دەگرنە دەست و هەرچی هێز و دەسەڵاتێكی ئێوە مابێت تەفر و توونای دەكەن و ستەمكارانتان دەفەوتێنن..

دوای ئەمجارەش خوای گەورە بواری تۆبەتان بۆ دەكاتەوە، چونكە دەیەوێت روحمتـان پـێ بكـات و بتانخـاتە بەر بەزەیـی خـۆی.. ئەگەر دیسـان كەوتـنەوە دەستدرێژی وخراپەكـاری و فەسـادەوە، ئـێمەش دێیـنەوە سـەر سـزادانە دەسـتە جەمعییەكەتان... دۆزەخیش بۆ كافران دەكەینە زیندان.(١)

---

(١) زانایانی پێشینی ئەهلی تەفسـیر ، كە تەسـەوریان نەكـردووە جوولەكەكـان جـارێكی تـر ←

﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَعَلَ فِيكُمۡ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكٗا
وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمۡ يُؤۡتِ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٠ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا
تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ٢١ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ
يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ٢٢ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ
ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن
نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ٢٤ قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ
إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٥ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيۡهِمۡۛ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗۛ
يَتِيهُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٦﴾ المائدة: ٢٠ – ٢٦ .

كۆببنەوە و لەشام/فەڵەستین ببنەوە بە خاوەن دەسەڵاتی بەهێزی دەستدرێژی و ستەم و خراپەکاریی.

فەرموویانە: دەستدرێژیی یەکەمیان بە کوشتنی سەیدنا زەکەریا (علیه السلام) دەستی پێکرد، کە خوای گەورە (جالوت) و سەربازانی نارده سەریان کە قودسیان وێران کرد و سەربازانی بەنوئیسرائیلییان کوشت و، خەڵکەکەشیان بە دیل و سەبایە بردن..

جاری دووەمی دەستدرێژی و فەسادییان بە کوشتنی سەیدنا یەحیا (علیه السلام) دەستی پێکرد کە ئەمجارە (بوخذ نەسر) لە عێراقەوە بە لەشکرێکی هەزاران جەنگاوەریی هێنایە سەریان و، (بەیتولمەقدیس)یان ڕماند و خەڵکەکەشیان بە دیل و سەبایا بردن بۆ بابل (حیللە لە عێراق).

بەڵام ئەهلی تەفسیری سەردەم دەفەرموون: خوای گەورە بە مەدح وەسفی ئەم لەشکرە ئازا و بەهێزەی کردووە کە دەچنە سەریان و تێکیان دەشکێنن، کە دەفەرموێ: ((عبادا لنا))، بۆیە دەفەرموون: ئەگەر جاری یەکەم (جالوت) و ئیماندارەکانی بووبێت، جاری دووەم سەییدنا (عومەری کوڕی خطاب)ە -خوای لێ ڕازی بێت-، کە چوو کلیلی قودسی وەرگرت، بەڵام ئەمەش لاسەنگە..

هەندێکی تریان دەفەرموون: جاری یەکەم هەر سەیدنا عومەر و موسڵمانانە و، جاری دووەم ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیلە ،کە لەشکری ئیسلامی تێکیدەشکێنێت (ان شاء اللە)، چونکە ئەمە دووەمین جاری هێز و دەسەڵاتیانە، بەڵام ئایەتەکان، جگە لەم دوو حاڵەتەش دەفەرموون: ((وإن عدتم عدنا))، کە دەشێت زۆرتر لە دووجار بووبێت.

واتە: بیر لەوەش بـكەرەوە كە سـەیدنا (موسـا- علـیە السـلام) بەقەومەكەی خۆیی فەرمـوو: دە هۆشـتان لەو هەمـوو نـاز و نـیعمەتە بێـت كە خـوای گەورە پێتانی بەخشیووە و لەیادتان بێت، كە پێغەمبەرانـی لەنێوانتانـدا هەڵبـژاردووە و لێتانی كـردووە بە دەسـەڵاتدار و حـوكمڕان، كە كاربەدەسـت و دەسـتوپێوەند و خزمەتكاری زۆریان هەبووە، ئەوەی خـوای گەورە بە ئێـوەی بەخشـیووە بەهـیچ كەس و كۆمەڵێكی تری جیهانیانی نەبەخشـیووە ... (لە:وەحیـی و حـوكمڕانیی، لەخاك و خەڵك و دەسەڵات، لەنیعمەتی ئاسمانی (المن و السلوى)، لەمـوعجیزەی سەرخستن (بەوشكایی بوونی دەریـا)، بە نـابوتبوونی دوژمنـی سـەر سـەختتان (فیرعەون و دەسەڵاتی..)، دەی سا فەرمانی خـوای گەورە جێبەجێـبكەن و بچـنە ناوچە پیرۆزەكراوەكەی خوای گەورەوە (قودس لەفەلەستین).

خۆ خوای گەورە لەسەرتانی فەڕزكردووە و هەر دەبێت بچن، لەترسی دوژمن پشـت هەڵـمەكەن و وورە بەردەن و واز لە فەرمـانەكە بهێـنن.. وتیـان: مووسـا! بەڕاستی ئێمە ناوێرین بچـین... قەومێكـی لێـیە هەمـوو بەدەن كەتە و بەهێـز و جەنگاوەری بەدەسەڵاتن، تـا ئەوان لەوێ بـن ئـێمە نـاچینە نـاوی، ئەمە بڕیـاری هەتاهەتاییمانە .. ئەگەر لەوێ نەمان، ئێمە دەچینە جێگاكانیان!

دووكەس هەر لەخۆیـان كە لەوەدەترسـان، ئەگەر ئەم فەرمـانە خـواییەش جێبەجێ نەكەن دیسان سزای دەستەجەمعی دەدرێن.. ئەم دوانە كە خوای گەورە نیعمەتی دین و ئیمان و جوامێری و ئازایەتی پێدابوون، بەخەڵكەكەیان فەرمـوو: لێیان مەترسن، ئەوانە ڕاستە بەدەن كەتە و زەبەللاحن، بەڵام غیرەتـی جەنـگ و كوشتاریان نییە، ئێوە هەر ئەوەنـدە بـكەن لەدەروازەی شـار نزیـك ببـنەوە، هەر بەوەندەی بتانبینن دەترسن و ئێوە زاڵ دەبن...

پشت بە خوای گەورە ببەسـتن، ئەگەر ڕاسـتدەكەن و موسـوڵمانن متمانەتـان بەبەڵێنی خوای گەورە هەبێت، كە مادام چوونتانی لەسەر فەڕز كردوون یەعنـی تەئكیدە كە سەریشتاندەخات، دەنا چـۆن دەچـنە نـاوی ئەگەر بـبەزن و هەلبـێن، حەتمەن چوونە شارتان مسۆگەرە، چونكە بەڵێنی خوای گەورەیە.

(بەڵام ئەمجارە، ترساوانەتر و بێ ئەدەبتر، سەیدنا موسایان -علیە السلام دواند) وتیان: هۆ موسا! بەخوا ئێمە هەتاهەتایە، بەهیچ شێوەیەك ناچین و پێ ناخەینە ئەو شارەوە مادام ئەو قەومەی تێدابێت... دەبڕۆ خۆت و خوای پەروەردگارت جەنگ بكەن... وا ئێمە لێرە دانیشتووین، ئەگەر تۆو خواكەت سەركەوتن ئێمەش بەدواتاندا دێین!!.

سەیدنا (موسا -علیە السلام) فەرمووی: خوایە گیان من دەسەڵاتم هەر بەسەر خۆم وبراكەم دا هەیە، هەر دەتوانم خۆم و ئەو (كە پێغەمبەرێكی مەعسوومە علیە السلام) ناچاركەم ئەم فەرمانەی تۆ جێبەجێ بكەین.. خوایە گیان ناوكۆیی نێوان ئێمە و قەومەكەمان یەكلاكەرەوە... خوای گەورە فەرمووی: دەی سا تا ماوەی چل ساڵ ئەو خاكە پیرۆزەیان لێ قەدەغەبێت، لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا دەبێت هەر بەگومڕایی و ڕێ بزری لەو بیابانە (ی سینا) بێن و بچن... ناهێڵم نەڕێی دەرباز بوون بدۆزنەوە، نەجورئەتی بەرەنگاربوونەوە پەیدا بكەن و تۆبە بكەن و بڵێن باشە دەچینە وڵاتە پیرۆزەكەوە، بڕۆ لێیان گەڕێ، با چل ساڵ وێڵ و سەرگەردان لەو بیابانە بێروونەدا بێن وبچن... خەفەت لەقەومی گوناحكار و مونحەریف مەخۆ.

١٢ - پیاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):

﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٧﴾ ﴾ التوبة: ٢٥ – ٢٧.

واتە: بیر لەڕۆژی غەزاكەی (حونەین) بكەرەوە كە بەزۆریی ژمارە و هێزتان سەرسامبووبوون و، واتان دەزانی: مادام ئێوە زۆر و دوژمن كەمە، حەتمەن

سەركەوتوو دەبن (ساڵی ٨ی كۆچی/ مانگی شەوال بوو، بەرامبەرەكە یەك هۆزی (هەوازن) بوو موسوڵمانانیش دوای فەتحی مەككەبوو، كە هەر لەناو موسوڵمانەكان دوو هەزاری ئیزافی بەشداربوون، هەموویان دوازدەهەزار چەكداربوون و هەموو هەوازن چوار هەزار كەس بوون)، بەڵام ئەم زۆرییەتان هیچ دادی نەدان و واتێكشكان كە ئەو سەرزەمینە بەرفراوانەتان لەبەرچاو تەنگ بوو، پەنایەكتان لێ نەدەبینیەوە خۆتانی لێ قایم كەن.

ئەوەندەتان ترس لێ نیشتبوو،نەتاندەوێرا دەربكەون (چونكە ئەمان كەوتبوونە دۆڵێكەوە و دوژمن ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەكەی تەنیبوو، تاوێرە بەردیان غل دەكردەوە بۆ سەر یاوەران و تیری ئاگراویشیان تێدەگرتن، بەر هەرشتێك دەكەوت دەبوو مایەی ئاگركەوتنەوە)، پاشان ئێوە هەڵاتن و بەزین (و چەند یاوەرێك نەبێت، كەس لەدەوری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) نەما)[١].

پاشان خوای گەورە هێمنی و ئاسوودەیی ناردەخوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەكەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئیمانداران (ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانیدا بە مامە عەبباسی، (خوا لێی رازی بێت) كە دەنگ گەورە بوو، كە هاوار لە یاوەران بكات كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مژدەی سەركەوتنتان دەداتێ، وەرنەوە و خۆڕاگرن..

ئیتر هەموو هاتنەوە و كەوتنە هێرشێكی دژ و دوژمنیان تێكشكاند)، ئاوا خوای گەورە بەفریشتەی خۆی، كە نەتاندەبینی سەریخستن و كافرانی دوژمنی دایە بەر غەزەب و سزای بەژانی خۆی، بەكوشتن و بەدییل گرتن و لەدەستچوونی ئازادی و دەسەڵات و ماڵ و سامان و ئەولادیان.

---

(١) سەیر ئەوەیە: كە ئەبو سوفیان - خوای لێ ڕازی بێت- كە تا ئەوكاتە هەربە ترسنۆك ناسرابوو، لەو ساتەوەختەدا جڵەوی ئەسپەكەی پێغەمبەری خوای گرتبوو، هەوڵیدەدا لە ئاگر و تیر دەری بكات!

ئا ئەوەشە سزای كافران.. پاشان خوای گەورە لەوانەیان خۆشبوو،ە موسوڵمان بــوون و ئیســلامەتیان سەرڕاســتانەگرت... هەروەهــا تــۆبەی لەموســوڵمانە هەڵاتووەكانیش قبوڵ كرد... خوای گەورە لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾﴾ آل عمران: ١٥٢ .

واتە: خوای گەورە بەڵێنەكەی خۆی هێنایەدی كەپێتانی دابوو، كاتێك بەپێی فەرمانی خوای گەورە كەوتنە جەنگەوە دژیان تا ئەو كاتەی لەترساندا لەجەنگ وەســتان و بەزیــن، نــاكۆكی و راجوییتــان كەوتە نێــوانەوە (ئەوانەی لەغەزای ئوحوددا لەسەر لوتكەی چیاكەبوون و پاشان بۆ دەسكەوتنی غەنــیمەت راجــوێ بوون، هەندێكیان شوێنەكانی خۆیان جــێ هێشــت و دابەزیــنە خــوارەوە، ئەمەش بووە شكست هێنــانی موســوڵمانان)، چــونكە فەرمــانەكەی پێغەمــبەری خواتــان (صَلَّى اللــه عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) شــكاند و گوناحبــاربوون بەوەی كە بــۆ كــۆكردنەوەی دەسكەوتی جەنگ فەرمانێكی وا دژوارتان شكاند..

ئەمەتان بەسەرداهات (شكست هێنان و بەزینەكە)، دوای ئەوەی كە ئەوەتــان دەسكەوت كە خۆتان پێی خۆشحاڵ بوون كە سەركەوتنی ئێوە و بەزینــی ئەوان بوو... هەتانە دنیای دەوێت و هەشتانە قیامەتی دەوێت.

خــوای گەورە لە ســەرەنجامی ڕەفتــاری هەڵە و گونــاحی خۆتــان ئەمەی بەسەرتاندا هێنا تا تاقیكردنەوە بێت بۆتان، تا ڕادە و ئاستی ئیماندارێتی خۆتانتان بۆ دەركەوێت و بزانن هەڵەتان لەكوێدایە ،تا ڕاستی بكەنەوە، هەر چەندە خــوای گەورە لە گونــاحی ئەو یــاوەرانە خۆشــبوو كە ســەرپێچی فەرمانەكەیــان كــرد... خوای گەورە خاوەن فەزڵ و لوتفە بەرامبەر موسوڵمانان و لێیان دەبوورێت.

بڕگەی دووەم:
لێكۆڵینەوە و شیكاریی ئەم نموونانە:

١- لەنموونە قورئانییەكانی بڕگەی پێشووەوە، ئەوە تێبینی دەكرێت، كە سزای خوایی لەدنیادا چەندەها جۆرە، وەكو نقوم بوون لەئاودا، هەورە بروسكە، نەخۆشی، بوومەلەرزەیان ... لەڕاستیدا هەر كێشە و كارەساتێك كە تووشی مرۆڤ دێت یەكێكە لەئاسەوارەكانی سزای باڵادەستێتی خوای گەورە كە دێتەڕێی خەڵكی.. كە بە هۆی گوناحكاری خۆیانەوەیە، خوای گەورە ئەم حەقیقەتەی وەكو ڕێسای قورئانی باس فەرمووە: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ٣٠﴾ الشورى: ٣٠.

واتە: هەر چی كێشە و گرفتێك كە دێتەرێتان، هەموو سەرەنجامی لاریی و چەوتی ڕەفتاری خۆتانە، خۆ خوای گەورە لەزۆر گوناح و سەرپێچیتان دەبووریت، ئەگەر كێشە و گرفتەكە سزانەبێت ئەوە تاقیكردنەوە و هۆكاری پەروەردەكردن و یادخستنەوەیە، یان بۆ راقیتر بوونی موسوڵمانەكەیە، تاقیكردنەوەش مەرج نییە هەر بەكێشە و كەم وكورتی بێت، دەشێت بەناز و نیعمەتی زۆر و دەوڵەمەندی وهەبوونی بێت: ﴿وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗ ٣٥﴾ الأنبياء: ٣٥.

٢- دەشێت ئەم سزایانەی خوای گەورە دوای كامەرانی و زۆری ڕۆزی و هەبوون بێت، چونكە خوای گەورە بەتەواوی بواری ستەمكاران وكافران دەدات و ئازادی خۆیانیان دەداتێ..

پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) و ئیماندارا‌ن بەردەوام هۆشداری دەدەنە كافران وستەمكاران وئامۆژگارییان دەكەن، بەڵام ئەوان لەسەر دیدی لێڵ و ڕێی وێڵی خۆیان سوردەبن و هەر چەند ڕێیی ڕاستیان نیشانبدرێت وەریناگرن..

ئیتر لەكۆتایدا پڕاوپڕ شایانی ئەو سزایانە دەبن كە دێنەڕێیان، ئەمە لەم ئایەتانەدا ئاشكرا و راشكاوانەیە: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنعام: ٤٢ – ٤٥ .

واتە: پێش جەنابت نێرراوی ترمان زۆر ناردووە بۆ گەل و نەتەوەی تر كە بەدرۆیان خستوونەتەوە و باوەڕیان پێنەهێنان، ئێمەش دووچاری گرانی و هەژاری و نەبوونی و نەخۆشی و دەردەداریمان كردن، تا هەست بەهەڵە و چەوتی خۆیان بكەنەوە و بگەڕێنەوە لای خوای گەورە و لێی بپاڕێنەوە، تا تۆبەیان قبووڵ بكات، كەچی لەگەڵ ئەمانە و رۆشنی نیشانەكانی پێغەمبەرێتی نێرراوانی خوای گەورەشدا، هەر باوەڕیان نەهێنا و نەگەڕانەوە و نەپارانەوە، چونكە دڵیان زۆر رەق و رەش بووبوو و شەیتانیش كار و كردەوە و دیدو هەڵوێستەكانیانی بەڕاست و رەوا ناساندبوو تا سووربن لەسەر هەڵوێستی كوفر و دوژمنكارییان، كە پەیامی خوایان ئیهمالكرد وگوێیان نەدایە ئامۆژگاریی پێغەمبەران (علیهم السلام) و هۆشداری وئینزاریان، بوارمان زیاتر بۆ رەخساندن و دەسەڵات و ڕۆزی بەرفراونترمان پێبەخشین و لەهەموو ناز و نیعمەتێك زۆرمان دانێ (تا ئیستیدراج ببن)، تا ئەو كاتەی كە ئیتر زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی پێیاندراوە (خۆشحاڵێتی مەغرورانە) خستمانە بەرشالاوێكی ناكاوی سزا و ناسۆر..

تا لە هەموو ئومێدێك بێ هیوابوون، ئینجا بەسزایەكی بنبڕانە قڕمان تێخستن و هەر هەموویان كە ستەمكاربوون نابوت بوون وفەوتان... سوپاس بۆ خوای جیهانیان.

٣ - تێبینی دەكرێت كە كافران و لەخوا بێئاگایان وا ناڕواننە ناسۆر و كارەسات و بەڵاو موسیبەتەكان، یان هەبوون و دەوڵەمەندی و دەسەڵات و نازو نیعمەتەكان كە لەخوای تاكو پاكەوەن، بەڵكو هەر وا وەسفیان دەكەن كە ڕووداوی سروشتییانەی ژیانن، سەرەنجامی هۆكارو ئەنجامن، تەنانەت هەندێك ساویلكە بیریان دەڵێ: هەر ڕێكەوت بووە!

كاتێك بوومەلەرزە لەشوێنێك دەدات ناڵێن: ئەمە سزای خوای زانا و دانایە..كاتێك زریان و لافاو ناوچەیەك رادەماڵێت، ناڵێن: بەپێی قەدەری خوای كارزان وكاربەجێیە، هەروەها هەر كارەساتێكی تر كە روودەدات لەوانەی پێیان دەڵێن: (كارەساتی سروشتیی).. تا خۆیان ڕاستەو خۆ دووچاری نەبن هۆشێك بەلای ئەو حەقیقەتە عەقائیدییەوە ناكەنەوە، كە هیچ شتێك بەبێ قەدەری خوای گەورە نابێت و روونادات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّبِيٍّ إِلَّآ أَخَذۡنَآ أَهۡلَهَا بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَضَّرَّعُونَ ۝٩٤ ثُمَّ بَدَّلۡنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلۡحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدۡ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ۝٩٥﴾ الأعراف: ٩٤ – ٩٥.

واتە: پێغەمبەرمان بۆ هەر ناوچەیەك ناردبێت و بەدرۆیان خستبێتەوە و دژایەتییان كردبێتو خەڵكەكەیان بەچەندین جۆر سزاداوە.. بەهەژاری و نەداری بوویێت، یان بەنەخۆشی و دەردەداریی و تا هۆشیان بێتەوە و تۆبە بكەن و تا بگەڕێنەوە لای خوای گەورە و لێی بپاڕێنەوە وعەبدێتی بۆ بسەلمێنن... پاشان كەخستمانەوە خۆشی وكێشەكانیان نەما و زۆر بوونەوە، هاتنەوە سەر دیدوڕێ و ڕای كوفریان، دەیانووت: ئەوەی تووشمانبوو، كارەساتی سروشتییە و پێشتر شتی وا تووشی بابوباپیرانیشمان بووە..

ئیتر (غەدری زەمانە)یە! بۆیە ئەمجارەكە دامانە بەر غەزەب، سزایەكی ناكاوی سەختیان درا بێ ئەوەی هەستی پێبكەن.

﴿وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعۡدُ بِحَمۡدِهِۦ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ مِنۡ خِيفَتِهِۦ وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ وَهُمۡ يُجَٰدِلُونَ فِي ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلۡمِحَالِ ١٣﴾ الرعد: ١٣ .

واتە: خوای گەورەیە، کە هەورەبروسکەی دەنێرێت و کەسانێکی پێ تاقیدەکاتەوە، بەڵام ئەوان ئەوەندە کافر و دڵڕەقن، ئەوەندە بێهۆش و ئیدراکن، هەروا دەزانن ڕووداوێکی سروشتییە و هەروا لە خۆیەوە ڕوویداوە.. موناقەشە لە هەبوون و دەسەڵات و کاریگەرێتی هێزی بێ وێنەی خوای گەورەدا دەکەن، خوای گەورە خاوەن هێزی رەها و بێ سنور و بێ وێنەیە و بەویست و ئیرادەی خۆی بڕیاردەدات.

٤ - موسوڵمان بەپێچەوانەی کافر و لەخوا غافڵەوەیە، دید و بزاوت و هەڵوێستی جودایە، تووشی هەرکێشە و گرفت و ناسۆرێك ببێت، هەر چەند گەورە و دژوار و مەترسیداربێت، گەورە بێت یان گچکە، گشتی بێت یان تایبەت، هەر وای لێکدەداتەوە، کە ئەمە تاقیکردنەوەی خوای گەورەیە و پێویستە پیاو چاکانە خۆی لەبەردا بگرێت، یان سزای دید و هەڵوێستێکی گوناح و ناشەرعییەتی.

بۆیە یەکسەر تۆبە دەکات و ڕوودەکاتەوە خوای گەورە، لەهەردوو حاڵەتیشیدا دەروون ئاسوودە و هێمنە، چونکە خوای زانا و دانا فێری حەقیقەتە عەقائیدییەکان و ڕێسا گەردوونییەکانی بزاوتی گەردوون و بزاوتی مەنهەجی موسوڵمانی کردووە، کە دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٦٥ ﴾ آل عمران: ١٦٥.

واتە: ئەرێ هەر کە بەڵاکەتان بەسەرهات (تێکشکانەکەی غەزای ئوحود) کە پێشتریش کێشەی ترتان هاتبووە ڕێ، دەتانووت: چۆن شتی وا لەئێمەی موسوڵمان ڕوودەدات؟

بۆچی دەشکێین کە موسوڵمانین؟!

پێیـان بفەرمـوو ئەوە لەخۆتـانەوەیە... خۆتـان شـلگیربوون لەدینداریێتیـدا و فەرمانتان شكاندووە.

موسوڵمان هەر بەڵا و موسیبەتێكی بەسەربێت، ئەو پەنـد و ئامۆگـارییەی لێوە فێردەبێت كە دەبێ زوو ڕووبكاتەوە خوای تاك و پاك، دەزانێت ئەوە سـزای ڕەفتاری هەڵەیەتی و پێویستە زوو هەڵسەنگاندنەوەیەكی ڕەفتارەكانی بكـات و بزانێت چ تاوانێكی كردووە، تا تۆبەی لێبكات ... ئاوا خـۆی موحاسـەبە دەكـات (بەخـۆی دەڵـێ : بـۆچی، نەك بەخـوای گەورە بڵـێ: بـۆچی)، ئەمە وایلێـدەكات دەروون پارسەنگ بێت، دوعادەكـات و دەڵـێ: خوایەگیـان! پێـی ڕازیـم مـادام لەگوناحەكەم پاكم دەكاتەوە و سـزاكەیم نەكەوتـۆتە قیـامەت، خـوایە! عەبـدی دامــاوی خــۆتم، یــارمەتیم بــدە لەســەر تــۆبە راگــرتن و سەرڕاســتێتی خواپەرستیەكانم، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرمـوێ: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى شوْكَةٌ فَمَا فوْقَهَا إلاَّ كَفَّر اللَّه بهَا سَيِّئَاتِهِ، وَحطَّتْ عنْهُ ذُنُوبُهُ كَمَا تَحُطُّ الشَّجرةُ وَرقَهَا)[1] .

واتە: هەر موسوڵمانێك لەئازاری دڕكێكەوە بۆ زیاتری بەسەردا بێـت، خـوای گەورە خراپەكانی پێ لادەبات و، گوناحەكانی پێ هەڵدەوەرێنێت، هەر وەكو، كە درەخت گەڵاكانی هەڵدەوەرێنێت.

هەروەها: (ما يُصِيبُ المُسْلِمَ، مِن نَصَبٍ ولَا وصَبٍ، ولَا هَمٍّ ولَا حُزْنٍ ولَا أذًى ولَا غَمٍّ، حتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا، إلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بهَا مِن خَطَايَاهُ)[2] .

---

(١) بوخاری (٥٦٤٨)، موسلیم (٢٥٧١).

(٢) متفق علیه.

واتە: هەر موسوڵمانێك، كە دووچاری هەر ماندووبوونێك، هەر نەخۆشـییەك هەرخەمێك، هەر خەفەتێك، هەر ئازارێك، هەر پەژارەیەك ببێت، تەنانەت ئەگەر دڕكێكشی بەر بكەوێت، هەمووی بەچاك بۆی دەگەڕێتەوە، چونكە خوای گەورە دەیانكاتە هۆكاری گوناح لادان و ڕادانی.. لەگوناح پاكی دەكاتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: (ما يزالُ البلاءُ بالمؤمنِ والمُؤْمِنَةِ في نفسِهِ وولدِهِ ومالِهِ، حتَّى يلقَى اللهَ وما علَيهِ خطيئةٌ)[1] .

واتە: پیاوو ئافرەتی موسوڵمان، بەردەوام تووشی كێشە و نـاڕەحەتی دێـن، چ لەخۆیاندا بێـت، چ لەئەولاد و مـاڵ و سـامانیاندا بێـت، تـا دەگەنە ئەو ئاسـتەی، كەكاتێك بەدیداری خوای گەورە دەگەن، دەبینن گوناحیان پێوە نەماوە.

(موسعەبی كوڕی سەعد) لەباوكییەوە(خوا لێیان رازی بێت) دەگێڕێتەوە : : (قلتُ يا رسولَ اللهِ أيُّ النَّاسِ أشدُّ بلاءً قالَ: الأَنبياءُ ثمَّ الأَمثلُ فالأَمثلُ ؛ يُبتلَى الرَّجلُ علَى حسَبِ دينِهِ ، فإن كانَ في دينِهِ صلبًا اشتدَّ بلاؤُهُ ، وإن كانَ في دينِهِ رقَّةٌ ابتليَ علَى قدرِ دينِهِ، فما يبرحُ البلاءُ بالعبدِ حتَّى يترُكَهُ يمشي علَى الأرضِ وما علَيهِ خطيئةٌ)[2] .

واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كـرد كە: چ كەسـێك لەهەموو كەسێك زیاتر دووچاری بەڵاو كێشە دەبێت؟

فەرمووی: پێغەمبەران، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان پێشەوان و، پاشان دوای ئەمـانەش.. هەر كەسـە و بەقەدەر ڕادەی دینـدارێتییەكەی دووچـاری كێشـە و نـاڕەحەتیی دەبێـت، ئەگەر دینـدارێتییەكەی قـایمبوو، پابەنـدبوونی بەهێزبـوو، كێشە و ناڕەحەتی گەورەتری دێتەڕێ، ئەگەر لەدیندارێتیشـدا كزبـوو، ئەویـش

---

(١) ترمذی (٢٣٩٩)، دەفەرموێ: (حسن صحيح).

(٢) ترمذی (٢٣٩٨)، دەفەرموێ: (حسن صحيح).

هەر بەقەدەر پلە و ئاستی دینداریێتییەكەی دووچاری كێشە و نارەحەتیی دەبێت.

عەبدی موسولمان ئەوەندە تووشی نارەحەتیی دێت، تا وای لێدێت بەسەرزەویدا دەڕوات و یەك دانە گوناحی پێوە نەماوە!

(جابری كوڕی عبدالله)- خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دَخَلَ علَى أُمِّ السَّائِبِ فَقالَ: ما لَكِ؟ قالَتْ: الحُمَّى، لا بَارَكَ اللَّهُ فِيهَا، فَقالَ: لا تَسُبِّي الحُمَّى، فإنَّهَا تُذْهِبُ خَطَايَا بَنِي آدَمَ، كما يُذْهِبُ الكِيرُ خَبَثَ الحَدِيدِ)(١) .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی بردە دیدەنی خاتوو (ئوم سائیب)- خوا لێی رازی بێت-، پرسیاری لێكرد: چیتە؟

عەرزیكرد: ئا ئەم (تا) یە قورسەم هەیە، خوا بەرەكەتی تێنەخات..

فەرمووی: قسە بە (تا) مەڵێ! چونكە تا لێهاتن گوناحەكانی نەخۆشەكە لادەبات، هەر وەكو ،كە كوورەی ئاگر ،خاشاكی ئاسن لادەبات.

٥ مەرج نییە ئەم سزا یانەی خوا بەسەر تاكوكۆدا دێت، هەموو تاوانكارێك لەدنیادا بگرێتەوە، دەشێت خوای گەورە سزای سەختتریان لەقیامەتدا بدات، وەك دەفەرموێ: ﴿وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿١١﴾ فَلَمَّآ أَحَسُّواْ بَأْسَنَآ إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ ﴿١٢﴾ لَا تَرْكُضُواْ وَٱرْجِعُوٓاْ إِلَىٰ مَآ أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَٰكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْـَٔلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿١٤﴾ فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَىٰهُمْ حَتَّىٰ جَعَلْنَٰهُمْ حَصِيدًا خَٰمِدِينَ ﴿١٥﴾﴾ الأنبياء: ١١ – ١٥ .

واتە: چەندەها ناوچەمان (دانیشتوانی ناوچەمان) فەوتاند، كە كافر و ستەمكار بوون، ڕیشەكێشمان كردن و لەجێی ئەوان خەڵكانێكی ترمان لێ

(١) موسلیم ٢٥٧٥.

هێنایەکـایەوە، خەڵکــی ئەو ناوچـانە،کە لەواقیعـدا هەسـتیان دەکـرد وا سـزای خواییان گەیشـتێ و حەتمەن گەڕانەوەی نیـیە، هەوڵیـان دەدا لەبەری هەڵـێن و ڕابکەن!

فریشتەکان بەتەوسەوە پێیان دەوتن: ڕامەکەن، بگەڕێنەوە سەر ئەو هەمـوو نـاز و نـیعمەت و خۆشـیەی تێیـدا بـوون، بگەڕێـنەوە نـاو کۆشـك و تەلارە ڕازاوەکانتان و بکەونەوە هەڵپە و شەڕەباڵی دنیا ویستیتان، ئەو ساتە ئیعتیـراف دەکەن و دەڵێن: داماو خۆمـان، ئـێمە خۆمـان سـتەمکاربووین، خۆمـان سـنوور بەزێن بووین، بێگوێ بـووین و گـوێمان لەهـیچ ئامۆژگـارییەك نەگـرت، تـا ئەو کاتەی هەر هەموویانمان وەکو دروێنەکاری بنبڕکـرد هەر وایانـدەووت، نەهەلـی تریان بۆڕەخسێنرایەوە و نەتۆبەشیان لێ قبووڵ کرا.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَن يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَالًا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ ﴾ النساء: ٦٠ .

واتە: ئەرێ سـەرنجت داوەتە ئەوانەی لاف و گەزافـی ئەوە لێـدەدەن، کە گوایە: باوەڕیان بەو پەیامە هێناوە، کە بۆ جەنابت هاتۆتە خوارێ ، هەروەهـا بەو پەیامانەی پێشتر هاتوون، کەچی لەهەمان کاتدا دەیانەوێت داوەری خۆیان ببەنە لای تاغوتان (هەر یاسا و داوەرێك کە حوکم بەشەرعی خوانەکات)، لەکاتێکـدا کە فەرمانیان پێدرابوو، کە شوێن تاغوت نەکەون و باوەڕیان پێیان نەبێت، بەڵام شەیتان دەیەوێت بەتەواوی گومڕایان بکات .. خـۆ ئەوانە، کە تووشـی کێشـە و بەڵایەك دێن هەر سەرەنجامی ڕەفتاری هەڵە و چەوتی خۆیانە.

﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا ﴿١١﴾ وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا ﴿١٢﴾ وَبَنِينَ شُهُودًا ﴿١٣﴾ وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا ﴿١٤﴾ ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ ﴿١٥﴾ كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا ﴿١٦﴾ سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا ﴿١٧﴾ ﴾ المدثر: ١١ – ١٧ .

واتە: تۆ لێم گەڕێ بۆ گیانی ئەو كەسەی، كە هەر خۆم تاك و بێكەس خەلقم كرد (لەسەر وەلیدی كوڕی موغیرە هاتە خوارەوە) و ماڵ و سامانێكی بەرفراوانم پێبەخشی (چاندن و ماڵات و بازرگانی هەبوو) و ئەولادی زۆر (دە كوڕی هەبوو)، كەلە هەموو كۆڕ و بۆنەیەكدا حزووریان هەبوو و گوێیان لێدەگیرا و قسەیان بەشاهێدی وەردەگیرا، ژیانم بۆ فەراهەم هێنا: ژیانێكی ئاسوودە و خۆش، ماڵ و سەروەت و سامان و ئەولاد و تەمەنی درێژ و تەندروست، كەچی دەخوازێت لەسەر كوفری خۆیەوە زیاتری پێببەخشم؟

نا، نەخێر ئەوە زۆر دژی بانگەوازە خواییەكەبوو، زۆر كەللەرەقانە بەرهەڵستی ئایەتەكانی قورئانی دەكرد، حەتمەن سزایەكی وا سەختی دەدەم، كە هەر بەرەو ژوور چوون، تووشی كێشەی هەناسەی بكەم وگیروگرفتی قورسی بهێنمەڕێ.

٦- دەشێت جۆرێكی تری ئەم سزاخواییە زەلیل بوونی گەلێك یان خەڵكانێك بێت بەدەستی گەلێكی تر، یان دەسەڵاتدارانی خەڵكانێكی تر... ئەمەش هەر سزای خوای گەورەیە، وەك دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ﴿٦٥﴾ ﴾ الأنعام: ٦٥ .

واتە: خوای گەورە توانای ئەوەی هەیە سزاتان لەباڵاوە بنێرێتە سەر، یان لەژێر پێی خۆتانەوە لێتان ڕاست بێتەوە، یان تەفرەقەتان بخاتە ناو و هەندێكتان ژان و ناسۆر بخاتە دڵی هەندێكی ترتانەوە و ژێر دەستەیان بكەن.

واقیعی دژوار و ترسێنەری ئێستای مرۆڤایەتیی بەگشتیی و موسوڵمانان، بەتایبەتی بەڵگەی حەقیقی ئەم جۆرە سزایەیە.

خوای گەورە ئەم ژیان وگەردوونەی ئاوا خەلق كردووە، تا مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیی بەكاری بهێنێت، بەڵام ئەوەتا مرۆڤ لەوێرانكاری و

رماندنی هەموو شتێكدا بەكاری دەهێنێت.. هەرچی كە لەجەنگی جیهانی یەكەم و دووەمدا روویدا نیشانەی زەقی ئەم ئینحرافە بەشەرییەیە.

خوای گەورە غەیرە موسوڵمانانی بەسەر موسوڵماناندا زاڵ كردووە... چونكە موسـوڵمانان بەپێـی مەنهەجـی خـوای نـابزوێن، دیـد و تێـڕوانین و بـزاوت و هەڵوێستیان، قیەم و نەریتیان، دەستور و حوكمیان بەپێی دینی خـوا دانـاڕێژن و هەریەكە و هەر كـۆمەڵە و بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی هەمـوو سـەرپێچییەك لەدینەكەی خوای گەورە دەكات.

بۆیە حەتمەن دەكەونە ژێر دژواری ئەم سزایەوە.. ئەمە واقیعـی ئەو پەنـدەیە كە بەنـاوی خـوای گەورەوە وتـراوە كە دەڵـێ: (هەر كەسـێك كە دەمناسـێت و سـەرپێچیم دەكـات، دەیـخەمە بندەسـت كەسـێك كە نەمناسـێت)، ئـایەت و فەرموودە لەم ڕوانگەوە زۆرن و، واقیعـی موسـوڵمانانیش ئێسـتا وایە... خـوای گەورەیان ناسی و سەرپێچییان لێكرد، ئەویش كەسانی خوانەناسی زاڵ كـردووە بەسەریاندا و بەجۆرەها شێوە دەیانچەوسێننەوە.

٧ لەمـانەوە، كە ڕابـوورد، تێـدەگەین كە ئەم جـۆرە سـزایانەی خـوای گەورە دەربارەی سزادانی دوژمنە كافرەكان بە دەستی موجاهیدان دەفەرموێ:

﴿ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٤﴾ ﴾ التوبة: ١٤ .

واتە: جەنـگ و جیهادیـان لەدژ بەرپـاكەن، خـوای گەورە بەدەسـتی ئێـوە ئازاریان دەدات و سەرشۆڕ و ڕیسوایان دەكات، ئێوەشیان بەسەردا زاڵ دەكات، جا ئەو كاتە سوكنایی سینەی موسوڵمانان دادەپۆشێت و دەڵێن ئۆخەی.

ئەو بیـرۆكەی زۆرجارمـان دووپـات كـردەوە، بـا لێرەشـدا بـۆ جەخـت لێكردنەوەی بیهێنینەوە:

كافر غەیری هۆكارە ماددییەكان لەڕووداوەكاندا نابینێت.

ئەمما موسوڵمان، هۆكارە ماددییەكـان دەبینێـت، بەڵام هۆكـاری نادیاریشـیان لەگەڵـدا دەبینێـت، كە بەهـۆی پێغەمـبەرێكەوە دەیانناسـێتەوە كە ڕاسـتگۆ و سەرڕاستانە وەسفی هەموو شتێك بەپێی سیفەتی حەقیقی خۆی دەكات، هەموو ڕووداوێك كە باس دەكات هۆكاری ئاشكرا و پەنهانی باسـدەكات، چـونكە ئەو لەڕێی وەحییەوە حەقیقەتی هۆكار و پەیوەندیەكانی هێزی زانیووە و دەشـزانێت هیچ ڕووداوێك بەبێ قەدەری خوای نابێت ...

بۆ نموونە: مردن بەسەكتەی دڵ ڕووداوێكە، كە سەكتەكە هۆكـاری دیـاری مردنەكەیە، بەڵام هۆكارێكی پەنهـانیش لەڕووداوەكەدا هەیە، كە ڕۆح كێشـانی كەسەكەیە... ڕۆح كێشانەكە بەهۆی فریشتەیەكەوە یە كە پێغەمـبەران (علـیهم السلام) ناسیویانن و بۆ ئێمەیان باسـكردۆتەوە كە ئەمە وەحـی خـوای گەورەیە، ئێمەش باوەڕمان پێكردوون، چونكە ڕاستگۆ و سەرڕاست و دڵسۆزن.

موسوڵمان لەوە دڵنیایە، كە هەموو ڕووداوێك كە هۆكارێكی ماددی ئاشكرا و هۆكـارێكی تـری پەنهـانی تێـدابێت هەر لەخـوای گەورەوەیە... هەردوو هۆكارەكەش هەر بەویست و زانایی و دانایی و توانایی ئەون، بۆیە موسوڵمانەكە هەستێكی ئیعتیباری هەیە كە كافرەكە نییەتی ...

موسوڵمانەكە خوای گەورە لە پشت هەمـوو وجـود و بـزاوت و سرەوتـێكەوە دەبینێت، لەپشت ناز و نیعمەت و گرانی و كێشەوە، لەپشت زیان و سوودەوە، لە پشـت بەزیـن و سـەركەوتنەوە، لەپشـت نەخۆشـی و لەش سـاغییەوە.. لەپشـت هەموو شتێكی (خێر) و (شـەڕ)ەوە: ﴿وَنَبۡلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلۡخَيۡرِ فِتۡنَةٗۖ وَإِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ٣٥﴾ الأنبياء: ٣٥.

واتە: بەخـراپە و چـاكە هەر تاقیتـان دەكەیـنەوە و، هەر بـۆلای ئـێمەش

دەگەڕێنەوە، بەڵام كافر زەین كـوێرە، هەسـتی نـاخی مـردووە و زانیاریشـی هەر ڕواڵەتییە، پەی بەحەقیقەتی ژیانی دنیا نابات: ﴿ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ٧ ﴾ الروم: ٧ .

واتە: هەر ڕواڵەتێك لەژیانی دنیا دەزانن و بەتەواوی لەژیانی ڕۆژی دوایـی بێئاگان، كە ئەو هەموو ژان و ناسۆر و خەمەشی لەژیانیدا دێتەڕێ، هەست بەوە ناكات كە بەهۆی دووریـی و یـاخییبوونێتی لەخـوای گەورە و دیـن و، ڕێبـاز و شەریعەتەكەی.

بڕگەی سێیەم:
لایەنگیریی خوا لەدنیادا:

ئەگەر سەرنج بدەیتە حاڵەتی عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام بۆیان و، دوای ئەوە ئەگەر سەرنج بدەیتە هەموو حاڵەتەکانی جەنگ و جیهاد ،کە لەنێوان موسوڵمانان و غەیرە موسوڵماناندا ڕوویداوە، مەبەستم: موسوڵمانە سەرڕاستە تەقواکارەکانە، دیاردەیەك دەبینیت کە زۆرینەی جارەکان دووپات بۆتەوە، کە سەرکەوتنی حەتمی کەمینە موسوڵمانە دیندارە سەرڕاستەکانە بەسەر زۆرینە کافرەشەڕانییەکاندا...

خوای گەورە ئەم کەمینە موسوڵمانەشی هەر تاقیکردۆتەوە و جارووبار شکستی لەسەردا هێناون .. کە هەر لەسەرەنجامی ڕەفتاری هەڵە و چەوتی خۆیانبووە، بەڵام ئەنجامی ئەکیدی سەرکەوتن و دەسەڵات هەر بۆ ئەو کۆمەڵە کەمە موسوڵمانە دیندارە سەرڕاستەبووە...

ئەم دیاردەیە ئەوەت بەڕوونی نیشان دەدات :کە شتێکی نائاسایی بەناو ڕێساکانی ململانێ و دەبەڕێك راچوونی کوفر و ئیماندا هەیە کە یەکێکە لەسیما و نیشانەکانی پشتیوانیکردنی خوای گەورە لەموسوڵمانان و سەرخستنیانە لەدنیادا ..

ئەمە لایەنگیرێتی خوای گەورەیە بۆ ئەهلی ئیسلام، بەو مەرجەی سەرڕاستانە دینەکەیان گرتبێت و بەرگرییان لەبەرخاتری خوا لێکردبێت، نموونە لەسەر ئەمە لەوە زۆرترە ، کەلێرەدا بتوانرێت بهێنرێنەوە.

موعجیزەی پێغەمبەران (علیهم السلام) و ڕەفتارە نائاساییەکانی کەراماتی ئەولیایانی خوای گەورە، هەموو بەڵگەی دیاری ئەم پشتیوانیلێکردنەکەی خوای گەورەن بۆیان، ئەو هێمنی و ئاسوودە و پارسەنگە دەروونییەی ،کە ئەهلی

ئیمان و یادی خوا هەستی پێدەکەن، سیما و نیشانەیەکی تری ئەم پشتیوانی لێکردنەی خوای گەورەن.. ئەو ئارامی و خۆڕاگری و پشوو درێژییەی ئەهلی ئیسلام لەڕووی چەوسانەوە و ئەشکەنجە و ناسۆردا دەینوێنن، سیما و نیشانەیەکی تری پشتیوانی لێکردنی خوای گەورەیە بۆیان .. سەدان جۆر سیما و سیفەتی وا لەهەزاران بزاوت و هەڵوێستی موسوڵمانان‌دا دەبینیت، کە دڵنیا دەبیت لەوەی، کە بەدڵنیاییەوە خوای گەورە وەل ئیمانداران‌یدایە و ئاسوودەی ئیمانیان پێ دەبەخشێت.

ئەگەر سەرنج بدەیتە سەرجەمی ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنج و توانا و پیلان و چەواشەکارییانەی دوژمنانی ئەم دینە بۆ ڕێلێگرتنی گرتوویانەتەبەر، کە بۆ ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی و موسوڵمانبوونی کافران، یان بۆ گەڕانەوەی لادەرانی ئیسلام بۆ ئیسلام گرتوویانەتەبەر، یەقینت لا دروست دەبێت، کە تەنها خوای گەورەیە کە دینەکەی پاراستووە، چونکە پێت زۆر سەیر دەبێت کە چۆن لەگەڵ ئەو هەموو بەربەست و لەمپەرە خەتەرناکانەدا، کە هەمووی ریشەکێشکردنی موسوڵمانان دەخوازێت.

ئەم دینە هەر لەبرەودایە، چەندێتیی و چۆنێتیی موسوڵمانبوون هەر لەزیاد بووندایە! تۆش دەگەیتە ئەویەقینە، کە ئەوە حەقیقەتێکی عەقائیدی و ڕێسایەکی گەردوون و ژیان و گۆڕانکاری کۆمەڵگەی بەشەرییە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يُرِيدُونَ أَن يُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٣٢﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾﴾ التوبة: ٣٢ – ٣٣.

واتە: کافران دەیانەوێت نووری خوای گەورە بەفوو بکوژێننەوە !! بەڵام

خــوای گەورە بایەخیــان پێنــادات و ســوورە لەســەر ئەوەی، كە نــووری خــۆی (دینەكەی) بەكامڵی دەگەیێنێتە هەموو جێیەك، جا با كافران هەر پێیان نــاخۆش بێــت، بەكــوێرایی چــاوی ئەوان ئەم دیــنەی خــوا هەر لەبــرەوو تەشــەنەو سەركەوتنیدایە...

ئەوە خــوای گەورەیە كە پێغەمــبەرەكەی خــۆی (صَــلَّى اللــه عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ) بەڕێنمایــی خــۆی و دینــی حەق و حەقخــوازییەوە نــاردووە، تــا بەســەر هەمــوو دینەكــانی تریــدا زاڵ بكــات و بــاڵا دەســت بێــت، ئەگەرچــی موشریكــان پێیــان ناخۆشــە... بەكــوێرایی چاویــان خــوای گەورە ئەم دیــنە و دینــدارانی هەر سەردەخات.

باسی سێیەم

ڕۆژی دوایی و پاداشت و سزاكانی خـــوا

باسی ڕۆژی دوایی لەئیسلامدا دووەمین پلە باسە، كە لەدوای باسی خوای گەورە دێت... ئێمەش لەم زنجیرە كتێبە بناغەییەدا[١] باسمان لەخوای گەورە كردو پاشان لە پێغەمبەری خوا (صَلَّی الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئێستا كە لەكۆتـایی بـاس و بابەتەكانی ئەو زنجیرەیە داین، وا لە باسـی ڕۆژی دوایـی كۆتاییـان پێـدەهێنین، چونكە ڕۆژی دواییش كۆتا قۆناغی ژیانی مرۆڤە و ئیتر لەوێ جێگیردەبێت.

لێرەدا سووربووین،كە باسەكانی ڕۆژی دوایـی بەچەنـدین جـۆر شـێواز و چۆنیەتی ڕاڤە بكەین و، ڕاوبۆچوونی بیرمەندانی گەورەی دەربارە بهێنیـنەوە كە هەر یەكە و بەشێوەیەك بەڵگەی لەسەر هێناوەتەوە، تا زیاتر لەهـزرو هـــۆش و دڵ و دەروندا بچەسپێت.

لەســـەرەتادا هەنـــدێكمان لەنووســـینی (شـــێخ بـــدیع الـــدین نەوەرســـی) وەرگرتووەوكۆتـــاییەكەش بەبۆچـــوونی (مەودودی)- رحمهـــم اللـــە-، لەنەقـــڵ كـــردنەكەدا ناچـــاربووین كەمێـــك دەســـتكارییان بەكـــورتكردنەوە بكەیـــن، بەشێوەیەكی شیاو كە ناوەرۆكی باسـەكە نەشـێوێنێت و لەگەڵ سروشـتیی ئەم

---

(١) مەبەستی نوسەری ڕەحمەتی سێ كتێبەكەیە، كە ناوی نـاون: (دراسـات منهجیـة هادفـة حول الأصول الثلاثة: الله، الرسول، الإسلام)،كە ئەم باسەی سـەرەوە كۆتـا بـابەتی كتێبـی (الإسلام)ە كە (الحمدلله) من كردوومە بە كوردی.

کتێبەشـدا بگونجێـت، کە زۆرمـان لێوەنەقـڵ کـردوون، لەبەر ئەوەیە کە هـیچ گۆشەو کەنارێکی باسەکانی نەمێنێتەوە بەڵگەی لەسەر نەهێنرابێتەوە، تا کـافر بیانووی نەمێنێت و، موسـوڵمانیش بەڵـگەی زیـاتری لەدەسـتدا بێـت و گەشـەو پەروەردەکاری ئیمانیشی بەرزتر بکاتەوە.

بڕگەی یەكەم:
هەبوونی ڕۆژی دوایی زەروورەتە:

(شێخ سەعیدی نورسی) -رحمه الله- دەفەرموێ: (بڕوانە هێزی حەقێتی ڕۆژی حەشر و قیامەت، ناشێت دەسەڵاتدارێك نەبێت، كە پاداشتی چاكەكاران بداتەوە و سزای تاوانكاران بدات.. بەتایبەتی كە دەبێت ئەو دەسەڵاتدارە زۆر مەزن و بەڕێزبێت، زۆر سەخی و چاكە خوازبێت، بەهێز و دەسەڵات رۆیشتووبێت، دەبێت سووربێت لەسەر پاراستنی فەرمان و ڕاپەڕاندنی... لەم دنیایەدا كەس ئەو دەسەڵاتەی نییە و هەر هەموو دنیا لەدەست كەسێكدا كۆبێتەوە، ناكاتە یەك لەدەی دەیەكێك)[١] .

دەسەڵاتی خوای گەورە لەقیامەتدا هەروەكو كە لەدنیاشدا وایە، رەهایە، بێسنوورە، بێ ئەندازە و ڕادە و بڕە، بێ وێنەیە! جا لەقیامەتدا ئەم خوای خاوەن دەسەڵاتە كە ئەوە سیفەتێتی، رەحم و بەزەییشی بەشێوەیەكە، كە شایستەی سیفەتی كامڵی خۆیەتی، بۆیە فەزڵ و توانای لێخۆشبوون و سزادانیشی ئەوەندە زۆر و بێ سنوورە، ئەم سیفەتانە ئارامگری دەخوازێت لەسەر پەروەردەبوونی ئەو كەسانەی باوەڕی پێناهێنن، یان هاوبەشی بۆ دادەنێن.

بەتایبەتی كە دەبێت ئەوەندە دانابێت، كە كاروباری دەسەڵاتدارێتییەكەی پارسەنگانە بپارێزێت، دەبێت هێز و دەسەڵاتەكەش وابێت كە ئەوكەسانە بگرێتە خۆ كەپەنای بۆ دێنن، ئەمەش پاراستنی خاوەنێتی دەخوازێت، جگەلەوەی كە دیاریكردنی ماف و ئەركی مەخلوقات دەخوازێت.

هەر یەكێك لەسیفەتەكانی خوای گەورە، كە رەها و بێسنوور و بێ نیازن،

(١) هەر بواری بەراورد نین..چونكە ئەمیان مەخلوقە و دەبێتە دەسەڵاتی مەخلوق، ئەویان خالقە و دەسەڵات سیفەتی خۆیاتی.

هەموو سیفەتەكانی تریشی وەلدایە، نەك لەبەر پێویستی، چونكە خـوای گەورە كەم وكورت نییە تا پێویستی بەتەواوكـاری سـیفەتێكی بێـت.. بەڵام هەبـوونی دەســەڵاتی رەهــا و بــێ ســنوور و بــێ وێــنەی خــوای گەورە لەقیامەتــدا ئەم سیفەتانەی تریشی هاوڕێیە، بۆیە ناچوێنرێت بەدەسەڵاتی مرۆڤی دەسەڵاتدار.

دەســەڵاتی خـوای گەورە ئەو گەورەیــی و هێــز و توانــا و چاكەكــارییەی وەلدایە، ئەو عیززەت و رەحمەت و مەزنێتیەی وەلدایە، ئەو زانـایی و دانـاییەی وەلدایە كە دەزانێت ماف و ئەركی هەموو مەخلووقات چـی بـووە وكـێ تێیانـدا كەمتەرخەمبووە.

داناییەكەشــی ئەوە دەخوازێـت مـافی زەوتكـراو بگێـڕێتەوە بـۆ خـاوەنی و زەوتكــاریش بەســزای شــیاو بگەیێنێــت، دەســەڵاتدارێتی خــوای گەورە و پاداشتدانەوە و سزادانەكەی ئەوە دەخوازێـت، كە گەنجیـنەی موڵـك و سـامانی لەبــن نەیەن، ئەوەنــدە زۆربــن لەزۆر زۆرتــر چــونكە سەخاوەتەكەشــی بــێ سنووردارە و بێ وێنەیە.

ئەمەش ئەوە دەخوازێـت، كە میوانخـانەكەی كە بەهەشــتی هەمیشــەییەو، میوانەكان هەمیشە حزوورن، دەبـێ خـۆراك و پۆشـاك و پێداویسـتیان ئەوەنـدە زۆربێت، كە موحتاجی هیچ نەبن.. ئەمە بەرفراوانیی و پڕی گەنجیـنەی مـوڵكی دەردەخات.

كــاملْبوونی ســیفەتی خــوای گەورە و بێســنووریی و بــێ وێنەییەكەیــان ئەوەدەخوازێت، كە هەر هەموو سـەرپێچیكار و تاوانكـاران بناسـێت و، بزانێـت چییان كردووە و كەی و چۆن و چەند و بۆچی!

هەمــوو ئەمــانەش بەبەڵــگەی حاشـا هەڵنەگـرەوە دەبێـت لەدادگـای حەقـدا بســەلمێنرێن، بەشــاهیدییەك، كە واقــیعەكەی بەهەمــوو بەشــێكی ئاشــكرا و شاراوەییەوە دیووە، چ نیـیەت و پـاڵنەری شـاراوەی نـاخ بـن، چ ئەو ئـامێرانەی

تاوانەكانیان پێ ئەنجامدراوە، جگە لەپەنجەمۆر و ڕێگای تری ئیسپات كردن! هەموو وجود، هەموو گەردوون و ژیان و مرۆڤ.. هەموو بزاوت و سرەوتێك شاهێدی كاملێتی ئەم دەسەڵاتدارێتیەیە كە خوای تاك و پاك هەیەتی، هەموو موفرەدەیەكی گچكە (لە ئەلیكترۆن گچكەتر)، تا موفرەدەیەكی گەورە (زەبەللاحترین خۆر) هەر هەموو ئاسەواری ئەو دەسەڵاتدارێتیەن كە زانایی و توانایی و سیفەتە بێ سنوورەكانی تریانی وەلدایە.

ئەم دەسەڵاتدارێتییە لەكۆتا سنووری تەسەوركردنی حاكمێتیشدا زیاترە، چونكە سنووری نییە... مەخلووق تەسەوری حاكمێتیەكەی بەرادەی سنوورداریێتی خۆی دەكات، بۆیە هیچ كەسێك پەی بەسیفەتی خوای گەورە نابات.. ئەم دەسەڵاتدارێتیە حاكمە كە لەقیامەتدا داوەری دەكات و كێشەكان یەكلا دەكاتەوە.. لەكۆتا تەسەوری وردەكارێتی ئێمە زیاترە (١).

داوەری كردن لەقیامەتدا لەكۆتا ئاستی تەسەوری دادپەروەریهاندایە... چونكە كاتێك خوای گەورە و بەدەسەڵات و زانا كەسێك بۆ لێپرسینەوە و دادگایی كردن دێنێتە پێش، مەلەفی تەفسیلاتی نییەت و ڕەفتاری هەر هەموو ساتە وەختەكانی ژیانی تۆمار كراون ..

بەشێوەیەكی بێ وێنەش تۆمار كراون كە قابیلی هەڵە وسڕینەوە و تێكەڵبوون و نەمانیان بەهیچ كلۆجێك نییە... خوای كارزان وێنەی هەموو ڕەفتارەكانی گرتووە و نیشانی دەداتەوە... ئەندامانی خودی بەدەن لەگەڵ فریشتەكاندا شاهێدی دەدەن... بەڵگەكان بەهیچ كلۆجێك گومانیان تێدانییە، بواری ئەگەرێكی لاوازكردنیان بەهیچ شێوەیەك نییە!.

---

(١) وشەی زیاترەكەش بۆ سنوورداری ڕادەوبڕە!! بۆیە تەسەوری هیچ سیفەتێكی خوای گەورە ناكەین،بەڵام دەزانین كە بێ وێنەن.

كە خوای گەورە و كارزان و بەدەسەڵات لەدنیادا بەو خەڵكەی فەرمـووكە نییەت و ڕەفتـار (گوفتـار و كردار)ەكانتـان هەمـووی لای خـۆم تۆمـار دەكەم، یەعنی لەهەریەكێكیشتان دەپرسمەوە دەربارەی هەرمسقاڵە زەڕەیەكی ...

كەوابوو: ڕۆژی قیامەت حەتمییە و نابێت بەهیچ شێوەیەك گومانی تێدابێت، كە خوای كردگار و بەدەسەڵات و زانا و دانا دایدەمەزرێنێت و، هەموو كەسـێك دەباتەوە بەر دادگای حەقی خۆی و لەهەمـوو ڕەفتارێـك دەپرسـێتەوە كە بـۆچی وات كرد؟

هیچ وەڵامێك نیـیە بەڵـگە و شـاهیدەكان رەتكـاتەوە، یـان لاوازیـان كـات.. ئەستەمە.

بەتایبەتی كە خـوای دەسـەڵاتدار و كردگـار و بەتوانـا لەدنیـادا رایگەیانـد، بەڵێنـــی دا و هەڕەشـــەی كـــرد كە ســـەرلەنوێ ئیجادتـــان دەكەمەوە، كۆتـــان دەكەمەوە... كـۆكردنەوەی جەسـتە و ڕۆحـی هەریەكێكیـان، كـۆكردنەوەی هەر هەموو نییەت و ڕەفتاری هەر یەكێكتان كۆدەكەمەوە.

كەوابوو: نییەت و ڕەفتاری هەر هەموتان كۆ دەكەمەوە و جەستە و ڕۆحـی هەر هەمووشتان كۆدەكەمەوە و هەمووشیتان نیشـاندەدەمەوە... ئەمەش ئاسـانە بۆ خوای گەورە(١) ...

هەبوونی قیامەت بۆ مرۆڤ لەكۆتا سنووری گرنگیدایە ... خـوای گەورە، كە ئەم بڕیارەی هەبوونی قیامەتی داوە، بەڵگەیەكی تـری دەسـەڵاتدارێتی وهێـز و توانایەتی.

بەتایبەتی كە هەمـوو نێرراوێكـی خـوای دەسـەڵاتدار هەواڵیـان بەخەڵكـی

---

(١) خوای گەورە ئاسان و گران، یان سووك و قورسی لا نییە.. ئەوە بۆ حاڵی كردنـی ئـێمەیە، كە دەفەرموێ: ((وهو أهون علیه)).

گەیاندووە ،كە خوای گەورە بەهەشتی بۆ پیاو چاكان و دۆزەخی بـۆ پیاوخراپـان تەرخان كردووە، بەڵێنـی ئەكیدیشـی بەهەمـوان داوە كە زینـدوویان دەكـاتەوە، هەڕەشەی سەختیشی لەو كەسانە كـردووە كە وەدەنـگ بـانگەوازی وەحیـیەوە نایەن وسەرپێچی فەرمانی خوای گەورە دەكەن.

خوای گەورەش زۆر زۆر لەوە دوورە، حاشا بەڵێنێك بدات و نەیباتە سـەر، ئەوە لەسیفەتی كاملێتی خـوایەتیی ناوەشـێتەوە... ئەو بەرێـزانەی هەواڵـی ئەم بەڵێنەی خوای گەورەیان بەخەڵكی گەیاندووە، یەك و دوو نین، بەهەزارانن...

هەر هەمووشیان بەیەك شێوە هەواڵەكەیان گەیانـدووە، چـونكە ئەمینـدار و دەســتپاك و سەرڕاســتبوون لەگەیانــدنی بەڵێــنەكەدا هەر وەكــو، كە پێیــان سپێررابوو.

بەتـایبەتی كە خـوای دەسـەڵاتدار لەگەردوون و ژیـان و مرۆڤـدا هەزاران هەزار بەڵـگە و نیشـانە و دیـاردەی خـوایەتی خـۆیی نیشـان داوە... كە هەمـوو شـاهێدی بـێ وێنەیـی و بـێ سـنووری سـیفەتەكانی دەدەن لەكردگـارێتیی و سەرپەرشتی و رۆزیدان و مرانـدن و ژیانـدن، و لەزانـایی و توانـایی و دانـایی، لەدادپەروەری و بەزەیی و بەرەحمی...

جـا خـۆ ئەگەر لەبـازنەی موڵكیـدا جێگـایەك بەهەمیشـەیی نەبـوایە كە چارەنووسی مرۆڤـی بـۆ بچێـتەوە، حەتمەن نكـوڵی لەم هەمـوو دانـاییە دەكـرا، نكوڵی لەم هەموو لوتف و بەزەیی و دادپەروەرییە ئاشكرایە دەكرا.

بەتایبەتی سەخاوەتی بێسنوور و بێ وێنەیی خوای گەورە، بەخشین و پێدانی ناز و نیعمەتیش بەشێوەیەكی بەردەوام و تەواوەتی دەخوازێت، ئەم سیفەتە وجودی هەمیشەیی خاوەنەكەی دەخوازێت تا نیعمەت بەخشین بەردەوام بێت، كە بەم سەخاوەتەش ئاوا نیعمەت بەهەموو كەسێك ببەخشرێت، حەتمەن سوپاس و ستایشكردنی بەردەوام دەخوازێت، ئەمەش ئەوەدەخوازێت كە ناشێت

شوكرانە بژێر و كوفرانە بژێری ناز و نیعمەت هەر وەكو یەك بن، هەر پێیانبدرێت و بووترێت: كەیفی خۆتانە سوپاسی دەكەن یان نا، نەسوپاس پاداشتی هەیە و نەكوفرانە بژێری سزای لەسەرە!!

ئەمە نامومكینە، بۆیە هەر دەبێت ڕۆژی قیامەت هەبێت، تادادپەروەرێتی لەپاداشت و سزای ڕەفتاردا بەتەواوی دیاریی بكرێت.

لەحەقیقەتە سەرەكییەكانی ژیان كە بەڵگە نەویستە، هەبوونی جوانی جوانانە.. دەبێت كەسانێك هەبن جوانی جوان ببینن وشاهێدی لەسەربدەن، هەروەها چاكیی و چاكسازی چاكەكار ئەوە دەخوازێت خەڵكی ببینن.. خوای دەسەڵاتدار و چاك و چاكساز، جوان و خالقی جوانی، كە ئەمانە سیفەتی رەها و بێ سنوورێتی ئەم سیفەتە جوانانە، كەسانێك دەخوازێت بیگەنێ و چێژ لە جوانییەكەی بكەن و پێی شادبن، كە لەدنیادا خوای تاكو پاكیان نەدیووە، دەبێت ڕۆژێكی تری غەیری دنیایی هەبێت كە لەهەموو شتێكیدا لەڕۆژانی دنیا جیاوازە تا خوای گەورەی لێ ببینرێت.

ئەم وجودەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بەو هەموو موفرەداتانەیانەوە كە ئاسەواری كردگارێتی خوای تاكوپاكن، هەبوونی كردگارێتی بۆ ئەم وجودە هەبوونی ڕۆژی قیامەت دەخوارێت.

بەتایبەتی كە خوای كردگار و خاوەنی ئەم وجودە، بەهانای داماو و لێقەوماوانە دێت.. ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن بەدەنگیانەوە دێت.. ئاهی ناخیان دەبیستێت و لەویش شاراوەتر، ئاگای لەختوورەی دڵیانە..

ئەمەش ئەوەدەخوازێت كە بەهانای موحتاجترین كەسەوە بێت و داواكەی هەر چەندە گەورە و زۆر بێت بەلایەوە ئاسان و ئاسایی بێت بۆی بهێنێتەدی.. كە تەمەنیان لەژیانیاندا كورتە و، بەشی ئەو هەموو حەز و ئاواتانەیان ناكات، حەتمەن دەبێت ڕۆژێكی تر غەیری ژیانی دنیایان هەبێت كە خوای گەورە ئەو

هیوا و ئاواتانەیانی تێدا بهێنتەدی .. ڕۆژێك بێت لەڕۆژانـی تەمەن درێژتـر كە قیامەتە و مردنی بەدوادانایەت ...

نەمرییەكە خۆی گەورەترین حەز و هیوا و ئـاواتە كە لەوێ دێـتەدی.. بـاقی حەزەكانی مرۆڤ جگە لە خۆشەویسـتی دیـداری خـوای گەورە و سەرخسـتنی دینەكەی بەدوای ئەمیاندا دێن.

هێنانەدی هەمووپێداویستی و حەز و ئاواتەكانی عەبد، لەچاو تروكانێكـدا بەفەرمانی خوای گەورە دێنەدی، چونكە بۆ خوای كردگاری وجود و دەوڵەمەنـد و سەخی و بێنیاز ئاسانە.

بەتـایبەتی كە ئەمە دوعـای ڕۆژانەی پیاوچاكـانی مرۆڤـایەتییە... ئەمە دوعای ڕۆژانەی پێغەمبەرانی خوا (علیهم السـلام) و پیـاو چاكـانی دینـدارە،كە بەزەلیلیـیەوە لەخـوای گەورە دەپـاڕێنەوە، تـا لێیـان خـۆش بێـت و لەنـاز و نیعمەتەكانی بەهەشت مەحرومیان نەكات...

كەوابـوو: حەتمەن دەبێـت ڕۆژی قیـامەت هەبێـت تـا خـوای گەورە ئەو ئاواتانەی ئەو خواناسانەی تێدا بهێنێتەدی... بەتایبەتی كە زۆرینەیـان لەژیـانی دنیایاندا ناسۆر و نارەحەتی زۆریان لەڕێی خواویستیدا چێژتبوو.

حەتمەن دەبێت مرۆڤی خاوەن هزر و ژیری پەی بەوە ببـات، كە ئەم دنیـایە خۆی لەخۆیدا بۆخۆی نییە، ژیانیش تێیدا شتێكی سەربەخۆی لە (وجـود) جـودا نییە.. ژیـانی دنیـا وەكـو خـانوویەكە (یـان وەكـو ئـوتێلێكە) نیشـتەجێیانی تـا ماوەیەك تێیدا دەبن و دواتر دەڕۆن...

خوای پەروەردگار و دەوڵەمەند و سەخی، بانگیـان دەكـات بـۆ بەهەشـت بـۆ (دار السلام).. ئەم چێژ و جوانیانەی ژیانی دنیا بـۆ ئەوەنـین هەمـوو ڕەنجێكـی مرۆڤیان لەپێناودا بدرێت.

ڕازاوەیـی دنیـا هەر بـۆ چێـژ و رابـواردن نـین، بەبەڵـگەی ئەوەی كە

بەشـــێوەیەكی كـــاتی چێـــژت پێـــدەدەن و هەر بە لەدەســـتدانیان خەم و پەژارە داتدەگرێت بۆیان..

ئەم دنیا ڕازاوەیە هەر بۆ تامكردنە، بەركوڵە بۆ ئەوەی ئیشـتیهات بكـرێتەوە بۆ ناز و نیعمەت و چێژە نەمرەكانی ئەولا،چێژی دنیـایی تێـرت ناكـات، چـونكە كەم و كاتین، تەمەنی تۆش كەم و كتییە..

ئەم ناز و نیعمەتە دنیاییانە بۆ ناسینیانن، بۆ پەندو ئامۆژگاری وەرگرتنن.. بۆ سوپاس وستایشكرنی خوای گەورەن لەسەری، ئەمـانە بـۆ هوروژانـدنی حەز و ئارەزوون، تا شەیدای نیعمەتە ئەسڵییەكان ببێت كە ناگۆڕێن و نارزێن و ناپوێن، كە كۆتایی نایەن و تێریان لێناخورێت و تووشـی بیێـزاری و مـــەلوولی نابیـت لێیان ..

جوانیی و ڕازاوەیی دیمەنەكانی چیژی دنیا بۆ هاندانی ئیماندارانە تا عەوداڵی جـوانی و دیمەنەكـانی چێـژی بەهەشـت بـبن، نەك هـۆگری چێـژی دنیـایی و خۆخەریك كردن پێیانەوە، بەجۆرێك كە لە نیعمەتەكانی بەهەشـت خـۆ مەحـروم بكات..

هەموو چێژێكی دنیایی كۆتایی دێت، هەر چی لێرەیە، لەناو و شێوە و وێنەیدا وەكـو چێـژی بەهەشـتە، نەك لەحەقیقەتیـدا.. كە دەووترێـت: لەبەهەشـت فـڵان نیعمەت هەیە (وەكو ئەمەی دنیا)، ئەوە هەر ناویان هاوبەشە... چونكە نیعمەتی ئەوێ حەقیقین و هیچ جۆرە گۆڕانێكی سلبیان بەسەردا نایەت..

خـوای گەورە وای ویسـتووە كە ژیـانی دنیـا بكـاتە نمـوونەیەكی بەزاهیـر لێكچـووی ڕۆژی دوایـی.. بەڵام نە خۆشـییەكانی دنیـا وەكـو خۆشـییەكانی بەهەشتن و، نەژان و ناسۆری دنیا وەكو ژان و ناسـۆری دۆزەخـن.. ئەمەی ئێـرە نموونەیەكەو بەس!

سەرنجێكی تەمەنی ئەو گوڵە جوان و ناسكە بدە و، هۆشـت بچێـت بـۆلای

وشەیەكی جوان كە دەبیستیت.. هەر دووكیان بۆ ماوەیەكی كاتی لەبەر چاو و گوێ و لەبەردڵن، ئەویان سیس دەبێت و دەپروێت، وشك دەبێت و هەڵدەوەرێت، بەڵام تۆوەكەی دەمێنێت، ئەمیشیان وشەیەكە و تا ماوەیەك لەبەرگوێ و لەسەر زمان دەمێنێت، ئەمیش بیردەچێتەوە و دەڕوات، بەڵام لەخانە قووڵەكانی مێشكدا تۆمارە و دەمێنێت..

خۆی (وەكو تۆوی گوڵەكە) و مانای... هەر دووكیان لەكاتێكی دیاریكراودا ئەركێكیان بینی و رۆیشتن، بەڵام هەردووكیـان لەنـاخی بیـنەر و بیسـەرانیاندا ماون.. هەر وەكو ئەوەی تۆودانی گـوڵەكە و مێشـكی ئـێمە هەر بـۆ پاراسـتنی جوانی و خۆشی ئەوان خەلق بووبێت.. هەر دەڵێی مەخزەنی پاراستنی ئەوانین...

هەر چی لەدنیادا هەستی پێدەكەیت بەم گـوڵ و وشـەیەی بپێـوە، ملیۆنەهـا دیـــمەن و ملیارەهـــا وشـــە ،هەر هەمـــووی كـــاتیی هـــات و چـــوون، بەڵام هەر هەمووشیان تۆماركراون..

ئەمە بەڵگەیەكە ئەم مرۆڤە هەروا هەوانتە خەلـق نەكـراوە بێـت و بەكەیفـی خـۆی بـژی.. ئەدی ئەم هەمـوو هەسـتپێكراوانەی بـۆچی تێـدا خەزن دەكرێـت! مەگەر بۆ ئەوە نییە لەڕۆژێكدا كە موحاسەبە كرا لەسـەر ڕەفتارەكـانی دنیـای، نەتوانێت بڵێت: نەمدی، نەمبیسـت، بـۆنم نەكـرد، بەری نەكەوتـم، تـامم نەكـرد، هۆشم لێی نەبوو، پەیم پێ نەبرد..

هەر شتێك لەم بەهانانە بڵێت، لێی قبـوڵ ناكرێـت، چـونكە ملیارەهـا سـێڵی جەستەی خۆی بەدرۆی دەخەنەوە... چونكە هەموو ڕەفتارەكانی تەمەنی تۆمـار كراون.. ئەمە لەلایەك.. لەلایەكی ترەوە، مەگەر سـەرنجت نەداوە چـــۆن پـــایز دێت و هەموو جوانییەكانی بەهار كۆتایی پێ دەهێنێت..

ئەوە هۆشدارییە كە كات و وەزیفەی ئەم بەهارە كۆتایی هات.. بوو بە شاهێد لەسەر خەڵكی.. بەهاری داهاتووش شـاهیدە لەسـەر خەڵكـی نـوێ.. تـۆوی ئەم

گوڵانە دەڕوێنەوە و وشەكانی ئەم دینە دیسان بەگوێی نەوەی تردا دەدرێنەوە تا ببیستن و بزاوت و هەڵوێستی خۆیانی بە ئیماندارێتی یان كافر بوون دەربارە دەرببڕن، ئەم وەرزەش دێت و دەڕوات .. پایزیش دیمەن و بیرخستنەوە نیشاندەدات و (حوججە) لەسەر بینەران و بیسەران دادەنێت...

هەموو شوێن و كات و حاڵەتێك، هەموو بزاوت و سرەوتێكی (وجود) دەیسەلمێنێت كە كردگاری ئەم (وجود)ە و هەڵسوڕێنەری ئەم ژیان و ڕۆڵانەی مەخلووق، ئەم خەڵكە بەرە و ڕۆژی قیامەت ئاڕاستە دەكات، هانیاندەدات كە پیاوچاكانە خۆی بۆ ئامادەبكەن ..

ڕاستەوخۆ و لاوەكی پێیان دەفەرموێ: خۆ بكوتن بۆ ئەو بەهەشتەی، كە هیچ شتێكی نییە هیچ چاوێك دیبێتی، یان هیچ گوێچكەیەك بیستبێتی، یان بەهزر و هۆشی هیچ كەسێكدا هاتبێت.

بڕوانە مێشكی مرۆڤ و بەرهەمی درەخت و ناوكی میوە و تۆوی گوڵ، تا هەست بكەیت كە ناوی (الحفیظ)ی خوای تاكو پاك چەند بێ سنوور و بێ وێنەیە، تا بزانیت زانستی خوای بێ وێنە چەند گشتگیرە كە ئاگای لەهەر هەموو بزاوت و سرەوتێكی ئەمان و هەموو وجودێكی ترە[1]..

لە هەر یەكێك لەم حاڵەتانە و هاوشێوەیان وردبیتەوە دەگەیتە ئەو پرسیارە، كە خوای كردگار ئەم هەموو موفرەداتانەی (وجود)ی بەو شێوە وردەكارییە

---

(١) كە هیچ بەربەستێك لەنێوان خوای گەورە و زانینی وجودی مەخلوقاتەكانیدا نییە.. نەمادده و نەكات و نەماهییەت. تۆ لەودیو ئەو دیوارە چ هەیە،نازانیت سبەینێ چ ڕوودەدات، نازانیت ماهییەتی ئەم ئەلیكترۆنە چییە، چونكە تۆ مەخلوقێكی سنوورداری.. چونكە تۆ زانیارییەكانت لەغەیری خۆتەوە وەرگرتووە، بەڵا، خوای تاك و پاك، خالقی مادده و كات و ماهییەتەكانە، هیچ سیفەتێكی سنووردار نییە، هیچ زانیارییەكی لە وجودەوە وەرنەگرتووە!

ڕێساییانە خەلق كردووە، هەرچی وجود و بزاوت و سرەوتێك لە مەملەكەتەكەیدا ڕوودەدات تۆماری دەكات، ئەمە جگە لەوەی كۆتا تەسەورمانە لەبێ سنووری سیفاتی ئەو لەتوانین و لەزانین و لەئاگایی و لەزیندوویی و لەچاودێری و لە هیتر.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی كە ڕۆژێكی داناوە كە ئەم هەموو ڕەفتارە ئەنجامدراوانەی تێدا نیشان بداتەوە .. دەنا بۆچی نییەت و گوفتار و كرداری ئەم هەموو نەوە بەنەوەی مرۆڤایەتییە تۆمار دەكات؟ مەگەر بۆ ئەوە نییە لەقیامەتدا لێیان بپرسێتەوە: كە چۆن و بۆچی وات كرد؟

یان وات نەكرد؟

خەلق كردنی ئەم مرۆڤە و بەخشینی پشكی پێداویستی ژیانی، لەتەمەنەوە بۆ ڕۆزی، لەجەستەی بەكارەوە بۆ پەیام، بۆ ناردنی، لەبڕەكانی وزە و توانایەوە بۆ هەستی بەرپرسێتی..

بۆ هەر هەموو نییەت و بزاوت و هەڵوێست و سرەوتێكی.. ئەمانەی هەموو وردەكارانە بەهەر یەكێك لەمرۆڤ بەخشیووە، نییەت و ڕەفتاریشیان تۆماردەكات، چما ئەم مرۆڤە ئەوەندە ساویلكە و گێلە وادەزانێت ئەمە هەر بەهەوانتە دێت و دەڕوات؟!

چما ئەوەندە بێهۆش و گۆشە وانازانێت بەرپرسێتی قیامەتی دەكەوێتە سەر، بەرپرسێتی ژیانی، هەستەوەرەكانی، بزاوت و هەڵوێستی لەوەحی خوایی، بەرپرسێتی چاكە و خراپەی.. وا دەزانێت ئەم هەموو وردەكارییەی گەردوون و ژیان ومرۆڤ بەو ملیارەها موفرەداتانەیەوە بێ (خالق) و بێ (رقیب) و بێ (حفیظ) و بێ (قیوم) و بێ (محي) و بێ (ممیت) دێن و دەڕۆن؟!!

﴿أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ٣٦﴾ القيامة: ٣٦ .

واتە: چما مرۆڤ وادەزانێت هەروا وەل دەكرێت؟ وادەزانێت بەهەوانتە و

لەخۆڕا لەوگۆڕە هاتۆتە وجودەوە و دەخوات و دەڕوات و دەمرێت، هەروەكو كە كرمێك دێت و دەڕوات و دەمێت؟!

نا، نەخێر.. بەخوا قەسەم لەسەر كەم و زۆر، گچكە و گەورە، قورس و ئاسان موحاسەبە دەكرێت، بەرەو حەشر دەبرێت و چارەنووسی هەتاهەتایی لەوێ دیاریدەكرێت، ئەو حەشر و قیامەتەش بەنیسبەت خوای گەورەوە وەكو هاتنەوەی بەهاری نوێیە دوای پایزەكە و بەتەئكید ئاسانتریشە.

هەر چی شتێك لەم وجودەدا هەیە بەڵگەی بێ وێنەیی سیفەتە خواییەكانی خوای گەورەیە.. هەر یەكێكیشیان نیشانەیەكی ڕێنماییكاری قیامەتە... هەر یەكێكیان ئەوە دەخاتە بەر هزر و هۆشی مرۆڤ، كە ئەوخوا كردگارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤی ئاوا وردەكارانە خەلق كردووە سیفەتەكانی كاتی نین، كەم وكورت نین، بەڵێنەكەشی ئەكیدە كە ڕۆژی قیامەت دێت و لەهەموو نییەت و گوفتار و كردارێك دەپرسێتەوە.

داهێنانی حەشر و هێنانی ڕۆژی قیامەت بەهەرچی نیشانەكانیەوە كە هەیەتی قورستر نییە لەخەلق كردنی بەهارێك بەو هەموو جۆرە ژیان و بزاوت و سرەوتەیەوە كە تێیدایە: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ٨٧﴾ النساء: ٨٧ .

واتە: خوای گەورە ئەوەیە، كە هیچ خوایەكی تر وەكو ئەو نییە... بەتەئكید هەر هەموتان لەڕۆژی قیامەتدا كۆدەكاتەوە... قیامەت ڕۆژێكە كە بەهیچ كلۆجێك گومان لەهاتنیدا نییە، ئێ كێش هەیە لەخوای گەورە ڕاستگۆتربێت لەدوان و بەڵێنیدا؟! چۆن ئەم خوای كردگارە بەڕاستگۆ نازانرێت كە هەموو وجود وشەی ڕاستی فەرمایشتی ئەون و هەر هەموو كائینات نیشانەی ڕۆشنی سیفەتەكانی خوایەتی ئەون؟

هەموو ئەو بیرمەند و توێژەرەوە و لێكۆڵەرەوانەی بەزاهیری دیاردا

ڕۆچوون و حەقیقەتیان دیراسە كردووە، هەموو ئەوانەی ڕۆحیان لەگەشەدابووە و دڵ و هزر و چاویان بەحەق رۆشنبووە، هەموو ئەوانەی بەهەوارگەكانی خواناسیدا تێپەڕبوون، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە جێگیرە بێ گومانەی كە خوای تاكو پاك حەتمەن ڕۆژی قیامەت دەهێنێتە پێش و پاداشتی چاكەكارانی تێدا دەداتەوە و سزای خراپەكارانی تێدا دەدات.

سەرنجبدەرە چۆنیەتی زیندووكردنەوەی زەوی لەحەشرێكی بەهاریدا، تا ببینیت، كە لەماوەی شەش ڕۆژدا، سێسەد هەزار حەشری وردەكارانە و ڕێكوپێك چۆن هاتنەكایەوە...

چۆن هەزاران هەزار حاڵەت و چۆنیەتی ژیان و مردن و ژیاندنەوە و مراندنەوە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە روویدا؟

ئەو خوایەی ئا ئەم هەموو وجودە ئاوا بهێنێتە دی، چۆن خەڵقكردنی شتێكی تری لاسەخت دەبێت؟

یان پێی ماندوو دەبێت؟

خوایەك كە ئەو هەموو ئاسمانانە و زەوی ئاوا خەلق بكات، چۆن ناتوانێت بەچاو تروكانێك ئەو حەشرونەشر و قیامەتە بهێنێتەكایەوە؟

یەكێك سەد هەزار كتێب بنووسێت، بێئەوەی رستەیەك، دەستەواژەیەك، وشەیەك، پیتێك هەڵە بكات، بێ ئەوەی تێكەڵیان كات یان پێكەوە بنووسێن یان لێكدابڕێن، چۆن دەشێت واتەسەور بكرێت بەنووسینەوەی كتێبێك ماندوو دەبێت چ جای بوترێت ناتوانێت؟ كەسێك قەسیدەیەكی نووسیبێت و كوژاندبێتەوە، چۆن دەوترێت ناتوانێت بینووسێتەوە؟!

﴿ فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٥٠ ﴾ الروم: ٥٠ .

واتە: بـڕوانە ئاسـەواری ڕەحمەتـی خـوای گەورە لەم گەردوون و ژیـان و مرۆڤەدا... بڕوانە چۆن ئەو زەوییەی دوای مردن زینـدوو كـردەوە.. هەر ئەویشـە كە مردووی تر زیندوو دەكاتەوە، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایە.

پاشـان.. ئەی ئەو كەسـەی بەتێگەیشـتنەوە لەیەكەم مەسـەلەوە، لێـرەدا هاوڕێم بوویـت و لەگەڵمـدا هاتیـت، وانەزانیـت بەڵگەكـان هەر ئەوەنـدەن، كە ئاماژەیان پێدرا..

نا، نەخێـر، خـۆ قورئـانی پیـرۆز ئامـاژە بەجۆرەهـای وادەكـات، كە لەژمـارە نایەن... خوای كردگارمان لەسەر ئەم شـانۆیەی ژیـانەوە دەمانبـات بـۆ بارەگـای دەسەڵاتی هەمیشەیی خۆی، هەروەكو كە قورئـان ئامـاژەی پێـداوە و نیشـانە و بەڵگەی بێشوماری لەسەر هێناوەتەوە... كە ئەوە دەسەلمێنن: كە خـوای كردگـار ئەم مەمـلەكەتە كـاتییەی بەرەو نەمـان و فەوتـان دەچێـت، دەگـۆڕێتەوە بە مەملەكەتێكی تری هەمیشەیی بەردەوام و ئەبەدیی...) كۆتایی.

بڕگەی دووەم:
دید و ڕای كافران و ڕەواندنەوەی گومانەكانیان:

هیچ ڕوكنێك لەڕوكنەكانی بانگەوازی پێغەمبەران (علیهم السلام) وەكو باوەڕهێنـــان بەڕۆژی دوایـــی ڕووەوڕووی نكـــوڵیكردن و بـــاوەڕپێنەبوون و گاڵتەپێكردن و تیروتوانج تێگرتن نەبۆتەوە...

كافران دەبینیـت نەوە لەدوای نەوەیـان لەسـەر هەمـان دیـد و هەڵوێسـتن و سوورن لەسەری.. قورئانی پیرۆز هەندێك لەو هەڵوێستانەی بۆ باسكردووین:

﴿وَقَالُوٓاْ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ ٢٩﴾ الأنعام: ٢٩.

واتە: وتیان، ژیان هەر ئەمەی دنیامانە و هیچی تر، زیندووش ناكرێینەوە.

﴿أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ ٥﴾ الرعد: ٥ .

واتە: چما ئەگەر بووین بەخاك و خۆڵ دیسان زیندوو دەكرێینەوە؟!

﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُۚ ٣٨﴾ النحل: ٣٨ .

واتە: بەهەموو شێوەیەكی جەخت كردنەوەیان سـوێندیان دەخـوارد كە خـوای گەورە كەس لەوانە زیندوو ناكاتەوە كە دەمرن!

﴿وَيَقُولُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَءِذَا مَا مِتُّ لَسَوۡفَ أُخۡرَجُ حَيًّا ٦٦﴾ مريم: ٦٦ .

واتە: مرۆڤی بێدین دەڵێ: چما ئەگەر مردم دواتر بەزینـدوویی دێـمەوە ژیـان؟ بەزیندوویی لەگۆڕەكەم دێمەوە دەرێ؟!

﴿أَيَعِدُكُمۡ أَنَّكُمۡ إِذَا مِتُّمۡ وَكُنتُمۡ تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَنَّكُم مُّخۡرَجُونَ ٣٥ ۞ هَيۡهَاتَ هَيۡهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ٣٦ إِنۡ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا نَحۡنُ بِمَبۡعُوثِينَ ٣٧ إِنۡ هُوَ إِلَّا رَجُلٌ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا وَمَا نَحۡنُ لَهُۥ بِمُؤۡمِنِينَ ٣٨﴾ المؤمنون: ٣٥ – ٣٨ .

واتە: چما ئەو پێغەمبەرە كە بەڵێنتان پێـدەدات ،وا دەزانـن كە مـردن و بـوون

بەخاك وخۆڵ و ئێسقانتان پواو ڕزی، سەر لەنوێ زینـدوو دەكـرێنەوە و لەگـۆڕ بەزیندوویی دێنەوە دەرەوە؟!

زۆر دوورە دوور! ئەمە ئەستەمە، ئەم بەڵێنە هەرقسەیە و هێنانەدیی مەحاڵە، ژیان هەر ئا ئەمەیە، كە دەمرین ودەژین، زیندوو نابینەوە... ئەوە (ئەو پێغەمبەرە علیه السلام) بوختان بەناوی خـواوە هەڵدەبەسـتێت و ڕاسـت ناكـات كە گـوایە خوای گەورە بڕیاریداوە زیندوومان بكاتەوە، بۆیە ئێمەش باوەڕی پێ ناهێنین.

﴿ بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَـٰذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ المؤمنون: ٨١ – ٨٣.

واتە: ئەمانیش هەر وەكو كافرانی پێشوو دەڵێن: ئەگەر مردین و بووین بەخاك و خۆڵ و ئێسقانمان پوا، چما دیسان زیندوو دەبینەوە؟! بەڵێنی وا زۆر بەئێمە و پێشتریش بە باوك و باپیرانمان دراوە.. ئەمە قسەی پووچەڵ و ئەفسانەی كۆنە.

﴿بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ ﴿١١﴾﴾ الفرقان: ١١ .

واتە: ڕۆژی قیامەتیان هەر بەدرۆخستەوە و باوەڕیان پێی نەهێنا.

﴿ بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلْمُهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ بَلْ هُمْ فِى شَكٍّ مِّنْهَا ۖ بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ ﴾ النمل: ٦٦.

واتە: چما ئەوەندەیان زانیاری لا كۆبۆتەوە كە باس لەڕۆژی دوایی بكەن؟ تا بپرسن لەوەی كە كەی دێت؟! ئەوانە ڕاست ناكەن، گومانیان لەهـاتنی قیـامەت هەیە و زەین كوێرن بەرامبەری.

﴿ وَقَالُوٓا۟ أَءِذَا ضَلَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍۭ ۚ بَلْ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ كَـٰفِرُونَ ﴿١٠﴾﴾ السجدة: ١٠ .

واتە: بێ باوەڕەكان دەڵێن: چما كاتێك زەوی لەخۆمان دەگرێت و دەبینە خاك وخۆڵ، سەرلەنوێ وەكو مرۆڤێكی تر خەلق دەبینەوە؟ ... ئەمانە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و دیداری خوای گەورە نییە.

﴿وَقَالُوٓاْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ١٥ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ١٦ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ١٧﴾ الصافات: ١٥ – ١٧ .

واتە: وتیان: ئەمە وەحی نییە، ئەمە جادووگەرییە، ئێمە كە مردین و بووین بەخاك و خۆڵ و ئێسك و پروسكمان ڕزی، چۆن جارێكی تر زیندوو دەبینەوە؟ چۆن بابوپاپیرانمان زیندوو دەكرێنەوە؟!

﴿كَلَّاۖ بَل لَّا يَخَافُونَ ٱلْأٓخِرَةَ ٥٣﴾ المدثر: ٥٣.

واتە: نا، نەخێر هەر ترسیان لەڕۆژی دوایی هەر نییە.

هەموویان زیندووبوونەوەیان زۆر بەدوور دەزانی، چونكە پێشەكی و كارە سەرەتاییەكانی زیندبوونەوەیان بەئەستەم دەبینی، هەر وەكو كە نەخوێندەوارێك ژمارەیەكی زۆری حسابات بەدوور دەزانێت، چونكە هەر ژمارەی بچووك و كەم دەزانێت و ناتوانێت هاوكێشەی قورسی ماتماتێكی درك پێ بكات.

دەڵێن: كاتێك كە داهێنەری شەترەنج، شەترەنجی دروستكرد، پێیان وت: شایانی خەڵاتێكی بەنرخیت، داوا بكە...

وتی: خەڵاتەكەم با ئاوا بێت: شەترەنجێك بهێنن، لەخانەی یەكەمی ریزی سەرەوەیدا دەنكێك گەنم دابنێن، پاشان دوو ئەوەندە لەخانەی دووەمینی دوای ئەو، ئینجا دوو ئەوەندەی ئەمیش لەخانەی دواتردا، ئاوا خانەبەخانەی دوای یەكتریی، دوو ئەوەندە دوو ئەوەندەی خانەی پێش خۆیم بۆ دانێن، تا هەر شەست و چوار خانەی شەترەنجەكە تەواو دەبێت، ئەمەندەم بۆ بكەنە خەڵات بەسە..

دەسەڵاتدارەكەی بەرامبەری زۆری پێ ئاسانبوو، هەروایدەزانی ئەوپەڕی رەتڵ (چەندكیلۆیەك) دەبێت یان كەمتر و زیاتر، بەڵام كەكەوتنە حسابكردن دیتیان، هەر چی دەنكە گەنمی ئەو زەمانەی جیهانی خۆیان دابنێن، خانەكان پڕناكاتەوە! مەگەر دانەویڵەی ساڵانی تری بۆ بهێنن! كە ناشكرێت.

هەروەها دەڵێن: ئەگەر كاغەزێكی سیفارمان هێنا و دامانان ئەنجامەكەیمان لەسەریەك دانا، پاشان ئەم ئەنجامەشمان دابەشكردەوە و لەسەریەك دامانانەوە، هەروەها تا (٤٨)جار، ئەستووری كاغەزە سیفارەكە (كە چەند تەنكیشە) دەكاتە ماوەی نێوان زەمین و مانگ!

بێگومان تۆ، ئەگەر ئەم باسە لای نەخوێندەوارێك بكەیت باوەڕ ناكات، چونكە ئەو وادەزانێت ئەو پەڕی بگاتە (٥-١٠) سانتیمەتریان مەترێك، یان دوو مەتر.. تەسەوری زیاتر ناكات، هەر چەند بۆی باسبكەیت دەڵێ ئەفسانەیە، درۆیە، هەر قسەیە.

مەسەلەی زیندوو بوونەوە و ڕۆژی قیامەتیش وایە... كاتێك لەپێشەكی و دیاردە سەرەتاییە نزیكەكانیەوە سەیر دەكرێت، زۆر بەزەحمەت باوەڕی پێدەكرێت، بەڵام ئەگەر وەكو هەنگاوە ژمێرپارییەكانی سەرێ بۆی بچیت، زۆر ئاسان تەسەور دەكرێت و باوەڕی پێدەهێنرێت:

با ئاوا گشتگیرانە بۆ مەسەلەكە بچین.

بەرامبەرەكەمان باوەڕی بەخوا هەیە، یان نا؟

- خوای گەورە هەزاران بەڵگەی نیشانداوین، كە وجودی هەیە (زانست نكوڵی لەهەبوونی كردگار ناكات).

- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین، كە زانایە و پەی بەهەموو شتێك دەبات و ئاگای لەهەموو شتێكە.

- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین کە بەتوانایە.
- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین کە خاوەن ویست و ئیرادەیە، چی بوێت دەیکات.
- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین کە دادپەروەرە.
- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین کە دەسەڵاتدارە و سزای گوناحکاران دەدات.
- خوای گەورە بەڵگەی زۆری نیشانداوین کە بەخشەری نیعمەتە و سەخییە و دەوڵەمەندە و... .

ئا ئەم خوا زانا و بەتوانایەی ئاسمانەکان و زەمینی لەنەبووەوە خەلق کردووە، ئەوە نییە نەتوانێت مرۆڤ زیندوو بکاتەوە، کە هەر خۆی لەنەبووەوە خەلقی کردووە.

ئا ئەم خوا زانا و بەتوانایەی پەی بەهەموو شتێك دەبات و ئاگای لەهەموو بزاوت و سرەوتێکی وجودە، دەزانێت سێڵ و گەرد و گەردیلەی بەدەنی مرۆڤەکان دوای دنیا چییان لێ دێت و لەکوێ دەبن، کەوابوو کۆکردنەوەیان و خەلقکردنەوەی مرۆڤەکە لێیان ڕەفتارێکی سەخت نییە، چونکە زانایە و بەتوانایە..

ئەم دوو سیفەتەشی وەکو سیفەتەکانی تری، بێ ڕادەوبڕ و بێ سنوورن.. ئەم خوا مەزنە، زانا و بەتوانایە، دەتوانێت گەردیلە و گەرد و سێڵی یەکیەکی مردووەکان بەجیا، هەر یەکەیان هی خۆی کۆکاتەوە، لێی بزر نابن و لێشی تێکەڵ نابن.

ئەم خوای بەدەسەڵات و زانا و بەتوانایە، کە پشکی (وجود) و پێداویستی هەموو مەخلووقێکی دادپەروەرانە بەشکردووە لێیان، لەدادپەروەریشیەتی، کە

موحاسەبەی مرۆڤ بکات و لێی بپرسێتەوە کە چۆن ڕەفتاری کردووە؟ چۆن ئەم هەموو ناز و نیعمەتەی خرابووە بەردەستی و بۆی دەستەبەر کرابوو، چۆنی بەکارهێناون و لەچیدا؟

هەر لەدادپەروەرییەتیی ،کە چاکەکار وەکو خراپەکار نەناسێت و نەناسێنێت، چونکە دادپەروەری ئەوە دەخوازێت مافی زەوت کراو لەستەمکاران بستێنرێتەوە و بدرێتەوە بەستەملێکراوان.

ئا ئەم خوا زانا و بەتوانایە ،کە دەسەڵاتی رەهایە و هێزی بێ سنوورە، هەقسێنە، لەدادپەروەری و بەزەیی رەهایەوەیەتی کە هەق لەکافران و ستەمکارانی ملهوڕ بستێنێتەوەە کە دژی دینەکەی وەستانەوە و نێرراوەکانی خوای گەورەیان ئەشکەنجەدەدا و شوێنکەوتوانی دینەکەییان دەکوشت.

ئەم خوای بەخشندە و سەخی و بەڕێزە، لەوپەڕی بەخشندەیی و بەخشینییەوەیەتی، کە پاداشتی چاکسازان بداتەوە و پشتیوانی ئەو کەسانە بکات ،کە ڕێزیان لەنێرراوانی گرت و بانگەوازەکەیان قبووڵ کرد و عەبدێتیان بۆ نواند.

پاشان ئەو خوا مەزن و زانا و دادپەروەر و بەبەزەیی و دەسەڵاتدارە، کە خاوەنی ویست و ئیرادەی سەربەخۆی خۆیەتی و خۆی بڕیار دەدات و هیچ مەخلووقێك ناتوانێت ویست و ئیرادەی پێ بگۆڕێت..

ویستی وابووە: کە ئەم مەسەلەیەی ڕۆژی قیامەت ئاوا بڕوات.. بێئەوەی کەس بۆی هەبێت لێی بپرسێت: بۆ چی ئاوا بوو یان ئاوانەبوو؟

چ جای ئەوەی مەخلووق بۆی هەبێت موحاسەبەی بکات... چونکە ئەو خۆی مافی لێپرسینەوەی هەموانی هەیە و بەس.

پاشان، نێرراوانی خوای گەورە (علیهم السلام)، هەر هەموویان هەواڵیان داوەتە کۆمەڵگەکانیان کە زیندووبوونەوەیان لەڕێدایە و موحاسەبەکردنی

تێـدایە، پاشـان چارەنووسـیش لەوێ دیاریـدەكرێت، كە ژیـانێكی هەتاهەتـایی دەبێت، لەبەهەشتدابێت یان لەدۆزەخدا...

ئەم پێغەمـبەرە بەڕێـزان كە دەیـان بەڵـگەی ڕاسـتگۆیی و سەرڕاسـتی و دەستپاكی هەریەكێكیان لەبەردەستی خەڵكەكەیاندابوو، بەتەواوی خوای تاك و پاكیـان پێناسـاندووین و پەیـامی ئەویـان بەتەواوی و ئاشـكرا و راشـكاوانە گەیاندووە، ئیتر هەر ئەوە ماوە خەڵكەكە دینەكەی خوایـان لـێ قبـووڵ بـكەن و سەرڕاستانە پێیەوە پابەندبن.

ڕەتكردنەوەی دید و بۆچوونی كافران دەربارەی ڕۆژی دوایی:

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا موناقەشەی بەهانە و هەنجەتی كافرەكـانی كـــردووە، كە بـــۆچی باوەڕیـــان بەڕۆژی دوایـــی نەهێنـــاوە! بەهانەكـــانی رەتكردوونەتەوە و (ئیقامە حوججە)ی لەسەر كردوون و بەڵگەی بڕیون، ئەمەش هەندێك لەو رەتكردنەوانەیە:

١- ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِۖ لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَآ أَصۡغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡبَرُ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٣ لِّيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٤ وَٱلَّذِينَ سَعَوۡ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٞ ٥ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلۡحَقَّ وَيَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ٦﴾ سبأ: ٣ – ٦ .

واتە: كافرەكان دەیانووت: ڕۆژی دوایـیمان بەسـەردا نـایەت، چـونكە نیـیە! پێیـان بفەرمـوو: بەدیـی، بەخـوای پەروەردگـارم قەسـەم دێـتە ڕێتـان، خـوای گەورەكە بەجیهانی دیار و نادیار زانـایە و ئاگـای لەهەمـوو مەخلووقـاتە، هـیچ شتێكی لێ بزرنابێت، هیچ شتێك، با بەقەدەر گەردیلەیەكیش بێت، گەورە تربێت یان گچكەتر، لەئاسمانەكاندا بێت یان لەزەویدا، ئاگای لێیەتی و هەموو وجـود و

بـزاوت و ڕەفتارێكیـان لەتیانووسـی تایبەتـدا (له لـوح المحفـوظ)دا بەروون و ئاشكرایی تۆماركراوە.. تا دواتـر پاداشـتی ئەو كەسـانە بـدرێتەوە، كە باوەڕیـان هێنـاوە و كـردەوە چاكەكانیـان كـردووە، بەلێخۆشـبوونی خـوای گەورە لێیـان و بەنازو نیعمەتێكی زۆری بەهەشت، كە بۆ ڕێزلێنانیان ئامادەكراوە..

ئەما ئەو كەسانەی، كە هەر لەهەوڵی بەتـاڵكردنەوەی بەڵـگە و نیشـانەكانی ئێمەدابوون، كە لەقورئان و گەردووندا نیشانمانداون، با وانەزانن كە لەدەسـتمان قوتـار دەبـن، بـا وانەزانـن كە هەر ئـاوا ژیـانی دنیایـان بـۆ واڵادەبێـت و زیندووناكرێنەوە..

بەدیـی، زینـدوو دەكـرێنەوە و ماحاسـەبە دەكـرێن و سـزای زۆر سـەخت و بەژانیشیان بەنسیب دەبێـت، ئەمـا ئەو كەسـانەی كە ئەهلـی كیتـابن و پێشـتر زانیارییان خراوەتە پێشچاو و كەوتوونەتە سەر هیدایەتی خوایی و باوەڕیان بەو حەقە هێناوە، كە بۆ جەنابـت هـاتۆتە خـوارێ و دەزانـن ئەوە دیـدوڕێی ڕێنمایـی خوای گەورەیە، ڕێبازی ڕاستی خوای بەدەسەڵات و سوپاسكراوە.

ئەم ئایەتـــانە لەچەنـــدلایەكەوە بەرپەرچـــی كـــافرانی داوەتەوە و، دیدوڕاوبۆچوونیانی بەچەوت ناساندووە:

أ -حیكمەتـــی هەبـــوونی ڕۆژی دوایـــی دیـــاریكراوە، كە پاداشـــتدانەوەی چاكســـازان و ســـزا و ئەشـــكەنجەدانی دوژمنـــانی خـــوای گەورەیە كە دژی پێغەمبەرانی وەستانەوە و بەرهەڵستی بانگەوەزەكەییان دەكرد.

ب - ئامـاژەی بەوە داوەكە ئەو خـوایە مەزنەی زانـا و بەتوانـا و بەئاگـایە و هیچی لەئاسمانەكان و زەویدا لێ بزرنابێت و ئاگای لەهەموو شتێكە، ئەو بڕیاری هاتنی ڕۆژی دوایی داوە، كەوابوو: هاتنی قیامەت حەتمییە.

ج - قورئـانی پیـرۆز پەیـامی حەقـی خـواییە، هەر كەسـێك زانیـارییەكی كەمیشی لەسـەر دیـن و دینـدارێتیی هەبێـت، ئەمە دەزانێـت، زانایـانی ئەهلـی

كیتابیش لایان یەقینە ،كە ئەوەی قورئان دەربارەی قیامەت فەرموویەتی، حەق و ڕاست و ڕەوایە.

٢- ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ هَلۡ نَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ يُنَبِّئُكُمۡ إِذَا مُزِّقۡتُمۡ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمۡ لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍ ۝٧ أَفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةُۢۗ بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ فِي ٱلۡعَذَابِ وَٱلضَّلَٰلِ ٱلۡبَعِيدِ ۝٨ أَفَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ۝٩﴾ سبأ: ٧ – ٩ .

واتە: بەتەوس و سەرسوڕمانەوە كافرانی قوڕەیش بەیەكتریان دەوت: ئەرێ ڕێی ماڵی پیاوێكتان نیشاندەین (مەبەستیان پێغەمبەری خوا بوو (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))، دەڵێ: كە دەمرن و لاشەتان هەلا هەلا دەبێت، سەرلەنوێ خەلق دەكرێنەوە؟!

ئەرێ ئەم پێغەمبەرە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) درۆ بەناوی خواوە دەكات، یان شێت بووە؟!...

نا ئەو هیچی نییە، بەڵام ئەوانەی كافرن و باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نییە، لەئازار و ژانی گومڕایی و سەرگەردانیدان، چونكە ڕێی هەقی خواناسی نازانن چییە... مەگەر ناڕواننە دەوروبەری خۆیان، سەر و خواری خۆیان، یان ئاسمان و زەوی، تا ئاسەواری كردگارێتی و زانایی وتوانا و دانایی خوای گەورە ببینن...

خۆ ئەگەر بخوازین سزایەكی گشتگیریان بدەین دەتوانین بەزەویاندا ڕۆ ببەین، یان لەئاسمانەوە تاوێرە بەردیان بەسەردا ببارێنین... ئا ئەمەی دیار و ئاشكرا دەیبینن، هەمووی نیشانەی گەورەیی خوای كردگارن بۆ كەسێك،كە عەبدانە بگەڕێتەوە سەر خواناسیی.

أ ـ ئایەتەكە باس لەوە دەكات: كە ئەوی هەواڵی قیامەتی داونەتێ: (محمد)ە

(صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە لێیان دەپرسێت: باشە خۆ ئەم پێغەمبەرە كە هەموتان بەدەستپاك و ڕاستگۆ و دڵسـۆز دەیناسـن، بوختـانی پێغەمبەرێتـی ناكـات، خـۆ ناكرێـت بەنـاوی خـوای گەورەوە هەر لە خـۆیەوە بـدوێت ... ئـێ خـۆ شـێتیش نەبووە... جا كە نەدرۆ دەكات و نەشێتیش بووە ،كەوابوو: ئەوانەی بـاوەڕی پـێ ناهێنن، گومڕا و سەرلێشێواو و ڕێ بزرن.

ب- ئایەتەكان سەرنجیان بۆ ئاسمانەكان و زەوی و مەخلووقاتی دەوروبەریان رادەكێشێت كە هەموو دەیانبینن، هەموویان ڕۆژانە دیمەن و ئاسەواری توانـایی خوای كردگـار دەبیـنن... ئـێ ئەو كەسـەی كە بەڕاسـتی خـوای گەورە بناسـێت دەبێت باوەڕیشی بەڕۆژی دوایی هەبێت و بزانێت كە نیشانەیەكی تری زانایی و دانایی و دادپەروەری خوای گەورەیە.

٣- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ۝٥ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّهُۥ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَأَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ۝٦ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ ۝٧ ﴾ الحج: ٥ – ٧ .

واتە: هۆ خەڵكینە! ئەگەر گومانتان لەحەقیقەتـی زینـدووكردنەوە هەیە، خـۆ ئێمە لەئەسڵدا ئێوەمان لەخاك وگڵ دروست كـردووە، پاشـان بەشـێوەی مەنـــی پیاوو (هێلكۆكەی ئافرەت) دروستمان كردوون، پاشان كردوومانن بە زەروویەكی هەڵواسراو بەدیواری پزدان (رەحم)ەوە و، پاشان كردوومانن‌نەتە پـاروە گۆشـتێكی جویراو، كە شكڵی تەواوی مرۆڤی لێوە پەیدادەبێت، یان نوقسان دەردەچێـت، تـا بێ سنووریی و بێ وێنەیی توانـا و دەسـەڵاتی خۆمانتـان بـۆ بسـەلمێنین، بۆتـان

روون بێــتەوە: كە ئەگەر ئەمە ســەرەتای خەلقبــوونی مــرۆڤ بێــت، حەتمەن زیندووكردنەوەی ئاسانترە.. ئاوا كۆرپەلە لەرەحمی دایكیدا خەلق دەكەیـن و بـۆ ماوەیەكی دیاریكراو لەوێدا بەزیندوویی دەیهێڵینەوە.

پاشان وەكو كۆرپەیەكی ساوا لەدایـك دەبـن و پاشـان بە تەمەنـتر تـا لەش بەهێز و پتەو دەبن (كەلە ٢٥-٤٠ساڵیدایە)، پاشان هەتانە لەو زەمانەدا دەمرێت، پـێش ئەوەی بگـاتە قۆنـاغی تەواوێتــی دامەزراوی و هەشـتانە لەوەودوا بەرەو پیری و پەككەوتەیی و خافڵاوێتی شۆڕ دەبێتەوە، تـا ئیـتر وای لێـدێت، توانـای فێربوونی نامێنێت و زانیارییەكانی لێ تێكەڵ دەبن، یان بیـری دەچـنەوە... ئیـتر زەوی دەبینن، كە وشك و برینگە، كە بارانی بەسەردا دەبارێنین دەهەژێت و زیاد دەكات و دەبێتە مایەی ڕواندنی جۆرەها رووەكی نێر و مێـی جـوان و بەرهەم و تۆوی تری لێ پەیدا دەبێتەوە.

ئەم ئایەتە ئاوا چارەسەری گومانی بێ باوەڕان دەكات:

أ- ســەرنجی بـۆ ئەوە راكێشـاون، كە چـۆن ئەوان لەســەرەتادا خـاك بـوون، لەخاكەوە خواردن بەرهەممهات، كە بووە مـایەی گەشـە و كـامڵبوونی جەسـتە و بەرهەمهێنانی مەنی (تۆوی پیاو)، پاشان لەهێلكەیەكی پیتێنراوەوە كۆرپەلەیەك دروستبوو، پاشان بوو بەمنداڵ و لەدایكبوو، پاشان گەورە بوو، ئینجا پیر و لاواز كەوت...

خوای گەورە و بەئاگا، زانا و بەتوانا ئەم مرۆڤەی ئاوا قۆنـاغ بەقۆنـاغ هێنـا، ئایا دەشێت بوترێت دەستەوەستانە لەخەلقكردنەوەی مرۆڤدا؟

ب - سەرنجی بۆ دیاردەیەكی تری بەرچاویـان راكێشـان ،كە زەوی وشـك و بێروونە، سەوزایی تێدا نەمابوو، مردبوو، لەتینواندا شەقار شەقار بووبـوو، بەڵام

خوای گەورە لەئاسمانەوە ئاوی بەسەردا باراند و سەر لەنوێ زیندووی كردەوە، چما ئەو خوا بەتوانایەی ئەو زەویە مردووەی زیندووكردەوە، ناتوانێت سەرلەنوێ مرۆڤ زیندووبكاتەوە؟

٤- ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾ أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ فَسُبْحَٰنَ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾ يس: ٧٧ – ٨٣ .

واتە: مەگەر ئەم مرۆڤە، ئەم كەسە (كە عاسی كوڕی وائیل بوو، لەتە ئێسقانێكی پواوی هێنا و لەبەرچاوی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕواندی و وتی: تۆ پێت وایە: كە ئاوا وردبووین، خواكەت زیندوومان دەكاتەوە؟!.. زۆر دوژمندارانە ژیا و مرد)، ئەوە نازانێت كە ئێمە ئەومان لەدڵۆپە تۆوێك دروستكردووە؟ كە ئێستا ئاوا سەرسەختانە دوژمنداریتیی دەكات و نكوڵیی لەزیندووكردنەوە دەكات، خەلقبوونی خۆی بیرچۆتەوە و، هاتووە نموونە بۆ ئێمە دەهێنێتەوە و دەڵێ :كێ ئا ئەم ئێسقانە زیندوودەكاتەوە، كە دەڕزێت و دەبێتە خاك و خۆڵ؟

بفەرموو: ئەوەی یەكەمینجار لەنەبووەوە ئیجادی كردووە زیندووی دەكاتەوە، كە ئاگادار و زانایە بەخەلق كردن و زیندووكردنەوەی هەموو مەخلوقێك...

ئەوخوایەی كە ئاگری لەداری تەڕ بۆسازاندوون (دروستبوونی نەوتیش لەبەر ژێرخاكبوونی دارستانەكانەوە بووە)، كە ئاوا ئاسان ئاگری پێدەكەنەوە..

ئەمە نیشـانەی زانـایی و توانـایی خـوای كردگـارە... چـما ئەو خـوایەی، كە ئاسـمانەكان و زەوی خەلـق كـردووە، كە لەنەبـووەوە هێنـاونێتیە بـوون، توانـای ئەوەی نییە وەكو ئێوە خەلق بكاتەوە؟

توانای نییە زیندووتان بكاتەوە؟

بەدیـی، خـوای گەورە كردگـاری ئەو هەمـوو مەخلـووقەیە و ئاگـای لەهەمووشـیان هەیە... فەرمـانی خـوای گەورەش وایە: هەر كە ویسـتی شـتێك ببێت پێی بفەرمـوێ: بـبە، دەبێـت، پـاك و بـێ خەوشـی بـۆ ئەو خـوایە مەزنەی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، كە حەتمەن ئێوەش دەگەڕێنەوە لای ئەو.

أ- ئایەتەكان سەرەتا سەرنج بۆلای ئەوەرادەكێشـن، كە بـێ بـاوەڕ چەنـد بـێ ئەدەبی و سەر سەخت و رقنە، چەند نەزان و گەلۆرە كە ئاوا دەكەوێتە بەرەیەكی دوژمنداریێتی بەرامبەر خوای گەورە، كە لەو دڵۆپە ئاوە بێ نرخە خەلقی كردووە.

ب- دیـد و هەڵوێسـتی دوژمنـدارانەی ئەم كـافرە وایلێكـردووە، كە زیندووكردنەوە بەشتێكی زۆر ئەستەم ببینێت، لەكاتێكدا ئەگەر پارسـەنگانە و ژیـر و وردەكـارانە سـەرنجبداتە چـۆنیەتی خەلقبـوونی خـۆی و قۆناغەكـانی، زیندووكردنەوە بەسەخت نازانێت.

ج - خـوایەك كە كردگـارە و ئەم هەمـوو مەخلووقاتـانەی لەنەبـووەوە ئیجـاد كـردووە، حەتمەن زانـا و دانـا و بەتوانـایە، زینـدووە و بەئاگـایە، دادپەروەرە و بەبەزەییە، خێروخۆشی مرۆڤـی دەوێـت بـۆیە وەحـی خـۆیی بـۆ نـاردووە، چـۆن دەشێت مرۆڤێكی هەرزە بیر ئاوا هەڵوێستێكی دوژمنانەی بەرامبەر بگرێتەبەر؟

د- خوای گەورە ئاسمانەكان و زەوی خەلقكردووە، هەر بەوەنـدەی ویسـتوێتی خەلق ببن، فەرمانیـداوە و یەكسـەر خەلقبـوون، ئەو كە ئەوەنـدە خێـرا فەرمـانی جێبەجێ بكرێت چۆن لەزیندووكردنەوەتاندا دەستەوەستان دەوەستێت ؟

لەگەڵ ویستندا فەرمـان دەدات و دەبێـت، (كە دەفەرمـوێ: بفەرموێـت بـبە،

دەبێت، ئەم (دەبێت)ە بۆ حاڵی كردنی ئێمەیە، دەنا لەگەڵ ویستدابووە).

٥- ﴿وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَءِذَا كُنَّا تُرَابًا أَءِنَّا لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَغْلَٰلُ فِىٓ أَعْنَاقِهِمْ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٥﴾﴾ الرعد: ٥.

واتە: تۆ كە لەوە سەرت سوڕماوە، كە باوەڕت پێناهێنن، ئەوە زیاتر جێی سەرسوڕمانە، كە دەڵێن: چما كە دەبینە خاك وخۆڵ سەر لەنوێ زیندوو دەكرێینەوە؟!

ئەمە سەیرە كە تێنافكرن چۆن یەكەمین مرۆڤ بووە و خۆشیان لەچیەوە خەلقبوون و چۆن... ئەوانە باوەڕیان بەخوای پەروەردگاریان نەهێناوە؟ ئەوانە كۆت لەگەردنیاندایە و ئەهلی دۆزەخن، بەنەمری تێیدا دەمێننەوە.

ئایەتەكە حەقیقەتێك روون دەكاتەوە ئەویش ئەوەیەكە ئەوانەی باوەڕیان بەزیندوو بوونەوە و قیامەت نییە، لەڕاستیدا باوەڕیان بەخوای گەورە نییە، چونكە ئەگەر بەڕاستی خواناس بوونایە، نكوڵییان لەهاتنی قیامەت نەدەكرد، كە خوای گەورە دەفەرموێ: بەڵێنی ئەكیدمە و بێگومانهەردێت.. ئەمە جێگای سەرسوڕمانە كە كەسێك بڵێ باوەڕم بەخوای تاكو پاك و بێ وێنە هەیە، بەڵام ئەوە بەڕاست نازانم كە قیامەت و زیندوو بوونەوەی مردوان هەبێت!!.

٦- ﴿لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾﴾ غافر: ٥٧ .

واتە: خۆ خەلق كردنی ئاسمانەكان و زەوی و ئیجادكردنیان لەهیچەوەو گەورە و گرنگترە، وەك لەخەلقكردنی یەكەمجاری خەڵكی ، یان لەزیندوو كردنەوەی دوای مردنیان و بەڵام زۆرینەی خەڵكی پەی بەمە نابەن و نازانن.

ئەوكەسەی زانیارییەكی سەرەتایی دەربارەی گەردوون هەبێت، دەربارەی ئاسمانەكان و ئەستێرە، جێ و ڕێیان و بزاوت و هێزیان، خولگە و خێرایی و

هەڵسوڕانیان، دەزانێت کە خەلقکردنی مرۆڤ شتێکی زۆر زۆر ئاسانە لە چاو خەلقکردنی ئەوانەدا...

بۆیە بەڕاستی نکوڵیکردنی هەبوونی قیامەت شتێکی سەیرە! بەتایبەتی کە خوای گەورە داوا دەکات کە بڕۆن وسەرنجدەنە چۆنییەتی خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەوی و، پاشان لەزانایی و توانایی و دادپەروەری من ورد ببنەوە و بزانن، کە من دەڵێم هاتنی قیامەت ئەکیدە باوەڕ بهێنن، دەنا خۆتان زەرەر دەکەن.

٧- ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ١١٥ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ ١١٦ ﴾ المؤمنون: ١١٥ – ١١٦ .

واتە: چما ئێوە وا دەزانن هەروا بەهەوانتە ئێوەمان خەلق کردووە؟

هیچ حیکمەتێك لەم کارە گەورەیە دا نییە! چما وا دەزانن هەروا خەلقمان کردن و ژیانمان بۆ دەستە بەرکردن تا بخۆن و بخۆنەوە و بخەون و ڕابوێرن و هیچ بەرپرسێتییەکتان نەکەوێتە سەر؟ خەلقیشتانکەم وکوفرانە بژێری بکەن؟ فەرمانتان پێبدەم و سەرپێچی لێ بکەن و موحاسەبەشتان نەکەم لەسەری؟!

نا، پاك و بێ خەوشیی و پیرۆزیی و باڵایی بۆ خوای تاك و پاك لەکاری وا هەوانتە و هەڕەمەکیی ... بۆ خوای حەق و حەق ڕەفتار، کە هیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لەوی خاوەن عەرشی پاك و بەرز و مەزن.

کاتێك مرۆڤ دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە زیندوو بوونەوە نییە و بۆلای خوای پەروەردگاری ناگەڕێتەوە و موحاسەبە ناکرێت، بەکەیفی خۆی چی بووێت و بتوانێت دەیکات، چونکە زۆر ساویلکانە وا دەزانێت بۆ ئەوە خەلق بووە کە چۆن حەز بکات وا ڕەفتار بکات، بیر لەهۆی خەلقبوونی ناکاتەوە و خۆی لێ گێل دەکات.

لەڕاستیدا خوای گەورە تۆمەتبار دەكات و نكوڵی لەبوونی دەكات، لەكاتێكدا حەقیقەت پێچەوانەی ئەوەیە... خوای گەورە زۆر دوورە لەوەی، خەڵكی هەروا بێ حیكمەت خەلق بكات و لێشیانگەڕێت چی دەكەن بیكەن!...

خوای گەورە ئەم مرۆڤەی خەلق كردووە كە یەكێكە لە لەو مەخلوقاتە گەورە و بەنرخانەی گەردوون و ژیان، ناز و نیعمەتی زۆری پێ بەخشیووە، ڕێی گومڕایی و ڕێی هیدایەتی خواویستی نیشانداوە، پێی فەرمووە كە ڕۆژێك دێت موحاسەبەی هەموو نییەت و ڕەفتارێكی دەكات...

چۆن دەشێت وابزانێت خوای گەورە خەلقی كردووە، ژیانی بۆ دەستەبەر كردووە و ئیتر هەقی بەسەریەوە نەماوە و نامێنێت؟!

ئاخر ئەمە لەسیفەتە بێ سنوور و بێ وێنەكانی خوای گەورە ناوەشێتەوە، ئەستەمیشە ئەم دید و هەڵوێستەی مرۆڤی بێ باوەڕ ڕاستتربێت لەفەرمایشتی خوای زانا و دانا و كردگار.

٨ -﴿ أَيَحۡسَبُ ٱلۡإِنسَٰنُ أَن يُتۡرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمۡ يَكُ نُطۡفَةً مِّن مَّنِيّٖ يُمۡنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيۡسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾ القيامة: ٣٦ – ٤٠ .

واتە: چما مرۆڤ وا دەزانێت هەروا وەل دەكرێت و هیچ بەرپرسیارێتییەكی ناخرێتە ئەستۆ؟! وا دەزانێت خەلق كراوە و پاشان ئیهمال دەكرێت؟ فەرمانی چاكسازیی پێناكرێت و بەرهەڵستی خراپەكاریی لێناكرێت؟!

مەگەر ئەو، تنۆكێك ئاو نەبوو هەڵدرایە پزدان (رەحم)ەوە؟ پاشان لەتۆوەكەوە پارچە گۆشتێكی زەروو ئاسا پێكهات و ،پاشان ئەم مرۆڤە كامڵەی لێ خەلقكرا، كە نێرومێی لێ كەوتۆتەوە... مەگەر ئەو خوا بەتوانا و كارزانەی

مرۆڤی ئاواخەلقكردووە توانای ئەوەی نییە مردوو زیندوو بكاتەوە؟!

مروڤ ئەم گەردوون و ژیانەی بۆ دەستەبەركراوە: ﴿أَلَمۡ تَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٢٠﴾﴾ لقمان: ٢٠ .

واتە: مەگەر نابینیت چۆن خوای گەورە هەرچی لەئاسمانەكان و زەویدا هەیە بۆ مرۆڤی دەستەبەركردووە؟!

وا ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤدا نەكراوە، وەكو داروبەرد و هاوشێوەیان، بەڵكو بەو ڕادە و بڕ و چۆنیەتیەی نازونیعمەتی دراوەتێ، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكرێت، لەسەر چۆنیەتی ڕەفتاركردنی بەو نازونیعمەتانەوە ناشێت ئەو هەموو ئیمتیازاتانەی دراوەتێ وەلكرێت و موحاسەبە نەكرێت لەسەر هیچیان.

بۆیە خوای گەورە بەڵێنی داوەتێ و هەڕەشەشی لێكردووە كە دوابەیەكی ڕەفتار و هەڵسوكەوتی ژیانی دنیای لێپرسینەوەی لەسەرە ... نابێت واگێلانە بڕوانێتە وجودی خۆی و گەردوون و ژیان و وابزانێت دوای مردنی ئیتر زیندوو ناكرێتەوە و موحاسەبەی لەسەر نییەت و گوفتار و كردارەكانی ناكرێت... زیندووش دەكرێتەوە ولێشی دەپرسرێتەوە.

٩- ﴿بَلۡ عَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡ فَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَيۡءٌ عَجِيبٌ ﴿٢﴾ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗاۖ ذَٰلِكَ رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ﴿٣﴾ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا تَنقُصُ ٱلۡأَرۡضُ مِنۡهُمۡۖ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظُۢ ﴿٤﴾﴾ ق: ٢ – ٤ .

واتە: كافرەكان لەوە سەرسام بوو بوون، كە هۆشدەرێكی خواییان لەناوخۆیانەوە لێ پەیدابووە، كە مرۆڤە و فریشتە نییە! كە دەفەرموێ: من پێغەمبەری خوام و وەحیم بۆ دێت... لەوەش سەرسامبوون ،كە پێیدەفەرموون:

زیندوو دەكرێنەوە و موحاسەبە دەكرێن.. بۆیە دەیانوت: ئەمە شتێكی سەیرە، چۆن كە مردین و جەستەمان ڕزی، بووین بەخاك و خۆڵ، دیسان خەلق دەكرێینەوە و دەهێنرێینەوە پێشێ؟!

دەیانوت: نا، ئەمە: شتێكی دووروو پەی پێ نەبراوە... ئەمە مەحاڵە، ئەستەمە!! بەڵام خۆ ئێمە دەزانین، كە زەوی چەند و چۆنی لەلاشەیان كەمكردۆتەوە و خانەبەخانە و گەردیلە بەگەردیلەی جەستەیان وا لەكوێ و چی لێهاتووە! تیانووسی تۆمار كردنیمان لایە كە هەموو تێدانوسراوێكی دەپارێزێت... هیچ بزرنابێت و هیچ شتێك تێكەڵ شتی تر نابێت.

خوای گەورە باسی سەرسوڕمانەكەیانی هێنایەوە كە بەلایانەوە دوورە بمرن و برزێن و ببن بەخاك، دوایی زیندووبكرێنەوە و هەموو ئەوسێڵ وگەریلانەی جەستەیان، كە چۆتەوە ناخی زەوی بهێنرێتەوە پێشێ و بەبەریاندا بكرێتەوە و خەلق ببنەوە.

خوای گەورە فەرمووی: خوای گەورە (دەزانێت) ئەو سێڵ و گەردیلە و گەردانە لەكوێن و چییان لێ بەسەرهاتووە، هەمووی تۆماركراوە.. لەبەر ئەوە خەلقكردنەوەیان مایەی سەرسوڕمان نییە...

مادام خوای كردگار و بەتوانا و خاوەن دەسەڵات، زیندوو بەئاگا، زانا و كاربەجێ، ئاگای لەهەموو زەڕەیەكی پەرش و بڵاوی جەستەیانە كە چی لێ هاتووە و لەكوێیە، كەوابوو كۆكردنەوەیان ئاسانە... ئەوە بڕیاری خوای تاك و پاكە، كە زیندوویان دەكاتەوە و حساباتیان لەسەر هەموو ڕەفتارێكی دنیاییان وەلدا دەكات.

١٠- ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ٤٩ ۞ قُلۡ كُونُواْ حِجَارَةً أَوۡ
حَدِيدًا ٥٠ أَوۡ خَلۡقٗا مِّمَّا يَكۡبُرُ فِي صُدُورِكُمۡۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَاۖ قُلِ ٱلَّذِي فَطَرَكُمۡ أَوَّلَ
مَرَّةٖۚ فَسَيُنۡغِضُونَ إِلَيۡكَ رُءُوسَهُمۡ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَۖ قُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبٗا ٥١﴾ الإسراء: ٤٩
– ٥١ .

واتە: وتیان: ئایا ئەگەر ئێسك و پروسكمان پوا و بووین بەخۆڵ، دیسان جارێكی تر خەلق دەكرێینەوە؟ پێیان بفەرموو: ببن بەدار و بەرد و ئاسن، یان هەر شتێكی تر كە لەدید و هزری خۆتاندا زۆر گەورە و گرنگ و سەختە.

دەڵێن: كێ سەرلەنوێ خەلقمان دەكاتەوە؟

پێیان بفەرموو: ئەوی یەكەمجار خەلقی كردوون، بەسەر سوڕمانەوە سەربادەدەن و دەڵێن: جا كەی ئەوە ڕوودەدات؟!

بفەرموو: دەشێت زۆر زووبێت.

پێیان ئەستەم بوو، كە دوای ئەوەی دەبنە خاك و خۆڵ، زیندوو بكرێنەوە، خوای گەورە پێی فەرموون: لەخاك و خۆڵ زیاترین، ببنە بەرد و ئاسن، یان هەرشتێكی تر بەخەیاڵتاندادێت: هەوا، غازات، ئاو، رووەك، ئەستێرە یان هەر شتێكی تر كە پێتان وایە: كردنی بەجەستەی مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام خوای گەورە هەر خەلقتان دەكاتەوە (سەر لەنوێ ئەو (١٦)توخمەی جەستەتانی لێ پێكهات بەهەمان ڕێژە دەیانهێنینەوە و بەشداری پێكهاتنەوەی جەستەتان دەكەنەوە) و هەروەكو، كە یەكەمینجار ڕۆحی بەبەردا كردوون ڕۆحتان بەبەردا دەكاتەوە.

١١- ﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَا يَبۡعَثُ ٱللَّهُ مَن يَمُوتُۚ بَلَىٰ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ
ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٨ لِيُبَيِّنَ لَهُمُ ٱلَّذِي يَخۡتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰذِبِينَ
٣٩ إِنَّمَا قَوۡلُنَا لِشَيۡءٍ إِذَآ أَرَدۡنَٰهُ أَن نَّقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٤٠﴾ النحل: ٣٨ – ٤٠ .

واتە: بەهەموو جۆرێكی تەئكید و دڵنیاییەوە سوێندیان دەخوارد، كە خوای

گەورە هیچ كەسێك زیندوو ناكاتەوە!! بەدیی.. ئەوە بەڵێنـی حەقـی خـواییە، كە هەرهەموویان زیندوو دەكاتەوە و موحاسەبەیان دەكات، بەڵام زۆرینەی خەڵكـی پەی بەوەنابەن و نـازانن خـوای گەورە هەمـوو لایەكیـان – موسـوڵمان وكـافر – زیندوو دەكاتەوە و، دیـدوڕا جیاوازەكانیـان لەقیامەتـدا بـۆ یەكلادەكـاتەوە، كە دەربارەی دین و دینداری تێیـانكەوتبوو، زیندووكردنەوەشـیان ئاسـانە، چـونكە ئێمە بڵێین: ببە، دەبێت.

خوای گەورە بەڵێنی داوە ،كە هەموو مرۆڤ زیندوو دەكاتەوە، بەڵێنی خوای تـاك و پـاكیش دروسـت و ڕاسـت و ڕەوایە و حەتمەن دێـتە دی، خـوای گەورە دەخوازێـت هەمـوو خەڵـكەكە زینـدوو بكـاتەوە و ڕاسـت و چەوتـی دیـد و هەڵوێستیان لەدین و دینداری بۆ یەكلابكاتەوە، كە كێ هەڵەبوو؟

لەچیدا و چەند؟

كێ ڕاست و ڕەوابوو؟

لەچیدا و چەند؟

تا هەر یەكەیان پاداشت یان سزای حەقی خۆیان بەركەوێت... تـــا بـــــزانن، كــــە پێغەمبەرانـی خـوا(علـیهم السـلام)ڕاسـتگۆبوون، وەحـی خواییـان بـۆ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هێنابوو، ئەوانەی دژیان وەسـتانەوە درۆزن و ملهـوڕ و خراپەكاربوون... ئەم زیندووكردنەوە و یەكلاكردنەوەی ناكۆكی و پاداشـتدانەوە و سزادانەی خوای گەورە كارێكی قورس وسەخت نییە، بۆ خوای گەورە ئاسانە، چونكە ئەو فەرمان بەهەر شتێك بدات ئەوەندە بەسـە كە پێـی بفەرمـوێ: بـبە... ئیتر یەكسەر دەبێت.

ئەمە چەنـد نمـوونەیەكی موناقەشـەكردنی قورئانیـانەبوو، كە دەربـارەی زینـدووبوونەوەی قیـامەت وەل كافرانـدا دەیكـات، قورئـانی پیـرۆز پـڕە لەم بابەتانەی موناقەشەكردن.

لەقورئانــدا مەســەلەی باوەڕهێنــان و گــرنگێتییەكەی وەكــو مەســەلەی باوەڕهێنانە بەخوای تاك و پاك و وەكو ئەویش گرنگە..

بۆیە زۆرینەی جار هەر پـێكەوە باسـیان دێـت، كە باسـی نێرراوانـی خـواش (علیهم السلام) دەكرێت، هەر وا باس دەكـرێن كە مـژدەدەر و هۆشـدەری ڕۆژی قیامەتن و بۆ سەلماندنی ئەوە هاتوون.

ئەركـی سـەرەكییان دوای ناسـاندنی خـوای گەورە ئەوەیە: كە پاداشتـــی خوایی و بەهەشت هەروەها سزای خوایی و دۆزەخ بۆ موسوڵمانان وكافران شەرح بـكەن، موسـوڵمانان دیـدوڕێی پێغەمبەرەكانیـان (علـیهم السـلام) زانیـووە و گرتوویاننەتەبەر، خوای گەورە ڕاگەیاندنی (ئیمان) و (دوعا)یانمان ئاوا بۆ نەقـڵ دەكـات كە دەیـانفەرموو: ﴿ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ ١٩٣ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخۡزِنَا يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ إِنَّكَ لَا تُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ١٩٤﴾ آل عمران: ١٩٣ – ١٩٤ .

واتە: خوایە گیان، ئـێمە گوێبسـتی نێرراوێكـی تـۆ بـووین، كە دەیفەرمـوو: بـاوەڕبهێنن وپەیـامی وەحـی خـوایی قبـووڵ بـكەن، ئـێمەش باوەڕمـان هێنـا و قبووڵمان كرد، سا خوایە گیان لەگوناحمان خۆشبە و خراپەكارییەكانمان داپۆشە و لەگەڵ پیاوچاكاندا بمانێژینە و بمانمرێنە.

خوایە گیان! ئەو پاداشتەمان بدەرەوە كە لەسەر زمانی پێغەمبەرانی بەڕێزت (علیهم السلام) بەڵێنت پێدابووین، خوایە گیان چاوشـۆڕ و شـەرمەزاری ڕۆژی قیامەتمان مەكە.

خوایە گیان! ئێمە دڵنیاین كە تۆ بەڵێنت دەبەیتە سەر و وادە بەخیلاف نیت.

كافرانیش كە دیدوڕێی پێغەمبەرانیان دی و زانـی، بەڵام لێـی یـاخیبوون،

نەك هەر قبووڵیان نەكرد، بەڵكو زۆر بەتوندی بەرهەڵستیشیان كرد و دژی پەیام و پێغەمبەران و شوێنكەوتووەكانیان وەستانەوە و نكوڵییان لەدیدورِێی دینەكە كرد، دەیانوت: ﴿مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٖ مِّن شَيۡءٖۗ ﴾ الأنعام: ٩١ .

واتە: خوای گەورە هیچ جۆرە پەیامێكی بۆ هیچ مرۆڤێك نەناردۆتە خوارێ. بۆیە ئەمان شایانی سزای سەختی خوای گەورە بوون و دیندارانی سەرڕاست و پیاوچاكانیش كەوتنە نازونیعمەتی بەهەشتەوە: ﴿إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ١٣ وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ ١٤ يَصۡلَوۡنَهَا يَوۡمَ ٱلدِّينِ ١٥ وَمَا هُمۡ عَنۡهَا بِغَآئِبِينَ ١٦ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٧ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٨ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ١٩﴾ الانفطار: ١٣ ١٩.

واتە: بەڕاستی موسوڵمانە پاك وسەرڕاستەكان وان لەنازونیعمەتەكانی بەهەشتدا و كافرە دوژمنكارەكانیش وان لەئاگری دۆزەخدا (واتە: ئەوە چارەنووسی هەر دوولایاندەبێت)، كافرەكان دەچنە دۆزەخەوە و ژان و ناسۆری سوتان و داخكردن و داپڵۆخینیان بەنسیب دەبێت، كە لەڕۆژی قیامەتدا ڕۆژی دیاریكردنی پاداشت و سزا دا بەریاندەكەوێت.. ناشتوانن خۆی لێ بدزنەوە... تۆ چوزانیت ڕۆژی قیامەت چییە؟!هەر چەند بیری لێبكەیتەوە هەر ناگەیتە ئەوەی پەی پێ ببەیت و بزانیت ڕۆژی قیامەت چییە؟!

ئەوە ڕۆژێكە كە هیچ كەسێك سوودی بۆ كەسێكی تر نابێت، كەس دادی كەس نادات و كەس بەهانای كەسەوە ناچێت... هەموو دەستەوەستان و ماتومەلوولن... هەموو ترساو و تۆقیوون... هەموو كاروبار و فەرمانێكی ئەو ڕۆژەش هەر بەدەست خوای تاكوپاكە و بەس.

باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی و هۆش لێبوونی، لێترسان و خۆ بۆ ئامادەكردنی

باشترین و كاریگەرترین هێزی واتایی پاڵپشتی پێغەمبەران بوو (علیهم السلام)، كاریگەرترین پشتیوانی ئیسلامیشە..

ئیسلام ڕۆشن و ئاشكراو راشكاو دەفەرموێ: ئەگەر بەپێی دینی خوای گەورە ڕەفتار بكەیت دەچیتە بەهەشت، ئەگەر بەپێی دین ودیدو ڕێبازی تر ڕەفتار بكەیت ،گومڕا دەبیت و دەچیتە دۆزەخ...

لەبەهەشت و دۆزەخیشدا ناز و نیعمەت وژان و ناسۆر هەیە كە قورئانی پیرۆز بەتەفسیل روونی كردوونەتەوە... قورئانیش وەحی خوای گەورەیە و ڕاست و دروست و ڕەوایە و هەڵە و ناڕەوایی تێدا نییە.

هەروەها پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) لەهەزاران فەرموودەدا، باسی بەهەشت و دۆزەخی فەرمووە و تەفسیلاتی داوەتێ، قورئان و سوونەتن، كە سەرچاوەی هەموو زانیارییەكانن دەربارەی ڕۆژی دوایی.

بڕگەی سێیەم:
ژیانی دنیا كێڵگەی ڕۆژی دواییە:

خوای گەورە دوو ژیانی بۆ مرۆڤ و جنۆكە بڕیارداوە: ژیانی دنیـا و ژیـانی ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دواییانی كردووە بە شوێنی نیشتەجێ بـوونی هەمیشـەیی، ژیانی دنیاش كێڵگەی قیامەت و ڕێڕەوی بەرەو ئەوێیە.

(ئیبنو مەسعود)-خوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : :كە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيهِ وَسلَّمَ) فەرمووی:

(ما لِي ولِلدُّنيا؟ ما أنا في الدُّنيا إلَّا كراكبٍ استظلَّ تحت شجرةٍ، ثمَّ راح وتركها)[1].

واتە: من چیم لەدنیاداوە ... من و دنیا وەكو سوارێكی ڕێبوارم،كە لایـدابێتە ژێر سایەی درەختێك.. پاشان هەستابێت و جێی هێشتبێت.

هەروەها دەفەرموێ: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)[2] .

واتە: لەدنیادا وەكو كەسێكی غەریبە بە، یان وەكو ڕێبوارێك.

دنیا جێی نیشتەجێ بوون نییە، هەر چـی لەدنیاشـدا هەیە، ئەگەر بەراوورد بكرێت بەو نازونیعمەت و خۆشی و ئاسوودەییەی لەڕۆژی دوایدا هەیە، شتێكی زۆر بێ نرخ و هیچ و پووچ دەردەكەوێت...

ئەسڵەن پێكەوە بەراوورد ناكرێن، چێژی دنیـایی كەم و كـورت و بـڕاوەیە و چێژی قیامەتی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە... ئەو كەسەی چێژێكی كـاتی و بـراوەی كەم بەچاكتر لەچێـژی هەمیشــەیی بەردەوام دەگـۆڕێتەوە، نەفـام و سـاویلكە و

---

(١) ترمذی (٢٣٧٧)، ئیمامی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي) دا ئەفەرموێت: (صەحیح)ە.
(٢) بوخاری (٦٤١٦).

گێله، بەڵام مرۆڤ لەم حاڵەتەدا وەكو منداڵە كە ئەگەر باوك و دایكی خۆی لانەبوو، كەسی نامۆ و بێگانەی پێ چاكتر دەبێت وەك لە دڵسۆزە دوورە دەستەكەی!

منداڵ ئەو كەم وگچكەی ئێستا دەیدرێتی پێی چاكترە لەو چاك و زۆرەی بەڵێنی پێدەدرێت دوایی بیدرێتێ... ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی دیندار بێت و بەڵێنی خوایی لا یەقین بێت، كە لەقورئانی پیرۆزدا پێیداوە، یان لەسوونەتدا لەسەرزمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیدراوە، ئەمەی بەردەستی خۆی بەچاكتر و بەسوودتر دانانێت وەك لەوەی وا لە بەردەستی خوای تاكو پاكدا، چونكە دەزانێت ئەمەی بەردەستی خۆی، كەم و كورت و بڕاوەیە و ئەوی لای خوای گەورە هەمیشەیی و چاك و نەبڕاوەیە:

﴿مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٍۗ ﴿٩٦﴾﴾ النحل: ٩٦ .

واتە: ئەوەی ئێوە هەتانە و لاتانە كۆتایی دێت، تەواو دەبێت و نامێنێت ، ئەمما ئەوەی لای خوای گەورەیە باقیە و هەمیشەییە، هەر دەمێنێت!

﴿ بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ﴿١٦﴾ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾ الأعلى: ١٦ – ١٩ .

واتە: بەڵام ئێوە ژیانی دنیاتان پێ پەسەندترە، ئەگەر چی ژیانی ڕۆژی دوایی چاكترە و هەمیشەییە... ئەم ڕوونكردنەوەیە كە ژیانی دوایی چاكترە لەژیانی دنیا پێشتر لەپەیامی پێغەمبەرانی تریشدا علیهم السلام باسكراوە... لەپەیامی ئیبراهیم و مووسادا علیهم السلام هەیە.

﴿كَلَّا بَلۡ تُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ﴿٢٠﴾ وَتَذَرُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ﴿٢١﴾ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ ﴿٢٣﴾ وَوُجُوهٞ يَوۡمَئِذِۭ بَاسِرَةٞ ﴿٢٤﴾ تَظُنُّ أَن يُفۡعَلَ بِهَا فَاقِرَةٞ ﴿٢٥﴾﴾ القيامة: ٢٠ ٢٥ .

واتە: نا، نەخێر، ئێوە حەزتان لەم ژیانی دنیایە یە كە حازر بەدەستە و ڕۆژی

دواییتان وەلكـردووە! لەڕۆژی دوایـدا كەسـانێك هەن رووگەش و نـوورانیی و خۆشحاڵن و بۆ خوای پەروەردگاریان دەڕوانن.. كەسانێكی تریش هەن ڕووگـرژ و مۆن و رەش داگەڕاون، لە ترس و بیمی ئەوەدان تووشی سزا و كارەساتێك ببن پشت شكێن بێت.

لەبەر ئەمەیە كە قورئان و سووننەت زۆریان نموونە لەسەر بێ نرخی دنیـا هێناوەتەوە ،كە چێژی دنیا شتێك نییە ئەو هەموو ڕەنـجەی بـۆ بـدرێت، چـونكە هەر چییەك بێت هەر كەم و دوابڕاوە...

ئەوەی شایستەی ڕەنجـدان و هەوڵـی بەردەوامە ڕۆژی دوایـیە كە (جـگە لە دیداری خوای تاك و پاك)، ئەو هەموو نازونیعمەتە نایاب و بێ وێنەی تێدایە كە نەدەڕزێن و نەبۆگەن دەبن و نەكەمدەكەن و نەدەفەوتێن...

جا كەسی ژیر و خاوەن هزر ئەوكەسەیە: كە ڕەنجی بۆ نیعمەتی ئەولا دەخاتە گەڕ... گێل وگەلۆریش ئەو كەسەیە كە نازونیعمەتی بەهەشت بەچێژی دنیـایی دەگۆڕێتەوە...

بەڕاستی ئەمە بازرگانیەكی دۆڕاو و زیان لێكەوتـووی واقیعیـیە... دنیـا و چێژ و نیعمەتەكانی، بەچێژ و نیعمەتی قیامەت بەراوورد ناكرێن.... پێغەمـبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (**مَا الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إلا مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحدُكُمْ إِصْبعَهُ هَذِهِ وَأَشَارَ يَحْيَى بِالسَّبَّابَةِ فِيَ الْيَمِّ، فَلْيَنْظُرْ بِمَ يَرْجِعُ؟**)[١] .

واتە: نموونەی دنیا لە چاو ڕۆژی دوایدا وەكو ئەوەیە: كەسێكتان پەنـجەیەك پەنجەی شایەتمانیشی لەو كـاتەدا راكێشـا بـۆ دەریـاكە بكـات بەدەریـادا، بـا بڕوانێت چەندی بەپەنجەوە دێت.

(١) موسليم (٢٨٥٨)، ترمذی (٢٣٢٣)، ئیبنو ماجە (٤١٠٨)، ئەحمەد (١٨٠٠٨)

جارێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بەبازاڕی مەڕو ماڵاتدا تێپەڕی، خەڵكی لەم بەر و ئەوبەرەوە سەرقاڵی كاسبی بوون، بینی بزنێكی گوێ كورتی مردارەوە بوو لەولایانەوە فڕێ درابوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) گوێچكەی گرت و بەرزی كردەوە و فەرمووی: (**أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ هَذَا لَهُ بِدِرْهَمٍ؟**).

واتە: كێتان ئەمە بە درهەمێك دەكڕێت؟ عەرزیان كرد: (**ما نُحِبُّ أنَّهُ لَنا بشيءٍ، وَما نَصْنَعُ بهِ؟ وَاللَّهِ لو كانَ حَيًّا، كانَ عَيْبًا فِيهِ، لأنَّهُ أَسَكُّ، فَكيفَ وَهو مَيِّتٌ؟**) .

واتە: بەخۆڕاییش نامانەوێت، چی لێ بكەین؟ ئەگەر ئەمە زیندوو بوایە عەیبی نەبوو، ئەوە نەبێت، كە گوێ كورتە، چ جای كە مردوشە، فەرمووی: (**فَوَاللَّهِ لَلدُّنْيَا أَهْوَنُ علَى اللهِ مِن هذا علَيْكُم**)[1].

واتە: بەخوا قەسەم لای خوای گەورە، دنیا لەمە بێ نرخترە بۆتان كە ئاوا پەرۆشن بۆی و هەوڵی بۆ دەدەن.

هەروەها فەرمووی: (**ألا إنَّ الدُّنيا ملعونةٌ ملعونٌ ما فيها ، إلَّا ذِكرُ اللَّهِ وما والاهُ، وعالِمٌ، أو متعلِّمٌ**)[2] .

واتە: دنیا لەرەحمەتی خوای گەورە دوورە (واتە: دنیاویستی) ئەوی تێشیدایە مایەی دووركەوتنەوەیە لە رەحمەتی خوای گەورە، مەگەر یادی خوا و ئەوەی بەدوایدا دێت، هەروەها فێركاری وفێرخوازێك.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُم مَّتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٣﴾ إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ

---

(١) موسلیم (٢٩٥٧).

(٢) ترمذی (٢٣٢٢)، ئیمامی ئەلبانی لە (صحيح الترمذي) دا ئەفەرموێت: (حسن)ە.

بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ نَهَارٗا فَجَعَلۡنَٰهَا حَصِيدٗا كَأَن لَّمۡ تَغۡنَ بِٱلۡأَمۡسِۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ يونس: ٢٣ – ٢٤ .

واتە: هــۆ خەڵكیـــنە ســـتەم ودەســـتدرێژییكردنەكانتان هەرســـەری خۆتـــان دەگرێتەوە، چونكە دەبێتە مایەی كەڵەكەبـوونی گونـاح لەسـەر شـانی خۆتـان، لەبەر خاتری هەڵپەی دنیا وامەكەن، چێژی دنیا كەم و كورتە و تا ماوەیەك تێیدا دەمێننەوە، یان بۆتان دەمێنێتەوە، پاشان گەڕانەوەتـان بـۆلای ئـێمەیە و، ئـێمەش لێپرسینەوەتان لەسەر هەموو نییەت و بزاوت و هەڵویستێكتان وەلـدا دەكەیـن، پاداشتی چاكەتان دەدەینەوە و سزاتان لەسەر خراپەكاریتان دەدەین.

نموونەی ژیانی دنیا وەكو بـارانێكە كە لەئاسـمانەوە بارانـدوومانە كە بـۆتە مایەی ڕوانـدنی جۆرەهـا ڕووەكـی چـڕ و تێكچـڕژاوی زۆر لەوەی كە خەڵكـی دەیـكەنە خۆراكیـان وەكـو دانەوێـڵە و میـوە و سـەوزە چ لەوەی كە دەبێـتە خۆراكی مەڕ و ماڵات ، وەكـو لەوەڕگاكـان كاتێـك كە سـەرزەمین بەو بـارانە دەرازێتەوە، بە رووەك و گوڵ و سیما وسـیفەتی ژیـان و خەڵكـی دنیاویسـت وا دەزانن، ئەوە بەرهەمی ڕەنجی خۆیانەوە وا لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا.

هەر كاتێك بیانەوێت بەرهەم دەچنـنەوە و كاسـبی پێـوە دەكەن، بەڵام ئـا لەم كاتەدا كە ئەوان هیوا و ئاواتیـان پێـوە بەسـتبۆوە، بڕیـاری قەدەریـانەی ئـێمەی بۆچوو، لەشەوێكدا بێت یان لەڕۆژێكدا، لەئـان و سـاتێكدا وامـان فەوتانـد هەر وەكو ئەوەی بەداس دورابێتەوە، بووەوە بەپەرێزێكی وشـك و كـوتراو، دەتـوت ئەمە هەر زەوی و زارەكەی دوێنێش نییە! ئێمە ئاوا نیشانە و بەڵگەكانی خۆمان بەتەفسیل روون دەكەینەوە تا خاوەن هزر و ژیرەكان لێی بكۆڵنەوە و تێفكرن.

﴿ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُۚ وَفَرِحُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا مَتَٰعٞ ﴿٢٦﴾ ﴾ الرعد: ٢٦ .

واتە: زۆر بەژیانی دنیا شادمان بوون، کە لەڕاستیدا هەموو ژیانی دنیا لەچاو ڕۆژی دوایدا هەر چێژێکی کەم وکاتی نوقسانە و بەس، بەردەوام نابێت.

﴿ وَٱضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ ٱلرِّيَٰحُ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴿٤٥﴾ ﴾ الكهف: ٤٥ .

واتە: نموونەی ژیانی دنیایان بۆ بهێنەرەوە" کە وەکو ئەو تاوە بارانەیە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنینە سەرزەمین کە جۆرەها ڕووەك و داری بەبەرهەمی پێ پێدەگات و زەویش تێراو دەبێت پێی، بەڵام دواتر سەوزاییەکانی وشك هەڵدەگەڕێن و هەڵدەوەرێن، ئیتر با بەملاولایاندا دێنێت و دەبات (دنیاش وایە: سەوز و تەڕ و بەلە و دواتر بەرەو فەوتان دەچێت) خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایە.

﴿ وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ ۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾ العنكبوت: ٦٤ .

واتە: ئەم ژیانەی دنیا هەریاری و مەزاقە، هەر خۆ خافڵاندنە.. ڕۆژی دوایی ماڵی ژیان و رابواردنە کە مردنی تێدا نییە و لەهیچ شتێکت کەم نابێت، بەڵام پەی بەمەنابەن ... ئای ئەگەر ئەمەیان دەزانی.

﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿٢٠﴾ ﴾ الحديد: ٢٠ .

واتە: ئەوە بزانن کە ژیانی دنیا، هەر گەمە و گاڵتە و یاری و مەزاق و خۆرازاندنەوە و جوانیی و شانازییکردنی نێوان خۆتانە، بەزۆری ماڵ و سامان و ئەولادتان... کە لەڕاستیدا ئەمانە وەکو بارانێکن کە جوتیار دڵی پێی خۆشدەکات و بەهیوایە بەرهەمەکەی بۆ پێبگەیەنێت... بۆی پێدەگات، بەڵام

دوایی دەبینێت چۆن هەمووی زەرد هەڵدەگەڕێت و دەپروێت و دەکەوێتە دەم با... ژیانی کافرانی دنیاش وایە، کە لەدوارۆژدا موفلیس دەکەون و تووشی سزای سەختی خوای کاربەجێ دەبن..

موسوڵمانانیش کە دنیایان کردبووە کێڵگە و ڕێڕەوی قیامەتیان، دەستیان لە لێخۆشبوونی خوای گەورە و ڕازیبوونی گیردەبێت، پاداشتیان دەداتەوە... ژیانی دنیا بەڕاستی هەر چێژی خۆفریوودانە.

بەڵام ئەم حەقیقەتە عەقائیدییە، ئەم ڕێسا گەردوونییە، تەنها موسوڵمانە سەرڕاستە خواویستەکان پەی پێدەبەن، بۆیە لەهەست و دیدی ئەواندا ژیانی دنیا وەکو زیندانێکە و چاوەڕێن بەمەرگی سەرفرازییان ئازاد ببن و ڕووسورانە بەدیداری خوای تاك و پاك شادبن و لەوێ ئەو پاداشتیان بداتەوە... ئەمما کافر، ئەوە هەر چاوی لەدنیایە و هەر خۆزگەی تەمەن درێژی دەخوازێت و زۆر خەمی مردنێتی.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (الدُّنْيا سِجْنُ المُؤْمِنِ، وجَنَّةُ الكافِرِ)[1] . واتە: دنیا زیندانی موسوڵمان و بەهەشتی کافرە...

بەڵام کافر لەدنیادا هۆشی ناخاتە سەر ئەمە... کاتێك بەهۆشدێتەوە کە ڕۆژی قیامەت دا دێت و حەقیقەتەکان دەبینێت، جا ئەو کاتە هەستدەکات هەموو تەمەنی دنیاکەی ڕۆژێك یان دوو بووە! خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴿١٠٤﴾﴾ طه: ١٠٢ - ١٠٤ .

واتە: ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت بەکەڕەناکەی(ئیسرافیل)دا وکە نیشانەی

(١) موسلیم (٢٩٥٦).

هاتنی قیامەتە.. ئەو ڕۆژە كە تاوانباران لەساحەی مەحشەردا كۆدەكرێنەوە، چاو دەرپۆقیو و ڕەشداگەڕاو، ترساو و تۆقیو... بەچرپە چرپ لەگەڵ یەكتری دەدوێن كە چیمان بەخۆمان كرد... ژیانی دنیامان چی بوو؟ چەند بوو؟ ژیانی دنیاتان دە ڕۆژێك بوو! چیتر بوو؟ ئێمە زاناترین بەوەی دەیڵێن و ئاگامان لێیانە، ئەوەیان كە زۆر (سەرڕاست تر)ە دەڵێ: لەڕۆژێك زیاتر لەدنیادا نەماونەتەوە! هەموو ژیانەكەتان ڕۆژێك بوو بەس.

﴿قَالَ كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ١١٢ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ١١٣ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ لَّوۡ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١١٤﴾ المؤمنون: ١١٢ – ١١٤ .

واتە: فریشتە لێیان دەپرسن: ئەرێ چەند ساڵ لەسەرزەمیندا مانەوە، ژیانتان بەساڵ چەند بوو؟ بەڵام ئەوان دەڵێن: (واللە) ئەوەندەكەمبوو، وا دەزانین ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك بوو، لەو فریشتانە بپرسن، كە كار و ڕەفتاری مرۆڤ تۆمار دەكەن، دەفەرموێ: بەهەر حاڵ بەدڵنیاییەوە لەچاو ماوەی درێژی مانەوەتان لە ئاگری دۆزەخدا ژیانی دنیاتان زۆر كەم بووە.

بەپێوەری خوای زاناو كار بەجێ مرۆڤێك ئەگەر هەموو زانیاری دنیای هەبێت و پەی بەڕۆژی دوایی نەبردبێت یان باوەڕی پێی نەبووبێت و خۆی بۆ ئامادە نەكردبێت، بەزانا هەژمار ناكرێت مادام وانازانێت كە ژیانی ڕۆژی دوایی لەژیانی دنیا چاكترە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَٱلۡإِيمَٰنَ لَقَدۡ لَبِثۡتُمۡ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡبَعۡثِۖ فَهَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡبَعۡثِ وَلَٰكِنَّكُمۡ كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٥٦﴾ الروم: ٥٦ .

واتە: ئەو كەسانەی زانستی شەرعییان هەبوو، هەروەها ئیماندار بوون وتیان: ئێوە كە هەر نكوڵیتان لەڕۆژی قیامەت دەكرد و باوەڕتان پێی نەبوو، ئەوەتا، ئەوە ڕۆژی قیامەتە و زیندوو كراونەتەوە بۆی... بەڵام ئێوە نەزان بوون.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ٨٠﴾ القصص: ٨٠ .

واتە: ئەو كەسانەی كە شارەزای زانستی وەحی بوون و ئەهلی قیـامەتبوون، بەوانەیان فەرمووكە دنیـا ویسـتانە خۆزگەیـان بۆمـاڵ و سـامان و پـلە و نـاوی قارون دەخواست: داماوینە، پاداشتی خوای گەورە چاكتر و گەورەتـر و مەزنـترە وەك لەماڵ و سامان و ناوی قارون، ئێـوە ئـاهی چـی هەڵدەكێشـن و پێتـان وایە بەختی چاكە!

پاداشتی خوایی بۆ كەسانی ئیماندار و پیاو چاك كە دیندارن و كـاروكردەوە چاكەكان دەكەن چاكترە، بەڵام خـۆ ئەوە دەسـت هەمـوو كەسـێك ناكەوێـت ئەم پاداشتە (كە ڕەزامەندی خوای گەورە و بەهەشتەكەیەتی)، بەنسیبی ئەو كەسانە دەبێت كە بەئارام و خۆگر و پشوودرێژن، كە سەبر لەسـەر فەرمانەكـانی خـوای گەورە دەگرن و خۆ لەگوناح دەگرنەوە و پابەندبوون (ئیستیقامە) یان بەردەوامە.

﴿وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ۝٦ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ۝٧ أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ۝٨ أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَأَثَارُواْ ٱلۡأَرۡضَ وَعَمَرُوهَآ أَكۡثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ۝٩﴾ الروم: ٦ – ٩ .

واتە: ئەو بەڵێنەی خوای پەروەردگار بەموسوڵمانانی داوە كە بەسەر دوژمنانیاندا زاڵ دەكات و سەركەوتوودەبن، حەتمیە و هەر دێتەدی، بەڵام زۆرینەی خەڵكی پەی پێنابەن و نازانن، چونكە هەموو زانست و زانیارییەكیان هەر دەربارەی ژیانی دنیایە و بەس، باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نییە و لێی بێئاگان.

باشە بۆچی بیرێك لەخۆیان ناكەنەوە تا هۆشێكیان بێتەوە بەر و بزانن بەرەو چ چارەنووسێك دەڕۆن؟ بۆچی سەرنج لە حیكمەتی خەلقكردنی ئاسمانەكان و زەوی نادەن.

هەروەها ئەوانەی تێیاندان كە خوای گەورە بەحەق خەلقی كردوون و ئاكامی هەر یەكێكیانی دروستكردووە، كە دەبێت لەوسات و ئانەدا كۆتایی بە وجودی بێت، بەڵام زۆر لەخەڵكی باوەڕیان بەدیداری خوای گەورە و زیندوبوونەوەیان نییە و كافرن، باشە بۆچی سەرنج نادەنە دید و بزاوت و هەڵوێستی ئەو گەل و قەوم و خەڵكانەی كە پێش ئەمان هاتن؟! بزانن چییان بەسەر هات و بۆچی ؟ بۆچی هەموو ئاوا بەفەتارەتچوون و ریشەكێشكران؟

خۆ ئەوان وەكو: (عاد) و (سەمود) لەئێوە بەهێزتربوون، چاندن و ئاوەدانی و (شارستانێتی)یان لەئێوە پێشكەوتوتربوو... بژێویان دابینتربوو، بەڵام چونكە سووربوون لەسەر دیدوتێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستی كوفرینی خۆیان، پێغەمبەرانی خوایان (علیهم السلام) بەدرۆخستەوە، ئەو هەموو بەڵگە و نیشانانەی وەحی خواییان رەتكردەوە.

بۆیە خوای گەورە بەغەزەبی خۆی گرتنی و فەوتاندنی... خۆ خوای گەورە ستەمی لێنەكردن حاشا خۆیان ستەمیان لەخۆیان كرد... هەر كەسێك بڕوانێتە ئەهرامەكانی: (میسرِ و ئاسەواری بەعلەبەگ و تەدموور لەشام)، دەزانێت كە ئەوانەی پێشوو چەند لەقورەیش بەهێزتر و خاوەن شارستانێتیی بوون.

﴿فَأَعۡرِضۡ عَن مَّن تَوَلَّىٰ عَن ذِكۡرِنَا وَلَمۡ يُرِدۡ إِلَّا ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ٢٩﴾ النجم: ٢٩ .

واتە: ڕوو لەو كەسانە وەرگێڕە ،كە پشتیان لەقورئانەكە كردووە و گوێینادەنێ و هەر ژیانی دنیایان دەوێت و بەس... ئیتر ئا ئەوەیە ئاستی زانستییان!

ئائەمـانە کە هـیچ زانیارییەکیـان لەسـەر ڕۆژی دوایـی نیـیە و نایانەوێـت نەبزانن و نەقیامەت جێبایەخیان بێت و هەمـوو دیـدوڕێیان هەر دنیاویسـتییە... ئەوانە لەخۆشی قیامەت بێبەش دەبن و جێگای هەتاهەتاییان دۆزەخە.

﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلۡأٓخِرَةِ نَزِدۡ لَهُۥ فِي حَرۡثِهِۦۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرۡثَ ٱلدُّنۡيَا نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا وَمَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ٢٠﴾ الشورى: ٢٠ .

واتە: ئەو کەسـەی کە مەبەسـتی لەڕەفتـار (گوفتـار و کـرداری) قیـامەتە و هەوڵـــی ڕازیکردنـــی خـــوای گەورە دەدات و دەخوازێـــت پاداشـــتی ئەوی دەســتکەوێت، بەرەکەت دەخەیــنە ڕەنجـیەوە و پاداشـتی بەرابەردەکەیـن.. ئەو کەسەش کە مەبەستی لێی دنیایە، دنیای بەنسیب دەکەین، بەڵام لەڕۆژی دوایدا هیچ پشکێکی پاداشت بەرناکەوێت.

﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومًا مَّدۡحُورًا ١٨ وَمَنۡ أَرَادَ ٱلۡأٓخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعۡيَهَا وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعۡيُهُم مَّشۡكُورٗا ١٩﴾ الإسراء: ١٨ – ١٩ .

واتە: ئەو کەسـەی مەبەسـتی لە هەوڵ و ڕەنجـدانی دەسـتکەوتی دنیـایە، بەنسـیبی دەکەیـن بـۆ هەر کەسـێك کە بمانەوێـت، بەڵام دوایـی بەزەلیلـی و ڕیسوایی لەرەحمەتی خوای گەورە دوور دەخرێتەوە و دەخرێتە دۆزەخەوە...

چونکە هیچ هەوڵێکی قیـامەتی نەداوە و موفلیسـە... ئەمـا ئەوکەسـەی کە هەوڵ و ڕەنجی ڕاست و دروسـت بـۆ پاداشـتی قیـامەتی دەدات و مەبەسـتێتی ڕووسووری لای خوای گەورە بێت، مـادام ئیمانـدارە و سەرڕاسـتانە هەوڵـی بـۆ قیـامەتی داوە، ئـێمەش نیـیەت وڕەنجەکەیـان قبـووڵە و پاداشـتی شـیاو و شایستەی لەسەر دەدەینەوە.

خەڵکی دوو پۆلن: پۆلێکی دنیاویست و پۆلێکی قیامەتخواز:

چیاوازی نێوان دنیاویست و قیامەتخواز ئێجگار گەورەیە، لەدید و تێڕوانینی عەقائیدییاندا جیاوازن، لەدڵ و دەروونددا جیاوازن (لەتەقواکاریی و سینە پاکیی)، لەڕەفتار و ڕەوشتدا جیاوازن...

قیامەتخواز هەمیشە هۆشی لەقیامەتە و لەهەموو هەوڵدانێکیدا ئەو پێش دنیای دەخات، کارە دنیاییەکانی دەکاتە مایەی پاداشتی قیامەتی، هەر کارێك لەدنیادا بکات بەمەبەستی وەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەدا دەیکات...

بۆ نموونە: ئەگەر کارێك لەگەڵ نوێژێکیدا نەدەسازا، نوێژەکەی دەکات، نەك کارەکە بکات و نوێژەکەی بفەوتێت... کە لەژیانیشیدا هەموو ڕەنج و توانای لەکاری دنیاییشدا وا دەخاتە گەڕ، کە پاداشتی قیامەتی پێوەبێت تا بیگەیێنێتە بەهەشت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) لەمەدحی (عبداللـه ی کوڕی ئەبورەواحە) دا فەرمووی: (رحِمَ اللَّهُ عبدِ اللَّهِ بنِ رواحةَ، كانَ أينما أدرَكتهُ الصَّلاةُ أناخَ)[1].

واتە: ڕەحمەتی خوا لە (عبدالله ی کوڕی رەواحە) بێت، لەهەر شوێنێك کاتی نوێژی بهاتایە، حوشترەکەی یەخ ئەدا و نوێژەکەی دەکرد.

---

(١) ئیبنوعەساکر لە (تاریخ)ەکەی (٨٥/٢٨) و تەبەڕانی (٣٢٢/١٢) بە لەفزی (رحم اللـه أخي...) هێناویانەتەوە، هەیثەمی لە (مجمع الزوائد) (٣١٩/٩) دەفەرمووێت: سەنەدەکەی (حەسەن)ە.

یەخدادانی حوشتر، فەرمان پێدانێتی، تا ئەژنۆ بنوشتێنێتەوە و نزم بێتەوە، تا لەسەر پشتی بتوانێت بێتە خوارەوە.

بڕگەی چوارەم:
نیشانەكانی قیامەت:

كەوابـوو دوو دنیـا هەیە: یەكیـان ئێـرەیە و، ئەوی تریـان ئەویٚ، سـنووری نێوانیان دەركەوتنی كۆمەڵێك نیشانەیە، بەهاتنیـان ژیـانی دنیـا كۆتـایی دێـت.. ئەمما كەی دەردەكەون؟

ئەوە هەر خـوای گەورە خـۆی دەیزانێـت، چـونكە ئەو زانیـارییەی بەكەس نەگەیاندووە:

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِىٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾﴾ الأعراف: ١٨٧ .

واتە: خەڵكـی مەكـكە پرسـیارت لێـدەكەن: كە كەی نیشـانەكانی قیـامەت دەردەكەون؟ كەی قیامەت خۆی دێت؟

بفەرموو :كە زانیاری ئەوە هەر لای خوای گەورەیە و بەس، تـا كـاتی خـۆی نیشانیاندات، هەر ئەویش دەتوانێت نیشانیان بدات و بیانهێتێتەكایەوە..

قیـــامەت تـــرس و بیمـــی لەدڵ و هـــزر و هـــۆش و هەســـتی هەر هەمـــوو مەخلووقاتەكـانی ئاسـمانەكان و زەویـدا گەورەیە و هەمـوو هەر خەمیـان لـێ نیشتووە لێی.

هـاتنی قیـامەت لەناكـاودا دەبێـت ... زۆرت پرسـیار دەربـارەی قیـامەت لێدەكەن، وەكو ئەوەی كە تۆ زۆرشتی دەربارە بزانێت..

بفەرمـوو: كە هەمـوو زانیـارییەك دەربـارەی قیـامەت، هەر لای خـوای گەورەیە، بەڵام زۆر كەس پەی بەمەنـــابەن و نـــازانن كە هەر خـــوای گەورە دەیزانێت و بەس.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ ﴿٤٤﴾ إِنَّمَآ أَنتَ مُنذِرُ مَن يَخْشَىٰهَا ﴿٤٥﴾ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓا۟ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا ﴿٤٦﴾﴾ النازعات: ٤٢ – ٤٦ .

واتە: كافرەكانی مەككە دەربارەی قیامەت پرسیارت لێدەكەن: كە كەی دادێت؟ بەڵام جەنابت زانیاریت دەربارەی كات و ساتی هاتنی نییە، تا وەڵامیانی پێ بدەیتەوە، سەرەتا و كۆتا زانیاری ئەوە لای خوای تاك و تەنهایە و بەس، خوای پەروەردگارت بەكەسی رانەگەیاندووە و جەنابت هۆشدەری و ئینزاریاندەكەیت، كە خۆ بۆ قیامەت ئامادە بكەن.

ئەوی سوود لەم هۆشدارییە دەكات، تەنها ئەوانەن كە هۆشیان لای قیامەتە و لەسزا و ناسۆرەكانی دەترسن، جا ئەو ڕۆژەی كە مرۆڤایەتیی قیامەت دەبینێت، لەتاواندا خۆشی دنیایی بیردەچێتەوە، هەر وادەزانن هەموو قۆناغەكانی ژیان و بەرزەخیان وەكو ئێوارەیەك یان بەیانییەك بووە.

كەوابوو: قیامەت لەناكاودا دێت، بەڵام چەندەها نیشانەی هەیە، كە ئاماژە بەزووهاتنی دەكات، كە دەڵێین: (زوو)، ئەوە بەنیسبەت بڕیاری خوای گەورەوەیە، بەنیسبەت تەمەنی گەردوونەوەیە... زووە، بەڵام زووی پێوەری مرۆڤ نییە، زووی كاتی تەمەنی مرۆڤێك و دوو نییە...

قیامەت نزیكە، بەڵام خوای گەورە دەزانێت چەند نزیكە.. دەفەرمووێ: ﴿ٱقْتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلْقَمَرُ ﴿١﴾﴾ القمر: ١ .

واتە: واقیامەت نزیكبۆوە تا دابێت... (ئەم ئایەتە زیاتر لەهەزار و چوارسەد ساڵ هاتووە) ...

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ۖ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ۚ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴿١٨﴾﴾ محمد: ١٨ .

واتە: كافرانی مەككە چیماوە چاوەڕێی بكەن؟ هەر قیـامەت مـاوە... ئەویـش لەناكاودا پەیدا دەبێت، وا نیشانەكانی لە دەركەوتنـدان (یەكێـك لەنیشـانەكانی پێغەمبەرێتی پێغەمبەری خوایە (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ... جـا ئەوكـاتەی كە لەناكاوێكدا قیامەتیان بەسەردا دێت، ئیتر یاد كردنی چ دادێكیان دەدات؟ هیچ.

(بوخـاری) ریـوایەتی سـەحیحی هێنـاوەتەوە :كە پێغەمبەرێتیـی سـەیدنا(محمد صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نیشانەی نزیكی قیامەتە... پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (بُعِثْتُ أنا والسَّاعَةَ كَهاتَيْنِ)[1] .

واتە: من لەكاتی نزیكی قیامەتدا، بـووم بەپێغەمـبەری خـوا، وەكـو ئەم دوو پەنجەیە (پەنجەی شایەتمان و پەنجەی ناوەند) نزیكین لەیەكتری.

نیشانەكانی قیـامەت زۆرن، هەرنیشـانەیەكیش مەرجێكـی هـاتنی ڕۆژی قیامەتن، تا هەموو نیشانەكان دەرنەكەون، ڕۆژی قیامەت نایەت.

قورئـانی پیـرۆز ئامـاژەی بەهەنـدێك لەنیشـانەكان كـردووە و پێغەمـبەری خواش (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) ئامـاژەی بەوانـی تـر كـردووە، هەنـدێك لەوانەی جەنابی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاماژەی پێدابوون دەركەوتوون، (وەكو لەكتێبـی (الرسول)دا باسمان كردوون).

هەندێكی تریشیان هێشـتا دەرنەكەوتـوون، ئەوانەی دەرنەكەوتـوون زۆرن، هەندێك بەحساباتی كاتی ئێمە دوورن، ئەمـا بەنیسـبەت تەمەنـی گەردوونەوە، یان بەلای حسابی خواییەوە نزیكن، خوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾﴾ الحج: ٤٧ .

واتە: ڕۆژێكی لای خوای گەورە وەكو هەزار ساڵی ئێوەیە.

---

(١) بوخاری (٦٥٠٤)، هەروەها موسلیم (٢٩٥١) بەكەمێك جیاوازییەوە.

هەندێك لەنیشانەكانی قیامەت پێیان دەووترێت: (نیشانە گەورەكانی قیامەت)، كە بەماوەیەكی كەم پێش هاتنی ڕۆژی دوایی دێن، هەموویان گەورەو دژوار و مەترسیدارن، چونكە پێشەكی هاتنی ڕۆژێكی ئێجگار مەترسیدارن!

ئێمە لێرەدا هەندێك لەو نیشانانە دەهێنینەوە:

١ و ٢ هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە و دەركەوتنی (داببە)كە:

پێغەمبەری خوا (صَلَّی اللـه عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: **(إنَّ أوَّلَ الآياتِ خُرُوجًا، طُلُوعُ الشَّمْسِ مِن مَغْرِبِها، وخُرُوجُ الدَّابَّةِ علَى النَّاسِ ضُحًى، وأَيُّهُما ما كانَتْ قَبْلَ صاحِبَتِها، فالأُخْرَى علَى إثْرِها قَرِيبًا)**[1] .

واتە: یەكەمین نیشانەی قیامەت، كە دەردەكەوێت: هەڵهاتنی خۆرە لەخۆرئاواوە، هەروەها دەركەوتنی (دابـبە)ەكەیە لەكاتی چێشتەنگاودا (نێوان خۆرهەڵهاتن و نیوەڕۆدا)، هەر كامێكیان پێش هاوڕێكەی هات، ئەوی تریشیان یەكسەر بەدوایدا دێت.

خوای گەورە دەفەرمویێ: ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ١٥٨﴾ الأنعام: ١٥٨ .

واتە: ئایا كافرەكان كەپێغەمبەری خوا (صَلَّی اللـه عَلَیْـهِ وَسَلَّمَ) و وەحی و هەبوونی ڕۆژی دوایی بەدرۆدەخەنەوە، چاوەڕوانن فریشتەی ڕۆحكێشانیان بگاتە سەر، تا باوەڕبهێنن؟! یان چاوەڕێی فەرمانی خوای گەورەن كە سزایان

---

(١) موسلیم (٢٩٤١).

بدات، یان چاوەڕێی هەندێك لەنیشانەكانی قیامەتن كە دەركەون...

ئەو ڕۆژەی كە یەكەمین نیشانەی هاتنی قیامەت (كە خۆرهەڵهاتنە لەخۆرئاواوە) دەردەكەوێت، باوەڕهێنانی ئەو ساتەوەختە قبوڵ ناكرێت مادام پێشتر باوەڕی نەهێناوە و كار و كردەوە چاكەكانی ئەنجامنەداوە!...

پێیان بفەرموو: باشە ئێوەش چاوەڕوان بن و ئێمەش هەر چاوەڕوانین... پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڕگە كۆتاییەكەی ئەم ئایەتەی ڕوونكردۆتەوە، كە دەفەرمووێ: (لا تَقُومُ السَّاعَةُ حتَّى تَقْتَتِلَ فِئَتانِ عَظِيمَتانِ، يَكونُ بيْنَهُما مَقْتَلَةٌ عَظِيمَةٌ، دَعْوَتُهُما واحِدَةٌ، وحتَّى يُبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذّابُونَ، قَرِيبٌ مِن ثَلاثِينَ، كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أنَّه رَسولُ اللَّهِ، وحتَّى يُقْبَضَ العِلْمُ وتَكْثُرَ الزَّلازِلُ، ويَتَقارَبَ الزَّمانُ، وتَظْهَرَ الفِتَنُ، ويَكْثُرَ الهَرْجُ: وهو القَتْلُ، وحتَّى يَكْثُرَ فِيكُمُ المالُ فَيَفِيضَ حتَّى يُهِمَّ رَبَّ المالِ مَن يَقْبَلُ صَدَقَتَهُ، وحتَّى يَعْرِضَهُ عليه، فَيَقُولَ الذي يَعْرِضُهُ عليه: لا أرَبَ لي به، وحتَّى يَتَطاوَلَ النَّاسُ في البُنْيانِ، وحتَّى يَمُرَّ الرَّجُلُ بقَبْرِ الرَّجُلِ فيَقولُ: يا لَيْتَنِي مَكانَهُ، وحتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِن مَغْرِبِها، فإذا طَلَعَتْ ورَآها النَّاسُ يَعْنِي آمَنُوا أجْمَعُونَ، فَذلكَ حِينَ ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا﴾ ولَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وقدْ نَشَرَ الرَّجُلانِ ثَوْبَهُما بيْنَهُما، فلا يَتَبايَعانِهِ ولا يَطْوِيانِهِ، ولَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وقَدِ انْصَرَفَ الرَّجُلُ بلَبَنِ لِقْحَتِهِ فلا يَطْعَمُهُ، ولَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وهو يُلِيطُ حَوْضَهُ فلا يَسْقِي فِيهِ، ولَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وقدْ رَفَعَ أُكْلَتَهُ إلى فيه فلا يَطْعَمُها)[1] .

واتە: پێش داهاتنی ڕۆژی قیامەت، دوو كۆمەڵی زۆر گەورەی موسوڵمان دژی یەكتریی دەجەنگێن، كوشتارێكی زۆریان لێدەكەوێتەوە، بانگەشەی هەردوو كۆمەڵەكە هەر یەكێك دەبێت.

پێش قیامەت نزیكەی (سی) ساختەچی درۆزن پەیدا دەبن، هەر یەكەیان دەڵێ: من نێرراوی خوای گەورەم! ..

---

(١) بوخاری (٧١٢١).

پێش قیامەت، زانستی شەرعی نامێنێت و بوومەلەرزە زۆر دەبێت، کات کەم دەکات و ئاژاوە و فیتنە زۆر دەبێت، کوشتن زۆر دەبێت، سەروەت و سامان ئەوەندە زۆر دەبێت،کە لەخەڵکی زیاد دەبێت، تەنانەت خاوەن سامان دەگەڕێ بەدوای کەسێکدا موستەحەققی زەکات بێت تا بیداتێ..

ماڵ و سامانی خۆبەخشانە دەداتە کەسی تر، کەچی کەسەکەی تر نایەوێت و،هەتا خەڵك بینای گەورەوباڵاخانە دروست دەکەن و، هەتا یەکێك بەلای قەبری کەسێکەوە تێدەپەڕێ، دەڵێ: خۆزگەم بەجێگاکەی!

قیامەت نایەت، تا خۆر لەخۆرئاواوە هەڵنەیەت، کە خۆر لەوێوە هەڵهات و خەڵکی بینییان، ئینجا بەکۆمەڵ باوەڕ دەهێنن، ئەوەش ئەو کاتەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ ﴿١٥٨﴾﴾ الأنعام: ١٥٨.

واتە: باوەڕهێنان لەو ڕۆژەدا قبووڵ نابێت و دادی خاوەنەکەی نادات، مادام پێشتر باوەڕی نەبووە، یان کاروکردەوە چاکەکانی ئەنجامنەداوە، کە شەرع داوای لێکردووە...

کە ڕۆژی قیامەت دادێت ئەوەندە ناکاو و خێرایە، کە دوو کاسبکار قوماشێکیان لەنێواندایە مامەڵەی لەسەردەکەن، فریای تەواو کردنی مامەڵەکە ناکەون، تەنانەت فریای پێچانەوەشی ناکەون...

کاتێك ڕۆژی قیامەت دادێت، کابرا شیری حوشترەکەی دۆشیووە و، فریای خواردنەوەی ناکەوێت، کاتێك ڕۆژی قیامەت دادێت، کابرا خەریکی پڕئاو کردنی حەوزەکەیەتی، فریای ئەوە ناکەوێت ماڵاتەکەی بهێنێتە سەر، تا تێراویان بکات..

کاتێك ڕۆژی قیامەت دادێت کابرا پاروەکەی کردووە، بەدەستیەوەیەتی فریا ناکەوێت بیبات بۆدەمی و بیخوات، قیامەتی بەسەر دا دێت.

لەهەنــــدێك ریوایـــاتی تـــــری ئەم فەرمـــــوودەیەدا هـــــاتووە كە: (حتَّى تَعُودَ أرْضُ العَرَبِ مُرُوجًا وأَنْهَارًا)[1] .

واتە: پــێش هــاتنی ڕۆژی قیــامەت، خــاكی نیــوە دوورگەی عەرەبســتان سەوزدەبێتەوە و، دەبێتەوە بەمێرغوزار و گوڵستان.

دیــارەكە هەنــدێك لەوانەی فەرمــوودەكە ئامــاژەی پێــداون، هــاتوون و كۆتاهاتوون، هەندێكی تریان لەم سەردەمەدا دەركەوتوون و هەنـدێكی تریشـیان هێشتا دەرنەكەوتوون.

دەركەوتنی (داببە)كەی زەوی [2]:

خــوای گەورە دەفەرمــوێ: ﴿۞ وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾﴾ النمل: ٨٢ .

واتە: كاتێــك كە ئیــتر شــایانی ســزا دەبــن، (دابــبە)یەكیــان لەزەویــیەوە بــۆ دەردەكەیــنە دەرەوە،كە قســەیان لەگەڵــدا بكــات، لەگەڵ ئەوانەدا بــدوێت، كە دەیبینن كە چۆن ئەو كافرانە باوەڕیان بەو هەمــوو نیشــانە و بەڵگــانە نەهێنــا كە نیشانماندابوون.

دەقێكــی ڕاشــكاو و ئاشــكرا لەســەر پێناســەی (دابــبە)كە نەهــاتووە، بەڵام لەریوایەتی (تەمیمی داری)دا -خوا لێی ڕازی بێت- وەسـفی (دابـبە)كە هــاتووە كە: (جەساسە)یە، كە تیرەی (ئەهلیب) هەیــانبوو، ئاژەڵێــك بــووە، هێنــدە تــووكن بووە، بەتاماشاكردن نەزانراوە، كوێ سەرێتی و كوێ سمتێتی!..

---

(١) موسلیم (١٥٧).

(٢) (دابة): هەمــوو گیــانلەبەرێكە، كە بەســەر زەویــدا (دبیــب) دەكــات، واتە دەڕوات، بەڵام لێــرەدا گیــانلەبەرێكی تــایبەتە، پێغەمــبەری خــوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) لێــرەدا باســی هاتنەكەی دەفەرمووێ ،نەك خودی (داببە)كە.

هەنــدێك دەفەرمــوون، ئەو نیـــیە، بەڵام وەكــو ئەوە (كە لە گوێــدرێژێك بچوكتربووە).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەربـارەی (دابـبە)كە دەفەرمـوێ: (تَخْرُجُ الدَّابَّةُ ، فَتَسِمُ الناسَ على خَرَاطِيمِهِمْ ، ثُمَّ يَغْمُرُونَ فيكُمْ حتى يَشْتَرِيَ الرجلُ البَعِيرَ ، فيقولُ مِمَّنْ اشْتَرَيْتَهُ ؟ فيقولُ: اشْتَرَيْتُهُ من أَحَدِ الْمُخَطَّمِينَ)[١] .

واتە: كە داببەكە پەیدا دەبێت، سەرلوتی خەڵكی دەسمێت (نیشـان دەكـات)، پاشان ئەمانە تەمەندرێژ دەبن، تا وای لێدێت، كەسێك حوشترێك دەكڕێـت، لێـی دەپرسن لەكوێت كڕی؟

دەڵێ: لەیەكێك لەلوت سمراوانم كڕی.

هەروەها دەفەرموێ: (تخرجُ الدابةُ من أعظم المساجدِ، فبينما هم كذلك إذا رنتِ الأرضُ، فبينما هُم كذلك إذ تصدَّعت)[٢] .

واتە: دابـــبەكە لەمەزنـــترین مـــزگەوتەوە دەردەكەوێـــت، كە خەڵكـــی لەو حاڵەتەیانــدا دەبــن (لەسەرسـوڕمانیاندا پێـی!) زەمــین گرژدەبێــت، ئەوان لەم حاڵەتەدا دەبن و زەمین درزی تێدەكەوێت و شەقارشەقار دەبێت.

مەزنترین مزگەوتیش كەعبەی پیرۆزە لەمەككە .[٣]

---

(١) ئەلبانی لە (سلسلة الصحيحة) دا بە ژمارە (٣٢٢) ئەفەرمووێت: (إسناده صحيح).

(٢) تەبەڕانی لە (الأوسط) (٢/ ١٧٦) هێناوێتی، سەنەدەكەی پیاوانی جێ متمانە (ثقه)ن.

(٣) بینینیشی لەم سەردەمەدا لەهەموو دنیاوە ئاسانە، وەكو كە سەعاتە گەورەكەی مەككە لە هەموو جیهانەوە لەڕێی ئینتەرنێـت و پێشـاندانی ڕاسـتەوخۆیەوە دەبینرێـت، كە بـاڵاترین سەعاتی جیهان و گەورەترینە.

٣ و ٤ و ٥ هاتنەخوارەوەی سەیدنا (مەسیح- علیه السلام) و دەركەوتنی (دەججال) و هاتنی (یەئجوج و مەئجوج):

خوای گەورە دەربارەی سەیدنا (عیسا -علیه السلام) دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا ١٥٩﴾ النساء: ١٥٩ .

واتە: كاتێك سەیدنا (عیسا- علیه السلام)دێتەوە سەرزەمین هەر هەموو ئەهلی كیتاب، دەبێ پێش كۆچی دواییكردنی، باوەڕی پێ بهێنن، لەڕۆژی دواییشدا دەبێتە شاهید بەسەریانەوە، كە ئایا باوەڕیان وەكو جەنابی (علیه السلام) بەپێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنا،یان نا؟

هەروەها دەفەرموێ ﴿ وَإِنَّهُۥ لَعِلۡمٞ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمۡتَرُنَّ بِهَا ٦١ ﴾ الزخرف: ٦١ .

واتە: هاتنەخوارەوەی سەیدنا (عیسا -علیه السلام)مایەی زانینی، نیشانەی هاتنی قیامەتە، هیچ گومانێكت لەهاتنی ئەكیدی قیامەت نەبێت.

دەربارەی یەئجوج و مەئجوج:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ٩٦﴾ الأنبياء: ٩٦ .

واتە: كاتێك یەئجوج و مەئجوج سنووری بەربەستەكەیان دەشكێنن و، بەهەموو چیا و دۆڵێكدا بەخێرایی بڵاودەبنەوە، ئەوە نیشانەی هاتنەدیی بەڵێنە حەقەكەی خوای گەورەیە، كەوا قیامەت داهات.

ئەمـا (دەججال).. زیاتر لە حەفتا فەرمـوودەی سەحیحی لەسەرە، بۆیە هەركەسێك نكوڵیی لێبكات و بڵێ نییە، پێی كافر دەبێت.. حاڵەتی هاتنی (دەججال) (دەججال) واتە :ساختە چی، بەحاڵەتی هاتنەخوارەوەی سەیدنا (عیسا- علیه السلام) ەوە بەندە .. چونكە سەیدنا (مەسیح -علیه السلام) (دەججال) دەكوژێت.

هـاتنی سـەیدنا (عیسـای مەسـیح- علـیە السـلام) و هـاتنی (دەجـال) و دەركەوتنی(یەئجـوج و مەئجـوج)، تەقـریبەن لەیەك كاتـدان و ڕەنـگە چەنـدین ساڵێكیان لەنێواندا بێت.

لەوانەیە ئاڵۆزترین باس لەمانە، باسی (یەئجوج و مەئجوج)بێـت، چـونكە فەرموودەیـان لەسـەر زۆرە و قسـەی خەیـاڵات و بـۆ چـوون و لێكـۆڵینەوەی دووریشیان لەسەر زۆرە...

ئەوەندەی كە لەدەقەكانەوە دەزانرێت ئەوەیە: كە ئەمانە دوو قەومی مرۆڤن، ژمارەیان ئێجگار زۆرە، لەسەر زەمین دەژین، ناتوانین بڵێـین: كـام نەتەوە، یـان كام گەلەن، ناتوانین شوێنیان دیاریی بكەین.

ئەوەندە دەزانین ،كە بەسەر ناوچە ڕۆژهەڵاتییەكانی وڵاتی عەرەبـدا دێـن و، چوونیان بۆ (فەلەستین) باسـكراوە، ئەمە وەكـو یەكـێكە لەنیشـانەكانی هـاتنی قیامەت.

ئەمما ئەو ریوایەتانەی، كە دەڵێت: ڕۆژانە هەوڵدەدەن ئەو بەربەستە بشكێنن، كە لەڕێیاندا درووستكراوە، بەڵام ناتوانن.

ئەمە ڕیوایاتی زەعیفن و وەكو فەرموودەوانان دەفەرموون: زۆر (مونكەر)ن.

بەڵام قورئانی پیرۆز بـاس لەبەر بەسـتەكەیان دەكـات، كە دەكـرێتەوە، ئەوە سـەرەتای ئەو نیشـانەیەی قیـامەتە، كە (یەئجـوج و مەئجـوج)دێـنەدەرەوە و بڵاودەبنەوە.

هەنـدێك دەڵـێن: ئەو بەربەسـتە: دیـوار/ شـوراكەی (چـین)ە و ئەو قەومە

لەوێــن[١]، هەنــدێکی تــر بــاس لەبەربەســتی تــر لەشــوێنی تــر دەکەن، لەتەفسیرەکەیدا[٢] باسیانم کردووە.

هەنــدێکی تــر فەرموویــانە: بــریتین لە: (تەتەر و مەغــۆل)، هەنــدێکی تــر فەرموویانە: رەگەزی (ئارییەکان)ن، کە ئەوروپاییەکانی سەردەم لەوانن.

. هــیچ یەکێــك لەمــانە، ناشــێت بنبــڕانە بووترێــت: هەر ئەوەیە، ئەگەر چــی هەندێك تەئکید لەسەر تەتار و مەغۆل هەیە، کە لەناوەڕاستی (چین)ەوە هاتن.

دوو فەرموودەی سەحیحیش هەن، کەشتێکی زیاترمــان لەم ڕووەوە لەوانەیە لێ حاڵی بکەن، ئەگەر تێگەیشتنمان لەو دوو فەرموودەیە ڕاست و دروست بێت:

(زەینەبی کچی جەحش) -خوا لێی رازی بێــت- دەگێــڕێتەوە : : کە: (أنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ دَخَلَ عَلَيْهَا يَوْمًا فَزِعًا يقولُ: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، ويْلٌ لِلْعَرَبِ مِن شَرٍّ قَدِ اقْتَرَبَ فُتِحَ اليومَ مِن رَدْمِ يَأْجُوجَ ومَأْجُوجَ مِثْلُ هذِه، وحَلَّقَ بإصْبَعَيْهِ الإبْهَامِ والَّتي تَلِيهَا، قالَتْ زَيْنَبُ بنْتُ جَحْشٍ: فَقُلتُ: يا رَسولَ اللَّهِ أفَنَهْلِكُ وفينَا الصَّالِحُونَ؟ قالَ: نَعَمْ إذَا كَثُرَ الخُبْثُ)[٣].

---

(١) نوسەری ڕەحمەتی لەپەراوێــزدا نوســیوێتی: هەنــدێک لەهاوزمانــانی خۆمــان چووبــوونە (چین) و زۆر گەڕابوون، بۆیان باســکردوون، کە دوو تیــرەی گەورەیــان هەیە ،کە دەشــێت ئەوان (یەئجوج و مەئجوج)بن.. ئەمە یەکێک لە مامۆســتا بەرزەکانمــان بــۆی باســکردین کە لە دیدەوانەکەوە گێڕایەوە..منیش (کرێکار) کتێبێکم لەسەر خوێندەوە بەناوی :(يأجوج ومأجوج والصين وعلاقتها بإسرائيل)، کە نووسەرێکی پاکستانی نووسیبووی..

بەڵام مــن بۆچــونم وایە: کە لەبەر زۆریــی ژمــارەی دانیشــتوانی (چــین) ئەم شــیکارە کرابێــت،بەڵام خــۆ (چــین) لە زەمــانی کۆنــدا نەئەوەنــدە زۆربــوون و، نەئەو سنوورەشــیان هەبوو، کە ئێستا وڵاتەکە هەیەتــی، شــورا/دیوارەکەی چینــیش ئەوە ســەد ســاڵیش دەبێــت بەربەستی هاتووچۆی ناوەوە و دەرەوەی نەماوە.

(٢) مەبەستی کتێبی تەفسیرەکەی خۆیەتی (الأساس في التفسير) کە(١٣)بەرگی گەورەیە.

(٣) بوخاری (٧١٣٥)، موسلیم (٢٨٨٠).

واته: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بەتـرس و دڵە لەرزەوە چـووە ماڵی خاتوو (زەینەب)، هەر دەیفەرموو: لااله الااللـه .. واوەیـلا بـۆ عەرەب، لەو خراپەكارییەی وا لێیان نزیكبـۆوە... ئەمـڕۆ لەبەربەسـتەكەی ڕێـی(یەئجـوج و مەئجوج) بەقەدەر ئەوەندەی لێ ڕما/ یـان كونبـوو، پەنـجە پـانەكەی و پەنـجەی شایەتمانی كرد بەئاڵقەیەك (واتە بڕی ئەوەندە).

عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! كە پیاوچاكانیشمان لەناودا هەبن، دەشێت بەفەتارەت بچین؟

فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر خراپەكاریی زۆربوو.

یەكەمین خراپەكاریەكیش،كە عەیـرەب دووچـاری بـۆوە، لەسـەر دەسـتی (تەتەر و مەغـۆل) بـوو، وەكـو ئەوەی ئەوە سـەرەتای ئەو كارەسـاتەبێت، كە لەسەردەستی ئەو قەومە ڕوویدا، كە(یەئجوج و مەئجوج) لەنەوەیان بن.

فەرمـوودە سـەحیحەكەی تـر دەفەرمـوێ: (أنَّ النبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ لَمَّا نَزلـتْ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١﴾ الحـج: ١. فقـالَ: هـل تـدرونَ أيُّ يـومٍ ذلِكَ؟ قـالوا: اللَّهُ ورسـولُهُ أعلـمُ ،قـالَ: ذاكَ يـومٌ يُنـادي اللَّهُ فيـهِ آدمَ فيُناديـهِ ربُّـهُ فيقـولُ: يا آدمُ ابعَـث بعـثَ النَّـارِ، فيقـولُ: أي ربِّ ومـا بَعـثُ النَّـارِ، فيقـولُ: مـن كـلِّ ألـفٍ تسعمائةٍ وتسعةٌ وَتِسْعونَ إلى النَّارِ واحـدٌ إلى الجنَّـةِ فيـئِسَ القـومُ حـتَّى مـا أبـدَوا بضـاحِكَةٍ ،فلمَّـا رأى رسـولُ اللَّهِ صـلَّى اللَّهُ عليـهِ وسـلَّمَ الَّذي بأصحابِهِ، قـالَ: اعمَلـوا وأبشِـروا فوالَّـذي نفسُ محمَّـدٍ بيـدِهِ إنَّكـم لمعَ خَليقتينِ مـا كانتـا مـعَ شـيءٍ إلَّا كثَّـرَتاهُ يأجـوجُ ومـأجوجُ. ومـن مـاتَ مـن بَـني آدمَ وبَـني إبلـيسَ قـالَ: فسُـرِّيَ عـنِ القـومِ بعـضُ الَّـذي يجـدونَ .قـالَ: اعمَلـوا وأبشِـروا فوالَّـذي نفـسُ محمَّـدٍ بيـدِهِ ما أنتُمْ في النَّاسِ إلَّا كالشَّامةِ في جنبِ البعيرِ أو كالرَّقْمةِ في ذراعِ الدَّابَّةِ)[1] .

---

(١) ترمذی (٣١٦٩)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمـذي) دا ئەفەرموێـت: (صـحيح)ە. هــەروەها (حاكم) و (هەیثەمی) بە لەفزی جیاواز ریوایەتیان كردووە.

واتە: كاتێــك ئەوئــایەتە هــاتە خــوارەوە كە دەفەرمــوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمْۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١ ﴾ الحج: ١.

واتە: هۆ خەڵكینە! لەخوای پەروەردگارتان بترسن و سەرڕاستانە دینداریێتیی بۆ بكەن، چونكە بومەلەرزەی قیامەت شتێكی زۆر گەورەیە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەیاوەرانی پرسـی: دەزانـن ئەمـڕۆ چ ڕۆژێكە؟

عەرزیان كرد: خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زاناترن.

فەرمووی: ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە،كە خوای گەورە بانگی سـەیدنا (ئـادەم- علـیە السلام) دەكات پێی دەفەرموێ: وەفدی دۆزخیان بنێرە..

دەفەرموێ: خوایە گیان! وەفدی دۆزەخیان چییە؟

دەفەرمــوێ: لەهەر هەزار كەس، نۆســەد و نەوەد و نــۆ كەسـیان بــۆ دۆزەخ دەچن.. تاكە كەسێكیان لێ دەچێتە بەهەشت، یاوەران زۆرمات و مەلـوول مـان، كەسیان زەردەخەنەیەكی پێوە نەما!..

كە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ئەوەی لە ڕوویانـدا بینـی، فەرمووی: ئێوە كار و كـردەوەی خۆتـان بـكەن و مـژدەش بـدەن، بەوەی گیـانی (محمــد)ی بەدەســتە، ئێــوە لەگەڵ ئەو دوو مەخلووقــانەدا هەژمــار دەكــرێن: (یەئجوج و مەئجوج) و ئەو خەڵكەی لە نەوەی ئادەم و لەجنۆكە دەمرێت.

ئیتر یاوەران گەش بوونەوە و خەمەكەیان ڕەوایەوە.

فەرمووی: ئێوەكارو كردەوەی خۆتان بـكەن ومـژدەش بـدەن، بەوەی گیـانی (محمد)ی بەدەستە، ژمارەی ئێـوە لە ناوخەڵكیـدا، وەكـو خـاڵێكە بەلاتەنیشـتی حوشترێكەوە ،یان تاڵەموویەكە بەدەستی سـوارییەكەوە.. (واتە: ئەوان ئەوەنـدە زۆرن، ئێوە لەچاویاندا خاڵێكی كوتراون).

لەم فەرمــوودەوە دەردەكەوێــت: كە (یەئجــوج و مەئجــوج) زۆریــنەی دانیشــتوانی ســەرزەمین پێكــدەهێنن، لەمەوەیە ،كە هەنــدێ كەس وایــان لێكداوەتەوە :كە مەبەست لێیان: (بنو الاصفر)ن، كە (چین) و دەوروبەریانن، یان (بنو الاصفر) و (تـوخمی ئـاری) هەموویـان بـن پـێكەوە، بەڵام ئەمە هەر خـوای گەورە دەیزانێت...

ئەوەی لەمەسەلەی (یەئجوج و مەئجوج)دا، لێرەدا گرنگە باسبكرێت ئەوەیە: كە دەركەوتنیـان نیشـانەیەكی هـاتنی ڕۆژی دوایـیە، ئەوانە بەسـەر زەمینـدا بڵاودەبنەوە و، دەگەنە (فەلەستین)، ئەمە لەسەردەمی هاتنەوەی سـەیدنا (عیسـا/ مەسیح دا - علیه السلام)دەبێت، كە جەنابی دەیانفەوتێنێت.

ئەمــا (دەججــال) (كە كــورد پێــی دەڵێــت: ججــاڵ) ئەوە گەورەتــرین وخەتەرتـرین فیتـنە و ئـاژاوەی سـەرزەمین دەبێـت، هەر لەسـەرەتای سـەیدنا (ئادەم)ەوە (علیه السلام)، تا ڕۆژی دوایی فیتنەیەكـی وا گەورەو دژوار لەسـەر زەمیندا دەرنەكەوتووە!

(دەججال) پیاوێكە ،لافی خوایەتیی لێـدەدات، خـوای گەورەش شـتی زۆر سـەیر و نائاسـایی لەسـەر دەسـت دەردەخـات و، وا لەخەڵكـی گێـل و بێـدین دەگەیێنێت، كە تواناكانی بێسنوور و بێ وێنەن!

بۆیە ئەگەر كەسـێك سەرڕاسـتانە خـۆی بەوەحـی خـوایی بەهێزنەكـات و، بەهـزر و ژیرییەكـی پارسـەنگ خواناسـیی نەكـات، تێـدەكەوێت و دەكەوێـتە شوێنی! بەڵام دینداری ڕاست و ژیر، یەكسەر ئەوە دەردەبڕێت، كە چۆن خـوایەك گەردوون و ژیان و مرۆڤی دروست كردبێت، خۆی ئاوا نوقسان دەبێت؟ (چونكە (دەججال) چاوێكی كوێرە و كەسێكی گومڕاو گومڕاكارە).

ئەمەش چەند دەقێكـی تـر ،كە لەسـەر ئەم سـێ نیشـانەیەی هـاتنی ڕۆژی دواییین:

(ما بـیْنَ خَلْـقِ آدَمَ إلى قِیَـامِ السَّـاعَةِ خَلْـقٌ أَكْبَـرُ مِـنَ الـدَّجَّالِ)[1] هەر لەزەمـــانی خەلقبوونی ئادەمەوە، تارۆژی قیامەت كەسێكی گەورە و زلی وەكو (دەجـال) خەلق نەبووە... واتە: گەورەترین جەستەی هەیە.

لەریوایەتێكی تریدا:(أَمْرٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ).

واتە: كێشەیەك نییە لەكێشەی (دەجال) گەورە تربێت.

(إنَّ اللَّهَ تَبارَكَ وتَعالَى لیسَ بأَعْوَرَ، ألا إنَّ المَسِیحَ الدَّجَّالَ أعْوَرُ، العَیْنِ الیُمْنَى كَأنَّ عَیْنَهُ عِنَبَةٌ طافِیَةٌ)[2].

واتە: خوای گەورە كوێر نییە، (دەجال) چاوێكی كوێرە، چاوی ڕاستی وەكو بۆڵە ترێ هەڵتۆقیووە...

لەریوایەتێكی تریدا دەفەرموێ: (تَعْلَمُونَ أنه لن یرَى أحَدٌ مِنْكُمْ رَبَّهُ حتى یَمُوتُ وَإِنَّهُ مَكْتُوبُ بَیْنَ عَینیه كافر، یقرأه من كره عَمَلَه).

واتە: دەزانن وكە كەس پێش مردنـی، خـوای پەروەردگـاری نابینێـت (واتە: لەبەهەشتدا دەبینرێت، نەك لەدنیادا، هەر كەسـێك وتـی: مـن خـوام و ئەو كـارە نائاساییانەی نیشاندا و، چاوێكی هەڵتۆقیبوو ئەوە (دەجال) ە).

(دەجال) لەنێوان چاوەكانیدا (لەناوچەوانی) نوسراوە :كافر، هەموو كەسێك ناحەز بە(دەجال) دەیخوێنێتەوە، مادام ڕقی لەڕەفتاری (دەجال) بێت.

(الـدَّجَّالُ یخـرجُ مـن أرضٍ بالمَشـرقِ یُقـالُ لها: خُراسـانَ، یَتبعُـه أقـوامٌ كـأنَّ وجوهَهُم المَجانُّ المطرَّقةُ)[3] .

---

(١) موسلیم (٢٩٤٦).

(٢) بوخاری (٤٤٠٢) ، موسلیم (١٦٩) .

(٣) ترمذی (٢٢٣٧)، ئەلبانی لە (صحیح الترمذي)دا ئەفەرموێت: (صحیح)ە. هروەها هەریەك
←

واتە: (دەججـــال) لەنـــاوچەیەكی ڕۆژهەڵاتـــــەوە دەردەكەوێـــت، كە پێیـدەووترێت :(خۆراسـان)، خەڵكێكـی زۆر شـوێنی دەكەون، كە نێوچاوانیـان پانەو ڕوومەتیان بڵندە.

(يَتْبَعُ الدَّجَّالَ مِن يَهُودِ أصْبَهانَ، سَبْعُونَ أَلْفًا عليهِمُ الطَّيالِسَةُ).[١]

واتە: حەفتا هەزار كەس لەجولەكەی(ئەسفەهان) شوێن (دەججـال) دەكەون، هەموویان (تەیلەسان)یان لەسەردا دەبێت (جۆرەكڵاوێكە).

(ليفرنَّ الناسُ من الدجالِ في الجبال، قلتُ يا رسولَ الله! فأين العربُ يومئذٍ؟ قال: هم قليلٌ)[٢] .

واتە: خەڵكی لەترسی (دەججال) هەڵدێن بۆ چیاكان، دایكـی شـەریك وتـی: ئەی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ئەدی عەرەبەكـان لەو ڕۆژەدا لەكوێ دەبن؟

فەرمووی: ئەوان كەم دەبن.

(ئەبو سەعیدی خودری) - خوا لێی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : : (حَدَّثَنا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) يَوْمًا حَدِيثًا طَوِيلًا عَنِ الدَّجَّالِ، فَكانَ فِيما حَدَّثَنا، قالَ: يَأْتِي، وَهو مُحَرَّمٌ عليه أَنْ يَدْخُلَ نِقابَ المَدِينَةِ، فَيَنْتَهِي إلى بَعْضِ السِّبَاخِ الَّتي تَلِي المَدِينَةَ، فَيَخْـرُجُ إِلَيْـهِ يَومَئـذٍ رَجُـلٌ هـو خَيْـرُ النَّـاسِ، أَوْ مِـن خَـيْرِ النَّـاسِ، فيَقـولُ لـه: أَشْـهَدُ أنَّـــكَ الـــدَّجَّالُ الـــذي حَـــدَّثَنَا رَسُـــولُ اللهِ صَـــلَّى الله عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ حَدِيثَـــهُ، فيَقولُ الدَّجَّالُ: أَرَأَيْتُمْ إنْ قَتَلْتُ هذا، ثُمَّ أَحْيَيْتُهُ، أَتَشُكُّونَ في الأمْرِ؟ فيَقولونَ: لَا، قالَ:

لە أحمد شاكر و شعيب الأرنائوط بە صەحیحیان ناساندووە.

(١) موسلیم (٢٩٤٤).

(٢) موسلیم (٢٩٤٥)، ترمذی (٣٩٣٠).

فَيَقْتُلُهُ ثُمَّ يُحْيِيهِ، فيَقولُ حِينَ يُحْيِيهِ: وَاللَّهِ ما كُنْتُ فِيكَ قَطُّ أَشَدَّ بَصِيرَةً مِنِّي الآنَ، قالَ: فيُرِيدُ الدَّجَّالُ أَنْ يَقْتُلَهُ، فلا يُسَلَّطُ عليه)[١] .

واته: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی (دەججال) ی بۆ كردین، فەرمووی: كە (دەججال) دێت، چونكە لێی حەرامە بێتە ناو مەدینەوە، لەكەنار شار دەمێنێتەوە، كابرایەك، كە پیاوچاكی ئەو زەمانەی خۆی دەبێت .. دەچێت بۆلای، بە (دەججال) دەڵێ: شاهێدی دەدەم ،كە تۆ ئەو (دەججال) ەی، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هۆشداریی داوینەتێ بەرامبەری.

دەججال بەخەڵكەكە دەڵێ: ئەگەر ئەم كابرایە بكوژم و زیندووی بكەمەوە، گومانتان لەخوایەتیم دەبێت؟!

دەڵێن: نەخێر.

ئەویش دەیكوژێتو پاشان زیندووی دەكاتەوە! كە زیندوو دەبێتەوە،یەكسەر دەڵێ: بەخوا قەسەم هیچ كاتێك وەكو ئێستا بەرچاوڕوون و بەهەست نەبووم وەكو ئەمڕۆ، كە ژیر و بەهۆش و بەرچاو ڕۆشنم و هەر واشاهێدی دەدەمو كە ئەمە (دەججال) ە، ئەمجارە (دەججال) زۆر هەوڵدەدات بیكوژێت، بەڵام ناتوانێت!

لەریوایەتێكی تریدا هاتووە: كە كابرای پیاوچاك دەفەرمووێ: (هذا الدَّجَّالُ الذي ذَكَرَ رَسولُ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: فَيَأْمُرُ الدَّجَّالُ به فيُشَبَّحُ، فيَقولُ: خُذُوهُ وشُجُّوهُ، فيُوسَعُ ظَهْرُهُ وبَطْنُهُ ضَرْبًا، قالَ: فيَقولُ: أوَ ما تُؤْمِنُ بي؟ قالَ: فيَقولُ: أنْتَ المَسِيحُ الكَذّابُ، قالَ: فيُؤْمَرُ به فيُؤْشَرُ بالمِئْشارِ مِن مَفْرِقِهِ حتَّى يُفَرَّقَ بيْنَ رِجْلَيْهِ، قالَ: ثُمَّ يَمْشِي الدَّجَّالُ بيْنَ القِطْعَتَيْنِ، ثُمَّ يقولُ له: قُمْ، فَيَسْتَوِي قائِمًا، قالَ: ثُمَّ يقولُ له: أتُؤْمِنُ بي؟ فيَقولُ: ما ازْدَدْتُ فِيكَ إلَّا بَصِيرَةً، قالَ: ثُمَّ يقولُ: يا أيُّها النَّاسُ إنَّه لا

(١) موسلیم (٢٩٣٨)، بوخاری (٧١٣٢) بەكەمێك جیاوازی.

يَفْعَلُ بَعْدِي بِأَحَدٍ مِنَ النَّاسِ، قالَ: فَيَأْخُذُهُ الدَّجَّالُ لِيَذْبَحَهُ، فيُجْعَلَ ما بيْنَ رَقَبَتِهِ إلى تَرْقُوَتِهِ نُحاسًا، فلا يَسْتَطِيعُ إلَيْهِ سَبِيلًا، قالَ: فَيَأْخُذُ بيَدَيْهِ ورِجْلَيْهِ فَيَقْذِفُ به، فَيَحْسِبُ النَّاسُ أنَّما قَذَفَهُ إلى النَّارِ، وإنَّما أُلْقِيَ في الجَنَّةِ فَقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هذا أعْظَمُ النَّاسِ شَهادَةً عِنْدَ رَبِّ العالَمِينَ)[1] .

واته: ئەمە ئەو (دەججال) ەیە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی لێوە فەرمووە، (دەججال) فەرماندەدات ،کە لەسەر سك درێژی بکەن، تا لەسەری بدرێت، پاشان زۆر بەپشت و سکی دەکێشێت و لێیدەدات، ئینجا پێیدەڵێ: باوەڕم پێ دەهێنیت؟

کابرای پیاو چاك دەفەرمووێ: تۆ (دەججال) ی درۆزنیت.

ئینجا (دەججال) فەرماندەدات: کابرا بەمشار دوولەت دەکەن، هەر لەتەی لەلایەك، کە پیاو بەنێوان دوولەتەکە دا دێن ودەچن، ئینجا بەلاشە دوولەتکراوەکە دەڵێ: هەستە زیندوو بەرەوە، یەکسەر لەتەکان وێك دێنەوە و کابرا قیت دەبێتەوە!...

ئینجا (دەججال) پێیدەڵێتەوە: باوەڕم پێدەهێنیت؟

کابرای پیاو چاك دەفەرمویێ: بەرچاو ڕۆشنتر بووم لێت، کە تۆ (دەججال) یت، ئینجا ڕوودەکاتە خەڵکەکە و دەفەرموێ: خەمتان نەبێت لەدوای من، ناتوانێت کەسی تر بکوژێت.

ئینجا (دەججال) پەلاماری دەدا ،تا سەری ببڕێت، بەڵام دەبنیێت لەملیەوە

---

(١) موسلیم (٢٩٣٨)، هەروەها بوخاری (١٨٨٢) بەلەفزی جیاواز لە ئەبوسەعیدی خودریەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە.

تاشانی، بەمس دەورەدراوە و سەربڕینی مومكین نییە، بۆیە دەست و قاچی دەبڕێت و فڕێیان دەدات، خەڵكی واتێدەكەن، كە فڕێیداونەتە ئاگری دۆزەخەوە، بەڵام هەڵدراونەتە بەهەشتەوە..

پاشان پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەمە گەورەترین شاهێدە لای خوای پەروەردگاری جیهانیان.

(حوزەیفە) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لأنا أعْلَمُ بما مع الدَّجَّالِ منه، معهُ نَهْرانِ يَجْرِيانِ، أحَدُهُما رَأْيَ العَيْنِ، ماءٌ أبْيَضُ، والآخَرُ رَأْيَ العَيْنِ، نارٌ تَأَجَّجُ، فَإِمَّا أدْرَكَنَّ أحَدٌ، فَلْيَأْتِ النَّهْرَ الذي يَراهُ نارًا ولْيُغَمِّضْ، ثُمَّ لْيُطَأْطِئْ رَأْسَهُ فَيَشْرَبَ منه، فإنَّه ماءٌ بارِدٌ، وإنَّ الدَّجَّالَ مَمْسُوحُ العَيْنِ، عليها ظَفَرَةٌ غَلِيظَةٌ، مَكْتُوبٌ بيْنَ عَيْنَيْهِ كافِرٌ، يَقْرَؤُهُ كُلُّ مُؤْمِنٍ، كاتِبٍ وغَيْرِ كاتِبٍ)[1] .

واتە: من لە(دەججال) زیاتر دەزانم ئەوەی پێیەتی چییە! دوو جۆگەلەی لێیە، كە بەردەوام دەڕۆن.. یەكێكیان هەر بەچاو دیارە،كە ئاوێكی سپی وسافەو، ئەوی تریان ئاگرە و كڵپەی دێت، هەر كەسێكتان كەوتە ئەو ڕۆژەوە و ئەو واقیعەی بینی، بابچێتە ناو ئەو جۆگەلەیانەوە ،كە دەبینێت ئاگرە، یا چاو بنوقێنێت و خۆی تێدا نقووم بكات و لێی بخواتەوە، چونكە ئەوە ئاوێكی ساردو سازگارە!

(دەججال) چاوی نوساوە، چاوی لەتەرەفی لوتییەوە زۆر قورس نیشتووە.. لەناوچەوانی نوسراوە: كافر،موسوڵمانی خوێندەوار و نەخوێنەوار بۆیان دەخوێنرێتەوە.

---

(١) موسلیم (٢٩٣٤)، ئەحمەد (٢٣٤٣٩)، بوخاری (٣٤٥٠)، ئەبو داوود (٤٣١٥)،

هەروەهـــــــادەفەرموێ:(مـا مِـن نَـبِيٍّ إلَّا وقـدْ أنْـذَرَ أُمَّتَـهُ الأعْـوَرَ الكَـذّابَ، أ لا إنَّه أعْوَرُ، وإنَّ رَبَّكُمْ ليسَ بأَعْوَرَ، ومَكْتُوبٌ بيْنَ عَيْنَيْهِ ك ف ر)(١).

واتە: هەر پێغەمبەرێك، كە هاتووە هۆشداری داوەتە ئوممەتەكەی،كە ئامان ئاگاتان لێبێت، نەكەونە چەواشەكاریی(دەجال)ەوە،كە چاوێكی كوێرە و درۆزنە، چاوێكی كوێرە، خوای پەروەردگارتان كوێر نییە، لەنێوان چاوەكانی (دەجال) نوسراوە: (ك)، (ف)، (ر).

(نەواسی كوڕی سەمعان) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (ذَكَرَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الدَّجَّالَ ذَاتَ غَدَاةٍ، فَخَفَّضَ فيه وَرَفَّعَ، حتَّى ظَنَنَّاهُ في طَائِفَةِ النَّخْلِ، فَلَمَّـا رُحْنَـا إلَيْـهِ عَـرَفَ ذلـكَ فِينَـا، فَقـالَ: مـا شَـأْنُكُمْ؟ قُلْنَـا: يا رَسُـولَ اللهِ، ذَكَـرْتَ الـدَّجَّالَ غَـدَاةً، فَخَفَّضْـتَ فيـه وَرَفَّعْـتَ، حـتَّى ظَنَنَّـاهُ في طَائِفَـةِ النَّخْـلِ، فَقـالَ: غَيْرُ الدَّجَّالِ أَخْوَفُنِي علَيْكُم، إنْ يَخْرُجْ وَأَنَا فِيكُمْ، فأنَا حَجِيجُهُ دُونَكُمْ، وإنْ يَخْرُجْ وَلَسْتُ فِيكُمْ، فَامْرُؤٌ حَجِيجُ نَفْسِهِ، وَاللَّهُ خَلِيفَتِي علَى كُلِّ مُسْلِمٍ، إنَّه شَابٌّ قَطَطٌ، عَيْنُهُ طَافِئَةٌ، كَأَنِّي أُشَبِّهُهُ بعَبْدِ العُزَّى بنِ قَطَنٍ، فمَن أَدْرَكَهُ مِنكُمْ، فَلْيَقْرَأْ عليه فَوَاتِحَ سُورَةِ الكَهْفِ، إنَّه خَارِجٌ خَلَّةً بيْنَ الشَّأْمِ وَالْعِرَاقِ، فَعَاثَ يَمِينًا وَعَاثَ شِمَالًا، يا عِبَادَ اللهِ فَاثْبُتُوا، قُلْنَا: يا رَسُولَ اللهِ، وَما لَبْثُهُ في الأرْضِ؟ قـالَ: أَرْبَعُونَ يَوْمًا، يـوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَـوْمٌ كَشَـهْرٍ، وَيَـوْمٌ كَجُمُعَةٍ، وَسَـائِرُ أَيَّامِـهِ كَأَيَّامِكُمْ قُلْنَا: يا رَسُولَ اللهِ، فَـذلكَ اليَـوْمُ الـذي كَسَنَةٍ، أَتَكْفِينَا فيه صَلَاةُ يَومٍ؟ قالَ: لَا، اقْدُرُوا له قَدْرَهُ، قُلْنَا: يا رَسُولَ اللهِ، وَما إسْرَاعُهُ في الأرْضِ؟ قالَ: كَالْغَيْثِ اسْتَدْبَرَتْهُ الرِّيحُ، فَيَأْتِي علَى القَوْمِ فَيَـدْعُوهُمْ، فيُؤْمِنُونَ به وَيَسْتَجِيبُونَ لـه، فَيَأْمُرُ السَّـمَاءَ فَتُمْطِرُ، وَالأرْضَ فَتُنْبِتُ، فَتَرُوحُ عليهم سَارِحَتُهُمْ، أَطْوَلَ ما كَانَتْ ذُرًا، وَأَسْبَغَهُ ضُرُوعًا، وَأَمَدَّهُ خَوَاصِرَ، ثُمَّ يَأْتي القَوْمَ، فَيَدْعُوهُمْ فَيَرُدُّونَ عليه قَوْلَهُ، فَيَنْصَرِفُ عنْهمْ، فيُصْبِحُونَ مُمْحِلِينَ ليسَ بأَيْدِيهِمْ شيءٌ مِن أَمْوَالِهِمْ، وَيَمُرُّ بالخَرِبَةِ، فيَقولُ لَهَا: أَخْرِجِي كُنُوزَكِ، فَتَتْبَعُهُ كُنُوزُهَا كَيَعَاسِيبِ النَّحْلِ، ثُمَّ يَدْعُو رَجُلًا مُمْتَلِئًا شَبَابًا، فَيَضْرِبُهُ بالسَّيْفِ فَيَقْطَعُهُ جَزْلَتَيْنِ رَمْيَةَ الغَرَضِ، ثُمَّ يَدْعُوهُ فيُقْبِلُ

---

(١) موسـليم (٢٩٣٣)، هەروەهـا بوخـاری (٧١٣١) و ئەبـوداوود (٤٣١٦) و ترمـذی (٢٢٤٥) بەلەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

وَيَتَهَلَّلُ وَجْهُهُ، يَضْحَكُ، فَبَيْنَما هو كَذلكَ إِذْ بَعَثَ اللَّهُ المَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ، فَيَنْزِلُ عِنْدَ المَنَارَةِ البَيْضَاءِ شَرْقِيَّ دِمَشْقَ، بيْنَ مَهْرُودَتَيْنِ، وَاضِعًا كَفَّيْهِ علَى أَجْنِحَةِ مَلَكَيْنِ، إِذَا طَأْطَأَ رَأْسَهُ قَطَرَ، وإِذَا رَفَعَهُ تَحَدَّرَ منه جُمَانٌ كَاللُّؤْلُؤِ، فلا يَحِلُّ لِكَافِرٍ يَجِدُ رِيحَ نَفَسِهِ إِلَّا مَاتَ، وَنَفَسُهُ يَنْتَهِي حَيْثُ يَنْتَهِي طَرْفُهُ، فَيَطْلُبُهُ حتَّى يُدْرِكَهُ ببَابِ لُدٍّ، فَيَقْتُلُهُ، ثُمَّ يَأْتي عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ قَوْمٌ قدْ عَصَمَهُمُ اللَّهُ منه، فَيَمْسَحُ عن وُجُوهِهِمْ وَيُحَدِّثُهُمْ بدَرَجَاتِهِمْ في الجَنَّةِ، فَبيْنَما هو كَذلكَ إِذْ أَوْحَى اللَّهُ إلى عِيسَى: إِنِّي قدْ أَخْرَجْتُ عِبَادًا لِي، لا يَدَانِ لأَحَدٍ بقِتَالِهِمْ، فَحَرِّزْ عِبَادِي إلى الطُّورِ وَيَبْعَثُ اللَّهُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ، وَهُمْ مِن كُلِّ حَدَبٍ يَنْسِلُونَ، فَيَمُرُّ أَوَائِلُهُمْ علَى بُحَيْرَةِ طَبَرِيَّةَ فَيَشْرَبُونَ ما فِيهَا، وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ فيَقولونَ: لقَدْ كانَ بهذِه مَرَّةً مَاءٌ، وَيُحْصَرُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ، حتَّى يَكونَ رَأْسُ الثَّوْرِ لأَحَدِهِمْ خَيْرًا مِن مِئَةِ دِينَارٍ لأَحَدِكُمُ اليَومَ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ، فيُرْسِلُ اللَّهُ عليهمُ النَّغَفَ في رِقَابِهِمْ، فيُصْبِحُونَ فَرْسَى كَمَوْتِ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ، ثُمَّ يَهْبِطُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ إلى الأرْضِ، فلا يَجِدُونَ في الأرْضِ مَوْضِعَ شِبْرٍ إِلَّا مَلأَهُ زَهَمُهُمْ وَنَتْنُهُمْ، فَيَرْغَبُ نَبِيُّ اللهِ عِيسَى وَأَصْحَابُهُ إلى اللهِ، فيُرْسِلُ اللَّهُ طَيْرًا كَأَعْنَاقِ البُخْتِ فَتَحْمِلُهُمْ فَتَطْرَحُهُمْ حَيْثُ شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ يُرْسِلُ اللَّهُ مَطَرًا لا يَكُنُّ منه بَيْتُ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ، فَيَغْسِلُ الأرْضَ حتَّى يَتْرُكَهَا كَالزَّلَفَةِ، ثُمَّ يُقَالُ لِلأَرْضِ: أَنْبِتي ثَمَرَتَكِ، وَرُدِّي بَرَكَتَكِ، فَيَومَئذٍ تَأْكُلُ العِصَابَةُ مِنَ الرُّمَّانَةِ، وَيَسْتَظِلُّونَ بقِحْفِهَا، وَيُبَارَكُ في الرِّسْلِ، حتَّى أنَّ اللِّقْحَةَ مِنَ الإبِلِ لَتَكْفِي الفِئَامَ مِنَ النَّاسِ، وَاللِّقْحَةَ مِنَ البَقَرِ لَتَكْفِي القَبِيلَةَ مِنَ النَّاسِ وَاللِّقْحَةَ مِنَ الغَنَمِ لَتَكْفِي الفَخِذَ مِنَ النَّاسِ، فَبيْنَما هُمْ كَذلكَ إِذْ بَعَثَ اللَّهُ رِيحًا طَيِّبَةً، فَتَأْخُذُهُمْ تَحْتَ آبَاطِهِمْ، فَتَقْبِضُ رُوحَ كُلِّ مُؤْمِنٍ وَكُلِّ مُسْلِمٍ، وَيَبْقَى شِرَارُ النَّاسِ، يَتَهَارَجُونَ فِيهَا تَهَارُجَ الحُمُرِ، فَعليهم تَقُومُ السَّاعَةُ.)[1] .

واته: ڕۆژێک پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسی (دەججال) ی بۆ کردین، وا هەستیان کرد لە پشتی دار خورماکانەوەیە، ئەوەی لە ئێمەدا بەدی کرد، فەرمووی: ئەوە چیتانە؟

وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا !تۆ بە شێوەیەک باسی (دەججال)ت بۆ کردین،

(١) موسلیم (٢٩٣٧)، ئیبنو ماجە (٣٣١٠)، ترمذی (٢٢٤٠).

جارێک زۆر بەرزت کردەوە و جارێک زۆر نزمت کردەوە، تا وامانزانی لە پشتی دارخ خورماکانەوەیە.

فەرمووی: من لە غەیری (دەججال) زیاتر ئەترسم لێتان کەتووشی ببن، ئەگەر (دەججال) هاتوو من لە ناوتاندا بووم، ئەوکات من ڕووبەڕووی دەبمەوە، ئەگەریش (دەججال) هاتوو من لە ناوتاندا نەبووم، هەرکەسە، با ئاگاداری خۆی بێت و ڕووبەڕووی ببێتەوە، خوا پارێزەری هەموو موسوڵمانێکە.

(دەججال) گەنجێکی باڵا کورتە، چاوێکی ڕۆشنایی نییە و پێی نابینێ، شێوەی زۆر بە (عبد العزی) دەچێت (پیاوێک بوو خەڵکی مەککە بوو، لە جاهیلییەت وەفاتی کردبوو).

هەرکەسێک (دەججال) ی بینی، با سەرەتای سوڕەتی (الكهف) بخوێنێت، لە بیابانی نێوان شام و عێراق پەیدا دەبێت، بە ڕاست و چەپیدا فەسادی دەنێتەوە، ئەی بەندەکانی خوا جێگیر بن.

هاوەڵان فەرموویان: ماوەی چەند لەسەر زەوی دەمێنێتەوە؟

پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: چل ڕۆژ، ڕۆژێکی بە ئەندازەی ساڵێکە، ڕۆژێکی بە ئەندازەی مانگێکە، ڕۆژێکی بە ئەندازەی هەفتەیەکە، ڕۆژەکانی تری وەکو ڕۆژی ئاساییین!

هاوەڵان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو ڕۆژەی بە ئەندازەی ساڵێکە تەنها یەک نوێژی تێدا بکەین؟

فەرمووی: نەخێر، ئەندازەی بۆ دیاری بکەن (واتە: لەهەر شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژ بکرێت).

هاوەڵان فەرموویان: خێراییەکەی لەسەر زەویدا چۆنە ؟

فەرمووی: وەکو هەورە، کە با دەیبات، دەچێتە لای هەندێ خەڵک

بانگەوازیی دەکات، ئەوانیش ئیمانی پێ دەهێنن و وەڵامی دەدەنەوە!

فەرمان بە ئاسمان دەکات باران دەبارێنێ، فەرمان بە زەوی دەکات سەوزایی دەڕوێنێت، ئێوارە دەگەڕێنەوە لای ماڵاتەکانیان، زیاتر قەڵەو بوونە و گوانیان پڕ بووە!

دوایی دەچێتە لای خەڵکانێکی تر، بانگەوازی دەکات، ئەوانیش ڕەتی دەکەنەوە، بۆ بەیانیەکەی تووشی قات و قڕی دێن، هیچ سامانێکییان پێ نییە، بە شوێنێکدا دەڕۆن، کە وێران بووە، بە زەویەکە دەڵێت: گەنجینەی خۆت دەرخە، گەنجینەکە شوێنی دەکەوێو وەکو چۆن هەنگ شوێن ئەمیرەکەیان دەکەون.

دواتر گەنجێک دەهێنێت بە شمشێر لێی دەدات و دەیکاتە دوو پارچە، دوایی بانگی دەکات و چاک دەبێتەوە و پێدەکەنێت، ئالەوکاتانەدا خوای پەروەردگار،(عیسای کوڕی مەریەم)دەنیرێت، لای مەنارەیەکی سپی لە خۆرهەڵاتی (دیمەشق) دادەبەزێت، لە دوو بەرگی زەرددا، هەر دوو دەستی خستووەتە سەر باڵی دوو فریشتە.

کاتێ سەر دادەخات، سەری ئاوی لێ دەتکێت، دەڵێی دانەی مروارییە، هیچ بێباوەڕێك نییە هەست بە بۆنی بکات و نەمرێت، هەناسەکەیشی ئەوەندەی چاوی بڕ بکات ئەڕوات.

پاشان (عیسا) بە دوای (دەججال) دا دەڕوات، تا لە دەرگای (لُدّ) دەیگاتێ (گوندێکە لە فەلەستین)، دەیکوژێت، پاشان کۆمەڵە کەسانێک دێن بۆ لای (عیسای کوڕی مەریەم)، کە خوای گەورە پاراستوونی، دەست بە دەموچاویاندا دەهێنێت، هەواڵیان پێدەدات بە پلەکانیان لە بەهەشتدا.

لەو کاتەدا خوای گەورە وەحی بۆ (عیسا) دەنێرێت، پێی دەفەرموویێت: من کۆمەڵێک لە بەندەکانی خۆم دەرخستووە، کە کەس توانای نییە لەگەڵیاندا بجەنگێت.

بەندەکانم بپارێزە و لە چیای (طور) کۆیـانبکەوە ،خـوای گەورە (یەئجـوج و مەئجـوج) دەنێرێـت، بە هەمـوو دۆڵ و بەرزاییەکـدا بە سـەریعی ڕێ دەکەن، سـەرەتاکانیان بە دەریـای (طەبەریـیە)دا دەڕۆن، ئـاوەکەی هەمـوو دەخـۆنەوە، کۆتاییەکانیان کاتێ دەگەنە لای دەریاکە، ئەڵێن: خۆ ئێرە ئاوی لێبوو!

(عیسـا) و هاوەڵەکـانی گەمـارۆ دەدرێـن، تـاوەکو وای لێـدێت، کە سـەری مانگایەک لە سەد دیناری ئێوە باشترە بۆیان، عیسا و هاوەڵانی ڕوو دەکەنە خـوا و لێی دەپاڕێنەوە.

خوای گەورە کرمێک دەنێرێت بـۆ ملـی (یەئجـوج و مەئجـوج)، هەموویـان بەیەکەوە ئەمرن ، پاشان عیسا و هاوەڵانی لە چیاکە بۆ سەر زەوی دادەبەزن ، لە سەر زەویدا بستێک شوێن نییە، ئـیللا پـڕ بـووە لە بـۆنی ناخۆشـی (یەئجـوج و مەئجوج).

عیسـا و هـاوەڵانی لە خـوا دەپـاڕێنەوە، خـوای گەورە باڵنـدەیەک دەنێرێـت، لاشەکانیان هەڵدەگرێت و بۆ ئەو شـوێنەی خـوا بیەوێـت فڕێیـان دەدەن ، پاشـان خوای گەورە بارانێک دەبارێنێت، کە هەموو ماڵ و دەشت پاک دەکاتەوە، زەوی دەشۆرێتەوە ،تاوەکو وەکو ئاوێنەی لێدێت!

پاشان بە زەوی دەوترێـت: بەروبوومـت بـڕوێنە، بەرەکەتەکەت بگەڕێـنەوە، تاوەکو کۆمەڵێکی زۆر هەنار ئەخۆن بە تـوێکڵەکەی سـێبەر لە خۆیـان ئەکەن، شیر زۆر دەبێـت، تـاوەکو وشـترێکی شـیردەر بەشـی کـۆمەڵە خەڵکێکـی زۆر دەکات، مانگایەک بەشی هۆزێک دەکات، بزنێک بەشی بنەمـاڵەیەک دەکـات، لەوکـاتەدا خـوای گەورە بـۆنێکی خـۆش دەنێرێـت، ڕۆحـی هەمـوو ئیمانـدار و موسوڵمانێک دەکێشـێت، خراپترینـی خەڵکـی لە سـەر زەوی دەمێنـنەوە، وەکـو گوێدرێژ بە ئاشکرا دەچنە لای یەکتر، لەسەر ئەمان قیامەت هەڵدەستێت.

لەریوایەتێکی تردا لەدوای (لَقَدْ كانَ بِهذِهِ مَرَّةً مَاءٌ) ئەمە هاتووە: (ثُمَّ يَسِيرُونَ حتَّى

يَنْتَهُوا إلى جَبَلِ الخَمَرِ، وَهو جَبَلُ بَيْتِ المَقْدِسِ، فيَقولونَ: لقَدْ قَتَلْنَا مَن في الأرْضِ، هَلُمَّ فَلْنَقْتُلْ مَن في السَّمَاءِ، فَيَرْمُونَ بنُشَّابِهِمْ إلى السَّمَاءِ، فَيَرُدُّ اللَّهُ عليهم نُشَّابَهُمْ مَخْضُوبَةً دماء).

واتە: پاشان دەڕۆن، تا دەگەنە كێوی (جبل الخمر)، كە لەقودسە/ فەلەستین، دەڵێن: ئەوا هەرچی خەڵكی سەرزەمینە كوشتمان، با ئەوانەی ئاسمانیش بكوژین.. ئیتر هەموو تیر دەگرنە ئاسمان، خوای گەورەش تیرەكانیان بە خوێناوی بۆ دەگێڕێتەوە : .

ئەمە پێنج نیشانەن لەنیشانە گەورەكانی هاتنی ڕۆژی دوایی، سەدان نیشانەی تر هەن، كە لەسوونەتدا باسكراون، هەندێكیانمان بینی، كە لەواقیعدا هاتوونەتەدی، هەندێكیان ئێستا وا دێتەدی (وەكو لەكتێبی الرسول/فصل النبوءات)دا ڕوونمان كردۆتەوە، هەندێكیشیان هێشتا ڕوویان نەداوە، هەندێك كەس سەرەنجامی هەڵە تێگەیشتنی لەم دەقانەیان لە خوێندنەوەی ئاماژەكاندا بەهەڵەدا دەچێت، یان بێ بەڵگە كات دیاریدەكات بۆ ڕوودانیان!

نیشانەی وا هەیە ماوەیەكی كەم پێش هاتنی قیامەت دەردەكەوێت، پێش هاتنەوەی سەیدنا (مەسیح- علیە السلام) بەماوەیەكی كورت، یان هاوكات لەگەڵ هاتنی جەنابیدا.. هەندێكیش هەن زۆر زۆر لەپێش ئەوەدا ڕوودەدەن.

خەڵكانێك لەوەدا بەهەڵەدا چوون، كە وایانداناوە، كە لەیەك كاتدان.. هەندێكی تریان پێشەكی نیشانەی ترن، وەكو مەرجن، بەڵام خەڵكانێك مەرج و نیشانەكەیان لا تێكەڵ بووە.

هەندێك كەس داهێنانی تەكنۆلۆژیای سەردەمی داناوە بەوەی، كە ڕەفتارە نائاساییەكانن كە دەبنە نیشانەی هاتنی ڕۆژی دوایی!!

بێگومان ئەمە هەڵەیە، هەشە وا دەزانێت ئەم نیشانانە بەڵگەی چاكین، ئەمە

هەر زۆر سـەیرە، یـان ئەوەی نیشـانەی چـاكی تـاكوكۆی ئەو زەمـانەی ئوممەتەكەمان بەخراپی لێكـدەدەنەوە! ئەمـانە بۆچـوونی هەڵەیـان لێكـدانەوەی لاسەنگن، والله اعلم.

بۆ نموونە: هەندێك كەس وا دەزانن، كە دین تادێت بەرەو لاوازتر دەڕوات، تا ئەو زەمانەی (مەهدی) دێت، لەكاتێكدا كە (مەهدی) بەمـاوەیەكی كەم پـێش هاتنەخوارەوەی سەیدنا (عیسا- علیە السـلام) دەبێـت، یـان هاوكـاتی یەك دەبـن، پێش ئەوان، ئیسلام جیهان دەگرێتەوە و، (ڕۆما) فەتح دەكرێت و (قوستەنتینیە) ئەمرۆ موسوڵمانە[1] پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، باسـی دووجـار فەتحی (قوستەنتینیە) دەكات.

كەوابوو: دوای فەتحی یەكەم كافر دەبێـتەوە و، پاشـان لەفەتحـی دووەمـدا موسوڵمان دەبێتەوە، فەتحی دووەمی پێش هاتنی سەیدنا (عیسا)یە بەمـاوەیەكی كەم، خەڵكانێكی زۆر وانازانن، كە دووجار فەتح دەكرێتەوە.

وادیارە چۆن شارستانێتی هەندێك ناوچە دەركەوتن و باڵادەستبوون و، پاشان پووكانەوە و نەمان، دەشێت ئەم شارستانێتییەی سەردەمیش هەر وا بڕوات، ئەم واقیعەی ئێستا زۆری گۆڕان بەسەردا دێت، هەر وەكو كە چەنـدین دەقـمان هەیە ئاماژەی پێدەكەن (وەكو سەوز و بەپیتبوونەوەی عەرەبستان)..

ئەمـانە ئەوە دەگەیـنن: كە نێـوان ئـێمە و قیـامەت هێشـتا مـاوەیەكی زۆر (بەحساباتی بەشـەری ئـێمە) مـاوە (واللـە اعلـم)، چـونكە زۆر لەنیشـانەكانی قیـامەت، كە سـوونەت باسـی لێـوە كـردوون، هێشـتا دەرنەكەوتـوون، دەركەوتنیشیان كاتێكی زۆری ماوە و كاتی دەوێت.

---

(١) كە ئەستەمبوڵە و ئەسڵەكەشی ئیسلامبووله، واتە: شاری ئیسلام ،كە لە (١٥١٤) دا فەتح كرا.

ئەو نیشـــانانەی قیـــامەت كە دەركەوتـــوون و روویانـــداوە، بەڵـــگەی موعجیزەییێتی ڕەفتاری پێغەمبەری خوان (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەروەكـو كە لە كتێبی (الرسول/ فصل النبوءات) دا ڕوونمان كردوونەتەوە.

ئەو نیشانانەش، كە هێشتا دەرنەكەوتوون، باوەڕهێنان پێیان فەڕزە، خـوای گەورە خۆی دەزانێت، كەی دەردەكەون و بارودۆخ و چۆنیەتیان چۆن دەبێت.

قیامەتیش نایەت هەتا هەموو نیشانەكانی نەیەن وكۆتایی نەیەن.

خـاڵێكی تـریش پێویسـتە لێـرەدا بیـری بخەیـنەوە و جەختـی لێبكەیـنەوە، ئەویـش ئەوەیە: كە نابێـت واقیعـی ئێسـتامان وامـان لێبكـات بەزۆر هەنـدێك نیشانەی قیامەت لێكبدەینەوە و،بەزۆر لەگەڵ سەردەمدا بیگـونجێنین، چـونكە ئـێمە داهـاتووی واقیعـی ئێسـتای جیهـانی و مرۆڤـایەتیی نـازانین، دەشـێت جەنگێكی جیهانی ئەتۆمی رووبدات و زۆرینەی مرۆڤایەتیی قڕكات و بیبـاتەوە بۆ سەرەتاكانی شارستانێتی.

هەروەهـا هەنـدێك دەقـان هەیە كە ئەوەنـدە زۆر ریوایەتیـان لەسـەرە، بەشێوازو چۆنیەتی جیاواز گێڕراونەتەوە، بوون بە (متەواتـر)، نكـوڵی كردنیـان كوفرە، بێگومان هەندێك دەقی تر هەن، كە ئاوا (متەواتر) نین...

ئەم باسـانە لەكتێـبە عەقائیدییەكانـدا هەن، ئەویَ جێباسـیانە، هەروەكـو كە دەبێـت بەچـاو و دیـدێكی تـایبەتەوە بۆیـان بـڕوانین، ئەوەشـان لەیادبێـت، كە ریوایەتی یەك سەنەدی (ئاحاد) مانای بنبڕانە ناگەیەنێت، بەڵكو گومانی بەهێز و ڕاستتر دەگەێنێت.

دیسان دەبیَ مەسەلەی (مەجاز)یش لەدەسـتەواژە و گوزارشـكردندا رەچـاو بكەیـن، كە هەنـدێك وشـە دەشـێت مانـای واتـایی بگەیێـنن و وەكـو نمـوونە هێنرابنەوە.. ئەمانە هەمووی هێدێتی و پشوو درێژی و وردەكارێتی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەمان لیَ دەخوازن.

ئێمە لێرەدا وەك دەبینیت، زۆر دەق و بڕگە و باسمان وەكو خۆی هێنـاوەتەوە بێ شەرحكردنە، ئەوە (ان شاء الله) دادەنێین بـۆ كتێبێكـی تـری سـەربەخۆ، كە بەدوای ئەم كتێبەدا بێت.

بڕگەی پێنجەم:
حاڵی مرۆڤ دوای مردن:

وتمان: كە نێوان ئەم ژیانەی دنیا و ژیانی ڕۆژی دوایدا كۆمەڵێـك نیشـانە هەن، كە دەركەوتنیان بەڵگەی هاتنی ڕۆژی دواییـن، هەنـدێك لەو نیشانانەشـمان زانی، ئێستا جێی خۆیەتی كە باسێكی كورت و پوختی ماوەی نێوان دوای مردن و پێش ڕۆژی دوایی بكەین.

خاڵی یەكەم: وجودی مرۆڤ چوار قۆناغە:

مرۆڤ لەگەشتی وجودیدا بەچـوار جیهانـدا گـوزەر دەكـات، یـان بەچـوار قۆناغدا دەڕوات:

١ قۆناغی كۆرپەلەیی جیهانی رەحم.

٢ قۆناغی ژیانی دنیا.

٣ قۆناغی بەرزەخ (دوای مردن).

٤ قۆناغی دوای نیشانەكانی قیامەت (جیهانی ڕۆژی دوایی).

هەر قۆناغێكی دوایین بەرفراونترە لە جیهانی پێش خۆی و جیـاوازترە لێـی لەچۆنێتی سیفات وسیمایدا، یاسا و ڕێساكانیشی جیاوازن لەو یاسا و ڕێسایانەی جیهانی دوای خۆی یان پێش خۆی حوكم دەكەن.

كۆرپەلەی رەحمی دایكی سەربەخۆ نییە، خۆراك و خـواردنەوە هەناسـەدانی بەشێوەیەكی گشـتی لەدایكیەوەیەتـی.. لەڕێـی دەمـیەوە نـاخوات، سـەری بـۆ خوارەوەیە، بە پێچەوانەی جیهانی دواتریز

كە ژیانی دنیایەتی.. ژیانی دنیـای بەرفـراوانترە لەجیهـانی رەحمـی دایكـی،

جیهانی بەرزەخیش بەرفراوانترە لەجیهانی دنیا چونكە بەشێكە لە جیهانی ڕۆژی دوایی... ڕۆژی دوایی جیهانێكی بەرفراوانترینە و جیهانەكانی نادیاری لێوە دیارە و بەتەواوی لەسێ جیهانەكەی پێشووی جیاوازترە.

مرۆڤ لەژیانی دنیایدا جیهانێكی بچوككراوەی قۆناغی بەرزەخی هەست پێدەكات، لەدنیادا بەخەون و خەیاڵ تەسەوری ژیانی بەرزەخی دەكات، لەبەرزەخدا تەسەوری ڕۆژی دوایی دەكات.. هەریەكێك لەم قۆناغانە، قۆناغی ڕێبوارێتی بەرەو قیامەتە كە مەنزڵگای كۆتاییە.

بابەتەكەی ئێرەمان پەیوەندی بەجیهانی بەرزەخەوە هەیە، كە جیهانی دوای ژیانی دنیاو پێش ڕۆژی دواییە، ئێمە لەكاتی نووستنماندا وێنایەكی بچووكی ژیانی بەرزەخ دەنوێنین.. لەكاتی نووستندا هەست دەكەین لەژێر ئازار و ئەشكەنجەداین، یان لەنازونیعمەتی خەیاڵیداین، برسیمانە، ڕوتین، لێمان دەدرێت، رادەكەین ...

یان تێرین، جوانترین پۆشاكمان لەبەردایە، هێزی نائاساییمان هەیە و دەست دەوەشێنین، خەڵكی لەبەرمان هەڵدێت.. ئەمەی لەخەونەكانمدا دەیبینین وەكو ئەوەیە: كە دواتر لەژیانی بەرزەخدا دێتە ڕێمان، بەڵام بەشێوەیەكی واقیعی و ڕاشكاوو ئاشكراتر، حاڵەتی نێوان جەستە و ڕۆحیش لەهەردوو كاتەكانی خەون و بەرزەخدا جیاوازە ..

خەوتن بەشێوەیەكی زۆر ڕۆشن حاڵەتەكانی مردنمان نیشاندەدات، حاڵەتەكانی ژیانی بەرزەخمان بۆ ڕوون دەكاتەوە... بۆیە زۆرجار دەقی قورئان و سوننەت دەبینین: مردن بەخەو، یان خەو بەمردن دەچوێنن، یان وەسف دەكەن.. وەكو كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (النَّومُ أخو الموتِ)[١] واتە: خەوتن برای مردنە.

(١) بەززار و بەیهیقی ریوایەتیان كردووە و سەنەدەكەی (صحیح)ە.

خاڵی دووەم: زانینی نادیار لەڕێی دەقی سەلمێنراوەوە دەبێت:

لەکتێبی: (الرسول -صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دا لەزۆر شوێندا باسی جیهانی ڕۆحـان کـرد، کە هەنـدێك دیـاردە هەیە پێیدەشـوبهێت، وەکـو: خەون بینـین و خەواندنی موگناتیسی و تلیباسی و هیتر..

لەوێش و وا لێرەشدا جەخت لەوەدەکەینەوە، کە تاکە سـەرچاوەی زانیـاریهان کە دەربارەی نادیار (غەیب) دەدوێن پێغەمبەری خوایە (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ): قورئان و سوننەتە...

تاکە سـەرچاوەی دڵنیـا و جێمتهانەمـانە، کە نەنەزانـین و نەکەم وکـورتی و نەهەڵە و چەوتی تێدا نییە... هەموو زانیارییەك، کە لەجەنابیەوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) هاتبێـت و سـەلمێنرابێت، کە لەجەنـابیەوەیە ئەوە ڕاسـت و دروسـت و ڕەوایە.. چـونکە خـوای گەورە وەسـفی فەرمـووە کە هەر لەخـۆیەوە نادوێـت، هەرچی دەیفەرموێ یان ڕاستە وخۆ وەحی خواییە (قورئان) یان لەژێر چاو دێـری خوای گەورەدایە (سوونەت)، دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ٥ ﴾ النجم: ٣ – ٥ .

واتە: لەهەواو هەوەسی خۆیەوە نادوێت، بەڵکو وەحییە و لە خـوای گەورە وە بۆی دێت، فریشتەیەك کە (جیبریل) ە -علـیە السـلام- وەحـی پێـدەگەیێنێت، کە دەستپاك و بەهێزە، لێهاتوو وشیاوە... دواتـر دەفەرمـوێ: ئیـتر ئـــەو هەمـــــوو جەنــگ و جیــدال قســانەتان لەچیــیە کە دەربــارەی جوبرائیــل دەیــکەن کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیوێتی... چها هێشتا گومانتان لێیەتی؟!

هەروەها دەفەرموێ ﴿وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ٢٤﴾ التكوير: ٢٤.

واتە لەپاراستن وگەیاندنی وەحییە خواییەکەدا تۆمەتبار نەکراوە، چـونکە وەکو خۆی دەیگەیێنێت.

دیسان ئەوەی كە لێرەدا جەختی لێدەكەینەوە ئەوەیە: كە جیهانی نادیار بەشێكە لەدید و تێڕوانین وپێناسە عەقائیدییەكانی ئیسلام، بۆیە دەبێت لەكاتی باسكردنیاندا وریابین، بابەتێك بەبێ بەڵگەی دەق باس نەكەین.

بەڵگەیەكیش، كە نەسەلمێنرابێت، كە لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّی اللە عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە، وەرناگیرێت... تەنانەت كە بۆمان سەلمێنرا كە لە جەنابیەوەیەتی (صَلَّی الله عَلَیْهِ وَسَلَّمَ).

دەبێ بزانین زانایانی ئیسلام چۆن لێی تێگەیشتوون و چۆن شەرحیان كردووە، چونكە دەشێت گێڕەرەوەیەك مانای فەرموودەكەی بەلەفزی خۆی گێڕابێتەوە، نەك لەفزی خودی فەرموودەكە، هەروەها دەبێت ئەو ڕێسایە ڕەچاو بكەین، كە ئەسڵ لەدەقەكاندا حەقیقەتی زاهیرییانە نەك مەجاز.

خاڵی سێیەم: دەشێت دوو هۆكار لە ڕووداوێكدابن:

پێشتر وتمان: هیچ ڕێگرێك لەڕێ تێگەیشتنماندا نییە لەهەبوونی دوو هۆكار بۆ ئەنجامدانی ڕووداوێك یان ڕەفتارێك كە یەكێكیان ماددی بەرجەستە و هەستپێكراوبێت و ئەوی تریان نادیار (غەیبی) بێت، باسلێكردنی یەكێكیان و دەركەوتنی، نەفی هەبوونی ئەوی تریان ناكات، چونكە هەموو هۆكارەكان هەر لەقەدەری خوای گەورەوە هاتوون، ئیسپاتكردنی یەكێكیان هەبوونی ئەوی تریان بەهێز دەكات.

بۆنموونە: مردن، دەشێت نەخۆشییەك كە هۆكارێكی ماددی هەستپێكراو بوو بێتە رووداني، بەڵام بەتەئكید هۆكارێكی تری نادیاری هەیە، كە گیان دەرچوونی كەسەكەیە، فریشتەیەك ڕۆحی كێشاوە...

هەردوو هۆكارەكە لەبڕیاری قەدەرییانەی خوای گەورەوە دێن، هەردووكیان لەكاتی دیاریكراودا دەبن...

خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿قُلْ يَتَوَفَّاكُم مَّلَكُ ٱلْمَوْتِ ٱلَّذِى وُكِّلَ بِكُمْ ﴿١١﴾﴾ السجدة: ١١.

واتە: بڵێ ئەو فریشتەیەی بەرپرسێتی گیانكێشانتانی پێ سپێرراوە، گیانتان دەكێشـــێت.. هەروەهـــا دەفەرمـــوێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ ٦١﴾ الأنعام: ٦١ .

واتە: هەر كەسێكیان ئاكامی مەرگی هات، نێرراوەكانمان (فریشتە) گیانیـان دەكێشن وكەمتەرخەمی تێدا ناكەن... هەروەهـا: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا ٤٢﴾ الزمر: ٤٢ .

واتە: هەركەسێك كاتی مەرگی هات خوای گەورە دەیمرێنێت.

خاڵی چوارەم: یاسا و ڕێسای جیهانی نادیار جیاوازن:

جیهـانی نادیـار زۆر جیـاوازە لەجیهـانی دیـار و ئاشـكرای مـرۆڤ، هەمـوو شتێكی ئەوێ بەنیسبەت ئێمەوە سـەیر و سەرسـوڕهێنەرە، چـونكە ئەو یاسـا و ڕێسایانەی حوكمی كیانی ئێمە دەكەن، نـاتوانن زۆر لەو (وجـود)انەی جیهـانی نادیار تەسەور بكەن، چونكە ئالییەتی وێناكردنیهان نییە (ئـێمە كە فریشـتەمان نەدیووە نازانین چۆن لەمێشكماندا وێنای بكەین).

ئێمە لە یاسا و ڕێسای خۆمانەوە دەزانـین، كە پزیشـكێك لەیەك سـاتدا هەر لەگەڵ نەخۆشێكدا دەتوانێت ڕەفتـار بكـات، بەڵام خـۆ فریشـتە وانیـیە، نابێـت وابزانین فریشـتەیەك لەیەك سـاتدا،ناتوانێت لەگەڵ زیـاتر لەكەسـێكدا ڕەفتـار بكات.. ئەمە نەزانین و ئیستیعاب نەكردنی جیهانی نادیار (غەیب)ە..

ئەو كەسەی هیچ دەربارەی جیهانی غەیب نازانێت، هەرچـی دەربـارەی بڵـێ هەڵەیە.. چونكە هەرچی دەیڵێت، هەر لەتەسەوراتی خۆیەوەیەتی [1].

---

(١) مـــرۆڤ پێـــنج هەســـتی دەرەكـــی هەیە كە :(بینـــین و بیســـتن و بـــۆنكردن و چێـــژتن و بەركەوتن(المـس)ن وەكـو دەسـت لێـدان)،لەڕێی ئەمـانەوە بەشـە ماددیەكـانی تـریش ئیستیعاب دەكات، بۆ شتی دوور (تەسەور) دەكات، وەكو تۆ تەسـەور دەكەیـت (تەختـی ←

توانای خوای گەورە رەهایە، بێ سنوور و بێ ڕادە و بێ بڕە... جیهانی نادیاریش جیهانێكی سەربەخۆی سەرسوڕهێنەرە! هەمــوو ئەوەی دەربارەی دەزانین، هەر ئەوەیە كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەواڵی پێداوین، دەبێ بەڕاستگۆی دابنێین و باوەڕ بەهەموو ئەوانە بهێنین، كە وەسفی فەرموون، بێ چەندێتیی و چۆنێتیی، بێ پێواندن و وێنا بۆكێشانی، چونكە باسەكان لەیاسا و ڕێساكانی ڕەفتاری ئێمە بەدەرن.

چەند دەقێك لەم بارەیەوە:

دوای ئەو پێشەكییە كورتەی سەرەوە، كە بەچوار خاڵ ڕوون كرایەوە، هەندێك دەق نەقڵ دەكەین، كە پەیوەندی مرۆڤ بەڕووداوەكانی دوای مردنەوە تاهاتنی ڕۆژی قیامەت روون دەكاتەوە:

١ -خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾﴾ غافر: ٤٦ .

واتە: شوێنكەوتوانی فیرعەون بەیانیان و ئێواران بخەنە بەر ئاگر.. كاتێك قیامەتیش دادێت فەرمان بۆ فریشتە دەردەچێت: كە شوێنكەوتوانی فیرعەون فڕێبدەنە ناو سەخترین شوێنی ئاگری دۆزەخەوە.

٢- هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٤٠﴾﴾ الأعراف: ٤٠ .

واتە: ئەو كەسانەی كە بەڵگە و نیشانەكانی وەحیمانیان بەدرۆخستەوە، دید و

پاشایەتی مەلیكی ڕۆم) چۆن بووە، چەندین چۆنییەتی و دیكۆر تەسەور دەكەیت بە (خەیاڵ)و (وەهم) و (هەستی هاوبەش)، بەڵام ئەمانە هەر جیهانی ماددی تەسەور دەكەن، بۆیە ناتوانیت تەسەور بكەیت كە خوای گەورە چۆنە لە سیفەتە زاتییەكانی و لە سیفەتە كردەییەكانیدا.چونكە تۆ ئالییەتی لۆخۆگرتنی سیفەتی ئەوت نییە، تۆ سنوورداریت.

هەڵوێستی لوتبەرزانەیان بەرامبەر بانگەوازی خوایی گرتەبەر، بەهیچ جۆرێك دەروازەكانی ئاسمانیان بۆ ناكرێتەوە و پێشوازی لەڕۆحیان ناكرێت (بەپێچەوانەی ڕۆحی موسوڵمانەوە كە جێ وڕێی ئاسمانی بۆ دەكرێتەوە)، بەهیچ شێوەیەكیش ئومێدی چوونە بەهەشتیان نابێت، مەگەر دوای ئەوەی حوشتر (یان گوریس) بەكونەدەرزیدا بچێت (كە مەحاڵە).. ئاوا سزای تاوانباران دەدەینەوە كە ئاوا دیدوڕێی كوفریان گرتەبەر و لەخوا یاخیبوون.

٣ –(خاتوو ئوم سەلەمە) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (دَخَلَ رَسولُ اللهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) علَى أَبِي سَلَمَةَ وَقَدْ شَقَّ بَصَرُهُ، فأغْمَضَهُ، ثُمَّ قالَ: إنَّ الرُّوحَ إذَا قُبِضَ تَبِعَهُ البَصَرُ)(١) .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی بردە لای (ئەبو سەلەمە) (كە لەسەرەمەرگدابوو) چاوی زەق بووبوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێڵووی چاوەكانی بۆ هێنایە خوارێ و چاوی نوقاند و فەرمووی: كاتێك ڕۆح دەردەچێت، چاویش بەدوایدا دەچێت (٢).

٤ – (ئەبو هورەیرە) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : ، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إذا حُضِرَ المؤمنُ؛ أَتَتِ ملائكةُ الرحمةِ بحَريرةٍ بيضاءَ، فيقولون: اخرُجِي راضيةً مَرْضِيًّا عنكِ إلى رَوْحِ اللهِ ورَيْحانٍ، وربٍّ غيرِ غضبانَ، فتخرجُ كأَطْيَبِ رِيحِ المِسْكِ، حتى إنه لَيُناوِلُهُ بعضُهم بعضًا، حتى يأتوا به أبوابَ السماءِ، فيقولون: ما أَطْيَبَ

---

(١) موسلیم (٩٢٠)، ئیبنو ماجە (١١٩٨)، ئەبو داوود (٣١١٨).

(٢) یەكێک لەوانەی ئامادەی ساتی كۆتایی ژیانی مامۆستا (مەلا عوسمان)ی ڕابەرمان بوو (رحمه الله)، بۆی گێڕامەوە :كە لەكۆتا خولەكی ژیانیدا: لەژوورەكەدا هەستابوو، دەهات و دەچوو،وەسێتی بۆ یەك بەیەكمان دەكرد، لەناكاو سەیرێكی بن میچەكەی كرد و چاوی تێبڕی، هەروا بەچاو تێبڕانی گۆشەی سەقفەكەوە، لەسەر كورسییەک دانیشت و ڕووی هەر لەوێ بوو، چاوی لێ نەدەتروكاند، ئاوا لەقسەكردن كەوت و كۆچی دوایی كرد!

هذه الرِّيحَ التي جاءتكم من الأرضِ ! فيأتون به أرواحَ المؤمنينَ، فلَهُم أَشَدُّ فرحًا به من أحدِكم بغائبه يَقْدُمُ عليه، فيسألونه: ماذا فعل فلانٌ ؟ ! ماذا فعل فلانٌ ؟ ! فيقولون: دَعُوهُ ؛ فإنه كان في غَمِّ الدنيا، فيقول: قد مات، أَمَا أتاكم ؟ ! فيقولون: قد ذُهِبَ به إلى أُمِّهِ الهاويةِ . وإن الكافرَ إذا احتُضِرَ ؛ أَتَتْهُ ملائكةُ العذابِ بِمِسْحٍ، فيقولون: اخرُجِي ساخطةً مَسْخوطًا عليكِ إلى عذابِ اللهِ – عز وجل –، فتخرجُ كأَنْتَنِ رِيحِ جِيفةٍ، حتى يأتون به بابَ الأرضِ، فيقولون: ما أَنْتَنَ هذه الريحَ ! حتى يأتون به أرواحَ الكفارِ)[(١)] .

واتە: ئەگەر ئیماندار ڕوح كێشانی دەستی پێكرد، فریشتەی بەڕەحم دێنە لای بە ئاوریشمێكی سپی، دەڵێن: دەرچوو بەرەو ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە، بـەرەو پەروەردگارێك، كە توڕە نییە، ڕوحەكـە لەلاشـەی دەردەچێـت بـە بۆنخۆشـترین بۆنی وەك: میسك.

لەنێوان فریشتەكاندا لـەو دەسـت بـۆ ئـەو دەسـتی پێـدەكرێت ، تـاكو بـەر دەرگـای ئاسـمانی دەبـەن و دەڵـێن: ئـەو بۆنـە چەنـد خۆشـە، كـە لەسـەر زەوی هاتووە!ڕۆحەكەی دەبەنە ئەو ئاسمانەی، كە ڕۆحـی ئیمانـدارانی لێیـە، ئـەوانیش لەو كەسە دڵخۆشترن، كە بۆ ماوەیەك كەسێكی لا نـــەبووە و دەگەڕێـتەوە بـۆ لای .

ئینجا پرسیاری لێدەكەن: ئایا فڵان چی كرد؟

ئایا فڵان چی كرد؟

دەڵێن: جارێ لێی بگەڕێن لەخەمی دونیا بووە.

دەڵێ: ئەی ئەوان نەهاتبوونە لاتان؟

دەڵێن: چوو بۆ هاویە (هاویە، شوێنی جێگیربوونیەتی لەناو ئاگر)، ئەگەر بێ

---

(١) ئەلبـانی لە (تخـریج مشـكاة المصـابیح)دا بەژمـارە (١٥٧٢) ئەفەرموێـت: سـەنەدەكەی (صحیح)ە.

بڕوا ڕوح كێشانی دەستی پێكرد، فریشتەكانی ئازاردان دێنە لای بەكفنێك (ئەم كفنە پێیدەڵێن: مسح)، (ئەم كفنە لە موو دروستكراوە و زۆر دڕو بۆن ناخۆشە).

فریشتەكان بە ڕۆحەكە دەڵێن: دەرچوو بەرەو تووڕەبون و ڕازی نەبوون و سزای خوای گەورە، جا ئەو ڕوحە وەك بۆنی لاشەی مرداربوو دەردەچێت، كە ناخۆشترین بۆنی لێ دەردەچێت، تاكو بەر دەرگای زەوی دەبەن، فریشتەكان دەڵێن: بۆنە بۆگەنەكەی چەند ناخۆشە، ئینجا بەرەو شوێنی ڕۆحی بێ بڕوایانی دەبەن.

٥ – (خاتوو عائیشە) - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : ، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (من أحبَّ لقاءَ الله أحبَّ الله لقاءهُ ومن كرهَ لقاءَ الله كرهَ الله لقاءهُ، قلت يا نبيَّ الله: أكراهيةُ الموتِ؟ قال: ليس كذلك، ولكنَّ المؤمن إذا بُشِّر برحمة الله ورضوانه وجنته أحبَّ لقاء الله فأحبَّ الله لقاءه، وإنَّ الكافر إذا بُشِّر بعذاب الله وسخطِهِ كره لقاءَ الله فكره الله لقاءهُ)[1] .

واتە: هەر كەسێك حەزی لەدیداری خوای گەورە بێت، خوای گەورەش حەزی لەدیداری ئەو دەبێت، هەر كەسێك حەزی لەدیداری خوای گەورە نەبێت، خوای گەورەش حەزی لەدیداری ئەو نابێت.

عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! مەبەستت ئەوەیە حەزی لەمردن نابێت؟

فەرمووی: نا، ئەوە نییە، ئەوەیە:كە موسوڵمانێك مژدەی دەدرێتێ، كە دەكەوێتە بەر رەحمەتی خوای گەورە و، خوای گەورە لێی خۆشدەبێت و بەهەشتی بەنسیب دەبێت، حەزی لەدیداری خوای گەورە دەبێت، ئەوكاتە خوای گەورەش حەزی لەدیداری ئەم دەبێت.

---

(١) بوخاری (٦٥٠٧)، موسلیم (٢٦٨٤)، ترمذی (١٠٦٧)، نەسائی (١٨٣٧)، ئیبنو ماجە (٣٤٥٨).

كافریش كە هەواڵـی سـزای خـوای دەدرێتـێ و پێـی دەووترێـت: كە خـوای گەورە غەزەبـی لێگرتـووە، حەز بەدیـداری خـوای گەورە ناكـات، بـۆیە خـوای گەورەش حەز بەدیداری ناكات.

لەریوایەتێكی تریدا: (إِذَا شَخَصَ البَصَرُ، وَحَشْرَجَ الصَّدْرُ، وَاقْشَعَرَّ الجِلْدُ، وَتَشَنَّجَتِ الأَصَابِعُ، فَعِنْدَ ذلكَ مَن أَحَبَّ لِقَاءَ اللهِ، أَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ، وَمَن كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ، كَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ) .

واتە: كاتێـك چـاو (لەسـەرە مەرگـدا) زەق دەبێـت و نانوقێنرێـت، كە سـینە نیخەنیخی ڕۆح كێشانی لێدێت و، موچركە بەلەشدادێت و پەنجەكان ڕەق دەبـن، ئەو كـاتە هەر كەسـێك حەزی لەدیـداری خـوای گەورە بێـت، خـوای گەورەش حەزی لەدیـداری ئەو دەبێـت، هەر كەسـێكیش حەزی بەدیـداری خـوای گەورە نەبێت، خوای گەورەش حەزی بەدیداری نابێت.

٦- (ئەبـو سـەعیدی خـودری) - خـوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : : كە پێغەمـــبەری خـــوا (صَـــلَّی اللـــه عَلَیْـــه وَسَـــلَّمَ) فەرمـــووی: (إذَا وُضِعَتِ الجِنَازَةُ، فَاحْتَمَلَهَا الرِّجَالُ علَى أعْنَاقِهِمْ، فإنْ كَانَتْ صَالِحَةً قالَتْ: قَدِّمُونِي، قَدِّمُونِي، وإنْ كَانَتْ غيرَ صَالِحَةٍ قالَتْ: يا ويْلَهَا، أيْنَ يَذْهَبُونَ بهَا؟ يَسْمَعُ صَوْتَهَا كُلُّ شيءٍ إلَّا الإنْسَانَ، ولو سَمِعَهَا الإنْسَانُ لَصَعِقَ)[1] .

واتە: كاتێك جەنازەی مردوویەك ئامادە دەكرێت و، پیاوان دەیخەنە سەرشان، تا بیبەن بۆ گۆڕستان، ئەگەر كەسـەكە پیـاو چـاك بووبێـت، ڕۆحەكەی دەڵێـت: پێشمبخەن، زوو بمگەیێننەجێ.

ئەگەر واش نەبوو دەڵێ: وای خاكم بەسەر ،ئەوە بۆ كوێی دەبەن؟!

هەموو شتێك هاوارەكەی دەبیسـتێت، جـگە لەمـرۆڤ و جنـۆكە ،یـان جـگە لەمرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ گوێی لێبوایە بروسكە لێیدەدا!

---

(١) بوخاری (١٣٨٠)، نەسائی (١٩٠٨).

٧ - (ئەنەس- خوا لێی رازی بێت) دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ وَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ إِذَا انْصَرَفُوا أَتَاهُ مَلَكَانِ فَيُقْعِدَانِهِ فَيَقُولانِ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ مُحَمَّدٍ؟ فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ، فَيُقَالُ لَهُ: انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجَنَّةِ فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا. وَأَمَّا الْكَافِرُ أَوِ الْمُنَافِقُ فَيَقُولُ: لا أَدْرِي كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ فِيهِ، فَيُقَالُ: لا دَرَيْتَ وَلا تَلَيْتَ، ثُمَّ يُضْرَبُ بِمِطْرَقَةٍ مِنْ حَدِيدٍ بَيْنَ أُذُنَيْهِ فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ إِلَّا الثَّقَلَيْنِ)[1].

واتە: كاتێك كەسێكی مردوو دەخرێتە گۆڕەكەیەوە و، خەڵكەكەی هاوڕێی جەنازەكەی جێیدەهێڵن، دەنگی پێڵاوەكانیان دەبیستێت، كە دەڕۆنەوە، ئینجا دوو فریشتە دێنە لای، دایدەنیشێنن و لێیدەپرسن: كە دەربارەی ئەو پیاوە (محمد) (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چی دەڵێیت؟

موسوڵمان یەكسەر دەڵێ: جەنابی عەبدی خوایە و نێرراوێتی.

جاپێیدەڵێن: بڕوانە شوێنی پێشوت لەدۆزەخدا، ئەگەر باوەڕت نەهێنابایا، ئەوەتا خوای گەورە بۆی گۆڕیویتەتەوە بەشوێنێكی تر لە بەهەشتدا.. هەردوو شوێنەكە دەبینێت.

ئەما كافر و دووڕوو لەوەڵامدا دەڵێ: نازانم، منیش هەر ئەوەم دەوت، كە خەڵكی دەربارەی ئەو دەیانوت.

پێیدەوترێت: نەزانیت و نەویستت، پاشان بە چەكوشێكی ئاسن، یەك دانە دەدرێت بەنێوان هەردوو گوێچكەكانیدا، هاوارێكی لێ هەڵدەستێت، هەرچی شتێك لەو دەوروبەرەی دەبن، جگە لەمرۆڤ و جنۆكە هەموو دەیبیستن.

---

(١) بوخاری (١٣٧٤). موسلیم (٢٨٧٠)، نەسائی (٢٠٥٠)، هەروەها ئەبوداود (٤٧٥٢) بە كورتی هێناویەتییەوە.

٨ -ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إذا قُبِرَ الميتُ أتاهُ ملكانِ أسودانِ أزرقانِ، يقال لأحدهما: المُنْكرُ والآخر النّكِيرُ، فيقولانِ: ما كنتُ تقولُ في هذا الرجل ؟ فيقولُ ما كانُ يقولُ: هو عبدُ اللهِ ورسولهُ، أشهد أن لا إله إلا اللهُ وأن محمدا عبدهُ ورسولهُ، فيقولان: قد كناّ نعلمُ أنكَ تقولُ هذا، ثم يُفْسَح له في قبرهِ سبعونَ ذراعا في سبعينَ، ثم يُنورُ له فيهِ، ثم يقالُ لهُ: نم، فيقولُ أرجِعْ إلى أهلي فأخبرهُم؟ فيقولانِ: نَمْ كنومةِ العروسِ الذي لا يوقظهُ إلا أحبُّ أهلهُ إليهِ، حتى يبعثَهُ اللهُ من مضجعهُ ذلكَ، وإن كان منافقا قال: سمعتُ الناسَ يقولون فقلتُ مثلهُ، لا أدري، فيقولان: قد كنا نعلمُ أنكَ تقولُ ذلكَ، فيقالُ للأرضِ: التئِمي عليهِ، فتَلْتَئم عليهِ، فتختلفُ أضلاعهُ، فلا يزالُ فيها مُعَذّبا حتى يبعثهُ اللهُ من مضجعهِ ذلك)[١] .

واتە: دوای ئەوەی مردوویەك دەخرێتە گۆڕەوە، دوو فریشـتەی رەش و شـین دێـنە لای، بەیەكێكیـان دەوترێـت: (مـونكەر) و بەوی تریشـیان: (نەكیـر)، لێیدەپرسن: دەربارەی ئەو پیاوە چی دەڵێیت ؟

دەڵێ: دەڵێم: كە عەبدی خوای گەورە و نێرراوێتی، شاهێدی دەدەم: كە هـیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەخـوای گەورە و شـاهێدیی دەدەم :كە محمد (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عەبد و نێرراوی خوای گەورەیە..

پێیدەڵێن: دەمانزانی، كە وادەڵێیت.

پاشان گۆڕەكەی بۆ بەرفـراوان دەكرێـت حەفتـا بـاڵ بەحەفتـا بـاڵ (پـانی و درێژیی جێگاكەی) و بۆی رۆشن دەكرێت، پاشان پێیدەووترێت: بخەوە!

دەڵێ: بابگەڕێمەوە ناوكەسوكارم، تا هەواڵیان بدەمێ!

پێیـدەڵێن: نـا بـخەوە، هەر وەكـو بـووك ،كە دوای خەوتنـی خۆشـیی خۆشەویستترین كەسی بەنازەوە خەبەری دەكاتەوە..

---

(١) ترمذی (١٠٧١)، ئیبنو حیببـان (٣١١٧)، ترمـذی دەربـارەی ئەفەرموێـت: (حسـن غریـب)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێ: (حسن)ە.

ئیتر ئەمیش ئاوا دەبێـت تـا ئەو كـاتەی خـوای گەورە زینـدووی دەكـاتەوە، ئەگەر دووڕووو بوو دەڵێ: گوێم لێیبوو خەڵكی شتێكیان دەربارەی دەوت، منیش وام وتۆتەوە، ئیتر نازانم، پێیدەڵێن: دەمانزانی وا دەڵێیت، ئیتر گۆڕەكەی لێ وێك دێتەوە (ئەملاولای گۆڕەكەی بەسەردا لێك نزیك دەبێتەوە)، تـا پەراسـووەكانی تێكدە چڕژێن! ئیتر هەر ئاوا لە ئەشكەنجە و ئازاردا دەمێنێتەوە ،تا خوای گەورە زیندووی دەكاتەوە.

تەبەرانـی لە (الأوسـط)دا بەسـەنەدی (حەسـەن) ئەم زیادەیەشـی لەگەڵـدا هێناوەتەوە: (إن المؤمن تكون الصلاة عند رأسه والزكاة عن يمينه والصوم عن شماله وفعل الخير والمعروف عند رجليه، فيؤتى من قبل رأسه فتقول الصلاة ليس من قبلي مدخل، وكذا من كل جهة يقول الذي فيه: ليس من قبلي مدخل)[١] .

واتە: موسوڵمان لەناو گۆڕەكەیدا نوێژەكانی لەلای سەریەوە دەبـن و زەكـات لای ڕاسـتی و ڕۆژوو لای چەپـی و كـاروكرداری خێـر و چاكەكـانی لای هەر دووقاچییەوە، هەرشتێكی لای سەریەوە بـۆ بێـت نوێژەكـانی (وەكـو پاسـەوان) دەڵێن: لای منەوە ڕێگـانییە، هـیچ ئـازارێكی پـێ بگەیێنرێـت، هەروەهـا ڕەفتـارە چاكەكانی تر، كە لەمـلاو لاو لای قـاچیەوەن، هەریەكەیـان دەڵێـت: لای مـنەوە ڕێگانییە و ناهێڵم زیانی پێبگات.

٩- (هانی) خزمەتكاری سەیدنا عوسمانی كوڕی عەففان -خوا لێی رازی بێت- فەرمووی: (كان عثمانُ رضِي اللهُ عنه إذا وقف على قبرٍ يبكي حتَّى يبلَّ لحيتَه فقيل له: تذكرُ الجنَّةَ والنَّارَ فلا تبكي ، وتذكرُ القبرَ فتبكي ؟ فقال: إنِّي سمِعتُ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يقولُ: القبرُ أوَّلُ منزلٍ من منازلِ الآخرةِ ، فإن نجا منه فما بعده أيسرُ ، وإن لم ينْجُ منه

---

(١) تەبەڕانی لە (الأوسط) (٣/ ١٠٥)، هەیثەمی (٣/ ٥٢) دەفەرموێ: (إسناده حسن)، ئەلبانیش (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٥٦١) دەفەرموێ: (حسن)ە.

فما بعده أشدُّ ، قال: وسمِعتُ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم يقولُ: ما رأيتُ منظرًا قطُّ إلَّا والقبرُ أفظعُ منه)[١] .

واتە: كەسەیدنا عوسمان لەسەر گۆڕێك دەوەستا، زۆر دەگریا، تا ڕیشی بەفرمێسك تەڕ دەبوو!

عەرزیان كرد: كەباسی بەهەشت و دۆزەخ دەكرێت، ناگریت، كەچی كە باسی گۆڕ دەكرێت دەگریت!

فەرمووی: گوێم لەپێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بوو، كە دەیفەرموو: گۆڕ یەكەمین قۆناغە لەقۆناغەكانی ڕۆژی دوایی، هەر كەسێك لەحساباتی گۆڕ و كێشەكانی قوتار ببێت، قوتاربوونی لەقۆناغەكانی دواتری ئاسان دەبێت.

هەروەها گوێم لێبوو:كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: هەرگیز هیچ دیمەنێكم نەدیووە لەدیمەنی مردن ترسناكتربێت!

ڕەزین (كە یەكێكە لەوانەی ریوایەتەكەی لەهانییەوە گێڕاوەتەوە) دەفەرموێ: هانی فەرمووی: گوێم لێبوو جارێك سەیدنا عوسمان -خوا لێی رازی بێت- لەسەر گۆڕێك ئەم دێڕە شیعرەی دەفەرموو:

(فَإِن تَنجُ مِنها تَنجُ مِن ذِي عَظيمَة وَإِلاّ فَإِنّي لا أخالُكَ ناجِيا)[٢]

١٠ -ئیبنو عەبباس -خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : **(مَرَّ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ علَى قَبْرَيْنِ، فَقالَ: إنَّهُما لَيُعَذَّبَانِ، وما يُعَذَّبَانِ في كَبِيرٍ، أمَّا هذا: فَكانَ لا يَسْتَتِرُ**

---

(١) ترمذی (٢٣٠٨)، ئەفەرموێ: (حسن غريب)، ئیبنو ماجە (٤٢٦٧)، ئەلبانی لە (صحيح الترمذي) (١٨٧٨) ئەفەرموێ: (حسن).

(٢) واتە: (ئەگەر لەكێشەكانی گۆڕ دەرباز بیت ئەوە دیارە لەكۆسپێكی ئێجگار گەورە دەربازبوویت، ئەگەر نا گومانم وانیە قوتاربییت).

مِن بَوْلِهِ، وأَمَّا هذا: فَكانَ يَمْشِي بالنَّمِيمَةِ ثُمَّ دَعَا بعَسِيبٍ رَطْبٍ فَشَقَّهُ باثْنَيْنِ، فَغَرَسَ علَى هذا واحِدًا، وعلَى هذا واحِدًا، ثُمَّ قالَ: لَعَلَّهُ يُخَفَّفُ عنْهما ما لَمْ يَيْبَسَا)[1] .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەلای دووگۆڕدا تەشریفی برد، فەرمووی نیشتەجێیانی ئەم دووگۆڕە ئێستا ئەشکەنجە دەدرێن، بەدیدی نیشتەجێکان خۆیان، لەسەر شتێکی گەورە ئەشکەنجە نادرێن.

بەدیی، لەسەرشتی گەورەیە، یەکێکیان، دووزمانی لەنێوان خەڵکیدا دەکرد، قسەی بۆ ئەم و ئەو دەبرد، ئەوی تریشیان خۆی لەمیزکردن پاکنەدەکردەوە، پاشان داوای لقەدارێکی تەڕی کرد، کە هێنایان کردی بەدوولەتەوە و، لەتێکیانی لەسەر ئەم گۆڕەیان داناو، لەتەکەی تریان لەسەر گۆڕەکەی تریان و فەرمووی: ئەم لقە دارانە، تا ئەوکاتەی بەتەڕی دەمێنن، ئەشکەنجە و ئازاریان لەسەر سووك دەکەن.

١١- خاتوو عائیشە -خوا لێی رازی بێت – دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ لِلْقبرِ ضَغْطَةً، ولَوْ كان أحدٌ ناجِيًا مِنْها، نَجَا مِنْها سعدُ بْنُ معاذٍ)[2] .

واتە: هەموو گۆڕێك گۆڕەوشاری هەیە، ئەگەر کەسێك لێ بەدەربوایە، (سەعدی کوڕی موعاز) دەبوو.

١٢ -ئیبنو عەبباس -خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (أنَّ النبيَّ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يومَ دَفَنَ سعدَ بنَ معاذٍ وهو قاعِدٌ على قبرِهِ

(١) بوخاری (٦٠٥٢)، موسلیم (٢٩٢)، ئەبوداوود (٢٠)، نەسائی (٣١)، ترمذی (٧٠).

(٢) ئەحمەد (بإسناد جيد)، تەبەڕی لە (مسند عمر) بەژمارە (٥٩٩/٢) ئەفەرموێت: (إسنادە صحيح)، ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) بە ژمارە (٢١٨٠) ئەفەرموێت: (صحيح)ە.

قال: لو نَجَا أحدٌ مَنْ فتنَةِ القبرِ أوْ مسألَةِ القبرِ لَنَجَا سَعْدُ بنُ معاذٍ ولقدْ ضُمَّ ضَمَّةً ثمَّ أُرْخِيَ عَنْهُ)[١] .

واتە: پێغەمبەری خوا، سەعدی کوڕی موعازی -خوا لێی رازی بێت- ناشت (دفن کرد)، لەسەر گۆڕەکەی دانیشت و فەرمووی: ئەگەر کەسێك لەتاقیکردنەوەی گۆڕ، یان لەکێشەی گۆڕ دەرباز بوایە ، حەتمەن (سەعدی کوڕی موعاز) دەبوو، بەڵام گۆڕەکەی ئەویش گۆڕەشاری دا و، پاشان شلی کردەوە لەسەری.

١٣ - سەلمانی فارسی - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (رباطُ يومٍ في سبيلِ اللَّهِ خيرٌ من صيامِ شَهْرٍ وقيامِهِ، ومن ماتَ فيهِ وقِيَ فتنةَ القبرِ ونُمِّيَ لَه عملُهُ إلى يومِ القيامةِ).[٢]

واتە: سەنگەرنشینی یەك ڕۆژ لەپێناوی خوادا، چاکترە لەڕۆژووگرتن و شەو نوێژی یەك مانگ، هەر کەسێك لەسەنگەر نشینیدا بمرێت، لەفیتنە (کێشەکان)ی گۆڕ پارێزراو دەبێت و کار و کردەوە چاکەکانی، کە پێشتر دەیکردن هەروا لەگەشە و نەشونمادا دەبێت، تا ڕۆژی قیامەت.

١٤ - مەسروق (پێشەوایەکی گەورەی تابیعینە، قوتابی خاتوو عائیشە بوو- خوا لێی رازی بێت-) دەفەرموێ: لە(عبداللە) مان پرسی: (ئیبنو عومەر -

---

(١) تەبەرانی لە (الأوسط) دا دەفەرموێت: (وإسناد رجالە الثقات)، ئەلبانیش لە (صحيح الجامع) بەژمارە (٥٣٠٦) دەفەرموێت: (صحيح)ە.

(٢) ترمذی (١٦٦٥)، ەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا ئەفەرموێ: (صحيح)ە، موسلیمیش (١٩١٣) بە لەفزی جیاواز هێناویەتەوە: (رِباطُ يَومٍ ولَيْلَةٍ خَيْرٌ مِن صِيامِ شَهْرٍ وقِيامِهِ، وإنْ ماتَ جَرَى عليه عَمَلُهُ الذي كانَ يَعْمَلُهُ، وأُجْرِيَ عليه رِزْقُهُ، وأَمِنَ الفَتّانَ).

خوالێیان رازی بێت-)، كە چی دەفەرموویت دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًا ۚ﴿١٦٩﴾﴾ آل عمران: ١٦٩.

واتە: وانەزانن، كە ئەوانەی لەڕێی خوادا كوژراون مردووبن....

فەرمووی: ئێمەش پرسیارمان لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی كرد، لە وەڵامدا فەرمووی: (أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ، لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بالعَرْشِ، تَسْرَحُ مِنَ الجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ، ثُمَّ تَأْوِي إلى تِلكَ القَنَادِيلِ، فَاطَّلَعَ إليهِم رَبُّهُمُ اطِّلَاعَةً، فَقالَ: هلْ تَشْتَهُونَ شيئًا؟ قالوا: أَيَّ شيءٍ نَشْتَهِي وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنَ الجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا، فَفَعَلَ ذلكَ بهِمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَلَمَّا رَأَوْا أنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِن أَنْ يُسْأَلُوا، قالوا: يا رَبِّ، نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا في أَجْسَادِنَا حتَّى نُقْتَلَ في سَبيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى، فَلَمَّا رَأَى أَنْ ليسَ لهمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا)[١] .

واتە: ڕۆحی ئەو شەهیدانە ،وا لە سینەی باڵندەی سەوزدا، كە جێگای تایبەتیان هەیە و دێنەوە، بەعەرشی خوای گەورەوە خۆ هەڵدەواسن، بەبەهەشتدا دێن و دەچن، هەر كاتێك ویستیان بای باڵی خۆیان لەبەهەشتدا ئاوا دەدەن، پاشان دێنەوە ئەو جێگایانە و بەعەرشی خوای گەورەوە ئاوێزان دەبن و دەحەوێنەوە.

خوای گەورە جارێك خۆیان نیشاندەدات و لێیان دەپرسێت: حەز لەچی دەكەن؟

دەڵێن: خوایەگیان، جا حەز لەچی بكەین، كە ئێمە ئاوا هەر كات و هەرشێوەیەك بمانەوێت، بەبەهەشتدا دێین و دەچین؟...

سێ جار خوای گەورە ئاوا لێیان دەپرسێت، كە دەزانن وەلناكرێن، تا

(١) موسلیم (١٨٨٧)، هەروەها ترمذی (٣٠١١) و ئیبنو ماجە (٢٢٧٧) بەلەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

داواكارییەك تەقدیم دەكەن، دەڵێن: خوایە گیان! دەمانەوێت گیانمان بگێڕیتەوە بۆ جەستەكانمان بچینەوە ژیان، تا جارێكی تریش لەپێناوی تۆدا بكوژرێین، خوای گەورە، كە دەبینێت هیچ پێداویستییەكیان نییە، لێیاندەگەڕێت.

لەریــــــــواتەكەی (ترمـــــــذی) دا ئەمەش هــــــــاتووە: (وتقــرئُ نبيَّنا السَّلامَ وتخبرُهُ أن قد رَضينا ورضيَ عنَّا).[١]

واتە: دەشخوازین سڵاومان بەپێغەمبەرەكەمان بگەیێنیت و هەواڵی بدەیتێ، كە ئێمە ڕازین و لێمان رازیبوون.

١٥ ئەنەس -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (مَا أَحَدٌ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، يُحِبُّ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الدُّنْيَا، وَلَهُ مَا عَلَى الأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ، إِلاَّ الشَّهِيدُ، يَتَمَنَّى أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الدُّنْيَا فَيُقْتَلَ عَشْرَ مَرَّاتٍ، لِمَا يَرَى مِن فضل الشهادة)[٢] .

واتە: هیچ كەسێك نییە ،كە چووبێتە بەهەشتەوە و بەقەدەر هەر چی لەدنیادا هەیە ،شتی هەبێت و حەز بكات بگەڕێتەوە بۆ دنیا، جگە لەشەهید، ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بۆدنیا، تا دەیانجاری تر لەپێناوی خوادا بكوژرێتەوە... چونكە دەبینێت ،كە چەنێك ڕێزی لێگیراوە.

١٦ - عەوفی كوڕی مالیك- خوا لێی رازی بێت- دەفەرموێ: (صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، عَلَى جِنَازَةٍ فَحَفِظْنا مِنْ دُعَائِهِ: " اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ، وَالثَّلْجِ، وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الْأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا

(١) ترمذی (٣٠١١) و دفەرموێت: (حسن)ە.

(٢) بوخاری (٢٨١٧)، هەروەها موسلیم (١٨٧٧) و ترمذی (١٦٤٣) و نەسائی (٣١٦٠) بەلەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ " قال عوف: حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنْ أَكُونَ أَنَا ذَلِكَ الْمَيِّتَ)[١].

واته: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) نوێژی جەنازەی لەسەر مردوویەك كرد، لەو دوعایەی، كە بۆی كرد و ئێمەش لێیەوە لەبەرمانكرد، ئەوە بوو، كە فەرمووی: خوایە گیان! لێی خۆشبە و روحمی پێبكە، لێی ببوورە، لەسزات لایدە.

خوایە گیان! رێزی میواندرێتی لێبگرە، جێی بەرفراوانی بۆسازكە و بەئاو و بەفر و تەرزە بیشۆ، وا لە گوناحەكانی داشۆرە ،هەر وەكو، كە پۆشاكی سپی لەچڵك و چەپەڵی پاك دەكرێتەوە.

خوایە گیان! ماڵێكی بۆ دابین بكە،كە لەماڵەكەی خۆی چاكتر و كەسوكار و ها دەنگانێك لەكەسوكار و هاودەنگانی خۆی چاكتر و هاوسەرێكی بەنسیب بكە چاكتر لەهاوسەرەكەی خۆی و، لەئەشكەنجە و ئازاری گۆڕ پەنایدە و لەئازاری ئاگری دۆزەخ بیپارێزە..

(عەوف) دەفەرموێ: خۆزگەم دەخواست من ئەو مردووە بوومایە!

١٧- ئەنەس - خوا لێی رازی بێت- دەگێرێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أعُوذُ بكَ مِنَ العَجْزِ والكَسَلِ، والجُبْنِ والهَرَمِ والبُخْلِ، وأَعُوذُ بكَ مِن عَذابِ القَبْرِ، وأَعُوذُ بكَ مِن فِتْنَةِ المَحْيا والمَماتِ)[٢] .

واته: خوایەگەیان پەنادەگرم بەتۆ لەبێ توانایی و سستی و تەمبەڵیی، لەترسان و پیری و پیسكەیی، خوایە گیان پەنادەگرم بەتۆ لە ئەشكەنجە و

---

(١) نەسائی و ترمذی، موسلیمیش (٩٦٣) بە لەفزێكی وا.

(٢) بوخاری (٦٣٦٧)، موسلیم (٢٧٠٦)، ئەبو داوود (١٥٤٠)، ترمذی (٣٤٨٥)، نەسائی (٥٤٩٥)، ئەحمەد (١٣٧٨٢).

ئازاری گۆڕ، پەنادەگرم بەتۆ لەهەموو فیتنەیەکی ژیان و مردن.

١٨ - خاتوو عائیشە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەدوعایدا دەیفەرموو: (اللهم إني أعوذ بك من الكسل والهرم والمغرم، ومن فتنة القبر، ومن عذاب القبر، ومن فتنة النار وعذاب النار، ومن شر فتنة الغنى ومن شر فتنة الفقر، وأعوذ بك من شر فتنة المسيح الدجال، اللهم اغسل عني خطاياي بماء الثلج والبرد، ونق قلبي كما نقيت الثوب الأبيض وباعد بني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب)[1] .

واتە: خوایە گیان! پەنادەگرم بەتۆ لەسستی وتەمبەڵی، لەپیری و قەرزارباری، لەفیتنەی گۆڕ، لەسزای گۆڕ لەفیتنەی ئاگر، لەسزا و ژانی ئاگر، خوایە گیان پەنا بەتۆدەگرم لەفیتنەیماڵداریی و سامانی زۆر، لەخراپەکاری فیتنەی هەژاریی، لە خراپەکاری فیتنەی (دەججال) ...

خوایە گیان! گوناحەکانم بەئاوی بەفر و تەرزە(تەزرە) بشۆ، دڵم خاوێن بکەرەوە، هەروەکو کە پۆشاکێکی سپی پاك دەکەیتەوە..

خوایەگیان! نێوان من و گوناح ئەوەندە دووربکەرەوە بەقەدەر دووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

دوای سەرنجدان لەم دەقانە، دەبێ هەر تەئکید لەوە بکەینەوە ،کە ئەمە مەسەلەی باوەڕهێنان و کاروکردەوە ئەنجامدانە، مەسەلەیەکی دیدوتێڕوانینی فەلسەفی نییە قابیلی موناقەشە و ئاڵوگۆڕ کردنی ڕاوبۆچوون بێت لەسەری..

هەر کەسێك باوەڕی بەخوای گەورە و بەپێغەمبەری خوا هێنابێت، هەر دەبێت باوەڕ بەم باسە نادیارانە بهێنێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئێمە باوەڕمان

---

(١) بوخاری (٦٣٦٨)، موسلیم (٥٨٩)، ترمذی (٣٤٩٥)، نەسائی (٥٤٦٦)، ئەبو داوود (١٥٤٣).

بەتوانای بێ سنووری خوای گەورە هێناوە، كەهیچ شتێكی لا سـەخت نیـیە، بـۆ ئێمەش زەرووری نییە لەهەمـوو شـتێكی جیهـانی نادیـار بپرسـین: كە چەنـد و چۆنە؟

لەو باوەڕەشدام: كە كاتێك موسوڵمانان كەوتنە موناقەشە و هێنـان و بـردن و رەدد و بەدەڵی ئەم باسانە، كاتێك كە باوەڕیان كزبوو، كە دینداریێتییان سـەتحی كەوت، كەگومان و دوو دڵییان تێكەوت...

چارەسـەری ئەمەش زیـاتر رۆچـوون نیـیە بەباسـەكاندا، بەڵكـو بەناسـینی سەرڕاستانەی خوای تاكو پاكە، بەناسـینی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) ...

هەر كەسێك خواویستانە دینەكەی وەرگـرت و یـاوەرانە پێـوەی پابەنـدبوو، پێویسـتی بەڕۆچـوونی وەڵامـی ئەو پرسـیارانە نابێـت، كە لەم باسـانەدا قـوت دەكرێتەوە، مەگەر پرسیار لەمانای وشە و سەنەد و چۆنیەتی شـەرحیان بكـات، كە كەمێك لای ئاڵۆزبن، دەنا كە ئەو باوەڕ و یەقینی بەسیفاتی بێسـنوور و بـێ وێنەی خوای تاك و پـاك هەیە و، پێغەمـیەری خـوای (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بەڕاسـتگۆترین مـرۆڤ زانیـووە، ئیـتر دەبـێ ئەم باسـانەش قبـووڵ بكـات كە بەقورئان وسووننەت سەلمێنراون.

نموونەی ئێمە و یـاوەرانی بەڕێـز ،وەكـو دوو ئـوممەتن ڕووەوڕووی یەك كارەسـاتی دژوار بـووبنەوە، ئوممەتێكیـان كە ئەوانـن زانیویـانە مەترسـییەكە لەكوێـوە دێـت، ڕووەوڕووی وەسـتاونەتەوە و بەسـەریدا زاڵ بـوون، ئـوممەتی ئێمەش كەوتۆتە موناقەشەیەكی زۆر و قووڵی مەسەلەكە و لێكدانەوە و شیكار و رەدد و بەدەڵـی بـاس و بابەتەكـان، تـا كارەسـاتەكە بەسـەریاندا هـاتووە و رماندوونی، مەگەر كەمێكیان نەبێت كە خوای گەورە پەنایداون و نەفەوتاون.

دەی سا هۆ خەڵكینە! بائەوەی كە نادیارە و لەڕێگای سـەنەدی سـەحیحەوە

لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پـێمان گەیشـتووە، بـا وەکـو خـۆی وەریبگرین و باوەڕمان پێی بێت و تەسلیمی بین، با چۆنییەتیەکانیشیان نەزانین، خۆ باوەڕهێنان پێیان جەوهەری ئیمان و ڕاستەڕێی خواناسییە.

لێکۆڵەرەوەی پارسەنگ و بەئینسان، هەر شتێك لەم حەقیقەتانە دەبیستێت باوەڕی پێی پتەوتر دەبێت:

ئەوە بەڵگە نەویستە، کە هەندێك دەنگ هەیە ئاژەڵ دەیبیسـتێت، کە مـرۆڤ نایبیســـتێت، نەك هەر لەبەر دووری خـــاوەن دەنـــگەکە، بەڵکـــو لەجـــۆری شـەپۆڵەکانی، چـونکە مـرۆڤ چەنـدین جـۆری دیـاریکراو لەشـەپۆڵی دەنـگ دەبیستێت و لێکیان جیادەکاتەوە، بەدەر لەو جۆرانەیان، گچکەتریـان گەورە تـر نابیستێت.. ئەو کەسانەی خاوەن ئەسپ و ئێسترن دەزانن، کە ئەم جۆرە ئـاژەڵانە کە دەگەنە نزیك گۆڕ و گۆڕسـتان، هەڵوێسـتە دەکەن و ڕەفتاریـان دەگۆڕێـت، چونکە ئەوان دەشێت گوێیان لەئازاری مردووەکان و ناڵەیان بێت !

هەر کەسێك خەڵکی جیاوازی لەکاتی سەرەمەرگدا دیبێت، ئەو دیاردەیەشی تێبینی کردووە، کە حاڵ و سیما و سیفاتی ئیماندار و پیاوچاکان لەحـاڵەتی گیـان کێشاندا، زۆر جیاوازە لەحاڵ وسیما و سیفاتی بێـدین و فاسـق و خراپەکارانـدا.. پێش مردنیان و دوای مردنی هەر دوولایان جیاوازییەکانیان حاشا هەڵنەگرە.

ئەو کەسانەی کە دیراسەی مێژووی یاوەران و تـابیعین و ئەهلـی جیهادیـان کردووە ،بەسەر هاتی سەرسـوڕهێنەر لە واقیعـی هەنـدێك کـوژراو و مـردووی موســولْماندا دەگێــڕنەوە،کە لەدوای دەیــان ســاڵ مردنیــان ،کە ســەر لەنــوێ تەرمەکانیانیان دیووە، ئاسایی نەبووە!..

هەیانبووە هیچ شتێك لەجەستەی کەمی نەکـردووە، بۆگەنیشـی نەکـردووە...

هیچ ناوچەیەك لەوڵاتی موسوڵماناندا نییە،كە دەیان بەسەرهاتی وایان نەدیبێت و دەماودەم نەیانگێڕابێتەوە... داستان و چیرۆكی خەیاڵیش نین!

چەندەها لاشە هەیە، كە دوای مانگ و ساڵانیش هەر وەكو خەوتوو تەڕو پاراو ماون[١]، ئەمە جگە لەبۆنی خۆشی شەهید، پێش دفن كردن و دوای گۆڕهەڵدانەوەشیان!

---

(١) لە مانگی ١٩٩١/٣ دا نزیكەی سەد پێشمەرگە بووین لەبەرەی كەڵەوانانی دەروازەی سلێمانی (لەكەركوكەوە)، دژی تانكەكانی بەعس وەستابووینەوە، نەك بە ئومێدی شكاندنی، بەڵكو بەئومێدی دواخستنیان تا درەنگتر بگەنە سلێمانی و خەڵك بتوانن دەرچن.. دوو برامان لێ شەهید بوو (شێخ مستەفا و كاك صلاح الدین (عوسمان) هەڵەدنی)، تەرمی هەردووكیان كەوتبوونە ئاستی بەرەیەكی دوژمن و نەتوانرا تەرمەكانیان بهێنرێتەوە دواوە.. و شكاین.. دوای مانگ و قسور كاك سەییدی ئامۆزام لەگەڵ باوكم و چەند پیرێكدا چوونە نزیكی ناوچەكە، كە ڕەبایەی سوپای عێراقی لێ دانرابوو، كاك سەیید لەدوورەوە بە باوكم و ئاوانی وتبوو، كە ئا لەو شوێنەدایە.. ئاوانیش چووبوونە لای ئەفسەری بەرپرسی شوێنەكە و ووتبوویان پێش مانگ و نیوێك دوو شوانمان لێرەدا كوژران، هاتووین بۆ مەیتەكانیان، كابرای ئەفسەر وتبووی شوان نەبوون (موخەریب) بوون، واتە پێشمەرگە.. لەمان قسەیەك و لەو قسەیەك دواجار وتبووی هەردووكیان موخەریب بوون، بەڵام موخەریبی كورد نەبوون، بەهەرحاڵ دوایی تەرمی هەردووكیان دەرهێنابوونەوە، سبحان الله هەردووكیان هیچ نەشێوابوون، تەنها كونێك لە گوێچكەی كاك صلاح الدینی ڕەحمەتی درووستبووبوو، كڵاوە ئەفغانییەكەشیان لەگەڵ دفن كردبوو.. كابرای ئەفسەر زیاتر دەربارەیانی پرسیبوون، باوكیشم پێی وتبوو، والله هەردووكیان پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامین و ئەوەیان (صلاح الدین)ە لە ئەفغانستانەوە هاتووە.. كابرای ئەفسەر بەڕێزەوە تەرمەكانی بۆ ڕێكخستبوون تا مجەمەعی خوارێش بەسەیارەی سەربازی خۆیان گەیاندبوویان.. یەكێك لەهاوڕێكانی باوكم دەیووت ئەفسەرەكە ناوچەوانی صلاح الدینی ماچ كردووە و ووتوێتی بەڕاستی ئەمانە شەهیدی خوان، بەڵام باوكم تەئكیدی لەمە نەكردەوە.

دەیان حاڵاتی واقیعی و بەسەرهاتی حەقیقـی هەیە، کە پیاوچاکـان دیویـانە لەحاڵ و بارودۆخی ئەهلی بەرزەخ، پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەفەرموێ: (لولا تمرُّغُ قلوبِكم وتَزَيُّدُكم في الحديثِ لَسمِعْتُمْ ما أسمَعُ)[1] .

واتە: ئەگەر لە بەر ئەوە نەبا دڵتان تووشـی قەلەقـی بێـت و قسـەی زیـادی لەسەر بکەن، ئەوە ئەوەتان دەبیست، کە من دەیبیستم.

زۆرباسـی وا هەیە کە ئـیمان بەهێـز تـر دەکـات... بەڵام کەسـێك کە ئیمانـی بەفەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەهێزتر بێت و نەگـاتە یەقین، بەم باسانە هەرناگات...

پێویستە موراجەعەی باوەڕی خۆی بکاتەوە و ئیمانی نوێ بکاتەوە... قەیدی چیـیە خـۆ ئـیمان نـوێکردنەوە ڕەفتـارێکە لەیـاوەران و تـابیعینەوە هـاتووە، کە بەسەرەنجدانی قووڵی مەلەکوتی قورئان و سیرە و سووننەت دەبێت، لەگەڵ ورد سەرەنجدانی گەردوون و ژیان.

(١) ئیبنو ماجە (٢٤٥) و ئەحمەد (٢٢٢٩٢).

بڕگەی شەشەم:
حاڵی مرۆڤ دوای زیندووبوونەوە:

ئێســـتا گەیشـــتوینەتە باســـی ڕۆژی دوایـــی، کە یەکێـــك لەتەوەرە سەرەکیەکانی باسی بەهەشت و دۆزەخ و نیشتەجێیانێتی، پێش ئەوە و چۆنیەتی چوونەناویـان، لەگەڵ زنجیـرەی ڕووداوەکـانی، هەر لەدەسـتپێکی حەشرەوەتـا چوونە بەهەشتی بەهەشتیان و چوونە دۆزەخی دۆزەخیان.

بێ چوونە ناو تەفسیلاتی راجوێیی زانایان و شەرعناسانەوە،کە هەر کاتێـك دەقی سەلمێنراو لەباسێکدا نەمێنێت راجوێیی و ناکۆکی سەرهەڵدەدات..

لێرەشدا هەر دەق دەهێنیـنەوە و دەشـێت وشـەی گرانـی هەنـدێکیان شـەرح بکەیـن و بەس... ئەم دەقـانە دەکەیـن بەدوو پـۆلەوە: یەکەم باسـی دەسـپێکی قیامەت تا گەیشتنەباسی بەهەشت ودۆزەخ، دووەم: باسـی بەهەشـت و دۆزەخ و حاڵی دانیشتوانیان.

خاڵی یەکەم: دەستپێکی قیامەت تا گەیشتنە بەهەشت یان دۆزەخ:

١ -سەرەتای ڕاگەیاندنی قیامەت:

خوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ٦٨﴾ الزمر: ٦٨ .

واتە: کە یەکەمینجار فوو دەکرێت بە کەڕەنا[1]کەدا هەر چی لەئاسـمانەکان و زەویدا دەبن لەوکاتەدا بروسکە لێیاندەدات و دەمرن، مەگەر ئەوانەی کە خـوای گەورە لێیـان بەدەردەکـات (وەکـو خزمەتکـارانی بەهەشـت)، پاشـان بەفـووی دووەمجار هەر هەموو مردوویەك زیندوو دەبێتەوە و لەسـاحەی مەحشـەردا کـۆ

(١) کەڕەنا: لەئەسڵدا قۆچی گەورەی گایە، وەکو زوڕنا فووی پێدا دەکرێت.

دەکرێنەوە و چاوەڕوانی چارەنووسیان دەکەن.

ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: (ما بين النفختين أربعونَ، قيل أربعونَ يومًا؟ قال أبو هريرةَ: أبيتُ، قالُوا: أربعونَ شهرًا؟ قالَ: أبيتُ، قالوا: أربعونَ سنةً؟ قال: أبيتُ، ثم ينزلُ من السماءِ ماءٌ فينبتونَ كما ينبتُ البقلُ،وليس من الإنسان شيء إلا يبلى إلا عظمٌ واحدٌ وهو عجبُ الذنبِ، منه يُركبُ الخلقُ يوم القيامةِ)[1] .

واتە: نێوانی هەردوو فووەکە (چل)ە.

وتیان: ئەی ئەبو هورەیرە ! چل ڕۆژ؟

فەرمووی: ناڵێم.

وتیان: چل مانگ؟

فەرمووی: ناڵێم، وتیان: چل ساڵ؟

فەرمووی: ناڵێم.

پاشان فەرمووی: پاشان خوای گەورە بارانێک لە ئاسمانەوە دەبارێنێت، خەڵکی سەوز دەبنەوە وەک چۆن دانەوێڵە سەوز دەبێتەوە، هیچ شتێکیش نییە لە مرۆڤ، کە نەڕزێت ،جگە لە یەک ئێسک ئەویش کلێنچکەیە، لەوەوە دروستکراوەکان پێکدەهێنرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ جَمِيعٞ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾ يس: ٥١ – ٥٣ .

(١) بوخاری (٤٨١٤)، موسلیم (٢٩٥٥)، نەسائی (٤/ ١١١ ـ ١١٢)، مالیك (١/ ٣٩١ / ٩٩).

واتە: كە فوو دەكرێت بەكەڕەناكەدا (فووی دووەمینجار) ئیتر هەر هەموو مردووەكان لەگۆڕەكانیان بەزیندوویی دێنەدەرەوە و هەموو بەهەڵەدا وان بەرەو ساحەی مەحشەر بولای خوای گەورە دەڕۆن، كافرەكان هاواریان لێ هەڵدەستێت كە ئەی هاوار داماو خۆمان ئەوە كێ زیندووی كردینەوە و لەگۆڕ هێنانییە دەرەوە؟!

ئینجا ،كە واقیعەكە و دەسەڵاتی خوای گەورە دەبینن هەر خۆیان دەڵێن: ئەمە ئەو بەڵێنەیە، كە خوای گەورە دابووی، كە هەموان زیندوو دەكاتەوە.. وا هاتەدی.. ڕاستە و نێرراوەكانی خوای گەورە ڕاستیان كرد، كە وایان دەفەرموو.. بەڵێ، ئاوا هەر هەموویان بە هاوارلێكردنێك بەزیندووكراوەیی ئامادەبوون لامان.

٢- ساحەی مەحشەر:

﴿يَوۡمَ تُبَدَّلُ ٱلۡأَرۡضُ غَيۡرَ ٱلۡأَرۡضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُۖ وَبَرَزُواْ لِلَّهِ ٱلۡوَٰحِدِ ٱلۡقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾ إبراهيم: ٤٨ .

واتە: ئەو ڕۆژە سەرزەمین دەگۆڕێت بەخاكی زەمینێكی تر و ئاسمانەكانیش دەگۆڕێن، مردووەكانیش هەموو زیندوو دەكرێنەوە، لەبەردەستی خوای تاك و بەدەسەڵاتدا ئامادە دەبنەوە.

﴿إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٦﴾ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ﴿٨﴾﴾ الزلزلة: ١ – ٨ .

واتە: كاتێك زەمین دەلەرزێت، بوومەلەرزە گەورەكەی حەشر و قیامەتی بەسەردادێت: زەوی هەرچی لەناخیدایە لەمردوو و شتی تر دەردەكاتە دەرەوە و دێنەسەر رووی، كافری تاساو و تۆقیوو هاواردەكات: چی قەوماوە؟ چونكە ئەو زیندوكردنەوە بەواقیعی دەبینێت، كە نكوڵی لێدەكرد...

جا ئەو ڕۆژە هەر بستێكی زەمین دەبێتە شاهێد بەسەر خەڵكییەوە كە چ

كارێكیـان لەسـەر كـردووە؟ چـاك و خـراپ، چـونكە خـوای گەورە لەو ڕۆژەدا فەرمانی پێدەدات كە شاهێدی لەسەر خەڵكەكە بدە..

جـا دوای حەشر و حسـاب خەڵـكەكە ئاڕاسـتەی دوو ڕێگـا دەكـرێن، دوای ئەوەی كاروكردەوەكانیان نیشان دەدرێتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكرێـت، ئیـتر ئەوی سـەرفرازە بـۆ بەهەشـت و ئەوی ڕسـوایە بـۆ دۆزەخ، حـوكمی هەر یەكێكیان بەپێی نییەت و دیدوریێ و بـزاوت و هەڵوێسـت وگوفتـار و كـرداری خـۆی دەرچـووە، هەر كەسـێك بەقەدەر گەرد (تۆز)ێـك كـاری خێـری كردبێـت هـــاتۆتەوە بەرچـــاوی و پاداشـــتی لەســـەر دراوەتەوە هەر كەســـێكیش بەقەدەرگەردێك كاری خراپی كردبێت خراوەتەوە بەرچاوی و سزای خۆیی لەسەر وەرگرتووە.

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّى نَسْفًا ﴿١٠٥﴾ ﴾ طه: ١٠٥ .

واتە: دەربارەی چارەنووسی چیاكـان لێـت دەپرسـن كە خـوای گەورە چییـان لێدەكات؟ بفەرموو: خـوای پەروەردگـارم هەر هەمـوو تەخـت دەكـات، هیچیـان بەپێوە نامێنن، پاشان نەچاڵ و چـۆڵی و دۆڵ وشـیوی لـێ دەبینرێـت نەبەرزایـی تەپۆڵكە و گرد و چیا.. هەمووی دەبێتە یەك ئاستی ڕێك و خشت.

﴿ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴿٤﴾ ﴾ القارعة: ٣ – ٤ .

واتە: لەوڕۆژەدا ،كە ڕۆژی قیامەتە هەموو خەڵكی وەكو پۆلەكوللە هەر دێن و دەچن و بەدووی یەكتردا بەوێڵـی دەڕۆن، نـازان بـۆچی .. لەو ڕۆژەدا چیاكـان وەكو لۆكەی شیكراوە یان خوری شـەكراو شـی دەبـنەوە و چـاڵ و چۆڵییەكـانی زەوییان پێ پڕدەبێتەوە تا سەرزەمین تەخت و ڕاست دەبێت.

﴿ إِذَا وَقَعَتِ ٱلْوَاقِعَةُ ﴿١﴾ لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ ﴿٢﴾ خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ ﴿٣﴾ إِذَا رُجَّتِ ٱلْأَرْضُ رَجًّا ﴿٤﴾ وَبُسَّتِ ٱلْجِبَالُ بَسًّا ﴿٥﴾ ﴾ الواقعة: ١ ٥ .

واتە: كاتێـك كە ڕۆژی قیـامەت دا دێـت هـیچ كەسـێك ناتوانێـت هـاتن و

ڕوودانە واقیعــیەكەی بەدرۆ بخــاتەوە، وەكــو لەدنیــادا كافرەكــان نكوڵییــان لەهەبوونی دەكرد، لەوڕۆژەدا دەردەكەوێـت كەكـێ شـایانی پلەبەرزییـە و كـێ شایانی پلە نزمیە، كێ بەهەشـتی دەبێـت و كـێ دۆزەخـی؟ كاتێـك زەمـین دێـتە لەرزە، چیاكان وورد و خاش دەبن، دەبنە تۆز و خۆڵی بەربڵاو.

﴿فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ وَرۡدَةٗ كَٱلدِّهَانِ ٣٧﴾ الرحمن: ٣٧ .

واتە: كاتێك ئاسمان شـەقار شـەقاردەبێت و درزی تێـدەكەوێت و دنیـا وەكـو ڕۆنی هەڵقرچاو سوور دادەگەڕێت.

﴿يَوۡمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ مَوۡرٗا ٩ وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرٗا ١٠﴾ الطور: ٩ – ١٠ .

واتە: ئەو ڕۆژە كە ئاسمان پێكدادێت و پێچ دەخوات، كە چیاكـان دەبـنە گەرد و تۆز و پەرش و بڵاو دەبنەوە.

﴿فَإِذَا بَرِقَ ٱلۡبَصَرُ ٧ وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ ٨ وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ ٩ يَقُولُ ٱلۡإِنسَٰنُ يَوۡمَئِذٍ أَيۡنَ ٱلۡمَفَرُّ ١٠﴾ القيامة: ٧ – ١٠ .

واتە: كاتێـك لەسەرسـامی و واق و وڕمانـدا چـاوزەقبوو لەوەی كە بەدرۆی دەزانـــی و ئـــاوا لەبەر چـــاوی بـــۆتە ڕوداوێكـــی واقیعـــی (كە قیـــامەت وزیندووبوونەوەیەتی)... كاتێك مانگ تاریكدادێت و تیشـك عەكـس ناكـاتەوە كاتێك خۆر و مانگ كۆدەكرێنەوە ئەو ڕۆژە مرۆڤ سەری لێدەشێوێت و هـاوار دەكات: ئەی هاوار بۆ كوێ ڕاكەین؟

﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ ٣ وَإِذَا ٱلۡعِشَارُ عُطِّلَتۡ ٤ وَإِذَا ٱلۡوُحُوشُ حُشِرَتۡ ٥ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ٦ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ٧ وَإِذَا ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ سُئِلَتۡ ٨ بِأَيِّ ذَنۢبٖ قُتِلَتۡ ٩ وَإِذَا ٱلصُّحُفُ نُشِرَتۡ ١٠ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ كُشِطَتۡ ١١ وَإِذَا ٱلۡجَحِيمُ سُعِّرَتۡ ١٢ وَإِذَا ٱلۡجَنَّةُ أُزۡلِفَتۡ ١٣ عَلِمَتۡ نَفۡسٞ مَّآ أَحۡضَرَتۡ ١٤﴾ التكوير: ١ – ١٤ .

واتە: كاتێـــك خـــۆر وەكـــو عەمـــامە بەدەوری خۆیـــدا لـــوول دەخـــوات و رونـاكیەكەی نامێنێـت، كاتێـك ئەسـتیرەكان لەجـێ و ڕێـی خۆیانـدا نـامێنن و

پێكـدادێن و دەكەونە خـوارەوە، كاتێـك چیاكـان ورد و خـاش دەبـن و بەرووی زەمینەوە نامێنن، كاتێك ترس و بیمی قیـامەت وا لەخەڵكـی دەكـات حوشـتری دووگیان (كە بەنرخترین سامانیان بووە) وەلكـات و نەیەوێـت، كاتێـك دڕنـدەی كێوانیش بـۆ هەق لێسـەندنەوەیان لەیەكـتری كـۆكرانەوە (كە دوای ئەوە دەبـن بەخاك و خۆڵ)، كاتێك دەریاكان دەبنە كڵـپەی ئـاگر و بڵێسـەیان دێـت، كاتێـك ڕۆحەكان دەگێڕرێنەوە بۆلاشەكان، كاتێك كچـی منـداڵی زینـدە بەچـاڵ دێـتەوە پێشـی و لێیـدەپرسرێت: كە بە چ تاوانێـك كـوژراوە؟ (بـۆ سەرزەنشـتكردنی بكوژەكەیەتی)، كاتێك نـامەی ئەعـمال بڵاوكـرایەوە و هەر كەسـەو تیانووسـی كاروكردەوەكانی دنیایی خۆیی درایێ..

كاتێك هەموو شـتێكی ئاسـمان دەگۆڕێـت و هـیچ لەجێـی خۆیـدا نامێنێـت، كاتێـك دۆزەخ ئامـادەیە و گـڕ و كڵـپەكەی لرفەلرفـی دێـت، كاتێـك بەهەشـت سـازكراوە و ئامـادەی پێشـوازیی نیشـتەجێیانی دەبێـت، (كاتێـك ئـا ئەمـانە لەمەودای چەندەها كاتی جیاوازدا روودەدەن) و مرۆڤ دەیانبینێت بەترس و بـیم و دڵەراوكێوە دەڕوانێتە كاروكردەوەكانی خۆی كە لەدنیادا كردوونـی.. چـاكە و خراپەی خۆی هەست پێدەكات.

﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ ١ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٢ وَإِذَا ٱلۡأَرۡضُ مُدَّتۡ ٣ وَأَلۡقَتۡ مَا فِيهَا وَتَخَلَّتۡ ٤ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ٥﴾ الانشقاق: ١ – ٥ .

واتە: كاتێك ئاسمان درزی تێدەكەوێت و لەت و پەت دەبێـت، كە ملكەچـانە گوێڕایەڵی خوای كردگاری دەبێت، هەقە واشبێت ... كاتێك سەرزەمین دەكشێت و بەرفراوانتر دەبێت، كە هەرچی لەناواخنیدا دەبێت هەڵیدەداتە دەرەوە و وازیـان لێدەهێنێت (وەك لێ بێزاربوونیان فڕێیان دەدات و وەلیان دەكات)، كە ملكەچانە گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە دەبێت .. هەقیشە وابێت.

٣ -حاڵەتی خەڵكی:

سەهلی كوڕی سەعد خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خوا (صَـــلَّى اللـــه عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ) فەرمـــووی: (يُحْشَـرُ النَّـاسُ يَـومَ القِيامَـةِ علَى أرْضٍ بَيْضاءَ عَفْراءَ، كَقُرْصَةِ النَّقِيِّ، ليسَ فيها عَلَمٌ لأَحَدٍ).[١]

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا خەڵكی لەسەر زەمینێكی تەخت و سپی مەیلەو سوور كۆ دەكرێنەوە كەخاكەكەی وەكو ئاردی بێژراوە دەبێت، هەموو زەوی نیشانەی سنوورداری كەسی تێدانابێت.

ئیبنو عەبباس -خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (يحشر الناس يوم القيامة عُراةً غُرْلًا، أول الخلق يكسى إبراهيم الخليل، ثم قرأ: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥ﴾ الأنبياء: ١٠٤.

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا هەموو خەڵكی بەروت وقوتی و خەتەنە نەكراوی كۆدەكرێنەوە، یەكەمین كەسێك كە پۆشاكی لەبەر دەكرێت سەیدنا ئیبراهیم دەبێت -عليه السلام-، پاشان پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥ﴾ الأنبياء: ١٠٤ .

واتە: هەروەكو كەیەكەمین جار خەلقمان كرد، دروستی دەكەینەوە.

لەریوایەتێكی تریدا دەفەرموێ: (تُحشَرونَ حفاةً عراةً غرلًا، فقالَت امرأةٌ: أيبصرُ بعضُنا عَورةَ بعضٍ؟ قالَ: يا فلانةُ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ)[٢] .

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا هەموو بەپێی پەتی و ڕووت وقوت وبەخەتەنە نەكراویی حەشردەكرێن، ئافرەتێك پرسی: چما عەورەتی یەكتریی دەبینین؟

(١) بوخاری (٦٥٢١)، موسلیم (٢٧٩٠).

(٢) ترمذی (٣٣٣٢)، هەروەها بوخاری (٦٥٢٧) و موسلیم (٢٨٥٩) و نەسائی (١١٦٤٧) بەلەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

فەرمووی: هۆ فڵان، لەوڕۆژەدا هەر هەمـوو پەرۆشـی حـاڵی خـۆیەتی (و کەس ناپەرژێتە سەر تەماشاکردن).

ئەنەس خوا لێی رازی بێت دەگێـڕێتەوە : : (أنَّ رجلاً قال: يا رسولَ الله؟ قال الله تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ يُحۡشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ إِلَىٰ جَهَنَّمَ﴾ الفرقان: ٣٤.

أيحشر الكافرُ على وجهه؟ قال:أليس الذي أمشاهُ على الرجلينِ في الدنيا، قادرٌ على أن يمشيهُ على وجههِ يومَ القيامة)[1] .

واتە: کابرایەك دەربـارەی ئەم ئـایەتەی ﴿ٱلَّذِينَ يُحۡشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ﴿٣٤﴾﴾ الفرقان: ٣٤ .

واتە: لەسەر روویان حەشر دەکرێن، لەپێغەمبەری خـوای (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئایا کافر بەسەر ڕوو دەڕوات لەڕۆژی قیامەتدا؟

پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: مەگەر ئەو خـوایەی وایلێکرد، کە لەدنیادا لەسەر دووقـاچ بـڕوات، ناتوانێـت وای لێبکـات لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر ڕوو بڕوات.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يُحشَرُ النَّاسُ يومَ القيامةِ ثلاثةَ أصنافٍ: صنفًا مشاةً، وصنفًا رُكبـانًا، وصـنفًا علـى وجـوهِهم، قيـلَ: يا رسـولَ اللهِ، وَكيـفَ يمشـونَ علـى وجـوهِهم ؟ قالَ: إنَّ الَّذي أمشاهم على أقدامِهم قادرٌ على أن يمشيَهم على وجوهِهم، أما إنَّهم يتَّقونَ بوجوهِهم كلَّ حدَبٍ وشوْكَةٍ)[2] .

واتە: خەڵکی لەڕۆژی دواییـدا دەکـرێنە سـێ پـۆل: پۆلێکیـان پیـادە دەڕۆن،

---

(١) بوخاری (٤٧٦٠) و موسلیم (٢٨٠٦).

(٢) ترمذی (٣١٤٢)، دەفەرموێت: (حديث حسن).

پۆلێكی تر سواری و پۆلێكیش لەسەر ڕوو، عەرزیان كرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەوانە چۆن لەسەر ڕوو دەڕۆن؟!

فەرمووی: ئەوی وا خەلقی كردن كە بەپێ بڕۆن توانای ئەوەشی هەیە وایان لێبكات لەسەر ڕوو بڕۆن، كە لەسەر ڕوو دەڕۆن ،هەر هەوڵ دەدەن ڕوویان لەبەرد و دركی سەرڕێیان لادەن.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (يُحْشَرُ النَّاسُ علَى ثَلاثِ طَرائِقَ، راغِبِينَ راهِبِينً، واثْنانِ علَى بَعِيرٍ، وثَلاثَةٌ علَى بَعِيرٍ، وأَرْبَعَةٌ علَى بَعِيرٍ، وعَشَرَةٌ علَى بَعِيرٍ، وتَحْشُرُ بَقِيَّتَهُمُ النَّارُ تَبِيتُ معهُمْ، حَيْثُ باتُوا وتَقِيلُ معهُمْ حَيْثُ قالُوا، وتُصْبِحُ معهُمْ حَيْثُ أصْبَحُوا، وتُمْسِي معهُمْ حَيْثُ أمْسَوْا)[١] .

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵكی پێیان خۆشبێت و پێیان ناخۆش بێت و ناچاربن لەترسان هەر دەكرێنە سێ پۆل.. دوو كەس دووكەس سواری حوشترێك دەبن، یان سێ كەس و یەك حوشتر، یان چوار كەس و یەك حوشتر، یان پێنج كەس و حوشترێك، یان بەدەكەس یەك حوشتر، ئاگر بەرەو مەحشەر پێچیان ئەكات، لەگەڵیاند سەرەخەوی قەیلولە (پێش نیوەڕۆ) دەشكێنێت، شەو لەگەڵیاندا بۆ خەو دەمێنێتەوە، بەیانی لەگەڵیاندا ڕۆژ دەكاتەوە و ئێوارەیان لەگەڵدا دەكات، واتە شەو و ڕۆژ لەگەڵیاندا دەبن.

٤ -ڕۆژی حەشر:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿تَعْرُجُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ۝٤ فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلًا ۝٥ إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُۥ بَعِيدًا ۝٦ وَنَرَىٰهُ قَرِيبًا ۝٧ يَوْمَ تَكُونُ ٱلسَّمَآءُ كَٱلْمُهْلِ ۝٨ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ۝٩ وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا ۝١٠﴾ المعارج: ٤ ١٠ .

واتە: فریشتەكان و جیبریل (جوبرائیل) بەئاسماندا بەرز دەبنەوە بەرەو خوای

(١) موسلیم (٢٨٦١)، بوخاری (٦٥٢٢)، نەسائی (٢٠٨٥).

گەورە تا دەگەنە ئەو جێ ئاسمانەی مەنزڵگایانە و بۆیان نییە و ناتوانن زیاتر بڕۆن... سزای قیامەت كە دەكەوێتە سەركافران لەڕۆژێكدا دەبێت، كە پەنجا هەزار ساڵ درێژە، ئارامبگرە لەسەر بزاوت و هەڵوێستی دوژمندارانەیان ئارامییەكی جوان كە سكاڵا و بۆڵەبۆڵی لەگەڵدا نەبێت و ئیزعاجی و ناڕەحەتیی تێدا نیشان مەدە..

ئەوانە وادەزانن هاتنی ژان و ناسۆری قیامەتیان لێدوورە، ئێمەش وادەبینین نزیكە، ڕۆژی قیامەت ئاسمانەكان وەكو زێڕی تواوەیان لێدێت، چیاكانیش وەك خوری و لۆكەی شیكراوە.. ڕۆژێكی ئەوەندە ترسناكە كە كەس بەهانای كەسی ترەوە نایەت، هەر یەكە مەشغوولی حاڵی خۆیەتی.

﴿أَلَا يَظُنُّ أُولَٰئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ۝٤ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ۝٥ يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ۝٦﴾ المطففين: ٤ – ٦ واتە: مەگەر ئەوانە وانازانن كە زیندوو دەكرێنەوە لەڕۆژێكدا كە زۆر گەورە و مەترسیدارە... هەموو مرۆڤ زیندوو دەكرێنەوە و دەهێنرێنەوە بەردەست خوای پەروەردگاری جیهانیان، كە لێپرسینەوە وەل هەریەكێكیاندا دەكات.

ئیبنو عومەر -خوا لێیان رازی بێت- ئەم ئایەتەی خوێندەوە و فەرمووی: ئەوەندە لەناسۆردا دەمێننەوە، كە هەندێكیان لەئارەقی لەشی خۆیدا تا ئاستی نیوەی گوێچكەكانی نقووم دەبێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمووێ: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ يَومَ لا ظِلَّ إلَّا ظِلُّهُ: إمَامٌ عَدْلٌ، وشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللَّهِ، ورَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي المَسَاجِدِ، ورَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ، اجْتَمعا عليه وتَفَرَّقَا عليه، ورَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وجَمَالٍ فَقالَ: إنِّي أَخَافُ اللَّهَ، ورَجُلٌ تَصَدَّقَ بصَدَقَةٍ فأخْفَاهَا حتَّى لا تَعْلَمَ شِمَالُهُ ما تُنْفِقُ يَمِينُهُ، ورَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا، فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)[(١)] .

---

(١) بوخاری (١٤٢٣)، موسلیم (١٠٣١).

واتە: حەوت كۆمەڵ هەن خوای گەورە لە ژێر سێبەری خۆی دایاندەنێت لە ڕۆژی دوایدا: سەركردەیەكی دادپەروەر، گەنجێك لە پەرستنی خوادا گەورە بوو بێت، پیاوێك دڵی پەیوەست بێت بە مزگەوتەوە، دوو كەس لەبەر خوا یەكتریان خۆش بوو بێت و لەسەر ئەوە كۆببنەوە و جیا ببنەوە، پیاوێك ئافرەتێكی خاوەن پلەوپایە و جوان داوای لێبكات زینای لەگەڵ بكات، ئەویش بڵێت: من لە خوا دەترسم! كەسێك خێرێك بكات و بیشارێتەوە، تاوەكو ئەوەی دەستی چەپی نەزانێ بەوەی، كە دەستی ڕاستی بەخشیویەتی، كەسێك بە تەنهایی یادی خوا بكات و فرمێسك لە چاوی بێت.

ئەبو سەعید -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (قِيلَ لِرسولِ اللهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): يومٌ كان مِقدارُه خَمسينَ ألْفَ سَنةٍ، فما أطولَ هذا اليومَ! فقال رسولُ اللهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): والذي نَفسي بيَدِه، إنَّه ليُخَفَّفُ على المُؤمِنِ حتى يكونَ أخفَّ عليه مِن صلاةٍ مَكتوبةٍ يُصلِّيها في الدنيا)[1] .

واتە: وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ڕۆژێك كە پەنجا هەزار ساڵە، چ ڕۆژێكی درێژە؟!

فەرمووی: بەوی، كە گیانی منی بەدەستە، بۆ موسوڵمان سووكتر و ئاسانترە لەنوێژێكی فەرز، كە لەدنیادا دەیكات.

٥ -گیرۆدەبوونی دید و ڕەفتار:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلْزَمْنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِى عُنُقِهِۦ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا ﴿١٤﴾ ﴾ الإسراء: ١٣ – ١٤ .

(١) ئیمامی ئەحمەد و الموصلي، هەیثەمی لە (مجمع الزوائد ٣٤٠/١٠)دا دەفەرموێ: (إسناده حسن)، لە ریوایەتێكی تریش (زەعیف)ە.

واتە: هەموو مرۆڤێکمان گیرۆدەی کار و ڕەفتارەکانی خۆی کردووە، نییەت و گوفتــار و کــرداری خــۆی بەگەردنەوەیە، لەڕۆژی قیامەتیشــدا کتێبێکــی تۆمارکاری بـۆ دەهێنیـنەوە پێشـێ کە هەمـوو ئەو نیـیەت و ڕەفتـارانەی خـۆی تێدایەکە لەدنیادا کردوونی، دەبینێت وا بەئاشکرا بـۆی دەهێنیـنەوە بەردەسـت... پێشی دەوترێت: کتێبەکەت بخوێنەرەوە و خۆشت موحاسەبەی خۆت بکە.

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴿١٦﴾ إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ وَجَآءَتْ سَكْرَةُ ٱلْمَوْتِ بِٱلْحَقِّ ۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلْوَعِيدِ ﴿٢٠﴾ وَجَآءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ ﴿٢١﴾ لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴿٢٢﴾ وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَىَّ عَتِيدٌ ﴿٢٣﴾﴾ ق: ١٦ – ٢٣ .

واتە: ئێمە خۆمان مرۆڤمان خەلق کردووە و دەشزانین چ وەسوەسەیك بەهزر و دڵیدا دێت و کە لەدڵی خۆیدا شتێك دەڵێت، چییە...

ئێمە لەشادەماری خوێنی لاملـی نـزیکترین لێـیەوە، لەهەر شـوێنێك بێـت و لەهەر کاتێکدا بێت دوو فریشـتەکانی ئـێمە کە لەسـەر شـانی ڕاسـت و شـانی چەپـین وەلیـدا دەبـن و چـاودێریی دەکەن، لەسـەر شـانەکانی دانیشـتوون، هەر لەفزێکی لەدەم بێتەدەرەوە یەکسەر ئەو پارێزەرە ئامادانە دەینووسن ...

هەموو ڕەفتارێکی تۆمارە.. ئەوا سەختی و قورسی گیانکێشانت گەیشـتێ و مردنت گەیشتە سەر... حەقە و تووشی هەموو کەسێك دێت...

تۆش بواری هەڵاتن و لێدەرباز بوونیت نییە.. کاتێك بۆ زیندووکردنەوە فـوو بەکەڕەنـاکەدا دەکرێـت، ئیـتر ئەوە ئەو ڕۆژەیە، کە خــوای گەورە بەکــافر و موسـوڵمانی فەرمووبـوو: کە بڕیارمـداوە و دێـتەوە ڕێیـان... ڕۆژی پاداشـتی پیاوچاکانە و ڕۆژی سزای خراپەکـارانە.. ئەوا ڕۆژی حەشرە و هەر کەسـێك کە

دێتەوە پێشێ دوانی لەگەڵدایە، یەکێکیان هاوڕێیانە لەگەڵیدا دێت و ڕێی نیشان دەدات و بەرەو ساحەی مەحشەری دەبات.

ئەوی تریشیان شاهێدە و شاهێدیی لەسەر ڕەفتارەکانی دەدات ... جا بەکافر دەوترێت: ئەرێ لەدنیادا زۆر لەم ڕۆژە بێئاگابوویت، گوێت نەدەدایە تا ئاوا غافڵگیرانە هێنرایەوە پێش و پەردەی بێ هۆش و گوشیان لەسەر هزرو دڵ و هەستت لادا تا ئاوا بەچاوی تیژی خۆت ئەو واقیعە زیندووە ببینیت کە لەدنیادا نکوڵیت لێدەکرد...

فریشتە چاودێرەکەشی دەفەرموێ: ئەوەتا خوایە وا ئامادەم کردووە و هێناومەتە بەردەست.

﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ نَفۡخَةٞ وَٰحِدَةٞ ﴿١٣﴾ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴿١٤﴾ فَيَوۡمَئِذٖ وَقَعَتِ
ٱلۡوَاقِعَةُ ﴿١٥﴾ وَٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَهِيَ يَوۡمَئِذٖ وَاهِيَةٞ ﴿١٦﴾ وَٱلۡمَلَكُ عَلَىٰٓ أَرۡجَآئِهَاۚ وَيَحۡمِلُ عَرۡشَ رَبِّكَ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ ثَمَٰنِيَةٞ
﴿١٧﴾ يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ ﴿١٨﴾ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقۡرَءُواْ كِتَٰبِيَهۡ ﴿١٩﴾ إِنِّي ظَنَنتُ
أَنِّي مُلَٰقٍ حِسَابِيَهۡ ﴿٢٠﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴿٢١﴾ فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٖ ﴿٢٢﴾ قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ ﴿٢٣﴾ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ
أَسۡلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ ﴿٢٤﴾ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي لَمۡ أُوتَ كِتَٰبِيَهۡ ﴿٢٥﴾ وَلَمۡ أَدۡرِ مَا حِسَابِيَهۡ ﴿٢٦﴾
يَٰلَيۡتَهَا كَانَتِ ٱلۡقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ ﴿٢٩﴾ خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ ٱلۡجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي
سِلۡسِلَةٖ ذَرۡعُهَا سَبۡعُونَ ذِرَاعٗا فَٱسۡلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُۥ كَانَ لَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ
﴿٣٤﴾ فَلَيۡسَ لَهُ ٱلۡيَوۡمَ هَٰهُنَا حَمِيمٞ ﴿٣٥﴾ وَلَا طَعَامٌ إِلَّا مِنۡ غِسۡلِينٖ ﴿٣٦﴾ لَّا يَأۡكُلُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡخَٰطِـُٔونَ ﴿٣٧﴾ ﴾ الحاقة: ١٣ – ٣٧ .

واتە: کاتێك کە جارێکی تر (بۆ دووەمینجار) فوو بەکەڕەناکەدا دەکرێت تا مردووەکان زیندووببنەوە... زەوی بەچیا و هەرچی پێوەیەتی بەرزبۆوە و بەسەرخۆیدا دارمایەوە، ئەو کاتە ئیتر قیامەت دادێت ،ئاسمان درزدەبات و لاواز دەبێت، فریشتەکان لەملاولای ئاسمانی پشێو و زەمینی دارماوەوە بەریز دەوەستن و هەشت فریشتەی هەڵبژاردەش عەرشی خوای گەورەیان بەسەر شانەوە هەڵگرتووە... لەو ڕۆژەدا هەموتان بۆ موحاسەبەکردن دەهێنرێنەوە پێش و

هیچ شتێكی شاراوە نامێنێت، هەموو نهێنی و پەنهانییەك دەردەكەوێت.. نامەی ئەعمال لەباڵاوە دێتە خوارێ بۆ سەرخەڵكەكە، هەركەسێك نامەی كردەوەكانی خۆی كەوتەدەستی ڕاستی (بەدەستی ڕاستی گرتەوە) ئەوە خۆشحاڵە و نامەی ئەعمالی نیشان ئەم و ئەو دەدات و دەڵێ: بڕوانن، ئەنجامی ڕەنجی چاكم ببینن، من یەقینم لەهاتنی قیامەت هەبوو، هەوڵمدەدا بەردەوام خۆمی بۆ ئامادە بكەم...

ئیتر ئەمە سەرفراز و ڕوو سوور و شادمانە، لەژیانی نوێی رازییە، خوای گەورە لێی رازی بووە و لەبەهەشتی باڵادایە، ئەو بەهەشتەی كە بەری درەختەكانی پێگەیشتوون و ئاسان دێنەبەر دەست بۆ لێكردنەوە (بەدانیشتنان و راكشانیشەوە لێدەكرێنەوە)، پێیان دەوترێت: بخۆن و عافێتتان بێت... بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت ئەمە پاداشتی نییەت و دیدو ڕێ و ڕەنجی ڕۆژانی رابوردووی ژیانتانە...

ئەما ئەو كەسەی كەنامەی ئەعمالی هاتۆتە دەستی چەپی، بەدەستی چەپی گرتوێتییەوە (چونكە ناچێتە دەستی ڕاستی)، پەشیمان و داماوو ڕسوایە، هەر دەڵێ: خۆزگە نامەی ئەعمالم نەدرایاتێ وحساباتی وام بۆ نەكرایا.. خۆزگەم بەمردن، خۆزگە دەمردم و زیندوو نەدەبوومەوە!

خۆزگە دەفەوتام و ئاسەوارم نەدەما (!) ئێستا چیم دەسەڵاتە؟

هیچ .. نەماڵ و سامانم دادی داووم و نەهێز و وزە و توانام، نەزمانزانی و بەڵگە و بەهانەم.... هەموویم فەوتاوە، هیچیان هیچ جۆرە سوودێكیان پێنەگەیاندووم..

پاشان فەرمان بۆ سەرپەرشتیاری دۆزەخ دەردەچێت، كە دەسگیری بكەن... دەست وگەردنی كۆت و زنجیركەن و بەرەو دۆزەخ رایفڕێنن تووڕی هەڵدەنە ناو ئاگرەوە، بەزنجیرێكیش بیبەستنەوە، كە حەفتا باڵ درێژبێت..

ئەمە باوەڕی بەخوای گەورە نەبوو.. ئەمە جارێك كەسێكی هاننەدا

خۆراكێـك بەخەڵكـی هەژار و نەدار بگەیـنن، بـۆیە لێـرەوە بـێكەس و دامـاو و ڕیسوا و موحتاجە، كەسوكار و خـزم ئـاوڕی لێنـادەنەوە... خـۆراكەكەی كـێم و جەراعاتی بەدەنی ژێر ئەشكەنجەی دۆزەخیانە.. ئەو خوێناوو كێماوە دەخـوات و دەخواتەوە، ئەمە ئەوەیە، كە بەنسیبی كافران دەبێت.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ۝٦ فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ۝٧ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ۝٨ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ۝٩ وَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهۡرِهِۦ ۝١٠ فَسَوۡفَ يَدۡعُواْ ثُبُورٗا ۝١١ وَيَصۡلَىٰ سَعِيرًا ۝١٢ إِنَّهُۥ كَانَ فِيٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورًا ۝١٣ إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ ۝١٤ بَلَىٰٓۚ إِنَّ رَبَّهُۥ كَانَ بِهِۦ بَصِيرٗا ۝١٥ ﴾ الانشقاق: ٦ – ١٥ .

واتە: ئەرێ هـۆ مـرۆڤ بـزانەكە هەر ڕەفتارێـك (گوفتـار و كردارێـك) كە دەیكەیت دێتەوە ڕێـت، تـۆ ڕەنجـدە دەیـت، بەدیـداری خـوای پەروەردگاریشـت دەگەیت، ئیدی ئەو كاتە خێر و شەڕ لەڕەفتارەكانـت جـودا دەكـاتەوە و حـوكمی هەریەكەیانت بەجیا بۆ دەردەكات..

هەر كەسـێك كە ئیماندارە نـامەی ئەعمالـی بەدەسـتی ڕاسـتی دەگرێـت و حســاباتێكی ئاســانی وەلــدا دەكرێــت، بــۆیە لەبەهەشــتدا دێــت و دەچێــت و بەخۆشحاڵییەوە دەچێتەوە لای كەسوكارە ئیماندارەكەی...

ئەمما ئەوكەسەی نامەی ئەعمالی بەدەستی چەپ و لەپشتەوە وەردەگرێـت كە كافرەكانن، كە دەبینێت ڕسوایە و داماوە و چارەنووسی دۆزەخە، هاواردەكـات و دوعای فەوتـان لەخـۆی دەكـات، هەر واوەیلایەتـی، چـونكە حەتمەن دەخـرێتە ئاگری دۆزەخەوە ،كە زۆر بەكڵپە و بڵێسەیە.. چونكە ئەمە زۆر بـێ بـاوەڕبوو، گومانی نەدەبرد، كە قیامەت دادێت و زەلیلانە دێتەوە بەردەستی خوای گەورە...

ئەمە لەناو كەسوكار و خزم وعەشرەتیدا مەغروربوو، شوێن هەواو هەوەسـی كەوتبوو، خـۆی بەزل دەزانـی و گـوێی لەبـانگەوازی خـوایی نەدەگـرت.. بەڵام

بێگومان خوای گەورە ئاگای لەدید و هەڵویستی بوو.

﴿هَٰذَا كِتَٰبُنَا يَنطِقُ عَلَيۡكُم بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّا كُنَّا نَسۡتَنسِخُ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٢٩﴾ الجاثية: ٢٩ .

واتە: ئەوە تیانووسەكانمانە، كە بەحەق شاهێدیتان لەسەر دەدات، ئێمە هەموو ئەو ڕەفتارانەی لەدنیادا دەتانكرد لەسەرمان دەنووسین و هەڵماندەگرت... ئا ئەوەتا هەمووی وا لەبەردەستاندا.

٦ -پرسینەوە وماف وەرگرتنەوە (حەق و حساب):

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَيَوۡمَ يُحۡشَرُ أَعۡدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمۡ يُوزَعُونَ ١٩ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢٠ وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمۡ لِمَ شَهِدتُّمۡ عَلَيۡنَاۖ قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنطَقَ كُلَّ شَيۡءٖۚ وَهُوَ خَلَقَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٢١ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَتِرُونَ أَن يَشۡهَدَ عَلَيۡكُمۡ سَمۡعُكُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُكُمۡ وَلَا جُلُودُكُمۡ وَلَٰكِن ظَنَنتُمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعۡلَمُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَعۡمَلُونَ ٢٢ وَذَٰلِكُمۡ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِي ظَنَنتُم بِرَبِّكُمۡ أَرۡدَىٰكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٢٣﴾ فصلت: ١٩ – ٢٣ .

واتە: ئەو ڕۆژە (قیامەت) كە دوژمنانی خوای لەئاگردا تێدا كۆدەكرێنەوە وبەپاڵ دەبرێن بۆی، جا هەر كە دەگەنە ئاگرەكە هەستەوەری بیستن و دیتن وپێستیان شاهێدییان لێدەدەن، كە چییان كردووە .. بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شاهێدیتان لێداین؟

دەڵێن: خوای گەورە هێنانیە قسە، كە هەموو شتێكی فێری دواندن كردوە و هێناونێتیە قسەكردن، ئەو خوایەی، كە هەموو شتێكی لەیەكەمینجاردا خەلق كردووە و هەموو شتێكیش هەر بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە... كاتی خۆی لەدنیادا كە تاوان و سەرپێچیتان لەفەرمانی خوادا دەكرد ئاشكرا و راشكاو دەتانكرد، بێ ئەوەی بترسن یان شەرم بتانگرێت، یان لانی كەم بەنهێنی بیكەن.

واتان نەدەزانی، كە زیندوو دەكرێنەوە و ئەندامانی لەشی خۆتان: گوێچكە و

چاو و پێستی خۆتـان شـاهێدیتان لەسـەر بـدەن، ئەوەنـدەش گێـل بـوون واتـان نەدەزانی كە خوای گەورە خۆی ئاگای لەهەمـوو ڕەفتارێكتـانە... ئـاخر ئەو بـێ باوەڕی و گێلی و بەدگومانییەتان بوو كە ئێوەی گەیاندە ئەم بەفەتارەتچوونە كە ئاوا ڕسوا و زەلیل و داماون و ئاوا زیانتان لێكەوتووە.

هەروەها خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ٤٧﴾ الأنبياء: ٤٧ .

واتە: تەرازووی یەكـلا كـردنەوەی حەق و دادگەریێتـی لەڕۆژی قیامەتـدا دادەنێین، بەهیچ شێوەیەك ستەم لەكەس ناكرێت، هەر كەسێك ڕەفتاری بەقەدەر دەنكە زیزانەیەك كردبێت دەیهێنینەوە پێش، ئەوەندە بەسە كە خۆمان حسـابات و پرسینەوەكان دەگرینە دەست.

﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ٧﴾ الزلزلة: ٧ .

واتە: هەر كەسـێک مسـقالە زەڕەیەك (بەقەد گەردی تـۆز) خێرێـک بكـات دەیهێنینەوە ڕێی و دەیبینێتەوە، هەر كەسێكیش مساقالە زەڕەیەك خـراپە بكـات دەیهێنینەوە ڕێی و دەیبینێتەوە.

﴿وَقَدِمۡنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنۡ عَمَلٖ فَجَعَلۡنَٰهُ هَبَآءٗ مَّنثُورًا ٢٣﴾ الفرقان: ٢٣ .

واتە: هەموو ئەو گوفتار و كردارانەی لەدنیادا كردیـان و مەبەسـتیان خـوای گەورە و ڕازی كردنی نەبـوو، هەر هەمـووی بەفیـڕۆ دەدەیـن و هـیچ نرخێكیـان نابێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (من نُوقش الحسَاب عذِّب، فقلتُ: أليسَ يقولُ الله: ﴿فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ٧ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ٨ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ

أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾ الانشقاق: ٧ – ٩، **فقال: إنما ذلك العرضُ، وليسَ أحدٌ يحاسبُ يومَ القيامةِ إلا هلكَ)**[١] .

واته: هەر كەسێك حساباتی لەگەڵدا بكرێت وموناقەشەی تێدا بكرێت، حەتمەن سزادەدرێت، خاتوو عائیشە فەرمووی: ئەدی خوای گەورە نافەرمویٚ:

﴿فَأَمَّا مَنۡ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ ﴿٧﴾ فَسَوۡفَ يُحَاسَبُ حِسَابٗا يَسِيرٗا ﴿٨﴾ وَيَنقَلِبُ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ مَسۡرُورٗا ﴿٩﴾﴾ الانشقاق: ٧ – ٩، **فەرمووی: ئەوە لەكاتی حەشردایە دەنا هەر كەسێك (دواتر كە موحاسەبە دێتە پێشەوە) ئەگەر وردەكارانە موحاسەبە بكرێت بەفەتارەت دەچێت.**

لەریوایەتێكی تردا دەفەرمویٚ: (وليس أحدٌ يناقشُ الحسابَ يوم القيامةِ إلا عُذِّبَ)[٢] .

واته: هەر كەسێك لەحساباتێیدا موناقەشەی لەگەڵدا بكرێت (هەموو شتێكی پێچەوانەكاری بەگوناح لەسەر بنوسرێت)، دەرناچێت و حەتمەن ئەشكەنجە دەدرێت.

ئەنەس -خوا لێی رازی بێت - دەگێڕێتەوە : : (كنا عند النبي (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فضحك فقال: هل تدرون مما أضحك؟ قالوا: الله ورسوله أعلم، قال: من مخاطبة العبد ربه فيقول: يا رب ألم تجرني من الظلم؟ قال: يقول: بلى، قال: فإني لا أجيز اليوم على نفسي إلا شاهدًا مني، فيقولُ: كفى بنفسكَ اليومَ عليكَ شهيدًا، والكرامِ الكاتبينَ شُهودًا، فيختمُ على فيهِ، ويقولُ: لأركانهِ انطقي، فتنطقُ بأعمالهِ، ثم يخلَّى بينهُ وبين الكلامِ، فيقولُ: بعدًا لكنَّ وسحقًا، فعنكنَّ كنتُ أناضلُ)[٣] .

---

(١) بوخاری (١٠٣)، موسلیم (٢٨٧٦)، ئەبو داود (٣٠٩٣) ترمذی (٢٤٢٦).

(٢) بوخاری (٦٥٣٧)، موسلیم (٢٨٧٦).

(٣) موسلیم (٢٩٦٩).

واتە: لەخزمەتی پێغەمبەری خوادا بووین (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) پێكەنـی، پاشان فەرمووی: دەزانن بەچی پێدەكەنم؟

عەرزیان كرد: خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چـاكتر دەزانـن، فەرمووی لەدواندنێكی نێوان عەبد و خـوای پەروەردگـاری، عەبـدەكە بەخـوای گەورە دەڵێ: خوایە گیان مەگەر لە ستەمكاری لاتنەداوم؟

فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموێ: بەدیی.

عەبدەكە دەڵێ: دەی سا من نامەوێت غەیری خۆم شاهید بێت لەسەرم! خوای گەورە دەفەرموێ: باشە ئەمڕۆ هەر خۆت دەكەمە شـاهید لەسـەر خـۆت، لەگەڵ شـاهیدە بەڕێزەكـان (فریشـتەكان)دا... ئینجـا دەمـی قەپـات دەكـات و فەرمـان بەئەندامانی لەشی دەدات، كە بدوێن، ئەندامەكانی لەشی هەریەكەیان شـاهێدی لەسەر دەدات كە چەند گوناح و چی كردووەو كەی؟

پاشان ڕێگـای قسـەكردنی دەكـرێتەوە بەئەنـدامەكانی لەشـی دەڵێـت : هەی ئەولاترچن.. برۆن هەر لێم دووربن (داڕزێن!) خۆ من بەرگریم لەئێوە دەكرد!

ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا تَزُولُ قَدَمَا ابنِ آدمَ يومَ القيامةِ مِن عندِ ربِّه، حتى يُسْأَلَ عن خَمْسٍ: عن عُمُرِه فِيمَ أَفْنَاه؟ وعن شبابِه فِيمَ أَبْلَاه؟ وعن مالِه مِن أين اكتسبه وفِيمَ أنفقه؟ وماذا عَمِل فيما عَلِم؟)[1] .

واتە: هەموو مرۆڤێك، كە دەچێتەوە بەردەستی خوای گەورە ناڕوات، تا پێـنج پرسـیاری لێنەكرێـت: پرسـیاری لێـدەكرێت: كە تەمەنـی لەچیـدا بردەسـەر، گەنجێتییەكەی چۆن ڕۆیشت؟

(١) ترمذی (٢٤١٦) ، ئەلبانیش لە (صحیح الترمذي) دا دەفەرموێ: (صحیح)ە.

ماڵ وسامانی چۆنی پەیدا كرد و لەچیدا خەرجی كردەوە و زانستەكەی چی پێكرد؟

هەر ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت – دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: (أَوَّلُ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ الصَّلَاةُ، وَأَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ فِي الدِّمَاءِ)[١] .

واتە: یەكەمین شت، كە عەبدی لەسەر موحاسەبە دەكرێت: نوێژەكانێتی، یەكەمین كێشەیەكیش، كە لەنێوان خەڵكیدا بووە و لەوێ یەكلا دەكرێتەوە خوێنە، وەرگرتنەوەی مافی كوژراوە.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـه وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (مَنْ كَانتْ عِنْدَه مَظْلَمَةٌ لأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ مِنْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْه مِنْه الْيَوْمَ قَبْلَ أَلَّا يكُونَ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ، إنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مَظْلَمتِهِ، وإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ حسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سيِّئَاتِ صاحِبِهِ، فَحُمِلَ عَلَيْهِ)[٢] .

واتە: هەر كەسێك مافی براكەی لەسەرە لەئابڕوو بێت یان لەهەر شتێكی تر، با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازاد بكات، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت نەدیناری دادی دەدات و نەدرهەم، كە ئەگەر كردەوەی چاكی هەبوو بەقەدەر مافی براكەی لەچاكەكانی هەڵدەگرن و دەیدەنەوە بەو، ئەگەر چاكەشی نەبوو، لەخراپەی براكەی هەڵدەگرن و دەیخەنە سەرشانی ئەم.

(قەتادە) لە(سەفوانی كوڕی مەحریز)ەوە دەگێڕێتەوە : : كە پیاوێك پرسیاری لەئیبنو عومەر -خوا لێیان رازی بێت- كرد: چیت لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی چرپەچرپ (نجوى)ی (قیامەت) بیستووە؟

---

(١) نەسائی (٣٩٩١)، ئەلبانی دەفەرموێ: (صحیح)ە.
(٢) بوخاری (٢٤٤٩).

فەرمـــــووی، دەیفەرمـــــوو: (يَـدْنُو أحَـدُكُمْ مِـن رَبِّـهِ حـتَّى يَضَـعَ كَنَفَـهُ عليـه، فيَقولُ: أعَمِلْتَ كَذَا وكَذَا؟ فيَقولُ: نَعَمْ، ويقولُ: عَمِلْتَ كَذَا وكَذَا؟ فيَقولُ: نَعَمْ، فيُقَرِّرُهُ، ثُمَّ يقولُ: إنِّي سَتَرْتُ عَلَيْكَ في الدُّنْيَا، وأَنَا أغْفِرُهَا لكَ اليومَ)(١) .

واتە: یەكێكتان، كە لەخوای پەروەردگاری نزیـك دەبێـتەوە بەشـێوەیەك، كە ئەو بەرەحمەتی خۆی دایپۆشیووە، خوای گەورە لەعەبدەكە دەپرسێت: كـارێكی ئاواو ئاوات كرد وایە؟

دەڵێ: بەڵێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: ئاوا و ئاواشت كرد وایە؟

دەڵێ: بەڵێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: من لەدنیادا سترم كردیت و بۆتم پۆشی، وا ئەمڕۆش لێت خۆشدەبم لێی.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: (أتَدْرُونَ ما المُفْلِسُ؟ قالوا: المُفْلِسُ فِينا مَن لا دِرْهَمَ له ولا مَتاعَ، فقالَ: إنَّ المُفْلِسَ مِن أُمَّتي يَأْتي يَومَ القِيامَةِ بصَلاةٍ وصِيامٍ وزَكاةٍ، ويَأْتي قدْ شَتَمَ هذا، وقَذَفَ هـذا، وأَكَلَ مالَ هـذا، وسَفَكَ دَمَ هـذا، وضَرَبَ هـذا، فيُعْطَى هـذا مِن حَسَناتِهِ، وهذا مِن حَسَناتِهِ، فإنْ فَنِيَتْ حَسَناتُهُ قَبْلَ أنْ يُقْضَى ما عليه، أُخِذَ مِن خَطاياهُمْ فَطُرِحَتْ عليه، ثُمَّ طُرِحَ في النَّارِ)(٢) .

واتە: ئایا دەزانن كێ مایەپوت (موفلیس)ە ؟

عەرزیان كرد: مایەپوت (موفلیس)ی ناو ئێمە ئەو كەسەیە: كە ناپـارەی هەیە نەسەروەت و سامان.

---

(١) بوخاری (٧٥١٤).

(٢) موسلیم (٢٥٨١)، ترمذی (٢٤١٨).

فەرمووی: مایەپوت ئەو کەسەیە:کە لەڕۆژی قیامەتدا دێتە پێشێ، نوێژ و ڕۆژووو و زەکاتی هەبووە (زەخیرەی چاکەی زۆرە)، بەڵام جنێوی بەمداوە و بوختانی بۆ ئەو هەڵبەستووە، ماڵی ئەمی خواردووە و خوێنی ئەوی ڕشتووە، لەم و لەوی داوە، ئیتر لەچاکەکانی بەم دەدرێت و بەو دەدرێت، تا چاکەی نامێنێت، ئینجا لە خراپەی غەدر لێکراوانی دەستی هەڵدەگیرێت و، دەخرێتە سەر خراپەکانی ئەم، تا دوایی فڕێدەدرێتە دۆزەخەوە پێیان!

هەر ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە : : کە فەرمووی: (لَتُؤَدُّنَّ الحُقُوقَ إلى أهْلِها يَومَ القِيامَةِ، حتَّى يُقادَ لِلشّاةِ الجَلْحاءِ، مِنَ الشّاةِ القَرْناءِ)[1] .

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا دەبێت هەموو مافێکی خوراو بدەنەوە بەخاوەنی، تەنانەت هەقی بەرانێکی بێ قۆچ لەبەرانێکی قۆچدار دەستێنرێتەوە.

ئەبو ئومامە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (وعدني ربِّي أن يُدخِلَ الجنَّةَ من أمَّتي سبعينَ ألفًا لا حسابَ عليهم ولا عذابَ معَ كلِّ ألفٍ سبعونَ ألفًا وثلاثُ حَثياتٍ من حَثياتِ ربِّي)[2] .

واتە: خوای پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم، کە حەفتا هەزار کەس لەئوممەتەکەم بێ لێپرسینەوە بخاتە بەهەشتەوە، لەگەڵ هەر هەزارێکیاندا حەفتار هەزار کەسی تر، سێ چنگیش بەدەستی پەروەردگارم.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى

(١) موسلیم (٢٥٨٢)، ترمذیش هێناویەتیەوە کە ئەلبانی لە (صحيح الترمذي)دا بەژمارە (٢٤٢٠) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(٢) الترمذی (٢٤٣٧)، ئیبن ماجە (٤٢٨٦)، ئەحمەد (٢٢٣٠٣). ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بەژمارە (٢٤٣٧) دەفەرمووێ: (صحيح)ە.

الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يَدْخُلُ الجَنَّةَ مِن أُمَّتِي زُمْرَةٌ هُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا، تُضِيءُ وُجُوهُهُمْ إضاءَةَ القَمَرِ لَيْلَةَ البَدْرِ وقالَ أبو هُرَيْرَةَ: فَقامَ عُكّاشَةُ بنُ مِحْصَنٍ الأسَدِيُّ يَرْفَعُ نَمِرَةً عليه، فقالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ أنْ يَجْعَلَنِي منهمْ، قالَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ منهمْ ثُمَّ قامَ رَجُلٌ مِنَ الأنْصارِ، فقالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ أنْ يَجْعَلَنِي منهمْ، فقالَ: سَبَقَكَ بها عُكّاشَةُ)[(١)] .

واتە: كۆمەڵێكی حەفتا هەزار كەسی لەئوممەتەكەم دەچنە بەهەشتەوە، ڕوویان وەكو ڕووی مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، (عوكاشەی كوڕی میحصەنی ئەسەدی)، عەبایەكی بەسەرەوە بوو، بڵندی كرد و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ! دوعام بۆ بكە خوای گەورە بمخاتە ریزیانەوە.

فەرمووی: خوایە گیان! بیخەرە ریزیانەوە.

پاشان پیاوێكی ئەنساری هەستا و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ! دوعا بۆ منیش بكە ،با خوای گەورە بمخاتە ڕیزیانەوە.

فەرمووی: تەواو، (عوكاشە) پێشت كەوتەوە.

خاتوو عائیشە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (أنَّ رجلاً قال: يا رسولَ الله: إنَّ لي مملوكينِ يكذبونني ويخونونني ويعصونني، وأشتمهُمْ وأشربهُم، فكيف أنا منهم؟ فقالَ النبي (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إذا كانَ يوم القيامةِ يحسبُ ما خانوكَ وعصوكَ وكذبوكَ وعقابكَ إياهم، فإن كان عقابُك إياهم بقدر ذنوبهم كان كفافًا، لا لك ولا عليكَ، وإن كان عقابك إياهم دون ذنوبهم، كان فضلاً لك، وإن كان عقابُك إياهم فوق ذنوبهم، اقتصَّ لهم منكَ الفضل، فتنحى الرجلُ وجعل يهتفُ ويبكي، فقال لهُ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أما تقرأ قول الله تعالى: ﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾﴾ الأنبياء: ٤٧؟ فقال الرجل: يا رسول الله، ما أجد لي

(١) بوخاری (٦٥٤٢)، موسلیم (٢١٦).

ولهؤلاء شيئًا خيرًا من مفارقتهم، أشهدك أنهم كلهم أحرار)[١] .

واتە: كابرایەك عەرزی پێغەمبەری خوای (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد: كە من چەندین كۆیلەم هەی،ە كە بەدرۆم دەخەنەوە و لەماڵ وسامانم دەماشنەوە و سەرپێچیم دەكەن، منیش جنێویان پێدەدەم و لێیان دەدەم، ئەم حاڵەم چۆن دەبێت؟ (واتە حساباتم لەقیامەتدا چۆن دەبێت).

پێغەمبەری (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: لەڕۆژی دوایدا حساباتت بەگوێرەی ڕەفتارەكانە، بەپێی ماشینەوە و سەرپێچی كردن و بەدرۆخستنەوەكەی ئەوان و سزاكانی تۆ دەبێت، ئەگەر سزاكانت بەقەدەر ڕادە و بڕی تاوانەكانیان بێت، ئەوە یەكسانە و سەلامەت دەردەچیت، نەمافیان لەسەرت دەبێت و نەمافت لەسەریان دەبێت، ئەگەر سزاكانت لەتاوانەكانی ئەوان كەمتر بێت، ئەوە دیارە بەخێر و چاكە بۆت حساب دەكرێت، ئەگەر سزاكانت لەتاوانەكانی ئەوان زیاتر بێت، ئەوە بەقەدەر زیادەكانت لێدەستێنرێتەوە.

كابرا كەوتە كەنارێكەوە، كەوتە واوەیلا و گریان! پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: مەگەر فەرمایشتەكەی خوای گەورەت نەخوێندۆتەوە، كە دەفەرموێ: ﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ٤٧﴾ الأنبياء: ٤٧، كابرا عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! وادەزانم چارەسەری نێوان من و ئەوان، هەر جیابوونەوەمان بێت لەیەكتریی... دەی سا جەنابت شاهێدبە كەوا هەموویانم ئازاد كرد... تەواو هەموویان ئازادن.

---

(١) ئەحمەد (٢٦٤٠١)، ترمذی (٣١٦٥)، مونذری دەفەرموێ: سەنەدی ڕیوایەتی ئەحمەد و ترمذی پەیوەستە و گێڕەوەرەكانیان جێ متمانەن، ئەلبانیش لە (صحيح سنن الترمذي) (٢٥٣١)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

٧ - هەندێك حاڵەتی تری ڕۆژی حەشر:

بینینی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ):

ئەبو سەعیدی خودری -خوا لێی رازی بێت -دەگێڕێتەوە : : (أنَّ ناسًا في زَمَنِ رَسولِ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ قالوا: يا رَسولَ اللهِ، هلْ نَرَى رَبَّنا يَومَ القِيامَةِ؟ قالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ: نَعَمْ قالَ: هلْ تُضارُّونَ في رُؤْيَةِ الشَّمْسِ بالظَّهِيرَةِ صَحْوًا ليسَ معها سَحابٌ؟ وهلْ تُضارُّونَ في رُؤْيَةِ القَمَرِ لَيْلَةَ البَدْرِ صَحْوًا ليسَ فيها سَحابٌ؟ قالوا: لا يا رَسولَ اللهِ، قالَ: ما تُضارُّونَ في رُؤْيَةِ اللهِ تَبارَكَ وتَعالَى يَومَ القِيامَةِ إلَّا كما تُضارُّونَ في رُؤْيَةِ أحَدِهِما، إذا كانَ يَوْمُ القِيامَةِ أذَّنَ مُؤَذِّنٌ لِيَتَّبِعْ كُلُّ أُمَّةٍ ما كانَتْ تَعْبُدُ، فلا يَبْقَى أحَدٌ كانَ يَعْبُدُ غيرَ اللهِ سُبْحانَهُ مِنَ الأصْنامِ والأنْصابِ إلَّا يَتَساقَطُونَ في النَّارِ، حتَّى إذا لَمْ يَبْقَ إلَّا مَن كانَ يَعْبُدُ اللَّهَ مِن بَرٍّ وفاجِرٍ وغُبَّرِ أهْلِ الكِتابِ، فيُدْعَى اليَهُودُ، فيُقالُ لهمْ: ما كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ قالوا: كُنَّا نَعْبُدُ عُزَيْرَ ابْنَ اللهِ، فيُقالُ: كَذَبْتُمْ ما اتَّخَذَ اللَّهُ مِن صاحِبَةٍ ولا ولَدٍ، فَماذا تَبْغُونَ؟ قالوا: عَطِشْنا يا رَبَّنا، فاسْقِنا، فيُشارُ إليهِم ألا تَرِدُونَ؟ فيُحْشَرُونَ إلى النَّارِ كَأنَّها سَرابٌ يَحْطِمُ بَعْضُها بَعْضًا، فَيَتَساقَطُونَ في النَّارِ، ثُمَّ يُدْعَى النَّصارَى، فيُقالُ لهمْ: ما كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ؟ قالوا: كُنَّا نَعْبُدُ المَسِيحَ ابْنَ اللهِ، فيُقالُ لهمْ، كَذَبْتُمْ ما اتَّخَذَ اللَّهُ مِن صاحِبَةٍ ولا ولَدٍ، فيُقالُ لهمْ: ماذا تَبْغُونَ؟ فيَقولونَ: عَطِشْنا يا رَبَّنا، فاسْقِنا، قالَ: فيُشارُ إليهِم ألا تَرِدُونَ؟ فيُحْشَرُونَ إلى جَهَنَّمَ كَأنَّها سَرابٌ يَحْطِمُ بَعْضُها بَعْضًا، فَيَتَساقَطُونَ في النَّارِ حتَّى إذا لَمْ يَبْقَ إلَّا مَن كانَ يَعْبُدُ اللَّهَ تَعالَى مِن بَرٍّ وفاجِرٍ أتاهُمْ رَبُّ العالَمِينَ سُبْحانَهُ وتَعالَى في أدْنَى صُورَةٍ مِنَ الَّتي رَأَوْهُ فيها قالَ: فَما تَنْتَظِرُونَ؟ تَتْبَعُ كُلُّ أُمَّةٍ ما كانَتْ تَعْبُدُ، قالوا: يا رَبَّنا، فارَقْنا النَّاسَ في الدُّنْيا أفْقَرَ ما كُنَّا إليهِم، ولَمْ نُصاحِبْهُمْ، فيَقولُ: أنا رَبُّكُمْ، فيَقولونَ: نَعُوذُ باللَّهِ مِنْكَ لا نُشْرِكُ باللَّهِ شيئًا مَرَّتَيْنِ، أوْ ثَلاثًا، حتَّى إنَّ بَعْضَهُمْ لَيَكادُ أنْ يَنْقَلِبَ، فيَقولُ: هلْ بيْنَكُمْ وبيْنَهُ آيَةٌ فَتَعْرِفُونَهُ بها؟ فيَقولونَ: نَعَمْ، فيُكْشَفُ عن ساقٍ فلا يَبْقَى مَن كانَ يَسْجُدُ لِلَّهِ مِن تِلْقاءِ نَفْسِهِ إلَّا أذِنَ اللَّهُ له بالسُّجُودِ، ولا يَبْقَى مَن كانَ يَسْجُدُ اتِّقاءً ورِياءً إلَّا جَعَلَ اللَّهُ ظَهْرَهُ طَبَقَةً واحِدَةً، كُلَّما أرادَ أنْ يَسْجُدَ خَرَّ علَى قَفاهُ، ثُمَّ يَرْفَعُونَ رُؤُوسَهُمْ وقدْ تَحَوَّلَ في صُورَتِهِ الَّتي رَأَوْهُ فيها أوَّلَ مَرَّةٍ، فقالَ: أنا رَبُّكُمْ، فيَقولونَ: أنْتَ رَبُّنا، ثُمَّ يُضْرَبُ الجِسْرُ علَى جَهَنَّمَ، وتَحِلُّ الشَّفاعَةُ، ويقولونَ: اللَّهُمَّ سَلِّمْ، سَلِّمْ قيلَ: يا رَسولَ اللهِ، وما الجِسْرُ؟ قالَ: دَحْضٌ مَزِلَّةٌ، فيه خَطاطِيفُ وكَلالِيبُ وحَسَكٌ تَكُونُ بنَجْدٍ فيها شُوَيْكَةٌ يُقالُ لها السَّعْدانُ، فَيَمُرُّ المُؤْمِنُونَ كَطَرْفِ العَيْنِ، وكالْبَرْقِ، وكالرِّيحِ، وكالطَّيْرِ، وكَأَجاوِيدِ الخَيْلِ والرِّكابِ، فَناجٍ مُسَلَّمٌ، ومَخْدُوشٌ

مُرْسَلٌ، ومَكْدُوسٌ في نارِ جَهَنَّمَ، حتَّى إذا خَلَصَ المُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ، فَوالذي نَفْسِي بيَدِهِ، ما مِنكُم مِن أحَدٍ بأَشَدَّ مُناشَدَةً لِلَّهِ في اسْتِقْصاءِ الحَقِّ مِنَ المُؤْمِنِينَ لِلَّهِ يَومَ القِيامَةِ لإِخْوانِهِمُ الَّذِينَ في النَّارِ، يقولونَ: رَبَّنا كانُوا يَصُومُونَ معنا ويُصَلُّونَ ويَحُجُّونَ، فيُقالُ لهمْ: أخْرِجُوا مَن عَرَفْتُمْ، فَتُحَرَّمُ صُوَرُهُمْ علَى النَّارِ، فيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا قَدِ أخَذَتِ النَّارُ إلى نِصْفِ ساقَيْهِ، وإلَى رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ يقولونَ: رَبَّنا ما بَقِيَ فيها أحَدٌ مِمَّنْ أمَرْتَنا به، فيَقولُ: ارْجِعُوا فمَن وجَدْتُمْ في قَلْبِهِ مِثْقالَ دِينارٍ مِن خَيْرٍ فأخْرِجُوهُ، فيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا، ثُمَّ يقولونَ: رَبَّنا لَمْ نَذَرْ فيها أحَدًا مِمَّنْ أمَرْتَنا، ثُمَّ يقولُ: ارْجِعُوا فمَن وجَدْتُمْ في قَلْبِهِ مِثْقالَ نِصْفِ دِينارٍ مِن خَيْرٍ فأخْرِجُوهُ، فيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا، ثُمَّ يقولونَ: رَبَّنا لَمْ نَذَرْ فيها مِمَّنْ أمَرْتَنا أحَدًا، ثُمَّ يقولُ: ارْجِعُوا فمَن وجَدْتُمْ في قَلْبِهِ مِثْقالَ ذَرَّةٍ مِن خَيْرٍ فأخْرِجُوهُ، فيُخْرِجُونَ خَلْقًا كَثِيرًا ثُمَّ يقولونَ: رَبَّنا لَمْ نَذَرْ فيها خَيْرًا. وَكانَ أبو سَعِيدٍ الخُدْرِيُّ يقولُ: إنْ لَمْ تُصَدِّقُونِي بهذا الحَدِيثِ فاقْرَؤُوا إنْ شِئْتُمْ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ٤٠﴾ النساء: ٤٠، فيَقولُ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: شَفَعَتِ المَلائِكَةُ، وشَفَعَ النَّبِيُّونَ، وشَفَعَ المُؤْمِنُونَ، ولَمْ يَبْقَ إلَّا أرْحَمُ الرَّاحِمِينَ، فَيَقْبِضُ قَبْضَةً مِنَ النَّارِ، فيُخْرِجُ مِنْها قَوْمًا لَمْ يَعْمَلُوا خَيْرًا قَطُّ قدْ عادُوا حُمَمًا، فيُلْقِيهِمْ في نَهَرٍ في أفْواهِ الجَنَّةِ يُقالُ له: نَهَرُ الحَياةِ، فَيَخْرُجُونَ كما تَخْرُجُ الحِبَّةُ في حَمِيلِ السَّيْلِ، ألا تَرَوْنَها تَكُونُ إلى الحَجَرِ، أوْ إلى الشَّجَرِ، ما يَكونُ إلى الشَّمْسِ أُصَيْفِرُ وأُخَيْضِرُ، وما يَكونُ مِنْها إلى الظِّلِّ يَكونُ أبْيَضَ؟ فقالوا: يا رَسولَ اللهِ، كَأنَّكَ كُنْتَ تَرْعَى بالبادِيَةِ، قالَ: فَيَخْرُجُونَ كاللُّؤْلُؤِ في رِقابِهِمُ الخَواتِمُ، يَعْرِفُهُمْ أهْلُ الجَنَّةِ هَؤُلاءِ عُتَقاءُ اللهِ الَّذِينَ أدْخَلَهُمُ اللَّهُ الجَنَّةَ بغيرِ عَمَلٍ عَمِلُوهُ، ولا خَيْرٍ قَدَّمُوهُ، ثُمَّ يقولُ: ادْخُلُوا الجَنَّةَ فَما رَأَيْتُمُوهُ فَهو لَكُمْ، فيَقولونَ: رَبَّنا، أعْطَيْتَنا ما لَمْ تُعْطِ أحَدًا مِنَ العالَمِينَ، فيَقولُ: لَكُمْ عِندِي أفْضَلُ مِن هذا، فيَقولونَ: يا رَبَّنا، أيُّ شيءٍ أفْضَلُ مِن هذا؟ فيَقولُ: رِضايَ، فلا أسْخَطُ علَيْكُم بَعْدَهُ أبَدًا)[1] .

واتە: خەڵكانێـــك وتيـــان: ئەی پێغەمـــبەری خـــوا ! ئايـــا لە دوارۆژدا پەروەردگارمان دەبينين؟

پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: بەڵـێ، ئايـا زيانتـان پێـدەگات

(١) بوخاری (٧٤٣٩)، موسليم (١٨٣).

بەبینینی خۆر لە نیوەڕۆدا، کاتێک هیچ تۆز و هەورێک نییە؟!

ئایا زیانتان پێدەگات بە بینینی مانگی یەک شەوە ،کە هیچ پەردەیەک نەبێت؟

فەرموویان: نەخێر، ئەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

فەرمووی: زیانتان پێناگات بە بینینی پەروەردگار لە دوارۆژدا، هەر وەکو ئەوەی زیانتان پێناگات بە بینینی ئەم دوانە: (خۆر و مانگ)، کاتێک ڕۆژی دوایی دێت، بانگبێژێک بانگ ئەکات: هەر ئوممەتێک شوێن ئەوە بکەوێت، کە دەیپەرست، تاوەکو کەس نامێنێت، جگە لە خوای پەرستبێت لە: بت و پەیکەر، هەمووی دەکەوێتە ناو ئاگرەوە، تاوەکو کەس نابێت، جگە لەو کەسە ئەوە نەبێت، کە خوای پەرستووە لە چاکەکار و خراپەکار و لەوانەی لە گاور و جولەکەکان ماون، جولەکەکان بانگدەکرێن و، پێیان دەوترێت: چیتان دەپەرست؟

ئەڵێن: (عوزەیر)ی کوڕی خوامان دەپرست.

پێیان دەوترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار نە خێزانی هەبووە و نە کوڕ!

پێیان دەوترێت: داوای چی دەکەن؟

ئەڵێن: ئەی پەروەردگار ! تینوومانە ، ئاومان پێبدە.

ئاماژەیان بۆ دەکرێت: بۆ ناچن بۆ سەری؟ پێش دەخرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ کە بەوێنەی (سراب)ە، هەندێکی هەندێکی تێکدەشکێنێت، کاتێک دەڕۆن بەردەبنەوە ناو ئاگری دۆزەخ، پاشان بانگی گاورەکان دەکرێت و پێیان دەوترێت: لە دونیادا چیتان پەرستووە ؟

ئەڵێن: عیسای کوڕی خوامان پەرستووە!

پێیان دەوترێت: درۆتان کرد، چونکە خوای پەروەردگار، نە خێزانی هەبووە و نە کوڕیش، ئێستا داوای چی دەکەن؟

ئەوانیش دەڵێن: تینوومانە، ئاومان پێبدە!

ئاماژەیان بۆ دەکرێت و پێیان دەوترێت: بۆ ناچن بۆ سەری؟ پێش دەخرێن بـۆ ئـاگری دۆزەخ کە بە وێـنەی (سراب)ە، هەنـدێکی هەنـدێکی تێکدەشـکێنێت، کاتێک دەڕۆن" بەردەبـنەوە نـاو ئـاگری دۆزەخ، ئەوان دەڕۆن کەس نـامێنێتەوە تەنهـا ئەو کەسـانە نەبێـت، کە پەروەردگاریـان پەرسـتووە لە چاکەکـاران و خراپەکاران و پاشماوەی گاور و جولەکە.

لەو کاتەدا خوای پەروەردگار دێت بۆ لایان، بە نزیکترین شێوە کە لە دونیادا ناسیویانە، پەروەردگار دەفەرمووێت: چاوەڕێی چی دەکەن؟

هەمـوو ئوممەتێـک شـوێنی ئەوە کەوتـن، کە لە دونیـادا پەرسـتبوویان، ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئێمە لە دونیادا لە خەڵکـی جیـابووینەوە و هاوڕێیەتیمان نەکردن، لە کاتێکدا زۆر پێویستیمان پێیان بوو، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: من پەروەردگاری ئێوەم.

ئەوانیش دەڵـێن: پەنـا دەگـرین بە تـۆ ئەی پەروەردگـار، بە هـیچ شـێوەیەک هاوەڵمان بۆت بڕیار نەداوە و بڕیاریشی نادەین، دووجار ،یـان سـێجار وادەڵـێن، هەتا هەندێ لە موسوڵمانان لەو کاتەدا خەریکە پەشیمان دەبـنەوە لە بیروبـاوەڕی پاکیان لەبەر گرانی و سەختی ئەو تاقیکردنەوەیە.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ئایا هیچ نیشانەیەک هەیە لە نێـوان ئێـوە و ئەودا تا پێی بناسنەوە؟

ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ، لەو کـاتەدا پەردە لەسـەر (سـاق)ی لادەدرێـت، هـیچ کەس نییە لە دونیادا، کە بە دڵسۆزیی و ئیخڵاسەوە سوجدەی بـۆ خـوا بردبێـت، ئیللا خوای پەروەدرگار ڕێگەی پێدەدات، کە سـوجدەی بـۆ بەرێـت، هـیچ کەس نییە لە دونیادا سوجدەی بۆ ڕیا و ناودەرکردن بردبێت، ئـیللا خـوای پەروەردگـار پشتی دەکات بە یەک پارچە، هەرکـات بیەوێـت سـوجدەی بـۆ بەرێـت بە پشـتا

دەكەوێت، پاشان موسوڵمانان سەریان بەرز دەكەنەوە، خوای پەروەردگار دەبینن لەسەر ئەو شێوەیەی ،كە لە دونیادا ناسیویانە.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: من پەروەردگاری ئێوەم؟

ئەوانیش دەڵێن: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، پاشان پردی سیرات بەسەر دۆزەخەوە دادەنرێت، ڕێگە بە شەفاعەت كردن دەدرێت، پێغەمبەرانی خوا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەفەرموون: خوایە سەلامەتیان بكەیت، خوایە سەلامەتیان بكەیت.

وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ! پردی سیڕات چییە؟ !

فەرمووی: خلیسكە و پێیەكان لەسەری خۆی ناگرێت، قولاب و چنگی ڕفێنەری پێوەیە، كۆمەڵێك دڕكی هەیە، كە شتی پیا هەڵدەواسرێت پێی دەوترێت: (سەعدان) كە لە (نەجد) هەیە، ئیمانداران بەسەریدا دەپەڕنەوە، هەیانە وەكو چاو تروكان دەپەڕێتەوە، هەیانە وەكو هەورە بروسكە، هەیانە وەكو با، هەیانە وەكو باڵندە، هەیانە وەكو سوارچاكی ئەسپ، هەیانە بە پیادە دەپەڕێتەوە و ڕزگاری دەبێت، هەیانە ڕزگاری دەبێت، بەڵام لەش و دەم و چاوی ڕوشاوە، هەیانە بەردەبێتەوە ناو ئاگری دۆزەخ، تاوەكو كە ئیمانداران هەموویان لە ئاگر ڕزگاریان دەبێت، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هیچ یەكێكتان ئەوەندە سور نییە لەسەر داواكردنی مافەكەی، وەك ئەوەی ئیمانداران لە ڕۆژی دوایدا سورن لەسەر ئەوەی داوای لێخۆشبوون بۆ براكانیان دەكەن، كە لە ئاگردان.

دەڵێن: ئەی پەروەردگار! ئەمانە ڕۆژوویان دەگرت و نوێژیان دەكرد و حەجیشیان دەكرد!

پێیان دەوترێت: ئەوانە دەربێنن، كە دەیانناسن، خەڵكانێكی زۆر دەردەهێنن، كە هەیانە ئاگر تا نیوەی پێی هاتووە، هەیانە ئاگر تا ئەژنۆی هاتووە.

پاشان ئەڵێن: ئەی پەروەردگار! هیچ كەس نەماوە لەوانەی فەرمانت پێمان كرد دەریان بهێنین.

پەروەردگــار دەفەرمووێــت: بگەڕێــنەوە هەركەســێكتان بینــی بە مســقاڵە دینارێک خێر لە دڵیدا هەبوو دەری بهێــنن، خەڵكێكــی زۆر دەردەهێــنن، پاشــان دەڵێن: ئەی پەروەردگار ! كەسمان نەهێشت لە نــاو ئــاگردا لەوەی فەرمانــت كـرد دەریان بهێنین.

پاشان پەروەردگار دەفەرمووێت: بگەڕێنەوە هەركەسێكتان بینی بە ئەندازەی نیو مسقاڵ دینار خێر لە دڵیدا هەبوو دەری بهێنن، خەڵكانێكی زۆر دەردەهێنن.

پاشــان دەڵــێن: ئەی پەروەردگــار! كەســمان نەهێشــت لە نــاو ئــاگردا لەوەی فەرمانت كرد دەریان بهێنین.

پاشان پەروەردگار دەفەرمووێت: بگەڕێنەوە هەركەسێكتان بینی بە مســقاڵە زەڕەیەک خێر لە دڵیدا هەبوو دەری بهێنن، خەڵكانێكی زۆر دەردەهێــنن، پاشــان دەڵێن: ئەی پەروەردگار! كەسمان نەهێشــت لە نــاو ئــاگردا لەوەی فەرمانــت كـرد دەریان بهێنین.

(ئەبو ســەعیدی خــودری) فەرمــووی: ئەگەر بــاوەڕ بەم قســەیەم نــاكەن ئەم ئایەتە بخوێننەوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿٤٠﴾﴾ النساء: ٤٠ .

واتە: بەڕاســتی خــوا، بە ئەنــدازەی مســقاڵێك زەڕڕە ســتەم ناكــات، ئەگەر چاكەیەک هەبێت چەند بەرابەریی دەكـات و لە لایەن خـۆیەوە پاداشــتی گەورە دەبەخشێت.

لەو كاتەدا خــوای گەورە دەفەرمووێــت: مەلائیكەتەكــان شــەفاعەتیان كــرد، پێغەمبەران شەفاعەتیان كرد، ئیماندارا‌ن شەفاعەتیان كــرد، كەس نەمــا، جــگە لە خوای بەخشندە نەبێت، چنگی ئەخــاتە ئــاگرەوە و خەڵكــانێكی زۆر دەردەهێنێــت هەرگیز چاكەیان نەكردووە، دەیانخاتە ناو ڕووبارێك لە لێواری بەهەشتەوە پێــی دەوترێت: ڕووباری ژیانەوە، لەو ڕووبارە دێنە دەرەوە وەكو تــۆو لە نــاو لیتــاوی

لافاودا دەڕوێت، ئایا نابینن بۆ ئەو بەردەی، یان ئەو دارەی كە لەبەر خۆرە زەرد و سەوز دەبێت، بەڵام ئەوەی لە ژێر سێبەرە سپی دەبێت؟

وتیـان: ئەی پێغەمـبەری خـوا ! هەر ئەڵێـی شـوانیت كـردووە لە گونـد و دەرودەشت.

فەرمووی: جا دەردەچـن وەكـو مـرواری لە گەردنیـان نیشـانە هەیە خەڵكـی بەهەشـت دەیانناسـنەوە ئەوانە ئـازادكراوانی خـوان، كە خـوا خسـتوونیەتە بەهەشتەوە ،بێئەوەی هیچ كردەوەیەك بكەن، هیچ چاكەیەكیان پێش نەخستبوو.

پاشان پەروەردگار دەفەرمووێت: بچنە نـاو بەهەشـتەوە،هەر شـتێكتان بینـی ئەوە هی ئێوەیە، ئەڵێن: ئەی پەروەردگار! شتێكت بە ئێمە بەخشیووە، كە بە هیچ كەسێكت نەبەخشیوە لە جیهانیان.

پەروەردگار دەفەرمووێت: لای من لەوەش باشترتان هەیە؟

ئەڵێن: ئەی پەروەردگار! جا چی لەوە باشترە؟

دەفەرمووێت: ڕازی بوونم لێتان! لەمەودوا هەرگیز لێتان توڕە نابم.

هەر ئەبو سوعید -خوا لێی رازی بێت- دەگێـڕێتەوە : : كە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ مِن أمتي مَن يَشْفَعُ للفِئامِ مِن الناسِ، ومنهم مَن يَشفَعُ للقبيلةِ، ومنهم مَن يَشفَعُ للعُصْبَةِ، ومنهم مَن يَشْفَعُ للرجلِ، حتى يدخلوا الجنةَ)[1] .

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا كەسانێك لەئوممەتەكەم هەن، كە تكـا (شـەفاعەت) لەخوای گەورە بۆ كۆمەڵە خەڵكی دەكەن، هەیانە تكا بۆ هۆزێك دەكات، هەیـانە تكا بۆ عوسبە (كەمتر لە٥٠ كەسە) دەكات، هەشیانە تكا بۆ یەك كەس دەكات تا

(١) ترمـذی (٢٤٤٠)، وە دەشـفەرموێ: (حسـن)ە، بەڵام ئەلبـانی لە (ضـعیف الترمـذي)دا دەفەرموێ: (ضعیف)ە.

دەچنە بەهەشتەوە.

(عبدالله ی کوڕی ئەبولجەدعاء) - خوای لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يدخلُ الجنَّةَ بشفاعَةِ رجُلٍ من أمَّتي أكثرُ من بني تميمٍ، قيلَ يا رسولَ اللَّهِ سواكَ؟ قالَ: سوايَ)[1] .

واتە: بەكەسێك لەئوممەتەكەم خەڵكانێكی زۆر تر لەهۆزی (بەنوتەمیم) دەچنە بەهەشتەوە، كە تكایان لەخوای گەورە بۆ دەكات، عەرزیان كرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! كەسێكی غەیری جەنابتە؟

فەرمووی: بەڵێ، كەسێكی غەیری خۆمە.

جابر - خوا لێی ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ بالشَّفاعَةِ كَأنَّهُمُ الثَّعارِيرُ، قُلتُ: ما الثَّعارِيرُ؟ قالَ: الضَّغابِيسُ)[2] .

واتە: كۆمەڵە خەڵكێك سەرەنجامی تكا (شەفاعەت) بۆكردنیان لەئاگری دۆزەخ دێنەدەرەوە، هەموو وەكو كولەكەی باریك و سیس لاوازبوون .

ئەنەس -خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (سألتُ رسولَ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أن يشفعَ لي يوم القيامة، فقال: أنا فاعل إن شاء الله، قلت: فأين أطلُبك؟ قال: أول ما تطلبني على الصراط، قلتُ: فإن لم ألقكَ على الصراط؟ قال: فاطلبني عند الميزان، قلتُ: فإن لم ألقك عند الميزان؟ قال: فاطلبني عند الحوض، فإني لا أخطئ هذه الثلاثة مواطن)[3].

---

(١) ترمذی (٢٤٣٨) و ئەشفەرموێ: (حسن صحيح الغريب)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە (صحيح)ی ناساندووە.

(٢) بوخاری (٦٥٥٨)، موسلیم (١٩١).

(٣) ترمذی (٢٤٣٣) و دەفەرموێ: (حسن غريب)، ئەلبانیش لە (صحيح سنن الترمذي) ←

واته: داوام لەپێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) كرد :كە لەڕۆژی قیامەتدا شەفاعەتم بۆ بكات.

فەرمووی: بەڵێ باشە، (إن شاء الله) دەیكەم.

عەرزم كرد: جا لەكوێ بەخزمەتت بگەم؟

فەرمووی: لەلای پردی سیڕات.

عەرزم كرد: ئەدی ئەگەر لەوێ بەخزمەتت نەگەیشتم؟

فەرمووی: لەلای تەرازووی كردەوە كێشانەوە.

عەرزم كرد: ئەدی ئەگەر لای تەرازووەكەش بەخزمەتت نەگەیشتم؟

فەرمووی: لای حەوزی (كەوسەر) دەمبینیت، چونكە من ئەو سێ شوێنە جێ ناهێڵم.

موغیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (شِعَارُ المؤمنينَ على الصراطِ يومَ القيامةِ: رَبِّ سَلِّمْ سَلِّمْ).[1]

واته: هوتافی موسوڵمانان لەڕۆژی قیامەتدا لەسەر پردی سیڕات ئەوەیە : كە دەڵێن: خوایە گیان بەسەلامەتی... بەسەلامەتی (بمانپەڕێنەرەوە).

خـــوای گەورە دەفەرمـــوێ: ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَٱلشَّيَٰطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا ﴿٦٨﴾ ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى ٱلرَّحْمَٰنِ عِتِيًّا ﴿٦٩﴾ ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِٱلَّذِينَ هُمْ أَوْلَىٰ بِهَا صِلِيًّا ﴿٧٠﴾ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾ ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴿٧٢﴾﴾ مريم: ٦٨ – ٧٢ .

(١٩٨١)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(١) ترمذی (٢٤٣٢)، ئیبنو حیببان ((٤٧٦/١)، ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع) دا بەژمارە (٣٣٩٨) دەفەرموێ: (ضعيف)ە.

واتە: سـوێند بەخـوای پەروەردگـارت، ئەوانەی نكـوڵی لەهەبـوونی ڕۆژی دوایی دەكەن و باوەڕیان پێی نیـیە لەگەڵ شـەیتانەكاندا كۆیانـدەكەینەوە (هەر كەسەو شەیتانەكەی خۆی لەتەكـدا دەبێـت)و، پاشـان هەموویـان لەسـەر چـۆك بەزەلیلی بەرامبەر دۆزەخ ڕادەگرین و، پاشـان لەهەر كۆمەڵێكیـان ئەوەیـان، كە زۆر خۆی بەئازا نیشاندەدا و دوژمنكارانە بەرهەڵستی دینی خوای دەكـرد لەنـاو هەموویاندا ڕادەفڕێنین.

ئینجا یەك بەیەك بەجۆرەها شێوەی زەلیلیی و سووكایەتیی پێكردن پۆلێنیـان دەكەین، خۆمان دەزانین كێ شایانترە لە پێشدا فڕێبدرێتە دۆزەخەوە، كێ دوای ئەو...

ئێوەش هەر یەكێكتان حەتمەن هەر دەبێ بێنە دۆزەخ و بیبینن، ئەمە بڕیاری حەتمی خوای گەورەیە و، هەر دەبێ جێبەجێ بكرێت، بەڵام دواتر ئەوانەی خۆیان لەشـیرك و كـوفر دەپاراسـت قوتـار دەكەیـن و، سـزای ئاگریـان بەرناكەوێـت، لێدەگەڕێین ستەمكاران، ئەهلی شیرك و كوفر، هەروا بەزەلیلی و لەسـەر چـۆك لەدۆزەخدا ڕاگیرێن و بمێننەوە.

حەوزی كەوسەر [1]:

ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێـڕێتەوە : كە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (تَرِدُ عَلَيَّ أُمَّتِي الحَوْضَ، وَأَنَا أَذُودُ النَّاسَ عنْه، كما يَذُودُ الرَّجُلُ إِبِلَ الرَّجُلِ عن إِبِلِهِ قالوا يا نَبِيَّ اللهِ أَتَعْرِفُنَا؟ قالَ: نَعَمْ لَكُمْ سِيما ليسَتْ لأَحَدٍ غيرِكُمْ تَرِدُونَ عَلَيَّ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِن آثَارِ الوُضُوءِ، وَلَيُصَدَّنَّ عَنِّي طَائِفَةٌ مِنكُم فلا يَصِلُونَ، فأقُولُ: يا رَبِّ هَؤُلَاءِ مِن أَصْحَابِي. فيُجِيبُنِي مَلَكٌ، فيَقولُ: وَهلْ تَدْرِي ما أَحْدَثُوا بَعْدَكَ؟)[2].

---

(١) لە كوردیدا هەر دەووترێت: حەوزی كەوسەر، چونكە یەكێك لە تەفسیری ((إنا أعطينـاك الكوثر)) ئەم حەوزەیە، بەڵام كوثر واتە: زۆر.

(٢) موسلیم (٢٤٧)، بوخاریش بەلەفزی جیاواز هێناویەتیەوە.

واتە: ئـوممەتەكەم دێـنە لام بـۆ سـەر حەوزی (كەوسـەر)، منـیش ڕێیـان پێدەدەم و لەخەڵكی تریان جیادەكەمەوە، هەر وەكـو، كە كەسـێك حوشـترەكانی خۆی لەحوشتری كەسێكی تر هەڵداوێرێت.

عەرزیان كرد: جا ئەی پێغەمبەر ی خوا ! دەماننناسیتەوە؟!

فەرمووی: بەڵێ، هەر یەكەتان سیمای موسوڵمانێتی پێوەدیار دەبێـت، منـیش بۆ غەیری ئێوە نابم، ئێوە كە دێنە سەرحەوزەكەی من، ناوچەوانتان سپی نورانیە و دەست و پێتان سپی و جوانە، بەهۆی ئاسەواری دەستنوێژ گرتنتـانەوە وادەبـن، كۆمەڵێك خەڵكی تر هەر هەوڵدەدەن بـگەنە حەوزەكە و نایـانهێڵن، زۆر تونـد و تیژانە ڕێیان لێدەگرن و ناگەنێ.

منیش دەڵـێم: خـوایە گیـان! ئەوانەش لەشـوێنكەوتوانی مـنن، فریشـتەیەك وەڵامـم دەداتەوە :كە ئـاخر جەنابـت نازانیـت دوای كـۆچی دواییـت، چ دیـد و ڕێبازێكی تریان گرتەبەر!

ئەبـو ذەڕ - خـوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : : (قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، ما آنِيَةُ الحَوْضِ؟ قالَ: وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بيَدِهِ لَآنِيَتُهُ أَكْثَرُ مِن عَدَدِ نُجُومِ السَّمَاءِ وَكَوَاكِبِهَا، أَلَا في اللَّيْلَةِ المُظْلِمَةِ المُصْحِيَةِ، آنِيَةُ الجَنَّةِ مَن شَرِبَ منها لَمْ يَظْمَأْ آخِرَ ما عليه، يَشْخَبُ فيه مِيزَابَانِ مِنَ الجَنَّةِ، مَن شَرِبَ منه لَمْ يَظْمَأْ، عَرْضُهُ مِثْلُ طُولِهِ، ما بيْنَ عَمَّانَ إلى أَيْلَةَ، مَاؤُهُ أَشَدُّ بَيَاضًا مِنَ اللَّبَنِ، وَأَحْلَى مِنَ العَسَلِ)[1] .

واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كرد: كە پەرداخەكانی حەوزی (كەوسەر) چۆنن؟

فەرمـووی: بەوەی گیـانی منـی بەدەسـتە، پەرداخەكـانی لەئـەستێرەی

(١) موسـلیم (٢٣٠٠)، ترمـذی (٢٤٤٥) بە كەمێـک جیـاوازی هێنـاویەتییەوە، ئەلبـانیش لە (صحيح الترمذي)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

گەشەدار و بێگەشەی ئاسمان زیاترن، لەوانەی، کە لەشەوێکی تاریکی هەساو (بێ هەور)دا دەردەکەون، هەر کەسێك پێیان بخواتەوە جارێکی تر تینووی نابێت، دوو پلوسکی لەسەرە، کە لەڕووباری بەهەشتەوە ئاویان بۆ دێت و لەو دووپلووسکەوە دەڕژێنە حەوزەکەوە، هەر کەسێك لەئاوی حەوزەکە بخواتەوە، ئیتر تینوو نابێتەوە.

پانی حەوزەکە وەکو درێژییەکەیەتی، ماوەی لایەکی بەقەدەر مەسافەی (عومان)ە تادەگاتە قودس (لەوڵاتی عومانی ئێستاوە بۆ فەڵەستین)، ئاوەکەی لەشیر سپیترە و لەهەنگوین شیرینترە!

ئەبو سەعید -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: (أَمَّا أَهْلُ النَّارِ الَّذِينَ هُمْ أَهْلُها، فإِنَّهُمْ لا يَمُوتُونَ فيها ولا يَحْيَوْنَ، ولَكِنْ ناسٌ أصابَتْهُمُ النَّارُ بذُنُوبِهِمْ، أوْ قالَ بخَطاياهُمْ، فأماتَهُمْ إماتَةً حتَّى إذا كانُوا فَحْمًا، أُذِنَ بالشَّفاعَةِ، فَجِيءَ بهِمْ ضَبائِرَ ضَبائِرَ، فَبُثُّوا علَى أنْهارِ الجَنَّةِ، ثُمَّ قيلَ: يا أهْلَ الجَنَّةِ، أفِيضُوا عليهم، فَيَنْبُتُونَ نَباتَ الحِبَّةِ تَكُونُ فِي حَمِيلِ السَّيْلِ، فقالَ: رَجُلٌ مِنَ القَوْمِ، كَأنَّ رَسولَ اللهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قدْ كانَ بالبادِيَةِ).[١]

واتە: ئەمما نیشتەجێیانی دۆزەخ، کە دۆزەخین وتێیدابوون، نەمردووبوون و نەزیندوو، بەڵام سەرەنجامی گوناحەکانی خۆیان خراونەتە دۆزەخەوە، بۆیە خوای گەورە فەرمانی مراندنیان دەدات و بەیەکجار هەموو دەمرن، کە دەبنە خەڵووز، ڕێگا دەدرێت شەفاعەتیان بۆ بکرێت.

ئیتر پۆل پۆل دەهێنرێن و هەڵدەدرێنە ناو ڕووبارەکانی بەهەشتەوە، پاشان دەووترێت: هۆ بەهەشتیەوانان! هاوکارییان بکەن، یارمەتیان بدەن بەخۆراك پێدانیان، ئیتر هەموو وەکو دانەوێڵەی کەنار ڕووبار دەڕۆن و دەبنەوە بەمرۆڤی ساغ ..

---

(١) موسلیم (١٨٥).

كابرايەك لەئەهلی كۆڕەكە وتی: هەر دەڵێی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) لەلادێ بووە ... (واتە شارەزایە، كە دانەوێڵەی كەنار ئـاو خێـرا و چـاك و ساغ دەڕوێت).

هەر ئەبو سەعید -خوا لێی رازی بێت - دەگێـڕێتەوە : ،كە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يَخْلُصُ المُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ، فيُحْبَسُونَ علَى قَنْطَرَةٍ بيْنَ الجَنَّةِ والنَّارِ، فيُقَصُّ لِبَعْضِهِمْ مِن بَعْضٍ مَظالِمُ كانَتْ بيْنَهُمْ في الدُّنْيا، حتَّى إذا هُذِّبُوا ونُقُّوا أُذِنَ لهمْ في دُخُولِ الجَنَّةِ، فَوالذي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بيَدِهِ، لَأَحَدُهُمْ أهْدَى بمَنْزِلِهِ في الجَنَّةِ منه بمَنْزِلِهِ كانَ في الدُّنْيا).[١]

واتە: موسوڵمانان لەئاگری دۆزەخ قوتـار دەبـن، بەڵام لەسـەر پردێكـی نێـوان بەهەشـت و دۆزەخـدا گیـردەدرێن، تـا هەر یەكەیـان لەپێشـێلكاریی مـاف پاكدەبێتەوە، ئەوی مافی لەسەرە دەیـداتەوە و ئەوی مـافی لەسـەر خەڵكـی تـرە دەیدرێتەوە.

ئیتر كە لەستەم و مافخۆری پاكـدەبنەوە و پـاڵفتە و خـاوێن دەبـن، ڕێگایـان پێدەدرێت بچنە بەهەشتەوە، بەو خوایەی گیانی(محمد)ی بەدەستە، هەر یەكەیان وادەچێتە جێ و ڕێی خۆی لەبەهەشتدا و، شارەزای ڕێگـاكەیەتی، زیـاتر لەوەی شارەزای چوونە ماڵەوەی بووە لەدنیادا.

ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (إنِّي لَأَعْلَمُ آخِرَ أهْلِ النَّارِ خُرُوجًا مِنْها، وآخِرَ أهْلِ الجَنَّةِ دُخُولًا، رَجُلٌ يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ كَبْوًا، فيَقولُ اللَّهُ: اذْهَبْ فادْخُلِ الجَنَّةَ، فَيَأْتِيها، فيُخَيَّلُ إلَيْهِ أنَّها مَلْأَى، فَيَرْجِعُ فيَقولُ: يا رَبِّ وجَدْتُها مَلْأَى، فيَقولُ: اذْهَبْ فادْخُلِ الجَنَّةَ، فَيَأْتِيها فيُخَيَّلُ إلَيْهِ أنَّها مَلْأَى، فَيَرْجِعُ فيَقولُ: يا رَبِّ وجَدْتُها مَلْأَى، فيَقولُ: اذْهَبْ فادْخُلِ الجَنَّةَ، فإنَّ لكَ مِثْلَ الدُّنْيا وعَشَرَةَ أمْثالِها أوْ: إنَّ لكَ مِثْلَ عَشَرَةِ أمْثالِ الدُّنْيا، فيَقولُ: تَسْخَرُ مِنِّي أوْ: تَضْحَكُ مِنِّي

---

(١) بوخاری (٦٥٣٥).

وأَنْتَ المَلِكُ، فَلقَدْ رَأَيْتُ رَسولَ اللَّهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) ضَحِكَ حتَّى بَدَتْ نَواجِذُهُ، وكانَ يقولُ: ذاكَ أدْنَى أهْلِ الجَنَّةِ مَنْزِلَةً)[١] .

واته: من دەزانم كۆتا كەسی دۆزەخـی، كه لێـی دێـتەدەرەوە و ، كۆتاكەسـی بەهەشتیی، كه دەچێته بەهەشتەوە: كابرایەك بەگاگۆلكێ/ لەسـەر ڕان و چنـگ لەدۆزەخ دێته دەرەوە، خوای گەورە پێی دەفەرموێ: بڕۆ، بچۆرە بەهەشتەوە!

ئەویش دێته بەهەشت و وادەزانێـت پـڕە لەخەڵـك و جێـی ئەونەمـاوە! بـۆیە دەگەڕێتەوە و دەڵێ: خوایە گیان! بینیم پڕە.

خـوای گەورە دەفەرمـوێ: بـڕۆ بچـۆرە هەشـتەوە، دێـتە بەهەشـت و هەر وادەزانێت پڕە لەخەڵك، بۆیە دەگەڕێتەوە و دەڵێ: خوایە گیان پڕە!..

خوای گەورە دەفەرموێ: بڕۆ، بچۆرە بەهەشتەوە بەقەدەر دنیا و دە ئەوەنـدەی دنیات هەبێت، یان دە ئەوەندەی دنیات دەبێت!

كابرا دەڵێ: خوایە گیان! گاڵتەم پێدەكەیت، كه تۆ دەسەڵاتداریت!

ئیبنو مەسعود دەفەرموێ: پێغەمبەری خوام (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بینـی واپێكەنی، كه خرێكانی دەركەوت!...

ئینجا فەرمووی: ئەوە كەمترین ئاستی بەهەشتیەوانانە، كه كەمترینی هەیە.

هەر ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كه پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (آخِرُ مَن يَدْخُلُ الجَنَّةَ رَجُلٌ، فَهْوَ يَمْشِي مَرَّةً، ويَكْبُو مَرَّةً، وتَسْفَعُهُ النَّارُ مَرَّةً، فإذا ما جاوَزَها التَفَتَ إلَيْها، فقالَ: تَبارَكَ الذي نَجَّانِي مِنْكِ، لقَدْ أعْطانِيَ اللَّهُ شيئًا ما أعْطاهُ أحَدًا مِنَ الأوَّلِينَ والآخِرِينَ، فَتُرْفَعُ له شَجَرَةٌ، فيَقولُ: أيْ رَبِّ، أدْنِنِي مِن هذِه الشَّجَرَةِ فَلأَسْتَظِلَّ بظِلِّها، وأَشْرَبَ مِن مائِها، فيَقولُ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: يا ابْنَ آدَمَ،

---

(١) بوخاری (٦٥٧١)، موسلیم (١٨٦)، ئیبنو ماجه (٣٥١٧).

لَعَلِّي إنَّ أعْطَيْتُكَها سَأَلْتَنِي غَيْرَها، فيَقولُ: لا، يا رَبِّ، ويُعاهِدُهُ أنْ لا يَسْأَلَهُ غَيْرَها، ورَبُّهُ يَعْذِرُهُ لأنَّهُ يَرَى ما لا صَبْرَ له عليه، فيُدْنِيهِ مِنْها، فَيَسْتَظِلُّ بظِلِّها، ويَشْرَبُ مِن مائِها، ثُمَّ تُرْفَعُ له شَجَرَةٌ هي أحْسَنُ مِنَ الأُولَى، فيَقولُ: أيْ رَبِّ، أدْنِنِي مِن هذِه لأَشْرَبَ مِن مائِها، وأَسْتَظِلَّ بظِلِّها، لا أسْأَلُكَ غَيْرَها، فيَقولُ: يا ابْنَ آدَمَ، ألَمْ تُعاهِدْنِي أنْ لا تَسْأَلَنِي غَيْرَها، فيَقولُ: لَعَلِّي إنْ أدْنَيْتُكَ مِنْها تَسْأَلُنِي غَيْرَها، فيُعاهِدُهُ أنْ لا يَسْأَلَهُ غَيْرَها، ورَبُّهُ يَعْذِرُهُ لأنَّهُ يَرَى ما لا صَبْرَ له عليه، فيُدْنِيهِ مِنْها فَيَسْتَظِلُّ بظِلِّها، ويَشْرَبُ مِن مائِها، ثُمَّ تُرْفَعُ له شَجَرَةٌ عِنْدَ بابِ الجَنَّةِ هي أحْسَنُ مِنَ الأُولَيَيْنِ، فيَقولُ: أيْ رَبِّ، أدْنِنِي مِن هذِه لأَسْتَظِلَّ بظِلِّها، وأَشْرَبَ مِن مائِها، لا أسْأَلُكَ غَيْرَها، فيَقولُ: يا ابْنَ آدَمَ، ألَمْ تُعاهِدْنِي أنْ لا تَسْأَلَنِي غَيْرَها، قالَ: بَلَى يا رَبِّ، هذِه لا أسْأَلُكَ غَيْرَها، ورَبُّهُ يَعْذِرُهُ لأنَّهُ يَرَى ما لا صَبْرَ له عليها، فيُدْنِيهِ مِنْها، فإذا أدْناهُ مِنْها فَيَسْمَعُ أصْواتَ أهْلِ الجَنَّةِ، فيَقولُ: أيْ رَبِّ، أدْخِلْنِيها، فيَقولُ: يا ابْنَ آدَمَ ما يَصْرِينِي مِنْكَ؟ أيُرْضِيكَ أنْ أُعْطِيَكَ الدُّنْيا ومِثْلَها معها؟ قالَ: يا رَبِّ، أتَسْتَهْزِئُ مِنِّي وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ؟ فَضَحِكَ ابنُ مَسْعُودٍ، فقالَ: ألا تَسْأَلُونِي مِمَّ أضْحَكُ فقالوا: مِمَّ تَضْحَكُ، قالَ: هَكَذا ضَحِكَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فقالوا: مِمَّ تَضْحَكُ يا رَسولَ اللهِ، قالَ: مِن ضَحِكِ رَبِّ العالَمِينَ حِينَ قالَ: أتَسْتَهْزِئُ مِنِّي وأَنْتَ رَبُّ العالَمِينَ؟ فيَقولُ: إنِّي لا أسْتَهْزِئُ مِنْكَ، ولَكِنِّي علَى ما أشاءُ قادِرٌ)[1] .

واتە: كۆتا كەس، كە دەچێتە بەهەشتەوە: پیاوێكە جارێك ئاسایی دەڕوات و جارێك بە دەمدا دەكەوێت و جارێك هەڵاوی گەرمی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت و ئازاری دەدات.

كاتێك تێپەڕی بەسەریدا و ڕزگاری بوو، ئاوڕێك دەداتەوە و سەیرێكی دۆزەخ دەكات و دەڵێت: بەخششی زۆرە ئەو پەروەردگارەی، كە منی لە تۆ ڕزگار كرد، بەڕاستی خوای پەروەردگار شتێكی بە من بەخشیوە، بە هیچ شێوەیەك بە كەسی نەبەخشیووە، نە پێشینان و نە كۆتاییان، لەو كاتەدا درەختێكی نیشان دەدرێت، ئەڵێت: ئەی پەروەردگار! لەم درەختە نزیكم بكەوە

(١) موسليم (١٨٧).

،با لەژێر سێبەرەکەی بحەوێمەوە، لە ئاوەکەی بخۆمەوە.

پەرەوەردگـار دەفەرمووێـت: ئەی نەوەی ئـادەم! ئەگەر ئەوەت پـێ ببەخشـم، داوای جگە لەمەش دەکەیت.

دەڵێت: نـا، ئەی پەروەردگـار! پەیمانـی پێـدەدات، کە داوای زیـاتر نەکـات، پەروەردگاریش عوزری لێ قبوڵ دەکات، چونکە ئەزانێ توانای ئارامگرتنی نییە لەسەری، لە درەخـتەکە نزیکـی دەکـاتەوە و لەبەر سـێبەرەکەی دەحەوێـتەوە و ئاوەکەی دەخواتەوە، پاشـان درەختێکـی تـری نیشـان دەدرێـت، جـوانترە لەوەی یەکەم، دەڵێت: ئەی پەروەردگار! لەو درەختە نـزیکم بـکەمەوە، بـا لە ئـاوەکەی بخۆمەوە و لەبەر سێبەرەکەی بحەوێمەوە، جگە لەمە داوای هیچی ترت لێناکەم!

پەروەردگـار دەفەرمووێـت: ئەی نەوەی ئـادەم ! ئەی پەیمانـت پـێم نەدا، کە داوای شتی تر نەکەیت؟!

دەفەرمووێت: ئەگەر لەم درەخـتەش نزیکـت بـکەمەوە، داوای شـتی تـریش دەکەیت، پەیمانی لێ وەردەگرێت داوای شتی تـر نەکـات، پەروەردگـار عـوزری قبوڵ دەکات، چونکە ئەزانێ توانـای ئـارامگرتنی نیـیە لەسـەری، لە درەخـتەکە نزیکی دەکاتەوە، لەبەر سێبەرەکەی دەحەوێتەوە، لە ئاوەکەی دەخواتەوە، پاشان درەختێکی تری نیشان دەدرێت لای دەرگـای بەهەشـت، لەهەردوو درەخـتەکەی پێشوو جوانتر، دەڵێت: ئەی پەروەردگار! لەم درەختەش نـزیکم بـکەمەوە، لەبەر سێبەرەکەی بحەوێمەوە، لە ئاوەکەی بخۆمەوە، داوای هیچی ترت لێناکەم!

پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم! ئایا پەیمانت پـێم نەدا، کە داوای هیچی تر نەکەیت؟

دەڵێت: بەڵێ، ئەی پەروەردگار! بەڵام تەنها ئەمە و داوای هیچی تر ناکەم.

پەروەردگار عوزری قبوڵ دەکات، چونکە ئەزانێ توانـای ئـارامگرتنی نیـیە لەسەری، لە درەختەکە نزیکی دەکـاتەوە، کاتێـک نزیکـی دەکـاتەوە، گـوێی لە

دەنگی خەڵکی بەهەشت دەبێت، دەڵێت: ئەی پەروەردگار! بمخە ناویەوە.

پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم! چیت دەوێت؟

کەی لە داواکردن ئەوەستیت؟

ئایا ڕازی دەبیت بە ئەندازەی هەموو دونیا و ئەوەندەی تریش پێت ببەخشم؟!

دەڵێت: ئەی پەروەردگار! ئایا گاڵتەم پێ دەکەیت لەکاتێکدا تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانییانی؟!

ئیبنو مەسعود پێکەنی، فەرمووی: ئایا پرسیارم لێناکەن بۆچی پێکەنیم؟

فەرموویان: بۆچی پێکەنیت؟ فەرمووی: بەم شێوەیە پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێکەنی.

پێیان فەرموو: ئەی پێغەمبەر ! بەچی پێکەنیت؟

فەرمووی: لە پێکەنینی پەروەردگاری جیهانیان، کاتێک بەندەکە وتی: ئایا گاڵتەم پێدەکەیت لەکاتێکدا تۆ پەروەردگاری هەموو جیهانییانی؟!

پەروەردگار فەرمووی: من گاڵتە بە تۆ ناکەم، بەڵکو توانام هەیە بەسەر ئەوەدا کە بمەوێت.

سەلمان -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ أَحَدٌ إِلَّا بِجَوَازٍ: بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، هَذَا كِتَابٌ مِنَ اللهِ لِفُلَانِ بْنِ فُلَان، أَدْخِلُوهُ جَنَّةً عَالِيَةً قُطُوفُهَا دَانِيَةً)[1] .

(١) تەبەڕانی لە (الكبير: ٨٨/٦) و لە (الأوسط : ٦٢/٧)، بەیهیقی لە (البعث والنشور: ٢٥٣)، هەروەها ئیبنولجەوزی لە (العلل المتناهية:٩٢٩/٢) هێناویەتییەوە و دەفەرموێ: (لا يثبت).

واتە: كەس بەبێ (بسم الله الرحمن الـرحيم) نـاچێتە بەهەشـتەوە، نـامەی بـۆ دەنووسرێت نامەیەك لەخوای گەورەوە دەربارەی فلانی كوڕی فـلان، بـا بچێـتە بەهەشتی باڵاوە، كە لێكردنەوەی بەرهەمی درەختەكانی ئاسانە.

ئەنەس -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمـووی: (آتِي بابَ الجَنَّةِ يَومَ القِيامَةِ فأسْتفْتِحُ، فيَقولُ الخازِنُ: مَن أنْتَ؟ فأقُولُ: مُحَمَّدٌ، فيَقولُ: بكَ أُمِرْتُ لا أفْتَحُ لأَحَدٍ قَبْلَكَ)[١] .

واتە: دێمە بەر دەرگای بەهەشت لەڕۆژی دواییدا داوا دەكەم دەرگا بـكەنەوە، دەرگاوانی بەهەشت دەپرسێت: جەنابت كێیت؟

دەڵێم: محمد (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

ئیتر دەفەرموێ: فەرمانم پێدراوە: بەجەنابت دەستپێبكەم بۆ كەسی تـر پـێش جەنابت ناكەمەوە.

ئەوەی لێرەدا زەرووره بیڵێین: كە لە (سلسلة الأساس في المـنهج) دا شـەرحی ئەم دەقانەی قورئان و سووننەتمان كـردووە و توێژنیەوەمـان لەسـەر كـردوون و دیدوڕای پێشەوایانی ئەهلی سووننەت و جەماعەتمان لەسەر هێناونەتەوە، لەوێ زۆر بـاس و شـیكار هەیە، كە حەزمـان نەكـرد لێـرەدا بهێنرێـنەوە، نەبـادا زۆر دوورودرێژ ببێتەوە و لەوبوارە دەربچێت، كە لێرەدا بۆی تەرخانكراوە، نەبادا لێرە بواری موناقەشەیەك بكەینەوە و، كات و جێ و ڕێشمان نەبێت وەڵام بـدەینەوە و بەڵگەشەرعییەكان خاڵبەند بكەین.

---

(١) موسلیم (١٩٧).

خاڵی دووەم: حاڵی دۆزەخییان و بەهەشتییان:

دۆزەخ و حاڵی ۆزەخیان:

باسی دۆزەخ:

خـــــوای گەورە دەفەرمـــــــوێ: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ٢٤﴾ البقرة: ٢٤ .

واتە: خۆتان لەو ئاگرەی دۆزەخ بپارێزن، کە سـوتەمەنیەکەی هەر جەسـتەی خەڵك و بەردە، کە بۆ کافران ئامادەکراوە.

﴿وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ٢٨ ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ مَا كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ٢٩ ٱنطَلِقُوٓاْ إِلَىٰ ظِلّٖ ذِي ثَلَٰثِ شُعَبٖ ٣٠ لَّا ظَلِيلٖ وَلَا يُغۡنِي مِنَ ٱللَّهَبِ ٣١ إِنَّهَا تَرۡمِي بِشَرَرٖ كَٱلۡقَصۡرِ ٣٢ كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٞ صُفۡرٞ ٣٣ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ٣٤ هَٰذَا يَوۡمُ لَا يَنطِقُونَ ٣٥ وَلَا يُؤۡذَنُ لَهُمۡ فَيَعۡتَذِرُونَ ٣٦ وَيۡلٞ يَوۡمَئِذٖ لِّلۡمُكَذِّبِينَ ٣٧ هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِۖ جَمَعۡنَٰكُمۡ وَٱلۡأَوَّلِينَ ٣٨ فَإِن كَانَ لَكُمۡ كَيۡدٞ فَكِيدُونِ ٣٩﴾ المرسلات: ٢٨ – ٣٩ .

واتە: وەیل (دۆڵێکی دۆزەخیانە، شێوازێکی ئەشکەنجەیە) بۆ ئەو کەسانەیەو کە دینـــی خـــوای گەورە و نێرراوانـــی بەدرۆدەخەنەوە، کە لەڕۆژی قیامەتـــدا پێیاندەووترێت: بڕۆن سزای ئەو دید و هەڵوێستە دوژمنکاریەتان وەربگرن، بڕۆن ئەوە بەچاوی خۆتان ببینن، کە دەتانووت: نیـیە و نابێـت، بـڕۆنە نـاو ئەوسـێبەرە ستیکەی دۆزەخ، کە هەر ناوی سێبەرە، دەنا نەسـایەیەکی بـۆ حەوانەوە تێـدایە، نەگڕ و کڵپە و دوکەڵی دۆزەخ دەگێڕێتەوە : ...

سایەیەکی بێ سایەی خودی دۆزەخە، کە هیچ داد نـادات و، هـیچ سـودێکی بەهیچ شێوەیەك نیـیە، بـڕواننە دۆزەخ، کە هەر پڕیشـکێك ئـاگر، کە دەیهاوێـت بەقەدەر کۆشکێکی گەورە دەبێت... دەڵێی حوشـتری زەردبـاوە.. هەی وەیـل بـۆ ئەو کەسانەی، کە دینـی خـوا بەدرۆ دەخەنەوە.. ئەمەتـا، ئەمە ڕۆژی قیـامەتە و

واقیعــێكه و تێیــدان، نوتقیــان بەســتراوە و یەك ورتەیــان لێوەنــایەت، ڕێیــان پێنادرێت بكەونە هێنانەوەی عوزری هیچ و پووچ و بەهانەی ساختە..

هیچ عوزرێكیــان نیــیە.. ئیقــامە حــوجـجە (بەهــانە بڕین)یــان لەســەركراوە و تەواوبووە.. هەی وەیل بۆ ئەو كەسانەی، كە دینی خوا گەورە بەدرۆ دەخەنەوە..

هەی تاوانبارینە! ئەوەتا ئەمە ڕۆژی دواییە،كە دەمانووت: ڕۆژی هەڵاوێردنی چاكە و خراپە و دیاریكردنی پاداشت و سزا و حوكمی خەڵات و سزایە.. ئەوەتا وا هەموتانمان لێ كـۆكردۆتەوە: ئێــوەش و ئەوانەی پــێش ئێــوەش.. هەر هەموتــان موحاسەبە دەكرێن و حوكمتان ڕۆشن بۆ دەردەچێت..

فەرمــــوون ،ئەگەر هەنجەتێكتـــان هەیە، كە ئێـــوە لەســـەر حەق بـــوون، بیخەنەڕوو... چما دەتوانن؟

هیچتان هەیە؟

نەخێر، بەهیچ شێوەیەك.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ٦ ﴾ التحريم: ٦ .

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ! خۆتان و ماڵ و منـداڵتان لەئـاگری دۆزەخ كەنــاردەن، ئــاگری دۆزەخ ســوتەمەنییەكەی، هەر جەســتەی خەڵكــی و بەردە، ئەو فریشتانەی سەرپەرشتیارین، هەموو توند و تیژ و دڵڕەقن، سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە ناكەن، هەر فەرمانێكیان پێبدرێت جێبەجێیدەكەن.

﴿ إِنَّ لَدَيۡنَآ أَنكَالٗا وَجَحِيمٗا ١٢ وَطَعَامٗا ذَا غُصَّةٖ وَعَذَابًا أَلِيمٗا ١٣ ﴾ المزمل: ١٢ – ١٣ .

واتە: ئێمە جۆرەهـا كـۆت و زنجیرمـان هەیە، جۆرەهـا جـێهان لەدۆزەخـدا بـۆ ئەشكەنجەدانی كـافران هەیە... سـزای بەژانمـان هەیە... خۆراكێـك دەخـۆن، كە لەگەروویان ناچێتە خوارێ.

﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سَقَرُ ٢٧ لَا تُبۡقِي وَلَا تَذَرُ ٢٨ لَوَّاحَةٞ لِّلۡبَشَرِ ٢٩ عَلَيۡهَا تِسۡعَةَ عَشَرَ ٣٠﴾ المدثر: ٢٧ – ٣٠ .

واته: تـۆ چوزانیـت سـەقەر (دوزەخ) چـۆنە؟ دۆزەخ بكـوژی مەمـرە.. هەر كەسـێكی تێكەوێـت دەیكـات بەسـوتوو... هیچـی لـێ نـاهێڵێتەوە... بەڵام سـەرلەنوێش بـۆ ئەشـكەنجەدانەوە زینـدوو دەكـرێتەوە... دۆزەخ كـوورەی ئاگرتێبەردانی مرۆڤە... نۆزدە فریشتەی بەهێز و توندوتیژی بەسەرەوەیە.

﴿يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ ٣٠﴾ ق: ٣٠ .

خوای گەورە وەكو كە بڕیاریدابوو: كە دۆزەخ پڕەكات لە تاوانبارانی مرۆڤ و جنۆكە، لەدۆزەخ دەپرسێت: پڕبوویت؟

دۆزەخ دەڵێ: هی ترماوە؟!

ئەبو هورەیرە -خوای رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (نارُكُمْ هذِه الَّتي يُوقِدُ ابنُ آدَمَ جُزْءٌ مِن سَبْعِينَ جُزْءًا، مِن حَرِّ جَهَنَّمَ قالوا: واللَّهِ إنْ كانَتْ لَكافِيَةً يا رَسولَ اللهِ، قالَ: فإنَّها فُضِّلَتْ عليها بتِسْعَةٍ وسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّها مِثْلُ حَرِّها)(١) .

واته: ئەو ئـاگرەی بەنـی ئـادەم دایئەگریسـێنێت، بەشـێكە لە حەفتـا بەشـی گەرمی دۆزەخ، هاوەڵان فەرموویان: سـوێند بەخـوا، هەر ئـاگری دونیـاش بەسـە (بەسە بۆ سوتان و ترساندن).

پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئـاگری دۆزەخ بە شەسـت و نـۆ بەش زیاترە لە ئاگری دونیا، هەر بەشێكیشی وەكو ئاگری دونیا گەرمە.

ئەبو سەعیدی خودری -خوا لێی رازی بێت - دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (لسرادقُ النَّارِ أربعةُ جُدُرٍ، كِثَفُ

---

(١) موسلیم (٢٨٤٣)، بوخاریش(٣٢٦٥) بە لەفزی جیاواز.

كلِّ جدارٍ مسيرةُ أربعين سنةً)[١] .

واتە: چوار شوڕا دەوری دۆزەخیان داوە، پتەوی هەر شوڕایەك بەقەد چل ساڵ ڕێ كردنە.

ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـه وَسَـلَّمَ) فەرمووی: (يُـؤْتَى بالنَّـارِ يَومَئـذٍ لها سَبْعُونَ أَلْـفَ زِمـامٍ، مـع كُلِّ زِمامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَها)[٢] .

واتە: لەڕۆژی دواییدا، كە دۆزەخ دەهێنرێت، حەفتا هەزار جڵەوی لێ بەستراوە، هەر جڵەوێك حەفتا هەزار فریشتە ڕایدەكێشێت.

ئەنەس -وا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا تَزالُ جَهَنَّمُ يُلْقَى فيها وتَقُولُ: هلْ مِن مَزِيدٍ، حتَّى يَضَعَ رَبُّ العِزَّةِ فيها قَدَمَهُ، فَيَنْزَوِي بَعْضُها إلى بَعْضٍ وتَقُولُ: قَطْ قَطْ، بعِزَّتِكَ وكَرَمِكَ، ولا يَزالُ في الجَنَّةِ فَضْلٌ حتَّى يُنْشِئَ اللَّهُ لها خَلْقًا، فيُسْكِنَهُمْ فَضْلَ الجَنَّةِ)[٣] .

واتە: بەردەوام خەڵكی كافر و تاوانبار دەخرێنە دۆزەخەوە و دۆزەخ هەر دەڵێ: بابێت، تا ئەو كاتەی خوای بەدەسەڵات پێیەكی پێدادەنێت، ئیتر وێك دێتەوە و گرمۆڵە دەبێت و دەڵێ: بەسمە وكۆتاییی... بە دەسەڵات و ڕێزت بەس..

بەهەشتیش هەر خەڵكی دەخرێتە ناوو هێشتا شوێنی زۆری بەتاڵی تێداماوە، تا خوای گەورە خەڵكانێكی تری بۆ خەلق دەكات و لەوێ نیشتەجێیان دەكات.

---

(١) ترمذی (٢٥٨٤)، ئەلبانی لە (ضعيف الترمذي)دا دەفەرموێ: (ضعيف)ە.

(٢) موسلیم (٢٨٤٢)، ترمذی (٢٥٧٣).

(٣) موسلیم (٢٨٤٨)، بوخاری (٧٣٨٤).

باسی دۆزەخیان:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمۡ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقۡضَىٰ عَلَيۡهِمۡ فَيَمُوتُواْ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ كَفُورٖ ٣٦ وَهُمۡ يَصۡطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخۡرِجۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ أَوَلَمۡ نُعَمِّرۡكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُۖ فَذُوقُواْ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ٣٧ ﴾ فاطر: ٣٦ – ٣٧ .

واتە: ئەوانەی كە دیدوڕێی كوفریان لەدنیادا گرتەبەر دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، نەئەوەیە حوكمی مردنیان بۆ دەرچێت و لەئەشكەنجە و ئازار رزگاریان بێت و بحەوێنەوە، نەئەوەشە بۆ ساتە وەختێكی كەمیش ژان و ئازاریان لەسەر كەم بكرێتەوە.

ئەمە سزای هەموو كافرێكە.. جا لەو ئاگرە كەوا هاواریان لێ بەرز دەبێتەوەو دەكەونە واوەیلا و ناڵە و شین شەپۆڕ.. هاوار دەكەن: خوایە گیان! رزگارمان بكە، لێرە دەرمانبهێنە و قوتارمان بكە، شەرت بێت ئیتر هەر كردەوە چاكەكان بكەین، كە فەرمانت پێداون، هەرگیز ناگەڕێینەوە سەر ئەو كردارە خراپانەی دەمانكردن.

جا پێیان دەووترێت: چما تەمەنێكی زۆرمان نەدابوونێ و كاتێكی تەواوتان لەبەردەستدانەبوو؟ كاتێ بیركردنەوە و تێفكرینتان نەبوو؟ مەگەر نێرراوی خواتان بۆ نەهات و هۆشداری نەدانێ؟

بەدیی... دەی سا بیچێژن، ئەمڕۆ ستەمكاران هیچ پشتیوانێكیان نابێت.

هەروەها: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوۡفَ نُصۡلِيهِمۡ نَارٗا كُلَّمَا نَضِجَتۡ جُلُودُهُم بَدَّلۡنَٰهُمۡ جُلُودًا غَيۡرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمٗا ٥٦ ﴾ النساء: ٥٦ .

واتە: ئەوانەی، كە باوەڕیان بەئایەتەكانی وەحی ئێمە نەهێنا و كافربوون لەداهاتوودا دەیانخەینە ئاگری دۆزەخەوە، جا هەر كاتێك پێستی لەشیان هەڵقرچا

،پێستێکی تریان بەبەردادەکەینەوە، تا زیاتر ژان و ئـازاری ئەشـکەنجەبچێژن... خوای گەورە بەدەسەڵات و دانایە.

﴿قَالَ ٱدۡخُلُواْ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ فِي ٱلنَّارِۖ كُلَّمَا دَخَلَتۡ أُمَّةٞ لَّعَنَتۡ أُخۡتَهَاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعٗا قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ٣٨﴾ الأعراف: ٣٨ .

واتە: خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا بە کافرەکانی قورەیش دەفەرموێ: ئێوەش بچنە ڕیزی ئەو کافرانەی پێش ئێوەهاتن و چوون و لەجنۆکە بووبن، یان لەمرۆڤ و هەموتان بچنە دۆزەخەوە...

جـا هەر کۆمەڵێکیـان دەچـنە ئـاگرەکەوە نەفـرین لەکـۆمەڵانی پێشـخۆیان دەکەن، کە بۆچی گومڕاتان کردین و ئێمەتان بەو چارەنووسـە بەدە گەیانـد... تـا ئەو کاتەی هەر هەموویـان لەدۆزەخـدا کـۆدەکرێنەوە، ئینجـا شـوێنکەوتووەکان بەسەرکردە و پێشڕەوان و ئاڕاستەوانانی خۆیان دەڵێن: خەتای ئێوەبوو وامان لـێ بەسەرهات..

دەی سـا خوایەگیـان! مـادام ئەوان ئـاوا ئێمەیـان گـومڕاکرد، خـوایە ژان و ناسۆرو ئازاری دۆزەخیان بۆ دوو بەرابەربکە.

خوای گەورە دەفەرموێ: بـۆ هەر دوولاتـان هەر دوو بەرابەر دەکرێـت، بەڵام ئێوە نازانن و پەی پێنابەن، ئینجا پێشڕەو و ئاڕاستەوانەکان بەوانی تر دەڵێن، جـا کەئێوە بەهۆی ئێمەوە کافر بوون، مانای ئەوە نییە لەئێمە چاکترن، یـان پیـاوەتی و چاکەتان بەسەر ئێمەوە هەبێت!

ئێمە و ئێوە هەروەکو یەکین ... خوای گەورە پێیان دەفەرموێ: هەردوولاتـان ئازار و ژانی سزا بچێژن، کە بەهۆی ڕەفتاری خۆتانەوە هاتۆتەڕێتان.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمۡ فِيهَا زَفِيرٞ وَشَهِيقٌ ١٠٦ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ١٠٧﴾ هود: ١٠٦ – ١٠٧ .

واتە: لەڕۆژی دواییدا ،كە خەڵكی دەبنە دوو پۆلی بەختەوەر و كلۆڵ... ئەما ئەوانەی، كە كلۆڵ كەوتوون ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخدان، كە هەم ناڵە و دەنگی بڵندی لێوەدێت، هەم دەنگی نزم، بەنەمری لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە... بەقەدەر ماوەی تەمەنــی ئاسـانەكان و زەوی، كە لەدنیـادا مـانەوە (ملیۆنەهـا سـاڵ)، تـا ئەوكاتەی خوای گەورە بیەوێت بیگۆڕێـت، یـان كۆتـایی پـێ بهێنێـت... خـوای پەروەردگارت بەدەسەڵاتە و هەر چییەكی بوێت بۆی دەكرێت.

﴿وَتَرَى ٱلۡمُجۡرِمِينَ يَوۡمَئِذٖ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلۡأَصۡفَادِ ٤٩ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٖ وَتَغۡشَىٰ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ ٥٠﴾ إبراهيم: ٤٩ ٥٠ .

واتە: كـافرە تاوانبارەكـان دەبینیـت، كە لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیـامەت) لەگەڵ شەیتانەكانیاندا كۆت و زنجیر كراون و پێكەوە بەسـتراونەتەوە (یەك حوكمیـان وەرگرتـووە!)، پۆشـاكی بەریـان قەتـرانە (كە زۆر زوو گـڕ دەگرێـت و درەنـگ دەكوژێتەوە) و كڵپەی ئاگر بەرەو سەر و دەموچاویان بڵێسە دەكات.

﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ بِئۡسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا ٢٩﴾ الكهف: ٢٩ .

واتە: ئێمە ئـاگرێكان بـۆ كافرەكـان كـردووە بەسـزای كـوفر و تاوانیـان ،كە كڵپەو بڵێسەی لەهەر چوار لاوە دەوری داون، كە هاناو هـاوار دەبەن تـا ئاویـان فریـابخەن، ئـاوێكی زۆر جۆشـیان دەدرێتــێ، كە وەكـو ڕۆنــی قرچـاو ،هەر كە دەمیان نزیك دەكرێتەوە ڕوویان دەبرژێت بەتینـی، بەڕاسـتی ئـاگرێكی دژوار و سامناكەو چارەنووسێكی سەختە، كە سۆز و نەرمونیانی لێبڕاوە.

﴿ وَلِلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ۝٦ إِذَآ أُلْقُواْ فِيهَا سَمِعُواْ لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ ۝٧ تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَآ أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ۝٨ قَالُواْ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ كَبِيرٍ ۝٩ ﴾ الملك: ٦ – ٩ .

واتە: سـزاو ئەشـكەنجەی دۆزەخ و چارەنووسـی بەد بـۆ ئەو كەسـانەیە،كە باوەڕیان بەخوای پەروەردگاریان نەهێناوە، جا كاتێك كە هەڵـدەدرێنە نـاو ئـاگرە سـەختەكەیەوە، دەبیـنن ئـاگرەكە (وەكـو ئـاگرپژێن: بورکـان) قوڵـپ دەدات و دەكوڵێت، هەڵم وهەڵاوێكی لێـدەردەچێت، كە هەناسـە دانەوەی ڕق وتـووڕەییە، كە خەریكە لەڕقاندا بتەقێتەوە و پارچە پارچە ببێـت، ئەوەنـدە لەكـافران تـووڕە بووە، چاوەڕێی هەلی داخ پێڕشتنیانە...

هەر پـۆلە تاوانبـارێكی تێفڕێـدەدرێت، لێیـان دەپرسـێت: ئەدی لەدنیـادا هۆشدەرتان بۆ نەهات؟ كەس نەبوو ئاگادارتان بكاتەوە لەم ڕۆژە؟!

دەڵێن: بەدیی.. هاتن و هەواڵیان داینێ، حەزەریان داینێ، بەڵام ئێمە بەدرۆمان خستنەوە و وتمان: شتی وانییە، وتمان: خوای گەورە وەحی بۆ كەس نەنـاردووە/ ئێوە لەسەرچاوەی وەحی خواییەوە، ئامۆژگـاری ئـێمە نـاكەن، هەر لەخۆتـانەوە وادەڵێن، ئێوە خۆتان لەگومڕاییەكی زەق و دیاردان!

﴿ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغْلَٰلًا وَسَعِيرًا ۝٤ ﴾ الإنسان: ٤ .

واتە: ئێمە زنجیرو كۆتمان بۆ كافران ئامادە كردووە، تا پێیـان ببەسـترێنەوە و ڕابكێشرێنە دۆزەخەوە.. دۆزەخیشمان بۆ لەخوایاخییان ئامادەكردووە.

﴿ إِنَّ جَهَنَّمَ كَانَتْ مِرْصَادًا ۝٢١ لِّلطَّٰغِينَ مَـَٔابًا ۝٢٢ لَّٰبِثِينَ فِيهَآ أَحْقَابًا ۝٢٣ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ۝٢٤ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا ۝٢٥ جَزَآءً وِفَاقًا ۝٢٦ إِنَّهُمْ كَانُواْ لَا يَرْجُونَ حِسَابًا ۝٢٧ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا كِذَّابًا ۝٢٨ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ كِتَٰبًا ۝٢٩ فَذُوقُواْ فَلَن نَّزِيدَكُمْ إِلَّا عَذَابًا ۝٣٠ ﴾ النبأ: ٢١ ٣٠ .

واتە: بەڕاسـتی دۆزەخ چـاوەڕێیە و چـاوی لە ڕێـیە، لەسـەر ڕێـی كـافرانە،

دوامەنزڵــی ســنوور بەزێنــانە و حەتمەن دەچــنە نــاوی و هەتاهەتــایی تێیــدا دەمێننەوە..

نەخەو و حەوانەوەیان تێیدا دەبێت، نەخۆراك و خواردنەوەیەك، كە ئاهێكیان بكاتەوە بەبەردا.. هەرچی دەیاندرێتی بیخۆنەوە، هەر ئـاوی داخ و جۆشـە، یـان كێم وخوێناوی تكاوی جەستەی ئەشكەنجەدراوانی دۆزەخیانی ترە..

ئەوە سـزایانە و دەبـێ تێیـدا بمێنـنەوە، پڕاوپـڕ بەرامـبەر دیـد و هەڵوێسـتی دوژمنكارانەی خۆیانە، ئەوان لەدنیادا باوەڕیان بەهاتنی قیامەت نەبوو، ترسـیان لە لێپرسـینەوە و موحاسـەبەكردنیان نەبـوو، پەیـامی خوایـان زۆر دوژمنـدارانە بەدرۆ دەخســتەوە و، هەڵوێســتی دژیــان بەرامــبەر ئامۆژگــاری و ئاڕاســتەی خواناسان گرتبووە بەر..

ئێمە هەر هەموو نییەت و دیـد و بـزاوت و هەڵوێسـتێكیانمان، وەكـو خـۆی پاراســتووە، هەمــوویان لەتیانوسـدا تۆمــار كــردووە، لە (لەوحولمەحفــوز)دا نوسیومانن، هەموومان بۆ هەڵگرتبـوون، تـا لەڕۆژی قیامەتـدا ئـاوا بەچاویانـدا بـــدرێتەوە، كە ئەوە ئێـــوە و دیـــد و هەڵوێســـتان بـــوو، ئەمەش ئـــێمە و پرسینەوەوسزامان.. دەی سا بیچێژن تا دێت سزا و ئازار و ژانتان زیاتر دەكەین.

﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ١ وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٍ خَٰشِعَةٌ ٢ عَامِلَةٞ نَّاصِبَةٞ ٣ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ ٤ تُسۡقَىٰ مِنۡ عَيۡنٍ ءَانِيَةٖ ٥ لَّيۡسَ لَهُمۡ طَعَامٌ إِلَّا مِن ضَرِيعٖ ٦ لَّا يُسۡمِنُ وَلَا يُغۡنِي مِن جُوعٖ ٧﴾ الغاشية: ١ – ٧ .

واتە: ئایا هەواڵی ڕۆژی قیامەتت پێگەیشتووە، كە ترس و بیم و تۆقین لێـی هەموو مەخلوقاتێك دادەگرێت و دایاندەپۆشێت؟

لەو ڕۆژەدا خەڵكانێك هەن چاوشۆڕ و زەلیل و ڕسوا دەبن، هیلاك و ماندوون و شەتەكدراوی كۆت و زنجیریشن.. فڕێدەدرێنە ناو ئاگری بەكڵپەوە، ئـاوی داخ و جۆشیان بەگەروودا دەكرێت، غەیری دڕك و داڵ، خۆراكێكی تریان نادرێتێ ..

(دڕكێـك كە حوشـتریش لەدنیـادا نەیـدەخوارد: ضریـع: عـاقول،) كە دەشـیخۆن نەسوودی بۆ جەستەیان دەبێت و نەتێریان دەكات.

﴿وَجِاْىٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ يَوۡمَئِذٖ يَتَذَكَّرُ ٱلۡإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكۡرَىٰ ٢٣ يَقُولُ يَٰلَيۡتَنِي قَدَّمۡتُ لِحَيَاتِي ٢٤ فَيَوۡمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ ٢٥ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ ٢٦﴾ الفجر: ٢٣ ٢٦ .

واتە: لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێنرێتە پێش و ئامادە دەكرێـت... دەبێـتە واقیـع و دەبینرێت، بۆیە مرۆڤی كافر ئەوكاتە بەهۆش دێتەوە، كە چی بەخۆی كرد!

چ چارەنووسـێكی بەسـەرخۆیدا هێنـا، بیردەكـاتەوە، بەڵام بیركـردنەوە و هۆشهاتنەوەی ئەو ساتەوەختە، هیچ سوودێكی بۆی نابێت ..

پەشیمانە و هەر دەڵێ: خـۆزگە بـاوەڕم بهێنابـایە و لەدنیـادا كـردەوەی چـاكم بكردبایە.. خۆزگە ڕێگایان بدامایە و بگەڕامایەتەوە بۆ دنیا، تا دیـن و دینـداریی بگـرمەبەر.. بەڵام تـازە لەدەسـتچوو.. خـوای گەورە نایـداتەوە بەكەس و خـۆی موحاسەبەی دەكات و خۆی وا سزای دەدات، كە كەسێكی تری وا سزانەدابێت.

﴿كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩﴾ الهمزة: ٤ – ٩ .

واتە: ئەم مرۆڤە كافرە ملهوڕەی، وایەزانی سەروەت و سامانی تەمەنی درێژ دەكەن و نـایەتەوە بەردەسـتیان.. نـا، نەخێـر دێـتەوە و فڕێـدەدرێتە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە ،كە هەرچی تێبكەوێت، تێكیدەشكێنێت، تۆ چوزانیت ئەو تێكشـكانە چۆنە؟!

ئەوە هەر بەئاگرێكی كڵپەداری وایە، كە لەهەر چوارلاوە دەوری داون.

خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿لَوۡ يَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ حِينَ لَا يَكُفُّونَ عَن وُجُوهِهِمُ ٱلنَّارَ وَلَا عَن ظُهُورِهِمۡ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ٣٩﴾ الأنبياء: ٣٩ .

واتە: ئەو كافرانە دەڵێن: دەی سا با خواكەت غەزەبمـان لێبگرێـت و سـزامان

بدات، ئەگەر دەیانزانی لەڕۆژی دوایدا چییان لێبەسەر دێت، وایان نەدەوت.. ئەگەر دەیانزانی، كە چۆن كڵپەی ئاگر شاڵاو بۆ ڕوویان دەهێنێت و پشتەوەیان لێدەگرێت، كە ناتوانن خۆیانی لێبپارێزن، وایان نەدەوت!

﴿ فَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ قُطِّعَتۡ لَهُمۡ ثِيَابٞ مِّن نَّارٖ يُصَبُّ مِن فَوۡقِ رُءُوسِهِمُ ٱلۡحَمِيمُ ١٩ يُصۡهَرُ بِهِۦ مَا فِي بُطُونِهِمۡ وَٱلۡجُلُودُ ٢٠ وَلَهُم مَّقَٰمِعُ مِنۡ حَدِيدٖ ٢١ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ٢٢ ﴾ الحج: ١٩ – ٢٢ .

واتە: ئەوانەی دیدوڕێی كوفریان گرتە بەر، پۆشاكی ئاگرینیان بەبەردادەكرێت (لەهەموو لایەكەوە گەمارۆیان دەدا و پێیانەوە دەبسكێت)، لەسەریشەوە ئاوی داخ و جۆشیان بەسەردا دەكرێت (كە نە ئاوەكە ئاگرەكە دەكوژێنێتەوە و نە ئاگرەكەش ئاوەكە دەكات بەهەڵم)، بە شێوەیەك دەخرێنە بەرتینی گەرمی، كە هەرچی ناخ و هەناویان هەیە بتوێتەوە و پێست وگۆشتیان ببرژێت ..

سەرباری ئەوەش چەكوشی ئاسن بەسەریاندا دەكێشرێت.. هەر كاتێكیش كەلەتاواندا هەوڵیاندا خۆراپسكێنن و خۆقوتاربكەن دەگێڕرێنەوە و دەهێنرێنەوە ناو هەمان ئەشكەنجە و ژان وخەم و خەفەتەوە، پێیان دەووترێت: هەر دەبێت كۆتا پلەی سوتان و برژان و داپڵۆخین بچێژن [(١)].

﴿ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ١٠٣ تَلۡفَحُ وُجُوهَهُمُ ٱلنَّارُ وَهُمۡ فِيهَا كَٰلِحُونَ ١٠٤ ﴾ المؤمنون: ١٠٣ – ١٠٤ .

واتە: هەر كەسێك سەرەنجامی زۆریی و كەڵەكەبوونی گوناحەكانی، تای

---

(١) نموونەی بچووك و ئاسان(!)ئەم حاڵەتە ئەوەیە: كە كۆمەڵێك كەس یان كەسێك دەكەوێتە بەر ناپاڵمێك، كە (٤٠٠،٠٠٠) پلەی گەرمیە و پارچە ئاسن وەكو چەكوشە ئاسنە، كە بەردەكەوێت!

تەرازووی چاكەكانی سووك بوو بوو (چونكە تای بەرامبەر زۆر قورس بووە) ئەوە ئەوانەن كە خۆیان دۆڕاندووە، زیانیان لە خۆیانداوە، لەدۆزەخ دا بەنەمری دەمێننەوە، شاڵاوی ئاگری دۆزەخ ڕوویان هەڵدەقرچێنێت، بەشێوەیەك سامناك دەبن لچیان بۆ سەرەوە هەڵدەگەڕێتەوە (ئەنجامی سوتاندنی) و لێویان بۆ خوارێ.. لچ و لێویان برژاوە و دانەكانیان زەق دەركەوتوون.

﴿ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴿١١﴾ إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ﴿١٢﴾ وَإِذَآ أُلْقُوا۟ مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا۟ هُنَالِكَ ثُبُورًا ﴿١٣﴾ لَّا تَدْعُوا۟ ٱلْيَوْمَ ثُبُورًا وَٰحِدًا وَٱدْعُوا۟ ثُبُورًا كَثِيرًا ﴿١٤﴾ ﴾ الفرقان: ١١ – ١٤ .

واتە: بۆ ئەو كەسانەی هاتنی ڕۆژی دواییان بەدرۆ دەخستەوە، ئاگرێكی زۆر سەخت و دژوارمان بۆ داناون، هەر كە ئاگرەكە ئەو كافرانە لەدوورەوە دەبینێت، وەكو كەسێكی زۆر تووڕە بوو گوێیان لەهەناسەدانەوەی بەكڵپەی ئاگرەكە دەبێت، كە لەگەڵ لرفەلرف كردنی سوتانی خۆیدا، وەكو بەشەریش – هەناسەی پەنگ خواردووی تووڕەبوون دەردەبڕێت...

جا كە ئەو كافرانە كەكۆت و زنجیركراون، بەلێشاو فڕێدەدرێنە جێیەكی تەنگە بەرەوە هەر لەدۆزەخدا، لەناڕەحەتی خۆیاندا دوعا لەخۆیان دەكەن تا بمرن، ڕۆحیان دەرچێت و قوتاربن... بەڵام نەدەمرن و نەحاڵەتەكەشیان لەسەر سووك دەبێت، پێیان دەووترێت: ئەمڕۆ داوای جۆرێكی مردن مەكەن.. داوای هەر هەموو جۆرەكانی مردنیش بكەن هەر بێ سوودە، چونكە دەبێت هەر لەوحاڵەتەدا بمێننەوە و نەمرن.

﴿ يَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٤﴾ يَوْمَ يَغْشَىٰهُمُ ٱلْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا۟ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٥٤ – ٥٥ .

واتە: پەلەت لێدەكەن، كە زوو داوا بكەیت خوای گەورە بیانخاتە بەر غەزەبی خۆی و سزایان بدات، نازانن ،كە ئاگری دۆزەخ چۆن گەمارۆیان

دەدات... ڕۆژێك دێت (كە ڕۆژی دواییە) ،كە ئەشكەنجە و ئازار بیانگرێتەوە، وادایانپۆشێت كە لەسەر سەر و لەژێر پێیانەوە تینی ژان و ئازاریان بۆ بێت... جا پێیان دەوترێت دەبیچێژن .. ئەمەیە ئەنجامی ئەو ڕەفتارانەی لەدنیادا دەتانكرد.

﴿أَذَٰلِكَ خَيۡرٞ نُّزُلًا أَمۡ شَجَرَةُ ٱلزَّقُّومِ ٦٢ إِنَّا جَعَلۡنَٰهَا فِتۡنَةٗ لِّلظَّٰلِمِينَ ٦٣ إِنَّهَا شَجَرَةٞ تَخۡرُجُ فِيٓ أَصۡلِ ٱلۡجَحِيمِ ٦٤ طَلۡعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ٦٥ فَإِنَّهُمۡ لَأٓكِلُونَ مِنۡهَا فَمَالِـُٔونَ مِنۡهَا ٱلۡبُطُونَ ٦٦ ثُمَّ إِنَّ لَهُمۡ عَلَيۡهَا لَشَوۡبٗا مِّنۡ حَمِيمٖ ٦٧ ثُمَّ إِنَّ مَرۡجِعَهُمۡ لَإِلَى ٱلۡجَحِيمِ ٦٨﴾ الصافات: ٦٢ – ٦٨ .

واتە: ئەو بەهەشت و نازونیعمەتە (كە لەئایەتەكانی ٤١-٦١ دا باسكراوە) چاكترە بەنسیب مرۆڤ ببێت، یان درەختی زەققوم (تفت و تاڵترین درەختی بیابانی توهامە/نەجد/عەرەبستانی بوو كە زۆر ئاژەڵیش نەیاندەخوارد)، ئێمە ئەو زەققومە لەدۆزەخدا دەڕوێنین (كافرەكان دەیانوت: جا چۆن ڕووەك لە ئاگردا دەڕوێت؟).

خوای گەورە فەرمووی: ئاخر ئەوە بۆ زیاتر گومڕاكردنی كافرانە... بۆ تاقیكردنەوەی هەڵوێستیانە، تا ئەوەیان لەسەر بچەسپێت، كە باوەڕیان بەپەیامی خوایی نییە...

زەققوم درەختێكە لەبنی هەرە خوارێی دۆزەخدا ڕواوە، هێشووی بەری وەكو سەری شەیتانەكانە... لەو ڕۆژەدا ئەم كافرانەكە دەخرێنە ئەو دۆزەخەوە و ناچار دەبن ئا لەو زەققومە بخۆن (كە زۆر لەو زەقوومەی دنیا جیاواز ترە، كە ئەمان لاناكەن بەلایەوە)!!

جا لەتاو برسێتیی ،گەدەیانی لێ پڕدەكەن! پاشان ئاوی داخی بەسەردا دەكەن كە لەگەڵ ئەو زەققومە خوراوەدا تێكەڵ دەبن و دەبنەمایەی ژانەسك و ئازاری بەردەوام..

ئەم خۆراك و خواردنەوە سەخت و ژانهێنەش ئاسان لەبەردەستیاندا نییە...

لەوجێ دۆزەخەی تێیدان دەبێ ماوەیەك بڕۆن تا دەگەنە زەققومەکە ... ئینجا بەدوای ئاودا عەوداڵ بن تا ئەو (حەمیم)ە ئەو ئاوە داخە/ جۆشە لەکوڵەیان بەگەروودا دەکرێت.. ئینجا دەهێنرێنەوە بۆ جێگاکەی خۆیان لە (جەحیم).

﴿ إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِي فِي ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْيِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٦﴾ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ صُبُّواْ فَوْقَ رَأْسِهِۦ مِنْ عَذَابِ ٱلْحَمِيمِ ﴿٤٨﴾ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْكَرِيمُ ﴿٤٩﴾ إِنَّ هَٰذَا مَا كُنتُم بِهِۦ تَمْتَرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ الدخان: ٤٣ – ٥٠ .

واتە: درەختی زەققووم کە لەناوەندی دۆزەخدا ڕواوە و بەرەکەی وەکو سەری شەیتانەکانە، دەبێتە خۆراکی گوناحکار و ستەمکار و کافر و ملهوڕەکان، کە زۆر تاوانبارن، هەر کە دەگاتە گەدەیان، وەکو زەیتی ڕەش دێتەکوڵ، هەر وەکو ئاوی جۆش قوڵپ دەدات و گەدە دادەپڵوخێنێت، جا بە زەبانییە (سەرپەرشتیاری دۆزەخ)ەکان دەوترێت... ئەوستەمکارە ملهوڕە بگرن و ڕیسوایانە بەڵام توند و سەخت ڕایکێشن و هەڵیدەنە ناو ئاگرەکەی جەحیمەوە لەناوەندی دۆزەخدا.

ئینجا ئەو ئازار و ئەشکەنجەی بخەنە سەر، کە وەستان وکۆتایی هاتنی نییە و بەردەوامە... جا ئەوانە ئەو لەو حاڵەتەی ژانی جەستە و شکستی دەروون و هەستی نابوتیدایە و پێیدەوترێت: دەبیچێژە دەی.. جەنابت خاوەن دەسەڵات و بەڕێزیت! وەکو، کە حەزت دەکرد لەدنیادا وا مەدحت بکەن (دە بیچێژە سەرۆك گیان).. ئەمە ئەو ڕۆژ و ژان و ئازارەیە، کە باوەڕتان پێی نەدەهێنا و گومانتان وابوو: کە زیندووبوونەوە هەر نییە.

﴿ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ ﴾ محمد: ١٥ .

واتە: چما ئەو کەسەی لەو هەموو نازو نیعمەتەی بەهەشتدایە (کە پێشتر باسی فەرموون) وەکو ئەو کەسەیە،کە لەئاگری دۆزەخدایە و نەمرە... کە ئاوی لەکوڵی بەگەروودا دەکرێت، کە لەگەڵ هەر قومێکیدا ڕێخۆڵەکانی پێی دەپسێت و لەت لەت دەکەوێت؟!

﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى ضَلَٰلٍ وَسُعُرٍ ﴿٤٧﴾ يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِى ٱلنَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا۟ مَسَّ سَقَرَ ﴿٤٨﴾﴾ القمـــر: ٤٧ – ٤٨ .

واتە: كافرە ملهوڕە تاوانبارەكان، كە لەدنیـادا گـومڕا ژیـان، لەڕۆژی دوایـدا دەخرێنە ئاگری زۆر بەكڵپەوە... لەو ڕۆژەدا لەسەر ڕوو لەئاگردا ڕادەكێشرێن و پێیان دەووترێت: دەپێوەدانی دۆزەخ بچێژن.

﴿هَٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾﴾ ص: ٥٥ – ٥٨.

واتە: ئەو نیعمەتـانەی باسـكران (لەئایەتەكـانی پێشـوودا ٤٩-٥٤) بـۆ موسوڵمانان دەبێت، ئەما سنوور بەزێنە شـەڕخوازەكان، حەتمەن چارەنووسـێكی بەدیان دەبێـت، دۆزەخ دەبێـت بەنیسـیبیان و هەر دەشـچنە نـاوییەوە، بەڕاسـتی جێگای سەخت و دژوارە بۆ سوكنا و نیشتەجێ بوون، با ئەم ئازار و ژانە بچێژن، باخواردنەوەیان، هەر ئاوی جۆش وكـێم و زوخـاوی جەسـتەی دۆزەخیـانی ژێـر ئەشـكەنجەبێت... كە چەنـدەها جـوت جـۆری تـر لەو ئەشـكەنجە و خـۆراك و خواردنەوە مەترسیدارانەیان بەنسیب دەبێت.

﴿إِنَّ ٱلْمُجْرِمِينَ فِى عَذَابِ جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يُفَتَّرُ عَنْهُمْ وَهُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ ﴿٧٥﴾ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٦﴾ وَنَادَوْا۟ يَٰمَٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾﴾ الزخرف: ٧٤ – ٧٧ .

واتە: تاوانبـاران لەئـازاری دۆزەخـدا نەمـرن، ئەشـكەنجەیان لەسـەر سـووك ناكرێت، تا دەگەنە ئەوەی ئەوەندە هیوا بڕاو دەبن هاواریش ناكەن، هەروا كـپ و بێدەنگ و خەمۆك...

خـۆ ئـێمە سـتەمان لێنەكـردوون، خۆیـان سـتەمیان لەخۆیـانكردووە... كە هاوارێك لەپاسەوانی دۆزەخ دەكەن و دەڵێن: دە داوا بكە لەخوای پەروەردگارت! (لەوێش باوەڕیان وانییە كە ئەوە خوای گەورەیە و خوای ئەوانیشە، یان ئەوەندە بێ ئومێدن دەیانەوێت سەرپەرشتیاری ئەشكەنجەكەیان تكایان بـۆ بكـات!) بـا

یەكجاری بمانمرێنێت، ئەویش وەڵامدەداتەوە: نا، بڕیاری خوای گەورەیە كە دەبێت هەر ئاوا لەئەشكەنجەدا بمێننەوە.

﴿وَأَصۡحَٰبُ ٱلشِّمَالِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلشِّمَالِ ﴿٤١﴾ فِي سَمُومٖ وَحَمِيمٖ ﴿٤٢﴾ وَظِلّٖ مِّن يَحۡمُومٖ ﴿٤٣﴾ لَّا بَارِدٖ وَلَا كَرِيمٍ ﴿٤٤﴾ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَبۡلَ ذَٰلِكَ مُتۡرَفِينَ ﴿٤٥﴾ وَكَانُواْ يُصِرُّونَ عَلَى ٱلۡحِنثِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٤٦﴾ وَكَانُواْ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴿٤٧﴾ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلۡأَوَّلُونَ ﴿٤٨﴾ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَوَّلِينَ وَٱلۡأٓخِرِينَ ﴿٤٩﴾ لَمَجۡمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوۡمٖ مَّعۡلُومٖ ﴿٥٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمۡ أَيُّهَا ٱلضَّآلُّونَ ٱلۡمُكَذِّبُونَ ﴿٥١﴾ لَأٓكِلُونَ مِن شَجَرٖ مِّن زَقُّومٖ ﴿٥٢﴾ فَمَالِـُٔونَ مِنۡهَا ٱلۡبُطُونَ ﴿٥٣﴾ فَشَٰرِبُونَ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡحَمِيمِ ﴿٥٤﴾ فَشَٰرِبُونَ شُرۡبَ ٱلۡهِيمِ ﴿٥٥﴾ هَٰذَا نُزُلُهُمۡ يَوۡمَ ٱلدِّينِ ﴿٥٦﴾﴾ الواقعة: ٤١ – ٥٦.

واتە: ئەوانەی، كە بەدەستی چەپیان نامەی ئەعمالیان وەردەگرن.. دەكەونە بەرتین و تەوژمی بایەكی گەرم، كە لەناو ئاگرەوە هەڵدەكات و بەپێستیاندا گوزەردەكات، ئاوێكیان دەدرێتی لەكوڵ و جۆش، لەسێبەرێكدا دەبن سێبەری دوكەڵێكی ڕەش و چڕ، كە هەرناوی سێبەرە، چونكە ئەم نەفێنكە و نەدیمەنی جوانە، ئەمانە پێشتر لەژیانی دنیایاندا لەناز و نیعمەتدابوون، بەڵام قەدری عافێتیان نەزانی و سوپاسگوزاری خوای گەورەیان لەسەر نەكرد، دیندارانە ڕەفتاریان پێیەوە نەكرد.

بەپێچەوانەوە، سووربوون لەسەر شیرك و گوناح و تاوان، دەیانووت: چما ئەگەر بووین بەخاك و خۆڵ و ئێسك و پروسكمان ڕزی، سەرلەنوێ زیندوو دەبینەوە؟! یان باوباپیرانمان كە پێش ئێمە ژیاون و مردوون... پێیان بفەرموو! كە پێشین و پاشین، كەسانی سەرەتای دەستپێكی مرۆڤایەتیی و كۆتاكەس هەموو زیندوو دەكرێنەوە...

هەموو دەهێنرێنەوە ڕۆژی دوایی دیاریكراو.. پاشان ئێوە ئەی گومڕاو وێڵ و سەرگەردانان، كە پەیامی خوایی بەدرۆدەخەنەوە.. دەخرێنە دۆزەخەوە و لەجێ ئەو نازونیعمەتانەی دنیاتان دەبێ لەدرەختەكەی زەققووم بخۆن، كە لەناوەندی

دۆزەخدا ڕواوە، جا ورگی لێ پڕ دەکەن و وەکو حوشتری تینوو گەدەی لێ پڕدەکەن! .. ئا ئەمە ئەوەیە کە بۆیان دانراوە و لەڕۆژی دوایدا تەقدیمیان دەکرێت!

﴿هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ۝٤٣ يَطُوفُونَ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَ حَمِيمٍ ءَانٖ ۝٤٤﴾ الرحمن: ٤٣ – ٤٤ .

واتە: ئا ئەمە ئەو دۆزەخەیە ،کە تاوانبارە ملهوڕەکان بەدرۆیان دەزانی... ئا ئەوەتا چوونەتە ناویەوە و لەتاو ژان و ئەشکەنجەی دێن و دەچن، کە ماندوو دەبن و لەبەرگڕی دۆزەخدا تینوودەبن.. ئاوی لەکوڵیان دەدرێتێ.. ئاوی جۆش، کە لەکۆتا پلەی کوڵانیدایە.

ئەبو سەعید - خوا لێی رازی بێت - دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إذا كانَ يومُ القيامةِ أُتِيَ بالموتِ كالكبشِ الأملحِ، فيوقَفُ بينَ الجنَّةِ والنَّارِ، فيُذبَحُ وَهم ينظُرونَ، فلو أنَّ أحدًا ماتَ فرحًا لماتَ أَهلُ الجنَّةِ، ولَو أنَّ أحدًا ماتَ حزنًا لماتَ أَهلُ النَّارِ)[1] .

واتە: لەڕۆژی قیامەتدا، مردن دەهێنرێتە پێش وەکو: بەرانێکی جوان و ساغە، لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا رادەگیرێت، هەموو ئەهلی دۆزەخ و ئەهلی بەهەشت دەیبینن، کە هەر لەوێدا سەردەبڕرێت..

ئەگەر کەسێك لەخۆشیدا بمرێت، ئەهلی بەهەشت دەبوو لەخۆشیاندا (کە مردن نەما) بمردنایە، ئەگەر کەسێکیش هەبا لەخەم و خەفەتدا بمرێت، ئەهلی دۆزەخ دەبوو ،کە لەخەم وخەفەتدا بمردنایا .. (چونکە ئیتر دڵنیان، کە هەر لەسزاو ئازار دا دەمێننەوە و مردنیان نییە).

لەڕیوایەتێکی تریدا دەفەرموێ: (فيؤتى بالموتِ كهيئة كبشٍ أملحٍ، فينادِ منادٍ: يا

(١) ترمذی (٢٥٥٨)، هەریەك لە بوخاری (٤٤٥٣) و موسلیم (٢٨٤٩) بە لەفزی جیاواز هێناویانەتەوە.

أهل الجنةِ فيشرئبون وينظرون فيقولُ لهم: هل تعرفون هذا؟ فيقولونَ: نعم، هذا الموتُ، وكلهم قد رآهُ، ثمَّ ينادي منادٍ يا أهلَ النارِ فيشرئبون وينظرونَ فيقولُ لهم: هل تعرفونَ هذا؟ فيقولون: نعم، هذا الموتُ، وكلهُم قد آهلُ، فيذبحُ بينَ الجنةِ والنارِ، ثمَّ يقولُ: يا أهلَ الجنةِ! خلودٌ فلا موتٌ، ويا أهل النارِ خلودٌ فلا موتٌ، ثم قرأ: ﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٩﴾﴾ مريم: ٣٩، **وأشار بيدهِ إلى الدنيا)**[1] .

واتە: لەڕۆژی دوایدا مردن بەشێوەی بەرانێكی جوان وساغ دەهێنرێتە پـێش، یەكێـك هـاوار دەكـات: ئەرێ هـۆ ئەهلـی بەهەشـت!.. هەمووـیـان سـەربەرز دەكەنەوەو دەڕوانن، پێیان دەڵێ: دەزانن ئەمە چییە؟

دەڵێن بەڵێ: ئەوە مردنە، چونكە هەموویان دیویـانە، پاشـان هـاوار دەكرێـت: ئەرێ هۆ ئەهلی دۆزەخ! هەموویان سەربەرزدەكەنەوە و دەڕوانـن، پێیـان دەڵـێ: دەزانن ئەمە چییە؟

دەڵـێن: بەڵـێ، ئەوە مـردنە، چـونكە هەمووـیـان پێشـتر دیویـانە، ئینجـا لەنێـوان بەهەشـت و دۆزەخـدا مـردن سـەردەبڕردێت، پاشـان بەخەڵكـی بەهەشـت دەووترێـت: ژیانتـان هەتاهەتـاییە و مـردن نەمـا، ئینجـا بەئەهلـی دۆزەخـیش دەووترێـت: ژیانتـان هەتاهەتـاییە و مـردن نەمـا، پاشـان پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ئەم ئـایەتەی خوێنـدەوە: ﴿وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْحَسْرَةِ إِذْ قُضِىَ ٱلْأَمْرُ وَهُمْ فِى غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٩﴾﴾ مريم: ٣٩ .

واتە: كـافرانی مەكـكە وەبیـر یهێـنەرەوە، كە ڕۆژی دوایـی حەتمەن دێـتە ڕێیـان و لێیـان دەبێـتە ڕۆژی پەشـیمانی و حەسرەت هەڵكێشـان، لەوێ كە فەرمانەكـانی خـوا هەمـووی دەچەسـپێنرێت و، هەر یەكە چارەنووسـی خـۆی دەزانێـت، ئەم كـافرانە هەسـت پێـدەكەن، كە لە چ بێئاگاییەكـدا بـوون

(١) بوخاری (٤٧٣٠) و موسلیم (٢٨٤٩)، هەروەها ترمذی (٣١٥٦) و نەسائی لە (السنن الكبرى) (١١٣١٦) و ئەحمەد (١١٠٦٦) بەكەمێك جیاوزی.

كە ئاوا باوەڕیان نەهێنا.

ئەبو سەعید -خوا لێی رازی بێت- : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ أدنى أهلُ النَّارِ عذابًا ينتعلُ بنعلينِ من نَّارٍ يغلي منهما دماغهُ من حرارةِ نَعْلَيْهِ).[1]

واتە: ئەوكەسەی كە لەدۆزەخدا ئەشكەنجەی لەهەموویان كەمترە، كەسێكە : جوتێك نەعلی ئاگرینی لەپێدایە، كە ئەوەندە داخ و گەرمن، دەماغی پێدەكوڵێت!

(سەمورە) -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ منهم من تأخذهُ النَّارُ إلى كعبيهِ، ومنهم من تأخذُه النَّارُ إلى حجزتهِ، ومنهم من تأخذُهُ النَّارُ إلى ترقوتهِ)[2] .

واتە: لەدۆزەخدا ئەوانەی كە لەناو ئاگرەكەیدان، هەیانە تا قولەپێكانی لەئاگردایە، هەیانە تا سمتی لەئاگرەكەدایە، هەشیانە تا ئێسقانی سەرشانی لەئاگردایە.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (ضِرْسُ الكافِرِ، أوْ نابُ الكافِرِ، مِثْلُ أُحُدٍ، وغِلَظُ جِلْدِهِ مَسِيرَةُ ثَلاثٍ).[3]

واتە: خرێ (دانی پشتەوە)ی كافر، یان كەڵبەی كافر ،بەقەدەر چیای (ئوحود)ی لێدێت، ئەستووری پێستیشی، ماوەی ڕۆیشتنی سێیە.. (سێ شەو و سێ ڕۆژ).

ئەنەس -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە

(١) موسلیم (٢١١).

(٢) موسلیم (٢٨٤٥).

(٣) موسلیم (٢٨٥١).

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يُؤْتَى بِأَنْعَمِ أَهْلِ الدُّنْيا مِن أَهْلِ النَّارِ يَومَ القِيامَةِ، فيُصْبَغُ فِي النَّارِ صَبْغَةً، ثُمَّ يُقالُ: يا ابْنَ آدَمَ هلْ رَأَيْتَ خَيْرًا قَطُّ؟ هلْ مَرَّ بكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فيَقولُ: لا، واللَّهِ يا رَبِّ، ويُؤْتَى بأَشَدِّ النَّاسِ بُؤْسًا فِي الدُّنْيا، مِن أَهْلِ الجَنَّةِ، فيُصْبَغُ صَبْغَةً فِي الجَنَّةِ، فيُقالُ له: يا ابْنَ آدَمَ هلْ رَأَيْتَ بُؤْسًا قَطُّ؟ هلْ مَرَّ بكَ شِدَّةٌ قَطُّ؟ فيَقولُ: لا، واللَّهِ يا رَبِّ ما مَرَّ بي بُؤْسٌ قَطُّ، ولا رَأَيْتُ شِدَّةً قَطُّ)[١] .

واتە: کەسێکی دۆزەخی دێنن، کە لەدنیادا هەر لەنازونیعمەتدا ژیابێت، جارێکی بەدۆزەخدا دەبەن، پاشان لێیدەپرسن: ئەرێ نەوەی ئادەم، هەرگیز لەژیانتدا خۆشیت دی؟

جارێك نیعمەتێکت چێشت؟

دەڵێ: نەخێر، والله خوایەگیان، هەر گیز خێر و خۆشیم نەدیووە!...

کەسێکی داماو و ڕەنجدەری دنیایی دەهێنن ،کە بەهەشتییە و جارێکی بەبەهەشتدا دەبەن، پاشان لێیدەپرسن: ئەرێ نەوەی ئادەم: هەرگیز لەژیانی دنیاتدا ،نارەحەتیی و کوێرەوەریت دی؟

جارێك کەوتیتە ناخۆشییەوە؟

دەڵێ نەخێر .. والله خوایەگیان، قەت ناخۆشیم نەهاتۆتە ڕێ!

(١) موسلیم (٢٨٠٧).

بەهەشت و حاڵی بەهەشتییان:

باسی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنۡهَا مِن ثَمَرَةٖ رِّزۡقٗا قَالُواْ هَٰذَا ٱلَّذِي رُزِقۡنَا مِن قَبۡلُۖ وَأُتُواْ بِهِۦ مُتَشَٰبِهٗاۖ وَلَهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ وَهُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥﴾ البقرة: ٢٥ .

واتە: مژدە بدە بەو كەسانەی، كەباوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە (كەفەرمانەكانی خواو پێغەمبەری خوان (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)) كە خوای گەورە بەهەشتانێكیان بەنسیب دەكات، كە ڕووبار و جۆباریان بەژێردا دەڕوات، هەر كاتێك خۆراكێك / میوەیەكی بەهەشت دەخۆن – چونكە وا دەزانن لێكدەچن – دەڵێن: ئێ هەر ئەمە بوو پێشتر خواردمان، بەڵام لەڕاستیدا یەك جۆر نین، هەروەها هاوسەری پاكژیان بەنسیب دەبێت (پاك لەحەیز و پیسی) و بەنەمری تێیدا دەمێننەوە.

ئیبنو عەبباس و ئیبنو مەسعود و یاوەرانێكی تری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویانە: لەڕەنگ و ڕوودا لێكدەچن، بەڵام تامیان وەكو یەك نییە.

(موجاهید) دەفەرموێ: ڕەنگیان لێكدەچێت و تامیان جیاوازە، ئەوە ڕای (ڕەبیعی كوڕی ئەنەس)یشە، (یەحیای كوڕی ئەبو كەثیر) دەفەرموێ: گیای بەهەشت زەعفەرانە و بەرزاییەكانی مسكن... ئەو میوەیەی بەسەر بەهەشتیەواناندا دەگێڕرێت دەیخۆن، كە دواتر بۆیان دەهێننەوە، دەڵێن: ئێ ئەمە هەر ئەوەبوو، كە هێناتان و خواردمان، خزمەتكارەكان دەڵێن: نا ئەمە ڕەنگ و ڕوویان چون یەكن، تامیان جیاوازە.

(عبدالرحمانی كوڕی زەید) دەفەرموێ: ناوی میوەكان دەزانن، كە ئەمە سێوە ئەوە هەنارە – وەكو ئەوانەی دنیا – بەڵام بۆیان دەردەكەوێت: كە هەر ناویان هاوبەشە، دەنا تامیان زۆر جیاوازە.. ئەمە ڕای (ئیبنو جەریری تەبەڕی)شە.

﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ ١٣٣﴾ آل عمران: ١٣٣ .

واتە: خێرابكەن خۆ بگەیێننە لێخۆشبوونی خوای پەروەردگارتان، تا ئەو بەهەشتەتان بەنسیب ببێت، كە مەسافەی نێوان هەر ئاستێك لە ئاستەكانی وەكو مەسافەی نێوان ئاسمانەكان و زەوییە و بۆ تەقواكاران دانراوە.

ئایەتەكە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی بەهەشت لەحاڵەتی ئێستادا، هەندێك كەس پێیان سەیرە، كە چۆن بەهەشت بەو هەموو بەرفراوانییەوە ئێستا هەیە!..

بەڵام ئەگەر تەسەوری ئەوە بكەن، كە بەهەشت لەسەرووی حەوتەم تەبەقەی ئاسمانەوەیە و، سەربانی بەهەشت بنیانی عەرشی خوای گەورەیە، ئاسمان بەهەر چوارلاوەیە، چوار چێوەی بازنەش لەتیرەكەی درێژترە.

كەوابوو: ئاسمان زیاد لەتەسەوراتی ئێمە بەرفراوانە، ئیتر ئەگەر پشكی موسوڵمانێك لە بەهەشت بەوەدەر نێوان زەوی و ئاسمانی یەكەمیش بێت، زۆر نییە لەچاو بەرفراوانی ئاسماندا.

﴿ مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ ١٥﴾ محمد: ١٥ .

واتە: ئەو بەهەشتەی، كە بەڵێن بەتەقواكاران دراوە، كە دەبێتە پاداشتی دینداریی و ئەنجامدانی كارە شەرعییەكان ڕووباری ئاوی سازگاری تێدایە، كە هەرگیزاو هەرگیز ئاوەكەی نەلیخن دەبێت، نەڕەنگ و تام و بۆنی دەگۆڕێت، ڕووباری تری تێدایە شیرە، كە هەرگیزاو هەرگیز خراپ نابێت و ناترشێت و تامی ناگۆڕێت!

ڕووباری تری شەڕاب، کە مایەی چێژو لەزەتی شەڕابنۆشانێتی (کە پێی مەست نابن و زیانیان پێناگەیێنێت)، ڕووباری تر لەهەنگوینی پاڵفتەکراو... ئەمە جگە لەو هەموو جۆرە میوانەی کە تێیاندان، کە دوای لێخۆشبوونی خوای گەورە، بەو کەسە خواناسە سەرڕاستانە دەدرێت.

﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٧﴾ ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ ﴿٤٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٤٩﴾ فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ ﴿٥٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥١﴾ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ ﴿٥٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٣﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍۭ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ ۚ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ ﴿٥٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٥﴾ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ ﴿٥٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٩﴾ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦١﴾ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ ﴿٦٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٣﴾ مُدْهَآمَّتَانِ ﴿٦٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٥﴾ فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ ﴿٦٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٧﴾ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ ﴿٦٨﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦٩﴾ فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ ﴿٧٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧١﴾ حُورٌ مَّقْصُورَٰتٌ فِى ٱلْخِيَامِ ﴿٧٢﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٣﴾ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ ﴿٧٤﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٥﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِىٍّ حِسَانٍ ﴿٧٦﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٧٧﴾ تَبَٰرَكَ ٱسْمُ رَبِّكَ ذِى ٱلْجَلَٰلِ وَٱلْإِكْرَامِ ﴿٧٨﴾﴾ الرحمن: ٤٦ – ٧٨ .

واتە: بۆ ئەوانەی لەدەسەڵاتی خوای پەروەردگاریان دەترسن، بۆ هەر یەکێکیان (یان بۆ هەموویان) دوو بەهەشت هەیە، ئیتر ئێوە ئەی مرۆڤ و جنۆکە! کوفرانەی چ نیعمەتێکی خوا دەکەن و بەدرۆی دەخەنەوە؟

ئەو دوو بەهەشتەی، کە خوای گەورە بەنسیبی ئەو کەسانەی دەکات، کە فەرمانی خوای پەروەردگارییان جێبەجێکردووە و دوور خۆیان گرتووە لەبەرهەڵستییەکانی...

ئەم دوو بەهەشتە پڕە لەنازونیعمەت، لە باخ و باخات وسەوزایی... ئیتر

هەواڵـی چ نیعمەتێكـی خـوای گەورە بە درۆ دەخەنەوە! ئەم دوو بەهەشـتە دوو كانیاوی سازگاری تایبەتییان تێدایە، كە بەردەوام هەڵـدەقوڵێن و دەڕۆن، ئیـتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟

ئەم دوو بەهەشتە لەجۆرەها میوەی تێدایە، تەڕو وشك، ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆ دەخەنەوە؟

بەهەشـتیەوانانی ئەم دوو بەهەشـتە لەسـەر تەختـی حەوانەوە دەبـن... كە بەجۆرەهـا دیبـاج و ئاوریشـمی ئەسـتوور و تەنـك رازێـنراوەتەوە و بەسـوندس داپۆشراوە... بەروبوومی حازو بەدەستەوە نزیكە ولێكردنەوەی ئاسانە.. ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆ دەخەنەوە؟!

ئەم دوو بەهەشتە پڕن لەكۆشك و تەلاری جوان، كە حۆری یان تێدایە... هەر حۆرییەكیش تـایبەت بەهەر كەسـێك بـوو، ئیـتر لەحەنـای پیـاوی تـردا چـاوی هەڵنایات و بۆغەیری پیاوی خۆی ناڕوانێت (و چاو لەدەر نیـیە)، هەمـوو كچـی پـاك و ڕازاوەن و پێشـتر كەس دەسـتی بەریـان نەكەوتـووە... نەلەمـرۆڤ و نەلەجنۆكە... ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟

حۆری ئەم دووبەهەشتە ناسـك و سـپی وسـۆڵن، دەڵێـی: یـاقوت و مـرواری ومەرجـانی سـاف و لوسـن، ئیـتر ئێـوە هەواڵـی چ نیعمەتێكـی خـوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟ چما پاداشتی چاكەكاری هەر چاكە نییە؟! ئیتر ئێـوە هەواڵـی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟

لەخوار ئەم دوو بەهەشتانەوە دوو بەهەشتی تـریش هەن، كە هەر بـۆ ئەهلـی تەقوا و دیندارانی سەرڕاست و پیاوچاكانن.. ئیـتر ئێـوە هەواڵـی چ نیعمەتێكـی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە!..

ئەم دوو بەهەشتەشـــیان پـــڕە لەســـەوزایی و بـــاخی چـــڕ، كە لەدوورەوە ڕەشدەكەنەوە، ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆ دەخەنەوە!

لەمانیشدا دوو كانیاوی ساف و سازگار هەن، كە بەشێوەی فوارە (نافورە) هەڵدەقوڵێن، ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكێ خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

پڕن لەباخی میوە و دارخورما.. لەهەنار.. ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

لەمانیشدا خزمەتكاری بەئەدەب و نەرمونیان و جوان هەیە، ئیتر ئێوە هەواڵی چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

حۆرییەكان سپێنەی چاویان زۆر سپیە و رەشێتی چاویان زۆر رەشە و چاو گەش و جوانن و، هەریەكەیان لە كۆشك و تەلاری خۆیدایە، هەر وەكو كە مرواری لەسەدەفی تایبەت بەخۆیدایە و پارێزراوە، ئیتر ئێوە چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

ئەم حۆریانە پێشتر دەستی كەسیان، نەلەمرۆڤ و نەلەجنۆكە بەر نەكەوتووە ... پاك و تایبەتن بەوكەسانەوە، كە بەنسیبیان دەبن.. ئیتر ئێوە چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

ئەم بەهەشتیانە لەو بەهەشتە پڕ نازونیعمەت و جوانی و خۆشیەدا، بەشادمانی لەسەر تەختی حەوانەوە و ئیسڕاحەت پاڵدەدەنەوە و، چێژ لەهەموو شتێك وەردەگرن ،كە بۆیان دەستەبەركراوە... ئیتر ئێوە چ نیعمەتێكی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە؟!

پاك و پیرۆزیی و مەزنیی و بەرزیی بۆ ناوی خوای پەروەردگارت.. خوای خاوەن گەورەیی و ڕێز.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَآئِقَ وَأَعْنَٰبًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا ﴿٣٣﴾ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴿٣٤﴾ لَّا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا كِذَّٰبًا ﴿٣٥﴾ جَزَآءً مِّن رَّبِّكَ عَطَآءً حِسَابًا ﴿٣٦﴾ ﴾ النبأ: ٣١ – ٣٦ .

واتە: تەقواكاران (دیندارانی سەرڕاست و پابەندبوانی شەرع) جێگایەكیان

لەبەهەشتدا پێدەبەخشرێت، کە تایبەتە بەسەرفرازانی سەرکەوتوو، کە بەباخ و باخاتی بەروبووم و مێوە و سەوزە داپۆشراوە، ئەو حۆریانەی کە تێیدایە، مەمك خڕ و هاوتەمەنن، ئەو شەڕابەی لەوێیە، پێکی لێ پڕ دەکرێت و دەنۆشرێت بێئەوەی هیچ ئاسەوارێکی خراپی وەکو شەڕابی دنیای لێبکەوێتەوە، نەلەکاتی شەڕاب نۆشیدا و نەلەدوای ئەودا، گەڕەلاوژێ و ژراوە ژراو و ناکۆکی نییە...

ژیان ئەمان و هێدییە، نەقسەی نابەجێی تێداده‌کرێت و نەدرۆی تێدا دەکرێت.. ئەمە پاداشتی خوای گەورەیە بۆیان، کە جۆرەها نیعمەتی زۆرە کە خوای پەروەردگارت بڕیاری لەسەرداوە، خوای خاوەنی ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی تێیاندایە و لەنێوانیاندایە.

عوبادەی کوڕی سامت -خوا لێی رازی بێت –دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ في الجنَّةِ مائة درجةٍ ما بينَ كلِّ درجةٍ ودرجةٍ كما بين السَّماء والأرض، والفردوسُ أعلى درجة منها تفجَّرُ أنهارُ الجنَّةِ الأربعةِ، ومن فوقها يكونُ العرشُ، فإذا سألُتم الله فسألوهُ الفردوسَ).[١]

واتە: بەهەشت سەد پلەیە، نێوان هەر پلەیەك بۆ پلەیەکی تر وەکو مەسافەی نێوان ئاسمان و زەوییە، فیردەوس شوێنی هەرەبالای بەهەشتە، لەوێوە چوار ڕووبارەکەی بەهەشت دێن، عەرش لەسەروو فیردەوسەوەیە، ئەگەر دوعاتان کرد بڵێن خوایە فیردەوسمان پێببەخشیت.

ئەبو موسای ئەشعەری- خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : :کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ لِلْمُؤْمِنِ فِي الْجَنَّةِ لَخَيْمةً مِنْ لُؤْلُؤةٍ وَاحِدةٍ مُجوَّفَةٍ، طُولُهَا فِي السَّماءِ سِتُّونَ مِيلاً (وفي رواية: عرضها)، لِلْمُؤْمِنِ فِيهَا أَهْلُونَ، يَطُوفُ عَلَيْهِمُ المُؤْمِنُ، فَلاَ يَرى بعْضُهُمْ بَعْضاً)[٢] .

---

(١) ترمذی (٢٥٣١)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي) دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(٢) موسلیم (٢٨٣٨)، بوخاری (٤٨٧٩)، هەروەها ترمذی (٢٥٣٠) بەلەفزی جیاواز هێناویەتیەوە.

واتە: هەر موســوڵمانێك لەبەهەشــتدا چــادرێكی لەیەك مرواریــدا هەیە، كە بەرزییەكەی بەرەو ئاسمان (لەریـوایەتێكی تـردا كە درێژیـی لایەكـی) شەسـت میلە.. موسوڵمان لەبەهەشتدا كەسوكاری هەن و هاتو چۆیان هەیە، بەڵام كەسیان كەسێكی تریان نابینن (لەحاڵەتێكدا كە بینینیان نەشیاوبێت).

موعازی كوڕی جەبەل -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (سَمِعت رَسُول الله (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُول من صلى الصَّلَوَات الْخمس وَصَامَ شهر رَمَضَان كَانَ حَقًا على الله ان يغْفر لَهُ هاجرا وَقعد حَيْثُ وَلدته أُمُّه و قلتُ يَا رَسُول الله ألا أخْرُج فأوذن النَّاس؟ قَالَ لَا، دع النَّاس يعْملُونَ، فإن فِي الْجنَّة مائَة دَرَجَة، بَين كل دَرَجَتَيْنِ مثل مَا بَين السَّمَاء والأرض، وأعلاها دَرَجَة مِنْهَا الفردوس، وَعَلَيْهَا يكون الْعَرْش وَهِي أوسط شَيْء فِي الْجنَّة، وَمِنْهَا تفجر أَنهار الْجنَّة، فإذا سَأَلْتُم الله فَاسْأَلُوهُ الفردوس)(١) .

واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەیفەرمـوو: هەر كەسێك هەر پێنج نوێژەكەی بكات و مـانگی رەمەزانەكە بەڕۆژووبێـت، مـافی لەسەر خوای گەورەیە، كە لێی خۆشـی ببێـت، جـا هیجرەتـی كردبێـت یـان هەر لەوشوێنەدا مابێتەوە كە لێی لەدایكبووە.

عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا ! بچمەدەرێ وهەواڵ بدەمە خەڵكی؟

فەرمووی: نا، لێیانگەڕێ، با ڕەنجی قیامەت زیاتر بدەن، چونكە سەد ئاسـت لەبەهەشـتدا هەیە، كە مەسـافەی نێـوان هەر ئاسـتێك بـۆ ئاسـتێكی تـر وەكـو مەسافەی نێـوان ئاسـمان و زەمیـنە... بـاڵاترین ئاسـتی بەهەشـت فیردەوسـە، كە عەرش لەسەر ئەوەوەیە، فیردەوس لەناوەندی بەهەشـتدایە (ناوەڕاسـتی ئاسـتی باڵا) لەوێوە ڕووبارەكانی بەهەشـت دێـن، ئەگەر داواتـان لەخـوای گەورە كـرد، داوای فیردەوسێ لێبكەن.

---

(١) ترمذی (٢٥٣٠)

سەهلی كوڕی سەعد -خوالێیان رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : : كە پێغەمـبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (فِي الجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أبْوَابٍ، فِيهَا بَابٌ يُسَمَّى الرَّيَّانَ، لا يَدْخُلُهُ إلَّا الصَّائِمُونَ).[١]

واتە: بەهەشـت هەشـت دەرگـای هەیە، دەرگایەكیـان پێیـدەوترێت: رەییـان، تایبەتە بەڕۆژووەوانان، غەیری ئەوان كەسی تر لەوێوە ناچێتە ژوورەوە.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: (مَن أنْفَقَ زَوْجَيْنِ في سَبيلِ اللَّهِ، نُودِيَ مِن أبْوَابِ الجَنَّةِ: يا عَبْدَ اللَّهِ هذا خَيْرٌ، فمَن كانَ مِن أهْلِ الصَّلَاةِ دُعِيَ مِن بَابِ الصَّلَاةِ، ومَن كانَ مِن أهْلِ الجِهَادِ دُعِيَ مِن بَابِ الجِهَادِ، ومَن كانَ مِن أهْلِ الصِّيَامِ دُعِيَ مِن بَابِ الرَّيَّانِ، ومَن كانَ مِن أهْلِ الصَّدَقَةِ دُعِيَ مِن بَابِ الصَّدَقَةِ، فَقالَ أبو بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عنْه: بأَبِي أنْتَ وأُمِّي يا رَسولَ اللَّهِ ما علَى مَن دُعِيَ مِن تِلكَ الأبْوَابِ مِن ضَرُورَةٍ، فَهلْ يُدْعَى أحَدٌ مِن تِلكَ الأبْوَابِ كُلِّهَا؟ قالَ: نَعَمْ، وأَرْجُو أنْ تَكُونَ منهمْ)[٢] .

واتە: هەر كەسـێك دوو شـتی لەمـاڵ و مـوڵكی لەپێنـاوی خـوادا بەخشـی، لەدەروازەكانی بەهەشتەوە بانگدەكرێت: كە كارێكی خێرت كرد و شایانی هـاتنە ژوورەوەیت، جا هەر كەسـێك ئەهلـی جیهـاد بێـت، لەدەرگـای جیهادییەكـانەوە بانگدەكرێت.

هەر كەســێك خێرەومەنــد بێــت، لەدەرگــای ئەهلــی خێــر و ســەدەقەوە بانگدەكرێت.

هەر كەسێك ئەهلـی ڕۆژوو بێـت، لەدەرگـای (رەییـان)ەوە بانگـدەكرێت: كە فەرموو لێرەوە بچۆرە ژوورەوە.

---

(١) بوخاری (٣٢٥٧).

(٢) بوخاری (١٨٩٧)، هەروەها موسلیم (١٠٢٧) و نەسائی (٢٤٣٨) بەلەفزی جیاواز.

سەیدنا ئەبو بەكر -خوا لێی رازی بێت- پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ! بەدایك و باوكمەوە بەقوربانت بم، هیچ زەروورەت نییە كەسێك لەهەموو دەرگاكان بچێتە ژوورەوە (واتە: هەر كەسێك لەدەرگایەك بچێتە بەهەشتەوە، ئەوا بەئامانجی خۆی گەیشتووە، كە چوونە بەهەشتە)، ئایا دەشێت كەسێك لەهەموو دەرگاكانەوە بانگ بكرێت؟

فەرمووی: بەڵێ، هیوادارم جەنابت یەكێك بیت لەوانە.

ئەنەس -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (أَتاني جِبْريلُ عليه السَّلامُ وفي يدِهِ مِرآةٌ بَيْضاءُ فيها نُكْتةٌ سَوْداءُ، فقلتُ: ما هذه يا جِبْريلُ؟ قال: هذه الجُمُعةُ، يَعْرِضُها عليكَ ربُّكَ عزَّ وجلَّ؛ لِتَكُونَ لكَ عيدًا، ولقومِكَ مِن بَعدِكَ، تَكُونُ أنتَ الأوَّلُ، وتَكُونُ اليَهودُ والنَّصارَى مِن بَعدِكَ، قال: ما لَنا فيها؟ قال: فيها خيرٌ لَكُم؛ فيها ساعةٌ مَن دَعَا ربَّهُ فيها بخيرٍ هو له قَسْمٌ إلَّا أَعطاهُ إيَّاهُ، أوْ ليس بقَسْمٍ إلَّا ادُّخِرَ له ما هو أَعْظَمُ منهُ، أو تَعَوَّذَ فيها مِن شَرٍّ هو عليه مَكتوبٌ إلَّا أَعاذَهُ، أو ليس عليه مكتوبًا إلَّا أَعاذَهُ مِن أَعْظَمَ مِنهُ، قلتُ: ما هذه النُّكتَةُ السَّوداءُ فيها؟ قال: هذهِ السَّاعةُ، تَقُومُ يومَ الجُمُعةِ، وهو سيِّدُ الأيَّامِ عندَنا، ونحن نَدْعُوهُ في الآخِرةِ يومَ المَزِيدِ، قلتُ: لِمَ تَدْعُونَهُ يومَ المَزِيدِ؟ قال: إنَّ ربَّكَ عزَّ وجلَّ اتَّخَذَ في الجَنَّةِ واديًا أَفْيَحَ مِن مِسْكٍ أَبْيَضَ، فإذا كان يومُ الجُمُعةِ نَزَلَ تبارَكَ وتَعالَى مِن عِلِّيِّينَ على كُرْسِيِّهِ، ثُمَّ حَفَّ الكُرْسيَّ بمَنابِرَ مِن نورٍ، وجاءَ النَّبِيُّون حتَّى يَجْلِسوا عليها، ثم حَفَّ المَنابِرَ بكَراسِيَّ مِن ذَهَبٍ، ثُمَّ جاءَ الصِّدِّيقون والشُّهداءُ حتَّى يَجْلِسوا عليها، ثُمَّ يَجِيءُ أَهْلُ الجَنَّةِ حتَّى يَجْلِسوا على الكَثِيبِ، فيَتَجَلَّى لهم ربُّهُم تبارَك وتعالَى حتَّى يَنظُروا إلى وجْهِهِ، وهو يَقولُ: أنا الَّذي صَدَقْتُكُمْ وعْدِي، وأَتْمَمْتُ عليكُمْ نِعْمَتي، هذا مَحَلُّ كرامَتي، فسَلوني، فيَسْأَلونَهُ الرِّضا، فيَقولُ عزَّ وجلَّ: رِضائي أُحِلُّكُم داري، وأَنالُكُم كَرامتي، فسَلوني، فيَسْأَلونَهُ، حتَّى تَنتَهِيَ رغْبَتُهُمْ، فيَفْتَحُ لهُم عندَ ذلكَ ما لا عينٌ رأَتْ، ولا أُذُنٌ سمِعَتْ، ولا خَطَرَ على قلْبِ بَشَرٍ، إلى مِقْدارِ مُنْصَرَفِ النَّاسِ مِن يومِ الجُمُعةِ، ثُمَّ يَصْعَدُ الرَّبُّ تبارَك وتعالَى على كُرْسِيِّهِ، فيَصْعَدُ معه الشُّهَداءُ والصِّدِّيقونَ، أَحسِبُهُ قال: ويَرْجِعُ أَهْلُ الغُرَفِ إلى غُرَفِهِمْ، دُرَّةٍ بيضاءَ لا فَصْمَ فيه ولا وَصْمَ، أوْ ياقُوتَةٍ حَمراءَ، أوْ

زَبَرْجَدةٍ خَضراءَ، منها غُرَفُها وأبوابُها، مُطَّرِدَةٌ فيها أنهارُها، مُتَدَلِّيَةٌ فيها ثِمارُها، فيها أزواجُها وخَدَمُها، فليسوا إلى شيءٍ أَحْوَجَ منهُم إلى يومِ الجُمُعةِ؛ ليَزْدادوا فيهِ كرامةً، ولِيَزدادوا فيهِ نَظَرًا إلى وجْهِهِ تبارَك وتعالَى-؛ ولذلكَ دُعِيَ "يومَ المَزِيدِ")[١] .

واتە: جیبریل (جوبرەئیل) -علیه السلام- هاتە لام، ئاوێنەیەكی سپی و سافی پێبوو كە خاڵێكی رەشی تێدابوو، وتم: ئەرێ جیبریل ئەمە چییە؟!

فەرمووی: ئەوە ڕۆژی هەینیە ،كە خوای پەروەردگارت بۆی دیاریكردوویت تا بۆ جەنابت و ئوممەتەكەت ببێت بەجەژن، ئێستا و دواتر جەنابت یەكەمین دەبیت، جولەكە و دیانیش دوای جەنابت (واتە بۆ جەنابت هەینی جەژنە و بۆ جولەكە شەممە و بۆ دیانەكان یەكشەممە).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەجیبریلی پرسی: چیمان لەوڕۆژی هەینیەدا هەیە؟

فەرمووی: خێر و ئاسوودەیی... ساتەوەختێكی تێدایە، كە هەر كەسێك تێیدا داوای شتێكی چاكە لەخوای پەروەردگاری بكات، ئەگەر لەچارەی نوسرابێت بەنسیبی دەبێت و، ئەگەر لەچارەشی نەنوسرابێت یان پشكی ئەو نەبێت، ئەوا داواكەی بۆ هەڵدەگرێت بۆ شتێكی باشتر بۆی، ئەگەر لەپاڕانەوەكەیدا پەنابگرێت بەخوای پەروەردگاری لەشتێك، كە لەچارەی نوسرابێت، حەتمەن نایهێنێتە ڕێی، یان ئەویانی دێتە رێ، بەڵام داواكەی بۆ هەڵدەگرێت بۆشتێكی تری مەترسیدارتر لەو...

وتم: ئەدی ئەم خاڵە رەشە چییە تێیدا؟

---

(١) مونذری لە (الترغيب والترهيب ٤٠٣/٤)، هەروەها بەززار و تەبەری لە (الكبير) و(الأوسط)،ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب)دا دەفەرموێ: (حسن لغيره)، هەروەها الموصلي هێناویەتییەوە و پیاوانی سەنەدی ریوایەتەكەی (صحيح)ن.

فەرمووی: ئەمە ساتەوەختێكی تری هەینییە، كە لەهەموو ڕۆژانی هەفتە گەورە و گرنگترە، ئێمە لەڕۆژی دوایدا پێیدەڵێین: ڕۆژی مەزید (ڕۆژی نیعمەتی ئیزافی)ز

وتم: بۆ چی ئێوە ناوتان ناوە ڕۆژی مەزید؟

فەرمووی: چونكە خوای گەورە كە دۆڵێكی لەبەهەشتدا خەلقكردووە، كە هەمووی مسكە، مسكی سپی كە ڕۆژی هەینی دادێت (بەپێی كاتی دنیا) خوای پەروەردگار لەو باڵاییەی خۆیەوە، لەسەر كورسی خۆیەتی و دێتە ئەو دۆڵە مسكە، فریشتەكان دەوری كورسییەكەیان تەنیوە، پێغەمبەران-سەلامی خوایان لەسەر بێت- هەموو تەشریف دێنن و لەسەر مینبەری نورانی ریزكراو لەبەردەست خوای گەورەدا دادەنیشن و دەڕواننە ڕووی خوای گەورە!...

خوای گەورە دەفەرموێ: من بەڵێنی ڕاستی خۆمم وەلتاندا هێنایەدی و نیعمەتی خۆتم بەتەواوی بەسەردا رشتن، ئێستاش ئێرە جێگای ڕێزلێگرتنی منە بۆتان، داوا بكەن ئینجا هەموو داخوازییەكانی خۆیان داوا دەكەن، تا حەز و ئارەزوو ئاواتەكانیان دێنەدی، هەر چی دەیبینن لەوەیە كە هێشتا هیچ چاوێك نەیدیوە و هیچ گوێیەك نەیبیستووە و بەدڵ و هۆشی هیچ مرۆڤێكدا نەهاتووە تا ئەو كاتەی ئیتر هەریەكەو بەو ئاواتەوەی خەریك دەبێت كە بۆی هاتۆتەدی.. ئینجا خوای پەروەردگار لەسەر كورسیەكەیەتی و بەرز دەبێتەوە بۆ باڵا..

شەهیدان و پیاو چاكانیش هەموو باڵادەچن.. وادەزانم جیبریل فەرمووی: ئینجا ئەهلی بەهەشت هەریەكە دەچنەوە جێگای سوكنای خۆیان، كە ژوورەكانیان مرواری سپی و یاقوتی سوور و زوبەرجەدی سەوزەشینە.. دیوار و دەرگاكانی هەروان و جۆبار و ڕووباریان بەژێردا دەڕوات، میوەی درەختەكان شۆڕبوونەتەوە، هەر كۆشك و تەلارێك هاوسەر و خزمەتكاری خۆی هەیە و تێیدایەتی.. موحتاجی هیچ شتێك نین جگە لەو ڕێز و تەقدیر و خۆشییەی ڕۆژانی هەینییان نەبێت، تا ڕێزی زیاتریان لێ بگیرێت و شادمانتربكرێن

بەتەماشاكردنی ڕووی خوای گەورە!... لەبەر ئا ئەمەیە كە بەو ڕۆژی هەینییەی قیامەت وتراوە: ڕۆژی مەزید (ڕۆژی نازونیعمەتی ئیزافی).

معاویـــەی بـاپیری بوهـــزی كـوڕی حـــەكیم -خـوا لێیـان رازی بێـت- دەگێڕێتەوە : :كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ في الجنَّةِ بحر العسلِ وبحر الخمرِ، وبحرُ اللبنِ، وبحرُ الماءِ ثمَّ تنشقُ الأنهارَ بعدُ)[١] .

واتە: لەبەهەشتدا دەریایەكی هەنگوین و دەریـایەكی شـەڕاب و دەریـایەكی شیر و دەریایەكی ئاو هەیە، كە لەوانەوە ڕووبار جویٚ دەبێتەوە!

ئەبو ذەر -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (... أُدْخِلْتُ الجَنَّةَ، فإذا فيها جَنابِذُ اللُّؤْلُؤَ، وإذا تُرابُها المِسْكُ)[٢] .

واتە: شـــەوی میعـــراج بردیـــانمە بەهەشـــتەوە،دیتم: گـــومەز بەســـەر كۆشـكیەوەیەتی (واتە سـەربانەكەی خڕبـوو وەكـو گـومەز) كە یەكپـارچە مرواریيە، خاكی بەهەشتیش مسك بوو.

- باسی بەهەشتیان:

خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ ۝٥٥ هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ۝٥٦ لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ۝٥٧ سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ۝٥٨ ﴾ يس: ٥٥ – ٥٨ .

واتە: ئەمڕۆ بەهەشتیەوانان لەچێژ و ڕابواردنی خۆیاندان و ژیانیان شادمانانە دەڕوات، ناپەڕژێنە سەرحاڵی دۆزەخیـان و هەقیـان بەسـەریانەوە نیـیە.. ئەمـان

---

(١) ترمذی (٢٥٧١)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا دەفەرمویٚ: (صحيح)ە.
(٢) موسلیم (١٦٣)، بوخاری (٣٤٩).

خۆیـان و هاوسـەرانیان لەژێـر سـایەی حەوانەوەن و لەسـەر سـەكۆی ڕازاوە پاڵیانداوەتەوە، لەهەموو جۆرە میوەیەكیان لەبەردەستدایە و، هەر چی داوا بكەن بۆیان دێتەپێش.. لەئارامی و ئەمـانی خـوای گەورەدان، چـونكە سـڵاوی خـۆی لێكردوون و هێمن و ئاسوودەی كردوون.

﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ﴿٥٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا ﴿٦٠﴾ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ عِبَادَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَأۡتِيّٗا ﴿٦١﴾ لَّا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوًا إِلَّا سَلَٰمٗاۖ وَلَهُمۡ رِزۡقُهُمۡ فِيهَا بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا ﴿٦٢﴾ تِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِي نُورِثُ مِنۡ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيّٗا ﴿٦٣﴾ ﴾ مريم: ٥٩ – ٦٣ .

دوای ئەوەی لەئایەتەكانی پێشوو دا باسـی نێرراوانـی خـوای گەورە هـات - علـیهم السـلام- هەروەهـا یاوەرانیـان، هـاتە سەرباسـی نەوەكـانی دواییـان و دەفەرموێ: نەوەیەكی تر بەدوایاندا هات، كە نوێژیان وازلێهێنا و لەخواپەرستیی سست بوون (باسی جولەكە و دیـانە، كە بێگومـان موسـوڵمانیش دەگـرێتەوە) و كەوتنەناو هەواو هەوەس و ئارەزووی مونحەریفی خۆیانەوە.

بـۆیە حەتمەن لەدوا ڕۆژدا دەچـنە دۆزەخەوە، جـگە لەوانەیـان، كـــە تـۆبە دەكەن و بـاوەڕی دامەزراویـان دەبێـت و كـردەوە چاكەكـان ئەنجـام دەدەن و ئەمانەیان دەچنە بەهەشتەوە و هیچ لەپاداشـتیان كەم نـاكرێتەوە و دەخـرێنە ئەو بەهەشـتانەوە، كە خـوای میهرەبـان بەڵێنـی بەعەبـدە پیـاو چاكەكـانی داوە ،كە بەنسیبیانی دەكات، بەڵێنی خوای گەورە حەتمیە و دێتەدی...

لەبەهەشتدا زۆر بڵێی و قسەی بێ جێ نابیستن، هەر سڵاوو ڕێـز و وشـەی نەرمونیانی بەئەدەبی فریشتەكان و گوفتاری دیندارانەی پیاوچاكان دەبیسـتن.. خۆراك وخواردنەوەیان هەمیشەییە و، بەكاتەكانی بەیانیان و ئێوارانی دنیا بۆیان ئامادە دەكرێت (جـگە لەوەی كە هەر كاتێـك حەزكەن لەبەردەسـتیاندا دەبێـت)،

ئەم بەهەشتە دەبەخشینە ئەو عەبدانەمان، کە دینداری سەرڕاست و تەقواکاری پیاو چاکن.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ غُرَفًا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ نِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ العنكبوت: ٥٨ – ٥٩ .

واتە: ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە و کرداره چاکەکانیان کردووە لەبەهەشتێکدا نیشتەجێیان دەکەین، کە ڕووبار و جۆباریان بەژێردا دەڕوات و بەنەمری تێیدا دەمێننەوە... بەڕاستی پاداشتی ئیماندارە کاراکان گەورەیە، ئەوانەی بەئارام و پشوو درێژانە دینداریتیان ڕاگرت و بەڕاستی پشتیان بەخوای پەروەردگاریان بەستبوو.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾ ﴾ الكهف: ١٠٧ – ١٠ .

واتە: ئەو کەسانەی باوەڕیان هێنا و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامدا، ئاستی بەهەشتەکانی فیردەوسیان بەنسیب دەبێت، وەکو ڕێزلێگرتنی زۆر تەقدیمیان دەکرێت و بەنەمری تێیاندا دەمێننەوە و، لە هیچ شتێکی بێزارنابن و هەوڵبدەن بیگۆڕن، یان بچنە سەر نازونیعمەتێکی تر بەهۆی مەلەل گرتنەوە.

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ وَتَرَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ حَآفِّينَ مِنْ حَوْلِ ٱلْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ۖ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ ۚ وَقِيلَ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٥﴾ ﴾ الزمر: ٧٣ – ٧٥ .

واتە: ئەوانەی دینداریتی سەرڕاستانەیان گرتبووە بەر و تەقواکاربوون، بەلوتفەوە پۆل پۆل بەرەو بەهەشت دەبرێن، هەر کە دەگەنە نزیکی دەبینن

دەروازەكانی بەهەشتیان لەڕوودا بۆ كراوەیە و دەرگاوانەكان پێشوازیان لێدەكەن و دەڵێن: سڵاوی خواتان لێ بێت و بەخێربێن، بێخەم بن و فەرموون بچنە بەهەشتەوە ،كە بەنەمری تێیدا دەمێننەوە...

ئەوانیش سوپاسی خوای گەورە دەكەن، (الحمدللـه) كە خوای گەورە بەشایانی ئەوەی زانیین، كە بەڵێنەكەی خۆیان بۆ بهێنێتەدی و ئەم بەهەشتەی پێ ڕەوا بینین، كە ببینە خاوەن پشك تێیدا و بەكەیفی خۆمان تێیدا بژین و بچین و تێیدا نیشتەجێ ببین ..

بەڕاستی پاداشتی ئیماندارە كاراكان گەورە و مەزن و بەنرخە، فریشتەكانیش دەبینرێن بەڕیز لە دەوروبەری عەرش وەستاون و سوپاس وستایشی خوای گەورە دەكەن، دادپەروەرانە داوەری هەموو كەسێك كراوە و بڕیاری حەق بۆ هەموان دەرچووە... سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي جَنَّٰتٖ وَنَعِيمٖ ﴿١٧﴾ فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ وَوَقَىٰهُمۡ رَبُّهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٨﴾ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿١٩﴾ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٖ مَّصۡفُوفَةٖۖ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ﴿٢٠﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ ﴿٢١﴾ وَأَمۡدَدۡنَٰهُم بِفَٰكِهَةٖ وَلَحۡمٖ مِّمَّا يَشۡتَهُونَ ﴿٢٢﴾ يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأۡسٗا لَّا لَغۡوٞ فِيهَا وَلَا تَأۡثِيمٞ ﴿٢٣﴾ ۞ وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ غِلۡمَانٞ لَّهُمۡ كَأَنَّهُمۡ لُؤۡلُؤٞ مَّكۡنُونٞ ﴿٢٤﴾ ﴾ الطور: ١٧ – ٢٤ .

واتە: تەقواكاران (كە دیندارانی سەرڕاست و پابەندانی شەرعن) لەنازونیعمەتدان، لەبەهەشتدا لەچێژ و لەزەت و ڕابواردندان و شادمانن بەوەی خوای گەورە پێی بەخشیوون، دوای ئەوەی بەلوتفی خۆی لەژان و ئەشكەنجەی دۆزەخ لایدان و ئەمانی دانێ...

بخۆن عافێتتان بێت، بخۆنەوە نۆشی گیانتان بێت، ئەمە پاداشتی ڕەنجی دنیای خۆتانە كە نییەت و گوفتار و كردارتان شەرعییانەبوو.. لەسەر تەختی

ریزكـراوی حەوانەوە سـتاریان گرتـووە ... هاوسـەرمان بەنسـیب كـردوون، لە حۆرییەكانی بەهەشت، چاوگەش و چاو جوانی تایبەت...

ئەو كەسانەی ئیماندارانە ژیان و مردن و بەهەشتیان بەنسیب دەبێت منـداڵ و وەچەو نەوەكانیشیان (كە لەسەر دیدوڕێی ئەمان ڕۆیشتوون) هەموویانیان لێرە (لەبەهەشتدا) پێـدەگەیێنن و، هەموویـان خۆشـحاڵانە كـۆدەكەینەوە.. بێـئەوەی یەكێكیان لەیەكێكیان دابڕین، بێئەوەی ڕەنجی كەسیشیان بەكەم بزانین یان لێی كەم بكەینەوە..

هەموو كەسـێك گیـرۆدەی كـاروكردەوەی خـۆیەتی... پیـاو چـاك پاداشـتی چاكەكـانی دەدرێـتەوە و پیـاو خـراپ سـزای خراپەكـانی وەردەگرێـت.. بەهەشتیەوانان كە لەنازونیعمەتدان، هیچیان لێ نابڕێت، بەردەوام میوەی نوێیان پێـدەگات و جـۆری گوشـتی وایـان بەنسـیب دەبێـت، كە هەریەكەیـان حەزی لێیەتی، بێئەوەی موحتاجی بێت و خۆی داوای بكات.

بـۆ ڕێزلێگـرتن لەیەكتریـی پێكـی شـەڕابی بەهەشـت تەقـدیمی یەكتریـی دەكەن.. شـەڕابێك، كە نـابێتە مـایەی سەرخۆشـیی و لاسـەنگبوون و نوانـدنی ڕەفتاری گەڕەلاوژێ و ئیزعاجكردن، بەپـێچەوانەی شـەڕابی حەڕامـی دنیـاوە.. ئەوانەی خزمەتیان دەكەن، هەموو خزمەتكاری گەنج و بە ئەدەب و نەرمونیـانن، جوانن، پارێزراون وەكو مرواری ناوسەدەفی دەست لێنەدراو... (واتە : سـووك و سەلیم و بێ نرخ نین).

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ الأعراف: ٤٢ ٤ .

واتە: ئەو كەسانەی كە باوەڕیان هێنا و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامدا، ئەهلی

بەهەشـت دەبـن و بەنەمـری تێیـدا دەمێنـنەوە، ئـێمە زیـاد لەتوانـای کەس داوا ناکەین، ئەوانە کە دەچنە بەهەشتەوە هەموو جـۆرە ڕق و بـوغز و کینەیەکمـــان لەدڵ و دەروونیانــدا دەرکێشــاون، لەبەهەشــتدا جۆبــار و ڕووباریــان بەژێــردا دەڕوات..

جا سوپاسی خوای گەورە دەکەن، دەڵێن: (الحمدلله) سوپاس بۆ ئەو خوایەی هیدایەتی داین و گەیانـدنییە ئەم حـاڵەتە، ئـێمە چـۆن بەمە دەگەیشـتین، ئەگەر خوای گەورە خۆی هیدایەتی نەدابنایە، بەڕاستی نێرراوانی خوای گەورە -علیهم السلام - ڕاستیان فەرموو، حەقیان هێنابوو، دید و ڕێبـاز و بەرنامەیـان ڕاسـت و ڕەوابوو.. جا بانـگ دەکـرێن، خۆشـحاڵ بـن، هەربـژین.. ئەم بەهەشتەشـتان لـێ پیرۆزبێـت و هەر بـۆ خۆتـان، ئەوە پاداشـتی ئەو کـارە شـەرعییانەتان بـوو، کە لەدنیادا کردتانن.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجۡرَ مَنۡ أَحۡسَنَ عَمَلًا ۞ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَيَلۡبَسُونَ ثِيَابًا خُضۡرٗا مِّن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۚ نِعۡمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتۡ مُرۡتَفَقًا ۞﴾ الكهف: ٣٠ – ٣١ .

واتە: ئەو کەسـانەی کە باوەڕیـان هێنـا و کـردەوە چاکەکانیـان ئەنجامـداوە، پاداشتی خۆیانی لەسەر وەردەگرن، ئێمە پاداشتی هیچ کەسێك بەزایە نادەین، کە کردەوەی چـاکی کردبێـت، پاداشـتی ئەوانە بەهەشـتانێکە کە تێیـدا دەسرەون و تێیــدا ئاســوودە دەژیــن.. بەهەشــتانێکەکە ڕووبــار و جۆباریــان بەژێردادێـت، بەهەشتییان خشڵی زێڕی تێدا دەپۆشن و خۆیانی پێدەڕازێننەوە، جۆرەها پۆشاکی دیباج و ئاوریشمی تەنك (سندس) و ئەسـتوور (إسـتبرق) دەپۆشـن، لەکەژاوەی ڕازاوەدا دادەنیشن، کە هەمووی لەسەر سەکۆی نەرم و جوان دامەزراوە...

بەڕاستی پاداشتێکی خۆش و چاك و بەقەدرە، کە هەمـوو چێژەکـانی مرۆڤـی تێدا دێتەدی و لوتکەی حەز و رابواردنە.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ٢٣ وَهُدُوٓاْ إِلَى ٱلطَّيِّبِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ وَهُدُوٓاْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡحَمِيدِ ٢٤ ﴾ الحج: ٢٣ – ٢٤ .

واتە: ئەو كەسانەی، كە باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە، خوای گەورە دەیانخاتە بەهەشتانێكەوە، كە جۆبار و ڕووباریان بەژێردا دەڕوات و جۆرە خشڵی زێرین و مرواری پۆشاكی ئاوریشمی تێدا دەپۆشن و، خۆیانی پێ دەڕازێننەوە... ئەمانە لەدنیادا ڕێنمایی كرابوون بۆ خواناسی و خواپەرستی كە بەڕاستی وسەرڕاستانە گرتیانەبەر... خوای گەورەش هیدایەتی دان و لەسەر ڕێبازە جوانەكەی خۆی رایگرتن.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ٥٨ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ٥٩ ﴾ العنكبوت: ٥٨ – ٥٩.

واتە: ئەو كەسانەی كە باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە،حەتمەن دەیانخەینە بەهەشتەوە، لەكۆشك و تەلاری ڕازاوەدا نیشتەجێیان دەكەین ،كە جۆبار و ڕووباریان بەژێردا دەڕوات... بەنەمری لەبەهەشتدا دەمێننەوە... شایانیانە..

ئەمە بەڕاستی پاداشتێكی شیاو و جوان و گرنگە و قابیلی ئیهاندارە سەرڕاستەكاراكانی ئیسلامە.. ئەوانەی كە ئارام و پشوودرێژانە دین و دینداریان ڕاگرت و كاریان بۆ دینەكە كرد، كە پشتیان بەخوای پەروەردگاریان بەست و لەهەموو شتێك بێ باك بوون.

﴿ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ٣١ ﴾ فصلت: ٣١ .

واتە: بەبەهەشتیەوانان دەوترێت: هەرچی دڵتان دەیخوازێت و حەزتان لێیەتی، لەبەهەشتدا دەستتان دەكەوێت، هەرچی داواكارییەكتان هەبێت بۆتان

دێتەجێ.. ئەمانە هەمووی لەخوای گەورەوە، لەخوای لێخۆشبوو و بەبەزەییەوە بۆ ڕێزلێنانتان دانراوە بۆتان.

﴿ يَٰعِبَادِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ۝٦٨ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ مُسۡلِمِينَ ۝٦٩ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ ۝٧٠ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ۝٧١ وَتِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ۝٧٢ لَكُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ كَثِيرَةٞ مِّنۡهَا تَأۡكُلُونَ ۝٧٣ ﴾ الزخرف: ٦٨ – ٧٣.

واتە: هۆ عەبدە موسوڵمانە پیاوچاكەكانم! ئەمڕۆ نەخەفەتی ڕابوردوتان بخۆن و نەخەمی داهاتوتان بتانگرێت، بێخەم بن، ئاسوودەبن.. ئەمانە ئەو كەسانەن كە باوەڕیان بەبەڵگە و نیشانەكانی خوایەتی خوای گەورە (لەوەحی و گەردوون و ژیاندا) هێنابوو، كە موسوڵمانانە ژیان و خواناسانە مردن..

فەرموون بۆ بەهەشت.. خۆتان و هاوسەرانتان بەڕێزەوە پێشوازی دەكرێن، بەخێربێن، سفرە و خوانی خۆراك و خواردنەوەیان بۆ ئامادەكراوە، دەفر (قاپ)ەكانی لەزێڕن، هەروەها پەرداخ و دۆلكە و سوراحیەكانی هەر چی دڵ حەزكات لێیەتی، هەر چی شتێك چێژی تام و دیتنە لێیەتی و ئێوە بەنەمری تێیدا دەمێننەوە ...

ئەم بەهەشتەتان پێشكەش بێت، پیرۆزتان بێت، شایانین، ئەمە پاداشتی ئەو دینداریێتیە سەرڕاستیەتانە، ئەمە پاداشتی كاروكردەوە چاكەكانتانە.. شادبن .. هەرچی میوەیەك حەزی لێدەكەن هەیە و زۆرە و بیخۆن.

﴿ إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ ۝٥١ فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ ۝٥٢ يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ۝٥٣ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ ۝٥٤ يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ۝٥٥ لَا يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلۡمَوۡتَ إِلَّا ٱلۡمَوۡتَةَ ٱلۡأُولَىٰۖ وَوَقَىٰهُمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ۝٥٦ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ۝٥٧ ﴾ الدخان: ٥١ – ٥٧ .

واتە: تەقواكاران (دینداراني سەرڕاست و پابەندانی شەرع) لەجێگای ئەمانی نیشتەجێیدان، لەبەهەشتانێکی بەرفراوان و کانیاو و ئاو و دیمەنی جواندان، پۆشاکیان دیباج و ئاوریشمی تەنك و ئەستوورە، کە بەپێی حەزی خۆیان دەیپۆشن.. و ڕوو لەیەکن، هاوسەریان لەحۆرییەکانی بەهەشت بەنسیب بووە کە چاوگەش و چاورەش و جوانن .. خزمەت دەکرێن، داوای هەرشتێك بکەن بۆیان دەهێنرێت، جۆرەها خۆراك، میوەی ئەمین کە هیچ نەخۆشییەکی لێوە پەیدا نابێت و ترس لەزۆر خواردنی نییە..

بەهەشتیەوانان ئاسوودە و لەئەماندان، چونکە خەمی مردنیان نەماوە، چونکە مردنەکەی یەکەمیان کە چێشتووە ئیتر بەسە.. خوای گەورە لەڕۆژی دواییشدا هەموویانی لەئەشکەنجە و ترس و بیمی دۆزەخ لاداوە.. ئەمە لوتف و چاکە و فەزڵی خوای گەورەیە.. دەستخستنی ئەم ئەنجامە بەڕاستی سەرفرازی وسەربەرزی وسەرکەوتنێکی گەورەیە.

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلسَّٰبِقُونَ ١٠ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡمُقَرَّبُونَ ١١ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ١٢ ثُلَّةٞ مِّنَ ٱلۡأَوَّلِينَ ١٣ وَقَلِيلٞ مِّنَ
ٱلۡأٓخِرِينَ ١٤ عَلَىٰ سُرُرٖ مَّوۡضُونَةٖ ١٥ مُّتَّكِـِٔينَ عَلَيۡهَا مُتَقَٰبِلِينَ ١٦ يَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ ١٧
بِأَكۡوَابٖ وَأَبَارِيقَ وَكَأۡسٖ مِّن مَّعِينٖ ١٨ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنۡهَا وَلَا يُنزِفُونَ ١٩ وَفَٰكِهَةٖ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ٢٠ وَلَحۡمِ طَيۡرٖ
مِّمَّا يَشۡتَهُونَ ٢١ وَحُورٌ عِينٞ ٢٢ كَأَمۡثَٰلِ ٱللُّؤۡلُوِ ٱلۡمَكۡنُونِ ٢٣ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢٤ لَا يَسۡمَعُونَ فِيهَا
لَغۡوٗا وَلَا تَأۡثِيمًا ٢٥ إِلَّا قِيلٗا سَلَٰمٗا سَلَٰمٗا ٢٦ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡيَمِينِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلۡيَمِينِ ٢٧ فِي سِدۡرٖ مَّخۡضُودٖ ٢٨ وَطَلۡحٖ
مَّنضُودٖ ٢٩ وَظِلّٖ مَّمۡدُودٖ ٣٠ وَمَآءٖ مَّسۡكُوبٖ ٣١ وَفَٰكِهَةٖ كَثِيرَةٖ ٣٢ لَّا مَقۡطُوعَةٖ وَلَا مَمۡنُوعَةٖ ٣٣ وَفُرُشٖ مَّرۡفُوعَةٍ
٣٤ إِنَّآ أَنشَأۡنَٰهُنَّ إِنشَآءٗ ٣٥ فَجَعَلۡنَٰهُنَّ أَبۡكَارًا ٣٦ عُرُبًا أَتۡرَابٗا ٣٧ لِّأَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ٣٨ ثُلَّةٞ مِّنَ ٱلۡأَوَّلِينَ ٣٩
وَثُلَّةٞ مِّنَ ٱلۡأٓخِرِينَ ٤٠﴾ الواقعة: ١٠ – ٤٠ .

واتە: پێشڕەوانی سەرەتایی (کە پێغەمبەران علیهم السلام و یاوەرانی نزیکیانن) ئەوانە لەخوای گەورە نزیکن، پاداشتیان زۆر ترە و بەڕێزترن، ئەوانە لەنازونیعمەتی بەهەشتدان، ئەم پۆلەیان کۆمەڵێك لەئیماندارانی ئوممەتانی تر و کەمینەیەکی ئوممەتی(محمد)ن -صَلَّى اللہ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ- جێ و ڕێی ئەمانە

تایبەتترە.. هەر لەبەهەشتدان، بەڵام ئاست و پاداشت و نیعمەتی بەردەستیان باڵاترە.. لەبەهەشتدا نیشتەجێن لەكۆشك و تەلاری جوان و كەژاوە و سەكۆی ڕازاوە بەزێڕ و گەوهەر و جۆرەها جوانی... ڕووبەڕووی یەكتری دانیشتوون، پاڵیانداوەتەوە و حەواوەن، خزمەتكارەكانیان گەنجی جوانن، جوانیان ناڕوات پێك و پەرداخ و دۆلكە و سوراحی و كەلوپەلەكانی شەڕاب خواردنەوەیان زێڕینن... شەڕابیان لێنابڕێت، چونكە ڕووبارێكی جارییە..

هەردەخۆنەوە و مەست نابن، نەسەریان پێی قورس دەبێت نەلەشیان و نەوەكو شەڕابی دنیاش پارسەنگیان لەدەست دەچێت پێی! ... میوە و خۆراكیان... هەمووی تایبەتە... جۆرەها میوەی تازە و گۆشتی جۆرەها باڵندە لەوەی هەریەكەیان حەزی لێدەكات...

هاوسەرانیان: هەموو چاوگەش و چاورەش و جوانن.. پاكن دەستی كەسیان پێشتر بەرنەكەوتووە، وەكو مرواریی ناوسەدەفی خۆی پارێزراون، ئەمە پاداشتی ئەم پۆلە خواناسەیە كە لەدنیادا فەرمانەكانی خوایان ڕاست و دروست جێبەجێدەكرد..

ئەمە پاداشتی دید و نییەت و ڕەفتار (گوفتار و كردار)ی تەمەنیانە... لەبەهەشتدان، لەئەمان و حەوانەوە و سوكنای هێدی و ئارامدان، بەهیچ جۆرێك دەنگە دەنگ و قسەی خراپ و نابەجێی تێدا نابیستن .... چونكە خوای گەورە سڵاوی لێكردوون، فریشتە پێشوازی لێكردون و بەخێرهاتنی لێكردوون... هەمووشیان پیاوچاكی ڕاستگۆی خوای گەورەن... هەڵبژاردەی هیدایەت و پاڵفتەی بەردەستی خوای خاوەنیانن.

ئەمما پۆلی دووەم، كە هەر خواناس و دینداری ڕاست و ڕەوان، بەڵام لەئاستی پۆلی پێشین كەمترن، بەڵام هەر لەبەهەشتدان، هەر لەنازونیعمەتدان.. هەموو درەخت و ڕوووەكی دەوروبەریان، بۆنخۆشن و هیچیان دڕكێكی پێوەنییە، هیچ قەد و لق و پەلێك مایەی هیچ جۆرە ئازارێك نییە و نابێت، میوەی

بەرداری هێشوو و نیشـتوو... سـایەی پـان و پـۆڕی بەردەوام، ئـاوی ڕووبـاری هەمیشە جاریی.

جۆرەها میوەی ناسراو و نەناسراوی دنیـا، کە هیچیـان لەگەڵ میـوەی دنیـادا سیفەتی هاوبەشیان جگەلە ناوەکانیان نییە ... هەموو میوەیەك تـازەیە، هیچیـان پێشـتر هیچـی لێنەڕنـراوە، پـێخەف و فەرش و کەژاوە و سـەکۆی داپـۆشرا و بەجۆەها قوماشی نەرم و شل..

هاوسەرانی دڵگیر و پاك و جوان کە خوای گەورە تایبەت خەلقـی کـردوون، کچن و هەر کچ دەمێنن (ئەگەر چی هاوسەرانیشـیان لەگەڵیانـدا دەخەون)، هەر یەکەیان هۆگری پیاوی خـۆیەتی، نە ئەمـان و نەپیاوەکانیـان چاوباشـقاڵ نـین... چاویان لەغەیـری هاوسـەری خۆشەویسـتی خۆیـان نیـیە... شـەیدای یەکـترن.. هاوتەمەنن، هاوڕاز و هاوناز و هاوسەرن..

ئەمـانەش خـوای گەورە بـۆ ئەو پـۆلە خواناسـەی سـاز کـردوون کە پێیـان دەووترێـت: یـاوەرانی دەسـتی ڕاسـت (أصـحاب الیمـین)، ئەمـانە خەڵکـانێکی دیندارو خواویستی ئوممەتانی پێشوون، لەگەڵ خەڵکانێکی دیندارو خواویستی ئوممەتی محمد (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە ئاوا پاداشت دراونەتەوە.

موسـوڵمانانی هەمـوو سـەردەمێك لەنـاو خۆیانـدا پـلە و ئاسـتی پاداشـتیان جیاوازە:

﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ ﴿١١﴾﴾ المجادلة: ١١ .

واتە: ئەو کەسـانەتان کە باوەڕیـان هێنـاوە و خـاوەن زانسـتی شـەرعین (کە لەوەحی خواییەوە کەوتبێتەوە) پلە و ئاستی جیاوازتریان هەیە.

ئەبو سەعید -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : کە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ أهل الجنَّةِ ليتراءونَ أهلَ الغُرف من فوقهم، كما تتراءونَ الكوكبَ الدُّري الغابر في الأفقِ من المشرق إلى المغربِ لتفاضلِ ما بينهم، قالوا: يا رسولَ الله

تلكَ منازلُ الأنبياءِ لا يبلُغها غيرهُم؟ قالَ: بلى، والذي نفسي بيدهِ رجالٌ آمنُوا بالله وصدَّقُوا المرسلينَ)[١].

واتە: بەهەشتیەکان بۆ کۆشـك و تەلارە باڵاکـانی سـەروویان دەڕوانـن، کە وەکو ئەستێرەی پڕشنگدار لەئاسۆوە دەردەکەوێت و لەخۆر هەڵاتی (دنیـاوە/لای ڕاستی مـرۆڤەوە) بەرەو خۆرئـاوا دەچـن، هەسـت بەو جیـاوازییە زۆرەی نێـوان خۆیان و ئەوان دەکەن.

یاوەران عەرزی پێغەمبەری خوایان (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) کـرد: کە دیـارە ئەو پلە و ئاستە باڵایە هەر بۆ نێرراوانی خوای گەورەیە و کەسی تر نایگاتێ؟

فەرمـووی: بەدیـی، بەو خـوایەی گیـانی منـی بەدەسـتە،پیاوانێکی تـریش دەیگەنـێ لەوانەی، کە باوەڕیـان بەخـوای گەورە هێنـاوە و نێرراوانـی خوایـان بەڕاستگۆ زانیووە و شوێنیان کەوتوون.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ أوَّلَ زُمْرَةٍ يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ علَى صُورَةِ القَمَرِ لَيْلَةَ البَدْرِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ علَى أشَدِّ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ في السَّمَاءِ إضَاءَةً، لا يَبُولونَ ولَا يَتَغَوَّطُونَ، ولَا يَتْفِلُونَ ولَا يَمْتَخِطُونَ، أمْشَاطُهُمُ الذَّهَبُ، ورَشْحُهُمُ المِسْكُ، ومَجَامِرُهُمُ الأُلُوَّةُ الأنْجُوجُ عُودُ الطِّيبِ، وأَزْوَاجُهُمُ الحُورُ العِينُ، علَى خَلْقِ رَجُلٍ واحِدٍ، علَى صُورَةِ أبِيهِمْ آدَمَ، سِتُّونَ ذِرَاعًا في السَّمَاءِ)[٢] .

واتە: یەکەمین دەستە موسوڵمان، کە دەچنە بەهەشـتەوە ڕوویـان نـوورانی و دەدرەوشێنەوە، وەکو مانگی چـواردە، پاشـان دەسـتەی دوای ئەوان کە ڕوویـان وەکو درەوشاوەترین ئەستێرە دەبێت!

(١) بوخاری (٣٢٥٦)، موسلیم (٢٨٣١).

(٢) بوخاری (٣٣٢٧)، موسلیم (٢٨٣٤)، ئیبنو ماجە (٣٥١٣).

بەهەشتییان لەوێ میز ناکەن، پیسایی ناکەن، تف و بەڵغەم ڕۆناکەن، چڵمیان نابێت، شانەی قژ داهێنانیان لەزێڕە، ئارەقی لەشیان دەبێت بەمسك، ئاگردانی بغورد و بۆنی خۆش سازکردنیان لە (عود)ە، هاوسەریان حۆرییە، هەموویان لەسەرشێوەی یەك جۆر پیاو دروست دەبن، لەسەر شێوەی ئادەمی باوکیان، کە شەست باڵ باڵایان بەرز دەبێت.

لەریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (لِكُلِّ واحِدٍ منهمْ زَوْجَتانِ، يُرَى مُخُّ ساقِهِما مِن وراءِ اللَّحْمِ، مِنَ الحُسْنِ، لا اخْتِلافَ بيْنَهُمْ ولا تَباغُضَ، قُلُوبُهُمْ قَلْبٌ واحِدٌ، يُسَبِّحُونَ اللَّهَ بُكْرَةً وعَشِيًّا) .

واتە: هەر یەکێك لەبەهەشتیەوانەکان، یەکی دوو ژنیان دەبێت ،کە لەناسك و لوسیدا ،مۆخی ئێسقانی ڕانیان لەودیوی گۆشتی بەلەکیانەوە دەبینرێت! بەهەشتیەوانان لەناوخۆیاندا راجوێ و ناکۆك نابن، یەکتریی نابوغزێنن، دڵیان وەکو یەك دەبێت، هەموویان بەیانیان و ئێواران (بەکاتی دنیایان) سوپاس و ستایشتی خوای گەورە دەکەن.

جابری کوڕی عبدالله -خوا لێیان رازی بێت- دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إنَّ أهْلَ الجَنَّةِ يَأْكُلُونَ فيها ويَشْرَبُونَ، ولا يَتْفُلُونَ ولا يَبُولونَ ولا يَتَغَوَّطُونَ ولا يَمْتَخِطُونَ قالوا: فَما بالُ الطَّعامِ؟ قالَ: جُشاءٌ ورَشْحٌ كَرَشْحِ المِسْكِ، يُلْهَمُونَ التَّسْبِيحَ والتَّحْمِيدَ، كما تُلْهَمُونَ النَّفَسَ)[١] .

واتە: بەهەشتیەوانان لەبەهەشتدا دەخۆن و دەخۆنەوە، بێئەوەی تف و بەڵغەمیان هەبێت، میز ناکەن، پیسایی ناکەن، چڵمیان نابێت، عەرزیان کرد: ئەدی کە دەخۆن؟ (خواردنەکە چی لێدێت؟!) .

فەرمووی: قرقێنە و ئارەق کردنەوەیان هەموو دەبێتە مسك (بۆنی خۆش) و

(١) موسليم (٢٨٣٥)، أحمد (١٤٨١٥).

وتنــی: سـبحانه اللــه و الحمدللـه (لەریـوایەتی تـردا: اللـه اكبر)یـان وا لەدەم دێتەدەرەوە، وەكو هەناسەدانەوەیان سروشتیی دەبێت.

ئەبو سەعیدی خودری -خوا لێی رازی بێت- هەروەها ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- گێڕایانەوە: كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (يُنادِي مُنادٍ: إنَّ لَكُمْ أنْ تَصِحُّوا فلا تَسْقَمُوا أبَدًا، وإنَّ لَكُمْ أنْ تَحْيَوْا فلا تَمُوتُوا أبَدًا، فَذلكَ قَوْلُهُ عزَّ وجلَّ: ﴿وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ الأعراف: ٤٣)[1] .

واتە: لەبەهەشتدا جـاڕچییەك جـاڕ دەدات: كە لەمەودوا هەمیشـە لەش سـاغ دەبن، هەتاهەتایە نەخـۆش نـاكەون، لەمەودوا هەر زینـدوو دەبـن و هەتاهەتـایە نـامرن، ئەمەیە فەرمایشــتی خــوای گەورە كە دەفەرمــوێ: ﴿وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ الأعراف: ٤٣ .

واتە: ئەم بەهەشـتەتان لـێ پیرۆزبێـت، كە سـەرەنجامی ئەنجامـدانی كـاری چاكی خۆتان بەنسیبتان بووە.

جابر - خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : : (كنا عند رسولِ الله صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ، فنظر إلى القمر ليلةَ البدرِ، وقال: إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ عيانًا كَمَا تَـرَوْنَ هَذَا القَمَرَ، لاَ تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ، إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ لاَ تُغْلَبُوا عَلَى صَلاَةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا فَافْعَلُوا، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ ﴿٣٩﴾﴾ ق: ٣٩)[2] .

واتە: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بـووین، تەماشـای مانگی كرد، چواردە شەوەبوو، فەرمـووی: ئێـوە لەڕۆژی دوایـدا ئـاوا بەڕوون و ئاشـكرایی تەماشـای خـوای پەروەردگارتـان دەكەن و ئـاوا دەیبیـنن، گومانتـان لەدیتنیـدا نابێـت، جـا تـا دەتـوانن پـێش خـۆر هەڵهـاتن و پـێش خۆرئـاوابوون

---

(١) موسلیم (٢٨٣٧)، ترمذی (٣٢٤٦).

(٢) بوخاری (٥٥٤)، موسلیم (٦٣٣)، ترمذی (٢٥٥١)، ئیبنو ماجە (١٤٧)، ئەبو داوود (٤٧٢٩).

نوێژەکانتــان بــکەن، پاشــان ئەم ئــایەتەی خوێنــدەوە: ﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ ٣٩﴾ ق: ٣٩ .

واتە: پـێش خۆرهەڵهـاتن و پـێش خۆرئـاوابوون، سـوپاس وستایشـی خـوای پەروەردگارت بکە.

هەروەها پێغەمبەی خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمـوێ: (بينا أهْلُ الجنَّةِ في نعيمِهِم إذْ سطعَ لَهُم نورٌ، فرفَعوا رءوسَهُم فإذا الرَّبُّ قد أشرفَ عليهِم من فوقِهِم، فقالَ: السَّلامُ عليكم يا أهْلَ الجنَّةِ، قالَ وذلِكَ قولُ اللَّهِ: ﴿سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ٥٨﴾ يس: ٥٨، قالَ فينظُرُ إليهِم ويَنظُرونَ إليهِ فلا يلتَفِتونَ إلى شيءٍ منَ النَّعيمِ ما داموا ينظُرونَ إليهِ حتَّى يحتجِبَ عنهُم)[1] .

واتە: لەوکـــاتەی، کە بەهەشـــتییەوانان لەنازونیعمەتیانـــدا دەبـــن، لەپـــڕ نووریکیان لێوەدەردەکەوێت، هەموو سەر هەڵدەبڕن، دەبینن خوای پەروەردگـارە و لێیانەوە دەرکەوتووە و سڵاویان لێـدەکات، دەفەرمـوێ: سـڵاوتان لێبێـت ئەی ئەهلی بەهەشت! ئەمە ئەو سـڵاوەیە،کە خـوای گەورە دەربـارەی دەفەرمـوێ: ﴿سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ٥٨﴾ يس: ٥٨ .

واتە: سڵاوێك لەخوای پەروەردگاری بەبەزەییەوە.. پاشان پەردە دەکەوێـتەوە نێوانیان.

سوهەیبی رۆمی -خوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : کە پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (إذا دَخَلَ أهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ، قالَ: يقولُ اللَّهُ تَبارَكَ وتَعالَى: تُرِيدُونَ شيئًا أزِيدُكُم؟ فيَقولونَ: ألَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنا؟ ألَمْ تُدْخِلْنا الجَنَّةَ، وتُنَجِّنا مِنَ النَّارِ؟

---

(١) ئیبن ماجە (١٨٤) و لەفزەکەش هی ئەمە، ئیبنو ئەبی دونیا لە (صفة الجنة) (٩٨)، هەروەها هەیثەمـی لە (مجمـع الزوائـد) (١٠١/٧) بەکەمێـك جیـاوازی، ئەلبـانی لە (ضـعيف ابـن ماجە)دا بە ژمارە (٣٣) دەفەرموێ: (ضعيف)ە.

قالَ: فَيَكْشِفُ الحِجابَ، فَما أُعْطُوا شيئًا أحَبَّ إليهِم مِنَ النَّظَرِ إلى رَبِّهِمْ عزَّ وجلَّ)[1] .

واته: كاتێك بەهەشتیەوانان دەچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە لێیان دەپرسێت: ئایا هیچ شتێكی تری زیاترتان دەوێت؟

دەڵێن: خوایەگیان! مەگەر ڕوت سپی نەكردین (ڕووسوور و سەرفرازت نەكردین؟) و نەتخستوینەتە بەهەشت و لەدۆزەخ رزگارت نەكردووین؟ (ئیدی چیترمان بوێت؟).

ئیتر پەردەی نێوان لادەدرێت و خوای گەورە دەبینن! هیچ شتێكیان بەلاوە خۆشتر نابێت، وەك لەدیتنی خوای پەروەردگاریان و تەماشاكردنی.

لەڕیوایەتێكی تریدا هاتووە: (ثُمَّ تَلا هذِه الآيَةَ: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۝٢٦﴾ یونس: ٢٦) واته: پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ ٱلْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ ۝٢٦﴾ یونس: ٢٦.

واته پاداشتی چاكە بۆ ئەو كەسانەیە، كە كردەوە چاكەكانیان كردووە و زیادەش وەردەگرن... زیادەكەش: تەماشاكردنی ڕووی خوای تاك و پاك و بێ وێنەیە.

موغیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (سَأَلَ مُوسَى رَبَّهُ، ما أدْنَى أهْلِ الجَنَّةِ مَنْزِلَةً، قالَ: هو رَجُلٌ يَجِيءُ بَعْدَ ما أُدْخِلَ أهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ، فيُقالُ له: ادْخُلِ الجَنَّةَ، فيَقولُ: أيْ رَبِّ، كيفَ وقدْ نَزَلَ النَّاسُ مَنازِلَهُمْ، وأَخَذُوا أخَذاتِهِمْ، فيُقالُ له: أتَرْضَى أنْ يَكونَ لكَ مِثْلُ مُلْكِ مَلِكٍ مِن مُلُوكِ الدُّنْيا؟ فيَقولُ: رَضِيتُ رَبِّ، فيَقولُ: لكَ ذلكَ، ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ ومِثْلُهُ، فقالَ في الخامِسَةِ: رَضِيتُ رَبِّ، فيَقولُ: هذا لكَ وعَشَرَةُ أمْثالِهِ، ولَكَ ما اشْتَهَتْ نَفْسُكَ، ولَذَّتْ عَيْنُكَ، فيَقولُ: رَضِيتُ رَبِّ، قالَ: رَبِّ، فأعْلاهُمْ مَنْزِلَةً؟ قالَ: أُولَئِكَ الَّذِينَ أرَدْتُ غَرَسْتُ كَرامَتَهُمْ بيَدِي،

(١) موسلیم (١٨١)، ترمذی (٢٥٥٢).

وخَتَمْتُ عليها، فَلَمْ تَرَ عَيْنٌ، ولَمْ تَسْمَعْ أُذُنٌ، ولَمْ يَخْطُرْ على قَلْبِ بَشَرٍ، قالَ غرس: ومِصْداقُهُ فِي كِتابِ اللهِ عزَّ وجلَّ: ﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ١٧﴾ السجدة: ١٧)[(١)] .

واته: موسا -علیه السلام - لەخوای پەروەردگاری پرسی: کەسێك کە نزمترین ئاستی لەبەهەشتدا هەیە، چی هەیە؟

فەرمووی: ئەوە کەسێکە کە لەڕۆژ قیامەتدا دوای ئەوەی هەموو ئەهلی بەهەشت دەچنە سەر جێ و ڕێی خۆیان، ئەویش دێت پێیدەووترێت: تۆش بچۆرە بەهەشت!

دەڵێ: بەڵام خوایە گیان، چۆن بچمە بەهەشت، کە هەموو خانووەکانی پڕبووە؟ !

هەموو کەسێك چۆتە ماڵ و جێی خۆی و پێداویستی ژیانی خۆیانیان وەرگرتووە؟!

پێیدەووترێت: حەز دەکەیت بەقەدەر یەکێك لەپاشاکانی دنیات هەبێت؟

دەڵێ: خوایەگیان ڕازیم.

دەفەرموێ: باشە با ئەوەندەت هەبێت و ئەوەندەی تریش و ئەوەندەی تریش و ئەوەندەی تریش!..

لەپێنجەمین جار دا کابرا دەڵێ: خوایەگیان ڕازیم.

خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوە و (دە) ئەوەندەی تریشت هەبێت، هەرچی دڵت دەیخوازێت و چاوت پێی ڕۆشن دەبێت، دەبێت هەتبێت!

دەڵێ: خوایە گیان رازیم، پاشان سەیدنا موسا -علیە السلام - فەرمووی:

---

(١) موسلیم (١٨٩)، ترمذی (٣١٩٨)، ئەمە ریوایەتەکەی موسلیمە.

ئەدی خوایەگیان! کەسێك کە باڵاترین ئاستی لەبەهەشتدا هەیە، چی هەیە ؟!

خوای گەورە فەرمووی: ئەوانە ئەو کەسانەن، کە ویستوومە بەدەستی خۆم ڕێزیان لێبگرم و پاداشتیان بدەمەوە... خۆم کۆتام بەبڕیاری خەڵاتکردنیان داوە... ئەوەی بەوانی دەبەخشم شتێکە، کە نەچاو دیویێتی و نەگوێ بیستوێتی و نەبەبیروهۆشی مرۆڤدا هاتووە.

غەرس (یەکێکە لەگێڕەرەوەکانی ریوایەتەکە) دەفەرموێ: ڕاستی، ئەوە ئەو ئایەتەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ١٧﴾ السجدة: ١٧ .

واتە: کەس نازانێت ئەو نادیارەی بۆی دانراوە چییە لەوەی، کە چاوی پێ ئۆقرە دەگرێت و دڵ پێی خۆشدەبێت.. ئەمە پاداشتی ئەو کاروکردەوە شەرعییانەیە،کە کردوویانە.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : کەپێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمووی: (مَن يَدْخُلُ الجَنَّةَ يَنْعَمُ لا يَبْأَسُ، لا تَبْلَى ثِيابُهُ ولا يَفْنَى شَبابُهُ).[1]

واتە: هەر کەسێك بچێتە بەهەشتەوە لەنازو نیعمەتدا دەبێت، لێیان بێزارنابێت، پۆشاکی کۆن نابێت و گەنجێتیەکەی نارِوات و پیرنابێت.

هەر ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (تَبْلُغُ الحِلْيَةُ مِنَ المُؤْمِنِ حَيْثُ يَبْلُغُ الوَضُوءُ).[2]

---

(١) موسلیم (٢٨٣٦).

(٢) موسلیم (٢٥٠).

واتە: خشڵی خۆڕازاندنەوە تا ئەو شـوێنەی موسـوڵمان دەگـرێتەوە، کە ئـاوی دەستنوێژی پێگەیشتووە.

عوتبەی کوڕی عبدالله ی سولەمی -خوا لێی رازی بێت- دەگێـڕێتەوە : : (ما مِن مُسلِمٍ يموتُ لَه ثلاثةٌ مِنَ الولَدِ لم يبلُغوا الحِنثَ إلَّا تلقَّوهُ مِن أبوابِ الجنَّةِ الثَّمانيةِ مِن أيِّها شاءَ دخلَ).[1]

واتە: هەر موسوڵمانێك سێ منداڵی پێش باڵغبوونیان بمـرن، لەڕۆژی دوایـدا لەهەر هەشت دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێت، لەهەر کامێکیانەوە بیەوێت دەچێتە ژوورەوە.

زەیدی کوڕی ئەرقەم-خوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : (جاءَ رجلٌ مِن أهلِ الكِتابِ إلى النَّبيِّ فقالَ: يا أبا القاسمِ! تزعُمُ أنَّ أهلَ الجنَّةِ يأكلونَ ويَشرَبونَ؟ قال: نعَم؛ والَّذي نَفسُ مُحمَّدٍ بيدِه، إنَّ أحدَهم ليُعْطَى قوَّةَ مئةِ رجُلٍ؛ في الأكلِ والشُّربِ والجِماعِ، قال: فإنَّ الَّذي يأكُلُ ويشرَبُ تكونُ لهُ الحاجَةُ، وليسَ في الجنَّةِ أذًى؟ قال: تكونُ حاجَةُ أحدِهم رَشحًا يفيضُ مِن جلودِهم كرشحِ المِسكِ، فيَضمُرُ بطنُه)[2] .

واتە: کابرایەکی ئەهلی کیتاب (جولەکە یان دیان) هاتە خـزمەت پێغەمـبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پرسی: ئەرێ ئەبولقاسم! تۆ لافـی ئەوە لێـدەدەیت، کە گوایە لەبەهەشتدا، بەهەشتییەکان دەخۆن و دەخۆنەوە؟ !

(١) ئیبنو ماجە (١٦٠٤)، ئەلبانیش لە (صحیح إبن ماجە) دا ئەفەرموێ: (حسن)ە. مونذریش لە لە (الترغیـب والترهیـب) بەژمـارە (١١٨/٣) هێنـاوێتییەوە و دەفەرمـوێ: (إسـنادە حسـن). هەروەهـا بوخـاری (١٣٨١) و نەسـائی (١٨٧٢) و ئەحـمەد (١٧٦٣٩) بەلەفـزی جیـاواز هێناویانەتەوە.

(٢) منـذری لە (الترغیـب والترهیـب) (٣٨١/٤)، ئەلبـانیش لە (صـحیح الترغیـب)دا بەژمـارە (٣٨٣٩) دەفەرمـوێ: (صـحیح)ە، هەروەهـا ئەحـمەد و نەسـائی بە سـەنەدی (صـحیح)، حاکمیش هەر ئاوا لە (المستدرك) هێاویەتییەوە.

فەرمووی: بەڵێ، بەو خوایەی گیانی موحەممەدی بەدەستە (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)، هەر یەكێكتان هێزی سەد پیاوی، لەخواردن و خواردنەوە و جیماعكردن و حەز دەدرێتێ!

كابرا پرسی: بەڵام ئەو كەسەی، كە دەخوات و دەخواتەوە پێویستی بەچوونە سەرئاوە، لەبەهەشتیشدا چوونە سەر ئاو نییە؟

فەرمووی: لەجیاتی چوونە سەر ئاویان وا دەبێت، كە لەپێستیانەوە بەشێوەی ئارەق، بەڵام وەكو مسك دێتەدەرەوە وگەدەیان سیس (خاڵی) دەبێتەوە.

سەیدنا عومەری كوڕی خەتتـاب -خـوا لێـی رازی بێـت- دەگێـڕێتەوە : كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (ما مِنكُم مِن أحَدٍ يَتَوَضَّأُ فيُبْلِغُ، أوْ فيُسْبِغُ الوَضُوءَ ثُمَّ يقولُ: أشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا عبدُ اللهِ ورَسولُهُ؛ إلَّا فُتِحَتْ له أبْوابُ الجَنَّةِ الثَّمانِيَةُ يَدْخُلُ مِن أيِّها شاءَ)[1] .

واتە: هەر كەسـێكتان دەسـتنوێژ گرتنـی تەواو بكـات، یـان دەسـتنوێژێك بەتەواوی بگرێت و، پاشان بڵێ: (أشْـهَدُ أنْ لا إلَـهَ إلَّا اللَّـهُ وأنَّ مُحَمَّـدًا عبـدُ اللـهِ ورَسولُهُ)، هەر هەشت دەرگاكەی بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە، تا لەهەركامێكیـانەوە ویستی بچێتە ژوورەوە.

لەڕیوایەتێكی (ترمـذی)دا، دوای شـایەتمانەكە دەفەرمـوێ: (اللهم اجعلني من التوابين، واجعلني من المتطهرين).

واتە: خوایەگیان بمخەرە ریزی ئەو كەسانەوە، كە تۆبەیـان كـردووە، خـوایە بمخەرە ریزی ئەو كەسانەوە كە پاك و سەرڕاستن.

---

(١) موسلیم (٢٣٤).

لای ئیمامــی(ئەحمــد) و (ئەبــوداود) ئەم زیــادەیەش هەیە: (ثم یرفع نظره إلی السماء).

واتە: دوای شایەتمان هێنانەكە، سەیری ئاسمان دەكات و دوعاكە دەكات.

لەریوایەتێكی تری ئیمامی ئەحمەد دا دەفەرموێ: (مَن تَوضَّأَ فأحسَنَ الوُضوءَ، ثمَّ قال ثلاثَ مرَّاتٍ: أشهَدُ أنْ لا إلهَ إلَّا اللهُ...).

ئەنەس -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خــوا (صَــلَّی اللــه عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (یُعطَی المؤمنُ في الجنَّةِ قوَّةَ كذا وَكَذا منَ الجماعِ ، قیلَ: یا رسولَ اللَّهِ أوَ یطیقُ ذلِكَ ؟ قالَ: یعطی قوَّةَ مائةٍ)[1] .

واتە: موسوڵمان لەبەهەشتدا توانای جنسی ئەوەنــدە و ئەوەنــدەی دەبێــت، كە بتوانێت سەرجێی (جیماع) بكات!

عەرزیان كرد: جا ئەی پێغەمبەری خوا ! دەتوانێت؟ !

فەرمووی: توانای سەد پیاوی دەدرێتێ!

ئیبنو مەسعود -خوا لێی رازی بێت- دەگێــڕێتەوە : (قالَ لي رسولُ اللَّهِ صلَّی اللَّهُ علیهِ وسلَّمَ: إنَّكَ لتَنظُرُ إلی الطَّیرِ في الجنَّةِ فتشتَهیهِ فیَخِرَّ بینَ یدیكَ مشویًّا).[2]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّی الله عَلَیْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرمووم: لەبەهەشــتدا، كە تەماشــای باڵنــدەیەك دەكەیــت (و حەزت لێــی دەبێــت)، بەســوورەوەكراوی دێتەخوارێ بۆ بەردەستت.

---

(١) ترمذی (٢٥٣٦)، ئەلبانیش لە (صحیح الترمذي)دا دەفەرموێ: (حسن صحیح).

(٢) منــذری لە (الترغیــب والترهیــب) (٣٨٣/٤)، هەیثەمــی لە (مجمــع الزوائــد) (٤١٧/١٠)، بوصــەیری لە (إتحـاف الخـیرة المهـرة) (٢٣٥/٨)، وە هەرسـێكیان دەفەرمـوون حەدیســەكە (ضعیف)ە، هەروەهـا ئەلبـانی لە (صـحیح الترغیــب) و (سلسـلة الضـعیفة)دا دەفەرمـوێ: (ضعیف جدا).

حوزەیفە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللـه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ طَيْرًا أَمْثَالَ الْبَخَاتِيِّ، قَالَ أَبُو بَكْرٍ: إِنَّهَا لَنَاعِمَةٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: أَنْعَمُ مِنْهَا مَنْ يَأْكُلُهَا، وَأَنْتَ مِمَّنْ يَأْكُلُهَا يَا أَبَا بَكْرٍ)(١) .

واتە: لە بەهەشتدا باڵنـدەی وا هەیە بەقەدەر حوشـترێكی خۆراسـانی دەبێـت (كە دوو سەنامی هەیە و پێیدەووترێت: لاما).

سەیدنا ئەبو بەكر -خوا لێی رازی بێـت- پرسـی: جـا ئەی پێغەمـبەری خـوا ! گۆشتەكەی ناسكە؟!

فەرمووی: ناسكترە لەگۆشتی ئەو كەسـەی دەیخـوات.. تـۆش لەوانەی، كە دەیخۆیت.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- گێڕایەوە: (كان يتحدَّث وعنده رَجُل من أهل البادية أنَّ رَجُلا استأذن ربَّه في الزرع، فقال: ألستَ فيما شئتَ؟ يقول: بلى، ولكن أُحِبُّ ذلك، فيؤذَنَ له، فيبذُر، فيبادر الطرْفَ نباتُه واستحصاده، وتكويره أمثالَ الجبال، فيقول الرب سبحانه، دونَكَ يا ابن آدم، فإنه لا يشبِعُكَ شيء، فقال الأعرابيُّ: إنكَ لن تَجَدَه إلا قُرَشيا أو أنصاريا، فإنهم أصحاب زرع، فأما نحن: فَلَسْنا بأصحاب زرع، فضحِكَ رسولُ الله (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حتى بَدَتْ نواجذه)(٢).

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ یـاوەران دەدوا، كـابرایەكی ئەهلی بیابانیش لەخزمەتیدا دانیشتبوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) فەرمووی: لەبەهەشتدا كابرایەك داوای لە خوای گەورە دەكات، كە ڕێگای بدات

(١) حـاكم: (ضـعيف)ە، چـونكە (فضـل بـن المختـار) لەسـەنەدەكەیدا هەیە، بەڵام ئەحـمەد لە ئەنەسەوە بە لەفزی جیاواز بە (صحيح)ی هێناویەتەیەوە كە پێغەمـبەر (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (إن طير الْجَنَّة كأمثال البخت ترعى فِي شجر الْجَنَّة، قَالَ أَبُو بكر: يَا رَسُول الله إِن هَذِه الطير ناعمة، قَالَ: أكلتها أنعم مِنْهَا، قَالَهَا ثَلَاثًا، وَإِنِّي أَرْجُو أَن تكون مِمَّن يَأْكُل مِنْهَا).

(٢) بوخاری (٢٣٤٨).

دانەوێڵە تۆوبكات (!)

خــوای گەورە پێــی دەفەرمــوێ: مەگەر هەر چــی حەزت لێیەتــی دەســتت ناكەوێت؟

دەڵێ: بەدیی، بەڵام هەر حەزم لەچاندنە..

خوای گەورە پێی دەفەرموێ: بڕۆ بیكە.. مۆڵەتی دەداتێ دانەوێلە دەڕوێنێت هەتا چاوپڕبكات شین دەبێت، زەرد دەبێت و دەیدورێتەوە، خەرمانی بەقەدەر چیا لێ هەڵدەداتەوە .

خوای گەورە دەفەرموێ: ئای نەوەی ئادەم! بەهیچ تێرنابیت..

كابرای ئەعرابیش وتی: دەی ئەو پیاوە ،سا قورەیشــی بــووە ،یــان ئەنســاری، چونكە ئێمە تۆو ناكەین و ئەهلی كشتوكاڵ نین.. پێغەمــبەری خــوا (صَــلَّى اللــه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) واپێكەنی، كە خرێكانی دەركەوتن.

ئەبو سەعیدی خــودری- خــوا لێــی رازی بێــت- دەفەرمــوێ: (بەهەشــتیەوان ئەگەر حەزی لەهەبوونی منداڵ كرد، دووگیانی و لەدایكبوون و لەشــیربڕانەوەی ساتەوەختێك زیاتر نابات، هەر وەكو حەزی كردووە بۆی دێتەجێ).

هەر ئەبو سەعیدی خودری - خوای لێ رازی بێت- دەفەرمــوێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَأَلَ ابْنَ صَيَّادٍ عَنْ تُرْبَةِ الْجَنَّةِ، فَقَالَ: دَرْمَكَةٌ بَيْضَاءُ مِسْكٌ خَالِصٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): صَدَقَ)[1] .

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیاری لە (ئیبنو سەییاد)كرد، كە گڵی بەهەشت چییە و چۆنە؟

(١) ئەحمەد (١١٣٨٩)،هەروەها موسلیم (٢٩٢٨) بە لەفزی جیاواز هێناویەتیەوە.

عەرزی کـرد: سـپییەکی تـۆخی بـێ پەڵەیە، مسـکی خـالیس (تەواو)ە، فەرمووی ڕاست دەکات.

ئەبـــو هـــورەیرە -خـــوا لێـــی رازی بێـــت- دەگێـــڕێتەوە : کە پێغەمـــــبەری خـــــوا (صَـــــلَّى الله عَلَيْـــهِ وَسَـــلَّمَ) فەرمـــووی: (إنَّ في الجَنَّـةِ شَـجَرَةً، يَسِـيرُ الرَّاكِـبُ في ظِلِّهـا مِئَـةَ عـامٍ، لا يَقْطَعُهـا، واقْـرَؤُوا إ نْ شِئْتُمْ: ﴿وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ۝٣٠﴾ الواقعة: ٣٠)[١] .

واتە: درەختێـك لەبەهەشـتدا هەیە، کە سـواری مـاوەی سـەد سـاڵ بەسێبەرەکەیدا بڕوات تەواوی ناکات، حەزدەکەن ئەو ئایەتە بخـوێننەوە: ﴿ وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ ۝٣٠ ﴾ الواقعة: ٣٠ .

واتە: سێبەرێکی پان و پۆڕ و درێژکراوە.

لەریوایەتێکی تـری ئیمامـی ئەحـمەد دا هـاتووە :کەپێـی دەوترێـت: (شجرة الخلد)، واتە: درەختی نەمری.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرمویٚ: (غَدْوَةٌ في سَبيلِ اللَّهِ أوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما فِيهَا، ولَقَابُ قَوْسِ أحَدِكُمْ، أوْ مَوْضِعُ قَدَمه في الجَنَّةِ، خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما فِيهَا، ولو أنَّ امْرَأَةً مِن نِسَاءِ أهْلِ الجَنَّةِ اطَّلَعَتْ إلى أهلِ الأرض لَأَضَاءَتْ الدنيا وما فيها، ولَمَلَأَتْ ما بيْنَهُما رِيحًا، ولَنَصِيفُهَا يَعْنِي خِمَارها خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وما فِيهَا)[٢].

واتە: ڕۆیشتنێك یان هاتنەوەیەکی ڕێی جیهاد، کە لەپێنـاوی خـوادا بکرێـت چاکترە لە دنیـا و لەهەر چـی تێیـدایەتی، بەڕادەی تیروکەوانـی یەکێکتـان یـان

(١) بوخاری (٤٨٨١)، ترمذی (٣٢٩٣)، ابن ماجه (٣٥١٥).

(٢) ترمذي (١٦٥١)، ئەلبانی لە (صحيح الترمذي) (١٣٤٥) دەفەرمویٚ: (صحيح)ە، وە بوخاری و موسلیم بەشێکی حەدیسەکەیان هێناوەتەوە.

بەقەدەر جێ پێی یەكێكتان لەبەهەشتدا چاكترە لەدنیا و لەهەرچی تێیدایەتی، ئەگەر ئافرەتێكی بەهەشت سەیرێكی خەڵكی سەرزەمین بكات، هەموو دنیا و هەر چی تێیدایە پێی ڕوناك دەبێتەوە و بۆنی خۆشی هەموو دنیا دەگرێتەوە، سەرپۆشەكەی سەری چاكترە لەهەموو دنیا و هەرچی كە تێیدایەتی.

بەهێنانەوەی ئەم دەقانە، كورتە باسێكی مردن و جیهانی بەرزەخ و پاشان ڕۆژی دوایی و حەشر و نەشرمان كرد، هەروەها باسی لێپرسینەوە و تەرازووی كێشانی چاكە و خراپەی هەموو كەسێك و پەڕینەوەی پردی سیرات و حەوزی كەوسەر و چوونە بەهەشت و چوونە دۆزەخ و هەندێك باسی نازونیعمەتی بەهەشت و حاڵی بەهەشتیان و باسی سزا و ژانی دۆزەخ و حاڵی دۆزەخیان، كە نەمانویست تەفسیلاتی بدەینێ.

تەفسیلاتی هەموو ئەم باس و بابەتانەمان لەزنجیرە كتێبی: (سلسلة الأساس فی المنهج) دا باس كردووە لەگەڵ باسی بنەما و ڕێسای تێگەیشتنی ئەم دەقانە لەبەر ڕۆشنایی حەقیقەتە عەقائیدییەكاندا، كە مەسەلەی (حەقیقەت و مەجاز) یشمان تێدا رەچاو كردوون.

هەروەها پەیوەندی هەر دەقێك بەكۆمەڵەدەقەكانی خۆیەوە و دیاریكردنی ئەو سنوور و رادەیەی، كە حوكم لەسەر (ریوایەتی غەیری متەواتر) دا دەمەزرێت ... هەروەها چۆنیەتی پێكەوە گونجاندنی ئەو دەقانەی كە لەدیمەنی ئاشكرایاندا وانیشاندەدەن كە جیاوازییان لەنێواندا هەبێت..

هەروەها چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەم دەقانە لەنێوان وەحی و هزر و ژیریدا... و چەندەها باسی تری ئوسولی، كە هەموو لەو زنجیرەدا بەتەفسیل باسكراون لەگەڵ ڕەواندنەوەی زۆر گومان و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی سەردەم، دەربارەی عەقیدە و بابەتەكانی.

بۆیە ئەمانە باسدەكەم، تا خوێنەری بەڕێز بزانێت: كە لێرەدا وابەكورتی

بابەتەكانمان هێناوەتەوە، چونكە بواری ئێرە هەر ئەوەندەبوو، لەولاش بەدوور و درێژی شەرحی ئەم دەقانە و هیترمان كردووە...

برگەی حەوتەم:
ڕۆژی دوایی حەقیقەتێکی عەقائیدیی و ڕێسایەکی وجودە:

ڕۆژی دوایـــی، بەهەشـــت و دۆزەخ یەکـــێکن لەســـەرەکیترین هۆکـــاری سەرکەوتنی ئیسلام، کە مرۆڤ دەخاتە ســەر دووڕێیانێــك، ئیســلام و بەهەشــت، یان کوفر و دووڕوویی و دۆزەخ؟

جا کام ڕێیەیان دەگرێتەبەر؟

دینــداری بەئیســـلام بەرەو چارەنووســـی بەهەشـــتە، دیــدوڕێی کـــوفر و دووڕووییش بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبات ..

ئەمە تەئکیدە، ئەمە وەهم و خەیاڵپڵاوی نیـیە، وەکـو،کە، کافرەکـان دەڵـێن، ئەمە ئەفســـانەی کـــۆن و دیدوتەســـەوراتی (قۆنـــاغی ســـەرەتای گەشـــەی مرۆڤایەتیی) نییە، وەکو فەیلەسووف و ئەدیبەکان دەڵێن.

مەسەلەی قیامەت دووەمین گەورەتـرین و سـەرەکیترین و کـاریگەرترین حەقیقەتی (وجود)ە، دوای باوەڕ هێنان بەخوایەتی خـوای تاکوپـاك.. باوەڕهێنـان بەقیامەت لقێکی سـەرەکی پەیـامی هەریەك لەنێـرراو و پێغەمبەرانـی خـوایە -علیهم السلام-.. هەر کەسێك کتێبی یەکەمی ئەم زنجیرە:(الأصـول الثلاثـة)، کە کتێبی :(الله)یە و کتێبی دووەم ،کە کتێبی: (الرسول - صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)ە بخوێنێتەوە دەزانێت ،کە باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی سەرپشك بوونی تێدا نیـیە، چونکە ڕێسایەکی وجودە و گومانی تێدا نییە.

خـوای پەروەردگـار ،کەیەکەمـین حەقیقەتـی وجـودە و کردگـار و خـاوەنی وجـودە و ئاڕاسـتەوانێتی، ڕاسـتگۆیە، کە فەرمـوویەتی هەیە وحەتمـیە، باسـی لەڕووداوەکانی کردووە...

ئەم باسانەش لەڕێگای پێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەخەڵکی گەیشتووە، بەهیچ کلۆجێك گومان لەڕاستگۆیی پێغەمبەری خواشدا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نییە..

دوژمنانی سەرسەختی دینەکەی، هەر لەسەرەتا ،تاکۆتایی وەحیی، هەر پێیان دەوت: جادووگەرە، سیحر بازە، شێتە، سەرۆکایەتی دەوێت، ماڵ و سامان و دەوڵەمەندیی دەوێت، کەسێکی تر قورئانی فێردەکات.. وەهەروەها، بەڵام هیچ یەکێکیان جارێك لەجاران نەیانووت: درۆدەکات... حاشای ئەو.. چونکە گومانیان لەڕاستگۆیی و سەرڕاستێتیەکەی نەبوو.

ئەم دڵنیابوونە لەهەبوون و هاتنی قیامەت، هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی بانگەوازی خوایی و ئاسوودەیی موسوڵمانە... مایەی پشوو درێژی و خۆگرییەتی، بەلایەوە گرنگ نییە ،کە سەرکەوتنی ئیسلام و موسوڵمانان لە دنیادا زوو بەدەستدێت، یان درەنگ، موسوڵمانان بەهۆی ئەم یەقینەیانەوەیە کە خۆ لەبەر ئەو هەموو دوژمنداریێتی و دڕندەییێتییەی دوژمنانیاندا دەگرن.. قبووڵیانە زیانی ژیانی دنیا و تەمەن و ماڵ و سامانیان لێبکەوێت، بەڵام دین و دینداریێتییەکەیان لەکەدار نەبن، یان لاواز نەبن .. بۆچی و بەچی وا دڵنیابوون؟

بەوەحیی خوایی... موسوڵمانان باوەڕی دامەزراو و توندیان بەهەبوونی خوای گەورە هەیە، بەسیفەتەکانی خوایەتی هەیە، دڵنیان کە هیچ سیفەتێکی ئەو بەهیچ ڕادە و بڕ و بەهیچ شێواز و چۆنیەتییەك لەهیچ مەخلووقێکدا نییە.

بۆیە دڵنیان کە خوای گەورە یەکە و تاکە و بێ وێنەیە.. ئەم خوای زیندوو و بەدەسەڵاتەیە، کە وەحیی بۆ ناردوون، ئەوە کە ئاوا ئاڕاستەی کردوون، کە دینداریێتی من بکەن و بێ خەم بن لەپشتیوانیم لێتان.. دەمرن، دەکوژرێن، دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام سەرکەوتنی قیامەت و سەرفرازییەکەیتان مسۆگەرە،

پاداشتی منتان مسۆگەرە، دڵنیابن لەقیامەتدا ئێوەش و دوژمنانیشتان دێنەوە پێشێ و ئێوە پاداشت و ئەوان سزام وەردەگرن..

ئا ئەم یەقینەیە ،كە لەدڵی موسوڵمانادا دەچەسپێت، ئیتر شەقێك لەو دنیایە هەڵدەدەن كە غەیرە موسوڵمان شەڕەشۆقێتی لەسەری..

لەڕوانگەی ئەم جۆرە خواناسیەوەیە، كە موسوڵمانی سەرڕاست و تەقواكار هەموو دنیای لا: (كا) و(با) یە، چونكە دەزانێت قیامەت یەعنی چی... دەزانێت ڕەزامەندیی خوای گەورە یەعنی چی.. دەزانێت پاداشت و بەهەشت یەعنی چی.. ئەمە خۆ فریودان نییە.. خۆ هەڵخەڵەتاندن نییە... ساویلكەیی و چەواشەبوون نییە... ئەمە یەقینە.. دڵنیا بوونە لەحەقیقەتە عەقائیدییەكان، كە ڕێسای وجودی گەردوون و ژیان و مرۆڤن..

موسوڵمان ئەم حەقیقەتە عەقائیدییانەی لا چەسپاوە، بۆیە دنیا و دنیاویستانی بەهەند وەرناگرێت وگوێ بەگاڵتە پێكردنیشی نادات:

﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۘ وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ فَوْقَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَٱللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢١٢﴾ ﴾ البقرة: ٢١٢ .

واتە: ژیانی دنیا لە دید و ڕوانگەی كافراندا جوان كراوە و پێیان سەرەكی و گرنگ بووە، بۆیە گاڵتەیان بەو كەسانە دێت كە باوەڕیان بەخوای گەورە و بەڕۆژی دوایی هێناوە.. بەڵام لەدوارۆژدا دەبینرێن،كە دیندارانی سەرڕاست و تەقواكاران لەسەروو ئەوانەوەن، لەبەهەشتدا دەبن و ئەوانیش لەدۆزەخدا (ئایەتەكە لەسەر سەرانی قورەیش هاتەخوارەوە، كە گاڵتەیان بە: بیلالی حەبەشی و سوهەیبی ڕۆمی و عەممای كوڕی یاسر -خوا لێیان رازی بێت- دەكرد).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ كَانُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يَضْحَكُونَ ﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا۟ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمُ ٱنقَلَبُوا۟ فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَآ أُرْسِلُوا۟ عَلَيْهِمْ حَٰفِظِينَ ﴿٣٣﴾

﴿فَٱلۡيَوۡمَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنَ ٱلۡكُفَّارِ يَضۡحَكُونَ ٣٤ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ يَنظُرُونَ ٣٥ هَلۡ ثُوِّبَ ٱلۡكُفَّارُ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ٣٦﴾ المطففين: ٢٩ ٣٦ .

واته: كافرانی ملهوڕ و تاوانبار (وەكو ئەبو جەهل و هاوكارانی) گاڵتەیان بەو كەسانە دەكرد كە باوەڕیان هێنابوو (وەكو بیلال و عەممار و سەلمان و ئەوانیتر)، پێیان پێدەكەنین، كاتێك موسـوڵمانێك بەلایانـدا تێـدەپەڕی چاویـان لەیەكـتری دادەگرت و شانیان بۆیەكتر هەڵدەتەكاند (وەكو زمانی لەش بـۆ گـاڵتە و لاقرتـێ یان ئاماژەی یەكتری كە دەی با پێیان رابوێرین!).

كە دەشگەڕانەوە ناو كەسوكار و خێزان و كۆڕیـان، بەشـانازییەوە ئەمەیـان دەگێڕایەوە تا ئەوانیش بەگاڵتەكردن بەموسوڵمانان خۆشحاڵ بن، ئەمـانە كاتێـك موسوڵمانانیان دەبینی ، چونكە دید وڕێی كوفریان چەقبەستوانەگرتبوو، دەیانوت: ئەمانە گومڕابوون، كە باوەڕیان بە محمد (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) هێنـاوە، كە گوایە : نێرراوی خوایە و وەحی بۆ دێت..

جـاخۆ خـوای گەورە ئەم كـافرانەی نەكـردووە بەچـاودێر و سەرپەرشـتیار و پارێزەری موسوڵمانان، تا ئەوەندە لەڕەفتار و كاروبارياندا تەدەخـول بـكەن ،دەی سا ئەوەتا لەڕۆژی قیامەتدا ئەمانیش بەكافران پێدەكەننەوە ..

ئەمان كە لەشوێنی چاكتر و حەواوەتر لەسەر سـەكۆ و لەكەژاوەی ڕازاوەدا پاڵیانداوەتەوە و، گاڵتەی قورس بەو كـافرانە دەكەن، كە وان لەو پەڕی حـاڵەتی ڕیسوایی و زەبوونیی و لاوازیی وسەرشۆڕیدا... ئاوا هەڵوێستی دنیـا لەكـافران پێچەوانە دەبێتەوە، ئایا كافران بەسزای ڕەوا و پڕاوپڕی تاوانەكانیـان گەیشـتن؟! بەڵێ، بەتەئكید.

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ٤٥ وَبَيۡنَهُمَا حِجَابٞۚ وَعَلَى ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٞ يَعۡرِفُونَ كُلَّۢا بِسِيمَىٰهُمۡۚ وَنَادَوۡاْ

أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَن سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۚ لَمۡ يَدۡخُلُوهَا وَهُمۡ يَطۡمَعُونَ ﴿٤٦﴾ ۞ وَإِذَا صُرِفَتۡ أَبۡصَٰرُهُمۡ تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِ
قَالُواْ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَعۡرَافِ رِجَالٗا يَعۡرِفُونَهُم بِسِيمَىٰهُمۡ قَالُواْ مَآ أَغۡنَىٰ عَنكُمۡ
جَمۡعُكُمۡ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ ﴿٤٨﴾ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمۡتُمۡ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ
عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ ﴿٤٩﴾ وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ
قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ
نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿٥١﴾﴾ الأعراف: ٤٤ – ٥١ .

واتە: بەهەشتیەكان بەتەوسەوە دۆزەخییەكان بانـگ دەكەن و پێیـان دەڵـێن: بەڕاستی ئێمە ئەو بەڵێنەمان دیی ،كە خوای گەورە پێی دابووین، ئایا ئێوەش ئەو بەڵێنەتان دیی، كە خوای گەورە بەئێوەشی دابوو؟!

دەڵێن: بەڵێ.. ئەوان پاداشتی خوای گەورەیان بەنسیب بووە و، ئەمانیش سزا و ئەشكەنجەی، لەنێوان وتوێژی ئەواندا یەكێك هاواردەكات، دەی سا لەعنەتـی خوا لەستەمكاران، لەملهوڕان و دەستدرێژیكاران.. كە بەرەنگـاری بـانگەوازی خوایی دەكەن و، هەوڵ دەدەن بیوەستێنن، یان لەدیدوڕێی خۆی لادەن و ئینحرافی تێدا بكەن، كە خۆیان كافرن ،دەیانەوێت خەڵكی تریش كافربن.

لەنێوان بەهەشتییان و دۆزەخییاندا ،پەردەیەكی بەربەست هەیە (كە شورای ئەعرافە) لەئەعرافیش (كە لەنێوان بەهەشت و دۆزەخـدایە) خەڵكانێـك هەن، كە بەهەشتیان و دۆزەخییان بەسیما و رواڵەتیاندا دەناسنەوە.

بەهەشتییەوانان دیارە ،كە ڕووسوور و خۆشحاڵن و، دۆزەخیانیش ڕووگرژو خەمبـار.. ئەعرافیەكـان هـاوار لەبەهەشـتییەكان دەكەن، كە سـڵاوی خواتـان لێبێت.. حەزیاندەكرد ئەوانیش بچوونـایەتە بەهەشـت، بەڵام بەنسـیبیان نەبـوو (چونكە كار و كردەوەی چاكیان بەس نەبوو، تا بگاتە ئەو ئاستەی ئەو پاداشـتەی تێدا وەربگرن)، كە ڕوویـان بەلای دۆزەخییەكانیشـدا وەردەگێـڕن و دەیـانبینن،

لەتاواندا دەڵێن: خـوایە گیـان ڕازیـن بەبەشـت، مەمـانخەرە ریـزی سـتەمکار و کافری ملهوڕی دۆزەخییانەوە...

کەسانێکی ئەعرابی، کەسانێکی ناسیاوی دنیایان بانگ دەکەن، کە بـوونەتە دۆزەخیی / یان سیما و سیفەتی تایبەتییان پێوە دەبینن و پێیان دەڵـێن: ئەرێ خـۆ ئێوە دەسەڵاتداربوون، خەڵکانێکی زۆرتان بەدەورەوە بوو، ئەوە کوان؟!

بۆچی دادیان نەدان و سوودێکیان نەبوو بۆتان؟

ئەدی بیرتان دێـتەوە کە پێتـان دەوتـرا: موسـوڵمان بـبن، چـۆن لوتبەرزیتـان دەنوانـد و خۆتـان بەگەورەتـر دەزانـی لەوەی بێـنە ڕیـزی موسـوڵمانە ڕەش و ڕوتەکانەوە!

ئەوەتا ئەنجـامی ئەو دیـد و ڕەفتـارە فیرعەونییەتـان دەبینـنەوە... ئامـاژە بـۆ موسوڵمانان دەکەن لەبەهەشتدا و بەو موسـتەکبیرانەی دۆزەخ دەڵـێن: ئـا ئەوانە ئەو کەسانەبوون ،کە ئێوە بەهەموو بەهایەکتان سوێندی ئەکیدتان دەخـوارد، کە خـوای گەورە لاناکـات بەلایـانەوە و بەزەیـی پێیانـدا نـایەتەوە (چـونکە لەژێـر ئەشکەنجەی ئێوەدابوون)، ئەوەتان خوای گەورە ڕێزی لێناون، لێیان خۆش بووە و خستونیەتییە بەهەشتەکەیەوە..

پێی فەرموون: بفەرموون داخڵـی بەهەشـت بـن، خەفەت لەڕابردوتـان و خەم لەداهاتوتان مەخۆن.. بڕۆن هێمن و ئاسوودە بژین... دۆزەخییەکان لەتاو حـاڵەتی سـەختی خۆیـان داوا لەبەهەشـتییەکان دەکەن، کە چاکەمـان لەگەڵـدا بـکەن و کەمێك ئاومان فریاخەن، یان ژەمە خواردنێکمان لەوخـۆراك و نیعمەتـانە بـدەنێ، کە خوای گەورە پێیبەخشیوون...

بەڵام ئەوان لەوەڵامیانــدا دەڵــێن: خــوای گەورە، خــۆراك و خــواردنەوەی بەهەشـتی لەکـافران حەڕام کـردووە.. کـافرانی ملهـوڕ و لـوتبەرز، کە لەدنیـادا گاڵتەیان بەدین و دینداری دەکرد و، دینی خوایان دەکردە مایەی پێکەنین و زۆر

بەدنیا هەڵخەڵەتابوون... قیامەتیان هەر لەبیرنەبوو...

دەی سا وا ئێمەش ئەمڕۆ ئیهمالیان دەكەین و لەدۆزەخدا وەلیان دەكەین و ناهێڵین كەس بەهانایانەوە بچێت، چونكە نكوڵییان لەو هەموو ئایاتی وەحی و نیشانە گەردوونیانە دەكرد كە بەڵگەی هەبوونی خوای تاك و پاك و قیامەت بوون... با سزای دید و هەڵوێستیان بچێژن.

﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ ﴿٥١﴾ يَقُولُ أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾ قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ ﴿٥٤﴾ فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ ﴿٥٥﴾ قَالَ تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ ﴿٥٧﴾ أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٥٩﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾ لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ ﴿٦١﴾﴾ الصافات: ٥٠ – ٦١ .

واتە: بەهەشتیەوانان لە ناوخۆیاندا كە وتوویژ دەكەن، یەكیان دەڵێ: ئەرێ من لەدنیادا هاوڕێیەكم هەبوو نكوڵی لەهەبوونی ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە دەكرد، كە بەتەوس و تیر و توانجەوە بەمنی دەوت: چما تۆ باوەڕت بەپێغەمبەرێتی و وەحیی هەیە؟!

باوەڕت بەڕۆژی دوایی هەیە؟

چما ئەگەر مردین و بووین بەخاك و خۆڵ و ئێسك و پروسكمان پوا، سەرلەنوێ بۆ لێپرسینەوە و موحاسەبەكردنیان بۆ پاداشت وسزا وەرگرتن زیندوو دەكرێینەوە؟!

ئینجا بەهاودەنگە بەهەشتییەكانی دەڵێ: توخوا لەگەڵمدا چاوبگێڕن بزانین دەیدۆزینەوە، تا بزانین لەكوێی دۆزەخدایە و حاڵی چۆنە... دۆزیەوە، وا لەناوجەرگەی دۆزەخدا، ئینجا ئەم هاواری لێدەكات و دەڵێ: بیرت دێت لەدنیادا چیت دەوت؟

بەخوا قەسەم خەریك بوو منیش لەخشتە بەریت و وەكو خۆت بێ باوەڕم

بكەیـت، بەڵام سـوپاس بـۆ خـوا كەگرتمـی وهیـدایەتی دام و نەیهێشـت لەڕێ لابـدەم، تـا ئـاوا وەكـو ئێسـتای تـۆم لـێ لەسـەر نەیەت.. سـوپاس بـۆ خـوا لەسەرنیعمەتی ئیمان و دین و دینداری.

بەهەشتیەوانان لەخۆشی ئەوەی، كە ئیتر مردن نەماوە لەناوخۆیاندا دەڵـێن: باشە ئیتر كەسمان نامرین؟ هەر ئەو مردنەی دنیامان بوو، چێشتمان و ئیتر تەواو؟ ئیتر خەمی سزاو ئەشكەنجەشمان نابێت؟!

ئەم جۆرە پرسیارانە بە خۆشحاڵییەوە دەپرسن، كە خۆشیان دڵنیـان، كە بەڵـێ ئیتر هەموو شتێك تەواو بوو... مەترسی هیچ شتێك نەما.. ئینجا دەڵێن: بەڕاستی ئەمە سەركەوتن و سەرفرازییە... ئەوە بەختەوەرییە، دەی سـا بـاخەڵكی لەسـەر ئەمە بكەونە پێشبڕكێ (موسابەقە) و كێبڕكێ (مونافەسە)ی یەكتری.

﴿هَٰذَا ذِكْرٌۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٩﴾ جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴿٥٠﴾ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴿٥١﴾ ۞وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ هَٰذَاۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ هَٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْۚ إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَاۖ فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ ﴿٦٤﴾﴾ ص: ٤٩ – ٦٤ .

واتە: ئەم باس ومەدحە (لەئایەتەكانی پێشتردا باسی پێغەمبەرانی خوا -علیهم السلام -دەكات) بیرخستنەوەتانە تا بزانن كە تەقواكاران (دیندارانی سەرڕاست و پابەنـدبوانی شـەرع) لەڕۆژی دوایـدا پێشـوازییەكی شـیاویان لێـدەكرێت و پاداشـتی تـایبەتی دەدرێـنەوە، دەخـرێنە بەهەشـتانێكەوە كە هەر لەدوورەوە دەروازەكـانی بەهەشـتیان لەڕوودا بـۆ دەكـرێتەوە (تـا بـۆنی بەهەشـتیان

لەدوورەوەش بەسـەردا بێـت و دیمەنـی گشـتی ببیـنن)، كە دەچـنە جـێ و ڕێـی خۆیـان، كۆشـك و تەلاری ڕازاوەیـان بـۆ ئامـادە دەكرێـت، لەسـەر سـەكۆ و لەكەژاوەی نایابدا پاڵـدەدەنەوە و جۆرەهـا میـوە و شـەڕاب داوا دەكەن و بۆیـان دەخرێتەوە بەردەست ..

حۆری شۆخ و شەنگ و چاورەش و چاوگەش كە چاویـان لە حەنـای غەیـری پیـاوی خۆیانـدا هەڵنـایەت و بـۆ پیـاوانی تـر نـاڕوانن، هەمـوو لەیەك تەمەنـی لاویدان،ئا ئەمەی كە بۆتان باسدەكرێت، بەڵێنی خـوای گەورەیە كە پێتانـدەدات كە لەڕۆژە دوایدا هەموویتان پێدەبەخشێت، ئەمە بۆ تەقواكارانە.. كە بەردەوامە و هیچ نازونیعمەتێكی نەكۆتایی دێت و نەكەمدەكات...

ئەمما بۆ ستەمكار و سنوور بەزێنان ئەوە دۆزەخ چاوەڕێیانە، چارەنووسـێكی ئیجگـار خراپیـان دەبێـت، دەخـرێنە دۆزەخەوە، ئـاگری دۆزەخ دەبێـتە كەژاوە و سەكۆی حەوانەوەیان... با ژان و ئەشكەنجە و ناسۆر بچێژن، با لەجێی شـەڕابی بەهەشت و ئاوی دنیا، ئـاوی كـوڵاوی جـۆش بەگەرویانـدا بكرێـت، بـا لەجێـی شـەڕاب و هەنگـوین وشـیر و ئـاوی بەهەشـت، كـێم و زوخـاو و خوێناویـان بەگەروودا بكرێت كە لەجەستەی ژێر ئەشكەنجەی دۆزەخییان دەچۆڕێن..

بـا خـۆراك و خواردنەوەكـانی تریشـیان هەر لەم جـۆرانەبن، لەهەر جۆرێـك جوتێك جا كە پۆل پۆل بەرە و دۆزەخ سەوق دەكرێن و ڕسوایانە پێشخۆدەدرێن، هەر پۆلە و لەدوای سەرۆكە دنیاییەكەیانەوە دەبن..

بەسەرانیان دەوترێت: ئەوەتا كۆمەڵێك لەشوێنكەوتوانی دنیـای خۆتانتـان وا بەدواوە، پێشوازیان لێبكەن! سڵاویان لێبكەن، خۆ سەر بەخۆتان بـوون! دەڵـێن: سڵاویان لێ نەبێت (تەبەڕا دەكەن لێیان) دەی سـا هەرچـی بـن، هەموویـان هەر ئەهلی دۆزەخن و دەچنە ناو ئـاگرەكەیەوە... شـوێنكەوتووەكانیان دەڵـێن: سـڵاو

لەخۆتان نەبێت، ئێوە تاوانباری ڕاستەقینەن، ئێوە ئێمەتان تووش کرد.. ئێوە (دیدوتێڕوانین و ڕێباز و بەرنامە و بزاوت و هەڵوێستی) کوفرتان لا جوان کردین و فریوتان داین... ئێمەش بڕیارماندا لەگەڵتان بین... بەڕاستی بڕیارێکی خراپماندا... ئینجا دەڵێن: خوایەگیان، خوای پەروەردگارمان (!) هەر کەسێکیان هۆکاری گومڕایی و بێدینیمان بوو خوایە سزا و ئازاری دووبەرابەر کە... لەم دۆزەخەدا دوو ئەوەندەی ئێمەی ئەشکەنجە بدە.

کافرەکان لەو حاڵەتەیاندان... سەران و شوێنکەوتوانیان لەیەك جێگەی دۆزەخدان و عوزری کەسیان قبووڵ نەبووە، ئینجا چاوەگێڕن بزانن کەسێکی موسوڵمانیان لەوانەی دەیانناسین لەدنیادا بەرچاو ناکەوێت! ..

لێکدەپرسن: ئەرێ کەسانێك هەبوون لەدنیادا ئێمە بەلادەر و نەزان و گەلۆرمان دەزانین، واماندەزانی پیاوخراپن، بۆچی کەسیان نابینین؟ (مەبەستیان موسوڵمانە داماوەکانی دنیایە) کوان ئەوانەی گاڵتەمان پێدەکردن و دەمانکردنە مادەی لاقرتێ و فشقیات و پێکەنین؟ ئێمە نایانبینین، یان لەبەر چاونەماون؟!

ئەم حاڵەت و موناقەشە و پرسیار و وەڵامانە، حەقیقەتن و لەواقیعدا ڕوودەدەن، ئەگەر چی کافرانی سەرکەش –کە ئەهلی دۆزەخن– ئاوا دید و هەڵوێستی دوژمنارییانەیان بەرامبەر گرتۆتەبەر.

﴿وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ ٱلْعِبَادِ ﴿٤٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓاْ أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُواْ بَلَىٰ قَالُواْ فَٱدْعُواْ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾﴾ غافر: ٤٧ – ٥٠ .

(وا موستەکبەر و موستەزعەفی شوێنکەوتوویان لەیەك جێگای دۆزەخدان و شەڕە قسەیانە، کە کێ بەرپرسە لەم چارەنووسەیان؟) واتە: هەر دوولا لەئاگری

دۆزەخدا موناقەشەیانە: لاوازەكان بەدەسەڵاتدارە خۆ بەزلزانەكانی دنیایان دەڵێن: خـۆ ئـێمە لەدنیـادا شـوێنكەوتووی ئێوەبـووین، دەبەرگـرییەكمان لێـبكەن و هەوڵێكمان بۆ بدەن و بەشێكمان لەم ئاگرەی دۆزەخ لەسەر لابدەن.

ئەوانەش كە دەسەڵاتداری لوتبەرز (موستەكبیر) بوون دەڵێن: جا خۆ ئێمەش وەكو ئێوەین، هەروایین لەدۆزەخدا و هیچمان بۆخۆمان پێناكرێـت، تـا بـۆ ئێـوەی بكەین... هەموو شتێك كۆتایی هاتووە، خوای گەورە داوەری نێـوان بەنـدەكانی كردووە، موسوڵمانان خراونەتە بەهەشتەوە و ئـێمە وئێـوەی كـافریش خـراوینەتە ئەم دۆزەخەوە...

سەرپەرشتیارانی دۆزەخ بەتەوس و تاتیفەوە پێیان دەفەرموون: باشە لەدنیادا نێرراوانی خواتان بۆ نەهات؟!

دەڵـێن: بەدیـی.. دەفەرمـوون: مەگەر هەمـوو بەڵـگە و نیشـانەیەكی پێغەمبەرێتیان بۆتان ڕوون نەكردەوە؟

دەڵێن: بەدیی.. جا ئەمان دەفەرموون: دەی باشە، لەخوای گەورە بپـاڕێنەوە... دوعا بكەن... خوای گەورەش بڕیاریداوە:كە (دوعای كافران وەكو نەبوونێتی) .. لەدنیا و قیامەتدا هەر گومڕا دەمێننەوە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن نُّؤۡمِنَ بِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَلَا بِٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِۗ وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوۡقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمۡ يَرۡجِعُ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ ٱلۡقَوۡلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لَوۡلَآ أَنتُمۡ لَكُنَّا مُؤۡمِنِينَ ٣١ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُوٓاْ أَنَحۡنُ صَدَدۡنَٰكُمۡ عَنِ ٱلۡهُدَىٰ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَكُمۖ بَلۡ كُنتُم مُّجۡرِمِينَ ٣٢ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ إِذۡ تَأۡمُرُونَنَآ أَن نَّكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجۡعَلَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَۚ وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَغۡلَٰلَ فِيٓ أَعۡنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ هَلۡ يُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٣٣﴾ سبأ: ٣١ ٣٣ .

واتە: ئەگەر سـتەمكارانی كـافر دەبینیـت، كە ڕسـوایانە لای خـوای گەورە وەسـتێنراون، لەگەڵ شـوێنكەوتووەكانیان لەموناقەشـە و شەڕەقسـەدان،

شوێنكەوتووەكان ك لاواز و بێ دەسەڵات (موستەزعەف) كرابوون بەسەرۆكە دەسەڵاتدار و لووتبەرز (موستەكبیر)ەكان دەڵێن: ئەگەر ئێوە ئێمەتان گومڕانەكردبایە، ئەگەر ئێوە ڕێگای موسوڵمانێتیتان لێمان نەگرتبا، ئێمەش موسوڵمان دەبووین و دینداریمان دەكرد، بەڵام ئێوە نەتانهێشتین.

موستەكبیرەكان بەلاواز كراوەكان دەڵێن: چما ئێمە هۆكاری كافربوونتان بووین؟ ئێمە ڕێگامان نەدان كە هیدایەتی خوایی وەرگرن؟

نا، نەخێر، ئێوە خۆتان نەتاندەویست موسوڵمان ببن، خۆتان نەتاندەویست بەدینەكەوە پابەندبن... لاوازكراوەكان وەڵامی خۆبەزلزانە دەسەڵاتدارەكانی دنیایان دەدەنەوە: كە بەڵێ، ئێوە شەو و ڕۆژ خەریكی چەواشەكاری و پلاندانان بوون كە نەهێڵن دەنگی دیندارەكانمان بگاتێ، ئێوە دەتانویست ئێمە كافر بین، دەتانەویست لەباوەڕهێنان بەخوای گەورە دووركەوینەوە و هاوبەشی بۆ دابنێین، ئێوە شتیترتان لێ كردبووینە خوا (فەلسەفە و زانست و نەتەوە و نیشتمان و بت و هەوا و هەوەس و...)، هەموو پەشیمانبوونەوە دەردەبڕن، حەسرەت دەكێشن كە بۆچی دید و هەڵوێستی وا كافرانەیان گرتەبەر؟

هەر یەكەیان دەیەوێت وا خۆی نیشاندات كە سزا نەدراوە! بەڵام هەموو لەژان و ناسۆردان.. هەموویان چونكە كافر بوون، كۆتیان لەگەردنەدایە و زنجیربەندن.. سزای دید و ڕەفتاری دنیایی خۆیان وەردەگرنەوە.. قابیلە پاداشت بدرێنەوە؟!

﴿قَالَ ٱدۡخُلُواْ فِيٓ أُمَمٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِكُم مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ فِي ٱلنَّارِۖ كُلَّمَا دَخَلَتۡ أُمَّةٞ لَّعَنَتۡ أُخۡتَهَاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعٗا قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِۖ قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ ٣٨ وَقَالَتۡ أُولَىٰهُمۡ لِأُخۡرَىٰهُمۡ فَمَا كَانَ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلٖ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ٣٩﴾ الأعراف: ٣٨ ٣٩ .

واتە: بەم كافرانەی سەردەمی جەنابیشت دەوترێت: كە ئێوەش بچنە ریزی

ئەو خەڵكە كافرانەی لەئوممەتانی پێش ئێوەدا هەمان دیدو هەڵوێستی كوفریان و دوژمنكارانەیان دژی وەحیی خوایی گرتەبەر..

ئێوەش هەر وەكو ئەوان مرۆڤ و جنۆكە چارەنووستان دۆزەخە و، هەر دەبێت بچنە ناوییەوە... جاهەر كۆمەڵە كافرێك دەخرێنە دۆزەخەوە گلەیی و گازاندە بەرامبەر نەوەی رابوردووی خۆیان وكافرانی تردەردەبڕن، كە گوایە: ئەوان مایەی گومڕایی ئەمانبوون، تا ئەو كاتەی هەموو كۆمەڵ بەكۆمەڵ بەدوای یەكدا دەچنە دۆزەخەوە، دەكەونە شەڕەقسە و تۆمەتباركردنی یەكتریی، ئەوانەی دواتر (شوێنكەوتووە موستەزعەفەكان) دەربارەی ئەوانەی پێش خۆیان (موستەكبیرەكان) دەڵێن: خوایە گیان! ئا ئەوانە بوون، كە ئێمەیان گومڕاكرد و نەیانهێشت دیدوڕێی دینەكەی تۆ بگرینە بەر، سا خوایە دوو بەرابەر ئەشكەنجەیان بدە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ئەشكەنجە و سزای دووبەرامبەر بۆ هەر دوولاتانە، بەڵام ئێوە ئاگاتان لەسزا و ئەشكەنجەی یەكتری نییە... ئەوانەی پێشتریش بەوانەی دوای خۆیان دەڵێن: خۆ ئێوە پیاوەتی و چاكەتان لەگەڵ ئێمەدا نەكردووە، كە لەدنیادا شوێنكەوتوومان بوون و بەقسەتان دەكردین! خۆشتان بەرژەوەندی خۆتان لەشوێنكەوتنی دیدوڕێی ئێمەدا دەبینی..

كەوابوو: ئەو ئەشكەنجەیەی خۆتان بچێژن، كە سەرەنجامی دید و هەڵوێستی خۆتان تووشتان بووە... (ئاوا هەر لایەكیان تەبەڕا لەلایەكەی تریان دەكات).

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾ إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾ ﴾ البقرة: ١٦٥ – ١٦٧ .

واته: كاتێـــك ئەو كەســـانەی ســـتەمیان كـــردووە (بەوەی كە هاوبەشـــیان لەخۆشەویستی و مەزنێتیـدا (الأنـداد) بـۆ خـوای گەورە دانـاوە) سـزای ڕۆژی دوایییان بەسەردا دەدرێت و ئەشكەنجە و ناسۆری دۆزەخ دەچێژن، دەزانـن چەنـد بێدەسەڵات و لاوازن..

دەزانـــن كە هەرچـــی هێـــز و دەســـەڵاتێك هەیە، هەر هـــی خـــوای گەورەیە.. دەسەڵاتی بێ سنوور هی خوای تاك و بێ وێنەیە، خوای گەورەش خـاوەن سـزای بەژانە...

ئەگەر ئەم ستەمكارانە لەدنیادا هۆشیان لەوەبوایە، كە خوای گەورە خاوەنی هێزی بێ سنوور و دەسەڵاتی رەها و سـیفەتی بـێ وێـنەیە، ئەقڵیـان پێدەشـكا و هاوبەشیان بۆ خوای تاك و پاك دانەدەنا، بەڵام جارێك هەڵوێستەیەكی ژیرانەیـان نەكرد.. تا گەیشتنە ئەم چارەنووسە...

ئێستاش وا لەناو خۆیاندا شەڕە قسەیانە و هەر یەكەیان ئەوی تریان تۆمەتبار دەكرد... كاتێك سزای خوایی و ئەشـكەنجەی دۆزەخ بەواقیعـی دەبیـنن و، هـیچ پەیوەندیەكی دنیایان پێكەوە نامێنێت (وەكو خزمایەتی و حزبایەتی).

جا هەریەكەیـان تەبەڕا لەویتریـان دەكـات، شـوێنكەوتووەكان دەڵـێن: ئـاخ ئەگەر دەرفەتێكی ترمان بۆ دەگونجاو، هەلێكی ترمان بۆ دەڕەخسـا، تـا بەرێتـی خۆمان لەو بەرپرسانە رابگەیێنین.. تا بەئاشكرا بڵێـین: ئـێمە لەگەڵیانـدا نـین و لایەنگیرییان ناكەین، چـونكە ئەوان ئـاوا لەقیامەتـدا تەبەڕایـان لێكـردووین و تەحەمموولی بەرپرسێتیمان ناكەن!

ئـــاوا خـــوای گەورە دەیانخـــاتە حەسرەت كێشـــان و پەشـــیمانبوونەوە، كە دادیشییان نادات، چونكە لەدۆزەخدا بەنەمریـی دەمێنـنەوە و، بەهـیچ كلۆجێـك لێی نایەنە دەرەوە.

باسی چوارەم

دید و شیكاریی مامۆستا مەودودی بۆ ڕۆژی دوایی

مامۆستا مەودودی (رحمه الله) نامیلكەیەكی بەناوی: (الحضارة الإسلامية.. أسسها ومبادئها) نووسیووە، كە بەشێكی لەسەر ڕۆژی قیامەتە، پڕ مانا و بەسوودە، پێم باشبوو ئەم باسەی دوایی بۆ دیدوڕاوبۆچوون و شیكارەكانی ئەو تەرخان بكەین.. ئەو دەفەرمویٚ:

باوەڕ بەڕۆژی دوایی:

مەبەست لەڕۆژی دوایی: ژیانەوەی دوای مردنە، بۆیە پێشی وتراوە: ژیانی دوایی و ڕۆژی دوایی، ماڵی دوایی.. دەگمەنە لە لاپەڕەیەكی قورئاندا باسێكی نەهاتبێت، چونكە قورئان بەردەوام باسی دەكات و چەندین جار جەخت لەحاڵەت و سیفەتێكی دەكاتەوە، تا لەهزر و دڵ و ویژدان و هەستدا بچەسپێت.

جا بە باسكردنی گشتی بێت، یان بەبەڵگە لەسەر هێنانەوەی بێت، یان حیكمەت و گرنگی بیرخستبێتەوە، یان داوای لیٚ دڵنیابوونی كردبێت... بەردەوام تەئكید لەسەرحەتمێتی هاتنی ڕۆژی دەكاتەوە و ئاشكرا و ڕاشكاویش دەفەرمویٚ: كە ئەوی نكوڵی لێبكات كافر دەبێت، ڕەنج بەخەسار دەبێت، هیچ كردەوەیەكی لیٚ قبووڵ ناكرێت، زیانی گەورەش مەحرومبوونە لەسەرفرازیی قیامەت.

﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآءِ ٱلۡأٓخِرَةِ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡۚ ١٤٧﴾ الأعراف: ١٤٧.

واتە: ئەو كەسانەی كە نیشانە و بەڵگەی ئایەتەكانی ئێمەیان

بەدرۆخستەوەو پێیان وابوو: كە زیندوو كردنەوەی ڕۆژی دوایی ڕاست نییە، ئەوانە هەموو كاروكردەوەكانیان پووچەڵ بۆتەوە.

﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِۖ ٣١﴾ الأنعام: ٣١.

واتە: ئەو كەسانە، كە دیداری خوای گەورە (زیندووكردنەوەی ڕۆژی قیامەت)یان بەدرۆدەخستەوە زەرەرمەندبوون.

باسكردنی ڕۆژی دوایی بەم شێوە بەرفراوانەی، كە لەقورئاندا هاتووە، گرنگێتی ئەم كێشەیە و كاریگەرێتی دەسەلمێنێت، چونكە ئەم پێناسە و وەسف و سیفەتانەی ڕۆژی دوایی، كە لەقورئاندا هاتوون، لەڕاستیدا وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە سەرەتایی و سروشتییانەن، كە بە زیهنی مرۆڤدا دێن..

بۆیە دەشێت بڵێین: وەڵامی پرسیارە سروشتییەكانن.

بڕگەی یەكەم:
پارسەنگی ژیانی تاك و كۆی مرۆڤ: بەباوەڕهێنانە بەڕۆژی دوایی:

خاڵی یەكەم: پرسیارە سروشتییەكانی مرۆڤ:

هەموو كەسێك زیاتر هەست بەخەم و خەفەت دەكات وەك لەخۆشیی، هەست بەئازار و كوێرەوەری زیاتر دەكات وەك لەنیعمەت و هەبوونی، ئەمە ئاساییە ، چونكە سروشتیی مرۆڤ خۆی وایە...

چونكە هەرشتێك زوتر هەست و هەستەوەرەكانی تووشی سەدمە (شۆك) بكات زیاتر بیری دەهەژێنێت و ژیری دەخاتە كار... نابینیت زۆر جار كە شتێكمان دەست دەكەوێت، ناپرسین لەكوێوە هات؟

چۆن هات؟

بۆچی هات؟

تاكەی لامان دەمێنێتەوە؟

بەڵام كاتێك شتێكمان لەدەست دەچێت، زۆر و زوو خەفەتی لێدەخۆین و قامچیەكی بیرهەژێن دەیان جار ئەم جۆرە پرسیارانەمان لا دەووروژێنێتەوە، كە بۆچی لەدەستمان چوو؟

چۆن فەوتا؟

كێ لەدەستی كردینەوە؟

چی لێ بەسەر هات و گەیشتە دەستی كێ ؟

دەبێت ئێستا چۆن بێت؟

تۆ بڵێیت دەستمان بكەوێتەوە؟

لەم ڕوانگەوەیە، كە ئەوەندە پرسیار دەربارەی لەدایكبوونێك ناوروژێنین،

بەقەدەر ئەوەندەی پرسیار دەربارەی مردنی كەسێك دەوروژێنین.. دەربارەی خودی ژیان و مردنیش واین... زۆر ناپرسین، كە ژیان چییە و چۆن هات؟

بەڵام پرسیاری زۆر دەكەین دەربارەی مردن و دوای مردن.. بێگومان كە فام دەكەینەوە ،هەندێك پرسیاری (وجود) هەر دەكەین، دەپرسین: ئەم جیهانە چییە؟ ئەم ژیانە چۆن دەستی پێكرد؟

كێ هێنایە كایەوە؟

بەڵام كەم كەس زۆر بەدوای ئەم جۆرە پرسیارانەدا دەڕۆن، كەمێك خەڵكی بیرمەند و خاوەن دیدوفیكری قووڵ بەدوای وەڵامەكانیاندا دەڕۆن و قاڵ و قووڵ دەبنەوە تێیاندا..

بەڵام مردن هەموو كەسێك بیرمەند و نەخوێندەواران بیری لێدەكەنەوە، چونكە هەموویان بەكێشە و ژەهرێكی تاڵی دەبینن ئەگەر چی نەشیانچێشتووە! مردنی كەسێكی نزیك لەڕووداوێكی دڵتەزێن یان ئاساییدا زۆرشت دەوروژێنێت، چونكە دەبینێت ئەو كەسانە ئیتر نابینرێنەوە، جودایی كۆتاییە.. پاشان دەبینن گەورە و بچووك دەوڵەمەند و هەژار، پیاو و ژن، بەهێز و لات هەموو دەمرن...

زۆریی هۆكار و شێواز و چۆنییەتییەكانی مردن، جۆرەها خەم و پەژارە لەناخی هەمواندا دروست دەكات، پاشان هەموو كەسێك دەخاتە ژێر هەستی ئەوەوە ،كە ئەمیش ڕۆژێكی وای بەسەردا دێت، كە دەبێ تێیدا بمرێت.. چونكە دڵنیایە هەموو زیندوویەك مردنی دێتە ڕێ.

بۆیە ئەمیش هەر دەبێ ملی بۆ مەرگ درێژكات.. لەوانەیە لەدنیادا كەسێك نەبێت، كە ئەم دیمەنانەی مردنی ئەم و ئەو لەمەلاولایەوە پشێوی نەكات و نەیهێنێتە سەر پرسیار و وەڵامی خۆی: ئەم مردنە خۆی چییە؟

دوای ڕۆح دەرچوونی ئەم كەسەم، بۆ كوێ چوو؟

چی لەپشت ئەم هەموو مردنەوەیە؟

ئایا هیچی بەدوادا دێت، یان مردن خۆی کۆتا شتە؟!

ئەم پرسـیارانە گشـتیین هەمـوو کەسـێك عەوام و ڕەشـۆکی بێـت، یـان رۆشنبیر و بیرمەنـدبێت هەر دەپرسـێت.. لەخـۆی، لەخەڵکـی تـر... جوتیـارێکی نەخوێنـدەواریش دەپرسـێت و فەیلەسـووف و پسـپۆڕ و زانایـانیش، هەر ئـاوا دەپرسن، ئەمە جگە لەوەی کە هەر یەکێـك ئاسـتی خوێنـدەواری و ڕۆشـنبیری، هەر چەندێك بێت پرسیاری تری تایبەتی لەنـاخی خۆیـدا بـۆ دروسـت دەبێـت... هەموو کەسێك مادام ژیریی ساغە زیاتر دەپرسێت، لەگەڵ ڕووبەڕووبـوونەوەی هەر دژوارییەکدا پرسیارەکانی دەووروژێنەوە و زیاد دەکەن!.

ئەم ژیانە کورتەی هەر یەکێکمان دەیبەینە سەر کە هەر ساتێکی ڕەنجێکی تێـدا بەگەڕخـراوە، بزاوتێکـی تێـدا ئەنجامـدراوە، تەنـانەت ئەو سـاتانەش کە پێیاندەڵێین: سرەوتن و وەستان، لەڕاستیدا هەربزاوتن، ئەوەی پێیدەڵێین: کـاتیی دەستبەتاڵیی و بێکاریی، لەحەقیقەتدا کارکردنیـان تێـدا دەکرێـت، وزەیـان تێـدا دەخرێتەکار..

هەر یەکێك لەم کارانەش کاربەسەرداکەوتوویەکی دەوێـت، وزەت سـەرف کـردووە، ڕەنجـت بەگەڕخسـتووە حەتمەن لەڕەفتارێکـدابووە، چـونکە وزە و ڕەنجەکە پێشەکین بۆ هاتنەدیی ئەنجامێك.. هەموو ڕەفتارێـك بەرهەمە، هەمـوو بەرهەمێکیش حوکمێکی هەیە، کە چاکە یان خراپ؟

حەتمەن دەبێت ڕەنجی چاکیش بەرهەمی چاکی هەبێت، ڕەنجی خراپەکاریش بەرهەمی خراپی لێ بکەوێتەوە، ئێ خـۆ هەر دەبێـت ئەم ڕەنـج و بەرهەمـانە، کە بەچاك / خراپ ناسراون پاداشت و سزایان هەبێت...

بەڵام ئایـا ئـێمە لەم ژیـانی دنیایەمانـدا پاداشـتی ڕەنجـی چـاك و بەرهەمە چاکەکەی وەردەگرین؟

ئایا سزای ڕەنجە خراپەكانمان بۆ بەرهەمە بەدكارییەكانمان وەردەگرین؟

كابرایەكی مونحەریف، لاڕێ و فاسق، سەرسەری و بەدكار،هەموو تەمەنی لەخراپەكاریدا بەسەردەبات، سزای هەندێك ڕەفتار و ڕەنجی بەدی بەشێوەی نەخۆشكەوتن و كێشە و ئازار وەردەگرێت، بەڵام سەدان و هەزاران ڕەفتاری بەدی تری هەیە كە هیچ سزایەكی لەبەرامبەریدا وەرنەگرتووە و ژیانەكەشی هەروا بردۆتەسەر...

بۆ نموونە : هەزاران تاوانی بەنهێنی كردووە و كەس پێی نەزانیووە، سەیر ئەوەیە: كە سەدان كەسی دەورەوبەری هەروا دەزانن پیاوچاكە! چونكە حەقیقەتی ڕەفتارەكانی نازانن، كەسیش نییە پەی بەهەموو ڕەفتارەكانی بردبێت، ئەگەر هەندێك كەس هەندێكی ڕەفتاری بەدی لێوە دیبێت، بەڵام ئەو كەسە ناناسێت كە ئەم غەدری لێكردووە، بیشیناسێت ناتوانێت مافی بۆ وەرگرێتەوە..

ئەمیان لەملاوە دەرباز دەبێت و ئەویان لەولاوە بەغەدرلێكراوی مل دەنێت! ئەگەر ژیانی كۆمەڵگەیەك ئاوا بڕوات، ئایا دەشێت ئەم غەدركارە هەروا بەغەدركردن ژیان بباتە سەر و غەدرلێكراوانیش سەبر بگرن و خەفەت بخۆن،بێئەوەی ئەنجامێكیان هەبێت.

باشە كەی غەدری ئەم و مەغدورێتی ئەویان كۆتایی دێت؟

ئەمە نموونەیەكی زۆر بچووكە بەنیسبەت هەزاران هەزار ڕەفتارەوە، كە كەسێك دەیكات! (هەر كەسێك ملیۆنێك ڕەفتار بنوێنێت، دانیشتوانی شارێك چەند ملیۆن و ملیار ڕەفتار دەنوێنن؟ چاكە بێ پاداشت و خراپە بێ سزا دەبێت بڕوات؟).

هەریەكەمان چەندەها كەسی دڵپاك و ڕەوشتبەرز دەناسین، كە پیاوچاكانە ڕەفتاریان دەكرد، لەهەموو تەمەنیاندا هەر چاكەكاربوون و ڕۆیشتن، ئایا هەر وامردن و بێ پاداشتی چاكەیان سەریان نایەوە و تەواو، ئەمە جگە لەوەی

خەڵکـانێکی ناحەزیـان کردەوەچاکەکانیـان بەخـراپە ناسـاندوون و خەڵکیـان چەواشەکردووە بەرامبەریان ! ئایا ئەم هەموو ڕەفتارە چاکە هەروا بەهەدەرچـوو؟ ئایا دەشێت بوترێت پاداشتەکەیان ئەوەبووە کە زەمیرو ویژدانی خۆیان ئاسـوودە کـردووە و تەواو! ئەمە پرسـیار گەلـێکە دەربـارەی ڕەفتـاری کەسـێك... ئەدی دەربارەی هەموو جیهان و ژیانی نەوەکانی مرۆڤایەتیی چی؟

پرسیاری تر دەربارەی چارەنووسی مرۆڤایەتیی بەهەموو نەوەکانیەوە دێتە پێشەوە.. چارەنووسی ئەم هەموو خەڵکە چی دەبێت؟

ئەم هەموو جۆر و تـوخم و ڕەگەزی گیـانلەبەران و بـێ گیانـانە چییـان لـێ بەسەر دێت؟

هەموو دەبینین خەڵکانێك دەمرن، خەڵکانێکی تر لەدایکدەبن و دێنە جێیـان، درەخت و دارستان دەمرن و درەخت ودارستانی تر دێتە جێیان، هەموو جـۆرێکی گیانلەبەران دەمرن و لەهەمان جۆر دێتەوە شوێنیان!

زنجیرەیەکی مردن و ژیانە و بەردەوامە.. کێ بەردەوامی داوەتێ؟

ئەم زنجیرەیە هەروا دەڕوات ؟

هەر ئاڵقەی لـێ دەپسـێت و ئـاڵقەی نـوێی بـۆ دروسـت دەبێـتەوە، بێـئەوەی زنجیرەکە کۆتایی پێ بێت؟!

ئەدی ئەم هەوایە؟

ئەم ڕووناکییە؟

ئەم ئاوە؟

ئەم هەموو هێزە سروشتییە، ئەم هەموو وزەیەی کارگەی گەردوون بەگەڕی دەخات و بەرهەمی پێ دێنێتەبەر، پاشان ئەم سیستم و نەزم و ڕێسا و یاسا ڕێـك و پێکانەی گەردوون و ژیان.. ئایـا ئەمـانە هەمـوو نەمـرن؟ هەروا دەبـن و هـیچ

گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت؟ كۆتایی نایەن؟ مەگەر تەمەنێكی دیاریكراویان نییە؟ (هەموو شتێك كە سەرەتای هەبێت حەتمەن كۆتاییشی هەیە)، ئیتر چۆن دەشێت ئەم (وجود)ە بەرفەراوانە بەو هەموو پێكهاتانەوە سەرەتایان هەبووبێت و كۆتاییان نەیەت؟

ئیسلام ئەم كێشە ئاڵۆزەی چارەسەركردووە... لەحەقیقەتدا باوەڕبوون بەهەبوون و هاتنی ڕۆژی دوایی وەڵامی هەموو وپرسیارە چڕەكانی ئەم بوارەن.. بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر ئەوە، كە چۆن ئیسلام وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانەی لەباوەڕهێنان بەقیامەتدا كۆكردۆتەوە، باشتر وایە بزانین، مرۆڤ و مرۆڤایەتیی چۆن قەناعەتیان بەخۆیان كردووە ،كە وەڵامی تریان پێیە و ڕاستە! ئایا تا چ ڕادەیەك ئەوە وەڵامە؟

تا چ ڕادەیەكیش ڕاستە؟

یان هەر هەڵاتنە لەباوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی؟!

خاڵی دووەم: نكوڵییە ساویلكەییەكەی مرۆڤ دەربارەی هەبوونی ڕۆژی دوایی:

هەندێك كەس دەڵێن: ژیان هەر ئەمەیە، كە ئێستا لەدنیادا دەبینرێت، مردنیش كۆتایە و نەمانە، هیچ جۆرە ژیانێكی تری بەدوادا نایات، نەژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ و نەژیانی ڕووەك و زیندەوەرانی تر، نەجەستە و نەڕۆح، نەهەست و هۆش، نەبەرهەم و نەهۆكار و ئەنجام، هیچیان نامێنن:

﴿ إِنۡ هِيَ إِلَّا مَوۡتَتُنَا ٱلۡأُولَىٰ وَمَا نَحۡنُ بِمُنشَرِينَ ٣٥ ﴾ الدخان: ٣٥.

واتە: ئەوانە دەڵێن: هەر چی هەیە و نییە، هەر یەك مردنە، هەر ئەمەیە، كە دەیچێژین و تەواو.. خۆ زیندوو ناكرێینەوە سەرلەنوێ بڵاوبینەوە!

﴿وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ ﴿٢٤﴾﴾ الجاثية: ٢٤ .

واتە: وتیان هەر چی هەیە و نییە، هەر ئەم ژیانەی دنیامانە، دەژین و دەمرین، ئەوی دەشمانفەوتێنێت زەمان و كارەساتەكانێتی.

دەشڵێن: ئەم كارگە كاریگەرەی گەردوون، كە ئێمەش تێیدا دەژین وەكو مەكینەیەكی ئەزەلی و ئەبەدی هەتاهەتایی بەنەمری دەمێنێتەوە و لەكار و بەرهەمی خۆی بەردەوامە، كۆتایی و نەمانی نییە، ئەوەندەش مەحكەم و قایم و بەهێزە درزی تێناكەوێت، لاواز نابێت، لاسەنگ نابێت و خۆی نوێدەكاتەوە.

ئەو كەسانەی كە ئاوا دەڵێن، لەبەر ئەوە وانالێن، كە بەڵگەی زانستی بنبڕیان بەدەستەوەیە و تەئكیدن و دەزانن، كە دوای مردن هیچ شتێكی تر نییە، زانیارییەكی ڕاست و جێگیریان نییە، كە ئەم كارگە گەردوونیە هەمیشەییە و كۆتا و نەمانی نییە.. بەڵگەیان نییە، بەڵام ئیعتیمادیان كردۆتە سەر هەست و سەرنجدان و بیركردنەوەی خۆیان، بۆیە ئەم بۆ چوونەش دەردەبڕن، چونكە هەست بە هیچ شتێكی دوای مردن ناكەن و بەچاوی خۆشیان – وەكو دەڵێن – لاسەنكبوونی سیستمی گشتی نابینن.. بەڵام ئایا هەست نەكردنمان بەشتێك بەڵگەی نەبوونێتی؟

ئەگەر ئەمە پێوەربێت، خۆ من و تۆ دەتوانین نكوڵی لەهەبوونی شتێك بكەین، كە هێشتا بەچاونەمانديووە و بەدەستلێدانی هەستمان پێنەكردووە...

جا كە وابوو ڕاست و دروست و ڕەوایە، كە هێشتا شتێكم بەرزنەكردۆتەوە بڵێم وجودی نییە، كەوابوو ئەو كاتە شتێك وجودی دەبێت، كە دەیبینم یان دەستی لێدەدەم یان هەستی پێدەكەم، ئەگەر نەمدی و دەستم لێنەدا و هەستم پێنەكرد، نییە یان نامێنێت.

كەوابوو: دەشێت بڵێم: ئەو ڕووبارەی كە دوێنی دیم، هەر دوێنێ خەلق بوو،

ئێستا نەماوە و چۆتە جیهـانی نەبـووەوە... (نەبـووش هەبـوونە!) ئەگەر وابڵـێم: كەسێكی ژیر هەیە باوەڕم پێبكات و بڵێ: قسەكەت ڕاستە؟

ئەگەر وەڵامەكە بەنەخێـرە – بێگومـان هەر بەنەخێـر دەبێـت – ئەدی بـۆچی خەڵكێكی ژیر ئەوە بەڕاست دەزانـن و بـاوەڕی پێـدەكەن كە كەسـانێك دەڵـێن: مردن كۆتا و نەمانە و هیچ شـتێك لەدوای مـردنەوە نیـیە، بـۆچی ئەمە بەڕاسـت دەزانن و نكوڵی كردنم لەمانەوەی ڕووبارەكە بەڕاست نازانن؟

خۆ هەر وەكو ئەوەی كەس نەچـووبێتە سـەر ڕووبـارەكە (دوای ئەوەی مـن دوێنێ بینم و ئەمڕۆ نكوڵیم لەبوونی كرد) كەسـیش لەدوای مـردنەكە نەهـاتۆتە بۆلای ئەمان تا بڵێ: مردن كۆتا و نەمـانە.. بـۆچی ئەم كەسـانەی نكـوڵی ژیـانی دوای مـردن دەكەن بەڕاسـت و دروسـت دەزانـرێن و ئەو كەسـانە بەڕاسـت و دروسـت نـازانرێن كەدەڵـێن: مـردن كۆتـا و نەمـان نیـیە، بەڵكـو قۆنـاغی تـری (وجود)ی بەدوادا دێت؟!

خۆ لانی كەم ئەمان بەڵگەی زیاتریان هەیە وەك لەنكوڵی كاران.

هەر وەكو كە ناشێت حوكم لەسەر مردن و نەمان بەبەڵگەی دیتن و هەست پێكردن بدرێت، هەرواش ناشێت بەبەڵگەی دیتن و هەست پێكردن حوكم لەسەر ژیانەوە و زیندووبوونەوەی دوای مردن بدرێت.

ئەگەر ئەوە ڕاســت و دروســت و ڕەوابێــت ،كە بووترێــت: كــارگەی كاریگەری گەردوون هەمیشەییە و نەمرە، چونكە كەس نەیدیووە یـان هەسـتی پێنەكردووە كە بفەوتێت و نەمێنێت.

كەوابوو: بۆچوونی منیش ڕاست و دروسـت و ڕەوا دەبێـت، ئەگەر بڵـێم: ئـا ئەم كۆشكە ئەندازیارییە قایم و بەهێزە نارمێـت و نافەوتێـت و هەتاهەتـایە هەر دەمێنێت، چونكە منیش نەمدیووە و هەستم پێنەكردووە بفەوتێـت و نەمێنێـت و هیچ درز و لاری و لاوازییەكم تێدا نەدیووە، تا بڵـێم: لەداهـاتوودا دەڕوخێـت و

نامێنێت.. ئەگەر وام وت، ئایا خەڵكانێكی ژیر و بیرمەند بۆچوونەكەم بەڕاست دەزانن؟

تەسلیم بەڕاوبۆچوونەكەم دەبن؟!

خاڵی سێیەم: كاریگەری خراپی باوەڕ نەبوون بەڕۆژی دوایی:

دیدوڕاوبۆچوونی فەیلەسوف و دانا و بیرمەندان لەكۆڕا (ئیجماع) نزیكە كە دەڵێن: ئەم گەردوون و ژیانە بەو سیستمە مەحكەمەی ئێستایەوە ڕۆژێك دێت كە پارسەنگ دەبێت و كۆتایی دێت.

لەم سەردەمەدا زانایانیش لەسەر ئەو بۆچوونە كۆنە نەماون، كە دەیوت: ژیان و گەردوون هەمیشەیی ئەزەلی و ئەبەدییە... بێگومان هێشتا زانا و فەیلەسوف و بیرمەندیش هەر هەن، كە دەڵێن: مردن كۆتایی ژیانە و گەردوون هەمیشەییە و دوای مردن زیندووبوونەوە نییە و، هیچ جۆرە ژیانێكیش نییە، ئەم ڕاوبۆچوونەشیان هەر لەسەر ئەو بەڵگە نامەعقووڵە دارشتووە كە باسمانكرد.

كاتێك وردەكارانە دێینە سەرشیكاری ئەم دید و بۆچوونە (بێ باوەڕە)، دەبینین لەزیان بەولاوە هیچ سوودێك بەخاوەنەكەی ناگەیێنێت، هیچ جۆرە دڵنیایی و هێمنی و ئاسوودەییەك بەخۆی و ئاشتی و ئەمانێك بە دەوروبەری ناگەیێنێت، بۆ مرۆڤایەتییش دەبێتە گیانێكی دڕندانەی هەڵپەكردن و دەستخۆستن، ئەمە جگە لەوەی كە وەڵامی هیچ پرسیارێكی لەوانە تێدا نییە كە بەهزر و هۆشی مرۆڤدا دێن و دەچن، لەوانەی پەیوەندیان بەژیان و مردنەوە هەیە.

ئەگەر مرۆڤ ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوت و هەڵوێست و گوفتار و كرداری ژیانی ڕۆژانەی خۆی لەسەر ئەم دید و تێڕوانینە دارێژێت كە (وجود) هەر ئەم ژیانەیە و مردن كۆتا و نەمانە، لەدوو حاڵەت بەدەر نابێت:

- ئەگەر بارودۆخی دەوروبەری گونجاو نەبوو، ئەم دید و عەقیدە (بێ

باوەڕییە) تووشی خەم و پەژارەی دەكات و خەم و پەژارەكەشی سەردەكێشن بۆ بێ ئومێدی و ورە بەردان و كەوتن، چونكە دەبینێت هەموو ئەو كـارە چاكـانەی كردنی هیچ بەرهەمێكی بەسوودیان لێنەكەوتەوە، هەموو ڕەنجی چاكسازیەكەی بەهەدەرچوو.. ئیتر لەكاری خێری چاكە و یارمەتیدان سارد دەبێتەوە و چوست و چالاكی چاكسازیەكەی لا دەبێتە سستی و هەقی بەسەر هیچ كەس و ڕووداو و حاڵەتێكەوە نامێنێت.

كاتێك كە دەبینێت كەسێك نییە لەم ژیانەدا لەم جیهانەدا دەست بداتە باڵی و لەچەوسانەوە رزگـاری بكـات، كە كەس نابینێـت لەسـەرمافەكانی هەڵـداتێ و سـتەمی سـتەمكارانی لەسـەر لابـدات، دڵـی دەشـكێت و دەرەنجێـت، چـونكە دەبینێت هەزاران هەزاری وەكو خۆی – كە ڕاستگۆ و پارسەنگن – چەوساوەن و لەناسۆردان، كەچی ستەمكارانیش لەوپەڕی نازونیعمەتدان و لادەر و لاسەنگی دەوروبەریشیان هەروا.. هەموو ئازادن، هەیانە، ڕادەبـوێرن، ژیانیـان لەبەردەمـدا والایە، دەستیان لەهەموو پێشكەوتنێك گیرە، هەموو هۆكـارێكی بەخـتەوەری و شـادمانی دنیایـان لەبەردەسـتدایە و بەكەیفـی خۆیـان دەخـۆن و دەخـۆنەوە و دەپۆشن...

مـوڵكی زۆریـان هەیە، سـەرباری ئەمـانەش دەسـەڵاتدارن، هەرچـی هێـزی دەستدرێژی و داپڵۆسـین و زەوتكـردن هەیە بەدەسـتیانەوەیە، قسـەیان بڕیـارە و بڕیاریان لەسەر سەروچاوە و یەكسەر جێبەجێدەكرێت، هەمووشـی هەرسـتەم و دەستدرێژییە، بەكورتی هێـزی شـەڕخوازی باڵادەسـت و سـەركەوتووە و هێـزی خێرخوازیش زەلیل و نابوت و نەبووە.

- بەپێچەوانەشەوە: ئەگەر بارودۆخی دەوروبەری گونجـاوبوو، بەكەیفـی خـۆی بـوو، ئـازاد و دەسـەڵاتدار بـوو، حەتمەن دەبێـتە دڕنـدە و عازیـا، هەواو هەوەسی خۆی دەپەرسـتێ و بەدوای حەزە مونحەریفەكـانیەوە دەبێـت، چـونكە لەڕوانگەی ئەم دید و تێڕوانینە (بێ باوەڕە)یەوە وادەبینێت كە نابێت ڕێ بـدات

لەهیچ چێژ و نیعمەت و ڕابواردنێك مەحروم ببێت، چونكە هەرچی لەبەر دەستیایەتی ژیانی دنیایەتی، ژیانێكی تری لەپێش نییە، تا بە ئومێدبێت خۆزگە و ئاواتەكانی لەوێ بێنەدی.. بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەڵپەیەتی، دەستدرێژی بەستەمكاری نازانێت، زەوت كردنی ماڵ و سامانی خەڵكی بەئازایەتی و گوندەیی دەزانێت، مافی خەڵكی پێشێل دەكات، خوێنیان دەڕێژێت، ئابڕوویان دەتكێنێت، خزمایەتیی لا نامێنێت.

بەدكاری و خراپەكاریی لێدەبێتە ڕەنجی پیاوەتی ڕۆژانەی، شەرم لەهیچ ناكات، لەهیچ تەریق نابێتەوە، هیچ شتێك بەحەڕام نازانێت، سەدان شێوازی فێڵكاری و فریوودان بەڕاست و ڕەوا دەزانێت، بەهەموو شێوەیەك خۆی بەهێز دەكات، خۆ دەباتە پێش.. ئەوەی بەلایەوە چاكی و جوانی و جوامێرێتیە ئەوەیە كە وا لەناو خەڵكیدا دەركەوێت كە بەڕێزە، بەناو بانگە، بەدەسەڵاتە، دەوڵەمەندە، بەتوانایە...

چونكە هەر یەكێك لەم سیفەت و وەسفانە خێرەوەدەر دەبن بۆی و سوودی زیاتری پێدەگەیێنن.. تاوان و دەستدرێژی و ستەمەكانی بەخراپەكاری نازانێت، ئەگەر لەشتێك سڵ بكاتەوە و نەیكات ئەوە لەبەر ئەوەیەتی، كە دەشێت كەشف ببێت و سزایەكی یاسایی دنیایی بدرێت، یان زیانێك بەجەستە و تەندروستی یان بەماڵ و سامان و ناو و پلەوپایەی بگەیێنێت، دەنا لەهیچ ناگەڕێتەوە.

كەسێك كە ئەوە دید و بۆچوونی بێت، چاكە و خێر و جوامێریی كاتێك بەلاوە گرنگ دەبێت، كە سوودێكی دنیایی بۆی هەبێت، ئەگەرنا ئەم سیفەت و وەسف و ڕەفتارانەی بەلاوە گێلێتی و گەلۆرییە، ئەمما خراپە و بەدكاری و ڕەفتارە تاوانەكانی هەموو بەلاوە گرنگ دەبێت مادام سوودی دینیاییان بۆی دەبێت، كاتێك سڵ دەكاتەوە لێیان و مومارەسەیان ناكات كە دەزانێت سزادەدرێت لەسەریان یان ناوی نەزڕێت.. دەنا مەسەلەی حەق و ڕاست و دروستی و ڕەوایی بەلاوە قسەی بەتاڵە.

قەسەم بەخوا كـۆمەڵگەیەك لەدنیـادا لەسـەر ئەم دیـدوتێڕوانینە دروسـت ببێت، دابونەریت و سیستم و دەستوور و ڕەفتار و ڕەوشتی تاكوكۆی لەسەر ئەم عەقیــدە (بــێ بــاوەڕی) یە دابمەزرێــت، حەتمەن بەهاوتاییەكــان و وەســفە واتاییەكانی ئاوەژوو دەبنەوە، هەمـوو شـتێكی لا هەڵەوگێـڕاو دەبێـت، چـونكە بنەماكانی ڕەوشت ڕێسا و یاسای ڕەفتاری تاك وكـۆی لەڕوانـگەی ئەنـانێتی و خۆپەسەندییەوە دادەڕێژێتز

چاكە و چاكسازی و خێر و جوامێری ئەوكاتە بەچـاك دەزانێـت كە سـوودی ماددی هەبێت و بەس، خراپە و خراپەكاری و لاسەنگێتی وا پێناسـە دەكـات كە زیـانی مـاددی دنیاییـان لێـدەكەوێتەوە.. درۆ و چەواشـەكاری وهەڵخەڵەتانـدن بەلایەوە گونـاح نـابێتو مەگەر لەو كاتـانەدا كە زیـانێكی بەدوادا دێـت، زیـانی جەستەیی بێت یان ماڵ و سامان یان ناو و پلەوپایە.. دەشبێتە ڕاستی و دروستی و هەق و ڕەوایی ئەگەر سوودی بەدوادا هات، دەبێتە جوامێریی و هەڵكەوتەیـی و بەناوبانگیی !

دەبێتە سیفەتێكی پێشەوایەتی (فیكریی و سیاسـیی و ئـابووریی!) هەمـوو گوناح و تاوانێك واتەماشا دەكرێت.. كەس زینا وانابینێت، كە تاوان و گونـاحە، بەڵكو بریتیە لەچێژی جەستە و ڕابواردن، ڕەفتـارێكی باشـە، مەگەر لەوكـاتەدا خراپە بێت، كە زیانێكی جەستەیی لێبكەوێتەوە.

پوختەی قسـە ئەوەیە: كە مـادام مـرۆڤ ترسـی ئەوەی نەبێـت كە ڕەفتـارە خراپەكانی سزایان لەسەرە و ڕەفتارە چاكەكانی پاداشـتیان نابێـت، ژیـانیش هەر ئەمەیە، كە دەیبـاتە سـەر، تەمـاعی غەیـری ئەوەی نابێـت، كە سـوودی ئـانی و دەستەبەجێی كردەوەكانی دەستكەوێت، مادام باوەڕی بەڕۆژێكـی تـر نیـیە، كە تێیدا پاداشت لەسەر چاكەكانی وەردەگرێت و سزای لەسەر ڕەفتـارە خراپەكـانی دەدرێت، حەتمەن بەها واتاكانی ڕەفتاری دەگۆڕێت..

بەشێوەیەكیش نایگۆڕێت خزمەتی دەوروبەر و كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی تێدا

بێت، بەڵكو ڕاستتر ئەوەیە كە هەر كـۆمەڵگەیەك تاكەكـانی لەسـەر ئەو دیـد و تێڕوانینە (بێ باوەڕییە) دابمەزرێنێت و ئاواتەخوازبێت هەموو تاكەكانی بـگەنە ئەو ئاسـتە نـزمەی ئەنـانێتی، بێگومـان ئەوە كـۆمەڵگەیەك دەبێـت كەمـتر لەكۆمەڵگەی ئاژەڵ و دڕندەی دارستان.

دەشێت كەسـێك لێـرەدا بڵـێ: دنیـا هەر ئەوەنـدە نیـیە كە ڕەفتـاری چـاكە سوودی لێ بكەوێـتەوە و ڕەفتـاری خـراپە زیـان بەخـاوەنەكەی بگەێنێـت، هەر ئەوەندە نییە كە قازانج و زیانی دنیایی دێتە ڕێی، بەڵكـو مەسـەلەیەكی گرنـگ هەیە كە ئاسـوودەبوون یـان پشـێوبوونی ویـژدان (زەمیـر)ە، ئەمەش پاداشـتە، چونكە كەسێك كە ڕەفتاری خێرخوازانە و چاكسازیی دەنوێنێت ئاسوودە دەبێـت ..

ویژدانی هێمنە (زەمیری مورتاحە)، بەپێچەوانەشەوە كە خراپەكاری دەكـات دڵ و دەروونی خۆی تووشی پشێوی و ئاڵۆزی و نوقورچی ویژدان (وقرة ضمیر) دەكات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سزایە.. ئەوەندەش بۆ پاداشت وسزا بەسە!!

هەر ئەمەش بۆی دەبێتە پاڵنەری چاكسازی و دوور كەوتنەوە لەخراپەكاری.. لەوەڵامـدا دەڵـێم : جۆرەهـا گونـاح و تـاوان و سـەرپێچی هەیە كە سـوودە ماددییەكەی و چێژە جەستەییەكەی بۆ بكەرەكە ئەوەندە زۆر و بەنرخە كە تێیدا گوێناداتە نوقورچی ویژدان..

هەروەهـا چـاكە و خێرخـوازی واش هەیە كە مـرۆڤ دەیكـات زۆر لەوە گەورەتـرە كە بوترێـت دەی باشـە ویژدانـی پێـی ئاسـوودە دەبێـت.. ئەمە نـابێتە پاداشتی كۆمەڵێك ناڕەحەتی و پشێوی و دەردەسەری كە لەڕێی ئەنجامدانی ئەو خێـر و چاكـانەدا هـاتوونەتە ڕێـی، ئاسـوودەیی ویـژدان زۆر لەوەكەمـترە ببێـتە پاداشتی ئەو هەموو ڕەنج و دژوارێتیە.. ئەمە جگەلەوەی كە كاتێك وردەكـارانە سەرنج لەویژدان دەدەیت، حەقیقەتی ئەركـی ویـژدان ئەوە نیـیە كە تەسـەوراتی ڕەفتار و ڕەوشت دروست بكات، ئەركـی ویـژدان ئەوەیە كە ئەو بنەمـا و ڕێسـا

ئەخلاقیانەی بەلایەوە پەسەندبوون زیاتر لەناخی کەسەکەدا دروستی بکـات کە بەپەروەردە کـردن و فێربـوون و ڕاهێنـانی دەبێـت لەسـەر ئەو بنەمـا و ڕێسـا قیەمیانە.

کاتێك کافرێـك سـەدان جـۆر ڕەفتـار دەنوێنێـت ویژدانـی ئـازاری نـادات، نوقورچێکی لێناگرێت! بەڵام هەر لەو ڕەفتارانە کە عادەتەن موسوڵمان نایکـات، بەڵام ئەگەر کەوتە یەکێکیانەوە و زانی کە حەڕامە، گوناحە، زوو دەکەوێتە ژێر تینی باوەڕ و ویژدانی و زوو هەست بەهەڵەی خۆی دەکات..

بۆیە: هەر کـۆمەڵگەیەکی ئینسـانی، ئەگەر دیـد و تێڕوانینـی واتـای خـۆی گۆڕی و ئەمە کاریگەریی خۆی خستە سەر پێناسـە و پێـوەری چـاکە و خـراپە، حەتمەن کاریگەریشی لەسەر ویژدانی تاکەکان دەبێت..

بەمانایەکی تـر ویژدانـی تاکەکـان، ناتوانێـت ئاسـوودەیی و هێمنـی بەرهەم بهێنێت، کەدەبینێت ڕوانگە و دیدی کۆمەڵگە و بنەمای قیەم و ڕێسای ڕەوشتی بە ئاڕاستەیەکی تردا دەڕۆن... ویژدان لەبەر ئەوتین و تەوژم و لافاوەی ڕۆژانەدا خۆ ناگرێت.

بۆیە: هەبوونی کەسێکی خاوەن ویژدان و هەقگۆ و هەقخـواز لەکـۆمەڵێکی ئەنانی و داخراوی ماددیدا زەحمەتە.. هەشبێت بەردەوامبوونی زەحمەت دەبێت.

بڕگەی دووەم:
جێگۆڕكێی ڕۆح (تناسخ الأرواح) بەدیلی باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی نییە:

خاڵی یەكەم: جێگۆڕكێی ڕۆح (تناسخ الأرواح) چییە؟:

هەر لەو كاتەدا، كە هەندێك دەڵێن: ئاسوودەیی ویژدان پاداشتی ڕەفتاری چاكەیە و نوقورچی ویژدان، سزای ڕەفتاری خراپەیە و هەردووكیشیان لەدنیادان، ئەمە بەدیلی باوەڕبوونە بەڕۆژی دوایی و لەجێیەتی..

هەندێك كەسی تر باوەڕیان وایە : كە جێگۆڕكێی ڕۆح ڕاستترە ببێتە بەدیلی باوەڕهێنان بەقیامەت، ئەم باوەڕ بە جێگۆڕكێیەی ڕۆح ئاسوودەییە وهەر لەدنیاشدایە.

ئەمانە دەڵێن: مردن نەمان نییە، بەڵكو دەرچوونی ڕۆحە لەكەسێكدا و داخڵبوونی جەستەی یەكێكی تر،ە ڕۆح لەمیانەوە دەردەچێت – كەسەكە دەمرێت – بەڵام ڕۆحەكەی دەچێتە پەیكەری یەكێكی ترەوە، چونكە ڕۆح نامرێت... ئەم جێگۆڕكێیەش هەر لەژیانی دنیادا دەبێت.

دەڵێن: جەستەی دووەم، یان ڕاستتر بڵێین: قاڵبی دووەم كە ڕۆحەكەی تێدەچێت گونجاوی ئەوڕەفتار و بزاوت و هەڵوێستەیە،كە خاوەن جەستەی یەكەم كردوێتی...

ئەگەر كەسەكە لەژیاندا پیاو چاك و هەستبەرز و پارسەنگ بووبێت و ڕێزی ڕۆحەكەی بەرز ڕاگرتبێت، دوای مردنی ڕۆحەكەی دەچێتە چینی باڵاتر و دەچێتە جەستەی كەسانی شیاوتر، تا ئاوا چین بەچین بەرزدەبێتەوە...

ئەمما ئەگەر لەژیاندا لاسەنگ بووبێت، پیاو خراپ و بەدكاربووبێت، دید و تێڕوانین و مومارەسەی نزم بووبێت، دوای مردنی جەستەی ڕۆحەكەی دەچێتە چینی خواروتر و چین بەچین دەڕوات تا دەچێتە جەستەی ئاژەڵ یان ڕووەكەوە...

بۆیە دەبێت هەموو کەس پارسەنگانە خۆ پەروەردە بکات تا ڕۆحی بەرەو باڵا بچێت نەك بەرەو ئاژەڵێتی.

بەپێی دید و پێناسەی ئەم عەقیدەیە پاداشت و سزای ڕەفتاری مرۆڤ هەر لەدنیادایە، پەیوەندیەکەش بەجیهانی ڕەوشت و ڕۆحەوە هەیە و بەس... چونکە ڕۆحەکان دێنە دنیاوە و جار بۆ جار دەچنە قاڵبی جیاوازەوە... ئەمەیە پاداشت و سزای خەڵکی.

ماوەیەکی مێژووی مرۆڤایەتیی هات، کە ئەم دیدە عەقائیدییە بەسەر هەموو دید و تێڕوانینێکی تردا زاڵبووبوو، زۆرینەی فەیلەسووف و دانا و بیرمەندانی دنیای ئەو سەردەمە لەسەر ئەم دید و وبۆچوونەی جێگۆڕکێی ڕۆح بوون.

ئەمە دید و بۆچوونی: (فیساگۆرس) و (ئینبیزکلیس) بوو، زۆرینەی فەیلەسووفانی یۆنان – پێش هاتنی سەیدنا عیسا علیه السلام – لەسەر ئەم دید و بیر و باوەڕە بوون ... لەناو ڕۆمانیشدا – پێش مەسیحێتی – لەریزی پێشەوەی ڕێز و بەهادابوو، ئاسەواریش هەیە، کە دەیسەلمێنێت: کە فەیلەسووف و بیرمەندانی کۆنی میسریش ،هەر ئەوە دید و بۆچوونیان بوو، بەهۆی هەندێك هۆکاری دەرەکییەوە کاریگەرێتی ئەم دیدە چووە ناودینی جولەکەکانیشەوە...

بەڵام لەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا تەنها لەناو هەندێك دینی هیندستان و دەوروبەریدا هەیە، وەکو شوێنکەوتوانی: (براهمایی و بودایی و جینیایی)، لەهەندێك تیرە و هۆزی سەرەتایی ئەفریقا وەکو: (مەدەغەشقەر) و(ئەفریقای ناوەند) هەیە، هەروەها لەهۆزە رەسەنەکانی(ئوسترالیا) و هەندێك دورگەی ئەندۆنیسیا و ئەمریکای باشور و دەوروبەری ئەمازۆندا...

بەڵام گەلانی خوێندەوار و پێشکەوتوو وەلیانکردووە و باوەڕیان بەشتی وا نەماوە، بەتایبەتی دوای بڵاو بوونەوەی مەسیحێتیی و ئیسلام.. هەروەها

پێشكەوتنی زانست و دید و بۆچوونی فیكری و هزر و ژیری، بەتایبەتی تریش لەم سەردەمەی شارستانێتیدا، كە خەڵكی وا سادە نەماون باوەڕیان بەجێگۆڕكێی ڕۆح هەبێت.

تەنانەت ئێمە كاتێك سەرنج دەدەینە مێژووی ئەم عەقیدەیە لەدینەكۆنە ئەسڵییەكانی هیندستاندا، بێگومان دەبینین، كە هیچ وجودێكی لە (هیندۆیزێكی)كۆندا نییە، ئەوەی ئارییەكانی ئەو زەمانە باوەڕیان پێی بوو ئەوەبوو: كە دەیانوت: مرۆڤ دوای ئەوەی ئەم دنیایە بەمردن جێدەهێڵێت، بەزیندوویی دەچێتە ژیانێكی ترەوە كە هەمووی بۆ ئەو كەسانەی چاكساز و خێرخوازبوون نازونیعمەت و حەوانەوەیە، بۆ ئەو كەسانەش كە بەدكار و شەڕخوازبوون لەدنیادا هەر ئەشكەنجەی بەژان و ئێش و ئازاردەبێت.

پاشان ئەم دید و بیروباوەڕە گۆڕانكاری جەوهەریی بەیەكجار بەسەرداهات، بۆیە لەقۆناغی دووەمی كتێبە هیندییە كۆنەكاندا باسی جێگۆڕكێی ڕۆح دەبینین، ئەویش وەكو دیدی دینیی نا، بەڵكو وەكو دیدێكی فەلسەفیی...

ئەوەی دوای توێژینەوە و لێكۆڵینەوە باسنووسەكان گەیشتوونێ ئەوەیە :كە ئەم گۆڕانكارییە لەڕێگای (دەروار)ەوە،واتە: نەتەوەكۆنەكانی هیندستانەوە تێكەڵ بەدینی ئارییەكان بووە.

هەندێك توێژەرەوەش دەڵێن: هەندێك لەچینەكانی خوارێی ئارییەكان لەسەر ئەم دین و دیدەبوون كە ڕۆح جێگۆڕكێ دەكات، فەیلەسووفانی (براهما) لەمانەوە ئەودید و تێڕوانینەیان وەرگرتووە و دواتر ئەو هەمووتێوروتێڕوانین و ڕاوبۆچوون و وەهم و خەیاڵاتانەی تێكەڵاوبووە.. چونكە ئەوەش سەلمێنراوە كە دیانەتی بودابیش لەسەرەتایەوە بەتەواوی دووربوو لەدید و تێڕوانینی جێگۆڕكێی ڕۆح، هەر وەكو كە ئێستاش لەكتێبی كۆنی بودائیزمدا هەیە.

لەخوێندنی كتێبەكۆنەكانی بودائیدا ئەوە تێبینی دەكرێت كە ئەم دینە

لەقۆناغە سەرەتاییەكانی دەركەوتنیدا دید و تێڕوانینی ئەوەبوو كە (وجود) وەكو ڕووبارێكە و بەردەوام دەڕوات و بەردەوامیش لە گۆڕان و سەرەوژوور دایە، ئەم دید و بۆچوونە دواتر لەڕوانگەیەكی عەقیدەیی تردا دەركەوت كە دەڵێ: جیهان هەر هەموو یەك ڕۆحی تێدایە، هەر ئەم تاكە ڕۆحەیە كە بەشێوە و چۆنیەتی جیاواز دەردەكەوێت و قاڵب لەدوای قاڵب بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.. ئەمە ئەوە ڕووندەكاتەوە كە ئەوزانستیەی لەڕێگای وەحیەوە بەنەتەوە كۆنەكانی هیندستان گەیشتبوو، ڕاست و دروست بوو، بەڵام دواتر نەوەكانی ئەم نەتەوانە جار بۆ جار لێكدانەوە و گومان و ڕاوبۆچوونی خۆیانیان تێكەڵ كرد، تا ئاوا گۆڕا... پاشان ئەو دیدە فەلسەفیەشی تێكەڵبوو..

ئاوا لەكۆمەڵێك سەرچاوەی دیدوتێڕوانینی جودا و دوورەوە ئەم دیدەی جێگۆڕكێی ڕۆح بوو بەدیانەتێكی فەلسەفی كە لەسەر بۆچوون و گومانی خەیاڵاوی دامەزراوە.

خاڵی دووەم: شیكارییەكی ڕەخنەگرانە لەعەقیدەی جێگۆڕكێی ڕۆح:

ئێرە جێباسی ئەوەڤنییە بەتەفسیل جێگۆڕكێی ڕۆحی لێ موناقەشە بكرێت، بەڵام ئەوەندە ئاماژەكردن بەسە بۆ هەندێك ڕاوبۆچوونی سەیری كە هەمووی لەسەر وەهم و بۆچوونی خەیاڵی دامەزراوە، كە بەتەواوی پێچەوانەی هزر و ژیرییە و دژی هەموو ئەنجامێكە كە زانستی لەدنیای مرۆڤدا گەیشتۆتی.

وتمان كە ئەم دیدە عەقائیدیە دەڵێ: مرۆڤ پاداشتی كردەوەكانی هەر لەم دنیایەدا دەست دەكەوێتەوە، بەوەی كە مادام خاوەن گوفتاری شیرین و كرداری جوان و بەسوودە ڕۆحی بەرەو چینەكانی باڵا سەردەكەوێت، ئەگەر گوفتاری ناشیرین و كرداری خراپ و زیانبەخش بوو، ڕۆحەكەی بەرەو چینەكانی خواروو

دەچێت، تا دەچێتە ئاژەڵێك یـان ڕووەكـێكەوە.. ئەمە خـۆی لەخۆیـدا پاداشـت و سزایە.

بەپێی ئەم دید و تێڕوانینە، ژیانی ئاژەڵ و ڕووەك ئەنجامی بەدكارین، لەوەوە دروست بوون كە خەڵكانێكی بەدكار زۆریان خراپەكردووە و ڕۆحیـان ڕۆچـۆتە چینی خواروتر و خواروتر تا لەئاژەڵ و ڕووەكدا خۆی گرتۆتەوە.. كەوابوو ئاژەڵ و ڕووەك ژیانیـان لەڕۆحـی بەدكـارانەوە هـاتووە... بەپێچەوانەشـەوە، ئەوانەی ئێستا مرۆڤن و لەسەر زەمین دەژین، بۆیە بەشەرن چونكە كەسانی پێش خۆیان گوفتـار و كـرداری جوانیـان كـردووە و لەڕۆحیـانەتی ئـاژەڵ و ڕووەكەوە سەركەوتوون بۆ ڕۆحی و بەشەری و بـاڵاتریش دەڕۆن یـان لەبەدكـاردا دێـنەوە خوارێ.

باوەڕهێنان بەم دید و ڕوانگەیە باوەڕهێنان بەهەندێ شتی تر دەخوازێـت كە دژی هزر و ژیری و زانستن، وەكو:

١ - جێگـۆڕكێی ڕۆح سـوڕی بـازنەیەكی بەتـاڵ دەخوازێـت كە نازانرێـت سەرەتای كەی بووە و كەی كۆتایی دێت، چونكە مرۆڤ لەو ڕوانگەوە ژیانێكی پێشتری هەبووە كە ئاژەڵی یان، ڕووەكی بووە، ئەو ئاژەڵەش كە ئێسـتا ئـاژەڵە و ئەو ڕووەكەی كە ئێسـتا ڕووەكە حەتمەن ژیـانێكی پێشـتریان هەبـووە كە ژیانێكی بەشەری بووە...

ئەمەش زنجیرەیەك هاتنی بێ سـەرەتا و ڕۆیشـتنی بـێ كۆتـا دەخوازێـت كە تەواو نابێت، ژیریش تەسلیم بەم جۆرە خەیاڵاتانە نابێت.

٢ - ئەم سوڕی جێگۆڕكێی ڕۆح (دورة تناسخ الأرواح)ە هەر ئەوە ناگەیێنێـت كە ئەو ڕۆحەی لەم لەشەوە دەچێتە ئەولەش یان لەم قـاڵبەوە دەچێـتە ئەو قاڵـب

یان لەم مرۆڤەوە بۆ ئەو ئاژەڵ یان ڕووەكە یان لەیەكێك لەوانەوە بۆ ئەم مـرۆڤە، ئەمە هەربوویی (ئەزەلی و ئەبەدی) دەخوازێت...

ئەم هەربوونەش هەر بۆ ڕۆحەكەی نییە، بەڵكو بـۆ جەسـتە و قاڵبەكانیشـە، چونكە خۆ دەبێت كەرەستەی جەستە و قاڵبەكەش هەربـوو (ئەزەلـی و ئەبەدی) بن، تا ڕۆحەكەیان تێچووبێت (لەسەرەتادا) و تا لەكۆتاشدا ڕۆحیان تێچێت...

لەم حاڵەتەشدا سەرەتا و كۆتایان نابێت، كەوابوو، دەبێت هەردووكیان (ڕۆح و كەرەســـتەكان) هەربـــوو (ئەزەلـــی و ئەبەدی) بـــن، ئەمەش نـــامومكینە، هەربـــوویەكەش هەر بـــۆ ئەم جەســـتە و ڕۆحە نیـــیە، دەبـــێ بـــۆ هەمـــوو ئەو كەرەستانەش بن، كە مان و گەشە و نەشونمای جەستەیان پێوە بەندە، وەكو: ئاو و هەوا و تیشك و... ئەمەش پێچەوانەی ژیری و زانستە.

ژیریهان دەڵێ: كاتێك دێت كە ئەم سیستمی خۆرە نامێنێت، چونكە سەرەتای هەبووە و هەموو ڕۆژێك لێی كەم دەبێـتەوە، كەوابـوو كۆتـایی دێـت، زانسـتی سەردەمیش وادەڵێ[1].

٣ -پێویســـتە دان بەوە دابنرێـــت: كە هەمـــوو ســـیفەتێكی ڕووەك و ئـــاژەڵ و تاكەكـانی مـرۆڤ لەجەسـتەیانەوە هـاتووە، وەسـفی جەسـتەیانە نەك وەسـف و سیفەتی دەروونیی... بەڵام بەپێی ئەم دیدە عەقائیـدییە سـەیرە، كاتێـك ڕۆحێـك لەجەستەی مرۆڤێكدا بووە، مرۆڤەكە ژیر و بەهەست و بیرمەندبووە، كەچـی كە

---

(١) زانستی سەردەم دەڵـێ: خـۆر هەمـوو ڕۆژێـك (٣٦كگـم)ی لـێ دەبێـتە وزەی گەرمـی و ڕوونـاكی و دەنـگ، كەوابـوو: ڕۆژ بەڕۆژ لێـی كەمـدەبێتەوە و هیچـی نـایەتەوە سـەر، ڕۆژژێـــك دێـــت بەپێـــی یاســـای دووەمـــی (ترمۆداینامیـــك) كە دەڵـــێ: گەرمـــی لەتەنە گەرمەكەكانەوە دەچێت بۆ تەنە ساردەكان تا هاوكێش دەبن، وەكـو یەك گەرم دەبـن، ئیـتر نادەن و وەرناگرن، خوای گەورەش دەفەرموێ: ((إذا الشـمس كـورت))، واتە: ئەگەر خـۆر كوژایەوە و تیشكی نەما.

چۆتە ڕووەكەوە، یـان ئـاژەڵەوە ئەم جەوهەرە ئینسـانییە گرنـگ و كـاریگەرەی نەماوە، تەنانەت ویست و ئیرادەی بزاوتی سەربەخۆشی لەدەست چووە، كە بۆتە ڕووەكێك یان درەختێكی قیت و چەسپاو!!

٤ - وشەی چاك و خـراپ لەڕاسـتیدا بـۆ كـردەوەیەك بەكـاردێن، كە نـیەت و ویست و فیكر فەرمانی پێداون، حوكمی ڕەفتاری مرۆڤیش، كە چاكە یان خـراپ لەم ڕوانگەوەیە، كە مەفـروزە پاداشـت و سـزا لەسـەر ئەمەبێـت، ئەم نیـیەت و ویست وفیكرەش لەڕووەكدا نییە، ئیتر چۆن دەشێت بەپێـی دیـدی جێگـۆڕكێی ڕۆح ڕووەك و ئاژەڵ ڕۆحیان لێوە نەقڵ بێت بۆ مرۆڤ یان لەمرۆڤە ژیر و خاوەن فیكرەوە بچێت بۆ ئەوان؟

٥ -ئەگەر ژیانێك لەدوای ئەم ژیانی دنیایەی مرۆڤ، ئەنجامی ژیـانی دنیـای نەبوو‌بێـــت، ئەوە دەگەیێنێـــت: كە ســـەرەنجامی كـــردەوە خراپەكانمـــان ،هەر خراپەكاری دەبێت، كە مادام ئەنجامی كردەوە خراپەكانمان چارەنووسێكی خراپی بەئاژەڵبوون و بەڕووەك بوونە، ئیتر چۆن لەو خراپە و چارەنووسە خراپەوە دیسان چاكە و چاكسازی ڕوودەدات، تا ڕۆحمان بێتەوە چینەكانی سەرێ ؟!

بەڵگەنەویسـتە كە چـاكە لەخـراپەوە نـایەت ... ئەوەش لەجارێـك ژیـان و دووجـــار دانیـــیە... تەســـەوركە ڕۆحێـــك – لەبەر خراپەكـــاری – چـــووبێتە جەستەیەكی تری خراپەكارێكەوە، لەوێش ترازاوە بۆ خواروتر و خـواروتر، ئیـتر ئەمە چۆن چاكەی لێدەردەكەوێت بەرادەیەك، كە بیهێنێتەوە سەرەوە..

كەوابوو: زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤایەتیی، هەر بەرەو شـۆڕبوونەوە دەڕۆن و كەمینەیەكی دەگمەن چاك و چاكساز دەبن و ڕۆحیان سەروتر دەكەوێت! ئـاوا ڕۆحـی كـابرایەكی فاسـق ئومێـدی بـاڵا كەوتـنەوەی نیـیە، ئەگەر لەجەسـتەی یەكەمیدا نەیتوانیبێت چاكە بكات و بێتەوە سەرێ، حەتمەن لەجەستەی سـێیەم و چوارەمدا هەرڕۆدەچێت!

پاشان ئەستەمە ڕۆحی ڕووەك و ڕۆحی ئاژەڵ ببنە ڕۆحی مرۆڤ. [(١)]

دەبێت بشپرسین: ئایا ئەم مرۆڤانەی ئێستا، كە هەن ئەنجامی ڕەفتاری چاك و كرداری جوانی كێن؟

ئەنجامی ڕەنجی باشی چ چێنێكن؟!

بێگومان پرسیاری وا، بێ وەڵام دەمێنێتەوە!

خاڵی سێیەم: كاریگەری عەقیدەی جێگۆڕكێی ڕۆح لەژیانی مەدەنی:

جگە لەم هۆكارانەی باسكران، هۆكـاری تـریش هەن، كە وادەكەن مەحـاڵ بێت هزر و ژیری باوەڕ بەدید و تێڕوانینـی جێگـۆڕكێی ڕۆح بـكەن و بەڕاسـتی بزانن، چونكە ئێستا هەم زانست زیاتر پێشـكەوتووە، هەم ئەزمـوونی چـالاكییە فیكرییەكان زۆربووە، زانسـت و فیكـریش لەلایەنـی خۆیـانەوە زۆر ڕەهەنـدی عەقیدەی جێگۆڕكێی ڕۆحیان تاوتوێ كردوو پووچەڵییان دەرخست، ئەوانەی كە ئێسـتا باوەڕیـان بەم دیـن و دیـدە مـاوە، تیـرە و هـۆزە گۆشـەگیرەكانن، كە هەر بەنەخوێندەواریی و دواكەوتوویی ماونەتەوە...

ئەم بیرو باوەڕە بەهەموو مانـای وشـە مـایەی دواكەوتـووییە، ورە ڕوخێـنە، سست كـار و بەزێـنە... عەقیـدەی (ئەهەنسـا)ش لەدیـدی جێگـۆڕكێی ڕۆحەوە پەیدابوو، كە بەڕاستی ژیانی تاك وكۆی پەك خست، ئەو كۆمەڵ و تیرە وگەلانی ئەم عەقیـدەیان تێـدا بڵاوبـۆوە، ورەیـان ڕوخـا، گیـانی ڕووبەڕووبـوونەوە و ئازایەتیی و سـەربازێتییان نەمـا، هێزەكـانی جەسـتە و دەروونیـان پووكـایەوە،

---

(١) لەڕوانگەی ئەو عەقیدەیەوە دەڵێین: ڕۆحی ڕووەك و ڕۆحی ئـاژەڵ، دەنـا ڕووەك و ئـاژەڵ زینـدوون، بەڵام ڕۆحیـان تێـدا نییـە، ڕۆح شـتێكە و زینـدوێتی شـتێكی تـرە، نابینیـت پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بـۆ كـۆرپە دەفەرمـوێ دوای (١٢٠ ڕۆژ) ڕۆحـی بەبەردا دەكرێت، خۆ پێشتر كۆرپەكە هەبوو، زیندووبوو..

ئەوەندە خۆیان لەخۆراكی سەرەكی گرتەوە، تا پێكهاتەی جەستەیان لاوازبوو.. هەموو لاواز و بچووكن، وزەی لەشیان كەم بۆوە و لایەنی تێفكرین و چالاكی زەینیان هەرنەما، لەهەر سێ ڕووە (جەستەیی و دەروونی و فیكری)یەوە زەلیل و ئاسان دەكەوتنە بەردەست، هەر كەسێك هێرشی بكردنایەتە سەر.. بۆیە یان بەیەكجاریی لەناو چوون و بەجەستەش نەمان، یان تێكەڵ بەگەل و كۆمەڵگەی تربوون و توانەوە، چونكە ئەو دین و دیدەیان نەما.

یەكێكی تر لەزیانەكانی عەقیدەی جێگۆڕكێی ڕۆح ئەوەیە: كە سەرسەختانە دژایەتیی شارستانێتیی و مەدەنێتیی دەكات و بەزۆرەملێ شوێنكەوتوانی بەرە و گۆشەگیری و خەڵوەتكێشان ڕادەكێشێت، كە دەبێ واز لەدنیا و ڕازوەییەكان بهێنن تا ڕۆحیان پاك بكەنەوە و بەرەو چینەكانی باڵایان ببەن..

لەبەر ئەوەی شوێنكەوتوانی ئەم دین و دیدە پێیان وایە: كە حەز و ئارەزوو سەرچاوەی هەموو خراپەكارییەكی دنیایە و وادەكات خەڵكی بكەونە تاوان و گوناحەوە... تاوان و گۆناحیش ڕۆح پیس دەكەن ، تا ڕۆح توانای نامێنێت لەو جەستە پیسە تاوانكارانەدا بمێنێتەوە، بۆیە دەچێتە جەستەیەكی پاكترەوە.. جار بۆ جار ڕۆح ئەم كوێرەوەرییە دەچێژێت، كە جەستەی تاوانباران بەسەریدا دەهێنن..

بۆیە ئەگەر كەسێك بەتەواوی بەسەرخۆیدا زاڵ بێت، حەز و ئارەزووەكانی بپوكێنێتەوە، ئەوەندە بەگوناح پیس نابێت و بەپێچەوانەوە ڕۆحی شادمان دەبێت و ئۆخەی دەكات!

بۆیە بەئومێدە لەو جەستەپاكەوە بۆ جەستەی پاكتر هەڵكشێت تا دەگاتە ئاستە باڵاكانی ڕۆح.

بەپێی ئەم دین و دیدە ڕێی سەرفرازیی ئازادی و ڕاقیبوون ئەوەیە كە

ڕۆحی بەپاكی بهێڵێتەوە و نەهیلێت تێكەڵ بەچڵك و چەپەڵی دنیاویستی ببێت .. چونكە هەر كەسێك كەوتە دنیاویستی و تێكەڵ بەشەڕەپاڵی موڵكایەتی بوو، ئیتر دەكەوێتە ژێر تین و تەوژمی ڕازاوەیی دنیا و حەز و ئارەزووەكانی ڕایدەكێشنە ناویانەوە ئاوا دنیا بۆی دەبێتە فیتنە و مایەی لەدەستدانی پاكێتی ڕۆحی...

هەر ئەوەندەشە بكەوێتە تەنكایی دەریای دنیا ویستیەوە، ئیتر خۆڕاناگرێت و لەگەڵ شەپۆڵەكانیدا دەڕواتە ناوەندی قوڵاییی...

بۆیە دەڵێین: ئەو كەسەی دەیەوێت ڕۆحی بەپاكی و پاكتر بهێڵێتەوە، دەبێ خۆی چاك كۆنترۆڵ بكات و نەهێڵێت حەز و ئارەزوو سەری لێ بشێوێنن و ڕایكێشنە دنیاویستیەوە..

باشترین ڕێگاش بۆ ئەوە، گۆشەگیریی ئەشكەوتێكە.. خۆدوورخستنەوەیە لە شارو گوندی خەڵكی و چوونە دارستانێك و بەسەربردنی ژیانێكی سادە، بەڵام پاك لەگوناح... ئەوی واناكات دەبێ لەپاك بوونەوەی ڕۆح بێ ئومێد بێت، چونكە پاكێتی ڕۆح و قەرەباڵغی خەڵكی و هەوڵی دنیایی پێكەوە ناسازێن..

ئەوانەی لەشار و گوندەكاندا هەڵپەی دنیاویستیانە و نقومی حەز و ئارەزووەكانیانن تا دێت ڕۆحیان پیستر دەبێت و ڕێگای دەربازبوونیان لێ دەگیرێت و سەرەنجام دەچنە ڕیزی ئاژەڵ و ڕووەكەوە!.

ئایا دین و دیدێكی وا دەشێت ببێت بەپاڵنەرێكی مەدەنێتیی و شارستانێتیی و پێشكەوتن؟

ئەو نەتەوەیەی ئا ئەمە دین و دید و تێڕوانینی دەبێت، دەبێ چاوەڕوانی چ ئاوەدانی و ڕاقیبوونێكی كۆمەڵگە و دەوڵەتی لێبكرێت؟!

كاتێك دین و دیدی جێگۆڕكێی ڕۆح پێچەوانەی هزر و زانست دەوەستێتەوە حەتمەن دەشبێتە بەربەست لەڕێی پێشكەوتن و شارستانێتیدا،

چونكە نەك هزر و ژیریی ناخاتە گەڕ بەڵكو پەكی دەخات و دەیپووكێنێتەوە... مومكین نییە بیروهۆش زیت كاتەوە و ورە و وزەیان پێ بخاتە گەڕ، مومكین نییە لەهیچ لایەنێكەوە ببێتە مایەی كۆمەڵكاری و گەشەونەشونمای سیاسی و ئابووری و پێشبردی تەكنۆلۆژی..

لەم حاڵەتەشیدا كە هەروای لێدێت، دەبێتە تیۆرێكی فەلسەفی ناوناواخنی كتێبەكۆنەكان و هیچ كاریگەرییەكی لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتی تاكوكۆی كۆمەڵگە و دەوڵەت نامێنێت.

یەكێكی تر لەكێشەی ئەم دین و دیدە ئەوەیە: كە هیچ شتێك گوناحەكە ناسڕێتەوە! نەتۆبەكردن و نە داوای لێبووردن و نەكەفارەتدان و نەزۆركردنی خێروخێرات!

ئەم هەڵوێستە سەختە وا دەكات كەسەكەی، كە كەوتۆتە گوناحەوە ڕێی گەڕانەوەی نەمێنێت، بۆیە ئیتر قیروسیای لێدەكات و زیاتر بەگوناح و تاواندا ڕۆدەچێت، تا كۆتایی ژیانی هەر لەهەوڵ و ڕەنجی تێركردنی حەز و ئارەزووەكانیدا دەبێت و دەیەوێت چەندین بەرابەری تری موڵك و سامان هەبێت، چونكە ئەوەی لەمێشك دەچەسپێت ،كە ئیتر ناتوانێت ڕۆحی پاك بكاتەوە، ناتوانێت ڕۆحی دەرباز بكات و نەهێڵێت بچێتە ئاژەڵێك یان ڕووەكێكەوە، تا زیاتر لەمە بێ ئومێد ببێت، كە بەردەوام بێ ئومێد دەبێت، زیاتر لە (پاكیی) و (چاكیی) دوور دەكەوێتەوە و زیاتر نقومی (پیسیی) و (خراپیی) دەبێت!

بڕگەی سێیەم:
باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی لەڕوانگەی ئیسلامەوە:

خاڵی یەکەم: یەك پێناسە و باس بەدرێژایی مێژوو:

تا ئێرە تۆ دید و تێڕوانینی دوو دینی بەشەریت بینی دەربارەی مردن و کۆتایی دنیا، کە هەستت پێکرد[1] هەردووکیان لەلایەنی هزر و زانستیەوە لاوازن و نەژیریی نەزانستی سەردەم ڕاست و دروستی و ڕەواییان ناسەلمێنێت، چونکە هیچ وەڵامێکی شیاو و ڕاستیان پێ نییە، بۆ پرسیارە سروشتیییەکانی مرۆڤ دەربارەی ژیان و مردن و کۆتایی، یان بەردەوامێتی وجود..

هەروەها دەربارەی بوونی مرۆڤایەتیی و جیهان، کە هزر و زانست دەڵێن: ڕۆژێك دێت نەجیهان و مرۆڤایەتیی و نەژیان و گەردوون دەمێنێنن.. ئەمە جگە لەوەی ئەم دوو دینە، ناشێن ببنە سەرچاوەی ئاڕاستەی ڕەفتارو ڕەوشتی تاك وکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی سەردەم.

ئێستا با دیدوتێڕوانینی دینێکی ترت پێ بناسێنین:

ئەم دینە (کە ئیسلامە) دەفەرموێ:

١ - هەروەکو، کە هەموو شتێکی بەرچاوی دنیایی ئاکامێکی هەیە، تەمەنێکی هەیە، دەبیاتە سەر و حەتمەن لەساتە وەختێکدا کۆتایی پێدێت.. دەشبینرێت کە کۆتاییەکەی نەمانی خۆی و ئاسەوارەکانی جەستەیەتی... ئەمە وەکو تاك تاکی مرۆڤ و زیندەوەر و بێ گیانەکان...

---

(١) مەبەستی دیدی هەربوویی (ئەزەلی و ئەبەدی) ژیان و گەردوون و دیدی جێگۆڕکێی ڕۆحە.

بەهەمان شـێوە سـاتەوەختێكیش هەیە، كە گەردوون و ژیـان و مرۆڤـایەتیی تێـدا كۆتـایی دێـت، حەتمەن ئەمـانیش لە دوای كۆتـایی پێهاتنییـان خۆیـان و ئاسەواریان نامێنن، ژیان و سیستمێكی تری (وجود) دێـتە پێشـی، كە لەهەمـوو لایەنێكییەوە لەسیفەت و سیمای سیستمی سروشتیی ژیانی دنیـا و گەردوونـی ئێستا جیاواز دەبێت.

٢ -خوای گەورە دوای ئەوەی كە هەموو سیستمی گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەگۆڕێت و سیستمی نوێی وجودیان دێنێتەكایەوە، دادگـایەك دادەمەزرێنێـت و لەتـاك تـاكی مـرۆڤ دەپرسـێتەوە و وردەكـارانە موحاسـەبەیان دەكـات، دواتـر هەریەكەیان بەپێی ئەو حوكمەی دەدرێت (كە ئەمیش بەگـوێرەی زۆر و جـۆری ڕەفتاری چاك و خراپی ژیانی دنیای مرۆڤەكان دەبێت)، ژیانێكی نوێی جەستە و دەروون و ڕۆح دەست پێدەكاتەوە..

لەو دادگاییكردنەدا هەموو نییەت و گوفتار و كردارێك وردەكارانە دەهێنرێتە پێشی و دەكێشرێن، خێـر و شـەڕ جـوێ دەكـرێنەوە و، ئەو كەسـەی چاكەكـانی زۆرتربێت پاداشتی لەسـەر وەردەگرێـت و ئەو كەسـەی خراپەكـانی زۆرتربێـت سزایان لەسەر وەردەگرێت... (تكاكردن و لێخۆشبوونی تایبەتیش هەیە).

٣ -ژیانی دنیای مرۆڤ پێشـەكی و كـێڵگەی ژیـانی ڕۆژی دواییەتـی، بـۆیە ژیانی دنیا كاتییە و كورت و كەمە و ژیانی دوایی هەمیشەیی و تەواو و زۆرە، ئەنجامی هەموو كار و كردەوەكانی دنیایی مرۆڤ هەرلێرە لەدنیادا دەرناكەوێت، بەڵكو هەر هەمـووی لەڕۆژی دوایـدا دەردەكەوێـت، چـونكە هەمـوو بـزاوت و سرەوتێك دەهێنرێتەوە پێشێ و حوكمیان لەسەر دەردەچێت.

بۆیە لەژیانی دنیادا ناشێت مرۆڤ چاوەڕاونی ئەنجامەكـان بكـات، چـونكە دەشێت ئەنجامەكان لەدنیادا تەواو نەبن، نوقسان بن، فێڵكاریی تێدا بوبێـت... ئەوەی لەژیانی دنیایدا گرنگە ئەوەیە كە ڕەفتارەكانی بەپێی بنەمـا و ڕێسـاكانی چاكەخوازی بێت، تا لە قیامەتدا سەرفرازبێت.

ئەو دیــــنەی كە ئەمە دیـــد و تێڕوانینێتـــی، ئەو دیـــنە مێـــژووییەیە، كە پێغەمبەران -علیهم السلام- لەخوای گەورەوە بـۆ گەل و نەتەوەكـانی خۆیانیـان هێناوە، قورئانی پیرۆز كۆی هەموو دیدوڕاوبۆچوونەكانی پێغەمبەرانـی لەڕێـی وەحی خواییەوە لەخۆگرتووە...

قورئـانی پیـرۆز بەڵـگەی زۆری وەحـی و نیشـانەی گەردوونـی و ژیـانی هێناوەتەوە لەسەر ڕاست و دروستی و ڕەوایـی و تێڕوانینـی خـۆی، باشـتر وایە هەندێك لەم بەڵگانە ببینین، پێش ئەوەی بچینە سەر باسی كـاریگەری ئەم دیـنە لەسەر پارسـەنگی تـاكوكۆی كـۆمەڵگە و دەوڵەت و پێكهێنـانی شارسـتانێتی ڕاقی سەربەخۆی خۆی... كە چۆن ئەم دینە بەو ڕوانگە عەقائیدییەی خـۆی تـاك تـاكی شـوێنكەوتوانی خـۆی پارسـەنگانە پەروەردەكـرد و كۆمەڵكـارانە وزەی بەگەڕخستن لەبزاوتێكی گۆڕانكاری ریشەیدا كە كۆمەڵگەی جاهیلی گۆڕی و دەوڵەت و شارستانێتی خۆی لەسەر دامەزراند.

خاڵی دووەم: شێوازی قورئان لەپێناسە و باسی ڕۆژی دواییدا:

ئەو كاتەی كە قورئانی پیرۆز داوای لەخەڵكی سەردەمی وەحیـی كـرد، كە باوەڕ بەڕۆژی دوایی بهێنن، بەهانە و هەنجەتی ئەو خەڵكە، هەر وەكو بەهـانە و هەنجەتی ئەم خەڵكەی ئێستابوو، ڕاستتر بڵێین: ئەمانەی لەم سەردەمەدا نكوڵی لەهەبوونی قیامەت دەكەن هەروەكو ئەو كافرانەن كە پـێش هەزار و چوارسـەد ساڵ نكوڵییان لەهەبوونی قیامەت دەكرد..

خەڵكی هەموو كات و شـوێنك لەهەمـوو سـەردەمەكاندا هەر ئەو بەهانەیـان هەبووە و بەس كە دەڵـێن: ژیریـی و هەسـت بـاوەڕ بەوەنـاكەن، كە دوای مـردن ژیانێكی تر هەبێت؟

دەڵێن: چۆن باوەڕمان وابێت ،كە ئەوانەی پـێش ئـێمە مـردوون و جەسـتەیان بۆتە خاك و خۆڵ و ئێسك و پروسكی پرواو و بەناو خـاك و ئـاو و هەوادا وەكـو

تـۆز و گەرد بڵاوبـوونەتەوە ... ئەمـانە چـۆن یەكـدەخرێنەوە چ جـای زینـدوو بوونەوەیان؟! :

﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭۚ ١٠﴾ السجدة: ١٠.

واتە: وتیان: چما ئەگەر مردین و جەستەمان بەخاك وخۆڵی زەمیندا بڵاوبۆوە و بزربوو، چما جارێكی تر خەلق دەكرێینەوە؟!

﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ٤٩﴾ الإسراء: ٤٩ .

واتە: وتیان: چما ئەگەر بووین بەخاك و خۆڵ و ئێسقانمان پوا، چما سەرلەنوێ خەلق دەبینەوە؟!

﴿أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗاۖ ذَٰلِكَ رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ٣﴾ ق: ٣ .

واتە: چما ئەگەر مردین و بووین بەخاك و خۆڵ زیندوو دەكـرێینەوە؟ نـا، ئەوە شتێكی زۆر دوورە... ئەستەمە.

﴿مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ ٧٨﴾ يس: ٧٨ .

واتە: ئەوە كێیە كە ئێسقانی پواو و پوراو زیندوو دەكاتەوە؟!

١ -قورئان و سەرنج و دیدی مەلەكوتیی:

قورئانی پیرۆز هەر لەسەرتاوە داوای لەخەڵكـی كـرد، كە بـۆ تێگەیشـتنی بەڵگەكانی زیندووبوونەوە، با سەرنجی دیمەن و دیاردەكانی گەردوون بدەن، بـا لەئایەتەكانی ئاسۆ و خۆ (آفـاق و أنفـس) وردببیـنەوە و، بەدیـدێكی مەلەكـوتی (گەڕان لەدوای حیكمەتی خەلقبـوونی دیـتراوەكە) بـڕواننە دانـایی و زانـایی و توانایی خوای گەورە، تا حەقیان بۆ روون ببێتەوە: ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ ٥٣﴾ فصلت: ٥٣ .

واتە: بەڵگە و نیشانەكانمانیان لەئاسۆی گەردوون و لەخۆیاندا نیشانده دەین

تا بۆیان دەركەوێت كە خوای تاك و پاك حەقە، كە پێغەمبەرێتی حەقە، كە ڕۆژی دوایی حەقە.

﴿أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ١٨٥﴾ الأعراف: ١٨٥ .

واتە: ئەوە بۆچی بەدیدێكی سەرنجەوە تەماشای ئاسمانەكان و زەوی ناكەن كە موڵكی خوای گەورەن، تا بۆیان دەركەوێت كە چۆن و بۆچی وا خەلق بوون.

﴿وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ١٠٥﴾ یوسف: ١٠٥.

واتە: ئەریّ دەبینیت چەندەها بەڵگە و نیشانەی گەورەیی و مەزنی و خوایەتی خوای گەورە لە ئاسمانەكان و زەویدا دەبینن، كەچی هەروا بەلایاندا تێدەپەڕن، بێئەوەی سەرنجی لێبدەن، بێ ئەوەی لا بكەن بەلایانەوە، بەڵكو لالوتانە پشتی تێدەكەن!.

ئەوەی ئەم ئایەتانە و هاوشێوەكانیان جەختی لێدەكەنەوە ئەوەیە كە ئێوە، هۆ خەڵكینە بۆچی وردەكارانە سەرنج لەم هەموو دیاردانەی ژیان و گەردوون نادەن كە بەدەورەتانەوەیە و ڕۆژانە دەیبینین...

ئەگەر ژیرانە سەرنجیان بدەن، زوو دەگەنە ئەوەی كە ئەوانەی ئێوە دەیانبینن بەشێكی هەرە گچكەی دیاردەكانە، ڕادە و بڕێكی ئێجگار كەمە، چونكە هەستەوەرەكانی ئێوە و هزر و تێڕوانین و بەدواداچوونتان ئەوەندە بەرفراوان نییە تا پەی بە (وجود)ببات..

ئەگەر وردەكارانە سەرنجتاندا دەگەنە ئەو قەناعەتە كە ئەوەی ئێوە دركی پێناكەن هەر زۆر زۆرە كە ناشێت لەخۆتانەوە نەفی هەبوونیان بكەن.. ئێوە ئاوا دەگەنە ئەو قەناعەتە كە مەرج نییە هەموو (وجود)تان بۆ هاتبێتە ژێرباری ئەزموون و بازنەی زانیاریتانەوە..

بەڵام تا زیاتر لێبكۆڵنەوە زوتر توانا و دانایی و زانایی خوای گەورەتان بۆ

دەردەكەوێت، كە خوای كردگار زیندووە و چاودێر و ئاڕاستەوانی سات بەساتی ئەم گەردوون و ژیانەیە.. ئێوە بڕوانن و بیربكەنەوە لەگەورەیی و دەسەڵات و هێزی خوای گەورە.. بڕواننە گەردوون و ژیان ..

بڕواننە پێكهاتەی جەستە و دەروون و ڕۆحی خۆتان، سەرنج بدەنە ئەوانەی ئاماژەتان بۆ دەكەین و دەڵێین: وردەكارانە بڕوانن بۆی.. ئاوا حەقتان بۆ دەردەكەوێت، ئاوا دەزانن، كە خوای گەورە حەقە، وەحیی حەقە، محمد (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاستە پێغەمبەری خوایە و حەقە، ئەوانەی دەربارەی ڕۆژی دوایی باسیان دەفەرموێ، ڕاست و دروست و حەقە.. ئاوا بۆتان ڕوون دەبێتە، كە قورئان حەقە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕاستگۆیە.

٢ -زیندووبوونەوە مەحاڵ نییە:

قورئانی پیرۆز داوا لە خەڵكی دەكات كە بیر لەكردارێك بكەنەوە، كە لەخەلقكردنی ئاسمانەكان و زەویش ئاسانترە، پێیان دەفەرموێ: ئا ئەمەی ئێوە بەئەستەمی دەزانن، كە زیندوو كردنەوەتانە، ناشێت دوورتربێت لەهەست و هۆشتاندا وەك لەخەلقكردنی یەكەمینجاری مرۆڤ و ڕۆح بەبەرداكردنی...

ئەمەی بەهەستەوەرەكانتان هەستی پێدەكەن لەحەقیقەتدا زۆر وردەكارتر و گرنگتر و ئاڵۆزترە وەك لەزیندووبوونەوەی ئێوە، بەڵام ئێوە دركی پێناكەن.. ئێوە پەی بەوردەكاری خەلقبوونی ئەم گەردوون و ژیانە ناكەن:

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ٢﴾ الرعد: ٢ .

واتە: ئەوە خوای پەروەردگارە، كە ئاسمانەكانی لەسەرتانەوە ڕاگرتووە، بێئەوەی كۆڵەكە و پایەی دیار لەئێوەوەی خستبێتە ژێر، پاشان چووە سەرعەرشی خۆی.. خوای گەورەیە كە خۆر و مانگی بۆ دەستەبەركردوون و لەخزمەتتاندان، هەر یەكەیان تا كاتی دیاریكراوی خۆیان لەكاردا دەبن، خوای گەورەیە ،كە ئاڕاستەوانی وجودە و فەرمانی خۆی بۆ هەموو مەخلوقێك دەردەكات، هەر ئەویشە كە ئایەتەكانی خۆیتان بە دوور و درێژی بۆ ڕوون دەكاتەوە و (ئەحكامی قورئان) و دیاردەكانی گەردوون و ژیانتان نیشان دەدات، تا یەقینتان بەدیداری خوای گەورە بۆ دروست ببێت و دڵنیابن، كە ڕۆژی دوایی هەیە و هەردەیگەنێ.

﴿ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا ٢٧﴾ النازعات: ٢٧ .

واتە: چما خەلقكردنی ئێوە سەختترە، یان ئەو ئاسمانەی كە خەلقی كردووە و پارسەنگ ڕایگرتووە.

ئەم ئایەتانە و هاوشێوەكانیان سەرنج بۆ خەلقكردنی ئاسمانەكان ڕادەكێشن، بەو هەمــوو ئەســتێرانەی تێیــدایە، بەو هەمــوو ڕێــك وپێكــی پەیوەنــدی و تونـــــدوتۆڵیی و مەحكەمێتیـــــیەی وا لەنێـــــوان هەر خـــــۆر و كەوكەب و ئەستێرەیەكدا.. یان هەر كۆمەڵێك و كۆمەڵێكی تر..

سەرنجدان لەئاسمانەكان و ئەوانەی تێیاندان و پەیوەندی نێوان پێكهاتەكـان و ئەوسیستمە وردەكـارییەی لەسـەری دروسـت بـوون و ڕۆژانە بەپێـی ڕێسـا گەردوونیەكان دەڕۆن..

ئەم سیستمە گرنگترین و گەورەترین و قایمترین سیستمی وجودە، ئەو خـوا دەسـەڵاتدارە بەتوانـا و زانـایەی ئەم ئاسـمانەی خەلـق كـردووە و سیسـتمی بـۆ دارشـتوون و هەمـوو ئـان و سـاتێك ئاگـای لە بزاوتـی هەموویـانە.. كە لەهـیچ چركەیەكدا هیچ یەكێكیان خەلەلێكی تێناكەوێت، كە سـەدیەكی چاوتروكاتێـك خوای گەورە لەهیچیان غافڵ نابێت..

ئا ئەم خـوا گەورە و بەدەسـەڵاتەی ئەم هەمـوو پێكهـاتەی ئاسـمانی پـێكەوە بەستۆتەوە و لەسەروتانەوە ڕایگرتوون، بـێ ئەوەی پـایەیەكی لەژێـردا بێـت[(١)]، بێئەوەی مەترسیتان هەبێت كە ئەستێرەیەكتان بەسەردا دەڕوخێت!

دەی ئـا ئەم خـوایەی كە ئەم هەمـوو (مەخلـوق)انەی بەوشـێوە وردەكـارییە مەحكەمە خەلق كردووە و سیستمی بۆداناون و ئاگای لێیـانە، ناتوانێـت مـردوو زیندوو بكاتەوە؟! كەی ئەمە مەعقولە؟!

---

(١) زانسـتی فیزیـك و گەردووناسـیی سـەردەم دەڵـێ: ئەگەر ئەگەری ئەوە دابنرێـت، كە كۆڵەكە لەژێر مانگدا دابنرێت لەجیاتی هێزی ڕاكێشانی نێوان مانگ و زەمین، دەبـێ هەر (٣) مەتر و كۆڵەكەیەك دابنرێ، تا نەكەوێتە خوارێ.

﴿۞أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يَخۡلُقَ مِثۡلَهُمۡ وَجَعَلَ لَهُمۡ أَجَلٗا لَّا رَيۡبَ فِيهِ فَأَبَى ٱلظَّٰلِمُونَ إِلَّا كُفُورٗا ٩٩﴾ الإسراء: ٩٩ .

واتە: مەگەر سەرنجی ئەوە نادەن، كە ئەو خوایەی ئەم ئاسمانانە و زەمینی خەلق كردووە توانای نییە وەكو ئێوە خەلق بكاتەوە؟!

خوای گەورە داوامان لێدەكات لەقوڵایی ئاسمانەكان بكۆڵینەوە.. تا توانایی و زانایی ئەومان بۆدەربكەوێت، بەڵام سەرنجیش بۆ نزیكتر ڕادەكێشێت، بۆ زەوی، بۆ مەخلوقاتی بەرچاو.. بۆ خودی مرۆڤ:

﴿قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٠﴾ العنكبوت: ٢٠ .

واتە: بفەرموو: بەسەرزەمیندا بڵاوببنەوە، بڕۆن و سەرنج بدەن و لێبكۆڵنەوە، بزانن لەسەرەتادا مەخلوقات چۆن دروستبوو؟ تا بۆتان دەربكەوێت، كە خوای تاك و پاك ئەم هەموو مەخلوقانەی لەنەبووەوە ئیجاد كردووە... بڕواننە خەڵكی پێش خۆتان، خوای گەورە، كە یەكەمینجار خەلقی كردوون، دواتریش زیندوتان دەكاتەوە.. خوای گەورە بەسەرهەموو شتێكدا بەتوانایە.

﴿وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ ٣٣﴾ يس: ٣٣ .

واتە: یەكێكی تر لەونیشانانەی لەبەرچاوی مرۆڤە، كە جێ سەرنجە، ئەو زەوییەیە، كە دیتتان مردبوو، بەڵام بەباران زیندووی كردەوە (لەهەموو شوێنێك وەك دیاردەی مردن و ژیاننەوە لەبەر چاوانە)، ئینجا ئەو هەموو بەروبوومەی لێكەوتەوە (سامانی ئاژەڵیش سەرچاوەكەی سامانی ڕووەكە)، كە شەوو ڕۆژ لێیدەخۆن.

﴿فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٥٠﴾ الروم: ٥٠ .

واتە: بڕوانە ئاسەواری رەحمەت و بەزەیی خوای گەورە كە بەهەموو شتێكەوە دیارە، بڕوانە باران، چۆن ئاوا خوای گەورە زەوی دوای مردنی زیندوو دەكاتەوە پێی، چۆن دەیكاتەوە خاكی بەپیت و بەبەرهەمی جۆرەها خۆراكی مرۆڤ و ئاژەڵ..

ئاخر ئەو خوا گەورەیەی كە ئاوا زەویی زیندووكردەوە، دەشتوانێت و دەیەوێت مردوو زیندوو بكاتەوە و لەڕۆژی دواییشدا موحاسەبەیان بكات لەسەر دید و ڕەفتاریان، خوای گەورە بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایە.

﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلۡأَرۡضَ خَٰشِعَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡۚ إِنَّ ٱلَّذِيٓ أَحۡيَاهَا لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰٓۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ٣٩﴾ فصلت: ٣٩ .

واتە: لەبەڵگە و نیشانەكانی تری دەسەڵات و زانایی خوای گەورە ئەو زەویە وشك و برینگەیە، كە بارانی بەسەردا دەبارێت دەلەرزێت و دەجمێت، ئینجا فشەڵ دەبێت و دەبێتە مایەی ڕواندنی ڕووەك... ئەوی زیندووی كردەوە، هەر ئەو خوایەیە، كە زیندووكەرەوەی مردوشە.. خوای گەورە بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایە.

﴿وَٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَسُقۡنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَحۡيَيۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ٩﴾ فاطر: ٩ .

واتە: خوای گەورە ئەوەیە: كە فەرماندەدات و باهەڵدەكات، با هەور ڕادەدات و دەیباتە سەر ئەو شوێنەی، كە ویستی خوا وایە ئاودێری بكرێن.. ئاوا ناوچەیەكی مردووی پێ پاراو دەكەین و زەوییە مردووەكەی پێ زیندوو دەكەینەوە، دوای ئەوەی وشك و بێروون بوو هیچی لێنەدەڕوا، دەیكەینە خاكی چاندن و بەرهەمهێنانی جۆرەها خۆراك ... زیندووكردنەوەش لەڕۆژی دواییدا هەر ئاوایە.

لەئاسمانەكانەوە بۆ زەمین، بۆ چیا، بۆ ڕووەك، بۆ هەواو با بۆ ئاو.. بۆ نزیكتر لەهەموان، بۆ خودی مرۆڤ.

﴿ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ۝١٣ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ۝١٤ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ۝١٥ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ ۝١٦﴾ المؤمنون: ١٣ – ١٦ .

واتە: ئێمە مرۆڤمان لەخولاسەی قوڕ خەلقكرد (كە سەیدنا ئادەمە - علیە السلام) دواتر وەچەیمان كردە تنۆكێك ئاو و لەڕەحمی ئافرەتەكەدا جێگیرمان كرد، پاشان كردمانە زەرروویەكی هەڵواسراو، پاشان زەرووە هەڵواسراوەكەمان گەورە كرد و، وەكو پارویەكی جووراومان لێكرد، دوای ئەوە ئێسقانمان تێدا خەلقكرد و ئێسقانەكەمان بەگۆشت داپۆشی، پاشان جۆرێكی تری خەلقمان بەسەردا هێنا... پاكیی و پیرۆزیی بۆ خوای بەرز و بالا ،كە هەموو شتێكی تەقدیر كردووە، ڕاست و ڕەواتر لەهەموان.. پاشان ئێوە دەمرن و ئینجا لەڕۆژی دوایدا زیندوو دەكرێنەوە.

﴿قَالَ مَن يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ ۝٧٨ قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ۝٧٩﴾ یس: ٧٨ – ٧٩ .

واتە: (عاصی كوڕی وائیل) وتی:ئاخر كێ ئا ئەم ئێسقانە زیندوو دەكاتەوە، كە دەبێتە خاك و خۆڵ؟! بفەرموو ئەوەی یەكەمینجار خەلقی كردووە زیندووی دەكاتەوە.

﴿۞ قُلْ كُونُوا حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا ۝٥٠ أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ ۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا ۖ قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۚ ۝٥١﴾ الإسراء: ٥٠ – ٥١ .

واتە: پێیان بفەرموو: ببن بەدار و بەرد و ئاسن، یان هەر شتێكی تر، كە لەدیدو هزری خۆتاندا زۆر گەورە و گرنگ و سەختە، دەڵێن : كێ سەرلەنوێ خەلقمان دەكاتەوە؟!

پێیان بفەرموو: ئەوی یەكەمجار خەلقی كردوون.

﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ ﴾ القيامة: ٣٧ ٤٠ .

واتە: مەگەر ئەو تنۆكێك ئاو نەبوو هەڵدرایە پزدان (رەحم)ەوە! پاشان لەتۆوەكەوە پارچە گۆشتێكی زەروو ئاسا پێكهات و، پاشان ئەم مرۆڤە كاملەی لێ خەلقكرا، كە نێرومێی لێ كەوتۆتەوە... مەگەر ئەو خوا بەتوانا و كارزانەی مرۆڤی ئاواخەلقكردووە، توانای ئەوەی نییە مردوو زیندوو بكاتەوە؟!

﴿ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ﴿٥﴾ ﴾ الحج: ٥ .

واتە: ئەگەر گومانتان لەزیندووكردنەوە هەیە، ئەوەتان لەیادبێت، كە ئێمە ئێوەمان لەخاك خەلقكردووە (كە دەشبنەوە بەخاك خەلقكردنەوەتان ئاسانە).

﴿ كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ۖ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ البقرة: ٢٨ .

واتە: چۆن وێڵ دەبن و باوەڕ بە خودا و بە پێغەمبەر ناهێنن .. تەماشای كار و بڕیاری خودا بكەن، كە چۆن ئێوەی لە نەبوون و مردنەوە خوڵقاند و لە ڕەحمی دایكتاندا ژیانی پێ بەخشین، ئینجا دوای هاتنە دنیا و گوزەراندنی ئەو ژیانەی كە دیاریكراوە بۆتان، جارێكی تر دەتانمرێنێت، ئینجا لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوتان دەكاتەوە، دوایش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

﴿ هَلْ أَتَىٰ عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا ﴿١﴾ ﴾ الإنسان: ١ ز

واتە: مرۆڤ بیری لەوە كردۆتەوە، كە سەردەمانێك بوو ئەو خەلق نەكرابوو؟! هەر هیچ نەبوو.. شتێك نەبوو باس بكرێت.

قورئانی پیرۆز دوای ئەوەی لەسەدان ئایەتی قورئاندا ئاوا بانگهێشتمان دەكات بۆ سەرنجدان و وردبوونەوە و قاڵ و قووڵبوونەوە لەنیشانەكانی

گەردوون و ژیان و مرۆڤ، كە هەریەكەیان بەڵـگەی خـوایەتی خـوای گەورە و تاك و تەنهایە و بێ وێنەیی ئەون، دوای ئەوەی سەرنجمان بـۆ هەسـتپێكراوەكان ڕادەكێشێت، كە هەستیان پێدەكەین و لەبەرچاومان دێن و دەچـن.. بەڵگەیەكـی بنبڕانەمان دەخاتە بەر چاو، كە پەیوەنـدیەكی زۆر بەهێـزی بەهـزر و ژیـریمانەوە هەیە.

دەفەرمـوێ: خەلـق كردنـی زینـدوان لەسـەرەتاوە، كە لەنەبـووەوە بـووە، ئیجادكردنیان لەهیچەوە قورسترە لەزیندووكردنەوەیان .. چونكە یەكەمـین جـار هـیچ وجودێكیـان نەبـووە، هەمـوو بەشـێكی وردەكـارانە خەلـق كـراوە، ئەمـا زیندووكردنەوەیان، لەڕاستیدا كۆكردنەوەیە و بەس..

ئەوەش بۆ خوای گەورە كە كردگار و بەتوانا و زانایە قورستر نیـیە لەخەلـق كـردنەكەی یەكەمینجاریـان (بێگومـان خەلقكـردن و زینـدووكردنەوە و غەیـری ئەمانەش بۆ خوای گەورە قـورس و سـوكی تێـدا نیـیە، ئەوە بـۆ ئـێمەی شـەرح دەكات).

خوای گەورە هۆشی دوێنەران بـۆ ئەوە ڕادەكێشـێت، كە ئەگەر خەلقكردنـی یەكەمتـان قـورس و سـەخت نەبووبێـت، حەتمەن زیندووكردنەوەشـتان سـەخت نابێـت.. نمـوونەی ئەوە وەكـو ئەوەیە: كە كەسـێك زانـین و تـوانینی هەبێـت سەیارەیەك دروستبكات، دروستیشی دەكات، ئایا مەعقـوولە بڵێـین: ئەگەر ئەم سەیارەیە لەبەریەك هەڵوەشا، ئەم دروستكارە ناتوانێت، یان نازانێـت سـەیارەكە دروستبكاتەوە ؟![1]

كەوابوو: دەبێت ئیعتیراف بەوە بـكەن، كە خـوای زانـا و دانـای كردگـاری

(١) بێگومان سەیارەكە (صنع)ە نەك (خلق)، چونكە هەمـوو كەرەسـتەكانی لە (وجـود) دان و لەنەبووەوە نەهێنراون.

گەردوون، کە ئاسمانەکان و زەوی و مرۆڤ و دەوروبەری لەنەبووەوە خەلق کردووە و دەتانمرێنێت، دەشتوانێت زیندوتان بکاتەوە، گەلۆڕی و گەوجێتییە ئەگەر بڵێن ناتوانێت سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ۝١٩﴾ العنكبوت: ١٩.

واتە: مەگەر ناڕواننە ئەوە، کە چۆن خوای گەورە لەسەرەتاوە مرۆڤی خەلق کرد یان چۆن لەسەرەتاوە خۆتانی خەلقکردووە؟ ئێ پاشانیش زیندوتان دەکاتەوەو وەکو خۆتانتان لێدەکاتەوە.. ئەوەش بۆ خوای گەورە ئاسانە.

﴿وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۝٢٧﴾ الروم: ٢٧ .

واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە لەسەرەتادا مرۆڤی خەلق کرد ، یان ئێستا کە لەسەرەتاوە خەلقتان دەکات و پاشان زیندوویان دەکاتەوە، ئەوەشی لا ئاسانترە.

﴿أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ۝١٥﴾ ق: ١٥.

واتە: چما لەخەلقکردنی یەکەمینجاردا ماندوو بووین؟!

بێگومان بەزیندووکردنەوەشیاندا ماندوو نابین... بەڵام ئەمانە خۆیان لەگوماندا خول دەخۆن و لایان ئەستەمە سەرلەنوێ خەلق بکرێنەوە.

٣- ڕۆح بەبەرداکردنەوە ئاسانە:

گومانێکی تر کە ڕووەوڕووی دیندارانی ئیسلام دەورووژێنرێت ئەوەیە: کە دەڵێن، کاتێك جەستەی مردووەکان دەبێتە خاك و خۆڵ، یان جەستەی فەوتاوە، لەئاودا نقووم بووە و، هەر کوتێکی گۆشت و ئێسقانی کەوتۆتە سکی ماسییەکەوە یان سکی گیاندارانی تری ئاوی، ئەمە چۆن کۆ دەکرێتەوە.. یان ئەو کەسەی سوتاوە و کڵوکۆی دامردووە، یان دوای مردنی سوتێنراوە و هەموو

لەشـی بـۆتە دوكەڵ و خـۆڵەمێش و بڵاوبـۆتەوە، یـان هەیە لەخـاكێكی لمینـی بیاباندا دفن كراوە، بووە بەخاك و خۆڵ و دەیانجـار هەوا گـۆڕی هەڵـداوەتەوە و بۆز و خۆڵەكەی بەملاولادا بردووە.. ئا ئەمـانە چـۆن كـۆدەكرێنەوە و ڕۆحەكەی یەكەمجاریان بەبەردادەكرێتەوە؟!

هەندێك كەس لەشوێنكەوتووی دین و دیدەكانی تـر بـۆ ڕەوانـدنەوەی ئەم گومانە دەیانوت: مەرج نییە بۆ ئەوەی كە جـارێكیتر ڕۆحـی مـردووەكە بێـتەوە ژیانێكی تر هەبێت، بەڵكو هەر لەم دنیایەدا و دەشێت بێتە ناوجەستەیەكی تـری كەسێكی ترەوە، نەك بێتەوە ناو جەسـتەی یەكەمەوە كە بـووە بەخـاك و خـۆڵ و نەماوە!

بێگومـان ئەوە هەر دیـوێكی تـری جێگـۆڕكێی ڕۆحە و هەر بـاتڵە.. قورئـان جەخـت لەوە دەكـاتەوە، كە ڕۆح و جەسـتەی هەمـان كەسـەكە لەڕۆژی دوایـدا بەزیندوویی دەهێنرێنەوە پێشەوە.. چـونكە خـوای گەورە دەتوانێـت و دەزانێـت هەمان جەستە لەتـۆز و گەردی گەردوونـدا كـۆ بكـاتەوە و ڕۆحەكەی بكـاتەوە بەبەردا..

خۆ جەستەكە، كە ماددەیە نەفەوتاوە، هەروا لەگەردووندا.. بشفەوتایە خـوای گەورە سـەرلەنوێ خەلقـی دەكـردەوە، بەڵام مەزنێتـی خـوای گەورە، تـوانین و زانینی لەوەدایە كە دەزانێت سێڵ و گەرد و گەردیلەی هەر جەستەیەك لەكـوێیە و چی لێ بەسەرهاتووە! دەشتوانێت كۆی بكاتەوە..

خـۆ خـوای گەورە ئەو سـێڵ و گەرد وگەردیـلانەی لـێ بزرنابێـت، دەزانێـت لەئاسماندان یان لەزەویدا، لەدەریـادان یـان لەجەسـتەی تـری مـرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕووەكـدا یـان وان لەبێگیانەكانـدا.. گەورەیـی خـوای گەورە لەمەدایە بـۆیە دەفەرموێ: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ ﴿٤﴾﴾ ق: ٤ .

واتە: بەتەئكید زانیومانە، كە زەمین چۆن لەجەستەیانی كەم كردۆتەوە و چی

لێکردوون، ئێمە تیانووسێکمان لایە کەهەموو شتێکی تێدا پارێزراوە ..[١]

﴿۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾﴾ الأنعام: ٥٩ .

واتە: خوای گەورە کلیلی زانینی نادیاری لایەو هەموو ئەو ڕێگاو هۆکارانە دەزانێت کە بەرەو نادیارەکان (لەئێوەی مرۆڤ و فریشتە و جنۆکەوە) دەگەێنێت کە غەیری خوای گەورە درکی پێناکەن و نایزانن، خوای گەورە پەی بەهەموو شتێکی وشکانی و دەریا دەبات، شتێکی لا نادیار نییە، گەڵایەك لەدرەختێك ناکەوێتە خوارەوە ئیللا دەیزانێت، دانی دانەوێڵەیەك لەتاریکی چینەکانی زەویدا بێت و لەشوێنی شێدار یان وشکانی ئاگای لێیەتی... هەمووی لەتیانوسێکی دیار و دیارخەردا تۆمارن.

مەبەست لەم دوو ئایەتە و هاوشێوەکانی لابردنی ئەو بەدوور زانینەی ڕۆژی دواییە لەدید و بیری خەڵکیدا، قورئانی پیرۆز دەیەوێت بەوکەسانە بسەلمێنێت کە هۆی سەرەکی نکو ڵی کردنتان لەهەبوونی قیامەت و زیندووبوونەوە ئەوە نییە کە بەڵگەتان بەدەستەوەیە و زانیاری بنبڕانەتان لایە کە نییە، نەئەزموونی بەردەست و نەدیتن و نەهۆکارێکی تر کە زانینی یەقینی بگەیێنێت و خەڵکی دڵنیاکات کە ڕۆژی دوایی نییە و نایەت، بەڵگەیەگتان

---

(١) بڕوانە سەرەتای ئایەتەکە بە (قَدْ) دەست پێدەکات و بەدوایدا کرداری ڕابردوو (عَلِمْنَا)، واتە بەتەئکید، بێگومان دەزانین.. جگەلەوەی لە کۆتاییدا دەفەرموێ: (ﷻ ئر) ئەم تەئکید کردنە لە زانین لێرەدا بۆ ئەوەیە :کە گومانیان ببڕێت، کە خوای گەورە نەك هەر دەتوانێت کۆبکاتەوە، دەشزانێت سێڵ و گەردی جەستەکان کەوتوونەتە کوێ.. تەئکیدی خەلق و عیلم لەئایەتی تریشدا دەبینیت، وەکو: قَالَ تَعَالَى: ﴿وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾﴾ یس: ٧٨ - ٧٩،سەرنجدەرە ئەم تەئکیدە لەزانینەکە چەند لەجێی خۆیدایەتی..

بەدەستەوە نییە، هەیە و نییە هەر هزر و ژیری خۆتانە، كە كورتبینانە دەڕوانن و تەسەوری زیندووبوونەوەكە ناكەن، چونكە بەچاونەتاندیووە، دەتانەوێت وەكو بەچاو مردن دەبینن زیندوو بوونەوەش ببینن، ئەوەش لەبڕیاری خوای كردگاردا نەبووە و نییە..

بۆیە كاتێك پێیان دەوترێت: ئەوانەی مردوون وئەوانەش كە دەمرن، هەموو لەڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەكرێنەوە، ئەمان بەدووری دەزانن و دەڵێن: لەگەڵ ژیریی و هەست و قیاسدا ناگونجێت، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە،كە پێچەوانەی دیدو داب و نەریتی خۆیانە.. پێیان دەڵێین: یەك كەمێك زیاتر سەرنجبدەن و زیاتر لەتێفكریندا قاڵ و قووڵ ببنەوە، ئەوجا دەبینن، كە ئەو تەسەور نەكردن و باوەڕ نەبوونە بەزیندووبوونەوە لەجێی خۆیدا نییە و هەڵەیە، دوای بەدوادا چوون درك بەوە دەكە، كە ئەوەی بەلاتانەوە مەحاڵ بوو، وانییە و لە (مومكین)اتدایە..

ئەمەی ئێستا دەیبینین و دەیبیستن باوەڕتان پێی هەیە، چونكە لەگەڵیاندا ڕاهاتوون، خوتان پێوەگرتووە و دیتنی ئاسایی بووە لاتان، لەكاتێكدا كە بوون و ماهییەت و بزاوت و سرەوتیان ئاسایی نییە و بەڵگەی بەهێزی ڕێنیشاندانی ڕۆژی دوایین..

بڕوانە دانەی تۆوێك، كە دەچێنرێت دوایی بەشێوە درەختێكی گەورە دێتەوە دەرەوە.. تنۆكێك مەنی[1] دەگاتە پزدان (رەحم)، كەچی بەمرۆڤێكی كامڵ دێتەوە دەرەوە مۆلیكیۆڵی دووگاز (ئۆكسجین و هایدرۆجین) یەكدەگرن و ئاو پێكدەهێنن، دڵۆپێك ئاو دەكرێتەوە بەدوو گاز.. لەولاوە هەڵم هەڵدەستێت و دەبێتە هەور و پاشان باران و تەرزە و بەفر...

بڕوانە دەریا و ئاوی ڕۆیشتوو، بڕوانە ملیۆنەها ئەستێرە و بزاوتیان،

---

(١) كە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار حەیوانی مەنەویی تێدایە و دەشێت هەر یەكێكیان لەگەڵ هێلكۆكەكەی ئافرەتەكەدا ببنە مرۆڤێك!!

پەیوەندیان لەو فەزا بەرفراوانەدا بێ ئەوەی پەیوەستێکی دیتراویان لەنێواندا هەبێت.. هەر هەموو بەپێی ڕێسای خۆی دەگەڕێت، نەیەك سات، نەیەك بڕ، نەیەك ڕادە، نەیەك جۆر هەڵە ڕوونادات...

ئێوە لەگەڵ ئەمانەدا ڕاهاتوون، زۆرتان دیووە و بەلاتانەوە ئاسایی بووە.. بۆیە وانازانن جێی سەرسوڕمان بێت، چونکە ڕۆژانە دەیانبینن، ڕۆژانە تیشکی خۆرتان لێدەدات، بەڵام بەدوایدا ناچنەوە،کە بە چ کردارێکی سەرسورهێنەر دەتانگاتێ و چەند بەسوودە! ئاو، هەوا، هێزی ڕاکێشان، جەستەی خۆتان (کە جیهانێکی وەکو گەردوون بەرفراوان و مەحکەمە!).

تەسەور بکەن، ئەگەر ئەمانەتان پێشتر نەدیایە و ئێستا بۆ یەکەمینجار بوایە، کە دەیبینن چەند سەرتان سوڕدەما؟ هەر وەکو ئەوەی بەگریمان کەسێکتان لە (مەریخ) دیبێت و پێی بڵێن ئێمە لەسەر زەمین یەك دانەتۆو دەچێنین، دواتر بۆمان دەبێتە درەخت و هەزاران جار لەقەبارەی خۆی گەورەتر دەبێت و هەزاران تۆوی تر بەرهەم دەهێنێت، ئێمەش هیچ ناکەین، هەر تۆوەکە دەچێنین و بەرهەمەکە دەچنینەوە! بەلایەوە زۆر سەیر دەبێت، چۆن شتی وا ڕوودەدات؟

چونکە ئەو لەسەر مەریخ شتی وای نەدیووە، سیستمی ئەوێ وەکو سیستمی سەرزمین نییە، ئەو سەرسوڕمانەی کابرای مەریخی، هەر وەکو سەرسوڕمانەکەی ئێوەیە لەزیندووبوونەوە.. حەتمەن ئەویش دەڵێ: شتی وا مەحاڵە، چۆن تۆوێك دەبێتە درەختێك؟!

هەروەکو ئێوە دەڵێن: چۆن دوای مردن زیندوو دەبینەوە؟!

هەردوو سەرسوڕمانەکە سەرەنجامی نەزانینە، نەك سەرەنجامی زانین، بۆیە نکوڵی کردنەکەش سەرەنجامی نەزانینە، نەك سەرەنجامی زانین و پەی پێبردن نکوڵی کردنتان لەزیندووبوونەوە و هاتنی ڕۆژی دوایی هەر ئاوایە.. ئەگەر حەقیقەتی نکوڵیکردنەکەتان بزانن، کە بۆچییە، دەگەنە ئەنجامێکی نزیکتر لەحەقیقەت.

بڕوانە هەر داهێنانێکی نوێی تەکنۆلۆژیا و زانستی سەردەم، نابینیت چەند شتێکی مەحاڵ بوو، پێش سەد ساڵ لەمەوبەر (ئیشاعە، ساروخ، ئینتەرنێت...)، ئەوەش کە ئێستا خەڵکی بەئەستەمی دەزانێت، دەشێت دوای سەدەیەك یان دووسەدە ببێتە شتێکی ئاسایی[1]...

کەوابوو: ناشکرێت و ڕاست و دروست نییە ،کە نکوڵی لەڕووداوێك دەکەن کە ژیریی ئەگەری ڕوودانی ڕەت ناکاتەوە، ناشکرێت نکوڵی لەهاتنی ڕۆژی دوایی بکرێت لەکاتێکدا ،کە لەڕێگای کەسانی ڕاستگۆ و بەڕێزەوە هەواڵیدراوە، کە لەڕێی وەحیەوە ئاگادار کراونەتەوە لێی.

یەکەمین هەنگاوی سەلماندنی شتێك، کە شاراوەیە و لەدیدەوە دیار نییە، یان لەودیووی هەستەوەرەکانەوە هەستی پێناکرێت ئەوەیە: کە لەجێی خۆی ڕاگیرێت و لەخۆوە نکوڵی لێنەکرێت..

بۆیە قورئانی پیرۆز بەشێوازی ڕەوانبێژیی خۆی ئەوە ڕەتدەکاتەوە ،کە هەندێك کەس لە دید و ڕوانگەی هزر و ژیری و زانیاری خۆیەوە نکوڵی لە هاتنی ڕۆژی دوایی دەکات.

لەهەنگاوی دووەمدا ئەوە دەسەلمێنێت، کە هاتنی ڕۆژی دوایی پێداویستییەکی سەرەکی مرۆڤە و بۆی دەسەلمێنێت، کە هەبوونی لەپێشترە وەك لەنەبوونی.

---

(١) لەتازەترین هەواڵی مانگی ڕابردوو (٢٠١٥/٨) بەکارهێنانی مرۆڤێکی ئاسایی (ڕۆبۆت)ێکە لە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا کە لە (استعلامات) دانراوە: ١٣ زمان دەزانێت، وێنەی میوانەکان لەسەریدا خەزن دەکات تا شەش مانگ دەیهێڵێتەوە، پاسەپۆرت وەردەگرێت و ناو تۆمار دەکات و ژوورەکە نیشان دەدا،لەگەڵ میوانەکەدا تا ژوورەکە دەڕوات... (١٢ کیلۆیە) و (١٥٠ سم) بەرزە.. وەڵامی زۆربەی پرسیارەکان دەداتەوە!!

بڕگەی چوارەم:
سیستمی گەردوون و ژیان دانایانە داڕێژراوە:

خاڵی یەکەم: حەقیقەت لەنێوان ئەرك و داناییدا:

لەڕاستیدا سەلماندنی پێویستی مرۆڤ بەباوەڕهێنانی بەڕۆژی دوایی لەسەر وەڵامی ئەم پرسیارە دەوەستێت (ئایا ئەم گەردوون و ژیان و مرۆڤە دەستکردی دروستکارێکی هەڵسوڕێنەری بەتوانا و دانایە، یان هەر خۆی لەخۆیدا بەڕێکەوت یان بەڕێکەوتن (الصدفة والإتفاق) بێ دانایی و نەخشە و ئامانج دروستبووە؟).

مرۆڤی ماددی (بێدین)، کە باوەڕی تەنها بە زانستی ئەزموونی هەیە دەڵێ: ئەم گەردوونە دانا و هەڵسوڕێنەری بەنەخشە و ئامانج خەلقی نەکردووە، خۆی لەخۆیدا بەهەردوو ڕێگای ڕێکەوت و ڕێکەوتن خەلق بووە... هەموو پێکهاتەکانی (وجود) پێکەوە وەکو ئامێرێك کاردەکەن، هەر کاتێك پەیوەندی نێوان ماددە و وزە (Energy) لەهاریکاری و یارمەتیدان وەستا، سیستمی گەردوونیش تێکدەچێت.

لەم ڕوانگەوە، ئەوە دەبێتە بەڵگەنەویست، کە (وجود)ێکی کوێر و کەڕ و لاڵ، سیستمی ئەم گەردوونە بێ زانست و بێ هزر و ژیریی و بێهەست وهۆش و بێ ویست و ئیرادە و بێ مەبەست و دانایی دەبات بەڕێوە!

کەوابوو ئەوە گێلێتیی و خۆ ماندوو کردنە – لەڕوانگەی بێدینەکانەوە – کە بەدوای ئامانج و مەبەست لەخەلق بوونی گەردووندا بگەڕێیت.. (وجود) بێ ئامانجە و خۆی خۆی خەلق کردووە.

کەوابوو: بەپێی ئەم دید و بۆچوونە (بێدینی)یە زانستیە ئەزموونییە ماددییەکان، هەر ئەوەندە نییە ،کە لەئەرکی لێکدانەوەی هۆکار (Tebological

Caumtion) دەرچوویێت، کە بۆمان لێکداتەوە گەردوون و پێکهاتەکانی (بۆچی) دروستبوون؟

بەڵکو دەڵێ: بیرلێکردنەوە و گەڕان لەدوای وەڵامی (بۆچی) گەلۆری و گەڕەلاوژی و خۆ خافڵاندنە! چونکە ئەوانە دەڵێن: ئەم گەردوونە و هەرچی، کە تێیدایە، هەموو بزاوت و سرەوتێك کە لە ئەزەلەوە، تا ئێستا ڕوویداوە، هەرلەخۆوەیە، ڕێکەوت، یان ڕێکەوتنێکی خۆیی گەردوونە، نەئامانجی لێی هەیە و نەمەبەست..

چاو بۆ بینین خەلق نەبووە، بەڵکو بینین ئەرکی (فسیۆلۆجی) ماددەیەکی تایبەتە کە لەچاودا هەیە.. مێشك بۆ بیرکردنەوە نییە، بۆ لێکۆڵینەوە و سەرنجدان و هەست و سۆز نییە، ئەو فیکر و سۆز و ویستەی لەمێشکەوە دێت ئەرکێکی ماددیی خۆیەتی و هەر دەبێ وابێت، هەر وەکو کە لەش (پەنکریاس) بۆ هەرس کردنی خواردن دەڕێژێت، یان گورچیلەکان میز دەردەکەنە دەرەوە...

ئەمانە ئەرکی ئەندامانی لەشن.. گەردوونیش ئەرکی خۆی جێبەجێدەکات، خۆر بەمەبەستێك تیشك نابەخشێت، مانگ بۆ ئامانجێك تیشك عەکس ناکاتەوە.. ئاو بەمەبەست نییە کە تینوێتی دەشکێنێت..

هەروەها (بەدیدی بێدینی خاوەن ئەم دید و بۆچوونانە) ئەوە هەڵەیە کە ئەرکە سروشتییەکانی گەردوون وا لێکبدرێتەوە کە بەمەست و ئامانج ئەنجامدەدرێن و حیکمەتێك لەپشت ئەمانەوە هەیە، یان بوترێت دروستکارێکی زانا و ژیر و هۆشیار و بەتەگبیر و نەخشە و مەبەست سەرپەشتیاری ئەم ئەرکە سروشتییانەیە.

ئەمە دید و بۆچوونی ئەم جۆرە کەسانەیە> کە باوەڕیان تەنها بەزانستی ئەزموونیی (تەجریبی) هەیە، کە دنیای هەست و ویستە و بەس... ئەگەر کەسێك لەم باوەڕەدابوو و بەڕاستی دەزانی، ئیتر هیچ پاڵنەرێکی نابێت، کە ڕوو

لەقیامەت بکات، چونکە لەلایەکەوە باوەڕی پێی نییە و لەلایەکی ترەوە وادەزانێت پێویستی پێی نییە... مادام لەو باوەڕەدایە :کە هەموو سیستمی پێکهاتەکانی گەردوون خۆیی (زاتی)ن و بێ ئامانج و مەبەست، بێ ویست و ئیرادە دەڕۆن، سروشت کە نەزانستی هەیە و نەهۆش و هەست، ئەم گەردوونەی ئاوا گرتۆتە خۆ... ئەم گەردوون و پێکهاتە و کاروبارانە وەکو لەعابەی منداڵانە... پێکهاتەکانی گەردوون هەر لەخۆوە، بەگەڕەلاوژێ دروستبوون، نەشمێنن هەر بێ مەبەست نامێنن، وەکو هەر شتێکی تری گچکە و سادە، کە ئیتر نامێنێت.

ئەم سروشتە کوێر و بێ نەخشە و ئامانجە هەست و ژیریی نییە، تا چاوەڕوانی دادپەروەرێتی لێبکرێت، ئەم مرۆڤە لەدەست سروشتدا وەکو لەعابەکەیە لەدەست منداڵەکەدا، هەردووکیان ئەوی دەستیان بێ ئامانج هەڵدەسوڕێنن! بۆیە مرۆڤیش کەس لەڕەفتارەکانی ناپرسێتەوە کە چاکی کردووە یان خراپ؟

بەپێی ئەم دیدە (بێ دینییە) وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە: نەخێر ئەم گەردوونە دروستکارێکی ژیر و بەهەست و ویستی نییە و، هیچ شتێکی بەدانایی و بۆ مەبەستێك خەلق نەبووە.. کە ئەمە وەڵامەکە بێت، ئیتر ساویلکەییە پرسیاری تر دەربارەی ستەم و دادپەروەریی بکرێت، یان دەربارەی پاداشتی چاکە و سزای خراپە، نە لەم دنیایە و نەلەو دنیاداکە نییە.

بەڵام ئەم دید و بۆچوونە لەگەڵ هزر و ژیریدا یەکناگرێتەوە... هیچ بەڵگەیەکی ژیری یان شاهێدییەکی زانستی لایەنگیری لێنەکردووە، هەرچی لەبەرگریکردنیدا دەووترێت هەر ئەوەیە،کە دەڵێن: ئێمە تا ئێستا کەسێکمان نەدی بڵێ: من گەردوونم خەلق کردووە! پەی بەوەش نابەین، کە داناییەك لەپشت خەلقبوونی ئەم گەردوونەوە هەبێت، هەروا دەبینین هاتۆتەکایەوە و خۆی ئیدامە

بەخـۆی دەدات و بەردەوامە بێـئەوەی دەسـەڵات و توانـا و دانـایەك هەبێـت ئاڕاستەی بكات..

پەی بەئامانجیش نابەین لەخەلق كردنیدا و پێویستیشمان نییە بیزانین.

بەڵام نەزانینـی هێـزە كـاریگەرەكەی گەردوون و پەی نەبـردن بەئامـانجی خەلقبوونی گەردوون، بەڵگە نییە لەسەر نەبوونی ئەو هێز و ئامانجە... وا خەیاڵ بكە، كە منداڵێك سەیری چاپخانەیەك دەكات و دەبینێت بەردەوام كاغەز دەچێتە مەكینـەیەكەوە كە زۆریـنەی پێكهاتەكـانی دەجـووڵێن و ،لەولاوە كاغەزەكـان بەشت لەسەر نوسراوەیی دێنە دەرەوە، ئەو هەر وادەزانێـت ئەمەش لەعـابەیەكی گەمە پێكردنە، بەڵام گەورەتـرە لەوانەی خـۆی.. نازانێـت ئامـانج لەهەڵسـورانی مەكینەكە و چاپكردنی كاغەزەكان چییە!

دەبینیت ئەم ئامێرە وەكو ئاوا خێرا خێرا دەبزوێـت دەنگێكـی زۆریشـی لێـوە دێت، خاكەكەی ژێری دەلەرزێت... پەی بەبزاوت و هەڵسورانی هیچ پارچەیەكی چاپەكە نابـات.. دركـی ئەوە ناكـات، كە ئەم هەمـوو بـزوات و دەنـگە دەنـگ و لەرزەیە بەمەبەستی چاپكردنی ئەو كاغەزانەیە...

منداڵەكە بەهزری گچكە و هەستی كورتی خۆی وادەزانێت ئەو هەموو پارچە كانزا و كاغەز و مەرەكەبە بەڕێكەوت، یان بەڕێكەوتنێكی مەجهـول درووسـت بـوون و كەوتـوونەتە گەڕ... وانازانێـت، كە لەپشـت ئەم چـاپ و ئەم بـزاوت و هەڵسوڕانەوە كەسێكی/ كەسانێكی ژیر و بەتوانا و زانا هەیە، كە بـۆ هێنـانەدی مەبەسـتێك ئەم چاپخـانە و كتێـب چاپكردنەیـان دامەزرانەووە و خستوویانەتەگەڕو چـاودێریی و سەرپەرشـتیاریی دەكەن، نازانێـت كە هەمـوو پارچەیەكی چاپەكە بەلێزانین و بەپێی نەخشەیەكی ئەندازیاری میكـانیكی لەو جێیەدا دانراوە و بەوانی ترەوە پەیوەسـتكراوە، كە لەپارچەیەكیشـیان دەترسـێت یان نایەوێت هەبێت، ناتوانێت بیگۆڕێت، ناشتوانێت چاپەكە بوەستێنێت ...

دەی سا توخوا، ئەگەر ئەم منداڵە ڕاست بۆوە و وتی: ئەم مەكینەیە كەس دروستی نەكردووە، كەس نەیخستۆتە گەڕ و كەسی ژیر و زانا و بەتواناش لە پشتیەوە نییە و، بەهیچ مەبەستێكیش لەم شوێنە و لەم كاتەدا دانەنراوە، هەر خۆی هاتۆتە ئێرە و كەس بەو وردەكارییە دروستی نەكردووە و بیخاتەكار... ئەگەر ئەم منداڵە لەسەر قسەكانی بەردەوام بێت، گەورەكانی دەوروبەری چی دەڵێن؟

ئیعتیراف بەقسەی منداڵەكە دەكەن و دەڵێن: تۆ ڕاستی و ئێمە هەڵە... ئایا كەسی ژیر و بیرمەند قسەی ئەو منداڵە دەربارەی چاپ و چاپكردنەكە بەڕاست دەزانێت و دەڵێ: ڕاستە ئەمە تیۆر و دی دو تێڕوانینێكی ژیرانە و زانستیانەیە؟!

ئەگەر دیدوڕا و پێناسە و هەڵوێستی منداڵەكە بەرامبەر چاپ و چاپكردن و زانایان و بەتوانایانی پشتیەوە قبوڵ نەكرێت، قبووڵ نەكردنی دیدوڕا و پێناسە و هەڵوێستی ئەو كەسانە لەپێشترە قبووڵ نەكرێت ،كە دەڵێن: ئەم گەردوونە گەورە و بەرفراوان و وردەكار و ڕێكوپێكە خالقێكی بەتوانا و زانا و دانای لەپشتەوە نییە..

ئەم گەردوونەی ،كە هەموو گەردیلەیەكی لەویش گچكەتر، هەموو ئەتۆمێك و بچووكتر لەو بەڵگەی بنبڕانەی هەبوونی كردگارێكی بەتوانا و زانا و خاوەن ویست و ئیرادەیە.. كردگارێكی زیندووی چاودێر و سەرپەرشتیار و ئاڕاستەوانی سات بەساتی ئەم بوونەوەرەیە...

با منداڵە كەم ژیرییە ساویلكەكەش هەر لەسەر قسەی نابەجێی خۆی بەردەوام بێت... با مرۆڤە گەورە ئەقڵ بچووكەكانیش بەردەوام بن لەسەر قسەی نابەجێی خۆیان، چونكە كەسی ژیر و بیرمەند كە سەرنجی بەرفراوانی ئەم گەردوونە دەدات، یان دیراسەی یەكێك لەپێكهاتەكانی دەكات و بەچاوێكی پەند و ئامۆژگاری قووڵەوە سەیری ئەم ڕێكوپێكییە و وردەكارییە دەكات، بۆ ساتێكی كەمیش گومانی لا دروست نابێت ،كە لەپشت ئەم گەردوونەوە

كردگـارێكی زانـا و دانـا و بەتوانـا هەیە... ئەوەی بەبیـر و هۆشـدا ناچێـت كە بووترێت: هەر لەخۆوە خەلق بووە و خۆی بەگەڕەلاوژێ ئاڕاستەدەكات و، هـیچ هێزێكی دانا و زانا و زیندوو چـاودێری لەپشـتەوە نیـیە و بەویسـت و ئیـرادەی هیچ هێزێكی دەرەكی ناڕوات بەڕێوە، ئەوەی پێ قبووڵ نابێت كە بووترێت: ئائەم گەردوونەی هەمـوو شـتێكی بەئەنـدازەی گونجـاو خەلـق بـووە، بەڕادە و بـڕ و چۆنیەتی شیاو دروست بووە، بەهۆكار و شێوازی سـازاو كاردەكـات، ئەمە هەر لەخۆیەوە هاتووە و، هیچ هێزێكی دانا و زانا و چاودێر و ئاڕاستەوانی لەپشـتەوە نییە!

مەحـاڵە ئەم گەردوونە بەئەنـدازە ڕێـك وپـێكە بەردەوامەی لەسـەر كۆتـا ئاست و سنووری زانایی و دانایی و وردەكاری دروست بووبێت، كە هەر شتە و بەپێی پێویستی خۆی خەلق بووە و دەڕوات، بێ حـیكمەت و بـێ ئامـانج و بـێ مەبەست دروست بووبێت و بەردەوام بێت.. ئەستەمە هەروا بەهەوانتە دروسـت بووبێت و ئیهمال كرابێت و درابێتە دەست خۆی چۆن دەڕوات بابڕوات!

لەوەڵامی ئەم سەرگەردانیی و پشـێویی و ئـاڵۆزی فیـك ڕوو لێڵـی دیـد و ڕوانـگەدایە ،كە قورئـانی پیـرۆز سـەدان بەڵـگە لەسـەر هـاتنی ڕۆژی دوایـی دەهێنێتەوە و دەیسەلمێنێت ،كە ڕۆژی قیامەت پێداویستیەكی بەشەرییە...

بۆیە دەبێت دید و تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێسـتی مرۆڤـی ژیـر لەسـەر ئەوە دابمەزرێت ،كە ئەم گەردوونە بەرفراوان و ڕێكوپێكە بەفەرمانی خوایەك هاتۆتە دی... خوایەكی كردگـاری زانـا و دانـا و بەتوانـا، خـوایەكی زینـدوو چـاودێر و سەرپەشتیار، كە ئاگای لەهەموو وجودە..

اگـای لەهەمـوو بـزاوت و سرەوتێكـی بـوونەوەرە و هەمـوو فەرمـانێكی لەداناییەوە هـاتووە.. خـوایەك كە بەردەوامە لەخەلقكردنـدا.. ئەسـتەمە، مەحـاڵە ئەوەی بـدرێتە پـاڵ، كە بـێ حـیكمەت ئەم گەردوونەی دروسـتكردووە (حاشـا وەلیللا)..

قورئان دوای ئەوەی ئەم زەمینە فیكرییە عەقائیدییە دادەڕێژێت، دەفەرموێ:

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ ﴿١١٦﴾﴾ المؤمنون: ١١٥ – ١١٦ .

واتە: چما وادەزانن هەروا بەهەوانتە خەلقمان كردوون و ناگەڕێنەوە لامان؟ ! پاكی و بەرزی بۆ خوای حەق و دەسەڵاتدار و كاربەجێ، كە ئەوە لەسیفەتی خوایەتی ئەو ناوەشێتەوە شتێك هەروا بێ حیكمەت دروست بكات.

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾﴾ القيامة: ٣٦.

واتە: چما مرۆڤ وا دەزانێت خەلق كراوە و ئاوا وەلدەكرێت و هەقی بەسەرەوە نامێنێت؟!

﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقْنَاهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٩﴾ إِنَّ يَوْمَ الْفَصْلِ مِيقَاتُهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٠﴾﴾ الدخان: ٣٨ – ٤٠ .

واتە: ئێمە ئاسمانەكان و زەوی و ئەوانەی لەنێوانیاندا هەروا بۆیاری پێكردن خەلق نەكردووە... هەموویمان بەحەق خەلق كردووە، تا ببنە بەڵگە و نیشانەی سیفەتی بێ سنوور و ڕەهای خوای گەورە، بەڵام زۆرینەی خەڵكی پەی بەمە نابەن و نایزانن، بەڵام كاتی دیداری هەموویان ڕۆژی قیامەت دەبێت، ڕۆژی هەڵاوێردنی دید و ڕەفتاری بەد و بەدكاران لەدید و ڕەفتاری چاك و چاكسازان.

﴿أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِم ۗ مَّا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ ﴿٨﴾﴾ الروم: ٨ .

واتە: ئەرێ جارێك بیریان لەدید و هەڵوێستی خۆیان نەكردۆتەوە كە خوای گەورە ئاسمانەكان و زەوی و ئەوانەی وان لەنێوانیاندا چۆن و بۆچی خەلق كردووە؟ خۆ بەحەق خەلقی كردون تا تێفكرن و سەرنجدەنە توانا و زانایی خوای تاك و پاك، ئەم ئاسمان و زەوی و مەخلوقاتانە بۆ كاتێكی دیاریكراو خەلق كراون، بەكۆتایی هاتنی كاتەكە ئەمانیش كۆتاییان پێ دێت، ئەگەر چی زۆر

خەڵك هەن باوەڕیان بەزیندووبوونەوەی قیامەت و دیداری خوای گەورە نییە.

ئەوەی ئەم ئایەتانە جەختی لێدەکەنەوە ئەوەیە: کە هۆ خەڵکینە! ئەگەر ئێوە وادەزانن سیستمی ئەم گەردوونە و ژیان بەردەوام دەبێت و تا کاتێك دێت کە تێکدەچێت و نامێنێت، بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە، بێئەوەی ڕۆژێکی تری بەدوادا بێت، کە خەڵکی تێدا زیندوو دەکرێتەوە و موحاسەبە دەکرێت، ئەگەر ئێوە واگومان دەبەن شتی وا نییە و ڕوونادات، ئەوە زۆر بەهەڵەداچوون،.

ئەوە گومانێکی زۆر گێلانەیە، خۆ ژیان و گەردوون گەمەی منداڵان نییە، وانەزانن ڕەفتاری وا لەخوای کردگار و زانا و بەتوانا و کاربەجێوە دەردەچێت.. ئەگەر باوەڕتان بەهەبوون و سیفەتی ڕەهای خوای تاك و پاك هەیە و ئەو ئەم گەردوونەی وا بەو ڕێکوپێکیە خەلق کردووە، دەی سا دەبێت بەو هزر و ژیری و هێزی بیرکردنەوە و زانستەی پێیداون دەوروبەری خۆتان بناسن.. پەی بەڕێساکانی گەردوون و ژیان ببەن و شارەزابن، بشزانن کە هیچ گەردێکی ئەم بوونەوەرە هەروا بەهەوانتە و بێ حیکمەت خەلق نەکراوە، ناشبێت بێ ئەنجام بێت، بەتایبەتی مرۆڤ و ڕەفتارەکانی..

بزانن کە مرۆڤ باشترین مەخلووقی خوای گەورەیە لەسەرزەمین، هەموو بزاوت و سرەوتێکی ئەم سەرزەمینە لەخزمەتی پارسەنگبوونی دید و ڕەفتاری ئەودایە، ئەویش توانای هزر و ژیری و بیرکردنەوەی دراوەتێ، توانای هەست و هۆش و وریایی دراوەتێ، ویست و ئیرادەی دراوەتێ، سەربەستی و سەرپشکی و ئازادیی دراوەتێ، وزە و توانایەکی زۆری دراوەتێ تا بەرەو کامڵبوون و ڕاقیبوون سەرکەوێت.. ئەستەمە.. مەحاڵە... هەروا بەهەوانتە خەلق بووبێت و وەلکرابێت، وەکو ئامێرێکی رەق و تەق بێ دید و هەست و بێ بەرپرسێتی کار بکات تا لەکاردەکەوێت و دەچێتە جیهانی فەناوە.. ئیتر رۆڵی تەواو ببێت و لێی نەپرسرێتەوە .. ئەمە دید و تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستێکی زۆر ساویلکانەیە، نابێت بیگرێتەبەر.. چونکە بەدڵنیاییەوە قیامەتی لەپێشە.

خاڵی دووەم: چارەنووسی گەردوون و ژیان لەڕوانگەی داناییەوە:

كە ئەوە زانــرا و جێگیربــوو كە ئەم گەردوون و ژیــانە بەهەوانــتە و بــێ حیكمەت خەلق نەبووە و لەوەش دڵنیایی پەیدابوو كە هیچ ڕەفتارێك بێ ئەنجـام ناڕوات، پرسیاری دووەم دێتە پێشــەوە كە دەڵـێ: بەپێــی ئەو دانـاییەی لەپشـت خەلقكردنی ئەم گەردوون و ژیـانەوەیە، چ چارەنووسـێكی تـری غەیـری نەمـان (عەدەم) هەیە؟

قورئانی پیرۆز وەڵامی تەفسیلی ئەم پرسیارە بەشـێوەیەك دەداتەوە كە هەر ژیرییەكی ساغ و هزرێكی پارسەنگ بیبیستێت قەناعەتی پێدەكات و لێی دڵنیا دەبێت و بەتەواوی پێـی ئاسـوودە دەبێـت، باهەنـدێك لە وەڵامـی پرسـیارەكەت لەقورئاندا نیشانبدەم كە چارەنووسی گەردوون و ژیان چی دەبێت، سەرنج بـدەرە گۆڕانكارییەكان، كە بەسەر گەردوون و ژیان و مرۆڤدا دێن و دەچنە قۆناغێكی تری بوونەوە.

خـوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۝٣﴾ الأحقاف: ٣ .

واتە: ئاســمانەكان و زەمــین و ئەوانەش كەتێیانــدان ئــێمە بەحەق خەلقــمان كردوون و تاماوەیەكی دیاریكراو دەمێنن.

﴿ٱلْعَرْشِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۝٢﴾ الرعد: ٢ .

واتە: خۆرو مـانگمان دەسـتەبەركردووە، هەرهەموویـان (ئەسـتێرەكان) بەرەو كاتێكی دیاریكراوی تەمەنیان دەڕۆن كە كۆتایی دێت.

پاشان وێنای گۆڕانكـارییە گەردوونـیەكە دەكـات، كە دەسـتپێكی ڕۆژی قیامەتە:

﴿ إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ۝١ وَإِذَا ٱلۡكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتۡ ۝٢ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ فُجِّرَتۡ ۝٣ وَإِذَا ٱلۡقُبُورُ بُعۡثِرَتۡ ۝٤ ﴾ الانفطار: ١ – ٤ .

واتە: کاتێك ئاسمان درزی تێدەکەوێت و دەقڵیشێت، کە ئەستێرەکان شیرازەیان دەپسێت و پێکدادێن و دەکەون، کە دەریاکان هەموو تێکەڵ بەیەکتردەبن وگڕ دەگرن، کە هەموو نیشتەجێیانی گۆڕ زیندوو دەبنەوە و گۆڕەکانیان هەڵیاندەدەنە دەرەوە.

﴿ إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ۝١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ ۝٢ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ ۝٣ ﴾ التكوير: ١ – ٣ .

واتە: کاتێك خۆر لوول دەبێت و پێچ دەخوات وتیشکی نامێنێت، کاتێك ئەستێرەکان پەیوەندیان پێکەوە نامێنێت و بەیەکدادێن و دەکەون، کاتێك کە چیاکان دەڕمێن و وردوخاش دەبن.. با دەیانبات.

﴿ فَإِذَا بَرِقَ ٱلۡبَصَرُ ۝٧ وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ ۝٨ ﴾ القيامة: ٧ – ٨ .

واتە: کاتێك چاو لەواق و وڕماندا ئەبڵەق (زەق) دەبێت، کە دەبینێت گەردوون بەسەریەکدا دەڕمێت.. دنیا تاریك دادێت، چونکە مانگ تیشك عەکس ناکاتەوە و لەگەڵ خۆری خامۆشدا بوون بەیەك.

﴿ فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ۝٨ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ ۝٩ وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ نُسِفَتۡ ۝١٠ ﴾ المرسلات: ٨ – ١٠ .

واتە :کاتێك ئەستێرەکان خامۆش دەبن و لەگەشانەوە دەکەون، کاتێك ئاسمان درزی تێدەکەوێت و شەقار شەقار دەبێت، کاتێك چیاکان دەڕمێن و وردوخاش دەبن.

﴿ وَحُمِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ وَٱلۡجِبَالُ فَدُكَّتَا دَكَّةٗ وَٰحِدَةٗ ۝١٤ ﴾ الحاقة: ١٤.

واتە: کە یەك زەربە (لێدان) درا لەزەمین و چیاکان هەموو وردوخاش دەبن پێی.

﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾ إبراهيم: ٤٨ .

واتە: ڕۆژی قیامەت ڕۆژێكە كە ئەم سەرزەمینە دەگۆڕێت بەخاكێكی تر (خاكێكی سپی و ورد و پاك دەبێت لەدەشتێكی پان و تەخت و بەریندا، وەكو لەفەرمووده‌ی بوخاری و موسلیمدا هاتووە)، هەروەها ئاسمانەكان هەموو ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێت و نیشتەجێیانی گۆڕ هەموو دێنە دەرەوە... دێنە حزووری خوای تاك و تەنها و بەدەسەڵات.

هەموو ئەم ئایەتانە جەخت لەوەدەكەنەوە ،كە ئەم گەردوونە، بەم سیستمەی ئێستایەوە بەنەمری نامێنێتەوە و گۆڕانی جەوهەریی بەسەردا دێت...

ئەم گەردوونە كاتییە، ئەم ژیانە كاتییە، تا ماوەیەكی دیاریكراو ڕێدەكەن و كە ماوەكە تەواو بوو، گەردوون و ژیانیش دەچنە قۆناغێكی تری بوونەوە، بەڵام بەسیستمێكی ترەوە..

حەتمەن ئا ئەم خۆر و مانگ و ئەستێرانەی ئێستا، بەپێی سیستمێكی مەحكەم دێن و دەڕۆن و پەیوەندیان پێكەوە هەیە، وانامێنن، خۆر تیشكی نامێنێت و دەكوژێتەوە، مانگ نادرەوشێتەوە و هێزی ڕاكێشان (الجاذبیة) لەنێوان ئەستێرەكاندا نامێنێت و هەموو دەگۆڕێن، قەبارە زیاد دەكات و هەندێك دەپووكێتەوە[1] ..

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە نامێنن... بەڵكو ئەوە دەسەلمێنن، كە گۆڕانكارییەكە بەجۆرێكی تر و بەپێی سیستمێكی تری (وجود) دەبێت كە لە گەڵ ئەو قۆناغەی بوونەوەردا بگونجێت .. ئەوە سیستمێكی نوێ دەبێت وەكو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾ إبراهيم: ٤٨.

---

(١) سبحان الله، ئێستا زاراوەیەك لەگەردووناسیدا پەیدا بووە پێی دەڵێن: (پیربوونی گەردوون و مردنی ئەستێرە).

بڕگەی پێنجەم:
سیستمی ڕۆژی دوایی:

خاڵی یەكەم: سیستمی ڕۆژی دوایی لەسیستمی ژیانی دنیا باڵاترە:

ئایا ئەو سیستمەی ڕۆژی دوایی لەسەر دەڕوات چییە و چۆنە؟

ئێمە تەفسیلاتی نازانین بەڵام قورئان باسی چەندین چۆنیەتی و سیما وسیفاتی ئەو سیستمەی كردووە، كە هزر و ژیری دڵنیادەكاتەوە كە سیستمی ئەوێ ڕاقیترە، چونكە پێشترەوچوونی سیستمی ژیانە بەرەو قۆناغی كامڵبوونی..

ئەو نوقسانیانەی لەسیستمی ژیاندا دەبینرێت لەوێ تەواو دەكرێن و نامێنن.. چونكە لەوێ خێر و شەڕ، چاكە و خراپە، جوامێری و دەنیئی، ئیمان و كوفر، تەقوا و هەواوهەوەس، ڕەفتار و ڕەوشت هەمووی بەپێی پێناسەی خوایی دەناسرێن و لێك جودا دەكرێنەوە...

هەر هەموو نییەت و نیاز و هەست و هۆش و ویست و ئیرادە و سۆز و ڕق و ئینفیعالاتەكانی هزر و دڵ و ویژدان دەناسرێن و لێكجودا دەكرێنەوە و نرخیان بۆ دادەنرێت... هەموو هەڵدەسەنگێنرێن و دەكێشرێن... خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ۝٣٦﴾ الإسراء: ٣٦ .

واتە: بیستن و دیتن و بیركردنەوە (هۆش و هەستی دڵ) هەموو ئەمانە بەرپرسێتیان لەسەرە و خاوەنەكانیان موحاسەبە دەكرێن لەسەریان لەسەرچۆنیەتی بەكار هێنانیان لەچاكەكاریدا یان لەخراپەكاریدا؟

﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَـٰسِبِينَ ۝٤٧﴾ الأنبياء: ٤٧.

واتە: لەڕۆژی دوایدا تەرازووی حەقی دادپەروەری دادەنێین و نیەت و ڕەفتاری هەموو كەسێكی پێ دەكێشین، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ستەمێك لەكەس بكرێت، هەرڕەفتارێك بەقەدەر گەردێك (یان زیزانە)یەكیش بووبێت دەیهێنینەوە پێشێ، ئەوەندە بەسە كە ئێمە خۆمان لێپرسینەوە دەكەین.

﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝٨ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا يَظْلِمُونَ ۝٩﴾ الأعراف: ٨ – ٩ .

واتە: لەو ڕۆژەدا لەڕۆژی قیامەتدا هەموو ڕەفتارێك بەحەقیانەت دەكێشرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێت، هەر كەسێك تای تەرازووی چاكەكانی قورس بوو، ئەوە سەرفرازە، هەر كەسێكیش تای تەرازووی چاكەكانی سووك بوو ئەوە لەوانەیە كە خۆیان دۆڕاندووە.

﴿يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَـٰلَهُمْ ۝٦ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨﴾ الزلزلة: ٦ – ٨ .

واتە: لەو ڕۆژەدا لەڕۆژی قیامەتدا خەڵكی پەرتەوازە دەبن ،و هەر یەكە بەلایەكدا دەڕوات (بۆ دۆزەخ یان بۆ بەهەشت) چونكە تەرازووی كێشانی ڕەفتار دانراوە و خەڵكی كارەكانی خۆیان دەبیننەوە، هەر كەسێك مسقاڵە زەرەیەك بەقەدەر تۆز و گەردێك چاكەی كردبێت دەیبینێتەوە، هەر كەسێكیش بەقەدەر مسقاڵە زەڕەیەك خراپەی كردبێت لەوێ دەیبینێتەوە.[1]

(١) ئێستا كە لەدنیادا هەموو ڕەفتارێكی وێنەگیراوی سینەمایی پێش سەد ساڵ دەبینینەوە كە ئەكتەرەكانی مردوون و بوون بەخاك و خۆڵ.. خوای گەورەش دەفەرموێ ئێوە كردەوە چاك و خراپەكانتان دەبیننەوە.. بینینەوەی.. كە دیارە ئێستا لەگەردووندا تۆمارە، چونكە مادده بووە و بووە بەوزە.. ئەم دوانەش نافەوتێن، بەڵام بڕوانە ئایەتەكەی دواتر ﴿لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَـٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ۝٢٢﴾ ق: ٢٢ ،كە دیارە سیستمی دیتنی مرۆڤ لەوێ پێشكەوتووتر بووە و زیاتر دەبینێت.

لەسیستمی ڕۆژی دوایدا هەمـوو شـتێكی شـاراوە كە لەم دنیـادا نـاییبینن، لەوێ ئاشكرا و دیار دەبێت و دەبینرێت، چونكە ئەم ڕێسا مـاددییە سروشـتییانە نامێنن كە لەم دنیادا بوونەتە بەربەستی ڕێی دیتنی ئەوشـتانە.. لەڕۆژی دوایـدا تەنانەت هەست و سۆزیش بێ پەردە دەبینرێت، چونكە سیستمی ئەوێ جیـاوازە و توانای ئـێمەش لەدیتنـدا گـۆڕانی پێشـبریی بەسـەردا هـاتووە، خـوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدۡ كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ٢٢﴾ ق: ٢٢ .

واتە: بەڕاستی تۆ لەمە بـێ ئاگابوویـت، واتـدەزانی ئەم كـار و ڕەفتـارانەت ئەنجامدا و ئیتر ناهێنرێنەوە پێش! تۆ لە سیستمی قیامەت بێ ئاگابوویت، ئەوەتا ئەمـڕۆ پەردەی سـەرچاوتمان لاداوە و چـاوت تیـژە و هەمـوو شـتێك دەبینیـت.. چونكە ئەمڕۆ هیچ شتێك لەكەس شاراوە نابێت.

﴿يَوۡمَئِذٖ تُعۡرَضُونَ لَا تَخۡفَىٰ مِنكُمۡ خَافِيَةٞ ١٨﴾ الحاقة: ١٨ .

واتە: ئەو ڕۆژە كە قیامەتە دێنەوە ساحەی حەشر و حساب و هـیچ شـتێكتان لێ شاراوە نابێت.. هـیچ نهێنیـیەك نامێنێـت، كە دەرنەكەوتبێـت... ئـاوا هەمـوو شتێك، هەموو ڕەفتارێك بەبارودۆخی دەوروبەرییەوە بۆ بینینەوەی دەهێنرێتەوە پێش، تا لەدادگایی كردندا كەس نكوڵی تۆمەتباركردنەكانی بۆ نەكرێت.

خاڵی دووەم: لەسیستمی ڕۆژی دوایدا ئەنجامەكان ڕادەگەیێنرێن:

لەسیستمی قیامەتدا ئەنجامە حەقیقیەكانی ڕەفتار دەردەكەون ،كە لە گەڵ هزر و دادپەروەریدا دەسازێن، هۆكار و یاسا و ڕێسا ماددییەكانی دنیا نـامێنن و وەكو ئەنجامی ڕەفتاری دنیایی ناكەونە ژێر كـاریگەری هـۆی تـرەوە، وەكـو كە لەسیستمی ژیانی بەشەری ئەمڕۆماندا ڕوودەدات.. كە لێـرە هێـز زۆرە ناهێڵێـت دادپەروەری بسەلمێت و بچەسپێت..

بۆ نموونە: لەدنیـادا دەیـان هۆكـار هەیە كە حـوكم دەگۆڕێـت، سـزای نـاڕەوا دەردەكات، ستەمكار بێتاوان دەرباز دەكات و چەوسـاوە تاوانبـار دەبێـت ! لێـرە

ماڵ و سامان و پلەوپایە و ناوداری و عەشرەت و نەسەب و هێزی بەردەست و فریوودان و چەواشەکاری و زمان لوسی و درۆکردن و واسیتە و بەرتیل و خزم خزمێنە و تکا و تەدەخولات و دەیان هۆکاری تر هەیە کە ناهێڵێت ئەنجامی ڕەوای ڕەفتارە حەقیقییەکان دەرکەوێت..

هیچ لەمانە و هاوشێوەیان لەسیستمی قیامەتدا کاریگەرییان نابێت، نەلەسەر هێنانەوە پێشەوەی ڕەفتارەکە و نەلەسەر شاهێدەکان و نەلەسەر دادگا و داوەر و نەلەسەر بڕیار و ئەنجامەکان... بەچاوی دڵ سەرنجدەرە ئەم ئایەتانە:

﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ ۝٣٠﴾ آل عمران: ٣٠ .

واتە: ئەوێ ڕۆژێ (قیامەت) هەموو کەسێك ڕەفتارە چاکەکانی دەبینێت وا هێنراونەتەوە پێش، هەروەها ڕەفتارە خراپەکانی.

﴿وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ۝٢٥﴾ آل عمران: ٢٥ .

واتە: هەموو کەسێك هەق و حسابی خۆی لەگەڵدا کراوە، حوکمی خوایی لەسەر هەموو ڕەفتارێکی دەچووە... ستەمیان لێناکرێت.

﴿هُنَالِكَ تَبْلُواْ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ ۝٣٠﴾ یونس: ٣٠ .

واتە: لەوێ، لە قیامەتدا هەموو کەسێك گیرۆدەی ئەو ڕەفتارانەی پێشووی دەبێتەوە کە لەدنیادا کردوونی.

﴿وَٱتَّقُواْ يَوْمًا لَّا تَجْزِى نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْـًٔا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَٰعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ۝٤٨﴾ البقرة: ٤٨ .

واتە: ترسی ئەو ڕۆژەتان لەبەربێت (قیامەت) کە هیچ کەسێك دادی کەسێکی تر نادات و ناتوانێت بچێت بەهانایەوە و تکای کەس قبووڵ نابێت و کەس بۆی نییە و نییەتی کەفارەت بدات، یان بەشێوەیەك حوکمی خراپەکانی خۆی بگۆڕێت... کەس داڵدە نادرێت، هەر کەسێك سزای بۆ دەرچێت دەبێت بیچێژێت.

﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ١٠١ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٢ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ ١٠٣﴾ المؤمنون: ١٠١ – ١٠٣ .

واتە: كە فـوو بەكەڕەنادا دەكرێت و زیندوو دەبنەوە، بەهیچ كلۆجێك خزمایەتی و كەسایەتیان لەنێواندا نامێنێت، كەس ناپەڕژێتە سەر غەیری خۆی و كەس لەكەسی تر ناپرسێتەوە: ئەرێ چۆنیت و چیت لێهات؟... هەر كەسێك تای تەرازووی چاكەكانی قورسبوو ئەوە لەریزی سەرفرازاندایە، هەركەسێكیش تای تەرازووی چاكەكانی سووك بوو ئەوە لەوانەیە كە خۆیان دۆڕاندووە، كە بوونەتە ئەهلی دۆزەخ و بەنەمری تێیدا دەمێننەوە.

﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨ إِلَّا مَنۡ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلۡبٖ سَلِيمٖ ٨٩﴾ الشعراء: ٨٨ – ٨٩ .

واتە: ئەو ڕۆژە – قیامەت ڕۆژێكە كە نەماڵ و سامان سوودیان بۆ خاوەنی دەبێت نەمنداڵ و ئەولاد... لەو ڕۆژەدا ئەو كەسە سەرفرازە كە بەدڵێكی پڕ ئیمانەوە هاتۆتەوە بەردیداری خوای تاك و پاك، دڵێكی ساغ و سەلیم لەشیرك و كوفر و دووڕوویی.

﴿وَلَقَدۡ جِئۡتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَتَرَكۡتُم مَّا خَوَّلۡنَٰكُمۡ وَرَآءَ ظُهُورِكُمۡۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمۡ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُمۡ أَنَّهُمۡ فِيكُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيۡنَكُمۡ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ ٩٤﴾ الأنعام: ٩٤ .

واتە: ئەوەتا وا هەموتان تاك تاك بێ كەسوكار، بێ عەشرەت و شوێنكەوتوو هاتنەوە بەردەستمان.. ئەوەتا هەروەكو كە یەكەمینجار خەلقمان كردن، هەر ئاوا هاتوونەتەوە: ڕوت و قوت و لاواز و بێ دەسەڵات، بێناز و بێكەس..

هەر چی ئەوی كە پێتانمان بەخشیبوو لەژیانی دنیاتاندا ئەوەتا هەموویتان جێ هێشت و هیچیتان لەگەڵ خۆتان نەهێنا... ئەوەتا هەموتان بێكەس و بێ واسیتەن و تكاكارێك نابینین لەگەڵتاندا هاتبێت (بتەكانتان كە دەتانوت تكامان

لای خوای گەورە بۆ دەکەن)، کوا ئەوانەی کردبوتانن بەهاوبەشی خوای گەورە و دەتانپەرستن؟

هیچ پەیوەندیەکتان نەماوە... نەبەخزم و کەسوکارتانەوە نەبەسەران و شوێنکەوتوانتانەوە، نەبەخوا قەستینەکانتانەوە، هەموویان وێڵ و وەلیان کردوون و ئاواسەرگەردان کەوتوون.. هەموو ئەوەی کە دەتانوت ئێمە تکاکارمان لای خوای گەورە هەیە و مسۆگەرین! هەر لاف و گەزاف دەرچوو.

﴿ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣ ﴾ الممتحنة: ٣ .

واتە: نەخزم و کەسوکار و نەئەولاد و نەوەتان لەڕۆژی قیامەتدا دادتان نادەن و سوودتان پێناگەیێنن، چونکە خوای گەورە هەموتان لێك جودا دەکاتەوە، خوای گەورە بەهەموو کار و کردەوەیەکتان بینایە.

﴿ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ٣٤ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ٣٥ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ٣٦ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ٣٧ ﴾ عبس: ٣٤ – ٣٧ .

واتە: ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکە کە لەتاواندا خەڵکی لەبرای خۆی هەڵدێت، لەدایك و باوکی ڕادەکات، لەهاوسەر و ئەولادی... نەبادا یەکێکیان داوای یارمەتی لێبکات ! چونکە هەرکەسە و مەشغوولی کێشەی خۆیەتی و ناپەڕژێتە سەر نزیکترین و دڵسۆزترین کەسی نزیکی.

خاڵی سێیەم: سیستمی ڕۆژی دوایی كامڵە:

یەکێك لەنوقسانیە سەرەکییەکانی سیستمی ژیانی دنیای ئێمە نەبوونی خەڵاتی سروشتیی و پاداشتی شیاوی ڕەفتارە، پاداشتی دنیایی زۆرجار هیچ پەیوەندی بەڕەفتاری بکەرەکەوە نییە، سزاش هەروەها ..

لەم دنیایەدا دەبینیت کەسێك لەناز و نیعمەتدایە و ڕادەبوێرێت، هەموو حەز

و ئارەزووەكانی دێنێتەدی و بەجۆرەها شێوە خزمەت دەكرێت، لەبەر ئەوە نییە كە كار و ڕەفتاری چاكی كردووە و شایانی ئەم هەموو پاداشتەیە، چونكە دەبینرێت كابرا ستەمكارێكی بەدەسەڵاتە، زاڵم و دەستدرێژكارە، دز و زەوتكارە، حەرامخۆر و سنوور بەزێن و تاوانكارە، كەچی ئاوا كەوتۆتە ناز و نیعمەتی دنیاییەوە.

لەبەرامبەر حاڵەتی ئەمیشدا ملیۆنەهاكەسی تر لەهەمان كات و شوێندا دەبینیت پیاو چاكن، خێرخوازن، چاكسازن، دڵپاك و سەرڕاست،ن كەچی لەكۆتا ئاستی هەژاری و نەداری و چەوسانەوەدان، داماون و تا كۆتایی ژیانیان هەروا لەكوێرەوەریدا دەبن، بێ ئەوەی هیچ پاداشتێكی ئەو هەموو چاكییەیان وەرگرن!.

ئەم نوقسانیە پێویستی بەپڕكردنەوە هەیە، ئەم لاسەنگییە پێویستی بەپارسەنگكردنەوە هەیە، ئەم ستەمكارییە پێویستی بەدادپەروەری هەیە.. هزر و ژیری ویژدان، دادپەروەری و حەقخوازی ئەوە دەخوازێت كە ئەم سیستەمە دنیاییە بگۆڕرێت و بكرێتە سیستمێكی حەق و دادی ڕاستەقینە..

پێویست دەكات كە سیستمێكی وا بێتە جێی كە بڕیاری پاداشت و سزا و خەڵات و ئەشكەنجە دادپەروارانە بدات و هەر كەسەو شایانی چییە ئاوا بیدرێتێ.. هەر دەبێت ئەم سیستمە لاسەنگەی دنیا ڕاست بكرێتەوە قورئانی پیرۆز مژدەی ئەمەی داوە... فەرموویەتی كە سیستمی ڕۆژی دوایی دادپەروەری تەواو كامڵە.

﴿أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾﴾ ص: ٢٨ .

واتە: چما ئێمەش دەبێت ئەو موسوڵمانانەی، كە باوەڕیان هێنا و كردەوە چاكەكانیان كرد یەكسان بكەین بەو كەسانەی هەر خەریكی خراپەكاری و فەسادبوون لەسەرزەمیندا؟

چما دەبێت دیندارانی سەرڕاست و تەقواكاران و خراپەكان و گوناحكاران بخەینە یەك ئاست و جێ؟ چۆن وادەكەین؟!

﴿أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ۝٢١﴾ الجاثية: ٢١ .

واتە: یان ئەو كەسانەی كە تاوان و گوناحیان دەكرد وادەزانن دەیانخەینە ریزی ئەو كەسانەوە كە باوەڕیان هێنا و كردەوە چاكەكانیان دەكرد؟

چما ژیان و مردنی دنیاییان وەكو یەك بوو؟ تا پلە و پاداشتی قیامەتیشیان وەكو یەكی لێ بێت؟! چەند لاسەنگانە حوكم دەردەكەن و ستەمكارانە بڕیار دەدەن ! (كافرەكانی قوڕەیش دەیانوت ئێمەش دیندارین، ئێمەش لەڕۆژی دوایدا وەكو ئەو موسوڵمانانە پاداشت وەردەگرین!).

﴿وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۚ ۝١٣٢﴾ الأنعام: ١٣٢ .

واتە: هەریەكەیان پلە و ئاستی بەگوێرەی كردەوەكانی بۆدیاری دەكرێت، لەبەهەشتدا بێت یان لەدۆزەخدا.

﴿وَأُزۡلِفَتِ ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ ۝٩٠ وَبُرِّزَتِ ٱلۡجَحِيمُ لِلۡغَاوِينَ ۝٩١﴾ الشعراء: ٩٠ – ٩١ .

واتە: بەهەشتی ئامادەكراو لەدیندارانی سەرڕاست و تەقواكاران نزیك كرایەوە و دۆزەخیش نیشان كافرانی تاوانباردرا.

ئەمە سیستمی ڕۆژی دواییە، وەكو كە دینەكەی محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێناسە و باسی دەكات، كە دینی هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی تری خوای گەورەشە- سەلامی خوایان لێ بێت-..

ئەمما ئەو كەسانەی كە گەردوون وادەبینن كە وەكو گەمەی منداڵانە كە كۆمەڵێك ڕووداوی ڕێكەوتی بێ ئەنجام و بێ حیكمەت و بێ مەبەستە، یان مەتەڵێكە و تیایدا دەستەوەستان كەوتوون.. ئەمە بەڕاستی دید و هەڵوێستێكی عەبەسییە.. لەگەڕەلاوژێوە دەست پێدەكات و هەر بەگەڕەلاوژێ و پشێوی كۆتایی دێت..

ئەوانە لەم باسانەی قیامەت و لەو بەڵگە و نیشانانەی دینداران باسی لێوە

دەكەن هیچیان پێ ڕاست و دروست نییە و نایانەوێت هیچ وەسفێكی قبووڵ بكەن، قبووڵ نەكردنەكەش زیاتر لە نەزانین و ملهوڕی و لوتبەرزییەوەیە، نەك لەبەڵگەی هزر و ژیرییەوە بێت، كە بیرمەند و هۆشیاران قبووڵیان بێت.

ئەمـــا ئەو كەسانەی خاوەنی ژیانبینی دینین و باوەڕیان وایە كە ئەم بوونەوەرە هەر لەخۆیەوە بەڕێكەوت و ڕێكەوتن دروست نەبووە، بەڵكو خوای پەروەردگاری تاك و پاك خوای زانا و دانا و كاربەجێ، خوای زیندوو چاودێر و سەرپەشتیار خەلقی كردووە ..

ئەمانە كە دەڕواننە بەڵگەكانی هەبوونی دوارۆژ باوەڕیان پتەوتر دەبێت و قەناعەتیان زیاتر دەچەسپێت، چونكە لەو باوەڕەدان كە ڕۆژی دوایی زەروورەتێكی دادپەروەرییە.. هەر دەبێت سیستمێكی كامڵی حەقخوازی و دادپەروەری لەجیاتی سیستمی لاسەنگی دنیایی بێتە كایەوە كە تەواو بێت، پێشبردتربێت، ڕاقیتربێت و بەهەموو شێوەیەك ئومێدی دادپەروەرێتی تەواوی پێ بێتەدی.. مادام ژیانێكی تری دوای مردن هەبێت پێداویستی مرۆڤ بەم ڕۆژە لەوە زۆرترە كە هەر بەس بێت..

چونكە باوەڕبوون بەخوای تاك و پاك و دانا و كارزان، خوای كردگار و هەڵسوڕێنەری ئەم بوونەوەرە، ئەو ئومێدەی تێدا بەهێزتر دەبێت كە ڕۆژێكی تر دیاری بكات تا لەخەڵكی بپرسێتەوە.. تا پاداشتی پیاوچاكان بداتەوە و سزای پیاو خراپان بدات.

ئەوەی لێرەدا زیاتر جەختی لێدەكەینەوە و ئاشكرا و ڕاشكا و ڕایدەگەیێنین ئەوەیە، كە ئەوپێناسە و باس و وەسفەی قورئان بۆ ڕۆژی دوایی و سیستم و بارودۆخی ئەوێ كردوێتی شتێك نییە لەهزر و ژیری دووربێت وەكو ماددییەكان دەڵێن، بەڵكو هەمان خاڵی جەوهەرییە كە هزر و ژیری بەزەروورەتی دەزانێت .. تا زانستیش زیاتر بەرەو پێش بچێت ئەمە زیاتر دەچەسپێنێت، زانستی قووڵ و جێگیر، نەك تیۆری سەتحی و خۆنەگرتوو.

بڕگەی شەشەم:
مرۆڤ پێویستی بەباوەڕهێنانە بەقیامەت:

لەم بڕگانەی رابردووەوە دەردەكەوێت، كە هەبوونی ڕۆژی دوایی و هاتنی دوای ئەم ژیانەی دنیامان شتێكی مومكینە و باوەڕپێكردنی شایانترە وەك لەباوەڕپێنەكردنی، چونكە هزر و ژیری و حیكمەت و دانایی ڕۆژێكی وا دەخوازن، ژیری بەمەرجێك ساغ و سەلیم و ئازادبێت و زانست بەمەرجێك حەقیقی بێت ڕێ لە باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی ناگرن بەو شێوەیەی، كە قورئان نیشانیداوە، كە زیاتر موناقەشەی هزر و ژیری دەكات و هانیدەدات بۆ باوەڕ پێهێنان و خۆ ئامادەكردن بۆی.

لێرەدا پرسیارێكی تر دێتە پێشەوە: چەند پێویستیمان بەڕۆژی دوایی هەیە؟ بۆچی ئیسلام باوەڕهێنانی بەقیامەت كردۆتە ڕوكنێكی ئیمان؟

بۆچی قورئان ئەوەندەی جەخت لێكردۆتەوە؟

بۆچی لەسەرەتای بانگەواز و دەستپێكی موسوڵمانبوونەوە باسی دەكات تا كۆتا ساتی ژیانی مرۆڤ هەر تەئكیدی لێدەكاتەوە؟

بەشێوەیەك كە موسوڵمانێتی لەكەس قبوڵ ناكات ئەگەر باوەڕی پێی نەبێت... هەڕەشەی ئەوەی لێكردووە كە ئەگەر باوەڕی پێنەهێنێت كار و كردەوەكانی پووچەڵ دەبنەوە.

ئەگەر بەوردی سەرنجبدەینە باسەكانی ڕۆژی دوایی كە قورئان و سوننەت باسی لێوە دەكەن، ئەگەر بەبایەخدانەوە لێكۆڵینەوەی جیددییان دەربارە بكەین دەبینین ،كە ئیسلام باسی ڕۆژی قیامەت تەنها لەدیدی فەلسەفی و مەعریفییەوە ناكات، بەڵكو پەیوەستی دەكاتەوە بەهەموو ڕەفتار و ڕەوشتێكی موسوڵمانەوە، بەشێوەیەكی چارەنوسسازانە وایلێدەكات هەموو هەڵسوكەوتی وا بگۆڕێت كە

لەقیامەتـدا بەرپرسـێتی نەكەوێـتە سـەر و تاوانبـار نەبێـت، بـۆیە كـاریگەری باوەڕهێنـان بەڕۆژی دوایـی لەسـەر موسـوڵمان ئیجگـا زۆر و گـرنگە چـونكە گۆڕنكاری ڕیشەیی لەدید و ڕەفتاریدا دروست دەكات..

جـارێ هەر لەسـەرەتاوە وا لەم موسـوڵمانە دەكـات كە وانەزانێـت لەژیانیـدا ئازادە و بۆی هەیە بەكەیفی خۆی هەرچی ویست بیكات... نا، دەبێ ئەوە بزانێـت كە لەژێر چاودێریدایە و هەموو مەبەست و نیاز و گوفتار و كـردار و بـزاوت و هەڵوێسـتێكی لەسـەر دەنوسرێـت و هەر هەمـووی بـۆ دەهێنرێـتەوە پێشـی و موحاسـەبە دەكرێـت لەسـەریان... كە ئەم قەنـاعەتەی بەناخـدا بـۆ دروسـتبوو، هەست دەكات چاودێرێكی خۆیی (رقیب ذاتی) لەگەڵدایە و لێی جیانابێتەوە..

ئینجا دەكەوێـتە سـەر ئەو بـاوەڕە: كە سـەرفرازی یـان ڕسـوایی داهـاتووی بەڕەفتارەكانی ژیانی دنیایەوە بەندە.. ئەگەر لێرە پیاوچاكانە هەڵسـوكەوتی كـرد لەقیامەتدا ڕووسوور و سەرفراز دەبێت، ئەگەر پیاوخراپانە هەڵسـوكەوتی كـرد لەقیامەتدا ڕوورەش و ڕسوا دەبێت.

بەپێچەوانەی ئەم كەس و باوەڕەوە.. ئەگەر كەسێك باوەڕی بەهاتنی ڕۆژی دوایی و بەرپرسیارێتی ئەوێ نەبوو هەروا ڕەفتار دەكات كە ئازاد و سەربەستە و هەرچـی بیەوێـت دەیكـات مـادام لەتوانایـدا بێـت و بـواری هەبێـت لەهـیچ ناگەڕێتەوە، هەست بەبەرپرسێتی ڕەفتاری ناكات، خەمی قیامەتی لەبەرنابێت و لەئەنجـامی كارەكـانی ناترسـێت، چـونكە بـاوەڕی وانیـیە ،كە ئەوە بكـات كە پێیدەوترێت: چاكە شتێكی چاكە و پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە، یان خۆ لەوە لادات كە دەوترێت خراپە تا سزای لەسـەر وەرنەگرێـت.. ئەم بـاوەڕی بەم دیـد و تێڕوانینە نییە بۆیە ناكەوێتە ژێركاریگەرێتییەكەیەوە.

ئەو كەسەی كە باوەڕی بەڕۆژی قیامەت نییە، هیوا و ئاوات ناخـاتە سـەر ئەنجـامی گوفتـار و كردارەكـانی دنیـای كە لەقیامەتـدا پاداشـتیان لەسـەر وەربگرێـت.. هەر چـاوی لەو سـوودەیە كە لەدنیـادا سـەرەنجامی ڕەفتارەكـانی

دەستی دەكەوێت، كە ژەهر ناخوات و دەست ناخاتە ئاگرەوە لەبەر ئەوەیەتـی كە ئەنجامە دنیاییەكەی مردن و زیـانی خـۆیەتی.. بەهەمـان شـێوە كاتێـك لەدرۆ و دەلەســە و خیــانەت و غەدر و دووزمــانی و زینــا و خراپەكارییەكــانی تــر خۆدەگرێتەوە لەبەر ئەوەیەتی، كە كاردانەوەی زیانبەخشیان لەدنیادا لەسەر نـاو و بەرژەوەنــدییەكانی دەبێــت، نەك لەبەر ئەوەی حەرامــن و لەڕۆژی دوایــدا موحاسەبە دەكرێت لەسەریان.. لەمەیان ناترسێت..

بۆیە لەهیچ خراپەیەك ناگەڕێتەوە.. لەهەر كات و شوێنێكدا هەلی دزیـی بـۆ ڕێكەوێت و وابزانێت، كە كەس نایبینێت دەیكات، ئەگەر زانـی خەڵـك چاویـان لێیەتی یان دواتر كەشف دەبێت و سزا دەدرێت لەسەری ناوێرێت بیكات چونكە بەرژەوەندی لەدەسـت دەچێـت.. لەم نمـوونەوە بـڕوانە هەزاران هەزار ڕەفتـاری لاسەنگ و خراپەكـارانەی تـری، كە ئەگەر چـاودێری لەسـەر نەمـا چـۆن خێـرا دەیانكات.

ئەوەی لێرەدا دەیگەینـێ ئەوەیە :كە ئەو كەسـەی بـاوەڕی بەقیـامەت هەیە پێناسەی چاك و خراپ لەخۆیەوە ناكات، بەڵكو بەپێی دینەكەی دەبێت، ئەمما ئەو كەسەی باوەڕی بەقیامەت نییە حەتمەن پێناسەی چاك و خـراپ لەخـۆیەوە یـان لەهاودیــدودینی خــۆیەوە دەكــات.. پــاڵنەری ناخیشــی دەركەوتنــی ئەنجــامە نزیكەكەی ڕەفتارەكەیەتی نەك ئەنجامی قیامەتیانە.

ئەمما ئەو كەسەی كە بـاوەڕی بەهـاتنی ڕۆژی دوایـی و موحاسـەبەكردنی ئەویٚ هەیە، هەر ئەوەندە نییە كە ئومێـدی بە بەشـێك لەئەنجـامی ڕەفتارەكـانی لەدنیادا هەیە، چونكە ئومێدی هەرە سەرەكی و گەورە و گرنگی ئەنجامەكانێتی كە لە ڕۆژی دوایدا دەسـتی بكەوێـت، ڕەفتـاری دنیـای بەهیـوای دەستخسـتنی بەرژەوەندی دنیایی نییە، ئەوەی پێی گرنگە لەدنیادا كە دید و تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێستەكانی شەرعی بن، تا لەقیامەتدا پاداشتیان لەسەر وەربگرێت.

كاروبار و ڕەفتاری دنیاشی كاتێـك بەچـاك دەزانێـت كە بزانێـت پاداشـتیان

لەسەر وەردەگرێت، كاتێكیش بەخراپیان دەزانێت كە بزانێت لەڕۆژی دوایدا سزا دەدرێت لەسەریان لەدنیادا هەر وەكو كە دڵنیایە ژەهر كوشندەیە و ئاگر سوتێنەرە بەهەمان یەقینیش دڵنیایە كە درۆ و دەلەسە و خیانەت و غەدر و دووزمانی و زینا و خراپەكارییەكانی تر هەموویان ڕەفتاری دژوارن و سزای سەختیان لەقیامەتدا لەسەرە .

بۆیە بەهەموو شێوەیەك وەكو كە خۆی لەژەهر و ئاگرەكە لادەدات – خۆی لەم ڕەفتارە خراپانەش لادەدات چونكە دڵنیایە، كە زیانیان هەیە، بەهەمان شێوەش، كە دڵنیایە كە نان و ئاو سوودیان هەیە بۆی، دڵنیایە كە دەستپاكی و دادپەروەریش سوودیان بۆی هەیە..

دڵنیایە كە هەموو ڕەفتارێكی ئەنجامێكی لەتوخمی خۆی هەیە چاكی چاكی لێدەكەوێتەوە و خراپیش سزای بەدوادا دێت، ئەگەر لەدنیاشدا چاكی لەچاكەكارییەكان نەكەوێتەوە ڕەشبین نابێت، چونكە دەزانێت لەسیستمی دادپەروەری حەق و دادپەروەری قیامەتدا غەیری پاداشتی نابێت.

لەم ڕوانگەوەیە، كە دینداری سەرڕاست و قیامەتخواز ڕەفتار و ڕەوشتی پارسەنگترە، ڕاستگۆ و سەرڕاستە، بەوەفا و دڵسۆزە، دادپەروەر و حەقخوازە، ئەگەرچی هیچ پاداشتێكی ئەم ڕەوشتبەرزییەی لەدنیادا وەرنەگرێت لاسەنگ نابێت و ناگۆڕێت، چونكە هیوای بەپاداشتی خوای گەورەیە...

گەورەترین پاداشتیشی لێ ڕازیبوونێتی، خۆشی لەدرۆ و دەلەسە و بێ وەفایی و ستەم و دەستدرێژی و هاوشێوەیان دوردەخاتەوە، ئەگەرچی دڵنیاش بێت كە لەدنیادا قازانجی دەستدەخەن .. چونكە لەسزای خوای گەورە دەترسێت، گەورەترین سزاش لێ ڕازینەبوونێتی.

ئەمە مانای ئەوە نییە، كە هەر كەسێك باوەڕی بەزیندووبوونەوە و بەڕۆژی دوایی نەبوو، ئیتر دید و هۆشی خاڵی بێت لەهەموو تیۆرێك دەربارەی

سروشت و دوای سروشت، بەڵكو مانای ئەوەیە: كە لەڕۆژی دوایی بێئاگایە، یان بێهۆش و گۆشە و گوێناداتە هیچ بەرپرسێتیەكی قیامەتی، چونكە وادەزانێت ئەو بەرپرس نییە، بارودۆخەكە وای خواستووە! یان بەژیانی دنیای ڕازییە و تەماعی دوورتری نییە، یان بەدنیا هەڵخەڵەتاوە و وادەزانێت ژیانی دنیا هەموو شتێكە..

بەڵام لەڕاستیدا دیدلێڵ و بێ هیمەتە، سوودی كەمی دنیایی پێ پەسەندترە لەسوودی نەبڕاوەی قیامەت و هەوڵ بۆ ئەولای نادات، چونكە ئەوەندە نەبۆتە جێبایەخی، تا خۆی بەدوودا ماندووبكات! تا بكۆڵێتەوە و دیراسەی هەبوون و هاتنی بكات... سەتحیانە خۆی لێ بێ خەم كردووە! دەڵێی قیامەتی بەسەردا نایات! ئەم كەسە بەها و نرخی هەر بۆ شتی بەردەستی دنیایی داناوە و لەنرخاندنی بەها قیامەتییەكان خۆی گێل كردووە.. خۆی مەحروم كردووە..

مەحڕومە لەڕێسا ئەخلاقییەكانی دنیا ،كە پارسەنگ ڕایدەگرن، مەحرومە لەپاداشتی قیامەتی كە لەسەر ئەو ڕێسا ئەخلاقیانە دامەزراوە..

بۆیە ئاوا لەدنیادا مەغرورانە ڕەفتار دەكات، كە دەوڵەمەندە وادەزانێت هەموو دنیا هی ئەوە و پێویستی بەقیامەت نییە.. كە هەژارە، چاوی كورتبینە و هەر ئەوەندەی دەوێ لەدنیادا تێروپڕبێت بەسێتی و گوێ بەقیامەتی نادات!

ئەم كەسە سوودی حەقیقی و زیانی حەقیقی ناناسێت، چاكە و خراپەی لێ تێكەڵبووە.. زۆرینەی جار چاكە بەچاكە نابینێت و خراپە بەخراپە نابینێت، چونكە لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە پێناسەیان دەكات، قورئان ئەم دید و هەڵوێستە بەنەفامیی و ساویلكەیی و گێلێتیی دادەنێت ..

بۆیە باوەڕنەبوون بەڕۆژی دوایی دەكاتە هۆكاری سەرەكی ئەو نەفامێتیی و گێلێتییە و هەموو سیفەتە بەدەكانی ڕەفتار و ڕەوشت وەكو مەغروریی و لوتبەرزیی و تەماعكاریی و دەستدرێژیی و .. خراپەكارییەكانی تر... قورئان

ئاماژە بەهەموو ئەم جۆرە ڕەفتارە لاسەنگە سنوور بەزاندنانە دەدات و زەمی بكەرەكانیان دەكات و دەیسەلمێنێت كە هۆكاری هەموویان باوەڕنەبوونەكەیە بەڕۆژی دوایی..

بۆنموونە:

١ - مرۆڤ كە باوەڕی بەڕۆژی دوایی نەبوو، یان سەتحیانە دەیوت هەیە، بەڵام خۆی بۆ لێپرسینەوەی ئەویٚ ئامادە نەدەكرد، كەسی وا وانازانێت لەژێر چاودێریدایە، یان سبەینیٚ موحاسەبە دەكرێت، وادەزانێت ژیانی دنیا هەر ئەمەی بەردەستێتی و كە ئەنجامی نییە.

﴿ أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ ﴾ القيامة: ٣٦ .

واتە: چما مرۆڤ وادەزانێت بەهەوانتە خەلق كراوە و هەروا هەوانتەش وەلدەكرێت؟!

﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٥ .

واتە: چما وادەزانن هەروا بەهەوانتە خەلقمان كردوون و ناگەڕێنەوە لامان؟!

﴿ أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ ﴿٥﴾ يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالًا لُّبَدًا ﴿٦﴾ أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُ أَحَدٌ ﴿٧﴾ ﴾ البلد: ٥ – ٧ .

واتە: ئەریٚ ئەم مرۆڤە ساویلكەیە وادەزانێت هیچ یەكێك توانای بەسەریدا ناشكێت؟!

دەڵێ: سەروەت وسامانێكی زۆرم لەدژایەتی محمددا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خەرج كردووە.. چما وادەزانێت هیچ یەكێك نەیدی؟! بەدییی... خوای گەورە دەیبینی و هەمووی لەسەر تۆمار دەكرد.

٢ -ئەم كەسە سادەیە، كە باوەڕی بەڕۆژی دوایی نییە و نایەوێت توێژینەوەیەكی لەسەر بكات یان سەتحیانە دەڵێ: هەیە، بەڵام گوێی پێنادات،

هەمــوو وزە و تواناكـانی بۆسـوودی دنیـایی خـۆی بەگەڕدەخـات و چـاوی هەر لەچێژەكـانی دنیـایە، لەسـاویلكەیی خۆشـیدایە كە وادەزانێـت ئەوانەی دەسـتی لێیان گیردەبێت ئەنجامە حەقیقییە كۆتاییەكانن..

بـۆیە لەو ڕوانـگە لێـڵ و هەڵەیەوە جۆرەهـا دیـد و بۆچـوون و بـزاوت و هەڵوێستی هەڵە و ناڕەوا دەگرێتەبەر، خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ:

﴿يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ٧﴾ الروم: ٧ .

واتە: تەنها ڕواڵەتی ژیانی دنیا دەزانن، دەنا لەهەواڵی ڕۆژی دوایی بێئاگان.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ٧ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٨﴾ يونس: ٧ – ٨ .

واتە: ئەو كەسـانەی كە ئومێـدیان بەدیـدارمان نیـیە (چـونكە باوەڕیـان بەقیامەت نییە، یـان سـەتحیانە دەڵـێن: هەیە، بەڵام خـۆی بـۆ ئامـادە نـاكەن) و بەژیانی دنیـا رازی بـوون لەجیـاتی ژیـانی دوا ڕۆژ (كە نكـوڵی لێـدەكەن) كە بەدنیا دڵخۆشـبوون و پێـی سرەوتـوون، ئەوانەی لەبەڵـگە و نیشـانەكانمان (كە لەسەر تەوحیدن) بێئاگابوون، ئەوانە بەهۆی ئەو شیرك و كوفر و دووڕووییەوە، كە تێیكەوتوون، بەهـۆی ئەو گونـاح و تاوانـانەی، كە مومارەسـەیان كـردوون، حەتمەن دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە، ئەوێ جێ سوكنایان دەبێت.

﴿وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ ٥١﴾ الأعراف: ٥١ .

واتە: ئەوانە ژیانی دنیا بوغرای كردوون و هۆشیان لەهیچی ترنەماوە.

﴿كَلَّا بَلۡ تُحِبُّونَ ٱلۡعَاجِلَةَ ٢٠ وَتَذَرُونَ ٱلۡأٓخِرَةَ ٢١﴾ القيامة: ٢٠ ٢١ .

واتە: نا، نەخێر، ئێوە ژیانی دنیاتان دەوێـت و قیامەتتـان وەل دەكەن، هەوڵـی بۆنادەن.

﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ١٧﴾ الأعلى: ١٦ – ١٧ .

واتە: بەڵام ئێوە ژیانی دنیاتان پێ لەپێشتر و چاکترە بەڵام لەڕاستیدا ژیانی ڕۆژی دوایی چاکترە و هەر دەمێنێت، چونکە نەبڕاوەیە.

٣ -ئەنجامی سروشتیی مەغروربوون بەدنیا و نەدیتنی غەیری ئەو، حساب نەکردن بۆ غەیری ڕواڵەتی دنیایی، کەمبوونەوەی بەها مەعنەویەکانی ڕەفتار و ڕەوشت و قیيەمە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت ... چونکە گرنگێتی هەر بەدەسکەوتی دنیایی دەدات و هەر ئەوی بەلاوە بەنرخ دەبێت، بۆیە بنەما و ڕێسا ئەخلاقییەکانی پێ گرنگ نابن، مەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان لەخزمەتی دنیاویستییەکەیدا بن دەنا، نا.

لەم ڕوانگەوە ئەو ڕەفتارانەی خۆیان لەخۆیاندا بەد و زیانبەخشن، ئەو بەچاك و سوودبەخشیان دەبینێت مادام سوودی خۆی تێدایە (وەکو لەشفرۆشی ئافرەت کە ئەو پارەکەیان وەربگرێت)، بەپێچەوانەشەوە، ئەو ڕەفتارانەی چاك و سوودبەخشن، ئەو بەخراپ و زیانبەخشیان دەبینێت مادام سوودی خۆی تێدا نییە (وەکو دروست کردنی مزگەوتێك)، لەم دیدە لێڵ و ڕێ وێڵەوە خۆی لەهەموو پڕۆژەیەکی چاکسازی دەبوێرێت و پشتیوانی لەهەموو پڕۆژەیەکی خراپەکاری دەکات [1].

---

(١) قیامەتخوازی سەرچاوەی هەموو خێر و چاکە و چاکسازییەکە، سەرچاوەی یاسا و ڕێسا و دەستووری دەوڵەت و بنەمای قییەمی کۆمەڵگە و ڕێسای ڕەفتار و ڕەوشتی تاك تاكی خەڵكیشە.. پەیوەندییەکانی تاکوکۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت لەڕوانگەی قیامەتخوازییەوە دەبەسترێت و هەڵدەوەشێتەوە، نەك پەیوەندی سیاسیی و ئابووریی.. بەپێچەوانەشەوە: بڕوانە واقیعی زلهێزە دنیا ویستەکانی سەردەم، بەهیچ پەیمان و بەڵێن و ڕێکوتنێکی خۆشیانەوە پابەند نابن ئەگەر بەرژەوەندی ماددیان لەشتێکی تردابوو..

﴿ قُلۡ هَلۡ نُنَبِّئُكُم بِٱلۡأَخۡسَرِينَ أَعۡمَٰلًا ۝١٠٣ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعۡيُهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ يَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ يُحۡسِنُونَ صُنۡعًا ۝١٠٤ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا ۝١٠٥ ﴾ الكهف: ١٠٣ – ١٠٥ .

واتە: بفەرمووـ: ئەرێ پێتانڕابگەیێنم ،كە ئەو كەسانە كێن، كە گومڕابوون و كاروكردەوەكانیان لێ وەرنەگیرا؟

ئەوانە ئەو كەسانەن: كە بەرهەمی ڕەنجی دنیایان پووچەڵ دەرچوو، كە هەر وایان دەزانی بەرهەمی خێرخوازی و چاكەیە و پاداشتی لەسەروەردەگرن! بەڵام وادەرنەچوو، ئەوان خۆیان وایان دانابوو، كە كاری چاك دەكەن، بەڵام چونكە باوەڕیان بەئایەتەكانی خوای گەورە (كە لەوەحی و نیشانە و دیاردە گەردوونییەكاندا ڕوون دەكرایەوە) نەهێنا.. باوەڕیان بەدیداری خوای گەورە نەبوو، باوەڕیان بەزیندووبوونەوە و قیامەت نەبوو، ئیتر ئاوا كار و كردەوەكانیان پووكایەوە و دادی نەدان.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗاۚ وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ۝٨٠ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ۝٨١ ﴾ القصص: ٨٠ – ٨١ .

واتە: كاتێـك (قـارون) بەدیمەنـی دەوڵەمەنـدی خـۆیەوە دەركەوت، ئەوانەی دنیاویست بوون بەسەرسامییەوە وتیـان: ئـای خـۆزگە ئـێمەش وەكـو (قـارون) دەوڵەمەند بووینایە و ماڵ و سامان و پلە و ناوی وەكو ئەومان بدرابایا، بەڕاستی قارون بەختی چاكە و زۆری هەیە!...

بەڵام ئەوانەی خـاوەن زانسـتی شـەرعی (زانیارییەكـانی وەحیـی) بـوون فەرموویان: داماوینە!ئەوە چی دەڵێن؟

پاداشتی خوای گەورە چاكترە بۆ ئەو كەسـانەی باوەڕیـان هێنـاوە و كـردارە چاكەكانیان كردووە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ ۝٤ ﴾ النمل: ٤ .

واتە: ئەو كەسانەی باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نەهێنا لێدەگەڕێین حەزی سەركەش و هەواوهەوەسیان ڕەفتارە بەدەكانیان لا جوانبكەن و بكەونە تاوانەوە كە خۆیان بە چاكیان دەزانن .. ئەوان لێیان تێكەڵبوو و پێیان وایە كرداری چاك دەكەن، بەڵام وانیە.

﴿أَيَحۡسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٖ وَبَنِينَ ۝٥٥ نُسَارِعُ لَهُمۡ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ بَل لَّا يَشۡعُرُونَ ۝٥٦﴾ المؤمنون: ٥٥ – ٥٦ .

واتە: چما ئەوانە وا دەزانن ئەو سەروەت و سامان و ئەولاد و وەچەیەی لەدنیادا پێیان دەبەخشین، بەرهەم و سوود و بەرژەوەندییان ئاسان و زوو وەدەست دەخەین، ئەمە هەمووی لەقازانجیانە؟

نا، ئەوە شێوازی ئیستیدراجانە، كە ڕایاندەكێشینە بازنەی مەغروریی و دنیاویستیەوە و سەرەنجام شایانی سزای حەقی بەدكارێتییەكانیان دەبن.

٤ -كەسی وا بێ باوەڕ بەقیامەت ئەستەمە ڕێسای دین و ئەحكامی شەرع قبووڵ بكات، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو كە پێیدەووترێت: ڕەوشتبەرزێتیی و ڕەفتاری چاكە بنوێنە قبووڵی نییە، كە پێیدەوترێت: پارسەنگانە هەڵسوكەوت بكە پێی ڕەفزە، چونكە خۆی بەزاناتر و چاكتر و ڕاستتر دەزانێت یان كەللەرەقە و گوێناداتێ..

كەچی لەبەرامبەردا هەموو دید و تێڕوانینێكی باتڵی پێ قبووڵە، هەموو ڕەفتار و ڕەوشتێكی ناپەسەند دەگرێتەخۆ و بەهەموو بزاوت و هەڵوێستێكی ناڕەوا سەرسامە و دەیگرێتەبەر! چونكە دەزانێت دین و دینداریی پابەندبوون و پارسەنگین، قبوڵ كردنی دین قبوڵ كردنی قوربانیدانە، لەدەستدان و تەنازول كردنە لەهەندێ حەز و چێژ و ئارەزووەكانی ژیانی دنیا...

قوربانیدانی گەورەی دینداری ئەوەیە: كە لەهەموو شتێكدا بەرژەوەندی ڕۆژی دوایی دەخاتە پێش بەرژەوەندی دنیاییەوە، كە ئاسان دەسبەرداری دەبێت

و لەبەرخاتری قیامەتی نایەوێت.

ئەوکەسەی، کە نکوڵیی لەهەبوونی ڕۆژی قیامەت دەکات، عادەتەن ئەنانی دەبێت و ئامادە نابێت لەپێناوی کەسێکی تردا قوربانی بدات، یان تەنازول لەمافێکی خۆی بۆ کەسێکی تر بکات و، ڕقی لە هەموو داواکارییەکی دین دەبێتەوە ،کە داوا بکات قیامەت پێشتر رەچاو بکرێت تێیدا..

بەکورتی داواکاری دین لەجەمسەرێکە و دنیاویست لەجەمسەری بەرامبەری: خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٤٦﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآءِ ٱلْءَاخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤٧﴾﴾ الأعراف: ١٤٦ – ١٤٧ .

واتە: هەموو بەڵگە و نیشانەیەکی هیدایەتدان و ڕێنمایی ڕێگای ڕاست لەو کەسانە لادەدەم، کە بەلوتبەرزییەوە دەڕواننە دین و دینداری و عەبدێتی خوای گەورە (هیدایەتیان نادەم)، چونکە بەناهەق ئەو دید و هەڵوێستە مەغرورانە دەگرنەبەر، ئەوانە هەر ئایەتێکی وەحیی، یان هەرنیشانەیەکی گەردوونی رەفزدەکەنەوە، کە ببێتە مایەی هیدایەتدان و موسوڵمانێتیان، کە بەرنامە و ڕێبازی هەقی خواویستی دەبینن خۆی لێ لادەدەن و نایگرنەبەر، کەچی هەر دیدو هەڵوێستێکی لەخوا یاخیبوون ببینن دەیگرنەبەر و خۆ دەکەنە خاوەنی!

چونکە بەڵگەکانی وەحیی و نیشانەکانی ژیان و گەردوونیان بەدرۆ دەخستەوە، کە وەسفی سیفەتەکانی خوای گەورە دەکەن و لێیان بێئاگادەبوون، ئەو کەسانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆخستەوە و باوەڕیان بەدیداری قیامەت نەهێنا، هەموو کارو کردەوەکانی دنیایان، هەر چەند چاکەبووبن پووچەڵ بۆتەوە.

٥ - بــاوەڕنەبوون بەڕۆژی دوایـــی – كە ســارچاوەی بەدكــارییە – حەتمەن لەهەموو لایەن و ڕەهەنـدەكانی ژیـانی كەسـەكەدا عەكـس دەبێـتەوە، لەدیـد و تێڕوانین و لەبزاوت و هەڵوێست و لەڕەفتار و ڕەوشت و لەجۆری پەیوەندیەكان و هەموو چالاكییەكانیدا، نابینیت خوای گەورە چۆن دەفەرموێ:

﴿فَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٞ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ ٢٢﴾ النحل: ٢٢ .

واتە: ئەو كەسانەی باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نیـیە، دڵ و دەروونیـان هەمـوو شتێك ڕەفزدەكاتەوە (و نكوڵی لەحەقیقەتەكانی وەحی دەكات) و زۆر لوتبەرز و بەدەعیەن.

﴿ وَٱسۡتَكۡبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ إِلَيۡنَا لَا يُرۡجَعُونَ ٣٩ ﴾ القصص: ٣٩ .

واتە: فیرعەون خۆی و حاشیە و سەربازەكانی ڕەفتاری لوتبەرزانەیان نواند و بەهەوا و فیزەوە زۆر بەناهەق وەحییـان ڕەتكـردەوە و وایانـدەزانی نـاگەڕێنەوە لامان.

٦ بێگومان هەڵسوكەوت و ڕەفتاریشی لەگەڵ خەڵكیدا دەگۆڕێـت، هەڵـپەی دنیایی زۆرتر دەبێت و ئەنانیانە هەموو شتێكی بۆخۆی دەوێت با بەپێشـێلكردنی مافی بەرامبەرانیشی بێت.

﴿ وَيۡلٞ لِّلۡمُطَفِّفِينَ ١ ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكۡتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسۡتَوۡفُونَ ٢ وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ٣ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبۡعُوثُونَ ٤ لِيَوۡمٍ عَظِيمٖ ٥﴾ المطففين: ١ – ٥ .

واتە: دۆزەخ بۆ ئەو كەسانەی سووك كێشن لەتەرازووی مامەڵەیاندا، كاتێك شتێك بۆخۆیان دەبێت بەتەواوی كێشانە و پێوانەی دەكەن، كە بۆخەڵكی تریش دەبێـت سـووكتر دەیكێشــن و كـورت دەیپێـون.. چما ئەوانە لەوە دڵنیـا نـین كە ڕۆژێـك دێـت زینـدوو دەكـرێنەوە و موحاسـەبە دەكـرێن.. ڕۆژی قیـامەت كە

بەڕاستی ڕۆژێکی گەورە و سامناك و دژوارە.

کەسی وا دڵڕەق و دڵڕەشە، دید لێـڵ و ڕێ وێـڵ و بەرچـاوتەنگە، ریابـاز و خۆهەڵکیشە، هیچی لەدەست نابێتەوە و نابەخشێت تا دڵنیـا نەبێـت کە سـوودی پێدەگاتەوە.

﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ٣ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾ الماعون: ١ – ٧ .

واتە: ئەرێ ئەو کەسە نابینیت، کە دین بەدرۆ دەزانێت چۆن ڕەفتار دەکـات؟ دەبینیت چـۆن پـاڵ بەهەتیـوەوە دەنێـت و بەزەیـی بـۆی ناجوڵێـت؟ دەبینیـت کە هەرگیز نە خێر دەکات و نە هانی خێرەومەندی دەدات؟!

وەیـل (دۆڵـێکە لەدۆزەخ یـان جـۆرە سـزایەکیەتی) بـۆ ئەو نوێژخوێنـانەی لەنوێژەکانیان بێئاگان.. ئەوانەی ریابازیی و ئامادەی یارمەتیدانی کەس نابن!

کورتەی باس ئەوەیە: کە مرۆڤێك کە سنووری حەق دەبەزێنێت و نایەوێت تەسلیمی ببێت، بێگومان دەکەوێتە جۆرەها تاوان و خراپەکارییەوە، کەسـێك کە باوەڕ بەدواڕۆژ ناهێنێت ئامادەیە هەموو دەستدرێژییەك بکات: ﴿وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ ١٢﴾ المطففين: ١٢ .

واتە: کەس باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی بەدرۆناخاتەوە، مەگەر گوناحکارێکی دەستدرێژکارو سنووربەزێن.

هەبوونی کەسانی ئاوا ،کە ئەوە هەنـدێك لەسـیما و سـیفاتیانە لەوانەی، کە باوەڕیان بەڕۆژی دوایی نییە، کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، مەگەر گەوج و موستەهتیر و بـێ گـوێ ... دەنـا کەسـانی وا لەهەمووکـات و شـوێنێکدا هەن و دەیـان سـیفەت و ڕەفتـاری وا ناقوڵایـان – لەحـاڵەتی بـێ دەسـەڵاتییاندا –

لێدەبینرێت، ئەمما کاتێك دەسەڵاتدار دەبن ،هەر دەبنە دڕنـدە و هـیچ سـیفەتێکی مرۆڤایەتییان پێوە نامێنێت، ئێمە لەم سەردەمەماندا ،کە هەموو دید و ڕەفتارێـك لەسەر دنیا ویسـتیی و ماددەپەرسـتیی دامەزراوە زۆرمـان بینـی، کە نـاتوانین بڵێــین: ئەوکەســەی بــاوەڕی بەڕۆژی دوایــی نیــیە، دەشــێت حەقخــواز و چاکسازبێت، بۆیە بەقەناعەتەوە دەڵێین: ئەو کەسەی باوەڕی بەقیـامەت نەبێـت پاسەوانی حەق و دادپەروەریی پێناکرێت.

برگەی حەوتەم:
حەق و دادپەروەریی بێ باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی نایەنەدی:

ئێستا وەرە با دید و تێڕوانینی ئیسلامت نیشان بدەم ،کە چۆن ئەم ڕەفتارانە پارسەنگ ئاڕاستەدەکات، کە چۆن ڕەوشت بەرزیی و چاکسازیی دەکاتە سیما و سیفاتی شوێنکەوتوانیی و لە (ئەنانێتی) قوتاریان دەکات و، ئامادەن لەبەرخاتری ڕەزامەندی خوای گەورە دەست لەجۆرەها بەرژەوەندی و سوود و حەز و چێژی دنیاییان هەڵگرن و بۆ کەسانی تری لێگەڕێن.

کاتێك موسوڵمان بەخواویستیی پەروەردەدەبێت و لەپەرستنیدا گۆش دەبێت و دڵ و دەروونی بەقورئان و سوونەت پاڵفتە دەبێت، دڵنیا دەبێت، کە هیچ ئەنجامێکی دنیایی ئەوەندە گرنگ نییە، تا زیاتر لەقیامەت هۆشی بخاتە سەر و ڕەنجی بۆ بدات..

دڵنیا دەبێت ئەو نارەحەتیی و کێشە و ناسۆرانەی لەژیانی دنیایدا لەبەرخاتری خوای گەورەی دەیچێژێت، هیچ نین بۆ سەرکەوتنی دین و دینداریەکەی و ڕازیکردنی خوای گەورەی...

موسوڵمانی خواناس پارسەنگە، حەڕام و حەڵاڵ لێك هەڵداوێرێت و خۆ ناخاتە حەڕامەوە، ئامادەی تەنازول کردنە لەزۆر مافی خۆی بۆ کەسانی تر، ئامادەی لێبوردن و بەخشین و قوربانیدانە، زۆر لەچێژ و حەزەکانی خۆی دەگرێتەوە و ناهێڵێت ببنە پاڵنەری شەڕەپاڵ لەسەر دنیا و چێژەکانی دنیا..

بۆ پارسەنگ ڕاگرتنی ڕەفتار و ڕەوشت و پاڵفتەکردنی دەروون و گەشەی ڕۆحی خۆی واز لەزۆر بەرژەوەندی دنیایی بۆکەسانی تر دەهێنێت بێئەوەی لەناخیدا هەستی مەحرومێتی لا دروست ببێت و لێی ببێتە تووڕەیی و ڕق و قین.. دەی سا توخوا کەسێك ئاوا ویژدان ئاسوودە و دڵ نەرمونیان و ڕەفتار و ڕەوشت پارسەنگ و خۆش مەعشەر و بێ هەواو فیز و گیانفیدا پەروەردە

دەبێت، ئەگەر باوەڕی بەڕۆژی قیامەت و پاداشت و سزای خوایی نەبێت؟!

ئایا ئەگەر كەسێك باوەڕ بەڕۆژی دوایی و پاداشت و سزای ئەویٚ نەبێت، ئاوا پارسەنگ و ئیرادە بەهێز و لێبوردوو و بەهێز پەروەردە دەبێت؟!

بێگومان: نەخێر.. كەوابوو: حەتمەن دەبیٚ ڕیٚ بكرێتەوە بۆ ئەم دینە، تا تاك تاكی كۆمەڵگەكە ئاوا پەروەردە بكات و باوەڕهێنان بەقیامەتیان لا بكاتە خاڵی جەوهەری ژیانی دنیایان، تا ڕەزامەندی خوای گەورەیان لا ببێتە ئامانجی باڵای ژیان..

لەبەر ئەم كاریگەرێتیی و بۆ ئەم پارسەنگ پەروەردەبوونەیە، كە ئیسلام ئەوەندەی جەخت لەباوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی كردۆتەوە، كە جگە لە باوەڕهێنان بەخوای گەورە، هیچ ڕوكنێكی تری ئیمان ناگاتە ئەو پلە و ئاستەی بایەخدانە كە بەم ڕوكنە هەیە.

ئینجا وەرە با ئەوەت نیشان بدەین ،كە ئیسلام چۆن داوای لەشوێنكەوتوانی كردووە، كە ڕەفتار لەگەڵ ڕۆژی دواییاندا بكەن و چۆن قیامەتخوازانە هەڵسوكەوت بكەن..

پاشان ئاسەواری كاریگەرێتی ئەم باوەڕ و پێوەپابەندییەت لەسیما و سیفاتی تاك وكۆی كۆمەڵگە و دەوڵەتدا بخەینە پێش چاو، تا دڵنیا بیت، كە بەبیٚ باوەڕبوون بەڕۆژی قیامەت و خۆ ئامادەكردن بۆی، ژیان پارسەنگانە ناڕوات:

خاڵی یەكەم: ڕۆژی دوایی لەپێشترە و دەبێت زیاتر لەدنیا ڕەچاوبكرێت:

یەكەمین حەقیقەتێك، كەقورئان بایەخی پێدا لەم بوارەدا لەمێشكی موسوڵمانانی بچەسپێنێت ئەوە بوو: كە بزانن ئەم دنیایە مەنزڵگای كاتی سوكنایانە، ژیانی ڕاستیش ئەم ژیانەی دنیایان نییە، بەڵكو ژیانێكی ترە، كە لەدوای مردن بۆی زیندوو دەكرێنەوە، كە لەژیانی دنیا چاكترە و هەمیشەییە و بەنەمریی تێیدا دەمێننەوە، نازونیعمەتی ئەویٚ حەقیقین و چێژی ئەویٚ

نابڕێتەوە، ژان و ناسۆر و ئەشكەنجەشی وەكو ئازاری دنیا نییە، ئەوانەی ڕۆژی دوایی ژان و ناسۆری حەقیقی و ئازاری نەبڕاوەن، كە كەس پێیان نامرێت.

بۆیە دەبێ ئەوە چاك بزانن، كە هەر كەسێك كەوتە هەڵپەكاری دنیاویستی و بەچێژ و ڕازاوەیی دنیا هەڵخەڵەتاو كەوتە دوای حەز و ئارەزووەكانی و، هەموو وزە و ڕەنجی بۆ ژیانی دنیای خستەكار و قیامەتی ئـیهمال كـرد، ئەوە ژیـانی پـڕ ئاسوودەیی و نازو نیعمەتی ڕۆژی دوایی دۆڕاندووە و ،بازرگانییەكەی ئیفلاسی كردووە..

ئەو كەسـەش ،كە وادەزانێـت زیـانی گەورە ئەوەیە :كە لەدنیـادا مـایەپوت ببێت و هەژار و نەدار و پەریدە بكەوێت، ئەویش بەهەڵەدا چووە، چونكە زیانی گەورە ئەوەیە: كە لەڕۆژی دواییدا لێیبكەوێت، دەستكەوتنی ڕەزامەندی خـوای گەورە دژوارترین و كاریگەرترین زیانە.. ئەو كەسەی دنیـا ببـاتەوە و قیـامەتی بدۆڕێنێت، گەلحۆ و گەمبـۆڵ و گەوێـڵە.. چـونكە نەئەقڵـی بەدنیـا و قیـامەت شكاوە و نەپەی بەحەقیقەتیان بردووە و، نەدانایانەش ڕەفتـاری كـردووە.. دامـاو هەی داماو..

قورئـانی پیـرۆز ئەم حەقـیقەتەی زۆر ئاشـكرا و ڕۆشـن و ڕاشـكاو ڕوون كردۆتەوە و هۆشداریی داوەتە موسوڵمانان، كە وریابن فریو نەخۆن.. ئاگـاداربن شـەپۆلی حەزی دنیـایی لەقیامەتتـان دوور نەخـاتەوە، چـونكە دەفەوتـێن.. ئایەتەكانی حەزەردان زۆرن، لەوانە:

﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَهۡوٞ وَلَعِبٞۚ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ لَهِيَ ٱلۡحَيَوَانُۚ ﴿٦٤﴾﴾ العنكبوت: ٦٤ .

واتە: بەڕاستی ئەم ژیانەی دنیا هەر خۆ خافڵانـدن و یـاری و مەزاقە، ژیـانی حەقیقی وا لە ڕۆژ دوایدا.

﴿قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ ﴿٧٧﴾﴾ النساء: ٧٧ .

واتە: بفەرمـوو چێـژ و حەزەكـانی دنیـا هـیچ نـین، شـتێكی كەمـن، چێـژ و نازونیعمەتەكانی ڕۆژی دوایی چاكترە بـۆ كەسـێك، كە دینـداری سەرڕاسـت و تەقواكارە.

﴿أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨﴾ التوبة: ٣٨ .

واتە: چما ڕازی بوون بەژیانی دنیا لەجیاتی ڕازیبوون بەژیانی ڕۆژی دوایی؟ ئاخر خۆ چێژ و حەزی دنیا لەچاو نازونیعمەتی ڕۆژی دوایدا هەر زۆر کەمە.

﴿بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ١٦ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ ١٧﴾ الأعلى: ١٦ – ١٧ .

واتە: ئێوە ژیانی دنیاتان لەپێشتر داناوە وەك لەژیانی ڕۆژی دوایی کە چاکترە و نەبڕاوەیە.

﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوۡنَ أُجُورَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ١٨٥﴾ آل عمران: ١٨٥ .

واتە: هەموو کەسێك دەبێت تامی مردن بچێژێت، پاشان لەڕۆژی دوایدا پاداشت و سزای کار و ڕەفتارتان وەردەگرنەوە، هەر کەسێك لەئاگری دۆزەخ دوورخرایەوە و خرایە بەهەشتەوە ئەوە سەرفرازبووە و کۆتا ئاواتەکانی هاتۆتە دی، ژیانی دنیاتان پێ گرنگ نەبێت، چونکە ژیانی دنیا هەرمایەی فریودانی نەفسی خۆتانە.

﴿وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتۡرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجۡرِمِينَ ١١٦﴾ هود: ١١٦ .

واتە: ئەو کەسانەی کە وازیان لەکاری چاکە هێنا و کەوتنە ستەمکاری (شوێن ستەمکاری کەوتن) و زێدەڕۆییان لەچێژی دنیا و ڕابواردنیدا کرد، بەڕاستی تاوانباربوون.

﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ١٥﴾ الزمر: ١٥ .

واتە: بفەرموو زەرەرمەند ئەو کەسانەن، کە خۆیان و ماڵ و منداڵیان دۆڕاند،

كە لەڕۆژی دوایدا موفلیس كەوتن و دەستیان لەهیچ گیرنەبوو، زەرەرمەندی گەورە ئەوانەن، كە زیانی تەمەنیان لێكەوت .. ئەوەیە زیانی گەورە و ئاشكرا.

﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ۝٣٧ وَءَاثَرَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ۝٣٨ فَإِنَّ ٱلْجَحِيمَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ۝٣٩ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ۝٤٠ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ۝٤١ ﴾ النازعات: ٣٧ – ٤١ .

واتە: ئەما ئەو كەسەی، كە لەسنووری دین و دینداری دەرچوو و ژیانی دنیای پێ لەپێشتربوو وەك لەژیانی ڕۆژی دوایی، ئەوە دۆزەخ مەنزڵگا و جێ سوكنایەتی، ئەما ئەو كەسەی كە لەدەسەڵاتی خوای خۆی ترسا و نەفسی خۆی لەخراپەكاری و حەڕام گرتەوە، ئەوە بەهەشت مەنزڵگا و جێ سوكنایەتی.

﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ۝٢٠ ﴾ الحدید: ٢٠ .

واتە: ئەوە بزانن، كە ژیانی دنیا هەر یاری و مەزاق و خۆخافڵاندنە، جوانی و خۆرازاندنەوە و شانازیكردنی نێوانتانە بەزۆری و هەبوونی ماڵ و سەروەت و سامان و ئەولاد و وەچە و نەوە..

ئەم سەرسامیەتان بەوانە وەكو سەرسامبوون و دڵخۆش بوونی جوتیارانە كە بەباران خۆشحاڵ دەبن، بارانەكە بەربوومیان بۆ دەهێنێتە بەرهەم، گژوگیا دەڕوێنێت، بەڵام دواتر زەرد هەڵدەگەڕێت و پاشان دەبێتە پلوپووش و كۆتەرە و داری ڕزیو!..

لەڕۆژی دواییشدا سزای گەورە و بەژانە، یان لێخۆشبوونی خوای گەورە و ڕازیبوونێتی.. بەڕاستی ژیانی دنیا هەر مایەی فریو و خۆ هەڵخەڵەتاندنە پێی..

﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ

ٱلۡمَـَٔابِ ۝١٤ ۞ قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ عِندَ رَبِّهِمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِۗ ۝١٥﴾ آل عمران: ١٤ – ١٥ .

واتە: هەر چی ئەوەی خەڵکی حەزی لێدەکەن جوان و ڕازاوە کراون و خراونەتە بەردەست؛ لە ئافرەت و منداڵ و ئەولاد و سەروەت و سامانی گەنجینەکراو، لەزێڕ و زیو، ئەسپەشێی نایاب و ماڵات: (حوشتر و مانگا و مەڕو بزن) و چاندن و بەرهەمی کشتوکاڵ.. ئەمانە هەموو کاڵای چێژی دنیایین، بەڵام کۆتادێن..

ئەوەی لای خوای گەورەیە (لەبەهەشت و نازونیعمەتەکانی) چاکترە بۆ ئەوکەسانەی بەڕووسووریی و سەرفرازیی دەیگەنێ.. بفەرموو لەوانە باشترتان پێ بڵێم؟ ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی دینداری سەرڕاست و تەقواکارن و لەخوای پەروەردگاریان دەترسن، بەهەشتانێکیان بەنسیب دەبێت کە جۆبار و ڕووباریان بەژێردا دەڕوات و بەنەمری لەنازونیعمەتەکانیدا دەمێننەوە، هاوسەری پاکیان دەبێت، پاك لەحەیز (لەهەر شتێکی تر، کە پیاو حەزنەکات لەهاوسەرەکەیدا هەبێت)، سەرباری ئەمانە ڕەزامەندی خوای گەورەیە کە دەستیان دەکەوێت.

مەبەست لەفێرکردنی ئەم بابەتانەی ڕۆژی دوایی، کە قورئان بەشێوە ڕەوانبێژییە جۆراوجۆرەکانی خۆی باسیان دەفەرموێ ئەوەیە: کە شوێنکەوتوانی ئیسلام هۆگری دنیا نەبن و وایان لێ نەیەت، کە دنیا دڵ و هزر و ویژدان و هەستیان داپۆشێت، بەڵکو ئامادەبن کۆڵی دنیایان سووك بێت و فیداکارانە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن بەقوربانی دین و دینداریان ،تا خۆیان سەرڕاستانە بۆ بەختیاری هەمیشەیی قیامەت ئامادە بکەن ..

تا سەرفرازبن و نەچنە ریزی زەرەرمەندانی قیامەتەوە، کە زیانلێکەوتنی هەتاهەتاییە و پەشیمانبوونەوە، هیچ دادێك نادات، ئیسلام داوا لەموسوڵمانان دەکات، کە مادام باوەڕیان بەخوای گەورە و بەڕۆژی دوایی هێناوە، مادام

پەیامی پێغەمبەری خوایان قبوڵ کردووە، دەبێ زۆر بەجیددی دینەکە بگرن و ئیقتیدا بەنێرراوانی خوای گەورە- علیهم السلام - بکەن، دەبێ خۆبەخشانە و سەرپشکانە بێ ناچار بوون و زۆرەملی بەفەرمانی خوای گەورەوە پابەندبن و هەموو دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستێکی دیندارانە بگرنەبەر، کە دەستخستنی ئەو بەختیارییە هەمیشەییەی قیامەتیان بۆ دابین دەکات...

پێویستە ڕەفتار و ڕەوشتیان پیاوچاکانە ڕابگرن، تا لەکوێرەوەری قیامەت و زیانی ئەبەدی، کەناردرێن.. ئەوەش بەوە دەبێت کە توخنی ئەو شتانە نەکەونەوە کە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بەرهەڵستیان لێکردوون، با لەزاهیریشیاندا سوودیشیان بۆی هەبێت، چونکە سوودی دنیایی کاتییە و بڕاوەیە.

خاڵی دووەم: پرسینەوە و پاداشت و سزا هەموو ڕەفتارێك دەگرێتەوە:

حەقیقەتی دووەم ،کە قورئان بایەخی پێدەدات و لەناخی موسوڵمانیدا دەچەسپێنێت و دەیکاتە هەستێکی زیندووی شەو و ڕۆژی، ئەوەیە: کە هەر نیەت و نیاز و گوفتار و ڕەفتارێك، کە لەدنیادا دەیبێت، ئەگەر چی زۆر بەنهێنیش بێت لەسەری دەنوسرێت و لای خوای گەورە لەتیانووسێکی تایبەت بەهەر مرۆڤێکدا هەڵدەگیرێت، هیچ شتێك نییە گەورە بێت، یان بچووك، کە وەل بکرێت و نەنوسرێت... هیچ ...

پاشان لە ڕۆژی دوایدا ئەم تیانووسی ڕەفتارەی بۆ دەهێنرێتەوە پێشێ و لەدادگای خوای گەورەدا دەکرێتەوە، هەر چی شتێك لەکات و شوێنی ڕەفتارەکەیدا بووبن: ئاو و هەوا و دار و بەرد لەسەری دەبنە شاهێد، تەنانەت زمان و چاو و دەست و قاچی خۆشی دێنە قسە..

هەر ئەندامێکی لەشی، پەیوەندی بەو ڕەفتارەیەوە بووبێت دێتە گۆ و شاهێدی لەسەر چۆنییەتی ڕەفتارەکە دەدات.. پاشان ئەم ڕەفتارانەی بۆ دەخرێتە

سەرتەرازوویەکی تایبەت، کە نییەت و نیازیش دەکێشێت، ڕەفتارە چاکەکانی لەتایەکی تەرازووەکەدا دادەنرێن و ڕەفتارە خراپەکانی لەتایەکەی تریدا ..

ئەگەر تای چاکەکانی قورستربوو، ناوی لە ریزی ڕووسوور و سەرفرازاندا دەردەچێت و، بەختیاری هەمیشەیی دەستدەکەوێت و دەخرێتە بەهەشتەوە، ئەگەر تای ڕەفتارە خراپەکانی قورستر بوو ئەوە دەچێتە ریزی زەرەرمەندانی داماوەوە و دەخرێتە دۆزەخەوە و بەنەمری تێیدا دەمێنێتەوە، هەتا هەتایە لەکوێرەوەری و ژان و ناسۆردا دەبێت.

قورئانی پیرۆز ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە هەر کەسە و بەتەنها خۆی دەچێتە بەردادگای خوایی و هیچ هۆکارێکی هێزی دنیایی سوودی بۆی نابێت، وەکو: نەسەب و ڕەچەڵەك، یان پلەوپایە و ماڵ و سامان، کەسیش ناتوانێت لەخۆیەوە بێت و ببێت بەتکا (شەفاعەت) کار.

ئەم ڕووداوانە لەقورئاندا بەتەفسیل باسکراون، بەشێوازی ڕەوانبێژیی مەحکەم، بەڵام سادە و ئاسان، کە هەموو کەسێك لەهەر ئاستێکی خوێندەواری و ڕۆشنبیریدابێت تێیبگات و لەهزر و دڵ و ویژدان و هۆشی بچەسپێت، با چەند ئایەتێکت وەکو نموونە بخەینە پێش چاو، تا لات ڕۆشن بێت، کە قورئان چۆن ئەم باسە شەرح دەکات:

١ -چۆنیەتی نیشاندانەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ:

﴿وَوُضِعَ ٱلۡكِتَٰبُ فَتَرَى ٱلۡمُجۡرِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَٰوَيۡلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلۡكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةٗ وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحۡصَىٰهَاۚ وَوَجَدُواْ مَا عَمِلُواْ حَاضِرٗاۗ ﴿٤٩﴾﴾ الكهف: ٤٩ .

واتە: تیانوسی ڕەفتار (نامەی ئەعمال)ی هەموو خەڵکی دەهێنرێتەوە پێش و دەیاندرێتەوە، جا کافران دەبینیت لەترس و بیمدان، لەحوکمی ئەوە دەترسن، کە لەنامەی ئەعمالیاندا تۆمارە، هاواریان لێ هەڵدەستێ: وای واوەیلا بەحاڵمان، خۆ ئەم تیانووسە، هیچ شتێکی نەگەورە و نەگچکەی نەبواردووە! هەرهەمووی

حساب كـردووە.. ئـاوا دەبیـنن، هەرچـی شـتێكیان لەتەمەنیانـدا كردبێـت بەتۆماركراوی هێنراوەتەوە بەردەستیان.

٢ -شاهێدیدانی ئەندامانی لەش لەسەری:

﴿يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢٤﴾ النور: ٢٤ .

واتە: ڕۆژێـك دێـت ڕۆژی قیـامەت – كە زمـان و دەسـت و قـاچی خۆیـان شاهێدییان لەسەردەدەن، كە چ ڕەفتارێكیان پێكردووە.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيۡهِمۡ سَمۡعُهُمۡ وَأَبۡصَٰرُهُمۡ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢٠ وَقَالُواْ لِجُلُودِهِمۡ لِمَ شَهِدتُّمۡ عَلَيۡنَاۖ قَالُوٓاْ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنطَقَ كُلَّ شَيۡءٖۚ وَهُوَ خَلَقَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٢١ وَمَا كُنتُمۡ تَسۡتَتِرُونَ أَن يَشۡهَدَ عَلَيۡكُمۡ سَمۡعُكُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُكُمۡ وَلَا جُلُودُكُمۡ وَلَٰكِن ظَنَنتُمۡ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعۡلَمُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَعۡمَلُونَ ٢٢﴾ فصلت: ٢٠ – ٢٢ .

واتە: كە ڕۆژی قیامەت دادێت و دەهێنرێنە بەر دادگای خـوایی، ئامێرەكـانی بیسـتن و دیتنـی خۆیـان، پێسـتی خۆیـان شـاهێدییان لەسـەر دەدەن، كە چ ڕەفتارێكیان كردووە، جا بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی وا شاهێدیتان لەسەرداین !؟

دەڵێن: ئەو خوای گەورەیە هێناونیەتە قسەكردن، كە هەموو شتێكی هێناوەتە دوان، ئەو خـــوایەی، كە لەیەكەمینجـــاردا خەلقـــی كـــردوون و بـــۆلای ئەو دەگەڕێـــنەوە، كە گوناحتـــان دەكـرد بەنهێنـــی نەتانـــدەكرد، كە پێنەدەزانـــران لێنەدەگەڕان و باستان دەكـردەوە، بێئگـابوون لەوەی كە ئـاوا بیسـتن و دیـتن و پێستی خۆتان لێدەبێتەوە بەشاهێد لەسەرتان، گومانتان وادەبرد: كە خوای گەورە ئاگای لەزۆر ڕەفتارتان نییە لەوانەی دەتانكرد!

﴿وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ١٣٠﴾ الأنعام: ١٣٠ .

واته: شاهێدییان لەسەرخۆیاندا ،کەکافربوون.

ئەمانە ئەو شاهێدانەن ،کە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا دەچنە دادگـای حەقـی خـوایی لەڕۆژی دواییـدا... ئەمـا هەڵوێسـتی خەڵکـی لەدادگـاکە چـۆن و چـی دەبێت؟ ئەوە ئایەتی تری قورئان ڕوونیدەکاتەوە:

﴿وَلَقَدۡ جِئۡتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَتَرَكۡتُم مَّا خَوَّلۡنَٰكُمۡ وَرَآءَ ظُهُورِكُمۡۖ ٩٤﴾ الأنعام: ٩٤ .

واته: ئەوەتـــا، هەر هەموتـــان یەکە یەکە گەڕانەوە لامـــان، هەر وەکـــو، کە یەکەمینجار خەلقمان کردبوون، هەرچی پێمان بەخشیبوون وا جێتان هێشت.

﴿ وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلۡزَمۡنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِي عُنُقِهِۦۖ وَنُخۡرِجُ لَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ كِتَٰبٗا يَلۡقَىٰهُ مَنشُورًا ١٣ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ١٤﴾ الإسراء: ١٣ – ١٤ .

واته: هەموو مـرۆڤێکمان گیـرۆدەی ڕەفتارەکـانی خـۆی کـردووە و، هەرچـی کردوێتـی وا بەئەسـتۆیەوە هەڵـواسراوە، ڕۆژی قیـامەتیش تیانووسـێکی بـۆ دەهێنینەوە پێش، کە هەموو شتێکی ئەوی تێدا نوسراوە و بڵاویش دەکرێتەوە..

تیانووسەکەی خۆت بخوێنەرەوە بزانە چیـت کـردووە؟! خۆشـت بەسـیت بـۆ موحاسەبەکردنی خۆت، چونکە تیانووسی ڕەفتارەکانـت لایە و، شـاهێدیش هەر لەخۆتن و واسیتەکاریش نییە و ناشتوانیت فریوبدەیت.

٣ -ڕەچەڵەك و خزمایەتیی لەو دادگایەدا كاریگەر نابن:

﴿لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ٣﴾ الممتحنة: ٣ .

واته: خزمـایەتی کەسـوکار و نزیکـی ئەولاد و نەوەتـان، هـیچ سـوودێکتان پێناگەیێنن و ناتوانن واسیتەتان بـۆ بـکەن، تکـا (شەفاعەت)یشـیان بـۆ نـاکەن، ئەگەر کافر بوون.

﴿مَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ١٨﴾ غافر: ١٨ .

واتە: كـــافر و موشریكەكـــان نەخۆشەویســـتێكی دڵســـۆزیان دەبێـــت و نەتكاكارێك، كە قسەی لێ وەربگیرێت.

﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ٨٨﴾ الشعراء: ٨٨ .

واتە: ئەو ڕۆژە – قیامەت – نەماڵ و سامان، نەئەولاد سوودیان نابێت.

٤- هەموو ڕەفتارەكان دەكێشرێن هەر چەند گچكەش بن:

﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ٤٧﴾ الأنبياء: ٤٧ .

واتە: لەڕۆژی دواییدا تەرازووی حەقی دادپەروەریی دادەنێین و، نییەت و ڕەفتاری هەموو كەسێكی پێ دەكێشین، بێئەوەی هیچ جۆرە ستەمێك لەكەس بكرێت، هەرڕەفتارێك بەقەدەر گەردێك (یان زیزانە)یەكیش بووبێت دەیهێنینەوە پێشێ، ئەوەندە بەسە، كە ئێمە خۆمان لێپرسینەوە دەكەین.

پاداشت و سزا هەر بەقەدەر ڕادە و بڕی ڕەفتار دەبن:

﴿ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ٢٨﴾ الجاثية: ٢٨.

واتە: ئەمڕۆ هەرپاداشتی ئەوە وەردەگرنەوە ،كە كردوتانە.

﴿وَلِكُلّٖ دَرَجَٰتٞ مِّمَّا عَمِلُواْۚ ١٣٢﴾ الأنعام: ١٣٢ .

واتە: هەر یەكەیان بەپێی ئەو ڕەفتارانەی كردوێتی پلە وەردەگرێت.

ئەمە دادگـای خـواییە لەقیامەتـدا و، ئەمەش چـۆنییەتی بەڕێـوە چـوونی كاروبارەكـانێتی، كە قورئـان بەم باسـكردنانەی دەیەوێـت: هەسـت و هۆشـی موسوڵمانی بەردەوام بخاتە سەر و ئاگای لەنییەت و نیازو گوفتار و كردارەكانی خۆی بێت، چونكە دادگای قیـامەت وەكـو دادگـای دنیـایی نیـیە، لەوێ بەهـیچ

كلۆجێك خۆی پێ نادزرێتەوە و، حاشای لەهیچ شتێك بۆناكرێت، ئەوێ وەكو ئێرە نییە دادگا بڵێ: مادام شاهێد لەسەر ڕووداوەكە نییە، تۆماتبار ئازادە بابڕوات!

شاهێدەكانی ئەوێ درۆ ناكەن و هیچیان لا تێكەڵ نابێت، ناترسن و ناكەونە ژێر كاریگەری هیچ هێز و حەزێكەوە، پۆلیسی ئەوێ فریشتەن، نەخەویان هەیەو نەماندوو دەبن، نەلەكار خۆدەدزنەوە و نەكۆڵدەدەن، نەدەشكەونە ژێر كاریگەری ترس و خەمەوە، نەبەزەییان پێتدا دێتەوە و نەڕقیان لێت هەڵدەستێت...

لەدەستیشان قوتار نابیت.. مەلەفی ڕەفتارەكانت: نییەت و مەبەست و هەست و نەست و ختوورەكانی دڵیشتی تێدا تۆمارە، تۆمەتەكانت دادپەروەرانە دراونەتە پاڵت، زانراون و بەڵگەیان لەسەر زۆرە .. لەوێ بەهیچ كلۆجێك مومكین نییە خراپەكار لەسزا دەربچێت و چاكەكار لەپاداشت مەحرۆم ببێت [1].

بڕگەی هەشتەم: سوودەكانی باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی:

ئاوا دەبینیت ئیسلام باوەڕهێنانی بەڕۆژی دوایی كردۆتە پاڵپشتێكی بەهێزی ڕاپەڕاندنی ئەحكام و پاراستنی سیستمە شەرعییەكەی.. باسەكانی ڕۆژی دوایی لەئیسلامدا هەردوو لایەنی حەز و ترسیان لەخۆگرتووە، لەلایەكەوە هزر و ژیریی موسوڵمان هاندەدەن ،كە ڕەفتاری چاكە بكات تا حەز و ئارەزووەكانی بەپاداشت وەرگرتنەوە لەسەریان بهێنێتەدی.

لەلایەنی دووەمیشەوە هزر و ژیریی هاندەدەن، كە خۆ لەڕەفتاری خراپ

---

(١) دەڵێم: هەندێك دەق هەن،كە تایبەتن بەهەندێك پیاوچاكانی ئوممەتەوە كە بێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت، ئەو دەقانەی نوسەریش هێناویەتییەوە، بێگومان دەربارەی خەڵكیە بەگشتی... (نوسەر)،

بگرێتەوە، تا نەكەوێتە بەرسزای خوای گەورە كە حەتمەن لەئەنجامیاندا دێنە ڕێی..

بەم پێیە دەبینیت جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی ئیسلام لەهەموو كات و شوێن و حاڵەتێكدا ،پێویستیان بەدەسەڵاتی حكومەتێك و هێزی ئیجرائی نییە تا ڕایانبپەڕێنێت، چونكە باوەڕهێنان بەخوای گەورە و بەڕۆژی دوایی و هەستی مەسئولیەتی قیامەتی لەناخی هەر موسولَمانێكدا بۆتە چاودێری زاتیی و ویژدانێكی بەئاگا و دەسەڵاتێكی بەهێزی شاراوە، كە بەكەسەكە خۆیەوەیەتی..

موسوڵمانەكە هەست دەكات: ئەندامانی لەشی خۆی لەسەری دەبنە شاهێد، جگەلە فریشتە و تیانووس، جگەلە چاودێری خوای گەورە خۆی.. بۆیە لەناخی موسوڵماندا ئەم چاودێرە زاتییە، دەبێتە پاڵنەری ئیمانییە زاتییەی ناخی، بەردەوام هۆشی دەخاتە سەر ئەنجامی قیامەتی.. كە لەسەر چاكە هانیدەدات، پێیدەڵێت: چالاكتربە، تا بەختەوەری حەقیقی هەتاهەتایی قیامەتت مسۆگەر بكەیت، لەسەر دووركەوتنەوە لەبەدكاری هانیدەدات و پێیدەڵێت: نەكەیت، بەس، خۆبگرەوە تا ژان و ناسۆری حەقیقی هەتاهەتایی دۆزەخت بەنسیب نەبێت... ئەم قورئانە بەردەوام بەم موسوڵمانە دەفەرموێ: ((إتقوا اللە...... لەخوا بترسن)) ، دینداری سەرڕاست بن، بەشەرعەوە پابەندبن.

﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ ﴿٢٢٣﴾﴾ البقرة: ٢٢٣ .

واتە: بشزانن ،كە بەدیداری خوای گەورە دەگەنەوە... هۆشتان لێی بێت.

بڕوانە چۆنیەتی هاندانیان لەسەر قوربانیدان، لەسەر جیهاد و جەنگ و مردن لەپێناوی خوای گەورەدا، بڕوانە چۆن قەناعەتیان پێدەكات ،كە ئەگەر كوژران نامرن، بەڵكو دەستیان لەژیانێكی نەمری گیردەبێت و ،لەمەنزیلەیەكی زۆر تایبەتدا لای خوای تاك و پاك دەبن:

﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ ﴿١٥٤﴾﴾ البقرة: ١٥٤ .

واتە: بەو كەسانەی كە لەپێناوی خوای گەورە دا دەكوژرێن مەڵێن: مردوون، چونكە ئەوانە زیندوون، بەڵام ئێوە پەی بەژیانەكەی ئەوان نابەن و نازانن.

﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ ﴾ آل عمران: ١٦٩ ١٧٠ .

واتە: وا گومـــان نەبەن بەوانەی لەڕێـــی خـــوادا – لەبەرگـــری دینەكەیـــدا – كوژراون مردووبن، نا، زیندوون و لای خوای پەروەردگاریانن و رزق و ڕۆزییان بۆ دەچێـت، خۆشـحاڵن بەوەی خـوای پەروەردگاریـان پێبەخشـیوون و مـژدەدەن بەوكەسانەی هێشـتا لەدنیـادان، كە نەخەفەت لەرابوردوتـان بخـۆن و نەخەمـی داهاتووشتان هەبێت.

خوای گەورە بەم پێشڕەوە جوامێرانە دەفەرموێ: خۆ ڕابگرن، سەبرتان هەبێت، پشوودرێژبن، ئەوانەی ئارامگرەبن ،خوای گەورە درود و رەحمەتی خۆیان بەسەردا دەبارێنێت و هێمن و ئاسوودەیان دەكات.. وەلیاندا دەبێت، فریشتەی خۆیان بۆ دەنێرێت..

هیچ گومانی تیدا نییە، كە ئەم ئاڕاستانە زیاتر هانیان دەدات و ئازاتریان دەكات .. هەروەكو، كە كەمینە خۆگرەكەی بەنوئیسرائیلیەكانی ئازاتركرد و گەیاندنیە ئەو قەناعەتەی، كە هەر چەندە زۆر لەدوژمن كەمترن، بەڵام دڵنیان كە خوای گەورە سەریاندەخات، چونكە بەڵێنی سەركەوتنی پێداون: ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَـٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ ﴿٢٤٩﴾ ﴾ البقرة: ٢٤٩ .

واتە: ئەوانەی كە باوەڕیان پتەوبوو بەوەی، كە بەدیداری خوای گەورە دەگەن فەرموویان: ئەرێ چەند جار ڕوویداوە، كە دەستەیەكی كەمی ئیماندار

زاڵبووبن بەسەر زۆرینەیەكی بێ ئیماندا، كاتێك، كە خوای گەورە ویستی لەسەری دەبێت و فەرماندەدات ببێت.

نارەحەتی ڕێیان هەر چەند زۆربێت، تین و فشاریان هەر چەندە لەسەر زیادكات، گەرما و سەرما و نەداری بچێژن، هەر بەئارام و خۆگر دەبن، چونكە دەزانن پاداشتی خۆگرتنەكە گەورەیە و بەزین و بەرهەڵستی فەرمانی خوای گەورە و ڕانەپەڕاندنی سەختترە و سزای بەژانی پێوەیە: ﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ ﴿٨١﴾﴾ التوبة: ٨١.

بەردەوام لەسەر بەخشین هانیان دەدات، كە ببەخشن و دڵنیابن لەپاداشتتان:

﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾﴾ البقرة: ٢٧٢ .

واتە: هەر خێر و خێراتێك بكەن، خوای گەورە پاداشتیتان دەداتەوە و ستەمتان بەوە لێناكرێت كە بۆتان نەنوسرێت، یان پاداشتی لەسەروەرنەگرنەوە (بێ خەم بن).

ناشهێڵێت پیسكە و چاوچنۆك و بەخیل دەرچن، هەڕەشەیان لێدەكات، كە نەكەن وابن:

﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا لَّهُم ۖ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ ۖ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا۟ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ ﴿١٨٠﴾﴾ آل عمران: ١٨٠ .

واتە: با ئەو كەسانەی لەو ماڵ و سامانەیاندا،كە خوای گەورە پێیبەخشیوون ڕەزیلی تێدا دەكەن و پیسكەن و نایبەخشن لێی، با وانەزانن ئەمە كارێكی چاكە بۆیان كە دەیكەن (گوایە: پارە و سامانەكەیان ناهێڵن كەم بكات)، ئەو پیسكەیی و بەخیلی و دەست گرتنەوەیەیان ،هەموو سزای لەسەرە و خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا ئەو پشكە زەكات و خێر و خێراتەی لەسەریانبوو ببیبەخشن و نەیانبەخشی، لێیان دەكاتە تۆق وكۆت و دەیكاتە گەردنیان و هەر پێوەی ڕیسوا دەبن.

پێیان دەفەرمووێ: توخنی حەرام مەکەون، دەست لەسوووخۆریی(ریبا) هەڵگرن و لەخوا بترسن، کە حەتمەن دەگەڕێنەوە لای و موحاسەبەتان دەکات لەسەری: ﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ٢٨١﴾ البقرة: ٢٨١. **هانیان دەدات لەسەر بارسووکی دنیا.. پێیان دەفەرمویێ: چاوتان لە ماڵی دنیاوە نەبێت، خۆزگە بەهەبوونی کافران مەخوازن و دڵتان بۆ ماڵ و سامان و دەسەڵات و ناویان لێنەدات.. ڕوتان لەخوای تاك و پاك بێت و سەرڕاستانە دیندارێتی بکەن و بەئەمێدی پاداشتی خوای گەورەبن، دەفەرمویێ:**

﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ ١٩٦ مَتَٰعٞ قَلِيلٞ ثُمَّ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ١٩٧ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ لَهُمۡ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا نُزُلٗا مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّلۡأَبۡرَارِ ١٩٨﴾ آل عمران: ١٩٦ – ١٩٨ .

واتە: حاڵی کافران و ماڵ وسامانیان سەرنجت ڕانەکێشێت بۆ دنیاویستی، کە دەسەڵاتیان هەیە و کاسبی و بازرگانیان دەڕوات و ئێوەش هەژارونەدار... ئەوەی ئەوانی تێدایە چێژێکی کاتی کەمە و کۆتایی دێت، سەرەنجامیشیان دۆزەخ دەبێت، کە بەڕاستی جێیەکی خراپە، بەڵام ئەو کەسانەی لەخوای خۆیان ترسان و دیندارانە ژیان و مردن، بەهەشتیان بەنسیب دەبێت، کە جۆبار و ڕووباریان بەژێردا دەڕوات و بەنەمری تێیدا دەمێننەوە.. کە پڕە لەنازونیعمەت، کە بەتایبەت خوای گەورە بۆی ئامادە کردوون، ئەوەی لای خوای گەورەشە بۆ پیاوچاکان چاکترە [١].

---

(١) لێرەدا نووسینەکەی مامۆستا مەودودی تەواو بوو، لە لاپەڕە (٣٩١)وە.

دوا وتـــــــــه:

ئەمە ڕۆژی دوایـــیە، كە كۆتـــاییەكەی بەهەشـــت، یـــان دۆزەخە، ڕێگـــای بەهەشت پابەندبوونە بەئیسلامەوە، ئیسلامیش دینـداری و خۆكـۆنترۆڵ كـردنە، خـــۆڕاگرتن و خـــۆگرتنەوەیە لەهەوا و هەوەس و حەزی مونحەریـــف، هەوا و هەوەس ڕێگای دۆزەخە.

﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات: ٤٠ – ٤١.

واتە: ئەو كەسەی كە لەدەسەڵاتی خوای پەروەردگاری دەترسێت و، نەفسی خـۆی دەگرێـت و سەرڕاسـتانە دینـدارێتیی دەكـات، ئەوە بەهەشـتی بەنسـیب دەبێت، بەهەشت دەبێتە شوێنی سوكنای.

ئەبو هورەیرە -خوا لێی رازی بێت- دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لما خلقَ الله الجنةَ قال لجبريل: اذهب فانظر إليها، فذهبَ فنظرَ إليها فقالَ: وعزتُك لا يسمعُ بها أحدٌ إلا دخلها، فحفَّها بالمكارهِ، فقالَ: اذهبْ فانظر إليها، فذهبَ فنظر إليها فقال: وعزتك لخشيتُ أن لا يدخلها أحدٌ، ولما خلقَ الله النارَ، قال لجبريل: اذهبْ فانظر إليها، فذهب فنظر إليها فقال: وعزتك لا يسمعُ بها أحدٌ فيدخلها، فحفَّها بالشهواتِ، فقال: اذهبْ فانظر إليها، فذهب فنظر إليها، فلمَّا رجع قال: وعزتك لقد خشيتُ أن لا يُسلمَ منها أحدُ إلاَّ دخلها)[1] .

واتە: كاتێـك خـوای گەورە بەهەشـتی خەلـق كـرد، بەجیبریـل (جوبرائیـل)ی فەرمووو: بڕۆ سەیری بكە!

---

(١) ترمذی (٢٥٦٠)، ئەبو داوود (٤٧٤٤)، ئەلبانیش لە (صحيح سـنن أبي داود)دا ئەفەرمـوێ: (حســن صــحيح)ە، هەروەهــا نەســائی (٣٧٦٣) و ئەحــمەد (٨٦٤٨) بەلەفــزی جیــاواز هێناویانەتەوە.

(جیبریل) تەشریفی برد و سەیری كرد، پاشان فەرمـووی: سـوێند بەمەزنـی و دەسـەڵاتت، هەر كەسـێك ببیسـتێت بەهەشـت چـۆنە، حەتمەن دەچێـتە نـاوی (ئەوەندە كاری چاك دەكات تا شایانی ئەوە دەبێت بخـرێتە بەهەشـتەوە)، خـوای گەورە دەوری بەهەشتی بەناڕەحەتیی و كێشە تەنی.

فەرمووی: بڕۆسەیری بكە!

جیبریل تەشریفی برد و سـەیری كـرد، پاشـان فەرمـووی: سـوێند بەمەزنـی و دەسـەڵاتت، دەترسـم كەس نەیگـاتێ و كەس نەچێـتە نـاوی (چـونكە لەناڕەحەتییەكانی ڕێگایدا ،كە بۆ تاقیكردنەوەی باوەڕن دەكەون)..

كاتێك خوای گەورە دۆزەخی خەلق كرد، بەجیبریلی فەرموو: بڕۆسەیری بكە! جیبریـل تەشریفـی بـرد و سـەیری كـرد، پاشـان فەرمـووی: سـوێند بەمەزنیـی و دەسەڵاتت، هەر كەسێك باسی ئەم دۆزەخە ببیستێت ناچێتە ناوی (واتە: ئەوەندە خۆی لەگوناح و تاوان دەپارێزێـت، تـا شـایانی ئەوە نابێـت بخـرێتە دۆزەخەوە)، خوای گەورە دەوری دۆزەخی بەحەز و ئارەزوو تەنی و فەرمووی: بـڕۆ سـەیری بكە، جیبریل تەشریفی برد و سەیری كرد، پاشـان فەرمـووی: سـوێند بەمەزنـی و دەسەڵاتت، دەترسم كەس لێی دەرباز نەبێت و هەموو بكەونە ناویەوە!

ئەبو هورەیرە -خوا لێی ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە : كە پێغەمبەری خوا (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (حُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَواتِ، وحُفَّتِ الجَنَّةُ بالمَكارِهِ).[١]

واتە: دۆزەخ بەحەز و ئارەزووەكـــان دەوردراوە و، دەوری بەهەشـــتیش بەناڕەحەتیی و كێشە دراوە.

---

(١) ئەحمەد (٧٥٣٠)، لای موسلیمیش(٢٨٢٣) پاشەو پێشی هەردوو ڕستەكە كـراوە، وە لای بوخـاری (٦٤٨٧) بە كەمێـك جیـاوازی هـاتووە: (حُجِبت النَّارُ بالشَّهواتِ ، وحُجِبت الجَنَّةُ بالمكارِهِ).

ڕێگـای دۆزەخ خۆشـە، هەمـووی چێـژە: (تێكەڵبـوونی پیـاو و ئـافرەت، سفووری وزینا، نێربازیی و جـنس، شـەڕاب و حەڕامخـۆری، هەمەجـۆر دزی و ماشـینەوە، غەشـكاری و فێـڵ، خـۆدزینەوە لەئەرك و بەرپرسـێتی، بـێ ئەدەبـی بەرامبەر دایك و بـاوك و خـزم و دراوسـێ، سەرسـەرێتی و گـوێنەدانە قـیەم و ڕەوشت، دوژمنایەتی خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، جنێـودان بەدین و دینداران و دژایەتیكردنیان)..

ڕێگـــای دۆزەخ پـــڕە لە: (رابـــواردن و چێـــژی حەڕام، لەســـتەمكاری و دەستدرێژی، لەجێبەجێكردنی حەزەكانی نەفـس، لە وازهێنـان لەپابەنـدی دیـن و خواپەرستی.. پارە پەرستی و دنیاویستی.. هاوكاری دەسەڵاتدارانی تاوانكـار و دز و جەردە و چەوسێنەران)...

ڕێگای دۆزەخ یەعنی: گرتنەبەری هەرچی شەیتان پێیخۆشـە، كە بـریتین لە: وازهێنان لەخواناسیی و كەوتنە سەر هەوا و هەوەس:

﴿۞فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا ٥٩﴾ مريم: ٥٩.

واتە: لەدوای نەوەی پێغەمبەران -عليهم السلام - نەوەیەكی تر بەدوایانـدا هـاتن كە نـوێژ و خواپەرسـتیان وەل كـرد و كەوتـنە هەوا و هەوەسـی خۆیـانەوە، چارەنووسی ئەمانە حەتمەن كەوتنە دۆزەخەوەیە.

﴿ وَيَوۡمَ يُعۡرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَلَى ٱلنَّارِ أَذۡهَبۡتُمۡ طَيِّبَٰتِكُمۡ فِي حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنۡيَا وَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهَا فَٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَسۡتَكۡبِرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ تَفۡسُقُونَ ٢٠ ﴾ الأحقاف: ٢٠

واتە: ڕۆژێـك دێـت ، كە قیـامەتە، كە كافرەكـان بەرامـبەر ئـاگری دۆزەخ ڕادەگیـرێن و پێیـان دەووترێـت: وا تەمەنـی دنیاشـتان بەو هەمـوو چێـژەوە ،كە تێیدابوو كۆتایی هـات، ژیـانی دنیاتـان بەسـەربرد و چێـژ و لەزەتتـان لێكـرد و بەكەیفی خۆتان ڕەفتاری حەڕامتان كرد و سەرپێچی فەرمانی خواتان كـرد، دەی

سا ئەمڕۆ سزای ڕیسوا بوون و زەلیلیتان دەچێژن، چونکە لەدنیادا زۆر لـوتبەرز و بەهەوا و فیـزەوە ڕەفتارتـان دەکـرد، زۆر بەنـاهەق پشـتتان لەپەیـامی خـوای گەورە کرد و لەدین و دینداری تەوەلابوون و یاخییبوون .. دەی سا ناسـۆر و ژان بچێژن لەسزای ئەو هەموو تاوانانەدا کە دەتانکردن.

ڕێگای بەهەشت، ڕێگایەکی سـەخت و قـورس و پـڕ کەنـد و کۆسـپە، پـڕ لەمـــپەر و بەربەســـتە.. لەلایەکەوە پابەنـــدیی بەردەوامە بەخواناســـیی و خواپەرسـتییەوە.. بەنـوێژ و ڕۆژوو عیبـادەتەوە .. زیکـر و فیکـر و دینـداری و خـــۆگرتنەوەیە لەحەز و چێـــژی حەڕام، کە عـــادەتەن ئاســـان دەســـتدەکەون.. ڕەوشتبەرزی و باڵاپۆشییە،تێکەڵ نەبوونی پیاوان و ئافرەتانە..

ڕێگای ئیسلام نەشەڕابی تێدایە و نەخۆراکی حەڕام، نەزینا و نەپارە و ماڵی حەڕام.. ڕێگای بەهەشت قورس و پـڕ ئەرکە، نـوێژ و دەسـتنوێژ و غوسـڵە، مـاڵ بەخشـــین و زەکاتـــدانە، حەج و فەرمـــان بەچـــاکە و بەرهەڵســـتی لەخـــراپە و جیهادێکی دژوارە..

ململانێی ئەهلی باتـڵ و ڕووبەڕووبـوونەوەی نـاحەق و کـوفر و گـومڕاییە.. ئـــارامگرتنە لەســـەر چەوســـانەوەی دەســـەڵاتدارانی باتـــڵ و دژ بەدیـــن.. دوورکەوتنەوەیە لەموجامەلەی کافر و دووڕوو فاسق و فاجیران...

ڕێگـای بەهەشـت خۆکـۆنترۆڵ کردنێکـی جیـددی سـات بەسـاتی تەمەنە، ناچـارکردنی جەسـتە و دەروون و ئیـڕادە و هەسـت و هۆشـە بـۆ جێبەجێکردنـی فەرمانەکانی خوای گەورە، سیرە و سوونەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللـه عَلَيْـه وَسَـلَّمَ) .. خـۆڕاگرتنە، پشـوودرێژییەکی ئێجگـار قورسـی بەردەوامە... بەڵام هەموویان لەتوانادان.. هیچیان بەدەر لەتوانای موسوڵمان نین..

﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ٢٨٦﴾ البقرة: ٢٨٦ .

واتە: خـوای گەورە بەدەر لەتوانـای کەس ناخـاتە سـەر شـانی.. ئەوەنـدەی

بەسەردا دەدات کە دەتوانێت.

ئەم کەنـد و کۆسـپانە هەمـوو زەروورپـن، پێداویسـتی ڕێـی خواناسـین بۆتاقیکردنەوەی باوەڕ و سەبرن:

﴿أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَعۡلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ مِنكُمۡ وَيَعۡلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٤٢﴾ آل عمران: ١٤٢ .

واتە: چما وا دەزانن هەروا بەئاسـان دەچـنە بەهەشـتەوە؟ ئەدی نابێـت خـوای گەورە ئەوانەتان لێ هەڵبژێرێت کە جیهادیان کردووە و ئەوانەشتان کە بەسەبر و خۆڕاگر و پشوودرێژبوون... (خوای گەورە دەزانێت ئەوانە کێن بەڵام) خۆدەبێت ئەوانە بناسرێن.

﴿إِنِّي جَزَيۡتُهُمُ ٱلۡيَوۡمَ بِمَا صَبَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ١١١﴾ المؤمنون: ١١١ .

واتە: ئەوەتا وا ئەمڕۆ لەڕۆژی دوایدا من پاداشتی سەبر گرتن و خۆگرتنیانم داوەتەوە.. بەڕاستی ئەمڕۆ ئەوان سەرفرازن.

دەی ساهۆ مرۆڤینە.. خەڵکینە!... موسوڵمانینە لەخوا بترسـن و ڕێگـای ئەو بگرنەبەر... نێرراونی خوای گەورە -علیهم السلام - هاتن و پەیامی ئەوانیان هێنا و گەیاندیان پێتـان، مـژدەی بەهەشـتیان دانـێ و هۆشـدارییان دەربـارەی دۆزەخ پێدان و بەهانە و بیانوتانیان بڕی... دەی سا بکەونە سەر ڕێی خواویستی.

لەکۆتایدا دەڵێین: ئەمە ئیسلامە و ئەمە هێزی زاتی خۆی.. کە تا زەمان بێـت ڕوونتردەبێتەوە ،کە ئیسلام دینی خوای گەورەیە و هێزی زاتـی لەخۆیـدا خەلـق کردووە، کە بمێنێت و نوێ بێتەوە و وزە و ورەی نەوەکانی زیاتر بەگەڕبخات.

ئەمە ئیسـلامە.. هەر کەسـێك نەیگـرێتەبەر و کەنـاری بخـات، خـۆی زەرەردەکات، تاوانبارە و سزا دەدرێت لەسەری.. دەشێت لەدنیایدا پێی بنوێنرێـت و دەشێت بۆی هەڵگیرێت بۆ ڕۆژی دوایی.

ئەوی بۆتـاك دەووترێـت، بـۆ کۆمەڵەکـانی مرۆڤـایەتییش هەروایە..

پابەندبوون بەئیسلامەوە كامەرانی دنیا و سەرفرازی قیامەتی پێوەیە، وەلانانی ئیسلام كوێرەوەری دنیا و ڕسوایی قیامەتی پێوەیە.

﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا۟ يُغَاثُوا۟ بِمَآءٍ كَٱلْمُهْلِ يَشْوِى ٱلْوُجُوهَ بِئْسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتْ مُرْتَفَقًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف: ٢٩ .

واتە: بفەرموو حەقتان لەخوای پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە، جا كێ حەزدەكات با باوەڕ بهێنێت و كێش حەزدەكات با دیدوڕێی كافربوون بگرێتەبەر، ئێمە ئاگرێكی سەختمان بۆ كافران داناوە، كە سەرەنجامی یاخیبوونیان لەدینی خوا دەچنە ناویەوە، كە كڵپە و بڵێسەی لەهەمولایەكەوە گەمارۆیان دەدات و بەهیچ كلۆجێك ڕێی دەربازبوونیان نابێت، كە هانا و هاوار دێنن و داوای ئاو دەكەن، ئاوێكی كوڵاویان دەدرێتێ كە وەكو زەیتی قرچا و قوڵپ دەدات، بەنزیك كردنەوەی لەدەم، ڕوو دەبرژێنێت ... بەڕاستی خواردنەوەیەكی دژوار و ترسناك و خراپە.. بەڕاستی جێ و ڕێیەكی سەخت و دژوارە.

﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ النحل: ٩٧ .

واتە: هەر كەسێك – نێر و مێ – كردەوە چاكەكان ئەنجامبدات و ئیماندارانە بژی و بمرێت، لەڕۆژی دوایدا ژیانێكی پڕ كامەرانی خۆشی بەنسیب دەكەین و حەتمەن پاداشتی ئەو ڕەفتارە چاكانەی كەكردوونی بەچاكترین شێوە دەدەینەوە.

(الحمدللـه) ئـاوا هـاتینە كۆتـایی باسـەكانی كتێبـی (الإسـلام) .. بەمەش كۆتایی بەزنجیرەی (الأصول الثلاثة: الله- الرسـول (صَـلَّى اللـه عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) - الإسلام) دەهێنین... داوا كارین خوای گەورە لێمان قبووڵ بكات ، ئامین.

بەپێـی تـوانین و زانینـی خۆمـان ئەوەنـدەی، كە لەخواناسـیی و سـیرە و

سوونەتی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تێگەیشتووین، هەوڵماونداوە ئەم زنجیرە نووسینە پاك و پوخت و ڕاست و دروست بن...

ئەگەر لەباس و بابەت و بڕگە و خاڵێكیشدا بەهەڵە داچووبین، باش حاڵی نەبووبین، بەهەڵە دەرمان بڕیبێت، داوای لێبوردن لەخوای گەورە دەكەین... لەهەمووكات و حاڵەتێكیشماندا ،هەر دەبێت داوای لێخۆشبوونی لێ بكەین.. هیوادارم لەهەر جێیەكدا پیاوچاكێك هەڵە و چەوتیەكی بینی ،منەتبارم بكات و هەواڵم بداتێ، تا كەلێن و نوقسانیەكانی پڕبكەمەوە... كاری ئەویش جێی سوپاسە و دوعای خێری بۆ دەكەین.

خوێنەری بەڕێز:

لەم زنجیرە كتێبەدا باس و بابەتی پوخت و كورتت دی دەربارەی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللە عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) و ئیسلام (مەبەستی سێ كتێبەكەیە: اللە الرسول الإسلام) و هەستت كرد، كە دین و ژیری و زانست چۆن بەئاڕاستەی ئیسلام كەسایەتی موسوڵمان دادەڕێژن.

چۆن جیهانی نادیار بەجیهانی دیار و واقیعەوە پەیوەست دەكەنەوە، بەشێوەیەك كە هیچ تەنگژە و پێچەوانەكارییەكیان لەنێواندا نییە... دەبینێت چۆن دەسپێك و كۆتا بەزنجیرەیەك حەقیقەتی عەقائیدی و ڕێسای گەردوونی دەگەنەوە بەیەك ...

دەبینیت چۆن بەئاڕاستەی ئەم دینە تاكی پارسەنگ و كۆمەڵگەی ئاسوودە و دەوڵەتی بەرپرس دا دەڕێژرێت و هەموو لەسەر سیستمەكانی ئەم دینە تەریب و هاوكێش سروشتیی مرۆڤ ئاڕاستە دەكەن... دەی سا توخوا دینێك ئە ئاوا كامڵ و گشتگیر و كاریگەربێت،دەشێت بووترێت: لەخوای گەورەوە نەهاتووە؟!

بۆیە داوات لێدەكەم دوای خوێندنی ئەم سێ كتێبە ،گەشتەكەت بەردەوام بكە لەگەڵماندا و بابڕۆین بەرەو زنجیرەی (فی فقه الدعوة والبناء والعمل الاسلامي)، تا بزانین چۆن بەم دینە و بۆ ئەم دینە كۆمەڵكارانە دەبزوێین.. دەی سا بەرەو ئەو زنجیرەیە.

والحمدلله رب العالمين.

تەواو بوو

الحمد لله رب العالمين

ئەمڕۆ ١٤٣٦/١٢/٤ك – ٢٠١٥/٩/١٧ سەعات ١٢:٠٠ی نیوەڕۆ

لە زیندانی كۆنگس فینگەری نەرویجی، كە ڕۆژی (١٢٢١ هەزار و دووسەد و بیست و یەك) ەمین ڕۆژی زیندانمە ،كە دەكاتە (٤٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژ، واتە ٣ ساڵ و ٤ مانگ و ٢٠ ڕۆژ)

بەفەزڵی خوای تاك و پاك و یارمەتیی ئەو، لەوەرگێڕانی ئەم كتێبە نایابەی(شێخ سعید حوی) -رحمه الله- بوومەوە بە (٢٦) ڕۆژ.

كۆتا لاپەڕەی ئەم كتێبە ژمارە (٧٨١١) ەیەم لاپەڕەیە، كە لە زیندان نووسیومە (والحمدلله).

لەم ژمارەیەدا (١٢٢١ ڕۆژ) دوو مانگ (٦٠ ڕۆژ) لە دادگا بووم و ١٢٨/٦٨ ڕۆژ، ڕۆژانی شەممە و یەكشەممەی ئەمجارەمە كە تێمدا نەنووسیون هەر خوێندوومەتەوە.

١٢٢٠ – ١٢٨= ١٠٩٢ ڕۆژ نووسین.

كەوابوو (٧٨١١) لاپەڕەكەم بە (١٠٩٢) ڕۆژ نووسیووە.

١٠٩٢/٧٨١١= ٧،١٥ لاپەڕە ڕۆژانە = ١٢،١٥ی كۆمپیوتەر.

هەر لاپەڕەیەكی دەستنووس = ١،٧ی كۆمپیوتەر.

٧٨١١ * ١،٧ =١٣،٢٧٨،٧.

هیوادارم خوێنەران هیممەتیان هەبێت و ڕۆژی(١٢) لاپەڕەی كۆمپیوتەری لێ بخوێننەوە

ئێستاش كاتی دوو ڕكات نوێژی شوكرانە بژێریی خوای گەورەیە، كە ئاوا لەوەرگێڕانیدا سەركەوتووی كردم والحمدلله.

*** ئەمە قەڵەمی ژمارە (١٣٥) ە، كە پێیدەنووسم، واتە (١٢٤) قەڵەم جافی ئاوام تەواو كردووە بە نووسین!**

سوپاس بۆ خوای تاك و پاك

ناوەڕۆك

باسی یەكەم

باسی دووەم

باسی سێیەم

باسی چوارەم